٢٢٦

انگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی بیستەم/ ئاداری ٢٠١٦

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

## ● دەق


- دژڕتمە و ٤٤ هۆنراوەی مۆزیدیر/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 3
- کەسێک لە ماڵ دەردەچێت/ موحسین ئاوارە/ 7
- ناسنامەم بایە، نیشتمانم باران/ محەمەد عەلی خدر/ 10
- شەڤ درێژ بوو/ سەرفراز نەقشبەندی/ 11
- گورگ/ لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ 14
- دوایین بەڵێن/ ئەحمەد قادر سەعید/ 15
- بووکەشووشە!/ ک. د. ئازاد/ 19
- بە سواری پشتی (با) دەگەڕێینەوە/ بەهرام محەمەد (کاکل)/ 22
- خێزکا دینۆبی/ فەوزی بیلکە/ 31
- گێژەن/ لە فارسییەوە: کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)/ 33


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ شاعیر و نووسەری ناسراوی کرماشان (قاسم ئەرژەنگ)/ ئا: هاشم عەلی وەیسی/ 39
- گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەگەڵ (شەهرام عەلیدی) هونەرمەندی سینەماکار و سیناریست/ ئا: شەریف فەلاح/ 51


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- ئەدەبی بەراوردکاری لەنێوان بنەما مێژووییەکان و کێشە تیورییەکانی ئەمڕۆیدا/ عەبدولغەنی کاکۆ/ 64
- ڕەوتناسی نوێبوونەوەی ئەندێشەی شیعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ یوونس ڕەزایی/ 74
- چوارینەکانی خەییام/ لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی/ 89


## ● وتار


- سەرۆک و ڕۆشنبیر/ شۆڕش غەفووری/ 99
- سایکۆلۆژیای مرۆڤ لە ڕوانگەی زەردەشتەوە/ د. نەسرەددین گولی/ 102


## ● هزر و فەلسەفە


- دەسپێکی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا/ د. حەمید عەزیز/ 107
- کۆمەڵگای لاساییکردنەوە/ بەختیار محەمەد/ 115


## ● مێژوو


- لەنێوان بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە و وێنەیەکی هەڵبەستراودا/ د. زرار سدیق تۆفیق/ 124


## ● زمانزانی


- لە دایک بوونی پێنج منداڵ، شیکارێکی زمانەوانی هەواڵەکە/ غازی حەسەن/ 131


## ● هونەر


- وردبینی و بەسەرکردنەوەیەکی شانۆیی بۆننامە/ کەمال ڕەئووف هەنجیرە/ 134
- هونەر پاش فەلسەفە/ لە ئینگلیزییەوە: هەڵگورد ئەحمەد حەمەد/ 138


## ● خوێندنەوەی کتێب


- خاتوونی خاوەنماڵ و هەستی جوانی/ هاشم سەڕاج/ 147
- زنە و دەسەڵاتی گۆشە نووسین/ ئەحمەد حەقناس/ 151
- داڕمان لە ڕۆمانی (شتەکان لێک دەترازێن)/ سەروەر جەبار/ 154


## ● بە باڵابڕین


- گۆڤاری ڕامان و یادەوەرییەکی هەمیشە نوێبووەوە/ سەما ئەحمەد/ 159


## ● سووکە لەنگەر


- فۆلکلۆر و ئەفسانە/ پیرداود مەخمووری/ 160

# دژڕتمەو ٤٤ هۆنراوەی مۆزیدێڕ

عەباس عەبدوللا یووسف

* مۆسیقایە... مۆسیقا، پەتییەو ناو و ناوونیشانی ناوێ!
* مەڵێ هەر منم، زیگزیگەش مۆسیقیارە!!!
* بە دڕاوازی قغ قغ و بە زمانی کخ کخ، مایسرۆ، کۆترخانە ژەنگێڕی دەکات.
* خاڵبەندەی مۆسیقا خۆشە، ئی نووسین نا.
* شاجوانە(وا تێنەگەی بەڕاستە، داڵغەیە) پەنجەیم مژت نەمژەند، شاپلی خۆمم گەست.
* ئەهریمەن لە من ژەنیارترە، مەگەر بە تاکلاق بە سەر لێوەتیژەی تیغ ڕاکەم و بفیتێنم.
* میز بە تەنەکە داکردن، ئۆپیرایەکە ١٠٠٪ منمنییەو پێم بڵێ تۆتۆییە!
* بە چلژێکە، بۆ کچەی چلکەزیەی بان چلتەبەق، چلاوازێک دەژەنم.
* موزی لەناو موزەخانە لەبارەی خۆیانەوە فیلمێک دەنوێنن، یۆتێرپێ مۆسوێنەی بۆ دادەنێ.
* بە کونەکەپێک، دەبمە ئەژنەفتەی ژێیەکی بریندار، بە تاکچاوییش فرمێسکی بۆ دەڕێژم.
* لاتەنیش لێوم بە لێوی شووشە ناو فووواندم، مەڕانە خەڵکم لێکۆبووە!
* دژڕتمە!!! مۆرکی کامەیانە: سەردەمە؟ گەردوونە؟ دەروونە؟
* ئەلفوبێی ژمارەو ئەلفوبێی مۆسیقا، لەناو ئەلفوبێی کیمیا دەقەرقەشێن.
* مرۆڤی نیاندرتاڵ مۆسیقایەکی هەبوو، تا هەوکەش نەدۆزراوەتەوە.
* عوود هەمیشە ئاوسە!
* کە گا دەنگا، زەنگ زرنگا، چەنگاڵ ترنگا، مامریش باڵی خۆی کردە قەڵغان!
* هۆپ!خۆشەهواڵی هپ هۆپ: تیپی بالۆرەی کچانی کوردستان، یەکەم بوو لە جیهان!
* شەودۆس، گۆرانیەکەت دەدرەخشێ دەنەخشێ دەخشێ دەرشێێێێێێێووووو دەشفشێ!
* خۆژەن، بەس چێژ لە مۆنۆلۆژیای مۆسیقای خۆی وەردەگرێ.



* تا تار تا بەرنەدا، نایێتەژەن، بێتە ژەنیش، بە خۆشدەنگەی دەمەستێین.
* لە ڕۆخ بە، نەچیە ناویەوە، ڕۆڵە دایکت سەر بەهەش مەکە، مۆسیقا دەتباو بۆم ناگەڕێیتەوە.
* گوێت داخەو مۆسیقا ببینە، چاویشت لەگەڵ داخەو مۆسیقا تامکە، گوێ و چاو و دەمت داخەو مۆسیقا بۆنکە.
* چەنبارەیە، پێیحەیرم بیژەنم نەیژەنم: صەت دەرزی دوو صەت دەرزی بە کونی دەرزی داکم دابەزی!
* دەنگبڕ گوێمی بە پەمۆ ئاخنی و دامیەدەس مۆسیقای واژەواژی ئەلکترۆنی.
* بێدەنگ لە پەیژەی هاتەخوار، چ ماسەمایە چ مێمۆسیکایە، چ نێرتاوانێکە!
* بە باڵەبان، پان منی بەنگان!
* بەرووتی لەناو تاریکی گۆرانی دەڵێ، تاککۆرسەی دەنگدانەوەی مەسینەیەکی لوولەشکاو.
* مۆزیشاد و مۆزیخەم، بە ترپەی نانۆکات میکرۆبی گەردوونیان خستە جۆش.
* ئاوازێکی کلاسیکە، نایسەکسێنێ، باوێشکەی پێدەکا... هیچخنکێنی کە دەی!
* چووکترین گیایە، بە مۆسیقای پێشئۆدێب دەشنێتەوە، دەخنێتەوە!
* تۆرێژەی پێکرد بێبێژەی کرد، ئائا... مۆسیقا... چمە تۆ وای بەتحەمەل؟!
* کە فیلمی کارتۆنیان بێمۆسیقا کرد، دەلیحاس ئاگری گرت.
* لە پۆپچێژەی دەنگاواز ماسترۆ فڕی، لە جێوەش ژەنەر و بینەر - بیسەر پەلەواژبوون.
* شەڕەسەمات دەوێ... شەڕە دەنگدۆڵت دەوێ، بڕۆ ئەفریقا.
* مۆزیتایە! (ز)ەکەی سەروامی قەڵەو کرد: باز، ڕاز، قاز.
* سەید دەرویش و دەروێش عەبدوڵلا، دەروێشی مۆسیقان و بۆ گۆران هاووازن هاوڕازن.
* برۆت کەوانە، چاوت کەمانە، ژنیت و ژەنینیت!
* کۆنەمۆسیقا بۆ نوووێنە دەژەنێ، دەیکاتە هارمۆنیا و بەهیشکەنان دەیخوات.
* چەهچەهاندی و نەیچێژاندم، فیزیکانە نەژنەفتەی بووم و ژانی کاکیلەم وەستا.
* بە نەخشەو بزافی وشەڕسکانێ، ئاواز بۆ ئاوەز دادەنێم.

* مۆسیقای ناو مۆسیقا وەرچەرخا، مەیموون و زەیتوون و بەیبوون و لەیموون پێی مەسبوون!
* منی تۆراو بە ڕۆمانس ئاشتاند، سوپاس مۆسیقەخان.
* هاووەختەی دەنگی ژماردنی پەرپارەو کەوتنی کانپارە، مۆسیقایەو تووشی ژانەپارەی کردووە.
* لە طۆبزەوە تا تۆپ، دیجلە و فورات هەر مارش بۆ میزۆپۆتامیا دەژەنن.
* پرۆژەدارە، سەربەرەمی: کلیپێکی شێتانەیە، ناونیشانەکەی: مردوو بکوژە!

*****

ئاشتاند = ئاشتکردەوە.

باڵەبان = جۆرە ئامێرێکی مۆسیقای کوردییە.

بالۆرە = بالۆرێ، بالووری، بەلۆرە، بەلوورە: گوتنێکی فۆلکلۆرییە، بە هەردوو پەنجەی گەورەی دەست لە قورگ دەدرێ و وشەکانی پێ ئاوازدار دەبن، ئەم بەزمە زیاتر لە وەرزی بەهار ئەنجام دەدرێ.

بەتحەمەل = بەتعەمەل، بەکارهێنانێکی میللییە. بەدکار.

بەنگان = کورتکراوەی بەنگاند.

پان = لە ئەفسانەی گریک خواچەی دارستان و لەوەڕگە و مێگەل و گارانە، هەروەها شوانپارێزیشە، قەد و بالای مرۆڤانییە، تەنیا گوێ و قۆچ و سمی بزنانییە.

پەرپارە = پارەی کاغەز، عملة ورقیة.

پۆپچێژ = ئەوپەڕی چێژ.

پێشئۆدێب = پێش ئۆدێب، بەر لە ئۆدێب، مەبەست بەر لە خووگرێ ئۆدێبیەکەی فرۆید Oedipus complex خۆی بە (پ) ئێمە لێرە بە (ب) پەسندی دەکەین، خوێنەر چۆنی بیخوێنێتەوە ئازادە بە (ب)، یان بە (پ): ئۆدێب / ئۆدێپ.

تۆتۆییە. منمنییە = دووبارەی (تۆ) و (من)ـە، مەبەست زێدەهەستە.

پێیحەیرم = پێ حەیربوویمە، تێماوم.

چلتەبەق = چل تەبەق، چل نهۆم، کۆشکێکە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی باس کراوە.

چلژێکە = چلژێک: ئامێرێکی مۆسیقایە، هۆنەری ئەم دەقە بەروێنەو نووسازی کردووە، لە چل ژێ پێکهاتووە.

چلکەزی = کچەپاشایە، جوانییەکەی بەناوبانگە، قژەکەی بە چل کەزی هۆنیوەتەوەو لە چیرۆکێکی ناو فۆلکلۆری کوردی، بەکورتی: پاشایەک چل کوری هەیە، هەر هەموویان پێکەوە ژنیان دەوێ بە مەرجێ لە یەک دایک و باوک بن، بۆ ئەم مەبەستە بەرەو شاری چلخوشکە دەچن، لە قۆناغێکدا خەویان لێ دەکەوێ، تەنیا ئەحمەد نەبێ ئێشک دەگرێ، شەو دێوێک بە

شێوەی ئاگر هێرش دەکات، ئەحمەدیش بە تیرێک دەیکوژێ، لە قۆناغی دووەمدا دێوێکی تر ئەویش بە شێوەی ئاگر، جا تیرێکی لێ دەداو دەیکوژێ، لەقۆناغی سێیەمدا دێوێک دێ بەشێوەی باریکەدووکەڵێکی هەڵچووی بەرەو ئاسمان، ئەحمەد دەڕفێنێ و دەیباتە ئەشکەوتەکەی خۆی، پێی دەڵێ دوو برادێومت لێکوشتم، دەتکوژم ئەگەر چلکەزیم بۆ نەینیت، ئەحمەد بەمەرج و پلانەکەی ڕازی دەبێ، چل برا دەگەنە شاری چل کچ، لەوێ ئەحمەد توورەگەی دەکاتەوە لچ و لێوی دوو دێوەکە ڕوودەکات، پاشاش هەر چل کچەی خۆی پێشکەش بەو چل برایە دەکات، هەر هەشتا سوار بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە، لەڕێ دێوی سێیەم دێ و ئەحمەد دەڕفێنێ، ئەو بەپێی مەرجەکە بەگەڵ دێوە دەکەوێ و لەڕێ تووشی تەگەرەیەک دەبێت، دێوە بۆی ئاسان دەکات، هەر لەو ڕێیە دوو دێو و شێرێک و دوو پیاو بەگەڵیان دەکەون، ئەم حەوتە دەگەنە جێی مەبەست، پاشا بۆ دانی چلکەزی چەند مەرجێکی بە کەسنەکراوەی داناوە، ئەحمەد بەهاوکاری یاوەرەکانی سەردەکەوێ، پاشا چل کەزی پێ دەبەخشێ و لەوێ دەڕۆنەوە جا یاوەرەکانی دەنێرتەوە، دێوە چلکەزیەکەی لێ دەستێنێ، ئەحمەدیش بەکردەیەک دێوە دەتۆپێنێ و بەبووکەوە دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

چوکترین = چووکترین، کورتکراوەی بچووکترین.

دەخنێتەوە = نەرم پێدەکەنێ.

دەڕەخشێ... = لەم وشەوە تا دوا (و) خێرا دەخوێندرێتەوەو بە هاوماوەی ٦٠ خاڵی نووسین خوێنەر دەوەستێ، ئەوجا زۆر بەرز و بیستراو (دەشفشێ)یەکە دەڵێ، نەترسێ دایک و خوشکی پێی بڵێن: ئەوە شێتبووی!

دەروێش عەبدوڵڵا = هۆنراوەیەکی بەناوبانگی گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢).

دەشفشێ = فشیش دەبێ.

دەقەرقەشێن = تووشی قەڕقەشە دەبن، تووشی کێشە و جەنجاڵی و دژواری دەبن.

دەلیحاس = دەلحاس، دەللیحەس، دەللیعاز، دەلیحاز. دەرلەحزە. هەر ئەودەم. هەرئەوسات. یەکسەر.

دەنگدۆڵ = کورتکراوەی (دەنگی دەهۆڵ)، ئەگەر بە دەندۆڵ بخوێندرێتەوە دەها باشتر.

دەنگا = دەنگی لێوەهات.

دژڕتمە = دژ ڕیتم، دژڕێتم. دژتربە. دژڕەزم. الایقاع المضاد.

زیگزیگە = زیکزیکە. سیکسیکە، جیکجیکە، زیندەوەرێکی وردە ناوی لە دەنگەکەی خۆی هاتووە، خوێنەر ئازادە دەتوانێ (گ)ی دووەم بە (ک) بخوێنێتەوە.

ژ= پیتی (ژ)ی قەڵەو لە قسەی کوردی بوونی هەیە، بەڵام لە ئەلفوبێدا جێی بۆ نەکراوەتەوە، لەمەوە پێشنیار دەکەین زیادبکرێ، لە مۆزیدێرێکی ئێرە حەوتیلەی لەژێرە، ئەم تیپە خۆی ئاوێتەیە (ز + ص)، یان هەندە جاری زۆر دەگمەن (ز + ژ) بە نموونەش لەو وشانە بەدیار دەکەوی: بۆز (ڕەنگە)، هەروەها: طەزی. مەزن (لە شێوەزاری بادینانی).

سەربەرەمی = تێسواوەی سەربەرهەمی.

سەید دەروێش = (١٨٩٢- ١٩٢٣) ئاوازەر و گۆرانیبێژێکی میصرییە، ئاوازی بۆ گەلێک ئۆپەرێت و سروودو شانۆی گۆرانی داناوە.

* شاپل: ئەنگوستی گەورەی دەستە، بۆفراوانکردنی ماناکەی دەکرێ بڵێین، شاپلی پێشە.

* شەودۆس = کورتکراوەی شەودۆست، کەسێ چ نێر بێ چ مێ، شەوگەڕی بکات لە پێناو زەوقێکی سێکسی، بێژە فۆلکلۆرییەکەی (شەودۆسە!) و زیاتر بۆ پیاو بەکار دێ، زەوقانی.

صەت = صەد. بە هۆی خێرابێژی مەتەڵەکە، دەنگی (ت) زۆرکورتە، یان هەر نییە.

صەت دەرزی = مەتەڵێکی چەنبارەی فۆلکلۆری کوردییە

طۆبز = تۆبز: جۆرە چەکێکی سادەیە و هەر لەکۆنەوە هەبووە، بریتییە لە داردەستێکی ئەستوور و قایمە، لاسەرێکی بەتۆپەڵە قیرِ بزمارڕێژ گیراوە، هەندە تۆبز هەیە گۆیەکەی لە داری خۆیەتی، هەیە ئاسنینە، یان پێستە، یان چەرمێکی ڕەقە، یان بەردەو لێی گرێدراوە، ئەو سەرەی جۆراوجۆرە: تۆپەڵ. نیمچەخڕ. هێلکەیی، لە هەندە سەردەمی نزیکی ئەو دەوروبەرانە، حوکمەت بەکاری هێناوە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناو شار، جگە لەمەش تۆبز بەدرێژایی مێژووی خۆی بۆ خۆپاراستنی تاکەکەسی بەکارهاتووەو تا ئێستاش هەر وایە، لەوانەیە کۆکەس بۆ شەڕەهۆز بەکاریان هێنا بێت، بۆ ئەم وشەیە (ط) پەسند دەکەین، خوێنەر ئارەزووی خۆیتی (طۆبز) بڵێ، یان (تۆبز).

فواندم = فووم لێ کرد.

کەپ = کەپوو، لووت.

کانپارە = پارەی کان. عملە معدنیە.

کخ کخ = کخخە، بێژەیەکە بۆ ئاگادارکرنی منداڵ بەکاردێ، واتا: نەکەی پیسە.

لاتەنیش = کورتکراوەی لاتەنیشت.

مارش = ترپەی ڕێکڕۆیی، مۆسیقایەکە زیاتر سوپاوەرییە، تەوژمی ئاوازەکەی بەهێزەو خەڵک هان دەدات بۆ مەبەستێک وەک: جەنگ، یان ڕێزگرتن لە سەروەری وڵات. ایقاع المسیر.

ماسترۆ = مایسترۆ، مۆزیکگێڕ (مۆسیقاگێڕ) فەرماندەی تیپی مۆسیقایە، هونەرمەندێکە بە وەستاوی کاری خۆی دەکات، پشتی لە جەماوەرەو ڕووی لە تیپە، بە داردەستەکەی ژەنیاران دێنێتە سەر بەرهەمی ژەنراو، مایسترۆ بەپێی ئاوازەکە هەندەجار

ناسکەئامـــاژە دەدات و هەندێ جـــاریش توند، هەروەها بە دەستێک هێما دەکات و لە دەگمەنجار بە دوو دەست، هەرەزۆری بیـــــەران و بینەرانی ئاهەنگی زیندوو و ڕادیۆ و فـــیلمی تەلەڤزیۆن و سینەما لەو داربزاڤە ناگەن. بەکارهێنانی دارگێڕە (عصا القيادة) هەم هونەرەو هەم زانستە، بەدانایی و وەستایی و جەزبە دێتە ئەفسوون، چێژەکەی دەبێتە هاوڕۆحی بیسەر.

ماسەما = سەمایەکی مێیانە.

مەسبوون = تێسواوەی مەستبوون.

مرن = کورتکراوەی مردن.

میزۆپۆتامیا = میزووپوتامیا. میسۆپۆتامیا MESOPO-TAMIA: خاکی جووت ڕووبار، وڵاتی دووزێ، جۆتزێ. بلاد الرافدين. زاراوەیەکە بەڕەسەن گریکییەو لە دوو بڕگە پێکهاتووە، ١- Mesos واتە: نێوەندگە ٢- Potamos واتە: ڕووبار. لە نێـــوان ســـەدەی چوارەم و دووەمی پێـــشـــزایین، نووســەرانی یۆنانی و ڕۆمـــانی بەکـــاریان هێناوەو پاشـــتـــر نووسەرانی ئەروپا باویان کردووە، سەرەتا بۆ خاکی نێوان دیجلە و فورات بە کاردەهات، پاشان ژووررووی ئەو دوو ڕووبارەیان بەگەڵ داو تێدا بەشێکی کوردستان و خوارووی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی سووریای گرتەوە.

مۆزوێنە = مۆسیقای وێنەی فیلمی سینەماو تەلەڤزیۆن. الموسيقى التصويرية.

مۆزی = موزی، مووزی، لە میتۆلۆجیای گریک: نۆ خواچەن، خوشکن، زۆس باوکیانەو منیمۆزینێ دایکیانە، سەرپەرشتی نۆ هونەر دەکەن ١- کلیۆ خواچەی مێژوو ٢- یۆتێرپێ خواچەی دووزەلە و شمشاڵ و هۆنراوەی گۆرانییە ٣- ملپۆمینێ خواچەی تراجیدیا ٤- تالیا خواچەی کۆمیدیا ٥- کالیۆپێ خواچەی شیعری داستانییە ٦- ترپسیخۆرێ خواچەی سەما ٧- ئیراتۆ (ئیراتێ) خواچەی هۆنراوەی دڵداری ٨- پۆلیهمنیا (پۆلیمنیا) خواچەی سروود و گۆرانی پیرۆز ٩- ئۆرانیا (یۆرانیا) خواچەی فەلەک.

مۆزیخەم، مۆزیشاد = کورتکراوەی مۆسیقای خەم. مۆسیقای شادی.

مۆزیدێر = کورتکراوەی میووزیک دێڕ، مۆسیقا و لامۆسیقا و گۆرانی سەرچاوەیەکی کاریگەرانەی تێچێژانە، چەندان هۆنراوەو تاکدێڕیم بۆ تەرخان کردووە، لەوانە: بەنزمی قووقەی کەڵەباب، چاپەکەم تێکدەدەم (٢٠٠٧) ئێرە جێیەتی بڵێین: مۆسیقا زاراوەیەکی کلاسیکییەو تا پێش ڕاپەڕین هەرەباو بوو، پاشان وردە وردە زاراوەی میووزیک و مۆزیک و مووزیک هاتەناوەوە. بەپێی فەرهەنگ، مۆزیک: ١- پارگوێل، پارین ٢- منداڵی ژن لە مێردی تر ٣- کۆنی کیر ٤- پەلک و وردە، خڕەگوڵی شین. مووزیک: ١- گیایەکە پەلکی خڕ و بچووکە ٢- مووی زیک، مووی گرژ و قیتی سەر، سەرەڕای ئەمانەش (مۆزیقا، مۆزیقە) هەیەو زاراوەیەکی ناو خەڵکی سادەیە، زیاتر بۆ دەنگی ئامێری فوودارەی میللی بەکاردێ، یان هەر مۆسیقایەک زیقەی لێوەبێ.

مۆسیقیار = مۆسیقار، میوزیکیار.

مێمۆسیکا = مێ مۆسیقا.

نانۆکات = کاتێکی زۆر وردە بە نانۆ دەپێورێ.

نایسەکسێنێ = ورووژانێکی سێکسی لەلا سازناکات.

هاوازن = کورتکراوەی هاوئاوازن.

هپ هۆپ = هپهۆپ، هیپ هۆپ Hip hop کولتوورەیەکی قولەڕەشەکانی ئەمریکایە (ئەوانەی بنەچەیان ئەفریقییە)، گۆرانی و مۆسیقا و گەمە و سەمای تێدایە، گرووپی کوڕ و کچی لاو ئەنجامی دەدەن، سەرەتا لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا بڵاودەبێتەوە، پاشان دەچێتە وڵاتانی تر و کەم تا زۆرێک بەم ساڵانەی پێش ئەمڕۆ گۆرانی کوردییش دەگرێتەوە، گۆرانی ڕاپ Rap دیارترین هونەریانە، لە نیگاریش گرافیتی Graffiti، واتە ڕسمکردنی سەر دیوار هەر ئی ئەم بوارەیە.

وشەڕسکانێ = وشەڕێزکانی. وشانێ. وشەی یەکتربڕ. (كلمات متقاطعة).

# کەسێک لە ماڵ دەردەچێت

موحسین ئاوارە

(١)

کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
شاشەی ئەمڕۆی وەک دوێنێی کوژاوەتەوە
نازانێ بەرەو کوێ بچێت
چۆلەکەیەک لە بەرزاییەوە دادەبەزێ
بۆ نەورایی و سەر زەوی، دەنووک لە دان گیرکات
لەولاوە پشیلەیەکی برسی
ڕووەو ڕووی ڕادەکات، قەپی لێ گیرکات
چۆلەکە باڵەکانی لێک دەدا و دەفڕێ
پشیلەی برسی هەناسەیەک دەخواتەوە
– نە دەبوو منیش باڵم هەبووایە
یان لەم وڵاتە نەبوومایە
پشیلەکانی بیانی.. پشیلەکانی ڕۆژئاوا
لە باوەشی گەرم و پێخەفی نەرم
کەچی لێرە لەم ڕۆژهەڵاتە
بۆ ئێمە نەک هەر جێ، خواردنیش قاتە!!

(٢)

ئەمە ڕۆژهەڵاتە
شەترەنجێکی گەورەو یارییەکەی گەورەیە
زۆری بە بەرەوەیە
یاریزانانی سەر قاڵن، بە کاتژمێر و بەرقلیان و یارییەکە
پادشا و مەلیک و سەرۆک و شاکان
دەهێنن و دەبەن
لە دۆڕاندن و بردنەوەشدا، ڕێکەوتنی لەسەر دەکەن

(٣)

کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
نازانێ بەرەو کوێ بچێت
ڕێگا دەبڕێت
بەڵام کەی لێی دەقەومێت
بە تەقینەوەی بۆمبێک.. تیرۆرستێک.. ترومبێلێک
بە لەبەر هەڵوەشانەوەی مرۆڤ و دامەزراوە جوانەکانی!



(٤)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
لە بن دیوارێکدا.. لە ژێر لێفەیەکی شڕدا
ڕووناکییەک سەرهەڵدەدا
چەند تاڵە تیشکێک، بەرز و نەوی خۆی دەنوێنێ
بە لادانی لێفەکە، مرۆڤێک سەهۆڵ ئاسا ڕاکشاو
دەنگێک لە بەنی زارێکەوە
تاریکی دەستی لەو مرۆڤە وەشاندووە
لە ڕووناکی گەوزاندووە!!

(٥)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
نازانێ بەرەو کوێ بچێت
وەک دەنکە ترێیەک، لە هێشووەکەی بێ ئاگا کەوتبێتە
خوارەوە
سەرگەردان، سەری پڕ لە گەڵای وەریو
گێرفانی پێدەشتێکی قاقڕ و
شەستە ڕەهێڵەی، هاوارێکی بریندار لە قوڕگێکی
نووساودا
لە بناری بەنی باخی ناخیدا، خەم شکۆفەی کردووە
چرۆی زام و گوڵی ئاگرینی دەرکردووە
لە سەر ئەم هەسارەیە، ڕۆژ بە شەوی دەسپێرێ
ئازارێک قورسایی خۆی پێیدا شۆڕ کردۆتەوە
چۆن بێکاری ژەمێکی گەرمی بۆ دەنێرێ

(٦)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
ئەم جارەیان دەزانێ بەرەو کوێ دەچێت
نەک جێیەک نەبوو بۆ دامەزراندنی
جێیەک نەبوو بۆ دانیشتنی
گۆتی بە پێوە دادەنیشم!

(٧)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
بە مەزاق و قسەیەکی ناشیرینی چەقاوەسووەکانی سەر
شەقام
بریندار دەبێ
ئەو برینە، تیغێکی جەوهەرداری بە خاڵ و میل و
یاقووتیش بێ
هەر تیغە ژەنگاوییەکەیە، وەلامیشی زەهرەخەنەیە
وەک مشتێ قاویت گەرووی دەگرێ
بەڵام ڕێگایە و هەر دەبێ پێیدا بڕوا و ئەو ڕێگایە ببڕێ

(٨)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
باخێک بە تیلەی چاو و نیگایەکەوە بانگی دەکات
لە بەردەم گوڵێک چۆک دادەدات
بە دەم داهاتنەوە
گورگەمێشێک گوێچکەی دەگەزێ
زەنگەسوورەیەک تێی دەسرووێنێ
ئیتر باخ تەلیسمە و گوڵ بشەیە
بۆنە خۆشەکەی بۆ ئەو قەدەغەیە!

(٩)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
نازانێ بەرەو کوێ بچێت
ناوەوەی خۆی دەدوێنێ...
– چۆن ئەو زەمەنە ئاوا بە ئاسانی بە من قووت دەدرێ
درزێکی تێنەکەوتووە
دەڵێی ئازارەکان گشتی بەر من کەوتووە
منی تاکژەن، هەموو پاژەکانم یەک پاژن
منی نەیرەنگ، بە چ قەپان و تەرازوویەک خۆم کێش کەم
بەفر لە نێو ئاودا دەتوێتەوە
منیش لە نێو ئەم زەمەنە جەنجاڵەدا
کوانێ زێباکان وەک درەختەکانی سەرە ڕێم
ڕووەو ڕووم شکۆفەیان دەکرد و دەگەشانەوە
وەک چیمەنێکی تەڕ تەڕ، چاوەکانیان دەفڕاند
بۆچی ئەمڕۆ ڕوویان لێم وەرسووڕاند؟!

(١٠)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
هەنگاوەکانی هێور هێور، ڕەویەی نەرم نەرم
خەیاڵێکی نەپساوەی داوەتە پێش خۆی،
دڵ و دەروون گەرم
دوێنێی وەک ئەمڕۆ، زیانی بەر کەوتووە
چۆنی قەرەبوو بکاتەوە
خەیاڵ و دامان و ڕامان، گەردەلوولێک ئاسا لوولی دەدا
گاهێ وەک باڵۆنێکی ڕەنگاورەنگ بەرەو ئاسمان
هەڵدەکا
گاهێ دەبێتە تۆپێکی فتبۆڵ
تەنیایی.. شەقێکی تێهەڵدەدا
ئازار و غوربەت دەیگرێتەوە

گاهێ دوو باڵی لێ دەڕسکێ، کوێی دەوێ بۆ ئەوێ بچێ
کەچی شەقێک بە ناوی (نا)
لە گەڵ (نا.. نا.. نا) ئاوێزانی یەکدی دەبن
بەرەو ئارەزووەکانی ئەو ناچن
هۆڕنی ئۆتۆمبێلێک بە هۆش خۆی دێنێتەوە
بۆ ناوەوەی خۆی دەگەڕێتەوە

(١١)
ئەوەتا دیسان خۆی دەخواتەوە
– چاو بە هەورم... مەخموورم، ناترنجێمە نێو
ئاپۆرایەک
گۆشەگیرم وەک تاتای بەردەکانی کەنار ڕووبارەکان
جاران زەردەپەڕ و غوربەتی ئێواران
باری دەروونی نامۆییمی قورس دەکرد و
هەڵیدەدامە گۆشەی مەیخانەکان
ئێستاش بە کامی دڵ حەز دەکەم، لە جوانسەرایەک
دانیشم
پێکێک لە ئەڤینی و جوانی بنۆشم
غەزەلخوانێ... خۆشخوانێ، سەماوەری سینەم جۆش دا
سفتوسۆی حەزە شێتەکانم دامرکێنێ
بەڵام گۆپاڵەکەم
ڕێنماییم دەکات، بگەڕێمەوە بەرەو کونجی ماڵەکەم

(١٢)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
نازانێ بەرەو کوێ بچێت
ناوەوەی خۆی دەدوێنێ...
– هەن نەفام و بێ پەروا، شەوان کەلەکە ناگۆڕن
منیش هەموو شەوێک، خەوزڕان یەخەم دەگرێ
لە ڕۆژیشدا ڕۆژزڕان دامدەگرێ
ژیانێک بە سەر سکەی بێ ڕیتم و سەروا
دووبارە دەبێتەوە و دەڕوا
ئیقاعەکانی تێکچووە، بە ترس و پرسەک و گومان
بزۆز و ئۆقرە نەگر
من دوێنێ کوڕی کێو بووم
ئەمڕۆ پەژمووردە جادە دەپێوم
(تاوەسووت)یش کاری خۆی دەکا
بۆچی و لەبەرچی، جەفاکێشێک بم
لە بنی بنەوەی دۆزەخی سەر ئەم دنیایە
مەگەر سەفەرێک دڵخۆشم کات
کە ترووسکە و بلیتەکەی لە گیرفانی هیوایەکمدایە!

(١٣)
کەسێک لە ماڵ دەردەچێت
درەختە تەنیاکەی سەر ڕێگاکەی دەدوێنێ
– بۆ وا بە ڕووتی گۆرانی دەچڕی و سەما دەکەی؟!
+ پاییز جلەکانی لێ زەوت کردووم
بەهاریش بە سەفەر ڕۆیشتووەو جێی هێشتووم
دڵم تەندوورێکی پڕ لە پشکۆی گەشە
وەک ڕوومەتەکەی تۆ سوور هەڵگەڕاوە
ئەوەتا تۆش بە تاسەوە، ئارەقەی سەر تەبەش و چاوت
دەسڕییەوە
دەڵێی فەرمانبەرێکی لە (دار الحزن) دامەزراوی
من من، هەر لە ڕەگەوە تا چڵەپۆپەکانم
چاوەڕێین و چاوەڕێ
کەی بەهار دەگەڕێتەوە
بە خۆی و دەستە جلێکی نوێ

# ناسنامەم بایە، نیشتمانم باران

مەحەمەد عەلی خدر

١

دوێنێ شەو
مانگ بە ڕووتی
هاتە خوارێ
تاوێ لەگەڵ کانی جووت بوو
کە خۆر هەڵات..... مانگیش هەڵات
با بە دزی خۆر
مانگی لە هەورا شاردەوە
ئاسمان بە دزی خۆر
کانی بسمیل کرد
بە نمەی باران

٢

پێ بە پێ لەگەڵ با دەڕۆم
سەما لەگەڵ باران دەکەم

٣

با شیرینانە
قژی خاوی
گیابەندی ئەم دەشتە دەرێسێ
ئاسمان وەفاییانە
غەزەلی بارانی بۆ دەچڕێ

٤

لەگەڵ باران دێی
لەگەڵ دڵۆپ دڵۆپی
ورد ورد
لە پەنجەرەی ژوورەکەمدا
ماچم تێ دەگری
لەگەڵ با دێی
بەبێ لە دەرگە دان
دێیە ژوورێ
سەما بە درەختی بەژنم دەکەی
منیش شەوان
دەبم بە حەوزی حەوشەکەتان
تابلۆی مانگی ڕوومەتت لە چوارچێوە دەگرم



٥

هەور کچی دەریایە
بایش کوڕی پاییز
لە گۆڕەپانی ئاسمان زەماوەند دەکەن
منداڵێکیان دەبێت
ناوی دەنێن ...... باران

٦

ئاسمان بە لێوی باران
ماچ دەگرێتە کوڵمی گەڵا

# شەڤ درێژ بوو

سەرفەراز نەقشبەندی

دیاری ژ بۆ گیانێ پاکێ شێخ غیاسەددینێ
نەقشەبەندی (١٨٩٠-١٩٤٤ز)

خەیالا رۆژهەلاتێ
ئەم کرین دێوانە و شەیدا
عومر چوو و چاڤ ل رێ ما
شەڤ درێژ بوو و نەبوو پەیدا
شێخ غیاسەددین
شەڤ درێژ بوو
دل ڤەمری
خەیالا مە بۆ مە گری
روندک شین بوون
بوونە ستری
بوونە ستری پەیڤێن زەلال
ئەم د پەریا خۆ وەرکرین
بەخت رەشیا مە کرە دووری
کرە دووری بەلاڤیا مە
خوە کوژیا مە
نەشیان و زیزی و سلیا مە
ئەم خاپاندین
چاڤ و دلا
چاڤ و دلا
ژ بێ کەسی
لێ بۆ پلێ
بێ کەسیێ ئەم داخ کرین
دل ئێش و پڕ فیغان کرین
گریداڤ بووین ل کولانا
سێوی ژ هەڤسوی و هەڤخەما
بیانی ژ یار و هەڤدەرا
ل کۆلانا گریێ مە تێ
زێمارا مە دەنگ ژێ نایێ
مەمێ ئالا هەداریا وی
ب زینێ نایێ
های تەڤریێ
های تەڤریێ
بیانیا زولف و پەرچەم
ل سەر رویا
تالان کرین



تیک تێ کرن دلێن هەما
هەر هەما ژی
خوە کڕ کری
ئەڤ زاکێ لاو
پێ بەخش کری
پێ بەخش کری
خەیالا شێخ شەیدا کری
* * *
شەڤ درێژ بوو
پەیدا نەبوو
کوترکێن مە پیلکێن خەما
ئەو قەلەمێ مینا رما
هەڤالێ خوڕت دا بەر خەما
دەرگە ل ژین و هیڤیا
نژیار کر ما ئێدی چ ما
هەداری مە ئێدی نەما
ئەو توڕینا شەنگ و شەپال
داڤەکا رەش
ل پرچێ نەما
لێڤ و ددان
لێ بوون شەما
یا ل هیڤیێ
دا خەمۆکیێ ژێ هەلینی
ژێ هەلینی وێ بەهیێ
هوزانەک رند تو ڤەهوینی
پێنگاڤەک دن
رۆژهەلاتا شێخێ شەیدا
بکەی پەیدا
هێڤە بینی
* * *
شەڤ درێژ بوو
نە بۆ هانا
ڤێ تاریێ ئەم نۆش کرین
د خەو برین
مەست و لال بێ هەست کرین
هیڤیا هەما
چ ژێ نەما
ژیێ شرین کەت بەر خەما
ئەو کانیا ڤێتن بزێت
هێژ دەر نەبووی
چیک نەما

خوەزێن نەخری
کرمی خارن
ڤرت وڤالا
مە ژبیرکرن
دەنگ و ستران
کەو و مێکەو
ژێک هەوکرن
بەفر و باران
ژێک زیز کرن
نە گوت کانێ
رێیا لاوا(١) کوڕێ نەخری
نوبهارا رندا خانی
دێم پلنگا زوهرە رەنگا(٢)
مەلێ کانێ
ئەو(نیڕۆژا پیرەمێردی)(٣)
سال ب سالێ ئەم شاد کرین
هاوار ئەڤرۆ
ل هەمبێزا ئەزینیێ
خو مت کری
خوە هوی کری با هێلیێ
کەڤلکێ بوز ل بەرکری
لەو گریە
ئەڤێ دلی ئالۆزیە
گەلۆ کانێ
شەڤ درێژ بوو
وەرنە تانێ

**پەراوێز:**

**١ - ژ هەلبەستا شێخ غیاسەددین نەقشبەندی د دیوانا هوزانڤانێن کورد دا بەلاڤ بوویە، ژ کۆمکرن و راڤەکرنا صادق بهائەددین ئامێدی.**

**٢- هەلبەستا مەلایێ جزیری**

**٣- هەلبەستا پیرەمێردی (نەڤرۆز)**

**ڕۆماننڤیس و هۆزانڤان (سەرفەراز نەقشەبەندی):**

* سەرفەراز عەلی شێخ غیاسەددین نەقشبەندی ل بامەرنێ ل دەڤەرا ئامیدیێ هاتیە سەردنیایێ، ژ سالا ١٩٧٢ێ دەست بکارێ نڤیسین و رۆژنامەڤانیێ کریە. دەرچوویا کۆلێژا کارگێری کارە ل زانکۆیا سلێمانیێ (١٩٨١). ل سالا (١٩٨٢-١٩٩٢)بوویە مامۆستایا ئامادەیا بازرگانی ل هەولێرێ. ل سالا (١٩٨٦-١٩٩٠) ئەنداما دەستەکا نڤیسینێ بوویە ل گۆڤارا (کاروان)یا

ئەدەبی. ل سالا (١٩٩٢ز)ێ رۆژناما (وەلات) ل هەولێرێ دەرئێخست بوو و ببوو خودانا ئیمتیاز و سەرنڤیسەرا وێ، و کارێ سەرنڤیسەری یارۆژناما (کوردستان ئەمرۆ) کریە ئەوا ل (بەرلین – ئەلمانیا) دەردکەفت. ل سالا (١٩٩٥)ێ دبلوم ل رۆژنامەگەریێ ل بەیروت وەرگرتیە و کارێ سەرنڤیسەری یا رۆژناما (کوردستان راپورت)کریە ئەوا ل سالا ٢٠٠٦ ێ ل هەولێرێ دەرکەفتی. ژ بەرهەم و پەرتووکێن چاپکرین: رۆمانا (لغم في الأحشاء) ب زمانێ عەرەبی ل دیمەشقێ/سوریا ل سالا ١٩٩٥ێ و ژ(٦٠٠) لاپەڕان پێک دهات، کۆمەکا چیرۆکان ب ناڤێ (اللعنة) ب زمانێ عەرەبی ل بەرلین. کومەکا چیرۆکان بناڤێ (ئەز هەبووم و تۆ تونە) ب زمانێ کوردی- لێکولینا (سمات المرأە الكردية في الأدب الشعبي) ب زمانێ عەرەبی، نصوص فلكلورية – رسائل العشق – حەیرانوک (دلینی) ب زمانێ کوردی. لێکۆلینا (أدب الأطفال في التراث الشعبي الكردي) ل بەرلین، ئەڤ لێکۆلینە هاتیە وەرگێڕان بۆ زمانێن ئینگلیزی و ئیسپانی لێکولینا (العنقاء في التراث الكردي) بەرلین، کارێ سکرتێری یا نڤیسەرێن کورد کریە، ئەنداما گرێدانا دناڤبەرا نڤیسەرا کورد و نڤیسەرا جیهانی،و PEN Club ئەنداما پەرلەمانێ کورد بوویە ل مشەختبوونێ ل بەلجیکیا بۆ خولەکا تمام، ژدامەزرێنەرێن رێکخراوا هەڤالینی یا کورد وئەلمانیان (رۆناهی) ل بەرلین. کارێ سەرۆکاتیا رەڤەندا عیراقی کریە ل بەرلین.

ل دور دەستپێکا کارێ خویێ نڤیسینێ گوت: وەک ئەدەب کێش توخمی سەرێ من پێ ئاڤز بوو بێ حەمدی من ئەو ژ دایک دبیت، و ل دور جورێ نڤیسینا خو دا دیارکرن کو ل دەست پێکێ پەخشانە شیعر بوویە، لێ ئەو لافاوا د هزرێن من دا خو دڤی قەوارەی دا نە دگرت، لێ پێدڤی دەشتەکا بەرفرەهتر بوو، لەورا ئەز کەتم دولا چێروکێ وپاشی رۆمانێ.

بەرهەمێن وی یێن چاپکری ئەڤەنە:

دیوانەکا شعرێ ل بن چاپێ یە بناڤێ(رحيل نوح)، و یەکا دی ئامادەیە بۆ چاپێ بناڤێ (خەم نە کوژەرە)، وهەروەسا پەرتۆکەکا دیتر کو چێروکەک ب ناڤێ (وليمة الفطر) ل ژێر چاپێ یە، و هەمان چێرۆک ب زمانێ کوردی ژی ب ناڤێ (سفرا کڤارکا)یا بەرهەڤە.

ناڤهاتیێ دکاروانێ خو یێ نڤیسینێ دا و هەروەسا یێ پەروەردەیی داهاتیە رێزلێگرتن و خەلاتکرن ژ وان ژی وەکی دایە دیارکرن و گوت:

ژ ئالیێ رێزگرتن و خەلاتکرنێ ڤە ژی:

– ل سالا ٢٠٠٧ێ ژ لایێ رێکخراوا (پەری) کو رێکخراوەکە ل ئینگلتەرا وەک (دەنگەکانی نێو ئاگر) هاتمە خەلاتکرن، ژبەر کو یەکەم ژن بوویە ل سەر ئاستێ هەمی کوردستانێ بوویە خودانا روژنامە و سەرنڤیسەری یا وێ.

# گورگ

**فەرەیدوون موشیری**
**لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**



وای دەگوت زانایێ: گورگێ گوێنەدەر،
خۆی حەشار داوە لە ناو ناخی بەشەر!
ناعیلاج مشتومڕێ هەڵدایسێ؛
بەینی ئینسان و گورگ! ڕێک ناکەوێ
هەر وزەی بازوو، گورگ ناخا لە جێ
خاوەنی بیر باش دەزانێ چارە چێ
زۆر هەیە ئینسانی دەردمەند و پەشێو
گورگی خۆی خستۆتە بەر ڕان و ڕکێو
زۆر هەشە وا پیاوی زلهێز و دلێر
هەن ئەسیری چنگی گورگی چاو نە تێر(١)

❊

هەر کەسێ گورگی دەروونی دا زەوی(٢)
پاک دەبێ کەم کەم، بەجێ دێڵێ نەوی
ئەو کەسەی دایم بەزیو گور(٣) خۆیەتی
ڕووکەش(٤) ئینسانە، بەڵام گورگە پەتی!
ئەو کەسەش وا گەر مدارای گورگ دەکا،
عادەت و خووی گورگەکەی جێگیرە لا

❊

گیانی گورگی خۆت لە لاوی سەربڕە!
گەر لە گەڵتا پیر ببێ یەکجار شەڕە
کاتی پیریی گەر وەکو شێریش ببی
تۆ لە مەیدان گورگی پیر، سەر چەشنی بی(٥)

❊

گەر خەڵک یەکتر دەدا دڕ، لاسەرە(٦)
گورگەکانیان ڕێنوێن و ڕابەرە
بۆیە ئینسان وا زەلیل کەوتۆتە بەن(٧)
گورگەکانیان دەسەڵاتداری دەکەن
چینی زاڵم وا کە هاوڕێی یەک بووە
گورگەکانیان ئاشنای یەک دەرچووە
گورگەکان هاوڕێن و ئینسان بێنەوا
بۆ کێ وەیگێڕم بەسەرهاتی وەها؟...

"خەزەڵوەری ١٣٩٤ی هەتاوی"

**پەراوێز:**

(١) نە تێر: برسی.
(٢) دا زەوی: لە زەوی دا.
(٣) گور: گورگ.
(٤) ڕووکەش: بەڕواڵەت(بەظاهر).
(٥) سەر چەشنی بی: سەرت چەشنی شۆڕەبی لە خوارە؛ چت پێ ناکرێ.
(٦) لاسەرە: لاسار.
(٧) بەن: بەند.

**سەرچاوە:**

مشیری، فریدون (١٣٨٨)، بازتاب نفس صبحدمان، چاپ هشتم، ج٢، تهران: نشر چشمە.



# دوایین بەڵێن..

**ئەحمەد قادر سەعید**
**(سلێمانی)**

کاتێک چاوم بە ڕووکاریدا هەڵەنگووت، دیمەنێک لە ناوتۆڕی چاوانمدا خۆی نواند، زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو، سەیر وەک ئەوەی لەبەردەم دیمەنی بە بەردبووی پەیکەرێکدا وەستابم و خواروخێچ، گێڕوویڕ سروشت بەجۆرێک نالەباری کردبوو چەند لێی وردە بوومەوە هیچ کام لەو شێواوییەم بۆ ڕاست نەدەکرایەوە کە لە سیمای پەیکەردا پەیدا بووبوون! سەرنجڕاکێش وەک ئەوەی لەبەردەم فیلمێکی سێرکدا نمایشکاران کاری هێندە ناوازە ئەنجام بدەن، تەماشاکاران دووچاری شۆک و سەرسوڕمان بکەن، ماوەیەکی باشی برد تا تەڵخیی بیر و پەرتیی هۆشی ئەو ساتەم قوڵفەی ئەو تۆڕە تێکگیراوەی لێکترازاند و حەپەسانی ڕەواندەوە، جەستەی شەکەتم بۆ ئاخاوتن و هاتنە دوان خۆی ئامادەکرد و بە بێ دەنگی لەخۆی پرسی: دەبێ ئەو بێ؟ ئەو نەبێ؟ ئەگەر ئەو کەسە ئەو نەبێ دەبێ کێ بێ؟ باشە ئەگەر ئەو بێ، بۆ بەو شێوازە شێواوە !بۆ ڕەنگی بەو جۆرەی لێهاتووە و بەو تەرزە گۆڕاوە؟

تۆ بڵێی چاوم ڕەشکەو پێشکە بکات و شتەکان بە تێکەڵ و پێکەڵی ببینێت؟ دەی باشە ئەو کەسە ئەو نییە ئەدی کێیە؟ کێیە بەو دەقا و دەقییە لەو بچێت و بەو شێوەیە سەری من بەخۆیەوە جەنجاڵ بکات، پرسیارەکان تا دەهاتن بازنەی بیرکردنەوەمی تەسک دەکردەوە، بیرم دەیویست بەهەر جۆر بووە خۆی لەو بازنە تەنگەبەرە دەرباز بکات، بیرکردنەوەم کە لەوساتە وەختەدا تا دەهات بەرەو پەرتبوون دەچوو زۆری نەمابوو هەناسەبڕکێم پێ بگەیەنێ، سەرەتا پرسیارەکان جەنجاڵ و تێک ئالاو بوون، کەچی لەناو قووڵایی تێڕوانینمدا ئەوەندەم زانی سیمای چەندان وەڵام بوونە پەپوولە و بەرەو ڕووی ئەو دیمەنە سەیر و سەرنجڕاکێشە کەوتنە باڵە تەپە، دەستیان بە هاتن و چوون کرد و یادەوەرییەکان شریتی تەمەنی ڕابوردووی ئەویان ڕاونا و بە هێواشی دەستیان بە هەڵکردنەوەی کلافەکانی تەمەنی بەسەرچووی کرد، یادەوەرییەکان لە دوندی چیایەکی بڵندەوە دەستیان بەنمایشی ئەو یادەوەرییانە کرد، هۆش لە حەژمەت سەرسامی دیمەنەکە شێوازی ئەو هەڵکردنەوەی لێ ئاڵۆزبوو، خۆشی نەیزانی چۆن وا خێرا سەرەنگرێ بوو و

هەتا بنی چیای بڵند نەگیرسایەوە، بۆ منێک کە بە تاسووقەوە بەرە و پیری لێک هەڵوەشاندنی ئەو گلۆڵە ئاڵۆزە هاتووم، خۆ ناکرێ لەو بنی چیایە بێ هۆش دامێنم و خۆم بەفەرامۆشکردنی بسپێرم و بێ سۆراغ کردن لێگەڕێم و خۆم لەو دیمەنە سەرنجڕاکێشە نەبان بکەم، ئەوەتا ئارەزووی زانین و کرانەوەی نهێنییەکان کاڵە و پێتاوی هەڵبەست و جارێکی دی لە دامێنەوە دەستی پێ کردەوە، سەرەتا وێڵ و سەرگەردان، هەنگاوەکان تێکەڵ و نیگاکان شێواوی خۆیان نیشان دام، جاری وابوو هەستم دەکرد کە دەبێ ئەو کارە بە فەرامۆشی بسپێرم و ڕوو لەو ڕواژە کارەساتبارە وەرگێڕم و هەرکەسەمان بەڕێی خۆیدا ملی ڕێگا بگرین و پشت لەیەکتری بکەین، بەڵام کە لە بڕیاردان نزیک دەبوومەوە ڕوحم ئێستی پێ دەکردم و جارێکی تر هانی دەدامەوە کە تێهەڵبچمەوە و خۆم لە واڵاکردنی ئەو دەروازە نە بوێرم، بەڵکو لەو ڕێیەوە بتوانم چاکەیەک ئاراستەی ئەو کەسە بکەم کە لە دیدەمدا بەناسیاو خۆی دەنوێنێ، چونکە چاکە هەر کە دەستت پێ کرد ئامانج دەپێکێ، ئەو خواستەی ڕوحم ورەی هێنایەوە ناو لەشم و بڕیارم دا باشتر بە دیمەنەکاندا چەشنی سوارێکی خۆشبەز بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێم، لە یەکەم دیقەتدانی ئەو جارەمدا دیمەنەکان لە جاران ڕوونتر لەسەر پەردەی هەستم دەرکەوتن و گەشتی ڕوانین و لێ وردبوونەوەم بەو شێوەیە خۆی نمایش دەکرد و ڕاڤەکان ئاوا خۆیان لەو سەرگەردانییە ڕزگارکرد.. (ڕواژەیەکی شێواو دەم و چاوێکی تێک قوپاو ڕوومەتێکی پڕ لە چرچولۆچ، دووچاوی ڕیپۆقاوی لەناو دوو جووت پێڵووی هەڵەمساودا خۆیان مەڵاس دابوو، چوار پێنج ددانی درێژی ناو شەویلگەیەکی بەتاڵ، قژی سەر ڕووتاوە و سمێڵ و ڕیشێکی چڵکنی تێکەڵبوو، دەنگێکی بۆڕی بە دووکەڵی جگەرە گۆڕاو، وەستانێکی نائاسایی وەک کەسێکی بێزار بوو لە نەخۆشییەکی درێژخایەن، تەوێڵێکی دزێو.) هەموو ئەمانە لەو ساتە وەختەدا لەبەرانبەر دیدەمدا وەستان و هەر یەکەیان بە جۆرێک خۆیان نمایش دەکرد، بە زمانێکی نهێنی حەسرەت ئامێز بانگیان دەکردم و دەیانویست پێم بڵێن: (ئەوە ئەو کەسەیە کە بەر لە چەندساڵێک دیتووتە، ئەوە سوارەکەی کۆنە هاوڕێی سەردەمی منداڵیتە و ئێستا بەو شێوە نائاساییە خۆی دەنوێنێ..) لە ئەنجامی وردبوونەوە و ڕۆچوون بە قووڵایی ئەو دیمەنە سەیرانەدا هەستم دەکرد کە گیانم بێ ئاگا لە خۆبوون لەگەڵ خۆی دەدوا و دەیگوت: "ئەوە من چی دەبینم؟! تۆ بڵێی بەهەڵەدا نەچووبم و ئەوەی وا منی گیرۆدە کردووە کەسێکی دیکە نەبێ، یان خراپ بەکارهێنانی کاتەکانی ژیانە ئەو شتە سەیرانەی هێناوەتە بەرهەم؟" ئەو کاتەی هۆش دەزایەوە ناو لەش و تێڕامانەکان چڕتر دەبوونەوە، من لەو بەرەو سەرکەوتنی چیای تێڕامانەمدا، دادەکشامەوە ناو نشێوەکانی ئەندێشە قووڵەکان و ئەوانیش پاڵیان پێوە دەنام، ئاواتم دەخواست ئەو تەلیسمی بێ دەنگییە بپسێنم، بەڵکو بە قسەیەک ئەو قوڵفە داخراوەی حەپەساندم بکرێتەوە، بەو شێوەیە بیرکردنەوەکان پەلیان دەهاویشت و لقوپۆپیان لێ دەبووەوە، ئەو کاتەی گوێم بەچەند وشەیەک زرینگایەوە، ئۆخەیەکم کرد و بەتەواوی ڕووم بە ئاراستەی ئەو وەرچەرخاند و گوێم لە ورتە ورتێکی بوو، هەر لەدوای ئەوە بە هێواشی گوتی:

– ئەوە چییە دەڵێی بەدوای شتێکدا وێڵی؟ ئەوە چیت لە ناوچەوانی مندا ون کردووە بەو شێوازە بۆی دەگەڕێی؟ تۆ وا دەزانی من کەسێکی نەناسم !یان خۆت لە ناسینەوەم نەبان دەکەی، بە خوا پێدەچێت هەر نەشمناسییەوە؟

– شتێکم لێ ون نەبوو، بەڵکو زۆر شتم ون کردووە؟ بەڵێ.. بەڵێ.. زۆر شت، ئەگەر نەناس بوویتایە بەو شێوەیە پێتەوە گیرۆدە نەدەبووم.

– ئەو هەموو شتانە چین؟ وا تۆیان لەو هەڵوێستە بەپەلەیەدا پەلکێش کردووەتە ناو ئەو زەلکاوی تێڕامانە و هیچی وای نەماوە خۆتی تێدا بخنکێنی؟

– قسەکانت هەروەک جارانی خۆت بەزیبکن، ئێستا دەزانم زۆر شتم ون کردووە.

لە من تێبینی و لەویش خۆخواردنەوە و دووکەڵ بەباکردن، لە من گەڕان بەدوای ئەو نهێنییەی لە ڕواژەی ئەو مرۆڤەدا بەدی دەکرا، لەویش قووڵبوونەوە بەناو ئەو ئەندێشانەی بوونە هۆکاری لەدەستدانی سەرجەم ئەو بەهایانەی ڕۆژانێک بۆ ئەو مایەی گەورەیی بایەخ پێدان بوون، لەناو ئەم هاوکێشە لاسەنگەدان بەبێ ئەوەی هیچ لامان ئامادەکارییەکمان کردبێ، ئەو قسانە ئاڵوگۆڕ کران، ئەو گوتی:

– هێندە دیقەت لە لەشولارم دەدەی لە خۆم کەوتوومەتە گومانەوە.

– ناهەقت نییە.. دەزانی چیت بەسەردا هاتووە.. ئەرێ چ جارێک لە ئاوێنەدا سەیری دەموچاوی خۆتت کردووە؟

– بۆ تەماشام نەکردووە؟ تۆ پێت وایە لە دیمەنی تۆش خراپترم؟

– لە من خراپتر بی، یان نا ئەوە قسەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەو کاتەی ئێمە یەکترمان دەناسی، تۆم بەو شێوەیە نەدیبوو، بەڵێ لە زۆر باراندا لەمن خراپتری.. ئێمە هەردووکمان باش دەزانین کە ساڵان دێن و تێدەپەڕن،

گیان و تەمەن لەگەڵ خۆیان دەپێچنەوە. ژیان بەرەو نەمان ئاوەژوو دەکەنەوە، ئێمە هەرچۆن هەڵسوکەوت بکەین ڕەوڕەوەی زەمەن ناوەستێ و جارێکی دیکە تەمەنمان ناگەڕێتەوە و نابینەوە بە مرۆڤەکەی جاران.

– تۆ بەو قسانە دەتەوێ برینی بە سوێی قەتماغە نەکردووی ساڵانێکم بکولێنییەوە کە تا ئێستا بە ئازارەکانییەوە دەتلێمەوە، دەی خێراکە بزانم دەتەوێ چی دی بخەیتە سەر گیانی لە ناز تۆرێنراوم؟

بێ دەنگییەکی کتوپڕ باڵی بەسەر نێوانماندا کێشا، من لەناو گۆمە مەنگەکەی هەستمدا دەستم بە مەلەکردن دەکرد و ئەویش لەناو بازنەی تێڕامانەکانمدا خولی دەخوارد، من وڕوکاس ئەو لەمن وڕوکاستر، لەناو ئەم دنیای وڕوکاسییەدا سەرم بەرزکردەوە تافوویەک لەو تەمە بکەم کە کەوتبووە نێوانمان و ڕووانینەکانمانی تەڵخ کردبوو، کاکە سوارم بینی زۆر بەکوڵ و لەناخەوە و بێدەنگ دەگریاو هۆن هۆن فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ، سەری بەسەر ملیدا داکەوتبوو، ئەوەندەی دی دنیام لەبەرچاوان تاریکتر بوو، ویستم کۆتایی بەو دیمەنە تراژیدیاییە بهێنم، کەچی ئەو ئاوا هاتە دوان:" تۆ ئاوا و هەر بەو ئاسانییە دەتەوێ بێیە ناو ئەو دنیا پڕ لە مەینەتییەی لەو چەند ساڵانەی ڕابوردوو منی تێدا گیرۆدە بووم پەژارە و خەم بوونە کاڵای بەرم و بۆ ساتە وەختێکیش لێم جیا نەدەبوونەوە، نا تۆ بەو ئاسانییە ناگەیتە ناو ئەو دنیایەی لە پاڵ مندا دەیانی تری تێدا کۆیلە کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی ئەوەت پێدەدەم لەو دەروازە بدەی، بەڵکو بتوانی لێیەوە بچیتە ژوورەوەو ئەوەی مەبەستتە پێی بگەی، دەی باشە ئێستا دەتەوێ چی بڵێی؟

– دەمەوێ زۆر شت بڵێم، و چەندان پرسیار لەبەردەم دەروازەی ساڵانی دێرینی نێوانمان هەڵبواسم. تۆ لە پرسیارەکانم ڕامێنە و لە داواکارییەکانیان وردبەرەوە، تێبینییەکان لەناو کۆبەندی پرس و بیروڕاکاندا کۆبکەرەوە و وەڵامێک لەبەردەم مندا ڕانێ هەر نەبێ ئۆخەیەک باداباریێتە سەر دەشتی وشک هەڵاتووی گیانم، بەڵکو بەو هۆیەوە کەسێکی تر لەدایک ببێتەوە و بە ئاوێکی پاکی خۆدۆزینەوەیەکی دی دەروونت بشۆرێتەوە و گیانێکی دیکە بە بەر جەستەتدا بکرێتەوە.

– تۆ لە هەگبەی بیری خۆت قسان دەردەهێنی، من چۆن دەتوانم جارێکی تر خۆم لەو دنیایە دەرهاوێم کە هەر بۆخۆم لەبناغەکەیەوە پێکم هێناوە، ئەوە ئاوێنەی وەفای (باوان)ـە کاتێک خۆم لەبەردەمیدا دەبینم، لە ناو دنیای ئاوێنەدا لەگەڵمدا دێتە دوان پێم دەڵێ: (ئەوە سیمای جوانی تۆیە منی حەساندووەتەوە، هەر تۆی لە بەرانبەر گیانی بەیەکەوە بوون و ئەندێشەکانی دابڕاندا دەست دەخەیتەوە سەر شانم و لە دنیای وەنەوشەیی ئەویندا شەرابی خۆشەویستیم پێ نۆش دەکەیتەوە و بۆ چرکەیەکیش فەرامۆشم ناکەی، ئاگادارم چۆن خۆت دەسووتێنی و ئێستاش لە بەرانبەر چرای داگیرساوی ڕوحمدا بووی بەمۆمی داگیرساو و دەتوێیتەوە.)

– دنیای قوربانیدانی ئەو، دنیایەکی مەزن بوو، تۆ نەتەزانی ئەو مرۆڤە مەزنە چ قوربانییەکی گەورەی لەپێناو مندا بەخشی، ئەوە کاری قەدەرە کە دەیەوێ ماڵی ئەویندارییم بڕووخێنێ. هێلانەی ئارامیم لێ تێک بدات، بەڵام قەدەر بەهەڵەداچووە ئەگەر وابزانێ بۆ تەنیا ساتێکیش یادی ئەم قوربانیدانەم لەبیر دەچێتەوە و ژیانی ئەو کاتانەم دەدەمە دەست فەرامۆشی. ژیانی ئێستام بەردەوامی هەمان ئەو گەشتەیە لە بۆنی هەناسە و بەرامەی سینەی ئەو سەرچاوەی دەگرێ. بۆ من باوان ئەو مرۆڤە مەزنە بوو لەبەردەم نەگریسانی سەرە ڕێدا ئازایانە وتی: (نا.. نەخێر، هەر سوارە و بەس، من بۆ ئەو لە کەسێکی ئاسایی زیاتر هیچی دی نەبووم، ئەوەی من پێم بوو دڵێکی بێ گەردی لێوانلێو لە خۆشەویستی، هیچم نەبوو بیدەمێ تەنیا دڵێک و پەیمانێکی ڕاستودروست نەبێ، ئەو توانی گەورەترین تەلاری خۆشەویستیم بۆ پێکبهێنێ، ئێمە نێوانمان تەنیا مرۆڤ بوون بوو، ئەو مرۆڤ و من مرۆڤێک، لە ئاستی بژێوی بنیادی کۆمەڵایەتی ماڵە باوانی ئەودا من کەسێک بووم پلە نزم، شایەنی ئەوە نەبووم (باوان) ئەویندارم بێ، باوان هاوسەر و هاوڕێی هەتا هەتاییم بێ، ئەوان دەیانویست باوان لە تەلارێکی ڕازاوەی وەنەوشەییدا بنوێ ئەو دەیویست لەباوەشی پڕ لە خۆزگە و ئەوینی مندا ژیان بەڕێ بکات، ئەو پەیمانی داو منیش لەگەڵیدا تا دوا هەناسە هاتم، بە هەمان تین و تاقەتی جارانەوە لەسەر ئەو ڕێیەم لێی دوورناکەومەوە.

– دەباشە تۆ ئاماژەت بۆ زۆر شت کرد و پێت وایە دەبێ لەو دەلاقەیەوە بۆ ژیانی داهاتووت بڕوانی و لە ناو دنیای ئەندێشەکانی "باوان "دا جێ بۆ هێلانەی مەلی لە ناز تۆراوت چێ بکەیت و هەرچی خواستەکانی تری ژیان کە دێنە بەردەمت، وەلانێی لە ڕەشی زیاتر شتێکی دی نەبینی.

–ئێمە هەر یەکەمان بەدیوێکی لەیەکتر جیا دەڕوانینە ژیان، تۆ هەرچۆن دەیبینی، ئەوە کاری خۆتە و من لەو ڕووەوە قسەیەکم نییە.

–ئەوە نیشانەی بێ هیواییەکی زۆرە و دەبێ لەوە دڵنیابی ڕوحی باوان بەم شێوازی ڕەفتارەی تۆ شاد نابێ، تۆ بێ وەفا نابی ئەگەر بەو شێوازەی ئێستا نەبی، وا من

لەبەردەم دەروازەی ئەو ژیانەی ئێستاتدا ئەو پرسیارانە هەڵدەواسم، دەشێت لێیان وردبییەوە، لەناو تێبینییەکانیاندا چەندان وەڵام هەڵێنجی و بە بەفراوی خۆ دۆزینەوەیەکی دی گیانی سربووت بشۆیتەوە و بە جۆرێکی دیکە لەدایک ببیەوە، کە دڵنیام ڕوحی باوانی پێ دەگەشێتەوە.

– من هەر لە سەرەتاوە وەک چۆن ئەو لەگەڵمدا هات و فەرامۆشی نەکردم، پێم دەگوت ژیانی من ژیانی تۆیە، ئەو باوەڕی کرد منیش درۆم لەگەڵ نەکرد، ئەوە چاوی تۆیە من بەو دزێوییە دەبینێ، دەنا من هەر سوارەکەی جارانم و دەنکە گوڵاڵەی ناو ئینجانەی خەونەکانی ئەوی ئەویندارم، بڕیارم داوە نموونەی وەفایەک نموونەی نەبێ، ئەو شتانەی تۆ باسیان دەکەی دەدەمە دەست جوانییەکەی ئەو تا لەگەڵ خۆیدا بیانباتەوە ئەو دنیاو لەناو گۆڕی یادگاریدا هەڵیانگرێ، تۆ پێت وایە من ژیان لەو مەودایەدا نابینم کە گیانی ئەو ئاسوودەبکات، دەبێ تۆ لەوە دڵنیابی کە باوان هەمیشە لەگەڵ مندایە تۆ ئەو نابینی، بەڵام ئەوەتا ئێمە پێکەوە بەرەو مەنزڵێک دەچین کە لەوێدا خۆشەویستی هەمیشەیی دەست پێ دەکات. دەی پێم بڵێ تۆبەکی ڕێبوار لەم ساتە وەختەدا بۆ خۆت شێواندووە و خەریکە لەناو گۆمی دڵەڕاوکێدا نغرۆ دەبێ.

–شەنگ و شۆخییەکەی جارانت وێڵی کردووم، لەکوێن سوورایی ئەو گۆنا ئاڵانەی بەدەست لێدانێک دەبوونە بەفر و خوێن، قژی بژی تێئاڵاو و ڕیش و سمێڵ و برۆی پڕت چییان لێهات، قەد و باڵای ڕێکوباریک و قسەی خۆش و گوفتاری شیرینت لەکوێ خۆیان حەشارداوە.. ئەوە تۆ بووی جێی سەرنج بووی و پەنجەی پیاوچاکیت بۆ ڕادەکێشرا، هەزار مەخابن، زەمەن لەهەندێک باراندا چەند بێ بەزەییە !

–ئەوە زەمەن نەبوو بارانی بێ بەزەیی خۆی بەسەر ماڵی دڵمدا باراند، ئەوە دەستی ئەو قەدەرە بوو تاقیکردنەوەیەکی قورسی بەسەردا سەپاندم و نەمتوانی بەرگەی بگرم، تاقیکردنەوەیەک بوو کە لەو کاتەدا خۆمی تێدا بەسەرکەوتوو، دەزانم و کەسەرکەوتووش نەبووبم، کارەکە لە دەست مندا نەبوو، ئەوەی پێم کرا کردم، ئەوەشی بۆم نەکرا پێم نەکرا.. دەی باچیدی لەبەرانبەر یەکتری خەمان هەڵنەڕێژین، ئێستا دەتەوێ چیم پێ بڵێیت؟

–مەبەستم ڕوونە، دەمەوێ پێت بڵێم کات بە بەرییەوە ماوە، دەرگای کرانەوە بە ڕووی ژیانێکی نوێدا لەسەر پشتە، ڕەنگە بەو بارەیاندا ڕوحی باوانی هاوسەر و هاوڕێت ئاسوودە بکەیت، دەی سەرلەنوێ دەست پێ بکەوە، تۆ باش دەزانی ژیانی سەرەتا هەر دوای ماوەیەکە و ڕاکردنی تەمەن بەرەو ترۆپک دێ و بەخۆشت نازانی دوای ئەوە بەرەو نشێوەکانی نەمان زەمەن چۆن تەمەن دەپێچێتەوە، دەی تا نەگەیشتوویە ئەو ئاقارە خۆتی لێ بەدوور بگرە.

– ئێمە هەردووکمان لەدوو دنیای جیاوازدا دەژین، یان هەردووک لامان ڕاست دەکەین، یان خۆمانی لێ نەبان دەکەین، من لەم ژیانەی ئێستام خۆشی دەبینمەوە، خۆشی ئەوینداری باوان دەزێتە ناو دڵمەوە و ڕوحم ئاسوودە دەکات، تۆ بەو دیوەی خۆت دیاریت کردووە ژیان دەبینی، ڕەنگە بەهۆیەوە ئاسوودە بی. تۆ مافی خۆتە ئاسوودە بی و چۆنت بوێ وا بژی، منیش مانەوەم لەناو دنیای باوانی ئەویندارم بە مافی خۆمی دەزانم چۆنم بوێ وابم و ئێمە هەردووک لامان ڕاست دەکەین و ڕەنگە لە دیدی کەسانی دیکە ڕاستی نەپێکین.

کە بیری پەرتم لە سێبەری ئەو قسانەدا وەئاگاهاتەوە، سەرم بەرزکردەوە و خۆمم لە دووبارە سەرکەوتنەوە بەسەر دوندی ڕواژی تێک و پێکدراوی ئێستای سوارە و شەنگوشۆخییەکەی جارانیدا بینییەوە، هەردوا وتەی هاویشتە ناوبازنەی ڕوحی لە ژیان تۆراوی، وام هەست کرد ئەو چەند دڵۆپە خووناوانەی بەسەر هەنییەی چرچ بوویدا دەتکان، سەرەتای تەقینەوەی کانیاوی فرمێسکی دیکە بوون، بەچاوی دڵ دەمدی چۆن گیانی ئەویان دەشۆردەوە و لە خشت و خاڵی بەکەم گرتنی ژیان پاکیان دەکردەوە و ئەوەشم زۆر لەلا ڕوون بوو کە ژیان بەلای ئەوەوە چەند دیوێکی هەیەو هەر کەسە خۆشیی لەولایە دەبینێ کە بەلای ئەوەوە ڕاستە، ئەو ڕاستییەش بۆ لایەکەی دی بەپەسند دەزانێ. زۆری نەبرد لەیەکتر دابڕاین و ڕوومان لە یەکتری وەرگێڕا بە بێ ئەوەی هیچ لایەکمان بتوانین متمانەی گۆڕانێکی ڕیشەیی لەڕێڕەوی ژیانی ئەوی ترمان دروست بکەین، من ڕۆیشتم ئەویش ڕۆیشت و لە پێچی کۆڵانەکە ئاوابوو، ئیدی هەر ئەو ونبوونە بوو و جارێکی دیکە نەمدیوەتەوە.

**سلێمانی/ تەمووزی ساڵی ٢٠٠٦**



# بووکە شووشە!

ک. د. ئازاد
(بانە)

– بۆ (هێمن) گیان ژنم دیوەتەوە!
هەر دوو ژنەکانی کاک ڕەحمان بە یەکەوە وتیان:
– ژن؟
– دوێنێ لە مەهاباد لە ماڵی کاک سمایلی پارچە فرۆش بووم، کچێکی جوانی هەیە! بۆ (هێمن) گیانم داواکردووە! ناوی بەفرینە. باوکی دەڵێ: با کچ و کوڕ یەکتر ببینن و ڕازی بن، من قسەم نییە!
شەرافەت دایکی (هێمن) وتی:
– باشە ڕەحمان! کچەکە جوانە؟ کچی باشە؟
– ژیر و عاقڵ! جوان! هەر دەڵێی بووکەشووشەیە!

* *

کاک ڕەحمان باوکی (هێمن)، لە سەردەشتدا بە ڕەحمان دوو ژنە بە ناوبانگ بوو! شەرافەت دایکی (هێمن) و فاتم، کە منداڵەکان باجییان پێ دەگوت، ژنی ڕەحمان بوون. ماڵیان لە نزیک سەرچاوەی سەردەشت بوو! شەرافەت ژنە کۆنەکەی ڕەحمان بوو، کچێک و کوڕێکی بۆ هێنابوو. دوایە ڕەحمان فاتمی هێنا، بەڵام لە فاتم هیچ منداڵی نەبوو! فاتم، (هێمن)ی زۆر خۆش دەویست، بگرە لە شەرافەت زیاتر!

هەر دوو ژنی ڕەحمان، دەیانزانی مێردەکەیان چاو باشقەڵەیە و لە هەر جێیەک ژنێکی جوان ببینێ، خۆی بۆ ڕاگیر ناکرێ! کە ئەم جارەش کچێکی جوانی دیوەتەوە ئەویش بۆ (هێمن) نەک بۆ خۆی، پێیان سەیر بوو!

* *

(هێمن) بە پەلە هاتەوە، هەر لە حەسارێ تووشی فاتم بوو.
- سلاو باجی!
- سلاو (هێمن) گیان! باوکت هاتۆتەوە، کاری پێتە.
- چی دەوێ؟
- کاری خێرە!
کاک ڕەحمان لە سەرەوە هاواری کرد:
- وەرە ژوورێ باوکەکەم!

* *

- (هێمن) گیان! تۆ سەربازیت تەواو کردووە، لەوە بەولا دوکانێکت بۆ دادەنێم تا لەسەری کار بکەی.
لە مەهاباد کچی کاک سمایلی پارچە فرۆشم بۆ داوا کردووی، کچێکی جوانە! برۆ بیبینە. بە دڵت بوو کار تەواوە! بۆت دەخوازم.
(هێمن) سەری داخستبوو، هەوەڵ جار بوو باوکی باسی ژن هێنانی دەگەڵ دەکرد، ئەویش لە شەرمان سەری حەوا نەدەدا!

* *

چوون بۆ مەهاباد، کچ و کوڕ یەکتریان دی و قسە کران. خوازبێنی و مارەکردن و گوازتنەوە، هەمووی مانگێکی پێ نەچوو! (هێمن) بوو بە خاوەن ژن!
ڕەحمان لە گەڕەکی شێخ مەولانا ماڵێکی بۆ (هێمن) کڕی و بووک و زاوا چوونە ماڵی خۆیان!

* *

ژیان ئاسایی بەرەو پێش دەچوو، ڕەحمان هەر شتێک بۆ خۆیانی دەکڕی، بۆ ماڵی (هێمن)یشی دەکڕی. زۆر جاران (هێمن) باوکی دەدی کە لە ماڵی ئەوان دەهاتە دەر و هەرجارێکیش ڕەحمان بە دەستی پڕ دەچوو.
- سلاو بابە گیان!
- چۆنی (هێمن)؟ کاروباری دوکانەکەت چۆنە؟ ڕازی؟
- زۆر باشە بابە گیان!
- دوو سندووقم کۆخ کڕیبوون، یەکیانم برد بۆ ماڵی ئێوە.
- بابە گیان سپاس، شەرمەندەمان دەکەی!

* *

ساڵێک ڕابرد، ڕۆژێک شەرافەت بە (هێمن)ی وت:
- ڕۆڵە! باوکت زۆربەی کاتەکان دوکانەکەی خۆی دەسپێرێ بە شاگردەکەی و خۆی دەدزێتەوە! من کەسێکم بۆ داناوە بزانێ بۆ کوێ دەچێ! هەموو جارێ ڕوو لە ماڵی ئێوە دەکا! من زۆر نیگەرانم!
- دایە گیان باوکم ئێمەی زۆر خۆش دەوێ، نیگەرانمانە! بەفرینیشی زۆر خۆش دەوێ، دەزانێ دوو گیانە و سەردانی دەکا. ئەمە بۆ سەیرە؟
- نازانم ڕۆڵە! دڵی من وا ناڵێ!

* *

(هێمن)یش کێچی کەوتە کەوڵی! خۆرە کەوتبۆ گیانی! شەوانە خەوی لێنەدەکەوت، زۆر جاران کە دەیزانی باوکی بە ڕۆژ چووە بۆ ماڵیان، لە بەفرینی دەپرسێ:
- بابم ئەورۆ لێرە بوو؟
- ئائا! سەرێکی دا بزانێ چمان دەوێ!
پێی سەیر بوو!
(...هەموو جارێ ڕوو لە ماڵی ئێوە دەکا!)

* *

- (هێمن) گیان لە جیاتی من دەچی بۆ مەهاباد و لە سێ چوار شوێن قەرزم بۆ وەردەگرییەوە! من لە تەلەفۆنی پێیان دەڵێم کە تۆم ڕاسپاردووە، شەویش بچۆ سەردانێکی ماڵی خەزوورت بکە!
- باشە بابە گیان!
کاک ڕەحمان ناو و نیشانەکانی دا بە (هێمن) و بە ئۆتۆبووسی مەهاباد دا بەڕێی کرد!

* *

ئێوارە (هێمن) کارەکانی تەواو کرد و تەلەفۆنی بۆ بەفرین کرد:
- تازە درەنگە نایەمەوە، بەیانی زوو دەگەڕێمەوە! ئەمشەو دەچم بۆ ماڵی باوکت، کارت نییە؟ ئەگەر دەترسی بە دایکم بڵێ بێت لە لات بخەوێ!
- سلاوی باوک و دایکم بگەیەنە، بێ خەم بە! نیگەرانی من مەبە!

* *

(هێمن) بەرەو ماڵی خەزووری وەڕێ کەوت، پێشتر پێی نەگوتبوون کە شەو دەچێ بۆ لایان. دەیەویست خافڵگیریان کا!
هەروا کە سەری داخستبوو و لە فکری ئەوەدابوو کە چۆن خەسوو و خەزووری بەرەوپیری دێن، لە پڕ دەنگێک ڕایچڵەکاند:
- کاک (هێمن) چۆنی؟ بەو درەنگانە بۆ کوێ دەچی؟ لێرە چ دەکەی؟
سۆران کوڕی حاجی قادری ئاسنگەر بوو، ئەویش سەردەشتی بوو، دۆستی منداڵی (هێمن).

– سۆران گیان چۆنی؟ تۆزێک کارم بوو! تۆ چ دەکەی؟
– دەچمەوە بۆ سەردەشت.
– بەم درەنگانە؟
– ماشێنم پێیە! وردە وردە دەڕۆم و لە ڕێیەش شتێک دەخۆم و بۆ ماڵ خەوتنان دەگەمەوە، شەوانە ڕۆیشتن زۆر خۆشە!
–........
– تۆ نایەوە؟
لە خودای دەویست، خۆی لە ماڵی خەزووری ئاشکرا نەکردبوو، قەرزەکانی باوکی وەرگرتبۆوە! بەفرینیش بە تەنیا بوو!
– منیش دەگەڵت دێمەوە!

* *

لە نیوەشەو لای دابوو، گەیشتنەوە سەردەشت.
سۆران تا گەڕەکی شێخ مەولانا (هێمن)ی گەیاندەوە.
(هێمن) دەیەویست بەو نیوە شەوەی بەفرین خافڵگیر کا، بەفرین چاوەڕوانی (هێمن) نەبوو!
دەرگای حەسارێی بە ئەسپایی بە کلیل کردەوە و وردە وردە بەرەو دەگـــای دیوی ژوورەوە ڕۆیشت. دەتگوت بۆ دزی هاتووە! تا پتر لە ژوورەوە نیزیک دەبۆوە دڵی زیاتر لێی دەدا.
کەس دیار نەبوو، دەرگای هاڵەکەی کردەوە، کەسی لێ نەبوو.
( لە دیوی خەوە!)
گەیشتە لای دیوی خەوەکە. دەنگی پیاوێک دەهات! ناسییەوە!
(بابم لێرە چ دەکا؟)
– بەفرین گیان خەریکم شێت دەبم! بە هەزار زەحمەت بەهانەیەکم دەست کەوت (هێمن) بنێرم بۆ مەهاباد تا من و تۆ، دوو بە دوو بیگوزەرێنین!
– (هێمن) سووسەی کردووە! زۆر جار لێم دەپرسێ بابم بۆ هاتبوو؟ منیش هەر جارەی درۆیەکی بۆ دەکەم ئەویش هێندە ساویلکەیە باوەڕ دەکا!
– لەوانە گـــــەڕێ! وەرە باوەشم خـــــەریکە دڵم دەتۆقێ!......
–..........
چرپەی ماچ و بەقوربان و سەدەقەی بەفرین و باوکی (هێمن)ی تا بێهۆشی و مەرگ گەیاند!
( باوەڕ ناکەم! ژنی بۆ من هێناوە، یان بۆ خۆی؟)
لە پشت دەرگا ڕەق هەڵات! دەمی وشک بوو و زمانی بە مەڵاشوویەوە چەسپابوو! دەیەویست هاوار کا، بەڵام توانایی نەمابوو!
بە هەزار زەحمەت، پاشەو پاش کشایەوە و سووک لە دەرگاوە ڕۆیشتە دەر!
(هێمن) نەیزانی چۆن خۆی گەیاندە سەرشەقام! وەک شێـتـانی لێـهـاتبـوو، باوەڕی نەدەکـرد باوکی دەگـەڵ بووکەکەی کاری وابکا! ئەی بەفرین چۆن خەیانەتی لێ کردووە؟ ئەی...؟
وەک شێت تا بەیانی بە شەقامەکاندا گەڕا!زیاتر لە سەد کەڕەت بە بەر دەرگای ماڵی خۆیدا هاتوچوو. هەموو جارێ لە درزی دەرگاوە، دەیڕوانی بۆ حەسارێ!
بەرچاوی (هێمن) تاریک بوو! بۆی وەرنەدەگیرا! جێی باوەڕ نەبوو! ئارەزووی بوو کەڕ بایە و گوێی لەو قسانەی باوک و بەفرین نەبایە!؟
باوکی لە دیوی خەوی و جێگای ئەو....! بەفرین لە باوەشی باوکی...!
کە ڕۆژ بۆوە (هێمن) سەری خۆی هەڵگرت و بەرەو سنووری ئێران و ئێراق وەڕێ کەوت!

* *

لە هەولێر شێتێکی لێیە زۆر لە (هێمن) دەچێ! خەڵکی هەولێر پێی دەڵێن باویلکە!
کەس نازانێ باویلکە لە کوێوە هاتووە.
ساتێک هەدادانی نییە و وەک پەپوولەپاییزە لەم سەری شار بۆ ئەو سەری شار دەڕوا و دەگەڕێ! زۆر جاران لەخۆوە هەڵدێ! شێتێکی بێ ئازارە! بێدەنگ و باسە! جار جار لە کەلێنی دەرگایەکەوە دەڕوانێ بۆ ژوورەوە! جاری واشە گوێ بە دەرگایەکەوە دەنێ و گوێ ڕادەدێرێ! پاشان قریشکەیەکی لێدەبێتەوە و هەڵدێ! کەس نازانێ کە بە کەلێنی دەرگای ماڵاندا دەڕوانێ، یان گوێ لە دەرگایەک دەگرێ چ دەبینێ و چ دەبیسێ!
دکتۆرە (پەخشان مەلا برایم)ی دەروونناس، دەڵێ:
وێدەچی باویلکە لە ڕابردووی خۆیدا ڕووداوێک، یان شتێکی ناخۆشی لە کەلێنی دەرگاوە دیوە! یان گوێی لە شتێکی ناخۆش بووە، ڕەنگە هەر ئەوەش بێ، شێتی کردووە!
کەس نازانێ!



# به سواری پشتی (با) دەگەڕێینەوە

**بەهرام محەمەد (کاکل)**

پڕ بەپێی خۆی کوتایە ژوورەوە، ونجرایە ئەو جانتا بووکێنییەی سێ چوار ساڵ لە مەوبەر بە بەخت و نەختی خۆی بۆی کڕابوو، دەرپێ و بنکراس و کراسە پەمەییە گوڵ گوڵییە ئاودامانەکەی دەرهێنا، بەپۆشتەیی هاتە دەرەوە، چووە ناو ناندینەکە، تیانچەیەک(١) ساواری لەناو هەمبانەیەکی ناو خەلانەکە دەرهێنا، تیانچەکەشی پڕ ئاو کرد و بۆ خواردنی نیوەڕۆ خستییە سەر ئاگر، کۆمەڵێک سواندوکە و جوڕە و جۆخۆرکە و سۆفەقیتە و(٢) کۆترە کیویلکە لەناو کاوکۆتی حەوشە، وریبوون(٣) و چنەیان دەکرد، چەند خڕکە بەردێکی هەڵگرتەوە ویستی دەریان پەڕێنی، پیاوەکەی زەینی دایێ" ئای نەکەی تەپکەم داناوەتەوە گۆشتی نیوەڕۆتان بۆ پەیدا دەکەم.

بە باڵای چناری و کوڵمی گوڵی سووری سروشتی و کراسە پەمەییە گوڵ گوڵییەکەی لەبەر دەرگای ناندینەکە قیت قیت ڕاوەستا.

بەو دیمەنە تەڕوتۆڵە سەرنجراکێشەی حەپەسا، چاوەکانی بوونە دوو بلاجکتۆر و جەستە ئارمووشییەکەیان کردە ئامانج، تەپکە و گۆشتی نیوەڕۆ لە تەپانی بن دەریاچەی هەوەس و دەستبازییەکانیدا خنکان، وەک زۆربەی زۆری پیاوە هەوەسبازەکان، تەزوێکی تەگەیی بەدەمارە ئاژەڵییەکەیدا چووە ناو مێشکی و هەست و سۆزی گریان گرت و لەخۆشییان سمێڵی جووڵاند:

– بەو تیفتیفەیەی ئەمڕۆت، ئەوەندە جوان بووی دەڵێی «گوڵی ئاڵی بوخار»ی لە وڵاتی (بوخارا) بە دیاری بۆ منیان ناردووی!!

– ئەو تەشقەڵەیە چییە؟ من هەر ئەو ژنەی جارانتم، کەمم نەکردبێ زیادم نەکردووە.

– ئەمــڕۆ لە چاوان دووربی، بۆنوبەرامت گــەزگــەز دەمبرێ.

– ئێ چی دیکەش؟

بگەڕێوە سەرشۆرکەکە، مەنجەڵێکی دەرگاخن ئاو بخەرە سەرئاگر، با بەشی خۆ بسمیل کردنی هەردووکمان بکات، بۆ لێم مۆڕ بوویەوە؟ ڕەقێتەی چی؟ مەترسە بەوەندە خۆشوشتنە تووشی ڕەقێتەی نابین، چما ئێمە چی دەکەین؟ یەک و دوو مەسینە ئاو بەخۆماندا دەکەین، تەڕت لێزانی!! ئێستا کەی کاتی بای بزنکوژە(٤)، بەهارە بەهار!! کەمێک خۆمان پشیلەشۆر(٥) دەکەین و دێینە دەرێ، فاک و فیکی چی و نەوسنی چی؟ دیارە تازە دەمناسی!؟

چەند هەنگاوێک لێی نزیک بووەوە، خــۆی تێهەڵسوی، چاوەڕوانی هیچ قسەیەکی لێ نەکرد، دەستێکی لەسەر ملی و ئەوی دیکەی لە ناو قەدی و بەتەواوی باوەشی تێوەرینا، زگ و بەرزگ و سینگ بوون بە یەک، دەست و قاچەکانیان لاولاوەو ئەسپیندار تێکئالان، شیلەی لێو و ئاسمانەی دەم و مەلاشووی یەکدییان مژی و لێستەوە.

بەهانکەبڕایی سەری بەرز کردەوە:

«هەی سرگوم دەم و ژەمت نییە، بەس نەکەی ئازاری ئەوەی ناو زگم بدەی، ئاگات لە -شوان-ی کچەکانم بێت.

نقــەیەکی دیکەی لە دەو نەهاتە دەرەوە، بەرەو ناندینەکە ڕۆیشت، ئاگری ژێر مەنجەڵۆکە پڕ ساوارەکەی کەمێک نزم کردەوەو هاتە دەرەوە، تیرێکی چاوی لە مێردەکەی گرت و بەرەو سەرشۆرکەکە کشا، ئەویش بەدوایدا بووە کووچ کووچە.

نەجارێک و نەدووان، چەندان جار دەنگێکی نێر لە بڵندگۆی مزگەوتی گوندەکە هاواری کرد:

«هۆ خەڵکینە، چەند فڕۆکەیەکی دوژمن دەوروبەرو ناوەوەی گوندەکانی لای ڕۆژئاوا بۆردومان دەکەن، ئاگر لە تەبارە و ڕەز و باخەکان بەربووە و دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتووە، جاشە هەرچی و پەرچییەکانی – قالەی فاتە ناوبرێشکێ – لەسەرگردەکانی ئەو دیوی وەرکەوتوونە، چاوەڕوانی سوپای دوژمن دەکەن تا چاوساغییان بۆ بکەن و ئەو ناخونەک(٦)و چاوبرسییانەش بەناو گوندیدا وەربن و هەرچی بکەوێتە بەردەستیان لرفی بکەن، ئاگاداری خۆتان بن و دەستوەکەری بکەن، ئەو پارەو پوول و زێڕ و کەلوپەلە گرانبەهایانەی هەتانە، زوو کۆیان بکەنەوە و لەگەڵ خۆتان بیبەن و بەرەو شاخ و ئەشکەوتە دوورەدەستەکان هەڵکشێن، تویشووی زیاتر لە ڕۆژێک لە ئاژەڵەکانتان بار بکەن و چەکەکانتان لە بیر نەکەن، دەبێ دەستوەشێن بن و دەست لە دوژمن نە پارێزن، تخوبی خاکی وڵاتی خۆمان مەبەزێنن، ئەوان لە وانە چاکتر نینە».

بووە هەراوهۆریا و چراوە چراو و چبووە چبووە، هەر بابایەو دراوسێکەی خۆی ئاگادار دەکردەوە، بەتوندی لەدەرگای ماڵی ئەوانیشیان دا، هەر لە دەرەوە ڕا هەواڵەکەیان گەیاند و ڕۆیشتن، هەردوو کچەکە لە دیوی ژوورەوەی قەمتەرەکە زیراندییان.

بەتای بنکراسێک لە ناو سەرشۆرکەکە بە شپرزەیی دەرپەڕی، هەردوو کچەکەی هێورکردنەوە، لە باوەشی گرتن و بەرەو ژوورەوەی بردن، کراس و دەرپێیە گوڵ گوڵییەکەی بە لوولی پەستانە ناو سندووقەکە، کراس و دەرپێیەکی قەمەندۆری خماوی لەناو بوخچەیەک دەرهێنا و بەپەلە پرووزێ بەسەر و لینگی خۆیدا هەڵیکێشان، سندەگڵیک(٧) بەری سینگی گرت:

«بەختی من لە کوێ قیت و قۆزی بە خۆیەوە دەبینی، لە ناوچەوانە بەگووەکەم نووسراوە، دەبێ هەر بە سەگبەحەساری بژیم، دەرپێ وکراسی گوڵ گوڵی لەمن ناوەشێتەوە، کەی خۆشیم بە خۆمەوە بینیوە هەتا ئێستا بیبینم، چەند تکا و ڕجام لەم پیاوەی خۆم کرد، وەختی ئەو بەزمەی نییە با نانەکی بخۆین، ئەسپی هەوەس تاوی دابوو فشەی گوێی هات، تەڕهەوەسی نەکرد، نەئەویشمان پێ کراو نەنانێکیشمان پێ خورا، من لە خەمی ئەم دوو کیژۆڵە دام لە برسان دەمرن، هەرخوا دەزانی بۆ کوێ دەڕۆین و چیمان بەسەردێت، دیسان تەریدەی کام وڵات و شاران دەبین».

ئەندامانی ئەنجوومەنی گوندی دابەشبوونە ناو کۆڵانەکان و دەستیان کرد بە تووڕ تووڕە لێدان، بەرە بەرە دەنگی فیتفیتۆکەکان بەرزتر دەبوونەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ زۆر پەلەکردن و زوو بە جێ هێشتنی گوند، نەجارێک و نەدووان و نەسێ، هاوار هاوار و فیتە فیت و تووڕە

تووڕ نەدەبڕایەوە، هەرماڵەو کەوتبووە مشووری خۆی، بەر لە هەموو شتێک دەرگای کۆز و گەوڕ و تەویلەکانیان دەکـردەوەو مـێگەلی مـەڕوبزن و ئاژەڵەکـانیـان بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێدەکرد، وڵاغەکانیان دەردەهێناو کەلوپەلی بەکەڵکیان لێ باردەکردن.

بۆ دڵنیـابوون چەند پلیکانێک بۆ سـەربانەکـە سەرکەوت، لەناکاو مووشەکێک چەند باڵێک بەرزتر بە سـەر سـەریدا ڕۆیشت و لە هاڕژنی دا، دەنگ و بای ئەوەندە بەهێـزبوو، دوو سێ پلیکانە بۆ خوارەوە غلۆری کـردەوە، بەخـۆی نەوەسـتا، دیسـان چەند پلیکانەیەکی دیکە سەرکەوتەوە: «ئای ماڵی وێرانم خۆ نیوەی گوندی و قـوتابخـانە و مزگـەوت وێران و تەخت بوونە و ئاگر و دووکەڵیان لێ هەڵدەستێ».

بەپەلە هاتە خوارەوە، کەرە دێزەی لە تەویلە دەرهێنا و کـورتانی کـرد، ناوزگ و پارووی توند قـایم کـرد و تێـرکـەیەکـیشی بە بە تاڵی بە سـەرپشت و هەردوو لا تەنگەیدا شـۆڕ کـردەوە، مـانگا و گۆلکەکـانی دەرکـردنە دەرەوە و دوو سێ وەحەی لێکردن و بەگەڵ گاڕانی گوندی دان، بە حەشتاوی گەڕایەوە لە ژنەکەی خوڕی «کچێ ئەوە لە گـوێی گـادا نووسـتـووی، گـوند وێران بـوو سـووتا، بڕواناکـەم نەک دوو پێ، چوارپێـشی تێـدا مـابێ، ئەو جڕوجانەوەرانە بگەنە ناو گوندی، دەماندەنە بەر چڕنووک و ڕنۆکان و پارچە پارچەمان دەکەن و بەپەندمان دەبەن».

هەر قـاچێکی کـردە هەشت، چەند کلیلێکی لە سـەر تەرەجـەی(٨) لا دیواری ژوورەکـە هێنایە خـوارەوە، ونجڕایە سندووقەکەی، پۆزمک و خڕخاڵ و کەمەربەندو گوارە چوارگۆیەکەی خۆی و گوارۆکەی منداڵەکانی و ئەو بڕە پارە هیـشکەیەی(٩) لەبن سـاپیـتـەی ژوورەکـەی شاردبوویەوە، هەمووی کۆکردنەوەو لە ناو پڕیاسکەیەکی کـــردن، هـەر ئەوەنـدە پێــــڕاگــــەیشت ڕابکاتە ناو سـەرشۆرکـەکـە، ئەو یەک دوو کـراس و دەرپێـرۆکـەی کـچەکانی کە لە ناو ئاراوەکەدا(١٠) سەرەمری(١١) کردبوون، چۆڕاندنییەوەو خستنییە ناو لابارێکی تێرکەی سەرپشـتی کـەرەکـە، مـەنجـەڵۆکە سـاوارەکەشی بەجێ نەهێـشت «با ئەوەش بخـەمـە ناو لابارەکـەی دیکە، بۆ ژەمێکیش بێت هەرباشە، واقـوڕەی زگـمـان دێت، نانی نیوەڕۆشمان نە خواردووە».

دوو پشـتـەکی سـواری کـەرە دێزە بوون، هەریەکـەو منداڵێکیـشی لە باوەشێ گـرت، چەند هەنگاوێک لە قەمتەرەی حەوشە دوور کەوتنەوە، لەسەرگردەکانی لای ڕۆژ ئاوای گوندی دەستـڕێژێکی بووکانەیان بەسەریاندا هاوێشت، هەردوو کچەکە پێکەوە قیژاندییان، باوکیان دڵی دانەوەو هێـوری کـردنەوە، لا ملێکی بۆ ژنەکـەی وەرگێڕا:

– مـەترسن ئەوە جاشەکانی قالەی فاتە ناوبڕێشکن، دەیانەوێ زوو گـــوندەکـــە چۆڵ بکرێ، ئەوان لەپێش سوپاکەوە بێنە ناو گوندی و فەرهوود و تالانێ بکەن، ئەو مـەشکە دڕانە هەردەخـۆن و تێـرنابن، وەک مـالۆسی لە سەرزگی خەڵکی خۆیان تێر دەکەن، ئەوانە بەرازی داک خۆگێنە، ماڵی دنیایێ لە کەللەی دانە، فڕچاویان نابینی، چۆن نایناسی؟، ئەوە کـوڕی فـاتەیە فـاتە تڕنووسـقـاوی(١٢) ناناسی!؟ ژنێکی ڕەقـەڵەی هەر ئێـسک و پێـست بوو، بەزگـەک تێـر بەدەیان برسی، بەسـواری کـەرێ شێن لەو گـوند بۆ ئەو گـوند دەگـەڕا، بنبێژینگی ڕەوسەی خەڵکی گوندی کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی پاروە نانێک بۆ ئەو قـالە گـەلۆر و بێ قـوونەبانە پەیدا بکات، ئەو چاو کونەسۆژنە سەرو سەکوتی خۆی دیتییە، سمێڵی دەڵێی باڵە پەڕەسێلکەیە، چەندان جار هاتۆتە ناو گوندی، مریشک و هێلکە و ماستیان بە خۆڕایی لە ئاوایی بردووە، ها ناسیت؟

– بەڵێ، ئەو نمەک کوێرانە هیچیـان لەبەر چاو نییـە، ئێمەی لاشەڕ غایلی غەرەز لەسەر ماڵ و حاڵی خۆمان دانیشتین، بۆ وازمان لێ ناهێنن!؟

ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە «هاوارتە لەمن، دووکـەڵی سووتانی دانەوێڵە و پەلەوەر و قورئانەکانی ناو مزگەوت و کـتـێـبـەکـانی قـوتابخـانە بەرەو عـەرشی خـوا بەرزبووەتەوە».

گرمە گرمی گەواڵە و شریقەی هەورە تریشقەی بەهار و زرمـــــەی تـۆپ و بـلاچەی برووسکی زێلک ڕژێن و مـووشەکی زەندەقبـەری فـڕۆکـەکـان تێکەڵ بووبوون، ئاخـێکی قـووڵی هەڵکێـشـا و سـەیرێکی کـەرە دێزەی کـرد«با کـەرەدێزە لێـمـان نەغـەزری و بەرمـان نەداتەوە، باشتر وایە بێمە خوارەوەو باری سووک بکەم».

دابەزی و دوو لەقەی وەشاندە تەنکێش و ڕەفیسکی و کـەرەش تیـژتر ڕۆیشت، گـەیشـتنە ئەودیوی چیـایەکـە و بەدیدەنی خەڵکی ئاواییەکەی خۆیان شادبوونەوە.

ڕەنگی زەردی خۆر لەپەنا هەورە مل درێژەکانی پشتەوەی چیایەکە، لەپرسەی پیر و پەککەوتووە بەجێماوەکانی ناو گوندی، خەریک بوو ڕەش هەڵدەگەڕا، ترس و دڵەڕاوکێ بووبوونە دوو باڵی قەڵەڕەشەیەک و لە ئاسمانەوە بەسەر خەڵکەکەیدا هەڵدەشەقان، هەر ماڵە خۆی لە پەناگەیەک حەشار دەدا، دیمەنی ئەو دیو و ئەم دیوەی چیایەکە بە بەهەشت و دۆزەخ دەچوون، چاوەگەشەکانی قەد پاڵی دیوی ڕۆژهەڵات لە حەسرەتی چاوە کوێربووەکانی دیوی ڕۆژئاوا، بە خوڕ فرمێسکیان دەباراندە ناو دۆڵەکان و بە دەیان جۆگەلەی ئاوی سازگاریان هەڵدەبەستا.

ئەو پێی وابوو لە مەودای تۆپەکان و ترسی فڕۆکەکان دەرچوونە، هۆشەیەکی لە کەرەدێزە کردو یەک دوو جار قەڕاسەی لەقەوچەی دایەوە:

«با زیاتر نەڕۆین، وا خەریکە شەو دادێت، ئێستا ئەشکەوتێک، کونە شاخێک بۆ حەوانەوەو خۆپاراستن لەباران و با و بۆران پەیدا نەکەین، تاریک دابێت، پێمان نادۆزرێتەوە، لەسەر ئەم جۆگەلە ئاوە دادەبەزین، منداڵەکان نیوەڕۆش هیچیان نەخواردووە، کەرەدێزەش هیلاکی پێوە دیارە، ئەو بەستەزمانەش لەناو ئەم قۆپەنە گیایە چڕەدا دەتەورێنم، با تێر گیا بخوات، لەچی بترسین؟ ئێمەش سایلی ئەم خەڵکەی لێرەن، نابینی زۆربەیان لەم ناوەن، خۆ ئێمە لەوان زیاتر نین، ئەگەر کوژراین با هەموومان پێکەوە بمرین، ئەها ئەو کەپکە شاخەت دیوە؟ دەچینە ژێر ئەو شاخە خۆمان دەپارێزین».

باریکەڕێیەکی دۆزییەوە، بردییە لای شاخەکە و بە پەلە گەڕایەوە:

«دەڵێی ماڵی خۆمانە، گەورەو بەرز و خاوێنە، باگێڕەوەی هەیە و باران نایگرێتەوە، کانییەکی ئاوی زەمزەمی لەتەنیشتەوە هەڵدەقوڵێ، دەبا مشتومڕی بەسەردا نەکەین و سەرکەوین».

بەڕێچکۆڵەکەدا بەرەو شاخەکە سەرکەوتن، باوەشی گرتەوە، هەردوو کچۆڵەکەی دابەزاند، ژنە دانەبەزی:

«ژانێکی زۆر توند زگ و بەرزگ و ناو زگی گرتووم، هەندێ جار هەتا سەر موسڵدانم دێت و دەگەڕێتەوە، دەترسم لەو هەموو هەڵبەز و دابەز و لەقە لەقەی ئەمڕۆدا کۆرپەلەکەم هەڵقەنابێت، بەڕاستی لەناو ئەو هەموو گێژاوەدا حیسابیشم لێ تێکچووە، نازانم لەسەر وەختی خۆمم، یان نا».

دەستێکی بە زگی خۆیدا هێنا و هەتا خوار ناوکی برد، تیچاوێکی لەمێردەکەی گرت:

«ئەوە (شوان)ـە شوان، شوانی مێیینەکانمان و پشتیوانی من و تۆ و ئاکۆی برام، بەپشتیوانی خودا ناویشی دەنێم (شوان)، لەوەتی بەزگم کەوتییە، بارم زۆر گران بووە، زۆر سەربزێوە، چەند ڕۆژێکیشە لەقەی لە هەناوم دەدا، دەیەوێ زگم کون بکات و بێتە دەرەوە، مێیینەکان کەی وابوون، هەتا هاتنە سەر دنیاییش هەست و خوستیان نەبوو».

ئەو بەدەم ئەو قسانەو بەسەر شانی پیاوەکەیدا دابەزی، ئەویش تێڕکەکەی دابەزاند، ڕەشمەی کەرەدێزەی لە بنەدارێک توندکردو بواری پێ دا لە دەوروپشتی خۆی بلەوەڕێ.

هەموویان لەدەوری مەنجەڵۆکە ساوارەکە کۆبوونەوە تێر و پڕیان خوارد.

دەستێکی بەسمێڵی خۆیدا هێنا:

«سوپاس بۆ خوا ئەم ژەمەشمان بەڕێ کرد، بەیانیش ئێرە بەجێ دەهێڵین، بەرەو سەرەوەتر هەڵدەکشێین، لەوێ چەند گوندێک ماون، ڕەگەزپەرستەکان هێشتا بواریان نەبووە بیانگەنێ و وێرانیان بکەن».

خۆی بەستوونێک لە ستوونەکانی پردەبازی ورەیدا هەڵواسی:

«کێ دەڵێ بەیانی بۆ گوندەکەی خۆمان ناگەڕێینەوە، ئەو جۆرە دوژمنانە ترسنۆکن و مەودایان کورتە، هەر سەرێکە دێت چی پێ بکرێ، دەیکات و ئەوەی مەبەستی بێت دەیبات، ئەگەر لە قەوچەشی نەدرێتەوە، خۆی خۆی پێ ناگیرێ و قوونەخشەی لێ دەکات و دەکشێتەوە، بەڵام گریمان گەڕاینەوەش، داخوا ئەو حوشترە مل درێژە پۆستاڵ ڕەشانە و ئەو چاوچنۆک و ناکەس بەچانەی خۆشمان عەزرەباتێکمان بۆ دەهێڵنەوە بیخۆین، دەی هیچیش نەمینێ، خۆ ئەو چەند پنجە تۆڵەکەو کەمە تەڕەپیازەی ناو حەوشەکە دەمینێ، زەردیان دەکەین و یەک دوو ژەمی پێ ڕادەبوێرین، هەر هیچ نەبێ بەو بڕە پارەیەو قیچە زێڕەی ناو پریاسکەکە چارەی خۆمانی پێ دەکەین.

منداڵەکان کفت بوون و تێریشیان خواردبوو، بەنجی خەو سڕی کردن و پەلەواژبوونەوە، دایکیشیان لە ناو

پێخەوی ساردوسڕی ئەندێشەیدا، خەوە کوتکە هەردوو کارێژی لە باریەک دەبرد و سەروملی پاش و پێش بووبووە دەروێش، هەر لەو شوێنەی دانیشتبوو، بەگرمۆڵەیی سەری بەباسکی خۆی کردو خەوت، پیاوەش پاڵتۆکەی داکەندو هەرسێکیانی پێ داپۆشت، پشدێن و جەمەدانییەکەی قەدقەدکردن و خستنییە ژێر سەریان، سەرێکی بردە دەرەوەو سەیری دەوروبەری کرد، کزە بایەکی سووساردی گیزانی، گەڵای دارەکانی نەرم نەرم دەجووڵاند، هەستی ڕاگرت، لەقیرە قیرڕی بۆقان و چریکەی باڵندان و قەبە قەبی کەوان زیاتری نەدەبیست، بناگوێی تەزی، بەغار هاتەوە تەنیشت ژنەکەی، لێکدانەوەیەکی کرد «دەڵێن پلەی گەرمایی ژنان لەهی پیاوان بەرزترە، بەتایبەتی بەرناوک و لاق و لەتەریان، واباشە ڕووی وەربگێڕم و ببینە یەک جەستە»، خەنجەرەکەی لەکالانێ دەرکێشا و بە ڕووتی لە تەنیشتە خۆی دانا، دەمانچەکەی سوارکردو لەتەنیشت خەنجەرەکەی دانا، ژنەکەی بێ هەست و خوست وەرگەڕابووە سەرگازەرەی پشت، تەنیا بۆ خۆ گەرمکردنەوە، نەک بۆ چاو گەرمکردن و بۆرژان، سەری بەنەرمەی ڕانی کرد، لەدەروونییەوە نا هاوسەنگییەکی بۆ خۆی دروستکرد، وا هەستیدەکرد ناوقەدی بووە بەکەمەرەی زەوی، لای سەرەوەی جەستەی، باشووری کیشوەری ئەفریقیایە و لای خوارەوەش، سەرووی کیشوەری ئەوروپایە، لەیەک چرکەدا بۆمبایەکی ئەتۆمی خێواندە نەخشەی جیهانی جەستەی خۆی و سەروبنی پێکرد، سەری خستە سەر کەرتکە تەمۆخێکی ڕەق و هەردوو لاق و لاڕانەکانیشی بەبێ دەنگی لە لەتەرو تەنکێشی ژنەکەی گیرکرد «بەم شێوەیە هاوسەنگی بۆ گەرموساردی جەستە سەرما بردییەکەم دەگێڕمەوە»، گەرماییەکی موگناتیسی لەهەردوو جەمسەریدا ڕایکێشا، ئۆقرەی لێهەڵسا، کەمێک جێی خۆی خۆش کرد وخۆی لێ مشتومالّ کرد، وەک ئەوەی چۆن مریدێک بیەوێ لە بەرانبەر شێخەکەیدا کڕنوش ببا، کڵاوەی چۆکی لەسەر زەوی چەقاندو کردییە ڕکە.

قووقەی خنکاوی کەڵەشێرێک لە دەرەوە دەبیسترا، بەستەزمانەی دەتگۆ ئەویش دەیزانی ئەو شەوە سامناکە و دەنگە دەنگ و هاتوچۆ یاساغە، دیار بوو هیچ هاوکار و هاوخەمیشی نەبوو، مەلای گوندیش ئەگەرچی وەک خەڵکەکە دەربەدەری ناو دۆڵەکە بووبوو، بەڵام لە ترسی ئاشکرا نەبوونیان بانگی نەداو بەتەمای خودا لێی گەڕابوو.

جەندرمەی تاریکی ئەم شەوە، خەریک بوو پاشەکشەی دەکرد و دەبەزی، تیشکە بنەوشەییەکانی خۆر لەپەنا پارچەپارچەی هەورە کەترە بەجێماوەکانی ئاسمانی سەرلوتکەی شاخەکان چاو چاوانێیان دەست پێ کرد و کەوتنە ڕاونانی ئەوپارچانەش، تەمومژ عەجمانیان نەما، لەترسی گەرمایی خۆر هەڵکشان و داکشان و شۆڕبوونەوە، ئەوانیش سەریان لێ شێوا، لەجیاتی بەرەو ئاسمان بەرزببنەوەو بەری تیشکی خۆر بگرن، چوونە ناو زگی ڕووبارەکان و خۆیان حەشاردا، خۆریش تارای زەردی بەسەرخۆیدا داو بەتەواوی ئارایشت بوو.

موولوولەکانی ناو زگی منداڵەکان -لە خەفەتی نەمانی یەک دەنکە ساواری ئێوارە و نەبوونی پاروە نانێکی بەیانی -کەوتنە ڕمبەڕمبی سەماو هەڵپەڕکێی هەراسانکەر و دەهۆڵ و زوڕنای جوڕە جوڕ و قوڕە قوڕی بێ سنوور، زیرە زیڕیان دەگەیشتە پەڕەکەی ئاسمان.

لەپێشەخۆی «دیسان ڕیسم لێبووەوە خوری، ئەو زیڕەکوشتیانەش لێم بوونە پۆستاڵ ڕەشەکان و نائومیدیان کردم».

ئاس و پەلاس(١٣) هاتە دەرەوە، چەند خولەکێک لەبەر بەرۆژکی بەردەمی گەوەشاخەکە، خۆی دایە بەر تیشکە بنەوشەییەکان، چاوی بەم لاو بەولادا گێڕا، شاگەشگەبوو «ئەوەیان پێچۆلەکەیە، ئەوێهێیان پێپشیلەیە، ئەوەی تریان پێمریشکە(١٤)، پڕاوپڕ کەنگر و کوارگە، هەر نەبێ بەو گیایانە لازگێکمان پڕ دەبێ».

یەکە یەکە هەڵیپچڕاندن و هاتەوە ژوورەوە، تاڵە وەکەرەی خۆش وەکەرە(١٥)، تیچاوێک بۆ باوەشە گیایەکەو سەرنجێک بۆ ژنەکەی:

ئەوانە دەکەینە پێش قلیان و دواتریش خوا کەریمە،

لەخەفەتی واقەواقی بەردەوامی منداڵەکان ژنە نتەقی نەکرد،

سەرنجێکی دیکەی دایێ:

بۆ بێدەنگی؟ ئەو تەپەتڕانە(١٦) وسکوت نابن، یەک و لا مەمکیان لەدەوی بپەستە با کڕبن،

بێدەنگ نەبم چی بکەم، کار وابڕوا کچەکان لەبرسان دەمرن.

ئاجارێ(١٧) بیرۆکەیەکی کۆن لە مێشکیدا، گەشا، پنج و قەد و لاسک و گەڵا لەسەریدا ڕووا «مانەوەمان لێرە خۆکوژییە، با لە برسان نەکەوینە پەلەقاژەی مەرگ و نەبینە کەلاک، سیسارکە کەچەڵ و قەڵەڕەشکە بماندەنەبەر دەندووکان، باشتر وایە بەرەو سەرەوەتر هەڵبکشێین و لە گوندێکدا جێگیر بین، دوژمنان دەستیان نەگاتێ».

پەتکی ملی کەرە دێزەی لە دارەکە کردەوە، ڕایکێشایە بەردەرگای ئەشکەوتەکە، کەلوپەلەکانی خستە ناو هەردوولا تێرکە و تێرکەکەی بارکردە سەرپشتی کەرە دێزە، هەردوو کچەکەو دایکیانی سوارکرد.

لەپڕ بلەندگۆیەک بانگی دا «هۆخەڵکینە خۆتان ئامادە بکەن، دەگەڕێینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، سوپای دوژمن کلکی بەخۆیدا شۆڕ کردەوە و تاکو کلکەی شاخەکەی ئەو دیو ڕاومان نان، ئەوها شکستیان خوارد و بەدەرپێی خۆیان ڕانەدەگەیشتن».

ئەو دۆڵە بێدەنگە واتەدزانی زیروحی تێدا نییە، بووە باژێرێکی گەرم، وەرەبرۆ دەستی پێکردو خرۆشا، ئەسپ سواری ئەم هەواڵە، قەلەرەشەی ئەو شەوە سامناکەی دایە بەر تیران، لەجیاتی بۆ سەرەوە هەڵبکشێن، لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو خوارەوە بۆ گوندەکەی خۆیان شۆڕ بوونەوە، هەموو پۆستاڵ لەپێ و قالەکان ڕاونرابوون، تاچاوی دووربین بڕدەکات دوورخرابوونەوە.

ڕۆژانەی دوای ئەو ڕۆژە مەرگەساتییە دانیشتوانی گوندەکە لەسێبەری خۆیان دەسڵەمینەوە، زرەخەون و زیندەخەونیان پێوەدەدیت، گوریسی ڕەشبەڵەکیان لێ دەبووە مار و دەیگەستن، نیسانۆکەکان هەندەیان نەمابوو بەقالیچەی ڕەنگاوڕەنگ، بناری چیاو قەدپاڵی گردۆڵکەکانی ژێر ڕەشماڵی دەڤەرەکە برازێننەوە، حاجیلە و گوڵەزەردە سەرەتاتکێیان بوو، هەناوی زەوی گەرموگوڕییەکی تێکەوتبوو، جەستەسڕبووەکانی مارو مارمێلەکەکان ژێر بەژێر جموجوڵیان تێ کەوتبوو، لوتکە شاخەکان مەندیلی سپییان دەچۆڕاندەوە، بە چۆڕاوگەی ئەواندا تاڤگە و فوارەی بەرز بە ڕووبارەکاندا نشێو دەبوونەوە، شایی و هەڵپەڕکێی ئاهەنگە سەرتاسەرییەکەی کوردان چاوقوچانێکی مابوو.

دوو سێ قانە گیای خۆرسکی وەرزی و چەند پنجە تۆڵکەیەک لەناوەندی حەوشەکە سەرتاپای جەستەیان بەو نمەخوناوە زیوییانە تەڕکردبوو، کە شەوە سامالییەکە بەسەریدا باراندبوون، لەچاوەڕوانی ئەوەدابوو تیشکە زێڕینییەکانی خۆر لە ئاسۆوە بەرەو قووڵایی ئاسمان بەرزببنەوەو دڵۆپە زیوییەکانی سەر گیایەکە وشک بکەنەوە، ڕایەخ و سەماوەر و تاقمی چایە بباتە ناو گیایەکە، کولێرە و گوێز و ماست و هێلکەش ئامادەبکات «هەندەی نەماوە لە بژاری باخچەکە بگەڕێتەوە، بارەگیایەکیش بۆ مانگا و گۆلکەکان بێنێتەوە».

نەدەعەجما بەناو حەوشەکەدا دەگەڕا، بەم لاو بەولادا چاوی دەگێڕا، سەری بردە ناو کۆلیتی مریشکان، دوو سێ هێلکەی لێ دەرهێنا، گەوڕی مانگا و گۆلکەکانی بەسەرکردەوە «گوانی مانگاکان پڕشیرن نایاندۆشم، شیری ئێوارەمان بای خواردنی ئێستا ماوە، با گۆلکەکان لێی تێربن، نەوەک خوا نەخواستە شتێک ڕووبدات، لەدایکیان جیا ببنەوەو لەبرسان بمرن».

گوڕی کردە هەردوو کچەکەی ویستی زرخەویان بکات «خودایە کۆزمان ساوایە، بیکە بەخاتری ئەو بێ زمانانە، دەڵەمەن و بەری هیچ ناگرن، زۆرمان لێ قەوماو لێمان تێکچوو، چەندان جار ڕەزوباخیان سووتاندین، مەڕومالاتیان بەتالان بردین، ماڵ و خانوویان وێران کردین، خودایە بەگەورەیی خۆت چیتر ئەم زوڵمانە هەڵمەگرەو ئەم جارە بمانپارێزە».

چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، چەند خەونەکەی هەراسانی کردبوو، هەندەش نەهاتنەوەی مێردەکەی دڵی توندکردبوو«هەر بەسێبەری خۆرەکەدا دیارە درەنگە، ڕۆژانی پێشتر بەر لەوەی سێبەرەکە بگاتە سەکۆیەکە، ئەو دەهاتەوە».

دەیویست هەردوو منداڵەکە لە قیلمقازێی بکات و بە دوو سێ قالۆیان(١٨) خۆی بگەیەنێتە باخەکەو سۆراخی باوکیان بکات، پەشیمان دەبووەوە و بیرۆکەکەی دەگۆڕی «باوەکو جاری گۆڕین لە برسان زگمان نەگوشین، منداڵەکان برسییانە و بۆن دوژونیشیان لێ دێت، بەڵکو باوکیشیان تا ئەو کات بێتەوەو پێکەوە نانەکە بخۆین».

دوو سێ جار بانگی کرد «تەلان، تەبارە: کچم وەرن سەرتان بشۆم».

وەڵام نەبوو، هاتە دەرەوە کۆمەڵێک منداڵی هاوتەمەن و ئاوقەرای(١٩) یەکدی لەژێر سێبەری دار تووەکەی پێش ماڵی دراوسێکەیان یارییان دەکرد.

دیسـان بانگی کـردن «تەلان، تەبارە، کـچـەکـانم وەرن بابتانشۆم».

لێـیـان نـزیک بـووەوە، هەر یەکـێک لە کـچـەکـان فـەرشـەیەکی لە قـوڕ دروست کـردبوو، چیلکەدارێکی کردبووە تیرۆگ، تۆپەڵە قوڕێکی بچووکی دەخستە سەر فەرشەکەو بەوچیلکە دارە پانی دەکردەوە.

لێی پرسین «کچەکانم ئەوە چی دەکەن؟»، هەردووکیان پێکەوە «نانی بۆ پێشـمـەرگـە دەبرژێنین!!»، گـرژییـەوە «ئای لەسـەرتان گـەڕێم و لەبەرتان بمرم، کـیـژی دایکی خـۆتانن، لەناوچەوانمان نووسـراوە هەر دەبێ نانکەری پێشـمـەرگـان بین، چەندان شـەو کـەروێشکە خـەوێکم دەکرد، لەگەڵ گـەردی بەیانی تەشتە هەویرێکم دەشێلاو دەمکـردە نان و هەمـــــوویـانم لـوول دەدان و دەمکـردنە نووردی بۆیانم دەنـاردن، هەر بە گــەرمی وەک کــێـک دەیانخوارد».

لەبەردەمیـان هەڵتـوترکـا «کـوا بزانم چەند نووردییـە نانتان برژاندووە؟».

بە فـشـــە ژمــاردی «یەک، دوو، سێ، چوار،.. ئای دەسـتـتـان خـۆش، هەستن با بچینەوە چەند نووردییـە نانێک بۆ (ئاکۆ)ی خاڵتان بنێرم، چاوم کوێرەبی ئێستا نانەڕەقەشی دەست ناکەوێت بیخوا، داخوا لەچ بەرەیەکی جەنگدا بەبرسـێتی و تێنوێتی ڕووبەڕووی ئەو پۆسـتـاڵ ڕەشە ڕەگەزپەرستە زاڵمانە بووەتەوە».

چوار پێنج هەنگاو بەرەو نـاندینەکــە هەنگاوی نا، ویستی هەندێک کاوکۆت و پەلەدار و پەلکە چروو بباتە ناو ئاگردانەکە، کە گەیشتە بەردەرگای ناندینەکە، گوێی لە لووشە لووشێک بوو «ئۆخەی خودایە لێت بەزیاد بێت، ئەوە کەرەدێزەیە».

دڵی لەرزی «بۆ چی نە بارەگـیـای لەسـەرەو نەباوکی مندالان دیارە!؟».

لەگـەڵ ئاوڕدانەوەکـەی، پێی لەکـۆسـپـی ناندینەکـە گـیـربوو، ڕمبـەی لێـوەهات، سەرە چۆک و ناولەپەکـانی خوێنیـان تێ زا، باریکە ژانێک بەناو هەناویدا پیاسەی کرد، ویستی لەژێر زگییەوە دەربچێ، کەچی دەرنەچوو، چەند فرمێسکێک لەقولینچکەکانی هەردوو چاوی و بە هەردوولای تەلانی گردۆڵکەی لووتیدا بەرەو کانی دەوی شۆڕ بوونەوە، کە بە چەمچەی زمانی لێستنییەوە و بۆ قورگی ئاودیوی کردن، لە سوێرییـان نە دەچوونە خوارەوە، دەسـتی بۆ ئاسـمـان بەرزکـردەوەو پاڕایەوە «خـودایە دووکۆرپەی یەک لە دوای یەکدیت پێ بەخشیم، پێ شوکر و سابیر بووم، داوات لێدەکەم ئەوەی ناو زگم زیانی پێ نەگەیشتبێ».

ویـستی بگریێ، کەچی نە گـریا «هەر بەوەنـدە کـەوتنە بگریێم!؟ هەرزەبووین دەچووینە ڕێواسـان، دەیان جـار پێـمـان هەر دەزەلی و ڕەقمان دەبرد، دەست و قـاچمـان خوێنیان تێ دەزا، چەندان جار سەرمان دەشکاو لووتمان دادەڕسا، هەرباکیشمان نەبوو».

تەکـانی دایە خـۆی و قـیت بووەوە «خـودایە بەخـێـری بگێڕی، شەوێکی بەعەجانی(٢٠) و خەوێکی تۆقێنەر بوو! دەترسم زیندە خەون بێ و ببێتە ڕاستی، دیسان ماڵـمـان وێران نەکـەن!! نازانم ئەو پیاوەم بۆ نەهاتەوە؟ دەبێ چی بەسەر نەهاتبێ؟».

تەقەی دەرگا هات، سەری بەرزکردەوە «ئای پوورە سێو ئەوە فـریشتـە بووی هاتی!؟ توخوا پێم بڵێ دەنگوباس چییە؟».

هێوری کردەوە «کچم هیچ نییە».

بەگریانەوە «چۆن هیچ نییـە، ئەی بۆ پیاوەکـەم سـەرە داوێکی نییە؟».

ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو«کچی خۆم لەوانەیە لە ڕێگا، لەناو گوندی لەگەڵ ناسیاوێک، هاوڕێیەکی پێکەوە دوو قسان بکەن، هەر ئێستا دەگەڕێتەوە».

بەپێداگری «ئەدی ئەو خەونە دێوەزمـەیەی ئەم شـەوەم چی بوو!؟».

بەسەرسوڕمانەوە «خەونی چی؟».

لێـوی تەتەڵەی دەکـرد «پوورە سـێـو ناخـۆش بوو ناخۆش».

هەر لە خـۆیەوە دەسـتی پێکرد«نوێژییـان لە خـەو هەستاین، پیاوەکەم تێرکەی لەکەرە دێزە بارکردو سواری پشتی بوو بۆ ناو باخەکە ڕۆیشت، منیش هەندێ مروموۆم کـرد، هەسـتم کـرد گـێـژ و وێژ بووبووم خەو بەری چاوی بەرنەدابووم، گوتم باپشیە خەوێکی دیکەش بکەم، هەرکە گەیشتمە ناو نوێنەکە یەکسەر دەتگۆ بەنجیان کردم، سەد خۆزگە نەنووستبام».

قولـپی گریان ئەوکی گرت و بەفینگەفینگەوە:

«مـردنم بە چاوی خۆم دیت و گۆڕە و شـار درام، کـە بە ئاگا هاتم، واهەستم کرد بەبیست کەسان سواری شان و

ملم بوونە، جەستەم هەمووی داهێزرابوو، پووریێ با نەیگێڕمەوە دەڵێن خەونی بەیانیان یەکاویەکە».

ئەو پێشەکییەو دەیگێڕمەوەو نایگێڕمەوەیە، پووریێ زیاتر ڕشت کرد:

«کچم دڵم تەقی دەبیگێڕەوە، مەرج نییە هەموو خەونێک یەکاویەک بێت.

دەرفەتی لە بەردەست نەما بەناچاری «کۆمەڵێک نێربیە مامزی قۆچ پێچاوپێچ، پێدەچوو لەشەڕە قۆچانێدا شەکەت و بێزار بووبن، لەدۆڵ وقەد شاخەکانی لای ڕۆژهەڵات بەلاکەلاک دەهاتن، دەڕۆیشتن و پێیان لەکەلێنە شاخەکان هەردەزەلی، جارجارە سیوخرمەشیان لەتەنکێشی یەکدی دەدا، لە لای ڕۆژئاواشەوە کۆمەڵە زەنگە سۆرەیەکی کلک تیژی ژەهراوی بەسەر ئاسمانی گوندەکەماندا دەسووڕانەوە بەچەندان کەسیان وەدا، لەخەوێ دەمناسینەوە، ئێستا لەیادم نەماون، هەر لەدوای ئەو زەنگە سۆرە و زەرگەتانەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ حوشتری مل درێژی یەک کۆپارە و پۆستاڵ لەپێی برسی و تێنووی هاروهاج دەهاتن، حوشتر ئاژەڵێکی بەستەزمانە، کەچی ئەوانە دڕبوون، حوشتر قاوەییەکی مەیلەو سۆرە، کەچی ئەوانە تەنیمۆکاوی بوون، خوا بە گەورەیی خۆی دەست و قاچی حوشترانی بۆ ئەوە دروست کردووە، بەناو شوێنە خۆرە پۆت و لماوییەکاندا وەک سەوڵ بەکاریان بهێنن و بڕۆن، کەچی ئەوانە پۆستاڵیان لەپێدابوو باکیان بە بەردو قونجرکاندا نەبوو، حوشتر بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگەی برسێتی و تێنوێتی دەگری، کەچی ئەوانە لەبرسان و لە تێنوێتیدا چاویان سوورهەڵگەڕابوو، بە هەموو هێزیان تەکانیان دەدایە خۆ بۆ ئەوەی زوو بگەنە گوندی و گیاو ئاوی هەڵلوشن، خەڵکی گوندیش خۆڵ و دۆیان بەسەردا باریبوو، تەنیا لەبەر خودا دەپاڕانەوە».

پوورە سێو بەچاوەکزەکانییەوە بەبێ فرمێسک گریا «کچم لەبەر خودا پاڕانەوە پیشەی بێ دەستەڵاتانە، شەڕە قۆچی ئەو نێربیەمامزانە، ئەو پۆستاڵ لە پێ و تەنیمۆکاوییانەی گەیاندە ئێرە».

خەرامان پێچەژانێکی توند بەناو زگ و بەرزگیدا گەڕا، دەستی بەناو لنگانیدا شۆڕکردەوە، ناولەپی پڕ خوێن بوو، تا تێیدا بوو قیژاندی: هەیرۆ، هەیرۆ - شوان-ی خۆم و کچەکانم ڕۆ،

لە پڕ چوار دەوری گوندی گیرا، پوورە سێو و خەرامان، تێروپڕ گریان، کەزی و بسک و پرچیان ڕنییەوە، سینگی خۆیان دا بەر مستان «پیاومان بردران، هەموویان گیران، نێرەوزمان هەموو فەوتان».

زاروفیغان و ڤیزار، شین و واوەیلای ژنان، دەگەیشتە پەڕەکەی ئاسمان، کردیانە قوڕپێوان «ئەی هاوار کیرمیزمان نەما قڕکران، ئەی بابەڕۆ ئەی دایەڕۆ، ئاقڵمەندی کوردانمان ڕۆ، هەشمان بەسەر ئەستەویرو نەزۆک دەبین، پسمام و پسخاڵ وپسبرا هەموویان کوژران».

ئاسمان بووە تەمتومان، باڵندەکان، کێویلکە و پەڕلەپێی کوێربوو، تاقتاقکەرەی(٢١) دووشاخ تووکن، پەڕەسێلکەی بەستەزمان ڕۆژیان لێ بووە شەو، هەموو چوونە بن سواندەو ناوکونان، کارەمێشکە و بەرخی لامێژ بەدوای دایکیاندا دەگەڕان.. مت و مۆری منداڵان، تانجۆکەی پرچی سەر ناوچەوانی کیژۆلان.. ژنی دووگیان، نابینای بێ گۆچان، پەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی کتێبی قوتابخانە و قورئان، سووتان و ڕەش هەڵگەڕان، کەنەفتەی تەپ و کۆ(٢٢)، کوورەی پشت چەماو، بزنە بەتەگەی لەتەگە دابڕاو، گۆزەو ئافتاو و گومگومە، تەبانەی(٢٣) پارچە پارچەبووی شکاو، چرا ڕەشکەی فتیلەپەڕۆی پلتە پلتکەرەی بێ نەوتکراو، دێڵەسەگی ترەکێوی بێ گوجیلەماو، ولاغەبەرزەی تەرس دەرهاتووی تەنگەبڕاو، هێشووە ترێی قل قلکراو، قلە ترێی پەرش و بلاو، لەژێر داروبەردەدا پلیخاو، تەرم و تابووتی بارکراو و بارنەکراو، ئاغەڵ و هیلانەو خانووی ئارفتەو رووخاو، دەیان ژن و پیاوی پشتەمازەشکاوی(٢٤) لەدارەبازە پێچراو، منداڵی ساوای پێچۆک(٢٥) شکاو، تاسکلاو و جەمەدانی خڵتانی خوێنکراو، پێ و پلی بێ پێلاو، پەڵە ڕیخۆڵەی هەڵپچراو.

ڕۆژی پەسلان بوو پەسلان، پەسلانی خودا نەبوو، هی دڕندە بۆ مرۆڤ، بۆ تەیروتواڵ و مێرووستان، ڕووداوێک بوو ڕۆیی، وەک ئەو تەپەدۆرەی بەبێ ویستی خۆی دەکەوێتە بنی شووشەوە، نەکەس بینی و نەکەسیش گوێی لەتەپەی کەوتنە ناوەوەی بوو، مزگەوت و موسڵمان و پەڕەقورئان سووتان، موسڵمانێک نقەی لێوەنەهات، کڵێسا و ئینجیل و قەشەش سووتان، فەلەیەک پرتەو بۆڵەی نەکرد، زەوی و ئاسمان پڕگازی ژەهراوی بوون، ژینگە دۆستێک پف هەڵنەما، مافی ئاژەڵ پێشێل کرا

کەس نەیگوت ئۆف، ملیۆنان مرۆڤی بێوەی کەوتنە باوەشی داهاتوویەکی نادیار، سەدو هەشتاو دوو هەزار تۆپەڵ و بارستە مرۆیی خرانە توونخانی گەرماوی تاکە پیاوێکی هەوەسباز و خۆی پێ بسمیل کردن، کەسێک نەیگوت ئەوە بسمیل نییە، تەحفیلە تەحفیل(٢٦)، کەسێک نەیپرسی کچە پاکیزەکان چییان بەسەرهات، ئەوەی ویستی نقەیەک بکات، شتێک لەناو دەوی زمانی گەست.. ئەوەی ویستی سەری کۆت کا، دەستێک کڵاوی گرت بانەیبا..

ئەوانەی مان و نەکوژران تەنیا ئەو کەوە دەنووک سوورانەبوون بۆ قەدپاڵ و کونە شاخە دوورە دەستەکان فڕین، ئەوانەی باڵەکانیان لەفڕین کەوتبوون، باڵیان لێ ڕسکا، فڕین و فڕین لەشەقەی باڵیان دا، بوونە (تەیرەن ئەبابیلە) و فیلەکانی (ئەبرەهە)یان دا بەر بەردان، ئەوانەی دەنگیان لەگەروویاندا دەخنکا، بوونە هەور و گرماندیان، سواری پشتی (با) بوون و گەڕانەوە، شریقەیان لەیەک گەروو، بلاچەیان بەهەر چوار لا، بارانی بەخوڕ، شەپۆلی لافاو، خاک سەوز هەڵگەڕاو خونچەکان گەشانەوە، گوڵەکان گوڵاویان بەهەر چوار لادا پرژاند، کەوەکان مەست بوون، بەرەو ڕۆژئاوا فڕین، فڕین و فڕین و دەست لەملانێ لە (کۆبانێ) بوونە گەریلا و شەڕڤان و پێشمەرگە.

**پەراوێزەکان:**

**١- تیانچە: مەنجەڵی بچووک.**

**٢- چەند جۆرێکە لە چۆلەکە، شێوەوقەبارەی هەریەکەیان لەوەی دیکە جیایە.**

**٣- وریبوون: بۆچنەکردن کۆبوونەوە.**

**٤- بای بزنکوژ: بایەکی ساردە لە پاییز و زستاندا لەناوچە ساردەکان هەڵدەکات.**

**٥- پشیلە شۆر: خۆشووشتنی بەناتەواوی.**

**٦- ناخونەک: ئەوانەی بەهەوەنتە ماڵی خەڵکی دەخۆن.**

**٧- سندەگڵ: کۆسپ- بەربەستی لەگڵ دروستکراو.**

**٨- تەرەجە: تاق - لەلا دیوارێکی ژوورەوە و خوار بنمیچی خانوو بۆ دانانی کەلوپەل دروستدەکرا.**

**٩- پارەی هیشکە: دراوی کاغەز و ئاسنی هەڵگیراوە.**

**١٠- ئاراو: کەفاو -سابووناو.**

**١١- سەرەمر: نیوەشۆر - شووشتنی ناتەواو.**

**١٢- تڕ نوسقاو: لەڕ و لاواز.**

**١٣- ئاس و پەلاس: ڕووت و ڕەجاڵ.**

**١٤- پێچۆڵەکە و پێپشیلە و پێمریشک: سێ جۆرن لەگیا بۆ خواردن دەشێن.**

**١٥- تاڵە وەکەرەی خۆش وەکەرە: مەبەست لە کەسێکە دەمێک کەیف خۆش و دەمێکیش دڵتەنگ.**

**١٦- تەپەتڕ: منداڵێک تازە پێی گرتبێ و زوو زوو بکەوێت.**

**١٧- ئاجار: ڕەگ و بنی گیا.**

**١٨- قالۆ: پێچە غاردانێک.**

**١٩- ئاوقەرا: هاوتەمەن.**

**٢٠- شەوێکی ترسناکی دەعبایی.**

**٢١- تاقتاقکەرە: باڵندەیەکی قاوەیی ئامالبۆرە، پەڕ و باڵی ڕێ ڕێیە، لەسەریدا دوو شاخی تووک هەیە، دەنگێکی لێ دەردێت وەک تاقتاقەکردن.**

**٢٢- تەپ و کۆ: بەو کەسانە دەگوترێ لەبەرچاوکزی، یان هەر نەخۆشییەکی دیکە دەڕۆن و ساتمە دەکەن، بۆیە دەکەون و هەڵدەستنەوە.**

**٢٣- تەبانە: باگوردان.**

**٢٤- پشتەمازە: بڕبڕەی پشت.**

**٢٥- پێچۆک: ڕەورەوەی منداڵی ساوا.**

**٢٦- تەحفیل: پێچەوانەی بسمیل - گراوی لەخۆ دەرکردن.**



# خێزکا دینۆیی

**فەوزی بیلگە**
**(باتمان)**

ژ هەر چەند مەهان جارەکێ، ب شەڤ نیڤێ شەڤێ، دەما باژار گش د خەوەکە گران دە ڕازایی، ترینەکەتژە دین کو ژ کو دەرێ دهات نەدیار، ب دزی برەک دین برا ستاسیۆنێ ددا و دچوو. د ناڤا چەند سالێن داوین دە باژارِ د بنێ دینان دە چووبوو خوارێ. ل کوچە و کۆلانان دین ل بن گوهێ هەڤدو دکەتن. بێیی داخوازا وان بە ژی، دینان د ژیانا شێنییێن باژێرِ دە جه گرتبوو. فێری هەڤدو ببوون.

مێردۆ، وێنەسازەکی جوان، باهنەیێ دینەکی بالکێشی ل ستاسیۆنێ بووبوو و وێنەیێ وی دوێناند.

وێ ڕۆژێ دیسا د هێنکاهیا بەرێڤاری یا هاڤینێ دە، ڕۆژ تو نەمابوو کو بچوویا ئاڤا، بشەمتیا پاش چیایێن ڕووتی ئەسمەر، مەردۆیێ کنی ل هەڤدو بادایی، ئاموورێن وی ل پشتێ، تووالا وی د بنێ چەنگێ وی دە بەر ب ستاسیۆنێ ڤە دمەشیا. دینەکی کو ژ ڕۆژا ئەو ژ ترێنێ ئاڤێتبوو و هەیا وێ ڕۆژێ قەت ژ جهێ خوە تەڤنەلڤیابوو ، بالا وی گەللەکی کشاندبوو. ئەو چەند ڕۆژ بوون وێنەیێ وی دوێناند. دینێ ل ستاسیۆنێ، خێزکەک ل دۆرا خوە کشاندبوو و د ناڤا وێ دە ڕوونشتبوو. با بهاتا، باران بباریا ، ژ برجینا بمرا، ژ ناڤا خێزا خوە دەرنەدکەت و نەدهشت کەس خێزا وی خەرا بکە.

دین یەکی خورتی داگرتی، ب قەلافەت مینا گامێشەکی بوو. ڕۆژێن کو نوه هاتبوو و هێن کەسی ب هاوەکی وی نزانیبوو، چەند حەبێن دلسۆژ خواستبوون وی ژ ناڤا خێزا وی دەرخن. مخابن هەولدانێن پەرە نەکربوو و ئێدی وان ژی دەڤ ژێ بەردابوو.

مەردۆیی ئەو ل جهێ وی یێ هەردەم دیت. دینۆیی سێڤەکە کو یەکی ب خێرا خوە دابوویێ دخوار. دەما مەردۆ نێزی وی بووسەرێ خوە ڕاکر. چاڤێن وی ل وێنەیێ وی یێ کو د دەستێ مەردۆیی دە بووئالقی و دەمەکە درێژ ژێ نەقەتیان. مەردۆیی ئامووریێن خوە ل هەمبەری وی، ل جهێ کو هەردەم لێ دخەبتی عەدلاندن و دەست ب وێناندنا وێنەیێ خوە کر. دڤێ وێنە ڕۆژێ بقەدیایا، ژخوە تەنێ چەند ڕووتووش مابوون. ل وێنەیێ خوە تیر بوو. جارنان ل دینۆیی دنهێری، جارنان ژی وێنەیێ وی پێشی وی دکر و دیسا داتانی سەر شۆوالەیێ. د دلێ خوە دە دگۆت: "ئەز باوەڕم کو تو وێنەیێن من ب قاسی ڤیا باش و سەرکەفتی نەهاتیە. دەروونیا سەر ڕوویێ وی ئەز باوەڕم کو من زەفت کریە. ئەز پێشی مامۆستەیێ خوە بکم، ژ سەدی سەد ئەزێ ژ وی پووئانێن باش بستینم. ژخوە ئەز ژ وێ دەرسێ ژی دەرباس ببم وێ دبستان دقەدە. ئاخر وێنە ژی تام د زەمانێ خوە دە قەدیا. سبێ دوشەمە و ڕۆژا داوییێ ئا پووئانستاندنێ یە.".

دین، هێ بیلڤ د ناڤا خێزا خوە دە ڕوونشتیبوو و ل وی دنهێری. مەردۆیی خواست کو وێنەیێ وی جارا داوین پێشی وی بکە. شۆوالە دیسا زڤڕاند ئالییێ وی. خوە داقوول کر کو ڕاهژە فرچەیا خوە یا کەتیە عەردێ، لێ دینۆ ژ نشکا ڤە ڕابوو و ب قاڕین دەلکەک دا وی. ڕاهشت فرچەیەکە وی، ب هێرس د بۆیاغا سپی دا و خێزەکا گرۆڤەر ل دۆرا وێنەیێ خوە یێ بێخێز خێزاند. زق ل چاڤێن مەردۆیی یێن کو چووبوون ناڤا سەرێ وی نهێری و کەنیا. ب لەز دیسا چوو د ناڤا خێزا خوە دە ڕوونشت.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (دینۆ) یا کو ژ ئالییێ وەشانخانەیا بەلکی ڤە هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن و ڕووپەلێن (٧٥-٧٦) تێ دە گرتبوون. کورتەچیرۆک ب ڕێنڤیسا لاتینی بوو و ژ ئالییێ مە ڤە هاتیە ڤەگواستن ژبۆ ڕێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە. هەژی گۆتنێ یە کو چیرۆکنڤیس ل سالا (١٩٦٢)ێ ل دێرکێ ژدایکبوویە. خوەندنا خوە یا دبستانێن بلند ل ستەنبۆلێ ب داوی ئینایە.**

**«ڕامان»**



# گێژەن

**سادق هیدایەت**
**لە فارسییەوە: کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)**
**(بۆکان)**

هومایوون لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

(بلّـێیی ڕاست بێ؟ شـتی وا چۆن دەبێ؟ هەروا جـوان و جـحـێڵ، لە شاعـەبدولعـەزیم(١) لەگـەڵ هەزاران مـردووی دیکە، لەنێـو ئەو خۆڵە تەڕ و تلیسـەدا خـەوتووە... کفن بە گـیانییـەوە نووساوە! تازە نەسەرەتای بەهار دەبینێ و نە کۆتایی وەرزی پاییز و نە ئەو ڕۆژانەی وەک ئەمڕۆ تەماوین... ئەرێ نووری دیدە و سۆزی دەنگی هەتاهەتا کوژانەوە؟ بەو هەمووو قسە خۆش و پێکەنینەوە؟!...).

هەوری هێنابوو، هالاوێکی کەم ڕەنگ نیشتبووە سەر شووشەی پەنجەرەکە و لەو دیویەوە خەبەنگی جیرانەکەیان دەبینرا کە تەختەیەکی بەفر لەسەری نیـشـتبـوو، کولووە بەفرەکـان شل شل دەسووڕانەوە و دەنیـشتنە سەر لێواری خـەبەنگەکـە، لە دووکـەڵکێـشی سـەربانەوە دووکـەڵێکی ڕەش دەهاتە دەر، دەخـولایەوە و هێـدی هێـدی گـوم دەبوو. هومایوون لەگەڵ خێزانی و کچە چکۆلەکەی، هوما، لەدیوەکەیان لەپاڵ کوورەکە دانیشتبوون، بەڵام بە پێچەوانەی هەمـوو هەینییـەک کـە ئەو ژووره پڕبوو لە شادی و پێکەنین، ئەمـڕۆ هەمـوو مـات و بێ دەنگ بوون، تەنانەت کـچـە چکۆلەکەشیان کە ئەو هەمـوو بزۆزییەی دەکرد بووکۆڵەکەی لەتەنیشت خۆی دانابوو مات و سەرکز تەماشای دەرێی دەکـرد، دەتگوت ئەویش هەستی کردبوو ناتەواوییـەک هەیە! ئەویش مـامـە بەهرام گـیـانە کە وەک هەمـیـشـە دەهات، نەهاتبوو! هەستیـشی کرد کە هەر ئەوەش بۆتە هۆی دڵـتەنگی دایک و بابی: جلوبـەرگی ڕەش، چاوی سووری خەو لێ زڕاو و دووکـەڵی ئەو جگەرەیەی لەهەوادا سـووڕی لێ دەدا، بیـرەکـەیان وەڕاست دەچواند، هومـایـوون چاوی بڕیبـووە ئاگری کوورەکە، بەڵام بیری لە شوێنێکی تر دەکردەوە، لەخۆیەوە کەوتبووە یادی ڕۆژانی زستانی قوتابخانە، ئەوکات کە وەک ئێستا قـولانجێ بەفر باریبوو، کاتی وچاندان کە دەهات لەگەڵ بەهرام نۆبەی کەسیان نەدەدا، گەمەکەشیان هەر ئەوە بوو تۆپەڵە بەفرێکیان هێندە دەتلاندەوە تا وای لێدەهات خۆی لەبن حەشاردەن و دەیانکردە سەنگەر و دەستیان

دەکرد بە شەڕە تۆپەڵ، بێ ئەوەی گوێ بە سەرما بدەن بەدەستی سوورەوە بووی تەزیوەوە تۆپەڵەیان لەیەکتر دەگرت، ڕۆژێکیان بەدەم کایەوە تۆپەڵەیەکی ئاوداری ڕێکی کوشی و لە بەهرامی هەڵکرد، تۆپەڵەکە لەنێوچەوانی کەوت و بریندارى کرد، کە نازمەکە پێی زانی، هات و دوو سێ شوولی تەڕی لەبەری دەستی ڕاکێشا کە بووە هۆی پێشەکییەک بۆ دامەزرانی هاوەڵێتی لەگەڵ بەهرام، هەتا ئەم دواییانەش هەرکە جێگەی برینەکەی نێوچەوانی دەدیت، وەبیر دارکارییەکەی دەکەوتەوە! لە ماوەی ئەو هەژدە ساڵەی ڕابوردبوو ڕوح و بیر و هەستیان هێندە لێک نزیک بووبۆوە کە نە تەنیا گەورەترین نهێنییان بۆ یەک دەدرکاند، تەنانەت هەر بەبێ ئەوەی لەگەڵ یەک بدوێن لە قسەی دڵی یەک ئاگاداربوون، فیکر و سەلیقە و خوڵقیان بەڕادەیەک لێک نزیک بوو کە تا ئێستا نە بچووکترین دژایەتی بیروڕا و نە هیچ ناکۆکییەکیان کەوتبووە بەینەوە، تا ئەوەی کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە ئیدارە هومایوونیان ئاگادارکرد کە بەهرام میرزا خۆی کوشتووە، هومایوون هەر خێرا داشقەیەکی بەکرێ گرت و بەپەلە خۆی گەیاندە سەرینی، بە هێواشی ئەو پەڕۆ سپییە خوێن مژتووەی وەسەریان کێشابوو وەلادا.

مژۆڵی خوێناوی، مێشکی سەری کە ڕژابووە سەر سەرینەکە، پەڵە خوێنەکانی سەر ژێر ڕاخەرەکە، شیوەن و خۆرنینی کەسوکاری، هەر هەموو وەک برووسکە کاریان تێ کرد، پاشان تا دەمەوئێوارە تەسلیم بەخاکیان کرد هەر لەگەڵی بوو، ناردی تاجەگوڵینەیەکیان هێنا، لەسەر گۆڕەکەی دانا و پاش دوایین ماڵئاوایی بە دڵ پڕی گەڕاوە ماڵێ، بەڵام لەو ڕۆژە بەدوا حەجمانی نەبوو، خەو نەهاتبووە چاوی و پەنا گوێی پەڵەی سپی تێکەوتبوو.

پاکەتێکی جگەرەی لەبەر دەم بوو و دوابەدوای یەک دایدەگیرساند، یەکەم جار بوو هومایوون لە باسی مەرگ تێ دەفکری، بەڵام بە هیچ کوێ نەدەگەیشت، بە هیچ یاسا و گومانێک قانع نەدەبوو.

بە یەکجاری دامابوو و نەیدەزانی چ بکا، جاروبار خووی شێتی لەسەری دەدا، هەرچی دەکرد بۆی نەدەکرا لەبیر خۆی بەرێتەوە، هاوەڵێتییان لە قوتابخانەوە سەری هەڵدابوو و هەموو ژیانیان تێکەڵاو بوو، لە تاڵ و خۆشی ژیاندا شەریکی یەک بوون و هەرکاتێ وەردەسووڕا و چاوی دەبڕییە وێنەکەی بەهرام، هەموو بیرەوەرییەکانی دەهاتەوە بیر و ئەویشی دەهاتەوە بەرچاو: سمێڵە زەردەکەی، چاوە شینەکانی، دەمە بچووکەکەی، چەناگە باریکەکەی، پێکەنین و سنگ دەرپەڕاندنەکەی، هەر هەمووی لەبەر چاو بوو، نەیدەتوانی باوەڕ بکا مردووە، ئەویش ئاوا کوتوپڕ،،،! کام چاکە مابوو بەهرام دەرهەق بەو نەیکردبێ، لە ماوەی ئەو سێ ساڵە کە نێردرابووە مەئمورییەت و بەهرام چاوی بەسەر ماڵ و منداڵەکەوە بوو، بەدەردی بەدری خێزانی؛ نەیهێلا کەس بێ نازی بچێژێ.

ئێستا هومایوون قورسایی ژیانی هەست دەکرد و بە خەفەت بوو بۆ ئەو ڕۆژانەی بە دەوری یەکەوە هەر لەو دیوەدا چەندە خۆمانە دادەنیشتن و بەردەبوونە تەختەنەرد، هەر بەبێ وەی ئاگا بکەن چەند کاتژمێرێک تێدەپەڕی، بەڵام ئەوی کە زێتر لە هەموو شت ئازاری دەدا، ئەوە بوو کە ئەوان ئەوەندە یەک دڵ و یەکڕەنگ بوون و هیچ نهێنییەکیان لێک نەدەشاردەوە چۆن بوو بەهرام لەو خۆکوژییە ئاگاداری نەکرد؟ بۆچی؟ لەسەری دابوو، یان نهێنییەکەی بنەماڵەیی لە بەینا بوو؟ لە پڕ بیرێکی بە مێشکدا هات، پەنای بۆ خێزانی برد و پرسی: (تۆ چۆنی بۆ دەچی؟ دەزانی بەهرام بۆ وای کرد؟)، بەدری کە بە ڕواڵەت خەریکی گوڵدۆزی بوو، سەری هەڵێنا و وەک چاوەڕێی ئەو پرسیارە نەبووبێ، بەناقایلییەوە گوتی: من بۆ دەبێ بزانم، مەگەر بەتۆی نەگوتبوو؟

(نا... ئەخە لێشم پرسی... منیش هەر سەرم لەوە سوڕماوە! کاتێ لەسەفەر گەڕامەوە هەستم کرد تێکچووە، بەڵام هیچی نەدرکاند، لام وابوو ئەو تێکچوونەی پێوەندی بەکاری ئیدارەوە هەیە، چون کاری ئیدارە ڕوحی ئەوی سیس دەکرد، زۆرجار ئەوەی پێ دەگوتم، خۆ ئەو هیچی لە من نەدەشاردەوە).

(خوای لێ خۆش بێ! چەند دڵخۆش و بەکەیف بوو، ئەو کارەی لێ نەدەوەشاوە)

(نا، بە ڕواڵەت وا دیار بوو، جار وابوو زۆر دەگۆڕا... زۆر... کاتێ کە تەنیا بوو، تەنانەت ڕۆژێ کە چوومە ژوورەکەی نەمناسییەوە، هەر دوو دەستی بەسەریەوە گرتبوو تێ فکریبوو، هەر کە دیتی من تێ گەیشتووم خۆی لێ نامۆ کرد و پێکەنی و دەستی کرد بە گاڵتەکردن، چاک خۆی لەگێلی دەدا)

(ڕەنگە گرفتێکی بووبێ، بۆیە پێی نەگوتووی نەکا بیێتە هۆی دڵتەنگیت، ئاخر هەرچۆنێک بێ تۆ خاوەنی خاوخێزانی و دەبێ بیر لەژیان بکەیتەوە، بەڵام ئەو...) بەماناوە سەری لەقاند، وەک بڵێی خۆکوژی بەهرام مەبەستێکی زۆر گرنگ نەبێ.

لەسەرڕا بێ دەنگی خستییە ناو فیکرەوە، هومایوون هەستی کرد وتەکانی خێزانی بۆ مەسلەحەتن، هەر ئەو ژنەی کە هەشت ساڵ لەمەوبەر دەیپەرست، کە ئەو ڕووانینە ناسکانەی بۆ ئەوین هەبوو! وەک بڵێی تارماییەک لەبەر چاوی ڕەوییەوە، لەو جۆرە دڵدانەوەیەی

خێزانی لەهەمبەر یادگارەکانی بەهرام قێزی هاتەوە، لە ئێستای خێزانی بێزار بوو کە پوولەکی و ئاوەز تەواو و جێکەوتووانە لەبیری ماڵی دنیادا بوو و نەیدەویست خەموخەفەت لێی نزیک بێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی بەهرام ژن و منداڵی نەبووە! چ ڕوانینێکی پەستە، هەر بۆ وەی کە ئەو خۆی لەو لەزەتە گشتییە دابڕیوە مردنی خەفەتێکی ناوێ! ئەرێ بایەخی منداڵەکەی لەدنیادا لە هاوڕێکەی زێترە؟

هەرگیز! ئەرێ بەهرام شیاوی خەفەت خواردن نەبوو؟ ئەرێ کەسێکی تر وەک ئەو لە دنیادا دەدۆزێتەوە؟ ئەو دەبێ بمرێت و ئەو سەیزادەخانمە قۆترە نەوەد ساڵەیە زیندووبێت کە ئەمڕۆ بەو سەرما و سۆڵەیە لەپاچنارەوە بە لەقەلەقی گۆچان هاتبوو لە ماڵی بەهرامی دەپرسی کە بچێ حەلوای مردوو بخوات، ئەوە مەسلەحەتی خودایە و بە بڕوای خێزانی شتێکی ئاساییە.

بەدری خێزانیشی ڕۆژێک وەک ئەو سەیزادەخانمەی لێ دێت! هەر ئێستاش بی ئارایشت زۆر گۆڕاوە، حاڵەتی چاو و دەنگی تێکچووە، بەیانان زوو کە بەرەو ئیدارە دەکەوێتە ڕێ هێشتا ئەو لە خەودایە، ژێر چاوەکانی گنجی تێکەوتووە و جوان نەماوە، ڕەنگە خێزانیشی وەها هەستێکی بۆ ئەو بێت، کێ چوزانێ؟ بڵێی ئەویش بۆ خۆی نەگۆڕابێ؟ بڵێی هەر هەمان هومایوونە دڵنەرم و گوێ بیست و ژیکەڵەکەی جاران بێت؟ دەبێ خێزانی هەڵنەفریواندبێت؟ بەڵام بۆچی بیر لەوانە دەکاتەوە؟ بێ خەوی وای لێ کردووە، یان خەفەتی هاوڕێیەکەی؟

لەوکاتەدا دەرکە کراوە و خزمەتکارێک کە تووێی چارشێوەکەی بەددان گرتبوو هاتە ژوورێ، کاغەزێکی سەربەستی بە هومایوون سپارد و ڕۆیشت، هومایوون خەتە ورد و لێک بڵاوەکەی بەهرامی بەسەر پاکەتەوە ناسییەوە، خێراییەکی ئاوەڵای کرد و کاغەزێکی دەرهێنا و خوێندییەوە:

(ئێستا کە سەعات و نیوێک لەشەو تێپەڕیوە، لە ڕێکەوتی ١٣ ڕەزبەری ١٣١١دا ئەمن بەهرام میرزای ئەرژەنپوور بە ڕەزامەندی و ویستی دڵ هەموو میرات و داهاتی خۆم پێشکەشی هوما خانمی ماه ئافەرید دەکەم)

بەهرام ئەرژەن-پوور

هومایوون بەسەرسوڕمانەوە جارێکی تر خوێندییەوە و بەپەشۆکاوییەوە کاغەزەکەی لەدەست بەربۆوە.

بەدری کە بەژێرچاوێکەوە لێی دەڕوانی وەدەنگ هات و پرسی:

– کاغەزی کێ بوو؟

– بەهرام

– چی نووسیوە؟

– هەموو سامانەکەی پێشکەشی هوما کردووە!

– چ پیاوێکی دڵاوایە!

بەو سەرسوڕمانە هێمنانەیە هومایوون زێتر قێزی لە خێزانی بۆوە، چاوی لەوێنەکەی بەهرام بڕی، پاشان وەرگەرا چاوێکی بەهومادا خشاند کتوپڕ شتێکی هاتە مێشکەوە و موچڕوکێکی پێداهات! دەتگوت پەردەیەکی تر لەبەرچاوی لادرا: هومای کچی تەواو دەتگوت بەهرامە، نە شێوەی ئەوی دەدا نە لە دایکی دەچوو، هیچیان چاویان شین نەبوو، دەمی بچووک، چەناگەی باریک، هەر هەموو سەروچاوی لە بەهرام دەچوو، ئێستا هومایوون تێگەیشت بۆچی بەهرام هێندەی هوما خۆش دەویست و بۆچی پاش مەرگی هەموو میراتەکەی بەو بەخشیوە!، بڵێی ئەو منداڵە خۆشەویستەی هی تێکەڵبوونی نهێنی بەهرام و ژنەکەی بێ؟ ئەویش ئەو هاوڕێ گیانی گیانییەی ئەوەندە لێک دڵنیا بوون؟ خێزانی ساڵەهایە لەگەڵیدایە بێ وەی ئەو بزانێ، ئەو چەند ساڵە ئەوی فریو داوە، بە گەمژەی زانیوە، پێی ڕابواردووە، ئێستاش ئەم وەسیەتنامەیە، ئەو جنێوەی دوای مردنی بۆ ناردووە.

نا ئەو نەیدەتوانی بەهەموو ئەوانە باوەڕ بکات، ئەو فیکرانە وەک برووسکە هاتن و چوون، سەری دایە ژان، ڕوومەتەکانی سوورهەڵگەڕان، چاوێکی پڕ قینی لە بەدری کرد و گوتی:

– (تۆ دەڵێی چی، ها... بەهرام بۆ کاری وای کردووە، مەگەر بۆخۆی خوشک و برای نییە؟)

– (ئێستای نەبێ هەر لەبەروەی ئەو منداڵەی زۆر خۆش دەویست، ئەوکات کە لە بەندەر گەز(٢) بووی هوما سووریژەی گرت، دە شەوان ئەو پیاوە بەدیاریەوە دانیشت، خوا عەفووی کا!)

هومایوون بە تووڕەییەوە نەڕاندی:

– (نەخێر، هەروا لەخۆڕاش نییە...)

– (چی لە خۆڕاش نییە؟ پێت وایە هەموو کەس وەک تۆ دڵڕەقە، سێ ساڵ ژن و منداڵەکەت فڕێ دەی و بڕۆی، کە هەڵتەک هاتیشییەوە تاقە گۆڕەوییەکت بۆ من پێ نەبێت، بەهرام ئەو منداڵەی لەبەر تۆ دەویست خۆدەنا عاشقی هوما نەبووبوو، باشە مەگەر نەتدەدی لە هەردوو چاوی خۆشتر دەویست؟...)

– (نا... تۆ ڕاستم پێ ناڵێی...)

– (گەرەکتە چیت پێ بڵێم؟ من تێناگەم...)

– (خۆت لە گێلی دەدەی...)

– (مانای چییە؟...یەکی تر خۆی کوشتووە، یەکی تر ماڵەکەی بەخشیوە، من تاوانبارم، من دەبێ بەرپرسیار بم؟)

- (هەر هێندە دەزانم کە تۆش دەبێ پێ بزانی!)
- (دەزانی چییــــــە، من ئەو تەوس و پلارانەم وێ ناکەویت، برۆ خۆت دەواکە، فـیکرت گۆڕاوە، چیت لە گیانی من دەوێ؟)
- (پێت وایە من گێلم، نازانم؟)
- (کەوایە بۆ لە من دەپرسی؟)
هومایوون بەبێ تاقەتییەوە گوڕاندی:
- (باشە، باشە، بە کەرت زانیم!)
پاشـان نووسـراوەکەی بەهرامی هەڵگرت، لوول پێـچی کرد و هاویشـتییە کوورەکەوە، وەسیەتنامە گڕی گرت و بوو بە خـۆڵەمـێش، بەدری پەرۆ بنەوشـەکـەی هەر بە دەستەوە بوو، تووڕی هەڵدا، هەستاو گوتی:
- (بۆ من چاوت پێ هەڵنایە بە منداڵەکـەشـتی ڕەوا نابینی؟
هومـایوونیش هەسـتـا، پاڵی دا بە مـێـزەکـەوە و بە گاڵتەیەکەوە گوتی:
- (منداڵەکەم...منداڵەکەم، ئەدی بۆ شـێـوەی بەهرام دەدا؟
بە ئانیـشـک لە چوارچێـوە وێنەکـەی بەهرامی کـوتا و بەری داوە.
هومـا کە تا ئێسـتـا کـوڵی هەسـتـابوو، دایە پڕمـەی گریان، بەدری ڕەنگی پەڕی، بە تووڕەییەوە گوتی:
- (مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چی بڵێی ؟)
- (دەمــەوێ بڵــێم هەشت ســاڵە منت فــریو داوە، بەکـەرت زانیـوم، هەشت سـاڵە بۆ من ژن نەبووی، تفی سەربەرەو ژوور بووی...)
- (من...؟ کچی من؟)
هومـایوون بە زەردەخـەنەیەکی گـرژەوە ڕووی لە وێنەکـە کرد و بە هەناسەبڕکە گوتی:
- (بەڵێ کچی تۆ... کچی تۆ... هەڵیگرەو تەماشای کە، دەمەوێ بڵێم ئائێستا چاوم کراوە، تازە تێگەیشتم بۆچی بەخششی کردووە، بەڵێ باوکێکی میهرەبان بووە، بەڵام تۆ بە دەردی خۆت هەشت ساڵە کە...)
- (کـە لە نێـو مـاڵی تۆدا بووم، کـە هەمــوو جـۆرە کوێرەوەرییەکم کێشاوە، کە بە بەدبەختی تۆوە دانیشتم، کە سێ ساڵ لە ماڵ نەبووی و پاسەوانی ماڵەکەت بووم، پاشان هەواڵت گەیشت لە بەندەرگەز عاشقی ژنەتیوێکی ڕووسی بووی؛ ئێستاش ئەوەیە هەقدەستی من، بەهانەت لە دەست براوە دەڵێی منداڵەکەم وەک بەهرام دەچێ، ئیتر من بم و ئیـسـتێکی تر لەو ماڵەدا نابم، هەستە ڕۆڵە... هەستە با بڕۆین)
هومـا ڕەنگی پەڕیبـوو، بە سـیـمـایەکی شـڵـەژاوەوە دەلەرزی و دەیڕوانییە ئەو کێشە سەیروسەمەرەی دایک و بابی، بە گـریانەوە دەسـتی بە داوێنی دایکـیـەوە گـرت و گەیشـتـنە بەر دەرگە، بەدری دەسـتـە کلیلێکی لە گـیـرفان دەرهێناو بە تـوندی لەبەر دەرگـــەوە فـــڕێی دا بەرپێی هومایوون، دەنگی پێ و شیـوەنی هوما لە داڵانەکە دوور کـەوتنەوە، پاش دە خـولەک دەنگی تەگەری داشـقـەیەک هات و بەو بەفر و سەرمایە لەگەڵ خۆی بردنی، هومایوون وڕ و کاس لە جێی خۆی وەستابوو، زاتی نەدەکرد سەری هەڵێنێ، نەیدەویست باوەڕ بکا ئەوەی ڕووی دا ڕاسـتـە، لەبەرخۆیەوە دەیگوت ڕەنگە شێت بووبێ، یان خەونێکی ئاڵۆز دەبینێ، بەڵام ئەوەی لێ ڕوون بـوو کـە ئەو مـاڵ و حـــاڵە و درێژەدان بەو ژیانەی پێ تاڵ بوو، ئیـــتـــر نەیدەتوانی هومـای کـچی ببـینێ کـە ئەو هومـای خـۆش دەویست، نەیدەتوانی مـاچی بکاو دەسـتی بەسـەردا بکێشێ، یادگاری ڕابوردووی هاوەڵەکەی لیخن بووبوو، لە هەمـووی خراپتر خێزانەکەی ماوەی هەشت ساڵ بە نهێنی لەگەڵ تاقانە هاوڕێیـەکەی تێدابووە و داوێنی مـاڵەکـەی پیس کـردووە، ئەوانە هەمـوو بە دزی ئەوەوە کـراون، بێ ئەوەی ئاگـای لێ بێ، یاریکەرێکی لێـهـاتوو بوون، تەنیـا ئەو فـریو دراوە و بە ڕیشی پێکەنیـون، لە سەرتاپای ژیانی بێزار بوو، لە هەموو شت و هەموو کەس قێزی دەبۆوە، هەستی بە تەنیاییەکی بێ سنوور دەکرد، هیچ ڕێگەیەکی تری شک نەدەبرد، مـەگـەر ئەوەی بۆ مەئموورییەت بچێتە شارێکی دوور، یان بچێتە یەکێ لە دوورگەکانی باشوور و پاشماوەی ژیانی لەوێ ڕابوێرێ، یان ئەوەی کە دەبوو لە ژیان مـاڵئـاوایی بکا، بچـێـتـە شوێنێ کەس نەیناسێ، گوێی لە دەنگی کـەس نەبێ، لە قوڵکەیەکدا بخەوێت و ئیتر هەڵنەستێتەوە، چونکە بۆ یەکـەم جـار هەسـتی کـرد لەنێـوان هەمـووانی دەوروبەردا گێژەنێکی ترسێنەر هەیە و تاکو ئێستا پێی نەزانیوە.
جگەرەیەکی داگـیـرســاند، یەک دوو هەنگاوی لە درێژایی دیوەکەدا هەڵێناوە، دیسان پاڵی بە مێزەکەوە دا، لەو دیو شـووشـەی پەنجـەرەوە کولوو کـولوو بەفـر دەهاتە خوارێ و بە هێمنی دەنیشتە سەر گوێسوانەکە، نەیزانی چۆن بوو کەوتەوە بیری ئەو ڕۆژە خۆشانەی لەگەڵ دایک و بابی دەچوونە ئاوایییەکەی خۆیان لە ئێراق، ڕۆژانە لەسەر چیـمـەنی ژێر سـێـبـەری دارەکـان خـەو دەیبـردەوە، لەو شوێنەی وا شێـرعەلی سەبیلەکەی دادەگیـرساندو لەسەر جـەنجـەڕەکـە دادەنیـشت، کـیـژەکـەشی بە چارشـێـوێکی سوورەوە چەند سەعـاتێکی چاوەڕێ دەبوو، جەنجەڕەکە بە خرمـەخرم گـوڵە گـەنمەکـانی ورد دەکرد، گـایەکـانیش بە جێگە شـوخـاڵی سەر پشـتـیـانەوە تا ئێـوارێ سـووڕیان دەخوارد، ئێسـتـا خـۆی وەک ئەو گـایانە دەهاتە بەرچاو، ئێســتــا هەسـتی ئەو بێ زمـانانەی پێ دەزانی! ئەویش

هەموو کاتەکانی ژیانی بە چاوی قووچاوەوە بەدەوری خۆیدا سووڕاوەتەوە وەک ئەسپێکی بارەبەر، وەک ئەو گایانەی خەرمانیان گێرە دەکرد، ئەو کاتانەی هاتەوە بیر کە لە پشت مێزی ئیدارەی گومرک دادەنیشت و یەکبین کاغەزی ڕەش دەکردەوە، هاوکارەکەی هەر جار ناجارێ چاوی لە کاتژمێر دەکردو باوێشکی دەدا، دیسان دەستی دەدایەوە پێنووسەکەی، ژمەکانی لە ئەستوونی خۆیاندا دەنووسییەوە، هەڵیدەسەنگاندن، بە سەریەکەوە دەینووسین، دەفتەرەکانی ژێروژوور دەکرد، بەڵام ئەو کات دڵخۆشێکی هەبوو، دەیزانی گەرچی سۆمای چاو و بیر و گەنجی و هێز و گوڕی وردە وردە لە دەست دەچێ، بەڵام کە شەو داهات و چاوی بە پێکەنینی بەهرام و ماڵ و منداڵەکەی کەوت ئیتر ماندوویەتی بەجێ دێڵێ، کەچی ئێستا لە هەرسێکیان بێزار بوو، چونکە هەرسێکیان لەو کارەساتەدا دەستیان هەبوو، لەپڕ مێشکی زرینگایەوە، وەک بڕیارێکی خێرای دابێ چووە پشت مێزەکەی دانیشت، کێشەوەکەی دەرکێشاو دەستی دایە دەمانچە حەوت خۆرە چکۆلەکە کە بەردەوام هاوڕێی سەفەری بوو، تاقی کردەوە، گوللەی تێدا بوو، چاوێکی لە نێو لوولە ڕەش و ساردەکەی کرد و هێواش هێواش بردی لەسەر تەپڵی سەری ڕایگرت، بەڵام هەرکە سەروچاوە خوێناوییەکەی بەهرامی یاد کەوتەوە دەستی دانەواندو دەمانچەکەی لە گیرفانی خست.

هەستاوە سەر پێ و چوو لە داڵان باڵتە و چەکمەکانی لەبەرکرد، دەستی دایە چەترەکەش و چووە دەرێ، کۆڵان چۆڵ و هۆڵ بوو، بەفر کولوو کولوو دەهاتە خوارێ، خێراییەکی کەوتە ڕێ بێ ئەوەی بزانێ بەرەو کوێ دەچێ، هەر ئەوەندە دەیویست لەو ماڵە و لەو ڕووداوانەی ڕوویان دابوو دوور کەوێتەوە، پێی نایە شەقامێکی تەم گرتووی سارد و سڕەوە، جێگەشوێنی داشقەکە بەرز و نزمییەکانی دەنواند، لە سەرخۆ هەنگاوی گەورەی هەڵدەهێناوە، ماشێنێک لە تەنیشتەوە تێپەڕی، بەفرو لیتەی پرژاندە سەروچاوی، ڕاوەستا و چاوێکی بەخۆیدا خشاند، سەرتاپای لە لیتە هەڵکشابوو، تا ڕادەیەک هەستی بە حەسانەوە کرد، بەڕێوە تووشی منداڵێکی شەمچە فرۆش بوو، بانگی کرد و شەمچەیەکی لێ کڕی، بەڵام کە سەیری سەروچاوی کرد شێوەی بەهرامی دەدا؛ چاوی شین، لێوی باریک، قژەکانیشی زێڕین بوو، ئیتر هەموو گیانی لەرزی و کەوتەوە ڕێ، لەپڕ لەبەر دەرگەی دووکانێک ڕاوەستا، چووە پێشتر و نێوچەوانی نا بە شووشە ساردەکەیەوە، خەریک بوو کڵاوەکەی بەربێتەوە، لەودیو شووشەکەوە کەرەستەی یاری منداڵانیان هەڵچنیبوو، ویستی بە قوڵ تەمی سەر شووشەکە بسترێتەوە، بەڵام نەدەکرا، بووکۆکەیەکی سووری گەورە بە دوو چاوی شینەوە لەبەر دەمی پێدەکەنی، هەندێکی سەیر کرد، بیری کردەوە ئەگەر ئەو بووکۆکەیە هی هوما بوایە چەندی پێ خۆش دەبوو، دوکاندارەکە دەرگای کردەوە، دیسان وەڕێ کەوت و دوو کۆڵانی تریشی پێوا، مریشک فرۆشێک لەپاڵ سەبەتەیەک دانیشتبوو، پەلی سێ مریشک و کەڵەبابێکی لێک بەستبوو لەسەر سەبەتەکە دایانابوون، لاقە سوورەکانیان لە سەرماندا هەڵدەلەرزین، چەند پشکە خوێنێکی سوور ڕژابووە سەر بەفرەکە، لەولاترەوە لەبەر دەرکەی ماڵێک منداڵێکی کەچەڵ ڕۆنیشتبوو، ئانیشکی لە کراسە دڕاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ.

هومایوون هەموو ئەو دیمەنانەی هاتە بەرچاو بێ ئەوەی بە جێگەو شوێنی خۆی بزانێ، هەستی بە بارینی بەفرەکەش نەدەکرد، چەترەکەی هەروا لێک نابوو و بە دەستییەوەی گرتبوو، پێی نایە کۆڵانێکی خەڵوەتەوە، لەسەر سەکۆی بەر دەرگەی ماڵێک دانیشت، بەفرەکە توندی کردبوو، چەترەکەی هەڵدا، ماندوویەتی هەموو گیانی تەنیبوو، سەری لێ قورس بوو، هێدی هێدی چاوەکانیشی لێک نا.

بۆڵەبۆڵی ڕێبوارێک هێنایەوە سەرخۆ، هەستایە سەرپێ، هەوا تاریک بووبوو، ڕووداوی ئەو ڕۆژەی وەبیر خۆی هێنایەوە، ئەو منداڵە کەچەڵەش کە ئانیشکی لە کراسەکەیەوە هاتبووە دەرێ، لاقە سوورەکانی ئەو مریشکانەش کە لە سەرماندا هەڵدەلەرزین و ئەو پشکە خوێنانەش کە ڕژابوونە سەر بەفرەکە، هەستی کرد هەندێکی برسییە، لە شیرینی فرۆشێک کولێرە ناسکەیەکی کڕی، بە دەم ڕێگاوە پەنچک پەنچک دەیخوارد و بێ وەی ئاگای لەخۆ بێ بە کۆڵانەکەدا ڕادەبورد.

کە گەیشتەوە ماڵێ کات لە دووی نیوە شەوی لایدابوو، چووە سەر کورسییەکە، پاش سەعاتێک لەسەرماندا وەئاگا هات، هەر بەو جلوبەرگەوە کەوتە سەر قەرەوێڵەکە و لێفەکەی وەسەر خۆی کێشا، خەونی بە منداڵە شەمچە فرۆشەکەوە دیت، جلوبەرگێکی ڕەشی لەبەردا لە پشت مێزێک دانیشتبوو، لەسەر مێزەکەش بووکۆکەیەکی گەورە بە چاوی شینەوە پێدەکەنی، لەبەر دەمیشی سێ کەس دەست لەسەر سینگ وەستابوون، هومای کچی وەژوور کەوت، شەمێکی بەدەستەوە بوو، دوابەدوای ئەو پیاوێک هاتە ژوورێ، ڕووبەندێکی سپی خوێناوی بەسەرەوە بوو، چووە پێشێ دەستی هوما و منداڵە شەمچە فرۆشەکەی گرت، هەرکە ویستی وەدەرکەوێ دوو دەستی حەوت - تیر بەدەست

ڕووبەڕووی ئەو لە پشت پەردەکـــەوە هاتنە دەرێ، هومایوون بە پەشۆکاوییەوە ڕاچەنی، سەری ژانی دەکرد، دوو حەوتوو بەم شێوەیە تێپەڕی، بە ڕۆژ دەچووە ئیدارە و شەو درەنگانێک بۆ خەوتن دەهاتەوە ماڵێ! جاری وابوو پاش نیوەڕۆ نەیدەزانی چۆن گوزەری کەوتۆتە بەر ئەو قوتابخانەیەی هوما دەرسی لی دەخوێند، کاتی مەرەخەس کردنیان لە سووچی دیوارێک خۆی مات دەدا، نەکا مەشەدی عەلی نۆکەری ماڵی خەزوورەکەی چاوی پێی بکەوێ، یەکە یەکەی تەماشای منداڵەکانی دەکرد، بەڵام هومای نەدەدۆزییەوە، تا ئەوەی کە داوای مەئموورییەتی لێ قبوڵ کرا و پێشنیازیان کرد بچێتە گومرکی کرماشان.

ڕۆژێک پێش ڕۆیشتن هەموو کارەکانی جێبەجێ کرد، تەنانەت چووە کارێژ و نۆبە ماشێنیشی گرت، بە پێچەوانەی ویستی شۆفێرەکە، چون چەمەدانەکانی لێک نەنابوو ئێوارە نەکەوتنە ڕێ و خستیانە سبەینێ بەیانی.

بە گەیشتنەوەی ناو ماڵ یەکسەر چووە دیوەکەی خۆی کە مێزی نووسینەکەی لێ بوو، وەتاغێلی ساردوسڕ و شپرزە، خۆڵەمێشێکی سارد لەبەر دەم کوورەکە ڕژابوون، پەڕۆیەکی بنەوشی خامەک دۆزی و پاکەتی وەسیەتەکەی بەهرام لەسەر مێزەکە بوون.

دەستی دایە پاکەتەکە و لە ناوەڕاستەوە دڕاندی، بەڵام چاوی بە لەتە کاغەزێکی نووسراوە کەوت کە ئەو ڕۆژە لەبەر پەلەکردن نەیدیتبوو، دوای ئەوەی لەت و کوتەکەی لە پاڵ یەکەوە دانا؛ خوێندییەوە:

– (ڕەنگە ئەو کاغەزە دوای مردنم بگاتە دەستی تۆ، دەزانم لەو بڕیارە بەپەلەیەی من سەرت سوڕ دەمێنێ، چونکە هیچ کارێکم بێ پرسوڕای تۆ نەدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی کە نهێنییەک لە بەینماندا نەمێنێ دانی پێدا دەنێم، من بەدری خێزانتم خۆش دەویست، ماوەی چوار ساڵ لە تەک خۆما کێشەم بوو کە ئاخری بەسەریدا زاڵ بووم و ئەو دێوەم کوشت وا لە دەروونما سەری هەڵدابوو، تەنیا بۆ ئەوەی خیانەتم بە تۆ نەکردبێت، وا دیارییەکی ناقابیلیش پێشکەشی هوما خانم دەکەم، هیوادارم پەسەندی کەیت.)

لەبەرت دەمرم – بەهرام

هومایوون تاوێک بە کاسی چاوی لەدەوروبەری خۆی کرد، ئێستا تەواو ئارخەیان بوو هوما کچی خۆیەتی، دەجا بێ ئەوەی هوما ببینێت دەیتوانی بڕوا؟ نووسراوەکەی دووپاتە و سی پاتە کردەوە، لەگیرفانی خست و وەدەر کەوتە دەرێ، بەدەم ڕێگەوە لای دایە دوکانی بووکەڵە فرۆشێک، خێرا بووکەڵە چاوشینە گەورەکەی کڕی و بەرەو ماڵی خەزووری کەوتە ڕێ، بەگەیشتنی لەدەرکەی دا، مەشەدی عەلی نۆکەریان هەر کە هومایوونی دیت، بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە گوتی:

– (ئاغا چ قوڕێ وەسەرکەم؟ هوما خانم!...)

– (چ بووە؟)

– (ئاغا، خۆزگە دەتزانی هوما لەدووری ئێوە چەندە بێ تاقەت بووبوو، هەموو ڕۆژێ من دەمبردە قوتابخانە، ڕۆژی یەک شەممە بوو، تا ئێستا پێنج ڕۆژە کە پاش نیوەڕۆیەکەی لە قوتابخانە هەڵاتبوو، گوتبووی دەچم بۆ لای بابەگیان، ئێمە هەموو دەستمان تێک دەهاڵا، مەگەر محەمەد پێی نەکوتن؟ تەلەفۆنمان بۆ ئاسایش کرد، دووجاریش هاتمە بەر دەرگەکەتان).

– (ئەوە دەڵێی چی؟ چ بووە؟)

– (هیچ ئاغا، شەوێ هێنایانەوە ماڵێ، ڕێگەی لێ ون بووبوو، لەسەرماندا سەتڵ و جەمی کردبوو، هەتا گیانی دا هەر بانگی ئێوەی دەکرد، دوێنێ بردمان بۆ شاعەبدولعەزیم، لەپاڵ گۆڕەکەی بەهرام میرزاوە ناشتمان...).

هومایوون چاوی لە مەشەدی عەلی بڕیبوو کە ئەوەی بیست، بووکەڵەکەی لەدەست بەربۆوە، پاشان وەک شێتێک یەخەی باڵتەکەی هەڵدایەوە و بە لوق فڕی دانەوە بەرەو کارێژ کەوتە ڕێ، چون ئیتر لێکنانی چەمەدانی بۆ گرنگ نەبوو، دەیتوانی هەر بە ماشێنی ئێوارەش وەڕێ کەوێ.

**پەراوێز:**

**١- شا عەبدولعەزیم: شوێنێکی پیرۆزی عەجامانە لە شاری «ڕەی» کە ئێستا لەگەڵ تاران تێکەڵ بووە.**

**٢- بەندەرێکە دەکەوێتە باشووری ئێران.**

**سەرچاوە:**

**زنی کە مردش گم کرد، صادق هدایت، نشر رزگار، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٩.**

## قاسم ئارژەنگ:

## فۆرمی شیعری لەکی هەوڵی داوە لە تاک دەنگییەوە بۆ چەند دەنگی هەنگاو هەڵبێنێ.. تەنیا شاعیر و نووسەرەکانیش دەتوانن کولتوور و زمانی نەتەوەکان زیندوو بکەنەوە.

**ئا: هاشم عەلی وەیسی**



قاسم ئەرژەنگ شاعیر و نووسەری ناسراوی دانیشتووی شاری کرماشان کە بە گارسیا لۆرکای شیعری کوردی ناسراوە، لە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣ز) لە شاری سەحنەی سەر بە پارێزگای کرماشان لە دایک بووە و بە چاپ و بڵاوکردنەوە یەکەمین بەرهەمی لە ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢ز) هاتە ناو جیهانی شیعر و ئەدەبی کوردییەوە، بە دوو زمانی کوردی و فارسی بە شێوەی شێلگیرانە و بەردەوام درێژەی بە نووسین و کار و چالاکی وێژەیی خۆی داوە، لە شیعری کوردی لە ژێر کاریگەری و کارتێکەری شاعیرانی گەورەی وەک گۆران، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، جەلال مەلەکشا و مامۆستا شەریف و...تاد بووە و لە شیعری فارسیدا لە ژێر کاریگەری شاعیرانی هاوچەرخی وەک ئەخوان، ئەحمەد شاملوو، سوهراب و فروغ، ئاتەشی و...تاد بووە، هۆگران و ئۆگرانی شیعر و ئەدەب دەزانن کە شاری سەحنە تایبەتمەندی جیاوازی وەک یەکێک لە شارە کوردنشینەکانی پارێزگای کرماشان لە خۆ گرتووە؛ ئەم شارە بە مەڵبەند و ناوەندی ئایینی یاری(یارسان) هەژمار دەکرێت و شاعیران و وێژەوانانی پشتگەرم بە ئوستوورە و دابونەریتە دێرین و لێوڕێژ لە ئاواز و مەقامەکانی تەموورەیە و لەکی بە زمانی زۆرینەی دانیشتووانی ئەم شارە دادەنرێت.

ئەو شێوە زمانەی کە بە بەراورد لەگەڵ لقەکانی دیکەی کوردی باشوور بە کوردی گۆرانی، واتا زمانی وێژەیی کوردی تا ساڵانێکی نە هێندە دوور نزیکتر بووە و ئێستاش ئەم زمانە بەشێکی گرینگ و ڕەسەنی وێژە و کولتووری دێرینی کوردی پاراستووە، قاسم ئەرژەنگ بە گەورە بوون و هەڵکردن و باڵاکردن لە ئاوا ژینگەیەک، شیعری لەکی بە شێوازێکی نوێ و مۆدێرن لە چوارچێوی شیعرەکانی خۆی بە کۆمەڵگەی کوردستان ناساند و

توانی ئەزموونێکی درەوشاوە و بەرزی ئەم بوارە بێت.

قاسم ئەرژەنگ بێجگە لە چاپ و بڵاو کردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی لە گۆڤار و بڵاڤۆکە کوردی و فارسییەکان، کۆمەڵە شیعری فارسی "عریانتر از شنزارها" کە لە ساڵی ١٣٨٩ هەتاوی (٢٠١٠ز) چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ئێستاش کتێبی دیکەی بە کوردی (لەکی) لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی زانا لە ئیلام بڵاو بووەتەوە، لە فیستیڤاڵ و کۆڕی جۆراوجۆری ڕەخنەی ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی دەقە شیعرییەکان بەشداری کردووە و خەڵات و ڕێزلێنانی جیاوازیشی وەرگرتووە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە خەڵاتی وێژەیی گەلاوێژ لە ساڵی ٢٠٠٧ بکەین.

* چۆن بوو هاتنە نێو دنیای ئەدەبی کوردی و دەستتان کرد بە نووسین و خوێندنەوە لەم بوارەدا، بڕێکیش باس لەسەر شوێنی لە دایک بوون و چۆنیەتی ئاشنا بوون و هاتنتان بۆ ناو دنیای نووسین و خوێندنەوە و ئەزموونتان لەگەڵ ئەو کارانەی تا ئێستا کردووتانە بکەن؟

- لە ساڵانی ١٣٥٥ و ١٣٥٦ هەتاوی (١٩٧٦ و ١٩٧٧ز) منیش وەک هەزاران هەزار کەسی دیکە دەستم بە خوێندنەوەی کتێبی نووسەرانی وەک سەمەد بهرەنگی و سادق هدایەت و ژیننامەی شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە کرد، پاش ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) منیش وەک گەنجان و لاوانی ئەو کاتی دانیشتووی وڵاتی فرە نەتەوەی ئێران، بەڵام کورد تەکی گۆرانی و سروودە نەتەوەیی و شۆڕگێڕانەکانی وەک ئەی ڕەقیب ئاشنا بووم و دەستم بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە کرد و ئەو سەردەمە ڕێگە و ڕێبازێکی تایبەتیم نەبوو، بەڵام حەز و خولیام بۆ ئەدەب و وێژەی کوردی هەر هەبووە، بە بەردەوامیش ماوەتەوە، تا ئەوەی کە لە ساڵی ٦١ی هەتاوی (١٩٨٢ز) لە ناخی دڵم و نەست و هەستی شاعیرانە سەری هەڵدا و یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بە زمانی دایکیم (لەکی) بە ناوی سەشەو (پێرەشەو، دوێنەشەو، ئمشەو) شیعری دووەمم بە ناوی (بوری ئازادی، بوری چەمی من) کە لەسەر کێشی موفاعلین بوو نووسی، هەر ئەو دەمیش شیعری فارسیم دەوت، بەڵام لەگەڵ هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک هاوکاریم نەبووە تا ساڵی ٧٥ی هەتاوی (١٩٩٦ز) کە دەم دەم و کەم کەم شیعرەکانم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک سروە و کلک و ئاوێنەی باشوور کە ئەو سەردەمە کلک لە ژێر چاودێری عەلی دەباشی و ئاوێنەی باشوور لە ژێر چاودێری مەنووچهری ئاتەشی دا بوو کارەکان چاپ و بڵاو دەبوونەوە، تا کەم کەم شاعیرانی کوردی سۆرانی تەکی من و منیش تەکی ئەوان ئاشنا بووم، لە ساڵی ٧٩(٢٠٠٠ز) لیژنەی کۆنگرەی شیعری نوێی کوردی ئێران بووم و ساڵانی ٨٢ و ٨٣ (٢٠٠٣ و ٢٠٠٤)یش لیژنەی شیعری جیاواز و پێوەر و خۆمیش بەیاننامەی شیعری نوێی لەکیم چاپ و بڵاو کردەوە و شیعری نوێی لەکیم بە تەواوی کوردستان ناساند، ساڵی ٩٢ (٢٠١٣ز) یەکەمین دەفتەری شیعرم لە ژێر ناوی (پەنجەرەی شار) چاپ و بڵاو کردەوە، لە چەندان کۆنگرەی ئەدەبییش بەشداریم کردووە، وەک کۆنگرەی هەولێر و فستیڤاڵی گەلاوێژ و ساڵی پاریش لە لیژنەی شیعری گەنجانی چوارپارچەی کوردستان لە خانەقین بەشدار بووم.

* بە بڕوای ئێوە خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیک و شیعر بە تایبەتی، چەندە دەتوانێ کاریگەری لەسەر نوێ کردنەوەی شیعر و نوێخوازی لە ئەدەبیاتدا هەبێ؟ پێت وایە نەخوێندنەوەی دەقە کلاسیکیەکان و ورد نەبوونەوە، دەتوانێ خەسارێک بێ بۆ گەشە و نەشەی ئەدەبی کوردی؟

- بۆ هەر تاکێکی خوێنەر و ڕۆشنبیر پێویستە کە بەرهەم و نووسراوەکانی پێش خۆی چ وەک نەتەوەکەی خۆی و چ بەرهەم و نووسراوە جیهانییەکان بخوێنێتەوە و ئاگاداریان بێت، وێژە و ئەدەبیات چرا و دەلاقەیەکە کە مرۆڤ لەگەڵ جیهان ئاشنا دەکات، بە باوەڕی من، بۆ منی هونەرمەند پێویستە ژینم ئاوا دابەش بکەم دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەینێ، زۆربەی خەڵک دەڵێن: دوێنێ چرای ئەمڕۆیە، بەڵام من سبەینێ (ئاییندەم) بە پێویست زانیوە، یانی سێیانەی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ بۆ هەمیشە، هەمیشەی منە، بەرهەم و نووسینەکانی زۆربەی نووسەرە گەورەکانی جیهانم، یان خوێندووەتەوە، یان لە سەریان بیستوومە، بێ گومان هەموو شاعیر و نووسەرانی جیهان لەسەر ئەوە کۆکن کە هونەر ئاوێنەی ژیانی هونەرمەندە، ئەگەر هونەرمەند مێژوو و فەلسەفە و شیعر و چیرۆک و وێنە و سینەما باش نەزانێ و تێیان نەگات و هەوڵ بۆ تێگەیشتنیان نەدات، بە تایبەتی لەم

سەردەمەی ئێستاماندا، بە ڕاستی خەسارێکی گەورە بۆ مرۆڤ و جیهانە، چونکە ئاخر و کۆتایی وێژە و هونەر و ئەدەبیات، مرۆڤە و مرۆڤی ئەم سەردەمەش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانی هاوچەرخ لە هەموو بوارە جیاوازەکانی هونەر پێشکەوتووە و تیگەیشتن و لایەنی جوانیناسی گەشەی کردووە، ئێمە کە دەتوانین بەرهەم و نووسینی کوردی و فارسی باش بخوێنینەوە، پێویستە شیعری کوردی هەر لە شاعیرانی پێشووەوە تا ئێستا چ ئەدەبیاتی خۆڕاگری و چ ئەڤیندارانە و چ ئایینی (یارسان) باش بناسین، هەروەها لە ناو وێژە و ئەدەبی فارسی لە ڕوودەکی تا ئێستا باش بناسین، تەنانەت وێژە و ئەدەبیاتی زارەکی باش بناسین، چونکە بەشێکی گەورە لە وێژە و ئەدەبیاتی ئێمە هێشتاکە زارەکییە و ها لە دڵ و سینەی خەڵکان و کەسە گەورەکانی کورد، ئێمە ناتوانین بوقرات و فلۆتین و ئەفلاتوون وەربگرین، ئەگەر نەزانین دژایەتی ئەرستۆ لە تەک ئەفلاتوون بۆ چی بووە، ناتوانین بزانین موعتەزیلە و ئەشاعیرە کە لەگەڵ یەکتر دژایەتییان هەبووە، ئەگەر ڕوودەکی باش نەناسین، نازانین چۆن شیعری سنایی کەم کەم شێوە و شکڵی عیرفانی وەرگرتووە، ئەگەر حافز باش نەناسین، ناتوانین شیعری فەیزی کاشانی باش بناسین و بەشی گەورەی شیعری فارسی هەر وەک شیعر و ئەدەبی کوردی کە زۆر لە یەکتر نزیکن و کاریگەری هاوبەشیان لە ڕووداوەکان وەرگرتووە، بۆ نموونە هێرشی عەرەب بۆ سەر کورد و فارس، هێرشی مەغۆل لەسەر خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، یان بزووتنەوە و جمشتی نەتەوایەتی کورد لە سەدەکانی کۆچی کە لە ژێر چاودێری باڵوڵ لە گەرمیان و داڵەهۆ بووە، بزووتنەوەی حروفییان وەک مەنسووری حەلاج کە زەمانێک لە زیندان بووە، خەڵکی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری مەنسوور لە تەک یارانی مەنسوور وەک ئەبوو شاکر و شبلی و...تاد هاوکارییان کردووە، تەنانەت فارس و عەرەبە ڕۆشنبیرەکانیش بەو چەشنە، مەبەستم ئەوەسە کە پێویستە هونەرمەند دوێنێ و ڕابوردووی خۆی باش بناسێت، چونکە لە مێژەوە هێما و خوازەکان شیعریان ڕەنگین و جوان کردووە و تا مێژوو و تێهەزرین و بەرهەم و نووسینە کلاسیکەکان باش نەناسی، بەشێک لە کار و ئەندێشەی نووسەر و هونەرمەند لەنگ دەبێت، بۆ نموونە بەرهەم و نووسینەکانی خەیام و ئیمام محەمەدی غەزالی پێکەوە دژایەتییان هەیە، خەیام حاڵ و دەم و هۆنراوەکانی کاکڵ و شیرازەیەکی پوخت و پڕ ناوەڕۆکیان هەیە و شاعیرێکی واقیعخواز و ناتوراڵ و مشتومڕ کەر لەگەڵ دواکەوتوویی و پاشاگەردانییەکانی سەردەمی خۆی بووە

**گر بادە بە کوە بردهی رقص کنند**

**ناقص بود هر انکو بادە را نقص کند**

**و از بادە مرا توبە چە می فرمایی؟**

**روحی ست کە تربیت شخص کند.**

لە وێژە و ئەدەبیاتی کوردیدا نالی شارەزووری و سەید یاقووبی مایەشتی نزیکایەتییان لەگەڵ حافز و حافزیش لەگەڵ سەعدی شیرازی بووە و لە ژێر کاریگەری یەکتردا بوون و کەڵکیان لە دنیابینی یەکتر وەرگرتووە، یان گۆران لە ژێر کاریگەری شیعری عەرەب و فەڕەنسا و سروشتدا بووە، مێژووی زوان و کولتووری زارەکی و ئەڤیندارانە (عەشقی خاک و مادی) بووە، لە مێژووی ئەدەبی فارسیدا نیما یوشیج شیعری لە عیرفان جیا کردەوە.

**ئاواتم ئەوەیە کاتێ شاعیرێکی سلێمانی، یان شاعیرێکی دەرسیمی، یان لەکستانی شیعر دەخوێننەوە، پێویستیان بە وەرگێڕ نەبێت.**

* هەروەک ئاگادارن زۆربەی دەقە ئەدەبییەکانی وڵاتانی تر، بە تایبەت ئەمریکای لاتین چ لە بواری شیعر و چ لە بواری چیرۆک و ڕۆمان، نووسەرەکانیان بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە کەڵکیان لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و ئەفسانە کۆنەکانی وڵاتی خۆیان وەرگرتووە؟ بۆ وێنە: مارکیز لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا، بۆرخێس، هەروەها ئۆکتاڤیۆپاز لە شیعر دا، بەرچاوترینی ئەو بابەتەن، شاعیرانی کورد، بە تایبەتی ناوچەی خۆتان وەک "لەک زمانەکان" کە سامانێکی دەوڵەمەندی لەو بوارە دا هەیە، چەندە کەڵکیان لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی وەرگرتووە بۆ نووسینەوەی دەقی نوێ و زیندوو کردنەوەیان بە شێوازێکی نوێتر؟

– ئێمەی کورد ئەگەرچی دەسەڵاتێکمان نەبووە کە هێندە درێژەی هەبێت و بتوانێت باری نالەباری کورد لەم بەشە بە بارێکدا بخات، بەڵام وەک زمان و ناسنامەیەک لە ڕووی زمان و وێژە و سیاسیشەوە کە دابەش کراوین،

هەم باز لە ڕێگەی جیاوازەوە ئاگاداری کاری ڕۆشنبیری و نووسینی یەکتر و چالاکییەکانی یەکتر لە پارچەکانی تر بووین و نزیکایەتیمان لە تەک یەک هەبووە، ئەمەش لە ڕێگەی شاعیرانی کلاسیک و هاتوچووی یەکتر و ئاگادار بوون لە خەبات و تێکۆشانی یەکتر، لەم ڕێگەیەشەوە نووسەران و شاعیرانی یەکترمان ناسیوە و ئاگاداری دنیابینی و خەون و خۆزگە و کەڵکەڵە مرۆیی و نەتەوەییەکانی یەکتر بووین و کاریگەریمان لەسەر یەکتر داناوە و وەرگرتووە، هەروەها باش دەزانی کە ئەو وڵاتانە کەسی گەورەی وەک خۆزێ مارتی یان هەبووە، بەڵام ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەژین، ئێمە ژنە شۆڕشگێڕی وەک قەدەم خێرمان هەبووە، یان لە بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قازی محەمەدمان هەبووە کە بەو دەسەڵاتە کورت ماوەیەی کە هەیبوو، توانی کاریگەری گەورە لە ڕووی ڕۆشنبیری و نووسین لەسەر سەرجەم گەلی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەبێت،ئێمە لە ڕۆژهەڵات بەو ئاستە نەگەیشتووین کە باشووری کوردستان پێی گەیشتووە، بەڵام دیسان دەزانی کە باشوور ئەزموونێکی باش بووە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت خۆی ڕێک بخات و دەرفەت و دەلاقەیەک بە ڕووی زمان و ناسنامەی خۆی بکاتەوە و لەم نێوانەشدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەهرە و توانستەکانی خۆیان لە ڕێگەی چاپەمەنی و گۆڤار و بڵاڤۆکەکان بخەنە بواری کردارییەوە، هەر وەک دەزانن فرە بەداخەوە وێژە و ئەدەبیاتی زارەکیمان و فرەیەک لە دەسنووسەکانی ئەم ناوچەیە، هێشتا کۆ نەکراونەتەوە کە ئەمەش ژانێکی گرانە بۆ وێژە و ئەدەبی ئەم دەڤەرە، بەوانەشەوە من بۆ خۆم هەر وەک بۆ خۆتانیش ئاگادارن بەیاننامەی لەکیم لە ژێر کاریگەری گۆرانی و بیستنی دووبەیتییەکان و بەرهەم و دەفتەرەکان (کتێبی پیرۆزی یارسان کە بە کوردییە) و نووسینەکانی یارسان و شیعری کوردی و شاعیرانی ڕۆژئاوایی نووسیوە و شیعری ئێمە کەوتەوەسەر ڕێ و بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە شیعری لەکی کاریگەری فرە و فراوانی لە زوانی دایکی، واتا لەکی وەرگرتووە و ئەو ڕاز و چیرۆکانەی کە لە زوانی دایکیمان بیستووە، یان خوێندنەوەی شانامەی کوردی لە لایەن باوکانمانەوە کە کاری بەردەوام و هەمیشەییان بووە، چونکە لە ناو لەکستان و گۆران و بە گشتی کرماشان ڕێورەسمی شانامە خوێندنەوە مێژوویەکی کۆنی هەبووە و بەشێک لە نەریت و کولتووری ئێمە بووە کە بەردەوام پێشینان لەگەڵ خۆیان هێناویانە تا بە ئێمە گەیشتووە، بەڵام ئێستا ئەم کولتوور و نەریتە دەوڵەمەندە کەمڕەنگ بووەتەوە، لە ئەنجامدا دەتوانم بڵێم کە شیعری لەکی و لە ناویشیاندا شیعری من کۆلکسیونێکە لە تەواوی ئەو گەپ و باسانەی کە ورووژاندم.

* تۆ وەک شاعیرێکی لەک زمان، چەندە هەوڵت بۆ خوێندنەوە و ناسینی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری ناوچەکانی تری کوردستان داوە، پێتان وایە بە تایبەتی بۆ خوێنەر و نووسەری بواری وێژە و ئەدەبیات چەندە پێویستە بەها و بایەخ بەم لایەنە لە کار و چالاکی بدات و هیچ نەبێت بیانخوێنێتەوە و گوێیان لێ بگرێت (چۆن بەشێکی ئەو سامانە لە ڕێگەی گۆرانی و فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان ساغ کراونەتەوە)؟

- فۆلکلۆر، یان فەرهەنگی گەل، بەشێکی گەورەیە لە ژیان و سامانی مرۆڤایەتی، لە سەردەمانی دێرین و کۆن بە هۆی ئەوەی دامودەزگای چاپەمەنی نەبووە، هەر خاوەنی هزر و ڕامانێک مەتەڵ و شیعر و چیرۆکی نەوە لە دوای نەوەی گێڕاوەتەوە و باس کردووە و گواستووییەتییەوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم یادەوەری و سامانە بە نرخە هەر ماوەتەوە، هەر شاعیر و نووسەرێک ئەگەر بیەوێت زوان خاس و باش بناسێت، تەنانەت بۆ ئەوەی بیەوێت زوانی فرەتر نزیکی خەڵک بکاتەوە، پێویستییەکی هەرە گرینگە کە فۆلکلۆر بە باشی بناسێ و بخوێنێتەوە، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی گۆرانیبێژان، هەر وەک چۆن لە نێو گەلانی جیهان ئەم ئەرک و کارە جێبەجێ کراوە، لە کرماشان تا چەند ساڵی پێشوو کەم کەسمان دیوە کە فۆلکلۆری وڵاتەکەمان بەم شێوەزارە (لەکی) بنووسێتەوە، ئێستاکەش فرەیەک لەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن، ئەمانەتدار نین، بۆ نموونە فۆلکلۆری کولیایی بە کەڵهوڕی دەنووسن، یان فۆلکلۆری کرماشانی بە لەکی دەنووسن، یان بە جافی، یان فۆلکی لەکستان کە فرە و فراوانە بە فارسی دەنووسن و کارەکانی دەروێشیان و یاقووتی کە لاسایی سەمەدی بیهرەنگی یان کردووەتەوە، چونکە سەمەدیش پاچا (ئەفسانە)کانی ئازەربایجانی بە

فارسی نووسیوەتەوە.

خۆم تا ڕادەیەک لەم بوارەدا لەسەر وێژە و ئەدەبیاتی فولکلۆری لەکی کارم کردووە، بەڵام کەسانێکی وەک لەک ئەمیر و قودرەت قەزوینە، ئارش ئەفزەڵی، سادق سامرە و ئاکۆ (عەباس جەلیلیان) کاری تریان کردووە، من تەنیا ئەگەر هەر کامیان پێویستیان بووە هاوکاریانم کردوون، فولکلۆر دەتوانێ کاریگەری زۆری لەسەر خەڵک هەبێت، ئەگەر بتەوێ فیلم، یان ئەنیمەیشن ساز بکەی دەتوانی کەڵک لە فۆلکلۆر وەربگری، چونکە زوانی خودی خەڵکە و هەڵقوڵاوی ناو کولتوورە و ناسنامەی خۆیانە، من کە لەسەر کولتووری گەلانی دانیشتووی ئێران وەک کورد (ناسنامەی خۆم)، بەلووچ، فارس و عەرەب و کارەکانی ئەنجۆی شیرازی، عەلی ئەکبەر دهخودا و ئەحمەد شاملوو و سادق هیدایەت لە ناو کوردەکانیش کارەکانی مارف خەزنەدار، هەردەوێڵ کاکەیی م خوێندووەتەوە، کارکردن لەسەر کولتوور و ناسنامەی هەر گەل و نەتەوەیەک پێویستی بە وەخت و تەمەنێک لە هۆگری و تامەزرۆییەکی ئەڤیندارانەوە هەیە، تا فۆلکلۆر وەک بەشێکی گەورە لە کولتووری گشتی گەل و نەتەوەیەک نەناسی و لەسەر باس و بابەت و مژارەکانی گەپ و گفتوگۆ نەکەیت، لاوازی و کرچوکاڵی بە خوێندنەوە و شیکاری ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو گەل و نەتەوەیە دیارە و بە دوور لە واقیع و ژیانی لە مێژینەیان دەبێت،فۆلکلۆر بنجوبناوان و بناغەی کولتوور و پەروەردە و بارهێنانی خەڵک بووە و هەیە، دەتوانین پلە و ئاستی گەشەی ڕوحی و عەقڵی و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەک لە ناو فۆلکلۆرەکەی دەربێنی و بیناسی و دەتوانێت پردێکی کولتووری بۆ تەواوی نەتەوەکان بێت، کۆمەڵناس و هونەرمەند پێویستە کە فۆلکلۆری خۆی، تەنانەت نەتەوەکانی تریش بناسێ، تەواوی نەتەوەکان لە درێژایی مێژوو تووشی تەنگژە و دابڕان و چەقبەستوویی کولتووری هاتوون و ئەوەی لەم نێوانەدا توانیویەتی کولتووری نەتەوەکان بپارێزێ و دەم بە دەم و سینە بە سینە بۆ نەوەکانی پاش خۆی بگوازێتەوە فولکلۆر بووە، دابڕانی کولتووری و ئایینی و فەلسەفی و شیعری و چیرۆکنووسی هەمیشە خەسارێک بووە بۆ نەتەوەکانی وەک کورد، هەر لە پاش هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێمە، ناو و ئایینمانی گۆڕی و ئێستایش پاشماوەی ئەو داگیرکارییە هونەرییە تەنگژە و خەسارەکانی هەر دیار و زەقە و بە چاوخشاندن و گەڕانێکی سەرپێیی دەرکەوتە و دەرهاوێشتەکانی لە ناو زمانی گەلی ئێمەدا بە دی دەکرێت، هەروەها کە دەزانن من لە بنەچەوە دەچمەوە سەر کوردانی شاهۆ و لەوانم، چونکە ڕیشەی من دەچێتە سەر یەکێک لە ٧٢ پیری شاهۆ لە سەردەمی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی، بەڵام لە زەمانی محەمەدی مشەعشەع کۆچیان کردووە و بە ڕەچەڵەکە یەک لە دوای یەکەکانی دڵفان و باوکان و دایکان ئەم بنەچەیە لە گەورەکانی ئایینی یارسان بوونە، هەموو ئەمانەش بەڵگەی مێژوویین، مێژووی هۆرامان و مێژووی شاوەیس قولی کە بەناوبانگ بووە بە سەرداری شاهۆ لەگەڵ تورکانی عوسمانی جەنگاون و فەرماندەی گەورەی کورد بووە و خۆی گوتوویەتی:

**ئەسڵمەن جە کورد ئەسڵمەن جە کورد**
**بابوم کوردنا ئەسڵمەن جە کورد**
**ئەژ ئەو شیرنا چەنی دەستە گورد**
**سلسلەی سپای زەهاک کردم هورد**

زۆربەی کەسانی وەک ئەحمەد کەسرەوی ئێمە (موشەعشەعیان) کە لە نەتەوەی پیر قەنبەری شاهۆ و لەکی دڵفان قرمزیین بە عەرەب زانیوە، ئەمە یەکێک لە هەڵە و دەربڕینە نازانستی و ناڕاستەکانی مێژوونووسانە، لە حاڵێکدا ئێمە لە کوردانی شاهۆ و خێڵی دڵفانی ناسراو بە تایفەی قرمزیین، تایفەی قرمزی لە لایەن شاکانی سەفەوی و نادرشا بۆ مازەندەران (فەرهاد عەزەتی زادە پێی وایە مەزندارانە)«١» ڕاگوێزراون، تەنانەت بۆ سەهەندی ئازەربایجانیان دەنێرن کە ستارخان و باقر خان لە شوێنکەوتووانی شارۆخ میرزایی موشەعشەعن کە لە دڵفانی قرمزی بووە، بەم پێیە خزم و کەسەکانی ئێمە زمانیان بۆ تورکی گۆڕاوە، بەڵام لە ڕێبەرانی سەردەمی مەشرووتە بووبن، مەبەستم پەرشوبڵاوی کوردانە، چاو لێ بکە چ بەڵایەکیان بە سەرمان هێناوە، ئەمەیە دابڕانی کولتووری و مێژوویی، ئەمەشە خەساری کۆچاندنی ئەم سەردەمەش و کورد لەگەڵ کۆچ هاوچارەنووسە، بۆ خۆتانیش باشتر دەزانن و لە کۆتاییدا:

**بووری ئازادی بووری چەمی من**
**بووری شەو و ڕۆژ گەپی دەمی من**

* به بڕوای ئێوه شیعری نوێی لەکی تا ئێستا به نۆرەی خۆی چەندەی خزمەت به نۆژەن کردنەوەی شیعری کوردی کردووه؟ ئایا تا ئێستا دەق و کتێب گەلێکی شیعری هاتۆته ناو مەیدانی ئەدەبی کوردییەوە کە مالێکی جیاوازی بۆ خۆی مسۆگەر کردبێ؟ چ له بواری پێکهاتەی زمان و چ له بواری فۆرم و دەربڕینەوە؟

– کاتێک من دەستم به نووسینی شیعری نوێی لەکی کرد، زۆربەی هاوڕێکانم دەیانگوت: تەنانەت ئەگەر زۆربەی لەکەکان شیعرەکانت بخوێننەوه ناگەن به پێنج هەزار کەس، چۆن دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، بەڵام وەڵامی من ئەوە بوو: تەنانەت ئەگەر یەک کەسیش بەردەنگی شیعرەکانی من بێت، بۆ من گرینگە، چونکه تەنیا شاعیرەکان و نووسەرەکانن که دەتوانن کولتوور و زوانی نەتەوەکان زیندوو بکەنەوە، بەڵام من وەک کەسێک گیانبازانه کارم کردووە، چونکه شیعری سۆرانی لەو سەردەمەی که من شیعری نوێی لەکیم به خەڵک ناساند، شاعیرانی وەک سوارە، جەلال مەلەکشا، لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس یان هەبوو، ئەوان چەند هەنگاو له پێشتر بوون، واتا شیعریان له بابەتی فۆرم، هەروەها له بابەتی ناواخن و ناوەرۆکیش له پێشتر بوو، بەڵام منی شاعیری لەک نه گۆڤار و ڕۆژنامەم هەبوو، نه ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و...تاد، بەڵام شاعیری سۆرانی هەم ڕۆژنامەی هەبوو، هەم هەموو ئەو کەرەسته و ئامێرانەی که بتوانێت کار و نووسینەکانی خۆی بەرێته ناو خەڵکەوە، ئێستاکه شیعری لەکستان دەتوانێ له تەک زۆربەی شاعیرانی دیکەی کورد هاوڕێ بێت، لەبەر ئەوەی شیعری ئێمەش له تەک شیعری شاعیرانی سۆرانی و کورمانجی هاوڕێیەتی دەکات، شیعری نوێی لەکی ئێستاش ڕۆژنامه و گۆڤار و ڕادیۆی نییه، بەڵام له کارنامەی خۆیدا چەندان کتێب و ئەزموونی سەرکەوتووی شیعری هەیه، هەروەها ئەوەی که خەڵکی لەکستان هەموویان یەکدەست و یەکگرتوو بن و له سۆنگه و کلاوڕۆژنەیەکەوە چاو لەم بابەته بکەن و به ئاراسته و ئاقارێکدا بجمن و کار و چالاکی بکەن، هێشتا جێبەجێ نەبووە، هێشتا زۆربەیان دەڵێن ئێمه لەکین، واتا لەگەڵ کوردی سۆران و کرمانج جیاوازن و بڕێکی تریشیان وەک کەڵهوڕەکان هزر و بیرکردنەوەیان نەریتی و خێڵەکییە، لەم بابەتەوە کورد به گشتی پێویستی به کاری کولتووری و هزری گەورە هەیه بۆ ئەوەی لەم قۆناغه بپەڕێتەوە و له ناو شوناس و ناسنامەیەکی کۆیی به ناوی کورد بگیرسێتەوە، ئەویش کار لەسەر شیعر و چیرۆک و مێژووی لەک و گۆران و کەڵهوڕ و خوێندنەوە و شیکارییان له بواری ڕەهەندی زانسته مرۆییەکانەوەیە که لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی نووسەرانی کوردی ئەم بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرنج و هەڵوێستەیان لەسەر ئەم بابەته کردووە و نووسینی وتار و کتێب و بابەتی لێکۆڵینەوەی لەم بابەته، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن که کاریگەری و کارتێکەری باشیان هەبووە، هەر لەم پێوەندییەشدا فۆرمی شیعری لەکی هەوڵی داوە له تاک دەنگییەوە بۆ چەند دەنگی هەنگاو هەڵبێنێ و لەم پێناوەشدا خەریکی کار و چالاکییە.

**هاوڕێکانم دەیانگوت ئەگەر زۆربەی لەکەکان شیعرەکانت بخوێننەوە ناگەنە پێنج هەزار کەس، وەڵامی من ئەوەبوو ئەگەر یەک کەسیش بەر دەنگی شیعرەکانی من بێت بۆ من گرنگە.**

به بڕوای من دوو هۆکار خەساری گەورەیان به خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین گەیاندووە، یەکەم داگیرکەرانی جیهانی و دەستتێوەردانیان له وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تێیدا یەکەم زەرەرمەند کورد بووە، که له سەردەمی خۆی به ڕێکەوتن و بڕیارەکان، کورد بەسەر چەندان وڵات دابەش کراوە، دووەم دەسەڵات و ڕژێمه سیاسییەکان (دەوڵەت و دەسەڵاته زاڵەکان بەسەر نەتەوە و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی)، ئەگەر سیستمی زاڵ بەسەر وڵاتانی ناوچەیی فیدراڵ بێت، کولتوور و ناسنامەی خەڵکانی دیکەش دەتوانێ بەژن و باڵا بکێشێ و خۆی دەرخات و پێشکەوێت، کاتێک خەڵکی، یان وڵاتێک که فەرهەنگی زارەکی کارێکی هێندە چڕ و پڕی لەسەر نەکرابێت و هێشتاش به پێدڤی و پێداویستییەکانی بەرهەم هێنان نەگەیشتبێت، ئەوەیشی کە هەیه له پێشینیانی ئەو خەڵک و نەتەوەیە به جێ ماوە، بێ گومان شاعیر و نووسەری ئەم وڵاتانه تووشی نۆستالۆژی دەبێ، یان دەبێ به زمانی دەسەڵات هزر و ڕامانی خۆی دەربڕێت، یان له ڕێگەی نووسین و کاری ئەدەبی و هزری

ڕێگە بۆ گەشە و پێگەیشتنی زمانی خۆی بکاتەوە، بە داخەوە کار کردن لەسەر وێژە و نووسینی لەکی هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتووە و ڕێگر و بەربەستەکانیش زۆرن، ئێستا باشووری کوردستان دەرگا و دەلاقەیەکی گەورەیە بۆ ئێمەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین بابەت و نووسینەکانی خۆمان لە ڕێگەی بلاڤۆک و چاپەمەنییەکان بڵاو بکەینەوە و بتوانین هەرچی زیاترە وێژە و ئەدەبی بەشێکی خەست و پڕ و پاراوی نەتەوەکەمان بناسێنین و گەشەی پێ بدەین، ئەوەی کە بۆ من وەک کارەساتێکە، ئەوەیە کە هێشتا زۆربەی چیرۆک و شیعرە ئەڤیندارییەکان و لە گشتی گرنگتر ئایینی یارسان کە لە نێو کرماشان و لوڕستان و لەکستان ماوەتەوە، تۆز دەخوات، ئایینێک کە بەشێکی گەورەی ناسنامە و شۆناسی ئێمە چ لە ڕووی زمانی و چ لە ڕووی مێژوویی تۆمار کردووە و لە خۆیدا هەڵی گرتووە و هەتا ئێستاش لایەکی وەهای لێ نەکراوەتەوە.

* بەشێکی زۆری دەقە کۆنەکانی ئەدەبی کوردی، بە تایبەت ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات چۆتە ناو ئەدەبی زارەکی و بە داخەوە نەنووسراونەتەوە، بگرە بەشێکیشی لە نێو چوون و فەوتاون، ئێوە و هەروەها هەموو نووسەرانی ئەو ناوچەیە چەندتان هەوڵ داوە بۆ نووسینەوە و کۆ کردنەوەی ئەو دەقانە، بە تایبەت ئەو دەقانەی کە دەچنە ناو ماڵی شیعری فۆلکلۆرەوە؟

- لە وەڵامی پرسیاری پێشووتاندا ئاماژەم بە بەشێکی ئەم پرسیارە کرد، شیعری لەکی بە تایبەت شیعری نوێی لەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ جێی خۆی لە ناو کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و لەک بە تایبەتی زیاتر دەکاتەوە و زۆربەی خوێنەوارەکانی ئەم بەشەی کوردستان ڕوویان هێناوەتە شیعری نوێ و سەرنج و ڕامانی خۆیان داوەتە وێژە و ئەدەب، فۆلکلۆریش توانیویەتی کاریگەری خۆی لەسەر شیعری لەکی دابنێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی وەک ئاماژەم پێ دا فۆلکلۆری لەکی لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە کۆ کراوەتەوە و لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم ئەدەبەوە توانراوە زیاتر بەها و بایەخ و گرینگی فۆلکلۆر وەک بەشێک لە ڕابردووی ئەم گەلە بۆ کۆمەڵگەی لەک دەر بکەوێت، ئەمەش ڕێگەی بۆ کار و بەهادانی زیاتر لە لایەنی خەڵکانی هۆگری فۆلکلۆری لەکی و خوێندەواران کردۆتەوە و ئێستا کەسانێکی زۆر دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی وشە و چیرۆک و ڕاز و مەتەڵ و پەندە لەکییەکان، ئێستا خەڵک بە گشتی پێشوازییەکی باش لە وێژە و ئەدەبی لەکی دەکات و من و شاعیرانی ئەم بەشەی کوردستان هەر کات شیعرەکانی خۆمان لە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەخوێنینەوە لە لایەنی خەڵک و بەردەنگانەوە ڕووبەڕووی پێشوازییەکی باش دەبینەوە و دەست خۆش و دەم خۆشیمان بیستووە، تەنانەت زۆربەیان دەڵێن شیعرەکانتان بکەن بە (سی دی) و وەک دەنگیش بڵاوی بکەنەوە و هەوڵ بدەن لەگەڵ ماڵپەڕ و کەناڵە کوردییەکان پێوەندیتان زۆرتر و فرەتر بکەن با کۆمەڵگەی لەک و کوردەواری زیاتر دەنگتان بشنەفێ، ئەمە خۆی هەڵگری پەیامێکی گەورەیە بۆ ئێمەی نووسەران و شاعیرانی لەک و کورد بە گشتی و خەڵکی زۆر تینووی شیعر و چیرۆک بە شێوەزاری لەکین و لە لایەکی تریشەوە بە دواداچوونی ڕاگەیاندنە کوردییەکان و بیستنی دەنگی نووسەران و شاعیرانی لەک و دەرکەوتنیان لە ڕاگەیاندن و میدیا کوردییەکان، کاریگەری و کاردانەوەی کارەکانمان لە نێو جەماوەری خەڵکدا دەبینینەوە و هیوا و ورەی زیاترمان بۆ کاری شێلگیرانەتر بەرانبەر بە وێژە و ئەدەبیات پێ دەبەخشێت.

* جیا لە شیعر، نووسینی ڕۆمان و چیرۆکی لەکی لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا تا ئێستا وەرگێڕانی دەقی وڵاتانی بیانی ڕاستەوخۆ کراوە بە لەکی؟ بە گشتی دۆخی هەموو ژانرەکانی تری ئەدەبی لە چ دۆخێکدایە؟

- لەک هێشتا دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی تایبەتی نییە، هیچ ڕادیۆ و داو و دەزگایەک بە زوانی لەکی بەرنامە و بەرهەم بڵاو ناکاتەوە، تەنیا کارێک کە خەڵکەکە لە دەستیان دێ و دەیکەن، ئەوەیە بە زمانی خۆیان قسە دەکەن، هەروەک بۆتانم باس کرد، تەنیا شاعیران و نووسەرانن کە دەتوانن ئەم ئەرکە وە ئەستۆ بگرن و بە مەنزڵگەی خۆی بگەیەنن، ئێستاش چیرۆکەکانی وڵاتمان تۆز دەخوات و ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی زۆر کەم و سنووردارە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێمە چیرۆکنووسمان هەیە، بە داخەوە خەڵک بە گشتی لەم بابەتەوە کاری وایان نەکردووە، بەدبەختی لەکستان ئەوەسە کە لە نێوان پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و هەمەدان دابەش و لەت لەت کراوە،

کاتێک کە دەرفەت و ڕێگەی گەیاندنی دەنگ و وتار بە خەڵک و جەماوەرت نەبێت، نووسەران و چالاکانیش پاسیڤ دەبن و کاریکی وا ناکەن.

* ئێوە لە شارێکی وەک کرماشان و بەشی خوارووی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەژین و بەشێک لە کوردستان کە چەندان شێوەزاری زمانی کوردی تێدایە، هەروەها بەشێکی هەرە گرنگی بوونی یارسانەکانە کە دەق و نووسراوەکانیان بە کوردین، دەکرێت لە ڕوانگەی خۆتانەوە باسی نرخ و بایەخەکانی ئەم بەشەی کوردستان و کاریگەری دانان و کاریگەری وەرگرتنیان لە یەکتر بکەن؟

– بۆ ئێمەی کورد دەتوانین کرماشان وەک هیندستانێکی کوردستانی گەورە بزانین، چونکە هەر وەک ئێوە ئاماژەتان پێ کرد تەواوی شێوەزارەکانی زمانی کوردی و زۆربەی دین و ئایینەکانی تێدایە و هەموان دەزانین کرماشان لە مێژەوە مانەوی و یارسان و زەردەشتی و برێکی کەمیش جوولەکە و مەسیحی تێدایە و پێکەوە ژیانیان بەسەر بردووە، یەکێک لە ئاسەوارەکانی جوولەکەکان بازاڕی جوولەکەکان لە کرماشانە کە ئێستاکە ناوەکەیان بۆ بازاڕی ئیسلامی گۆڕاوە، بەڵام بەشی ژوورووی کرماشان کە شەقامی فردەوسی و کەسرا و سەراوقەمەر بەرە و مایەشت و جەلالەوەن و هوزمانەوەن و زەردەلان و بالاوەن و سەرفیروزئاوا دەگەیە خورمەوە و ئەندیمشک و ئیلام و کە هەموویان لەکن، بەشێکی دیکەیان کە دەچییە سنجاوی و گۆران کە کەمترین لەکی تێدایە و فرەتریان گۆرانن و بەشی تریان کە دەگاتە شاباد، برێ کەڵهوڕن و لە گیلانی خۆرئاوایش کە گشتیان کەڵهوڕن و بەشێکی دیکەش کە بەرەو لای بێستوونە کە گوند و ئاواییەکانی دەپەن و سیابی و لە بناری بێستوون تا تاقوەسان و پەڕاو جێگەی عێلی پایروەن بووە و هەموویان لەکن و پشتی کرناچیش دەگات بە تایفەی نانەکەلی و کەم کەم بەرەو جافەکان و ماچووەکان، بەڵام جافەکانی شاری کرماشان هانە سەرتەپە و جەواشیر کە گەورەترین مزگەوتیان وا لە ئەوێ، واتا مەیدانی جەواشیر، کرماشان بەم هەموو دەوڵەمەندییە کولتوورییەوە تا ئێستاکە نەیتوانیوە ئەنجوومەنێکی وێژەیی و ئەدەبی هەبێت، بەڵام تەواوی کوردانی دانیشتووی شاری کرماشان بە لەکیان و جافیان و کەڵهوڕیان و هەورامییان و...تاد گشتیان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە پێکەوە دەژین و لە ڕووی کولتووری و چاندییەوە کاریگەری و کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەبووە کە لەم نێوانەدا بەشێکی گەورەی کاریگەری کولتووری مۆسیقا و کەلامی یارسانەکان بووە و منیش لەبەر ئەوەی خۆم لە ملێک گەورە بووگم کە یارسانین و لە تەکی مۆسیقا و شیعر و کەلام و شانامە خوێندنەوە بە شێوەی پشتا و پشت وەک لە کەسوکارم بیستوومە، بەشێکی دانەبڕاوی کولتوور و ناسنامەی ئەم گەلە بووە، هونەرمەندانیش بە دڵنیاییەوە لەم سامانە دەوڵەمەند و زەنگینەی کرماشان توانیویانە کەڵک وەربگرن و کارەکانیان لە ناو کۆمەڵگەی کرماشان بەردەنگ و گوێگر و خوێنەری هەبووە، کاریگەری ئایین و کەلامی یارسان کە مەوزوون و مۆسیقاییە و لە باری مێژوویی و فەلسەفی و حەماسییە:

**زروان بیانی، زروان بیانی**
**نە دەورەی وەرین زروان بیانی**
**ئەهریو و ڕەمز یاران دیانی**
**کلای خاس یار ئەو دەم شیانی**

بەو پێیەی کە ئایینی کوردان لە درێژایی دیرۆک و مێژوودا لە ژێر زەخت و گوشاری ساتوور و شمشێری بیانییەکان لە تەنگوچەڵەمە و بەربەستی سیاسی و کولتووری بووە و ژیاوە، بۆیە ئەوان بەردەوام هەوڵی کۆمەڵکوژ کردن و سووتاندنی کتێبەکانیان داوە، ئەمەیان بە سەرکەوتنێک بۆ خۆیان زانیوە و خەسار و کارەساتێکی گەورەیان بە ئێمەی کورد لە ڕووی مێژوویی و کولتووری و ناسنامەییەوە گەیاندووە، لە کەلامەکانی ئایینی کوردان (یارسان) ئاماژە بە شەڕی نێوان ئەهریمەن و ئەهورا کراوە، ئەڕا (بۆ) نموونە:

**ئەو واتە یاران، ئەو واتە یاران**
**ئێمە دیوانەین ئەو واتە یاران**
**هەنی مەگێڵێن یەک یەکی شاران**
**تا زندە کەریم ئایین کوردان.**
**قەدەمگای شا ، قەدەمگای شا**
**یافتەکووە نان قەدەمگای شا**
**مەقام شارە زوور میحرابم نشاتگا.**

ئەم بەشە کە لە ڕووی سەرئەنجام (دەفتەری یارسان) بۆتانم هێناوەتەوە، ئاماژە بە ناوەندی بیرکردنەوە و

بنکەی هزری یارسان و خەڵکی ئەو سەردەمەی یارسان و شاخوەشین کوڕی ماماجەلاڵە بووە و سەرۆک و شای یارسان بووە، سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە دایکی شاخوەشین پزیشک بووە و ماڵی باوکی ئەمانوڵلاخان والی لوڕستان بووە، یافتەکووە لەکن و شارەزوور گۆران کە زوانی لەکی و گۆرانیش، تەنانەت لوڕیش زوانی یارسانەکانی ئەو سەردەمە بووە، بەڵام زوانی سەرەکییان ماچوو و "وران"، یان سەی یانە بووە.

پێویستی بە باس کردن نییە کە ئەو سەردەمەی دەیانەویست بیروباوەڕێکی دیکە بخەنە مێشکەکان و کەسانی پاشکەوتوو نەیاندەتوانی بێجگە لە خۆیان کەسێ تر قبووڵ بکەن، یان ئایین دەبووا عەرەبی بێت، یان خەڵکانی دیکە (مهدورالدم)ن، یارسان هاتووە وەک پەیامێکی نەتەوەیی و بەرخۆدانی و خۆڕاگری لە هەمبەر ئەم باوەڕییە سەری هەڵداوە و لەم ڕێگەیەوە شوناس و ناسنامەی جیاوازی خۆی پاراستووە، ئێستاکە من وەک شاعیرێکی سەر بەم نەتەوە و باوەڕییە خۆڕاگرەم کە بۆ ناسنامە و شوناسی گەلەکەم کۆشاوە چۆن دەتوانم لە وەرینان و پێشینیانی خۆم کەڵک وەرنەگرم، بە دڵنیاییەوە هەر وەک چۆن تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەم دەڤەرە یارسان توانیویەتی زمان و بەشێکی گرینگ لە مێژووی ڕۆژهەڵات و کورد بە گشتی بپارێزێت، ئاواش دەبێت بەها و بایەخی ئەم ئایین و باوەڕییە بۆ گەلی کورد زیاتر و زیاتر لە جاران دەر بکەوێت و ڕۆشنبیران و نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد هەوڵ بدەن بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و مێژوویی کاری لەسەر بکەن و بیناسێنن.

* شێوازی هەڵسوکەوت و دانوستانی نێوان زاراوە جیاوازەکانی کوردی لە پارێزگای کرماشان بەرانبەر بە ئەدەبی گشتی کوردی کە ئەدەبێکی فرە زاراوەیە و بەشێکی زۆری ئەو سامان و خەزێنە گەورەیەی گەلەکەمان بە زاراوە جیاوازەکان نووسراون، چۆن هەڵدەسەنگێنن و دەنرخێنن؟

– شاری کرماشان لە سەردەمانی پێشوو، هەموویان یارسان بوون، بەڵام کولتوورەکەی لە ناو نەتەوەی کورد چ هۆرامان کە لە پێشەوە جێی خاتوون گوڵی دایکی بابا ناوس بووە کە دەڵێ:

**حەرفە بیجانا...**

**ماوس مەواچە حەرف و بیجانا**

**مەشام وە خەجڵەت گام و زیانا**

**مەنی بکەن بە دەم دگانا...**

هەروەها کە دەزانین وانەی ڕاستی و ئایینی کوردان لە هۆرامان سەری هەڵداوە و بیچمی گرتووە، بەڵام کولتوورەکەی هێشتا لە هۆرامان ماوە، وەلێ دینەکەیان گۆڕاوە بۆ ئیسلامی شافعی، من وەک فرەیەک و زۆربەی هونەرمەندانی ئەم خاک و دیارە لە منداڵییەوە گوێم بە دەنگی ساز و ئاواز و هۆرە و موور و چەمەری و کۆتەڵ و چ مۆسیقایەک کە دەنگی مەرگ و لاواندنەوەی مردووەکان (موور) و چ جەژن و شادی (هۆرە و هەڵپەڕکە)، بەڵام بە ڕاستی دەتوانم بڵێم لە و کاتەی کە دەسەڵات و حکوومەتەکان مۆسیقایان حەرام کردووە، مۆسیقا لە ناو جەمخانەی یارسانییەکان، بە تایبەت سازی تەمبوورە کە لە سەردەمی شاخوەشین سازێک بووە کە ڕاستی و پیرۆزییەکانی لە خۆی گرت و چ لە تەکییەکانی قادری و نەقشبەندی، دەتوانم بڵێم ژین و دی ئن ئەی کوردان فرە و پڕە لە کولتووری مادی و مانو و میهر و زروان کە ئایینی پاشاکانی میدیا بووە، هەرچەند مادەکان لە ناو یاساکانیان ئایینی فەرمییان نەبووە، ئایینی فیدراڵی وەک دەوڵەتەکانی فیدراڵی ئەمڕۆ، ئاخافتنی یارسانەکان پڕە لە حەماسە، بۆ نموونە: کاکا ڕدا کە پیری شاخوەشین بووە، دەڵێ:

**سەری کوی پاڵەنگان جەنگی نەرانا**

**چەکەچەکی گەردەن کەشانا**

**ئینجا کە نامەردان ز جەنگ مەگوریزن**

**بەڵا بەر گەردەن شیری غوڕانا.**

نیشان و هێمایەک لە شەڕەکانی ئەو سەردەمە کە دژ بە نەتەوەی کورد بە تایبەت یارسانەکان بووە، وەک ئێستا کە داعش خوێنی کوردەکانی حەڵاڵ کردووە، یەکێک لە خاڵە گەورە و گرینگەکانی خەڵکی کرماشان کە دەتوانێ تەواوی هونەرمەندانی کورد لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و هەموویان زوانی یەکتر باش دەزانن، چونکە تەواوی شێوەزارەکان لە یەکتر نزیکن، واتا گۆرانێک لەگەڵ کەڵهوڕێک، یان لەکێک دەتوانن گفتوگۆ بکەن و ئێستا منیش وەک شاعیرێک بایەخ و گرینگی زمانێکی یەکگرتوو بۆ گەلی کوردم زانیوە، بەڵام تەواوی خاوەن ڕایان و زوان ناسەکان تەکی یەکتر کۆ بوونەوە تا بتوانن

زوانێکی کوردی کە هەموو خاوەن ڕایان و بۆچوونەکان لەم بوارە بتوانن بەشدار بن و زمانێکی یەکگرتوو بۆ گەلی کورد جێ بخەن.

* پرسی زمانی یەکگرتوو لە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا لە لایەن چەندان نووسەر و چالاکانی ڕۆشنبیری قسەی لەسەر کراوە و بەشێکیشی بە ڕاستی هەڵوێست و دەق و نووسراوەی زانستی و ئاکادیمیک بووە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بەنووسەرانی ناوداری وەک عەباس جەلیلیان و سەجاد جیهانفەرد و کامران ڕەحیمی و کەسانی دیکەش بکەین، ڕای ئێوە لەسەر ئەم بابەتە وەک شاعیرێک چییە و چۆنی دەبینن و هەڵدەسەنگێنن؟

– منیش هەروەک زۆربەی شاعیرانی ئەم وڵاتە دەڵێم کە بە هاوکاری و هاوئاهەنگی یەکتر بتوانین فەرهەنگستانی زوانناسی ڕێک بخەین، یەکێک لە کێشەکانی ئەم پارێزگایە من من و تۆ کردنە، ئەو سەردەمەی کە من لە ئەنجوومەنی هاوار کارم دەکرد، کەم کەم کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کەڵهوڕ خۆیان کێشایەوە و لە جافەکان و لەکەکان دووریان گرت، هەڵبەت نە تەواویان، زۆربەیان کە لەگەڵ ئەوان کە باوەڕییان بە زوانی گشتی لە چوار پارێزگای کرماشان و ئیلام و لوڕستان و هەمەدان بووین، کاتێک دەتوانین زاراوەکان لە یەکتر نزیک بکەینەوە، بە تایبەت هونەر و شیعر جوانتر دەبێ و پەخشان توانست و هێزی زۆرتر دەبێ، بەڵام کێشە ئەوەیە کە لەکەکان بەردەنگی شیعری خۆیان هەیە، هەروەها گۆران و کەڵهوڕ و جاف و من ئاواتم ئەوەیە کە کاتێ شاعیرێکی خەڵکی سلێمانی، یان شاعیرێکی دەرسیمی، یان لەکستانی شیعر دەخوێننەوە پێویستیان بە وەرگێڕ نەبێت.

ئەگەر نەختێک باش چاو لەو پرسیارە بکەین، ئەوەی مەبەستی پێکانی ئەم پرسیارەیە، ڕوونکردنەوەی بوونی زمانێکی یەکگرتووە بۆ ئێمەی کورد، هەر گەل و نەتەوەیەک لە جیهاندا پێویستی بە زوانێکی تایبەت و فەرمی هەیە، بەڵام لە نێو هەر وڵاتێک زار و شێوەزارەکانی دیکەش بوونیان هەیە کە ئەم تایبەتمەندییە لە بواری دەوڵەمەندی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی شتێکی ڕوون و ڕاشکاوە، بەشێکی گەورەی کورمانجەکانن، بە کورتی دەتوانم بڵێم کە زوانی کوردی هێدی هێدی بە پلان و بەرنامە و یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی و لە گشت ئەمانەش گرنگتر ئاگادار بوون لە کار و چالاکی و ڕۆشبیرییەکانی یەکتر بەرەو ئاراستەیەک بڕوات کە زمانێکی یەکگرتووی گشتگیر بۆ هەموو کوردستان بەرهەم بهێنێت، تەنیا نیگەرانی من ئەوەسە کە دەسەڵات زوان دەستنیشان نەکات، بەڵکو خاوەن ڕایان و زانایان "زوانناسانی کورد لە تەواوی زمان و زار و شێوەزارەکانی کورد لە لەک و لوڕ و کەڵهوڕ و گۆران و کرمانج و سۆران و...تاد" بتوانن پێکەوە زمانێکی یەکگرتوو بۆ گەلەکەمان دروست بکەن، یانی بە تایبەت بتوانین کارێک بکەین کە کوردی خوارووی (ئێمە) بە ئاسانی لە زار و شێوەزارەکانی وەک سۆرانی و کورمانجی تێ بگەین، تەنیا کاتێک ئەم کارە گەورەیە بە ئەنجام دەگات، ئەگەر و دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان لە گۆڕێدا بێت و لەم سەردەمەی تەکنۆلۆژیا کە ماڵپەڕ و ڕادیۆ و تی ڤی و ڕۆژنامە و...تاد زمان و کولتوورەکان بەرەو پێش دەبات و دەبێ ئەگەر و دەرفەتی وەک یەک بۆ هەموو کوردێک لە ئارا دا بێت، ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەشی خوارووی کوردستانیش خێراتر بەرەو پێش بچێت، دەبێ بۆ کوردی خواروویش زیاتر لە جاران بەرنامە و ڕێگەیەک بۆ بەها و بایەخدانی زیاتر دابمەزرێ، ئێوە بۆ خۆشتان باش دەزانن زۆربەی فەیلەسووفانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن دەڵێن زوان هەموو هەستی مرۆڤە، واتا شوناس و ناسنامەی هەر کەس و هەر نەتەوەیەکە.

ئێمە ناتوانین پشت لە زوان و مێژووی خۆمان بکەین، بە ڕاستی شتی زۆر ئازاردەر ئەوەسە کە ئێمە تووشی دابڕانی کولتووری هاتووین، هێشتا باش کولتووری خۆمان و زوانی خۆمان فێر نەبووین و ڕەگئاژۆی ناو گەل و کۆمەڵگەی خۆمان نەکردووە، هەزاران وشە و دەستەواژەی بێگانە و نامۆ بە کۆمەڵگە و زمانی ئێمە بە هۆی نەبوونی قەوارە و دەسەڵاتێک لە ڕووی زمانی و کولتووری هاتووەتە ناو ئاخافتنی ڕۆژانەی ئێمە و جێگەی بە زۆر وشە و دەستەواژەی کوردی لەق کردووە، هێشتا لەسەر ئایینی یارسان و ئێزدی کە ئایین و ناسنامەی کوردیمانە، زانیاری و شارەزاییەکی وامان نییە، هەزاران تێهزرین و بیرکردنەوەی جیاواز کاری لەسەر کراوە و کتێب و بابەتی لەسەر نووسراوە، ئێمەی

کورد کاتێک دەتوانین کە زوانەکەمان جێ بخەین کە کاری کولتووری قووڵی لەسەر بکەین، بە تایبەتی فۆلکلۆر باش بناسین، چونکە فولکلۆر، واتا بنچینەی پەروەردە و کولتوور، بۆ نموونە ئێمە پێویستمان بە وەرگێڕانێکی زۆر هەیە، کە بەرهەمەکانی سوبرە وەردی، بابا تاهیر و عەینلقزات کە یارسانی و کورد بوون باش نەیانناساندوون، یان تێهزرینی حەلاج، لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ پێش تا ئێستا مافی خوێندن و نووسینمان نەبووە، فارسەکان بە باشی حافز و فردەوسی و مەلەوی و سەعدی یان ناساندووە، بەڵام ئێمە تووشی دابڕانی کولتووری هاتووین، واتا دابڕانی زوانی نووسین و واتا بێ دەنگی و کاردانەوەکانی بێ دەنگیش کە زۆر گرانە و دەبێ کارێکی زۆر لە ئاستی زمانی کوردی بکەین تا بتوانێت خۆی لە شانی زمانە زیندووەکانی جیهان بدات، تەواوی زار و بن زارەکانی زمانی کوردی لەگەڵ یەکتر دەتوانن لە دۆخێکی یەکساندا بە زمانی یەکگرتوو بگەین، ئێمە هەر وەک ئێستا لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ ناسینی قۆناغ و زەمەنە جیاوازەکانی مێژوو و ئاشنا بوون بە ڕێگە و ڕێبازە مەعریفی و فیکرییەکانی گەلانی دیکە، تا بتوانین هاوشانی گەلان و نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم گۆی زەوییە بڕۆینە پێشێ، هەر چەند جەنگ و کۆمەڵکوژی لە هەمبەر نەتەوەی ئێمە زۆر دەرفەت و قۆناغی مێژوویی لە ئێمە ئەستاندووە، شتێک کە پێویستە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئاماژەی پێ بکەم و جەختی بخەمە سەر ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەی لە سەدەی پێشوودا بۆ ڕزگار بوون و ناساندنی ناسنامەی گەلی کورد لە لایەنی کوردانی هەرێم و بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کورمانجەکان دراوە بە بەراورد لەگەڵ کوردانی خواروو زۆرتر و بەرفراوانتر بووە، لەبەر ئەوەی ئەوان زووتر دەستیان بە نووسین کرد و ئێمە درەنگتر دەستمان بەم کارە کردووە، هەرچەند ئەو هەوڵانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەنی کەسانێکی زۆر کە بە خۆشتان ئاماژەتان بە بڕێکیان کرد لە بەشی خواروو دەستی پێ کراوە شیاوی ئاماژە و هەڵوێستە لەسەر کردنە کە ئەوەی من ئاگادارم توانیویانە بە نووسین و کارە لێکۆڵینەوەیی و زانستییەکانیان سەرنج و ڕای بەشێکی زۆری نووسەران و ڕۆشنبیران و قەڵەم بە دەستانی، تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئەم سەردەمەی کە ئێمەی کوردیش وەک بەشێک لە کۆی مرۆڤایەتی تێیدا دەژین، زوان و کولتوور شتێکی گۆڕاوە و گۆڕانی بە سەردا دێت، نە زوانناسی ئەمڕۆ و نە زانایان و لێکۆڵەرانی ئەمڕۆ ناتوانن وەڵامێکی یەکلایی کەرەوە بە پرسیارەکانی مرۆڤی هاوچەرخ بدەنەوە، بەڵام دەتوانن ئاستی تێگەیشتنمان بەرانبەر بە بوارێک، یان بابەتێک بەرنە سەرێ، ئەم سەردەمەش سەردەمی ڕێژەخوازیی و ڕێژەیی بوونە نەک سەردەمی ڕەهاخوازی و ڕەهاگەرێتی، سەردەمی قبووڵی گۆڕانە نەک ئوستوورە، دەرفەتی زووانی یەکگرتووش هەیە، وەلێ ساتەوەخت و دۆخێکی دیموکراتیکی پێویستە.

* لە دنیای ئەوڕۆدا ڕەخنە جێگە و شوێنێکی هەرە گرنگی لە نێو دەق و نووسراوە جیاوازەکاندا گرتووە، بارودۆخی ڕەخنە بە تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو شاعیران و نووسەرانی ئەو بوارە لە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەندە بەها و بایەخی پێدراوە؟ پێتان وایە هیچ کارێکی شیاوی سەرنج کرابێت، ئەگەریش نا، خەسارەکان بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

- کاتێک باس دێتە سەر کاری مەعریفی و هزری و کاری لێکۆڵینەوەیی ئەوەی بەها و بایەخی زەق و بەرچاو دەکەوێت گومان و گومانکارییە کە کارئاسانی و دەرگای ئەوە لەسەر بابەتێکی مەعریفی- زانستی دەکاتەوە کە زیاتر لە سەری بڕۆین و بیکەینەوە و پرسیاری ڕووبەڕوو بکەینەوە و بە دوی وەڵامەکانیشیدا بڕۆین، لە جیهانی شک و گومان کە لەگەڵ تێهزرینی دیکارتی و گومانی پاسکالی و مۆنتینی و گومانێک کە ڕەخنە پڕ هێز و هاز بکات، هەر وەک گومان و گومانکاری دەیڤید هیوم، ئەم سەردەمەش کە ئێمە تێیدا دەژین سەردەمێکە کە کاری ڕەخنە و ڕەخنەیی بەها و بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێمە کاری ڕەخنەییمان کەمە، ئەمە نەک تەنیا لە ئاستی کوردستان، بەڵکو لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی ئێمە تووشی ئەم تەنگژە بووینەتەوە، پێشینەی بیرکاری، ئەستێرەناسی و پزیشکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین مێژوویەکی دێرینە و کۆنە، بەڵام بە داخەوە ئێستا ڕەخنەکاری زۆر کەمە و بێ ڕەنگ و ڕووە و ئێستاش ئەم دۆخە فەرقێکی وەهای

نەکردووە، ڕەخنە و ڕەخنەکاری خۆی زانستێکی تایبەتە، یەکێک لە فاکتۆرەکانی جیهانی ڕەخنەکاری بێجگە لە زانست، دیموکراسییە، ئێمە کاتێک دەتوانین بڵێین ڕەخنەمان هەیە کە خەڵک بتوانێ ئەزموونی دیموکراسی بکات، ڕەخنەکاریش پابەندی تێهزرینی سەردەمیانەیە، ئەگەر نەتوانێ ڕا و بۆچوونی خۆی نوێژەن بکاتەوە، یان نەتوانێ بە ڕاشکاوی ڕا و سەرنجەکانی باس بکات، تووشی خۆشاردنەوە و سانسۆر دەبێ کە ئەوسا کارەکەی لە کارێکی ڕەخنەیی دەترازێت و ناتوانین ناوی ڕەخنەی لێ بنێین، لە وەڵامتدا دەتوانم بڵێم هێشتا لە سەرەتای ڕاهێنانین، بەشکم بتوانین ڕوحمان ئامادە بکەین تا دەور و قۆناغێکی تازە بکەینەوە.

ئێستا لە ئاستی کوردانی خواروو، کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە کە جێگە و شوێنێکمان بۆ کۆبوونەوە نییە، یانی هەرجارە و کە ئەنجوومەنێک ڕێکخراوە، ڕێگەیان لە بەردەوامی و درێژەدان بە کارەکانی گرتووە، جار و بار بە دژواری پەردە لادان لەسەر کتێبێک بەڕێوە چووە و لە لایەن بەردەنگان و نووسەران قسەی لەسەر کراوە، ئەویش فرە کەم کورتە باسێک لەسەر کتێبەکە بووە، چونکە کەسانی ڕەخنەکاری لێزانی زوانناس نەبوون، تەنیا ساڵی پار چەند بەرنامەیەک لە زانستگای هونەری کرماشان بەڕێوە چووە و پەردە لادان لەسەر چەند کتێبێک کە سەرەتاش بە کورتە باسێک لە لایەن خۆمەوە بوو، ئێمە وەک کوردی خواروو هێشتا لە بواری ڕەخنەکاری توانایی و شارەزاییەکی وەهامان نییە، لە کاری ڕەخنەیی ئەوەی زۆر گرینگە بوونی دیالۆگە، ڕەخنەگر دەبێ بزانێ دیکارتییەکان چی دەڵێن، یان فەلسەفەی بوونخوازی (ئیگزیستانسیالیزم) چییە؟ و شارەزایی لەسەر هێرمنۆتیک هەبێت، باسەکانی کات و شوێن و ڕێژەیی باش بناسێ، بەڵام بە داخەوە شاعیرانی ئێمە و ڕەخنەگرانمان کاریگەرییەکی وایان نییە، یان وان لە پەراوێزەوە، ئەمەش خەسارێکی قورس و گرانە.

* نووسین و کاری تازە چیتان بە دەستەوەیە؟ بە تەمان هەر لە بواری شیعردا کار و چالاکی خۆتان بەردەوام بکەن، یان مەبەستتان هەیە کە ئەزموونەکانی دیکەی دنیای ئەدەبیاتیش تاقی بکەنەوە؟

– کاری تازەم کۆمەڵە شیعرێکە لە ژێر سەردێڕی "هیلەی زەم" کە بۆ چاپ کردن داومە بە چاپەمەنی زانای ئیلام، تەواوی شیعر و نووسراوەکان پێشکەش بووە بە ژنان و پیاوانی و سەرجەمی گەلەکەم.

* زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە، هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازین و لەشتان ساغ بێت و ماندوو نەبن؟

– سپاس و ڕێز بۆ ئێوە و گۆڤاری (ڕامان)یش، بۆ ئەو هەل و دەرفەتە بە نرخەی بە منتان بەخشی کە بتوانم وەک کەسێکی لەک زمان لە کەڵکەڵە و خواست و خۆزگە و ئاواتە ڕۆشنبیری و هزرییەکانی گەلەکەم بدوێم.



# شـــەهرام عـــەلیـــدی (هونەرمـــەندی سینەماکار و سیناریۆنووسی کورد): سـینەمـا کـورتکـراوەی ژیانە.. ئێـمـەی کـوردیـش ئەگـەر بمانـەوێ دەتوانین بە سینەما زۆر کاری گرنگ بکەین.

**ئا: شەریف فەلاح**

شـەهرام عـەلیدی، ئەو لاوە سینەمـاکار و سـیناریۆنووس و شـێوەکـارەیە کـە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بیری جیاوازەوە لە بواری سـینەمـا و هونەردا کـار دەکات، ڕوانین و بیری نوێ بۆ سینەما و دۆزی کورد و پشـوودرێژی و بەردەوامی و سـەرکـەوتن و مسـۆگەرکردنی خەڵاتی جۆراوجۆر لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا ئەویان کردۆتە هونەرمەندێکی سینەمـاکاری ناودار و ناسـراو. خاوەن سـتـایل و ڕێچکەی جـیـاوازە و کـاری سەرەکی سینەمای ئەنیمەیشنە، بەڵام لە بواری کورتە فیلم، دۆکیۆمێنت، فـیلمی داسـتـانی و درێژیشـدا کـاری کردووە، شـەهرام عـەلیـدی خـاوەن تێـڕوانینی خـۆیەتی بۆ سـینەمـا لە کـوردسـتـان و خـەون و خـولیـاکانی لە بواری ئەدەب و هونەری ڕەسـەن و فۆلکلۆر و گرێدانی بە سـینەمـا و بەکـارهێنانی وەک هـەوێنی سـینەمـا لە کـوردسـتـان، جـێگای سـەرنجن، لەم هەڤپەیڤینە بەرفراوانەدا لەبارەی پرسی سینەما لە کوردستان و ئاست و پێگەی و ڕوانگەکانی بەڕێزیان هـەندێ پرسیارمان ڕووبەڕووی کردەوە.

* چۆن سینەمای وڵاتێک پێکدێ، چۆن پێناسە دەکرێ؟ ئایا ئێمە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتنی "سینەما"مان هەیە؟

– من پێم وایە شتە بابەتی و سۆبژێکتیڤەکان بوون، بەڵام هەندێ شت کە تا ئێستا باس نەکراون، زۆر پێویست و زەروورن بهێنرێنە گۆڕێ، هەر شتێک کوالێتییەکەی لە بازارەکەیەوە دەست پێدەکات، بۆ وێنە بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەڵک و جەماوەر کە حەزیان لە چایە، بێ گومان باشترین جۆری چایەکان دێنە ئێرە، یان ئەگەر خەڵکی وڵاتێک قاوە دەخۆنەوە و لە پاڵیشیدا چا زۆر بە کەمی دەخۆنەوە، ئەوکاتە ئیدی تۆ چاوەڕوانی ئەوە ناکەی کە دە، یان دوازدە جۆر چا بهێنرێتە ناو ئەو وڵاتەوە کە بۆنیان هەبێت، یان کەم بۆن بن و شتی لەم بابەتە، بۆیە لە هەموو پۆل و بوار و هونەرێکدا بازاڕ و ڕای گشتی و ویست و داخوازی خەڵک زۆر گرنگن، چونکە داخوازی خەڵک زۆر شت دەگۆڕێت و ئەوکاتە بەرەبەرە داوای شتی باشتر دەکات و دەیەوێ بۆ وێنە ئایفۆنی پێنج بکەی بە شەش و لەدوای ئەمەش شتی نوێ و باشتریشی دەوێت، یەکەم شت لە سینەمادا مەسەلەی جەماوەر و بینەرە، پاشان ئەم جەماوەرە لەکوێ و کەی دەتوانی کۆی بکەیەوە و ڕایبکێشی، چونکە ڕوحی سینەما هەر لە جەوهەردا لەناو ژیاندایە، هەم دیالۆگ و ئەکتینگ و هەموو ئەو شتانەی لەناو سینەمادا هەن لەناو ژیانیشدا هەن، بەو پێیەی کە "ژان لۆک گدار" Jean-Luc Godard دەڵێ: سینەما کورتکراوەی ژیانە، بەڵام گرتەی لێ بڕاوە، دەنا هەر خودی ژیانە، لێرەدا ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی مارکێت و چاوی باشت بۆ بەرەوپێشبردنی هونەری سینەما هەبێ، هۆڵی سینەما و شوێنی پیشاندانە، دەبێ هۆڵی باش و سەردەمیانەت هەبێت و پێویستە هۆڵەکانیش لە شوێنی باش و گونجاو بن، ئەم پێویستییانە وەک یەکەم قۆناغ بۆ سینەمای نەتەوەیەک دادەنرێن، چونکە یەک لەو کارانەی کە سینەما لە ئاشتی دنیا کردوویە و ئەمە بۆ کوردیش کراوە و ئەوەی من بیزانم لە دوو پارچەی کوردستان دەتوانم نموونە بێنمەوە، چونکە ئاگاداری بەشەکانی تر نیم، من لە ڕۆژهەڵات و باشوور دەتوانم نموونەی نۆستالژیای سینەما باس بکەم، ئەوکاتە بە بوونی هۆڵ و مارکێت و بوونی جەماوەر، سینەما دەتوانێ چی بکات؟ دروستکردنی نۆستالژیا و خەون کە بۆ خۆی ئەوانەی کە لە منداڵییەوە لەناو هۆڵێک دانیشتوون، ئەو خەون و خولیایە زۆر پێویستە بۆ داهێنان، بۆ پەیدا کردن و کەشف کردنی داهێنەر لە وڵاتێکدا، ئەو داهێنەرانە بەس تەنیا نایەنە ناو دنیای هونەر، لەوانەیە ببێتە کەسێک و لە ناسا کار بکات، یان ببێتە کەسێک کە فڕۆکە ساز بکات، بەس ئەو قارەمانە "ئارتاگۆنیست و پرۆتاگۆنیستە" زۆر پێویستە هەر لە سەرەتاوە بڕواتە ناو مێشکی منداڵەوە، بەدیهاتنی قارەمانێک کە نابەزێ و دەڕوات و هەر خەریکی فێربوونە، قارەمانێک کە منداڵچێکە و دەتوانێ بە کەمترین ئیمکانات بۆ خۆی شتێک دروست بکات، ئەمانە دەڕۆنە ناو ڕوح و زەینی جەماوەرەوە کە پێویستە لەباری خوێندن، زانست، سروشت پارێزی و تەندروستییەوە ...تاد هەڵبچێت و باڵا بکات، یانی ئەمە بابەتی تێکەڵاویی سینەمایە لەگەڵ مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵییەوە کە زۆر پێویستە، هۆڵی سینەما ئەم ڕەمز و ڕازەی هەیە، تۆ قەت ناتوانی بە شاشەی تەلەڤزیۆن و شوێنێک کە ڕووناکە و هەزار دانە دەنگی تێدایە و لە ناوەوە دەیان بڕگەی پچڕانی تێدایە، فیلم ببینی، یانی لە کاتێکدا کە تۆ لەناو ماڵی خۆت چاوت دەنووقێنی، یان دەست دەبەی چایەک دەخۆی، لەوانەیە چەند دیمەن و تەنانەت سکانسێک لەبەرچاوت بڕوات، بەڵام لەناو هۆڵی سینەما دەرفەتی ئەمەت نییە، لەناو هۆڵەکەی دیکە نابینی، بەس تۆ تێکەڵی هەموو کارەکتەر، ڕووناکی، دەنگ و ... شتەکانی دیکە دەبێت و تەرکیز و سەرنج دەدەیتە شاشە، ئەم تەرکیزکردنە دەتوانێ خەون دروست بکات، بێجگە لە هۆڵی سینەما، ئەو خەونە بەتاڵە و دەڕەوێتەوە و دوای ماوەیەکی کەم خێرا ئەو خەونە دەکوژرێت، کەوایە مەسەلەی هۆڵی سینەما و پیشاندانی بۆ خەڵک زۆر گرنگە و بێ گومان خەڵک هەست بە جیاوازییەکان دەکەن، بۆ نموونە لە سلێمانی و هەولێردا ئێمە ئەو خەون و خولیا و سیحر و جادوویی سینەمایەمان لەناو تاریکیدا بینیوە کە من ڕۆیشتوومەتە سەرشەقام و ناو کۆڵان و ناو چایخانە و لەگەڵ بەتەمەن و بەساڵاچووان قسەم کردووە، هەموویان باسی سینەما سیروان و سینەما کۆنەکانی دیکە دەکەن کە ئێستا ڕەنگە یەک دووانیان هەر بەتەنیا تابلۆکانیان مابن، بەڵام داخراون، لە سنەش هەروا بۆ وێنە: سینەما ڕەئووف، سینەما شەهر فەرەنگ، سینەما مەبەین،

سینەمای عەسکەری کە ئەرتشی شاهەنشاهی لە شوێنێک بەناو "بان باشگا" بەڕێوەی بردووە، ئەمانە خەون و خولیا و قارەمانییان دروست کردووە، ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئێستا کاتێک کەسایەتییەکی گەورە دەبینی، بۆ وێنە گیڤارا، یان هەر کەسێکی تر، بێ گومان لەناو زەینی خۆیاندا تێکەڵ بە ژیانی قارەمانێکی سینەمایی بوون، جگە لەمانەش پێویستت بە بەرهەمهێنەر هەیە، شتێکی زۆر گرنگتر ئەم لاو ئەولای پردەکەیە، یەکیان ئەوەیە کە وەری دەگرێ و یەکیشیان ئەوەیە کە دەستی پێدەکات و بەرهەمی دێنێ و سەرپەرشتی دەکات، یانی بوونی هۆڵی باش، بەرهەمهێنەری چالاک و بوونی پشتیوان و سەرپەرشتیارێک کە بەردەوام کاری ئەمە بێت، نەک یەک جار بیکات و وازی لێ بێنێت و شوێنەکە بەتاڵ بێت، لە پێویستی و تایبەتمەندییەکانی بوونی سینەمان، چونکە کوردستان پڕیەتی لە توخم و ماددەی خاوی سینەمایی، سینەمای وڵاتێک ئەگەر تەنیا پشت بە پشتیوانی و سەرپەرشتی حکوومەت ببەستێ، شکست دێنێ، چونکە حکوومەتەکان تەنیا بەتەمای ئەوە نین کە سەرپەرشتی فیلمێک دەکەن، پارە و داهاتیان بۆ بێنێتەوە، دوای ئەوە ناکەون کە ئایا سەرکەوتوو دەبێ، یان نابێت، ئەوان بەتەمای گونجاندنی ئامانجی خۆیانن لەناواخنی فیلمەکان، بۆ وێنە فەڕەنسا پشتیوانی و سەرپەرشتی فیلمێک دەکات کە لەناو فیلمەکەدا، تەنانەت بە کورتیش بێت، زمانی فەڕەنسایی بەکار بهێنێت، ئەمەش بۆ پەرەپێدانی زمانی خۆی دەکات، کە بەداخەوە لەلای ئێمە دەرهێنەرەکان بەپێچەوانەوە پارە لە حکوومەت وەردەگرن و زمان و ئەدەب و کولتوورەکەمان تێکدەدەن و دەیرووخێنن، بەداخەوە لە شوێنێکی حکوومیی بەئەزموون کەسانێک هەن کە داوای بەرتیلت لێ دەکەن، داوای ئەوە دەکەن کە بەشێک لە پارەی ئەو فیلمەیان پێ بدەی تا کارئاسانیت بۆ بکەن و ئەرکەکەی خۆیان بەجێ بگەیەنن، وات لێ دەکەن ماندوو دەبی، ئەگەر کەسێک نەبێت کە کۆڵ بدەی، بێ گومان تووشی گرفت و ئاستەنگت دەکەن و دوای چەند ساڵ دەمەتەقێ، پەرەوازە دەبێت و ئیتر حەز ناکەیت بڕۆیتەوە بۆ شوێنێک کە دە جار نامەیەکت لێ گوم بکەن، ئەم بەڵایە بەسەر چارەنووسی ئەم فیلمە تازەیەی خۆمدا هاتووە کە کاری لەسەر دەکەم و یەکێک لە دە سیناریۆی هەڵبژاردەی دنیایە، لە حاڵێکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی واژۆی لەسەری کردووە، بەڵام لە خوارەوە ڕایان گرتووە و کارەکانمان بۆ ڕاناپەڕێنن و نازانین چی بکەین؟ جیا لە وەرگرتنی پارە، مەسەلەی پاراستنی حورمەت و پێگەی کەسێکە کە ئۆسکاری وەرگرتووە، تۆ دەبێ لەم وڵاتەدا حەسانەت هەبێت، تۆ چۆن دەڕۆی گۆرانیبێژێکی پلە شەشی عەرەب دێنیتە ئێرە و ئەو هەموو ئیمکاناتەی پێ دەدەیت و خەرجی بۆ دەکەی، من پێم وایە ڕێزگرتنی هونەرمەندە کوردەکان زۆر لەو کارانە گرنگترن، ئەم شتانەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی حکوومەت و لایەنێک بۆ هونەری سینەما چۆن دەتوانێ باش، یان ڕووخێنەر بێت، بەتایبەت لە مەسەلەی بەدواداچووندا، چونکە فیلم دەبێ خاوەن و ناسنامەی هەبێت، فیلم ئەوکاتە دەست پێدەکات کە کۆتایی پێدێت.

دوای ئەوەی کە فیلمێکی باش تەواو بوو، تازە هەوڵ و تەقەللا و هەڵات هەڵاتەکان دەست پێدەکەن، بۆ ئەوەی کە لە هەموو ئەو شوێنانەی بەشدار دەبێت و ئەوانەی کە ئامانجیان لە بەرهەمهێنان نەتەنیا ماددی بووە، دەبێ ئامادە بن، بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرن، لە پێوەندییەکانەوە بگرە تا دوایین ستاف، تەنانەت ئیکۆنۆمی و ئابووریی وڵاتان دەجووڵێنیت، بۆ وێنە "ئەربابی ئەڵقەکان" ئاستی ئابووریی نیوزلەندی گۆڕی، دوای ئەوەش خەڵک ڕژانە سەرشەقامەکان و سوپاسی دەرهێنەرەکەیان کرد، ئێستا داهاتی یەکەمی بولگاریا تەنیا لەسەر لۆکەیشنی سینەما هەڵدەسووڕێ، ئێمەی کورد ئەگەر بمانەوێ، دەتوانین بە سینەما زۆر کاری گرنگ بۆ میللەتی کورد بکەین.

* وەک دیارە و ئەوەندەی من سەرنجم داوە زۆربەی فیلم و کورتە فیلمەکانی کورد چەقی ڕوانینیان لەناو شاخ و کێو و سنوور و بەگشتی لەناو سروشتدایە، بۆچی سینماکارانی کورد ڕوو لە شار ناکەن و ناپەرژێنە سەر خەم و خولیا و کێشە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی کورد لە شار؟

– بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانم بڵێم یەک لەو شتانەی کە لەلای ئێمە بۆتە نەریت، مەسەلەی لۆکەیشنە، دوو شت لە گۆڕێدان، ڕوانین بۆ ئەوەی کە کورد لە جوگرافیای شاریشدا دەژی و تەنیا گوند نییە و شارستانیەتی بۆ خۆی هەیە و بەتەنیا گوندنشین نییە، پێوەندیی جوان و تایبەت بەخۆی بۆ ژیان هەیە، بەڕای

من تەنیا ڕوانینێ بۆ ئەوە نییە کە تۆ لە فیلمێکدا کورد نیشان دەدەی لە شار، یان گوند، بەڵکو مەسەلەکە جۆری ڕوانینە بۆ ئەو ئینسانە کە چۆن دەری دەخەیت، تۆ دەتوانی مرۆڤێک بەتەنیا لە ژوورێکدا دەرخەیت کە دیار نییە شوێنەکە شارە، یان گوند، یان نەزانرێ دەرگاکەشی لە کوێوەیە، بەڵام بە فەلسەفە و جۆرێک لە بیرکردنەوە، ئەو ئینسانە بخەیتەڕوو کە بەو ئامرازانە و کەرەستانەی بەکاری دێنێ، بەو دیالۆگ و ئاخاوتنانەی دەری دەبڕێ، بەو قاپوقاچاخەی بەکاریان دێنێ، یانێ کاتێک بەکاریان دێنێ خاوێنیان دەکاتەوە، چۆنیان دادەنێ؟ چۆن جلوبەرگی خۆی ڕێک دەکات، چۆن دادەنیشێت و چۆن هەڵدەستێ، هەر بەم شتانە دەتوانی شارستانیەت و فەرهەنگی تاک و کۆمەڵ بگەیەنی، ئەم ڕوانگەیە بۆ من لە لۆکەیشن زۆر گرنگترە، گرنگ نییە لە کوێ وێنە دەگیرێت، بەڵکو گرنگ ڕوانین و ئەنجامی ڕوانینەکەیە، بۆ وێنە فیلمێکی دژە کورد کە دەبوا من لە کاتی خۆیدا هێرشم کردایەتە سەری "دۆڵی گورگەکان"ـە کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەدژی کورد دروست کراوە، ئەم فیلمە لەشار ساز کراوە و کوردیش نیشان دەدات کە ئەمە بازگە و سەیتەرەیە و ڕیسوایی و سووکایەتییە بە ئاڵای کوردستان کە لەلای ئێمە زۆر پیرۆزە، نیشاندانی کورد بە کەسانێکی توندوتیژ و تووڕە و دڕندە کە بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی بووە، یان نموونەی باشیش دەتوانین ئاماژە بە کورتە فیلمی "ماڵ و کلیل"ی شوان عەتووف بکەین کە هەموو فیلمەکە یەک حەوشەیە و لەوێدا دەتوانی ڕوحی میمیک (ڕوخسار)ی کورد لە سلێمانی لە برگەیەکی مێژوویدا ببینی کە لەناکاو دیمەنەکە دەبێ بە سفر، یان سەد، ناوەند و مەوداکەیان زۆر کەمە، یان گریانە، یان پێکەنین، یان ڕۆیشتن بۆ تڕۆپک و خاڵی مەبەست بەبێ دیالۆگ، نیشاندانی ئارکیۆلۆژی و شێوازی بیناسازی، خۆی دەربڕی شارستانیەتە، تەنیا ئەوە نییە، بەڵکو جلوبەرگ، لە هەڵسوکەوتدا دەردەکەون.

بۆ وێنە فیلمێک بە ستافێکی هۆلیوودییەوە کە دوو ملیۆن دۆلار پارە داهاتی بووە، بەڵام لەناو ئەم فیلمەدا هەر شەق لە منداڵی کورد هەڵدەدرێ، دەی ئەو فیلمە لە شاریشدا بەرهەم هاتووە، هەرچەند هەموو ئەو فیلمانە خاڵی باشیشیان هەیە، من تەنیا لەبەر بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان باسی ئەم مەسەلەیە دەکەم.

* باشە بەڕای تۆ، بەیت و باو و بالۆرە، کایەی منداڵانە و بووکە بارانە، بەگشتی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر توخم و هەوێنی سینەما و شانۆییان تێدا نییە، بۆچی سینەماکار و دەرهێنەرانی کورد کار لەسەر ئەمانە ناکەن؟

– تۆ دەزانی کورد چەندە عاشقە؟ هیچ میللەتێک لە دنیادا نییە بە ئەندازەی کورد عەشقی بۆ ژن، منداڵ و بەگشتی ژیان هەبێت، بۆ وێنە لە ئەدەبی کلاسیکدا، ئەگەر بمانەوێ باسی بکەین، دەبێ نموونە و فاکت لە نالی، مەحوی، سالم، گۆران و مەولەوی و تا دێتەوە بۆ شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و لەناو ڕۆمانەکانیشماندا شێرزاد حەسەن، عەتا نەهایی و بەختیار عەلی و...تاد چەندی دیکەش بێنینەوە، جیا لەمانەش بەتایبەتی و بە قووڵی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا مەسەلەی عەشق و خۆشەویستی زۆر خەست و بەرینترە، یانی ئەگەر لە ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆردا هەر تەنیا باسی لێکچواندن بکەین، کتێبێکی تایبەتی دەوێ، من لە فیلمە نوێیەکەمدا بۆ ڕوحی باب و باپیرانی خۆم و کورد و بۆ ڕێزێکیش لە هونەرمەندی مەزن خاڵە تاهیر تۆفیق گرتەیەکم داناوە لە هەمان کاتدا کە فۆلکلۆرە، بەڵام زۆر زۆر مۆدێرنە و دڵۆپێکە، لەو زەریا جوانەی دنیای فۆلکلۆر کە دەبینین لیمۆ لەوێ چی دەکات کە ئەوە دادەنێین تا فیلمەکە بەرهەم بێت، ئەوکاتەیە کە تۆ دەتوانی لە ڕوح و جەوهەری خۆماڵیی کورد، شت دەربێنی، بەیت و باو و ئەدەبی زارەکیمان لە سەداسەد پڕن لە هەوێن و توخمی سینەمایی و وێنەی جوان، بەڵام نابێ خاو و کرچوکاڵ بیانگوێزینەوە، چونکە دەبنە کۆپی، بەڵکو هونەر و زانستی دەوێ، یانی کاری پۆست مۆدێرن لە بەرهەمێکی زۆر کۆندا زۆر زەحمەتە و خوڵقاندنی تاقەت و شارەزایی و پسپۆڕی زۆری دەوێت، یانی هەم دەبێ ئەدەبی فۆلکلۆر و کلاسیک زۆر بە باشی بناسیت و هەم شێوازی کارکردن و گونجاندنی لە هونەری پۆست مۆدێرندا ئەمەیە خاڵە جەوهەرییەکە، تەنیا ئەوە گرنگ نییە بزانی و بڵێی "ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من/ کەچی دەستی لەسەر دانا لە سەیری باخی بەی کردین" ئەمە سەرەتای مەسەلەکەیە، دوای ئەوەی کە ڕۆیشتیتە ناو دنیای ئەدەب، دەبێ وەرگێڕانت هەبێ، وەرگێڕان و گواستنەوەیەک بە زمانی سینەما، جا لێرەدا زەحمەتەکە دەست پێدەکات، چونکە یەکێک لە

تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕ، شارەزایی لە زمانەکانی سەرەتا و مەبەستە و دەبێ زمانی ئامانج و سینەماییان زۆر بەهێز بێت، هەڵبژاردنی هەوێن و مەتریالێکی کلاسیک کە لەبارەیەوە زۆر قسە کراوە و زۆر ڕوون بۆتەوە، کاتێک دەیکەیتە بەرهەمێک کە ڕوون نییە و بۆ خۆشت قسەت لەبارەوە نەکردووە و یەکەم کەسی کە بیخولقێنی، دەبێ لەباری سینەماوە زۆر بەهێز و پرۆفیشناڵ بیت، کە تۆ دەبێ ڕوحی سینەمای نهێنی بگریت، سینەمای نهێنی مەبەستم ئەو ڕوح و توخمە سینەماییەیە کە لەناو ئەدەبی کلاسیکدایە و تۆ دەبێ لە ڕێگای ئەدەبی بەراوردییەوە کەشفی بکەیت و بیگوازیتەوە بۆ ناو خودی سینەما، یان هەندێ دەڤیش هەیە هەر نووسەر لە بنەڕەتدا بۆ سینەمای نووسیوە، ئیتر پێویست بە کەشف ناکات، چونکە هەموو مەتریالەکانی ئامادەن، بۆ وێنە باخچەی ئاژەڵانی جۆرج ئۆروێل، ئیتر سینەماکار بۆ ئەمە کێشەی نییە، بەڵام کە تۆ دەڕۆیتە ناو ئەدەبی ئەمریکای لاتین، دەڕۆیتە ناو ئەدەبێک کە لایەنی نهێنیی هەیە و دەڕۆیتە ناو لێکدانەوە و ئیماژە و شرۆڤەیەکی قووڵەوە.

لە ئەدەبی کوردیی ئێمەدا کە زۆر ماتریالیستی و دنیاییە و هێندە بۆ دەرەوە دەڕوانێ، ئەوەندە ڕوانگەی دەروونی نییە، بۆیە تۆ تێیدا نایبینی و نایدۆزیتەوە، بەتایبەت لە بەیتەکاندا بابەتەکان زۆر ڕوون و ئاشکران، بەڵام وێڕای ئەم سادەییەش ئەمە بەتەنیا بەس نییە، بۆ وێنە ئەگەر بێتو کار لەسەر برایمۆک، یان لاس و خەزاڵ بکەیت، دیسان کۆپیت کردووە، دەبێ ئیش لەسەر جوانیناسییان بکەیت، بە دیدگای ئەمڕۆییەوە، زۆر کەس کاریان لەسەر مەم و زین کردووە کە کارێکی سادە و کلێشەییە، ئەمانەش کاری باشن، چونکە هەر وڵات و میللەتێک بۆ خۆی "ڕۆمیۆو ژولێت"ێکی داناوە، خوسرەو و شیرین، مەم و زین، ڕۆمیۆ و ژولێت، ئەمە پێداویستییەکە دەڵێن با بێین باس لە عەشق بکەین، بەڵام ئەم چیرۆکە لە قالبی خوسرەو و شیریندا بکەین، ئەوە زۆرن، بەڵام کە بە وردی و قووڵ و بە ناسینەوە ڕۆیشتیتە ناخی هەرکام لەو بەیتانەوە، ئەوکات دەتوانی کەشف بکەیت، یان بەیتی "قەڵای دمدم" شتێکی زۆر ئەکشنە و ئاکامەکەی دیارە، تۆ ناتوانی بڵێیی خانی لەب زێرین کە باسی هەیبەت و تایبەتمەندیی دەکەی ڕوونە، ناتوانی لە سینەمادا بیکەیتە قارەمانێکی تر، بەڵام لێرە پێویستمان بە ناسینی زۆر لایەنی ورد و شاراوەی دنیای ئەدەبی فۆلکلۆر و کلاسیک هەیە کە بیخەیتە ناو فۆرمێکی سینەماییەوە و نابێ هەر وا بە شێوەی کۆپی بیگوازینەوە، ئەگەر زەمانێ کەسێک بیەوێ کاری سینەمایی لەسەر بەیتەکان بکات، شتێک کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە دنیای مۆسیقا و ڕیتم و شیعر تێیاندا زۆر بەهێزە، ئەگەر بمانەوێ نموونە لە بەیتەکانیش بهێنینەوە، بەیتێکە کە بە دڵدارەکەی دەڵێ من چیت بۆ دەکەم لەبەر ئەوەی تۆ ئاوا جوانی، جا لێرەدا من باسی ئەوە دەکەم کە دەگەینە وێنەی سینەمایی، تۆ حیسابی چەند سەد ساڵ لەمەوبەر بکە، حیسابی کەسێک بکە کە خوێندەواریی نەبووە، ئێستا وەرە لەم سەردەمەدا لەگەڵ هونەرێکی مۆدێرنی سینەمایی بەراوردی بکە، لەو بەیتەدا عاشقەکە دەڵێ: من گوارەت بۆ دەکەم لە زێڕێ، لەبەر ئەوەی گوێی تۆ زۆر ناسکە، لەسەر سندانی دانانێم بیکوتم، بەڵکو لەسەر لەپی دەستی خۆم گوارەت لەبۆ دەکەم، تۆ بەمەدا دەتوانی ناسکی و جوانیی ئەو کچەت بۆ دەربکەوێ، تۆ بەمە دەزانی کە ئەو کچەی چەندە لا خۆشەویست بووە و پاکی عەشق و بێ غەل و غەشی ئەویندارى لای کورد دەردەخات، ئەوەندە گوێی ناسکە دەڵێ نابێ قورس و کێشی هێندە زۆر بێت، یان پڕیشکی ئاسنی بەسەرەوە بمێنێ، نەوەک گوێی ئازار بدات، بۆیە پێویستم بە سندان نییە، بەمەش دەری دەخات کە کچەکە چەندە ناسکە و چەندە خاتری گەرەکە، لێرەدایە کە جیاوازیی سینەمای ئەکشن و ڕیئەکشن دەردەکەوێ، لێرەدا بە وەسف کردن و پێداهەڵدانی کەس، یان کەرەستەیەکی تر، تۆ کەسایەتی و جوانی و پێگەی کەسێکی تر وەسف دەکەی، ئەمە مۆدێرنیزمی شاراوە و نهێنیی ناخی بەیتە کوردییەکانە کە سەدان نموونەی لەمە جوانتریان تێدایە، لێرەدا ڕاستەوخۆ ناڵێی خۆشەویستەکەی من چییە، یانی هێنانی بۆن و شتی زۆر مەتریال و بەرهەست و عەینی کە کاتێ بۆنی ئەو بە بۆنی چڵەڕەیحانێک وەسف دەکات، دنیایەک جوانی دەخولقێنێ، یان بۆ لە کاتی وەسفی دیاردەکانی سروشت، وەک هەور و ئاسمان و تەمومژ دڵی گران دەکات، ئەوکاتە پێت دەڵێ کە ڕەنگ و "پەلێر کارکێشنی" فیلمە هۆلیوودییەکان چۆنە و هەور و ئاسمان چ ڕەنگە؟ لێرەدا هەموو شتێکت بە سینەما بۆ وەسف دەکات، ئیتر تۆ لەناو تەپوتۆزێکدا ڕەنگ و شتە هەست پێکراوەکان

دەبینی، تەنانەت insertیشی تێدایە، یان پێت دەڵێ ئێستا دەنگی سمی ئەسپەکان چۆنن، یان کاتێک سمیان لە بەرد دەدات چۆن بریقە دەدات و ئاگری لێ هەڵدەستێ، ئەمە لەخۆیدا یانی "klos ap" لەناو ئەو بەیتانەدا "لانک شات و فرەیم"ت پێ دەدات، یانی سینەمای کوردی چۆن بگاتە ئەو ئاستە نەتەوەییەی کە کارەکتەرێکی سنەیی، لە بادینان دابنێ، یان فیلمێک لە سنە کارەکتەرێکی بادینان دابنێ، یانی ڕوحێکی خۆشەویستیی سلێمانی - زاخۆ، دهۆک، قامیشلۆ، ماردین، دیاربەکر، هەولێر، لە سنە و مەهاباد و کرماشان هەست پێ بکەین، کە بەڕاستی لە ڕۆژهەڵات ئەم هەستە هەیە، لەو ناوچانەی کە ڕەنگە دەسەڵاتی خۆجێی زۆر کەمتر بێت، ئەو هەستە نیشتمانی و خۆشەویستییە زۆر پڕ ڕەنگترە تا ئەو شوێنەی کە دەبینی دۆخەکە زۆر باشترە و هیوای زۆری لێ دەکرێ، ئەمە لەناو بیروڕای گشتی ئێستا زاڵە، ئەم بیرۆکەیە کە مەسەلەی گرتنی ڕوح و ناخودئاگای ڕوحی دەستەجەمعیی نەتەوەیە، خاڵێکی زۆر گرنگە، ئەمە بەشە بنەڕەتی و پڕ زەحمەتەکەیە، بەشە ڕواڵەتییەکەش بیناسازییە کە زمان، کولتوور، جلوبەرگ، هەڵسوکەوت و دیالۆگە، تۆ بەم کەرستانە دەتوانی زۆر کار بکەی بۆ پاراستنی ئەو ڕوحەی یەکبوونە، بەداخەوە من هەندێ شت دەبینم کە لە زۆر لاوە نائومێدم دەکەن و متمانە و هیوام لێ دەستێنن، من نموونەی یەڵماز گونەی دێنمەوە ، بەتەواوەتی باوەڕی بە یەکبوونی نەتەوەیی و ڕوحی میللی هەبووە کە ئێمەش دەبێ وا بیر بکەینەوە، بەم دوو شتە لە ناخ و ڕواڵەتن و هەردووکیان دەبێ بپارێزرێن، بەتایبەتی تایبەتمەندیی زمان فرە گرنگە، زمانیش نەک تەنیا بۆ دیالۆگ، بەڵکو بەکارهێنانی ڕەمزەکانی زمان لەناو دەق و کێشانە دەرەوەی ڕیتمی دەروونیی زمان، بۆ وێنە زمانی جەستە، چونکە زمانی جەستەی کەسێکی ئیتاڵی لەگەڵ زمانی جەستەی کەسێکی ئیسکەندەناڤی زۆر پێکەوە جیاوازن، هەر بەم وردەکارییانە لە سینەمادا تۆ "میزانسن"ت دەگۆڕدرێ، باوەڕە ئیکۆلۆژییەکان کاریگەرن لەسەر ئەوەی تۆ سینەمای کوردیی پێ بنیاد بنێی.

* ئایا سروشت، بیناسازی و هەڵسوکەوت و کولتووری تاکەکانی کۆمەڵ دەبێ لە سینەمادا چۆن کاریان لەسەر بکرێ و بیووژێنەوە؟

- یەک لەو کەسانەی سینەمای ژاپۆنی "یاسی جیرۆ ئۆزۆ"یە، بزانە ئەو چی داهێناوە، هەروەک دەزانین ژاپۆنییەکان لەسەر زەوی دادەنیشتن چایان دەخواردەوە، ئەو یەک لەو کەسە بەهێزانە بوو کە بۆتە هۆی ئەوەی سینەمایەک کە لە فەڕەنسا خوڵقاوە و لە ئەمریکا بەخێو کراوە، ئێستا دێتە ژاپۆن، ئەو سێ پایەی ژێر کامێرای لە ئەمریکاوە هێنا، ئەمە بەرهەمی ڕۆژئاوایە کە هاتۆتە ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەو ئەم یاسایە تێکدەشکێنی و بە زانست و فیکری ڕۆژهەڵاتی خۆیەوە ئەو سێ پایە هەڵدەوشێنێ و لەسەر عەرزی دادەنێ، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ژاپۆنی کولتووریان وایە لەسەر عەرز دادەنیشن، ئەمە زانست و تێگەیشتنە لە کولتووری خۆت، کەڵکی ئۆزۆ، یان سینەمای ژاپۆن لەو خانووە کەشۆبی "چەکمەجی"یانەی کە بە داری تایبەت و کاغەز ساز دەکرێن، ئەو هاتووە بە بیناسازیی ژاپۆنی فێڵی لە سینەما کردووە، ئەمەش بە لێکۆڵینەوەی ئەندازەیی دەرکەوتووە، یانی هەڵەی سینەمایی کردووە، بەڵام بە زانینێکی زۆر هۆشیارانەوە، ئەو بە ناسینی شێوازی دانیشتن و ئیکۆلۆژی و بیناسازیی ئەو وڵاتە توانی ڕچەیەک بشکێنێ.

ئێمەش دەبێ ئەوە بزانین کە دوو شاری سلێمانی و سنە بیناکانمان وەک یەک دەچن و هاوشێوەن، یان ئەو ئەندازە ڕووناکاییەی کە لە کلاوڕۆچنەیەکی سەر ماڵانی هەورامانەوە دێتە ژوورێ، بەڵام ئێستا ببینە هەرچی فیلم لەوێ ساز کراوە، بزانە چەندە پڕیان کردووە لە ڕووناکی، بەر لە کارکردن دەبێ تۆ بە ڕوح و بەدڵ و واقیع تێیدا بژی، چونکە ناتوانی بیکەیتە نوسخەیەک و لە گرتەیەکدا بیخەیتە ڕوو و خەڵکی پێ چەواشە بکەی، من ماوەیەک لەمەوبەر لە کرماشان دۆکیۆمێنتارییەکم لەسەر ئەو بینا چەند هەزار ساڵانەی دەورەی ساسانییەکان لە کرماشان کرد، کاتێک ڕۆیشتم دنیایەک جوانی و وێنەم بینی، لە کێوێکدا قەڵای "یەزدگرد" کە دوایین پاشا و ڕەچەڵەکی کوردە، بەداخەوە چۆن بێ خاوەن کەوتووە و مەڕی تێدا بەخێو دەکرێ، ئەو شوێنە ئاورگەیەکی زەردەشتی پێغەمبەری تێدایە، لەو شوێنە باب و باپیر و نەوەکانی پێش ئێمە پێش هەزاران ساڵ دەیان هەزار دیالۆگ و وێنەیان تێدا خوڵقاندووە و من بیرم لێ دەکردەوە، ژێر ئەو ئاورگەیە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو، ئاخۆ لەسەرەوەی دەبێ چ ڕووناکییەکی بووبێت؟ ئەو سەرچاوە ڕووناکییە بۆ منی سینەماکار کە ڕووناکی یەکێکە لە

شتە بنەڕەتییەکان، چونکە بە ڕووناکی دەتوانم وێنە بگرم، دەتوانێ چیم بۆ بکات و زۆر شتی تر، یان بیرکرنەوە لە ئاو، دار و سەرجەم سروشت، هەوێنی کارکردنن، من کورد و سروشت بەجیا لە یەکتر نابینم، بیرکردنەوەی من بۆ سروشت، ڕەنگە تا چەندە بژیم قەت تەواو نەبێت، چونکە کورد لەناو سروشتدا زۆر جوان ژیاوە و تێکەڵی ڕوحی یەکتر بوون، بوونی ئاو لە سروشتی کوردەواریدا زۆر گرنگە و سینەماکاران دەبێ ڕووی تێ بکەن، چونکە سەرچاوەی دەنگێکی سروشتی و سیحراوییە، من وەک دەرهێنەرێکی سروشتیی کورد لەگەڵ دەرهێنەرێک لە کەویر و بیابان کار دەکات، جیاوازیی بیرکردنەوەمان هەیە، تەنانەت ئاکۆستیکی کاسەی سەریشمان جیاوازە.

* سیناریۆ ژێربەنا و بناغەی کاری فیلمە، لەم دواییانەدا هەندێ لە دەرهێنەرەکان دەڵێن ئێمە بەبێ سیناریۆ دەچینە سەر سەحنە، پارچە کاغەزێکمان پێیە و هەندێ شتمان نووسیوە و دەچین فیلم چێ دەکەین، ئاخۆ شتی وا ڕاستە، ئەمە چۆن چۆنییە؟

- من هیچ دەرهێنەرێکی بەناوبانگی دنیا ناناسم ئەمەی کردبێ، ڕەنگە نموونەیەک هەبێت ئەویش درۆیە، کە وەک داستانەکەی مەولانایە لەناو مەسنەویدا کە دەڵێ مەسەلەکە بەم چەشنەیە، کەچی ڕاستییەکەی وا نییە، بەڵام لەبەر ئیرۆتیک بوونی چیرۆکەکە نایگێڕمەوە، ئەگەر لە فیلمدا بیرت لە دەنگ، ڕەنگ، جووڵە، با و ئەندازەی فرەیمەکانت نەکردبێتەوە، مەحاڵە بتوانی فیلم بەرهەم بهێنی، باشە لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ دەبێ بیر بکرێتەوە، یان نا؟ ئەگەر کەسێک بێت و بڵێ من پێش لە فیلم بیر ناکەمەوە کە دەبێ چی ڕوو بدات، من نازانم لە ئەنجامدا چی باس دەکات و چی بەرهەم دێنێت؟ دەبێ باسێک لەبارەی بیرۆکەی لە ناکاویش بکەین کە لە کاتی کارکردندا دێتە ناو سیناریۆوە و تاڕادەیەک باوەڕم بەمە هەیە، ئایا لە بنەڕەتدا نووسینی سیناریۆ بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە ئەو شتانەی کە تۆ بیریان لێ دەکەیەوە و دەتەوێ بیانکەیتە وێنە، بیاننووسیتەوە تا لەبیرت نەچنەوە، سیناریۆ خۆی پرسێکی جێگای مشتومڕە کە خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی ئەدەبی هەیە، یان نا؟ ئایا بایەخ و بەهای خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەیە، یان نا تەنیا کۆمەڵە یادداشتێکە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک؟ ئەو فیلمانەی کە دیالۆگ تەوەرن، نەختێ خۆیان لەم نرخ و بەهایانە جیا دەکەنەوە، یان ئەو سیناریۆیانەی وەک ڕۆمان هەوڵ و تەقەللای دەستنیشان کردنی هەموو ئەو شتانەی تۆ وەک سینەماکار دەبێ بیبینی، وەک ڕووناکی، دەنگ، چونکە لە سینەما لەناو ستۆدیۆدا کار لەسەر ئەو گرتەو دەنگانە دەکرێت، باشە ئێمە وەک سینەماکار چەندە بیرمان لە ڕووناکی و دەنگی ئەو گرتەیە کردۆتەوە؟ زۆر کەم جیا لە یەک دوو کەسی دەگمەن، بەداخەوە سینەماکارانمان هەر بەلایدا ناچن، من دەڵێم سیناریۆ یادداشت و پلانێکە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم، ئەو یادداشتانەت پێ نەبێ کارکردن، مەحاڵە، هیچ دەرهێنەرێک لە دنیادا نییە کە ئەوەندە مێشک و بیری بەهێز بێت، ئەو هەموو بیرۆکە و گرتە و وێنانە بخاتە سەر یەک، تۆ لە کاتی کاردا و لە یەک چرکەدا دەبێ زیاتر لە شەش سەد بڕیار بدەیت، وەک ئاخۆ ئەو ئەکتەرەی کە لە قەراخی چۆمەکەوە دەڕوات، ئەکتەری دیکە ببینێ، یان نەیبینێ، یان ئەوەی لەسەر بانەکە دانیشتووە تەماشای ئاسمان بکات، یان ڕوو بە خوارەوە بێت؟ ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دەڕوات هۆڕن لێ بدات، یان نا، ئەو کەڵەشێرەی لەسەر بانەکەیە بخوێنێ، یان نا؟ دەبێ دەنگی بۆ دابنێی؟ ئەمە لە ڕۆژدا وێنەی بگرێت، یان بە شەو؟ ئەم هەموو پرسیارە تەنیا بۆ یەک گرتەیە، بەڵام ئەگەر بیر نەکەیتەوە زۆر ئاسانە و پرسیارێک نییە و هەرچییەک بووە و وێنەی دەگرین و تەواو، بەڵام ئەگەر بڕیارە بیر بکەینەوە، هەموو ئەمانە لەلات دەبن بە گومان، ئەم گرتەیەی کە باسمان کرد، شتێکی سادەیە، بەڵام ئەگەر بێتو کەڵەشێرەکە لە بانەکەوە بفڕێتە خوارەوە و ئۆتۆمبێلەکە لێی بدات، هەموو شتەکان دەگۆڕێن، یان ئەو کەڵەشێرە بخوێنێت و شۆفێرەکە بشڵەژێت و بدات بە شوێنێکدا هەموو وەزعەکە دەگۆڕێت، ئەمانە هەموو پرسن، ئەم پرسانە دێنە ناو سیناریۆوە، هەرچەند ئێمە فیلممان هەیە "دیکۆ دراما"یە و فیلممان هەیە دۆکیۆمێنتییە، لە فیلمی دۆکیۆمێنتیدا گرتە و بیرۆکەی لەناکاو زۆرە، تۆ ناتوانی بڵێی ئەو شتەی کە بیری لێ دەکەمەوە سەداسەد وێنەی دەگرم و تەواو، لە دۆکیۆمێنتاریدا تۆ دەبێ لە خزمەت واقیعەکەدا بیت، لە فیلمەکانی فیکشندا ئەوانەی کە دۆکیۆمێنتاریی زۆریان بەرهەم هێناوە، بۆ وێنە عەباس کیا ڕۆستەمی ڕێچکەیەکی ساز کردووە کە بەو ڕێبازەی توانیویەتی سینەما دۆکیۆمێنتی بێنێتە ناو سینەما

فیکشنەوە، کە تێیدا کەڵک وەرگرتن لە گرتەی بێ ئەکتەر و بەکارهێنانی ڕێئەکشنی زۆر، تەنانەت ئێمە لەناو سینەمای فیکشنیشدا ئەکتەرە پرۆفێشناڵەکانیش دادەنێین و دەڵێین ئێستا سەرقاڵی وێنەی ئەکتەرێکی ترین، بەڵام ڕاستییەکەی وێنەی ئەکتەرەکەی ڕووبەڕووی دەگرین، بۆ ئەوەی فیگۆر نەگرێت و وەک دۆکیۆمێنتی لێ بێت، لەوێ بێ پلانە و ئەکتەر پلانی نییە، بەڵام تۆ پلانت هەیە، زۆرن ئەوانەی لەناو سینەمای فیکشندان و فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەکار دەهێنن و تێکەڵیان دەکەن، بەڵام من لەو باوەڕەدام شتێکمان نییە کە بەبێ یادداشت و بێ پلان، بێ قەڵەم و کاغەز بۆ کارکردن بڕۆین، بەڕای من هونەر نییە، چونکە هیچی لێ بەرهەم نایەت.

* جیاوازییەکانی داگما فیلم لەگەڵ فیلمی سینەما لەچیدایە و هەندێ لە دەرهێنەرە لاوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کاری ئەنیمەیشنیان کردووە، لە بنەڕەتدا سینەمای ئەنیمەیشن چییە و ئەم ئەزموونە لەلای سینەماکارە کوردەکان چەندە سەرکەوتوو بووە و جێگای گرتووە؟

- سینەمای داگما شۆڕشێک بوو بەرانبەر بە سینەمای پڕ تەمتراقی بۆرژوازیی هۆلیوود، شەپۆلێکی نوێی سینەمای فەرەنسا بوو دوای نیورپالیزم کە پێکەوە کۆبوونەوە و بڕوایان نەمابوو و وتیان ئێمە کەڵک لە ڕووناکیی دەسکرد وەرناگرین و ڕووناکیی سروشتی بەکار دەهێنین، ڕووناکی و میکیاژیان لابرد، بڕوایان وابوو لەباتی ئەکتەر، نائەکتەر بەکار بهێنن، ئەوان سینەمایان هێنایەوە ناو دڵی واقیعی ژیان، دڵی ئەو شتەی کە ئێمە پێی دەڵێین دۆکیۆمێنت، ئەو شتەی کە ڕیالە، تەنانەت لەناو نیورپالیزمیشدا بەم چەشنە نەبوو، مەسەلەی جووڵە، هێنانە خوارەوەی کامێرا لەسەر سێ پایە، چونکە من لەدنیای وێنەکێشان و ئەنیمەیشنەوە هاتووم، ڕەنگە ئاماژە بە هەندێ شت بکەم، لەوانەیە سینەماکارانی تر نەیکەن، بۆ نموونە هێنانەخوارەوە کامێرا، لەگەڵ هێنانە خوارەوە بووم لەسەر سێ پایەی وێنەکێشی، کە لە وێنەکێشیدا زووتر ئەم کارە کراوە، یەکێکی تر مەسەلەی جووڵە و میزانسنە، ئەم گۆڕانکارییانە وایان کرد خەڵکیان لە سینەما زۆر نزیکتر کردەوە، سینەمایان هەرزانتر و بەردەستتر و واقیعیتر کرد کە لەو کاتەوە ئیتر هەستت بەوە دەکرد کە لەبەردەم کامێرا هەموو شتێکت ئامادە کردووە و چنیوە، من بۆ خۆم لەناو سینەمای ئەنیمەیشنەوە هاتوومە ناو دنیای سینەمای ڕیال، هەرچەند کاری سەرەکی من لەناو سینەمادا ڕیال نییە، مەبەستمان سینەمایەکی زیندووە کە دەستتێوەردانی هیچ ئامێرێکی دیکەی تێدا نییە کە ئەو فەنتازیا ڕواڵەتییە بەدی بێت، چونکە ئەو فەنتازیایەی کە ڕواڵەتی نییە لەناو کارەکانی مندا وردە وردە خۆی دەرخستووە، یانی ئەو ڕوحەی تێدایە، واتە دەگات بە شوێنێک کە وابزانم دیسانەوە بگەمەوە بە ناخی خۆم، چونکە سینەمای من ڕاستە ئێستا بەم چەشنە قسە دەکات، بەڵام جەوهەری خۆی نییە، وەک کەسێک چۆن دەڵێت بنەڕەتی زمانیم هەورامییە، من بنەڕەتی زمانیم ئەنیمەیشنە. دنیای فیلمی ئەنیمەیشن تایبەتمەندییەکی هەیە کە بێ سنوور خەڵک زۆر شتی لێ قەبووڵ دەکەن، جیاوازی نییە لە هەر کوێیەکی دنیا بیت، یەک لەو شتانەی کە لێی قەبووڵ دەکەی لۆژیکە، یانی پرسیاری مەنتیقی لێ ناکەیت، چۆن ئێستا لەم ژوورەدا عەقڵ قەبووڵی ناکات کە مەلێک دابکەوێت، بەڵام لە سینەمای ئەنیمەیشندا ئەمە قەبووڵ دەکرێت، لە ئەنیمەیشندا خەیاڵ دەوری زۆر دەگێڕێ، لە سینەمای ئەنیمەیشندا کردە نالۆژیکی و نەلواوەکان زاڵن و منیش بۆ خۆم لایەنگری ئەم بیرۆکەیەم.

* ئەی چۆن دەتوانین بڵێین سینەما، ئەدەب و هونەر، ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگەن؟

- ئەمە پێوەندی بە باسێکی فەلسەفیی زۆر دوور و درێژەوە هەیە، وەک فووکۆ دەڵێ: ئەمە پیپ نییە، پیپێکی بەدەستەوەیە و دەیژێ ئەمە پیپ نییە، ئایا کێ دەڵێ ئەم واقیعەی کە ئێستا من و تۆ تێیدا دەژین، هەر ئەمە بێت، ئێمە بۆ خۆمان دەستوور و نیزامێکمان داناوە و دەڵێین ئەمە قەنەفەیە، ئەمە ئیسکانە، یان لەسەر ناوی ڕەنگەکان ڕێککەوتووین، لە زۆر شتدا سەدا سەد بەو جۆرە نییە کە من چی دەبینم، حەتمەن تۆش هەر ئەوە دەبینی، کاتێک جیاوازە، چۆن دەتوانین بێژین واقیع؟ باشە ئێمە کە خەو دەبینین ڕیال خەو دەبینین؟ ئایا لە بنەڕەتدا خەون ڕیالە؟ لە واقیعدا شتەکە سوریالە، بیرکردنەوە و ڕوح و میتافیزیک هەروا سوریالە، ئێمەی ئەو شتەی کە دەیبینین، لە واقیعدا نایبینین.

من پێم وایە ئەو شتەی کە خەریکە ئێمە بە واقیع دەگەیەنێ خۆی درۆیە، بەهۆی فێڵێکەوە دەبێ بە واقیع، زۆر باوەڕی فەلسەفی دیکەش لەم بارەیەوە هەن. جا با

بگەڕێینەوە سەر ئەنیمەیشن و مەسەلەی واقیع و غەیرە واقیع، لێرەدا مەسەلەکە لەسەر بینەری کورد و غەیرە کورد نییە، مەسەلە شتێکە بەناو خەیاڵ، چونکە مرۆڤ حەزی لە فەنتازیا و خەیاڵ و شتێکە کە دوور بێت لە ریال، مرۆڤ لەبەرچی پەنا دەباتە بەر هونەر، لەبەر دەرچوون لە ریالیزم، مرۆڤ پەناگەیەکی بۆ خۆی ساز کرد کە بە خەیاڵ بە زۆر شت بگا، بەڵام هونەر لەسەر بنەمای ویستی مرۆڤ و کەلێنێک کە هەیەتی و لەسەر ئەوەی کە من کێم، من چیم، لە کوێ دەژیم، ئەمە چییە و ئەم دنیا چییە ساز بووە، ئەم پرسیارانە تەنیا خەیاڵ دەتوانێ وەڵامیان بداتەوە، ئەم خەیاڵە لە سینەمای ئەنیمەیشن و سووریال و سێ ڕەهەندی، تەنانەت دوو ڕەهەندیدا وەڵامەکانیانمان دەست دەکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە کە بینەری سینەمای ئەنیمەیشن پەرەی سەندەوە و تەنیا منداڵ نییە و هەموو چین و توێژەکانی دیکەش خوازیارین.

* زۆرێک لە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەربڵاوی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کورتە فیلمن و بوونەتە خۆراکی فیستیڤاڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان و لەم نێوەشدا هێندێ لە کەسان و کۆمپانیاکان دەڵاڵی بۆ بەشداریی فیلمە کوردییەکان لە فیستیڤاڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەکەن، یان هۆکاری ئەوەی کە فیلمی بڵند، یان کورتە فیلمی زۆرێک لە دەرهێنەرە کوردەکان پاش چەندان ساڵ هێشتا هەر خەڵات وەردەگرن، بۆ؟

– بەپێی ئەوەی کە ئاخۆ پێوانەی باش و خراپی ئەو خەڵاتانەی کە دەدرێن، ئایا دەبێ قەبووڵ بکەین کە خەڵات زۆرە لەدنیا، بۆ وێنە هەر لە شاری سلێمانی و باشوور چەند خەڵات هەیە، لە خەڵاتی بلە (ئیبراهیم ئەحمەد) ـەوە بگرە تا خەڵاتی دهۆک و کۆمپانیایەک کە بۆ نموونە بنێشت دەفرۆشێت، کام لەمانە خەڵاتێکن کە دەیان ساڵ لەسەر کاری خۆی کار کردبێت و کەسی شارەزا و پسپۆڕ و داوەری پرۆفیشناڵی بواری سینەمای هەبێت و پێوەری هونەری دابنێت؟ ئەوە زۆر گرنگە کە لە شوێنێک ئۆکەی وەربگریت کە ئەو شوێنە بەهێزترین کەسەکان لەباری فەن، تەکنیک، بابەت و لایەنەکانی دیکەی سینەما و ئەدەبیات تێیدا بەشدار بن و بڕیار لەسەر کارەکەت بدەن، من بەشێکی زۆر لەو ناوەندانەم بەلاوە پەسند نییە، ناوەندی بەهێز و پرۆفیشناڵی سینەمایی نین، کە ئەو بڕیارە بدەن، بەڵام شوێنگەلی دیکەش هەن کە دادوەرەکانی دەگۆڕدرێن و ئەوانەی بڕیار دەدەن یەک و دوو نین و دەیان کەسن و هەرکامەشیان خاوەنی باوەڕێکی هونەرین کە ناکەونە ژێر کاریگەریی هیچ ئاڵوگۆڕ و فەزایەکی سیاسی و ئیحساسەوە، من هەم بۆ بەشێک لەم خەڵاتانە ڕێز و حورمەت دادەنێم و هەم لە هەندێ شوێندا فریوی ناخۆم و پێوەریشم بۆ زۆر فیلمی دیکە هەیە کە بەشدار بووە و خەڵاتیشی وەرنەگرتووە و زۆر لەوانەش بەهێزترە کە خەڵاتیان وەرگرتووە، بۆ وێنە عەلی حاتەمی کە دەرهێنەرێکی سینەمای ئێرانە کە هەم بە دراماکانی و هەم بە فیلمە ئاساییەکانییەوە، سینەمایەکی ئێرانی – قاجاڕی جوانی پیشان داوە لەدوای دووەمین شەڕی جیهانی و دەورانی "موسەدق"ـەوە تا دەگاتە بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران چەندان فیلمی ساز کردووە، ئەگەر بێتو توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و وردیان لەسەر بکەیت، بە جوانی دەتوانی کارەکتەرەکان دەستنیشان بکەیت، کە چەند نەوە بووە، بازاڕ و کۆمەڵ چۆن بووە؟ ماڵ و ئامێرەکان چۆن بوون؟ ئەم سینەماکارە لە هیچ شوێنێ خەڵاتیشی وەرنەگرتووە، بەڵام کاری جوانی کردووە و لەلام زۆر بەڕێزە، ئەو توانیویە ڕێچکە و ڕێباز بۆ خۆی ساز بکات، هەرچەند سینەمای من لەگەڵ ڕێچکەی ئەو جیاوازیمان ئێرە بۆ ئاسمانە، یان کاتێک چاو لە کارەکانی یەڵماز گونەی، بەتایبەت "میرات و مێگەل" دەکەی هەست دەکەی، وێڕای زۆر خاڵی لاوازی تەکنیکی، بەڵام هەست دەکەی ئەم مرۆڤە ئەو هێرش و غەدرە بەربڵاوەی کە لە میللەتەکەی کراوە، ئەوی ناچار کردووە کە فیلم بەرهەم بهێنێ، دیارە بە ڕەوشت و کارەکانیدا، بەڵام کەسانی دیکەش هەن هەر بە ئاستی کارەکانی و هەڵسوکەوتی خۆیدا دیارە خەریکە بە زۆر خۆی دەسەپێنێ و لە هەموو شوێنێک دەڵێ من دەرهێنەرم، من یەکەمم، من یەکەمی بێ ڕکابەرم، یان من دووەمی چی و فلان و فیسارم، بەڵام ژورنالیستیشمان هەیە دەڕوات گیانیشی دادەنێ و خۆی و جانتایەکە، لەدنیا زۆرن ئەم کەسانە، بەڵام ناڵێ من یەکەمم، هەرچەند یەکەم بوون خۆشە و مافی بێ ئەم لاو و ئەولای ئەو کەسانەیە کە زۆر باش کار دەکەن، من پێم وایە عەشق و بەرپرسیارەتی، نازناو و خەڵات دروست دەکات، نەک تۆ وەک گۆرانیبێژ و سینەماکارێک لەپڕ بێژی سەرکەوتووم و وێنەم نییە، هونەرمەندێک کە عاشق بێت، ناکەوێتە داوی ئەوەوە کە ئێستا دەبێ خولقانێک

بكات چەندان كەس وەلا بنێت و بیانخاتە پەراوێزەوە و خۆی ببێ بە یەكەم، ڕكەبەرایەتی لەكاتی كاركردندا نابێ بیكەیتە پێوەر و ئاسۆی ڕوانینت كە تۆ كارت كرد ئەگەر كارەكە باش بێت، خۆی دەڕوات و وەک مەلێک دەفڕێت و نامرێت و بێ پاسپۆرت سنوورەكان دەبڕێت.

* هەست دەكرێ سینەماكارانی بواری كورتە فیلمی ڕۆژهەلات ئەوەندە كار بۆ بردنەوەی خەلاتی فیستیڤالەكان و پێشبڕكێ دەكەن، ئەوەندە كار بۆ جەوهەر و پەیامی سینەما و هونەر كار ناكەن، ئایا ئەمە ڕاستە؟

- بەڕاستی كاركردن بۆ خەلات و كاركردن بۆ عەشق دوو شتی لێک جودان، كاركردن بۆ ئەوەی كە تۆ خولیات هەیە، ئەم خولیایە من لە عەلی مەردان ـەوە فێری بووم، كاتێک كە زۆر منداڵ بووم كاسێتێكیان هێنابوو كە شتێكی زۆر دەگمەن و چیرۆكێكی خۆش دەگێڕێتەوە، ئەو وەک لە كاسێتی دەنگی خۆیدا گوێم لێ بووە، یەكەم جار لەناو تەپاڵداندا گۆرانی چڕبوە و خۆی تاقی كردۆتەوە، بیرەوەرییەكی تری عەلی مەردان ت بۆ بگێڕمەوە كە چۆن نوقمی دەنگ و ئاواز و دەربڕین بووە، دەڵێن كەسێک لە سلێمانی هەبوو كە كوردی هەمەدان بووە و بە زمانی فەهلەوییات و باوەڕی بەو ڕوحانەتییەی سەردەمی باباتاهیر هەبووە و لێرە جەرگ فرۆش بووە و شارەزاییەكی زۆری لە مەقامی كوردی هەبووە و (عەلی مەردان)یش لە تەمەنی مێرمنداڵیدا دەڕوات و لەلای داوای جەرگ دەكات و دادەنیشێ، ئەو كابرا جەرگ فرۆشەش عادەتی وا بووە لە كاتی باوەشێنی جەرگ و گۆشتەكەدا مەقام و گۆرانی چڕبوە و ئەمیش لەسەر كورسییەک و لە تەنیشتی دانیشتووە و هەر گوێی گرتووە و داوای جەرگی كردووە و خواردوویەتی، ئەوەندە نوقمی سیحری دەنگ و دەربڕین و ئاواز و مەقامی ئەو كابرایە بووە، ئاگای لەخۆی نامێنێ و خواردنەكەی لە ئەندازە دەردەچێ و كابراش دێت و دەڵێ تۆ چی دەكەی؟ چونكە دەبینێ ئەم منداڵە بەتەنیا سی -چل شیش جەرگی خواردووە، پاشان داوای لێبوردنی لێ دەكات و دەڵێ من ئاگام لەخۆم نەماوە و هۆیەكەشی ئەوەیە كە خولیای دەنگی تۆ بووم و خۆم لەبیر كردووە، ئیتر دەبێ بە مورید و شاگردی و هەندێ لەو شتە نایابانە لەو كابرایەوە فێر بووە، ئەمە یانی عەشق و بیرنەكردنەوە لەوەی كە تۆ دەتەوێ چی بكەی، چونكە كاتێک شتێكی بەهێز دەخولقێ كە تۆ ئاگات لێ نەبێ، یانی ئەوەندە دەبێ نوقم بیت و خۆت نەمێنی، بە واتایەک ئەگەر دەتەوێ ببی بە بوون، دەبێ بگەی بە نەبوون.

* یەكێک لە سیما دیار و ڕچەشكێنەكانی دنیای سینەمای كوردستان (ئەگەر هەمانبێ) "یەڵماز گونەی"یە، فەلسەفەی گونەی لە سینەمادا چی بووە و كارەكانی چۆن دەنرخێنی؟

- ئەگەر بمەوێ لەبارەی ئەو مرۆڤە گەورە و خۆشەویستە كە یەكێک لە ڕاستەقینەترین كەسەكانە لەبواری هونەری سینەما كە باوەڕی بە سەركەوتنی میللەتەكەی هەیە، قسە بكەم، كاتێكی زۆر دەبات، ئەو هونەرمەندە مەزنە ژیان و موڵک و هەموو شتێكی خۆی دانا، لە لووتكەی ناوبانگ و خۆشەویستیدا هەمووی دانا، من لە باكووردا دوو كەس بەلامەوە زۆر خۆشەویستن، "یەڵماز گونەی و ئەحمەد كایا" زۆر زەحمەتە لەوپەڕی خۆشەویستیی خەڵكدا بیت و زۆر سەروەت و سامانیش بڕژێ بەسەرتدا، بەلام لەپێناو پێداگری و خۆڕاگری و دەستەبەركردنی مافی نەتەوەكەت وا بكەی نەفرەتت لێ بكەن و لەبەرچاوی خەڵكەوە وەک ئەحمەد كایایان لێ بێت (كە من ئەو پێلاوەی دەخەمە سەرسەرم). یەڵماز لەبەر ئەوەی خۆی ئەكتەر بووە، ئەزموونی كامێرای زۆر كەسی هەبووە، ئەو ئەكتەربوونەی زۆر شتی پێ بەخشیوە، ئەمەشی هێناوەتە ناو سینەماكەی، یەک لە شتە باشەكانی فیلمی یەڵماز ئەكتی بەهێزی تێدایە، لەلایەكی دیكەشەوە زیرەكیی یەڵماز لە گرتنی ڕیئەكشندا، بەتایبەتی لە فیلمەكانی مێگەل، مەرسییە و لە زۆربەی فیلمەكانیدا یەكێک لە واژۆكانی یەڵماز گونەی گرتنی ڕیئەكشنە، نەک ئەكشن، یانی ئەوكاتەی كە ئەكتەر دەور نابینێت و ئاگای لەخۆی نییە تۆ وێنەی بگریت، من حەز دەكەم ئەگەر دەرفەت بگونجێ لە وۆرک شۆپێكدا هەموو ئەو گرتە دەربهێنرێت و باسی لێوە بكەم كە ئەو چۆن كاری لەسەریان كردووە.

ئەوە تەنیا تایبەت نییە بە یەڵماز، زۆر كەسی دیكەش ئەم كارەیان كردووە، بەلام سەركەوتنی یەڵماز لەم كارەیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خۆی بەڕاستی ئەكتەرێكی خاوەن توانست بووە، یەڵماز بووە هۆی كردنەوەی پەنجەرە و ڕۆژنەیەكی نوێ لەناو سینەما بۆ بیركردنەوە لە دۆزی كورد كە شێوازی سینەماكەی جیاواز بوو.

* یەكەمین فیلمی درێژی ئێوە "سرتە لەگەڵ با"یە،

مەبەستەکانت، یان مەبەستی سەرەکیت لە چێ کردنی ئەم فیلمە چی بوو؟ ویستت چی بپێکی؟

– یەکەم ئامانجم لە فیلمی "سرتە لەگەڵ با"، بێ گومان ڕوون و ئاشکرایە کە ئەویش بەجیهانی کردن و زیاتر خستنەڕووی پرسی ئەنفال و قڕکردنی کوردان بوو لە چاوی کامێرا و لەدووتوێی هونەری سینەمادا، هیوادارم بە ئەندازەی خۆم توانیبێتم ئەم ئامانجە بپێکم، چونکە من خۆم بە ڕوونی هەستم پێ کرد و لەو فیستیڤاڵانەی کە بەشداریم کرد، بەتایبەت ئیتاڵیا، ئەمریکای باشوور، چین و یابان و چەند وڵاتی دیکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ یەکەم جار بوو، دەیانزانی لە ئێراق و لەناو نەتەوەی کورد تاوانێکی لەم چەشنە (ئەنفال) بەدژی نەتەوەی کورد بەڕێوە چووە و پێم وایە کاریگەریی خۆی هەبووە.

* خەڵکانێک لە کوردستانی ئێراق لەو باوەڕەدان لە فیلمی "سرتە لەگەڵ با"دا فیلم کراوە بە قوربانیی فۆرم، وەڵامی ئێوە بەم ڕەخنەیە چییە؟

– بەکارهێنانی شێوازێک، ئەگەر بێتو فۆرم و دیزاین تێیدا بەهێز بێت، ڕەنگە جاری یەکەم هەست بە شیرینیی زۆر بکەی، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێ و پێش لەم کارە، ئەو شیرینی و چایەی کە خورایەوە، تاموبۆنێکی دیکەی هەبووە، بەردەوام بوون لەسەر ئەمە، کڕیار و جەماوەری خۆی کۆ دەکاتەوە، ئەو جەماوەرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەسەدان و هەزاران کەسی پێ زیاد دەبێت کە حەزیان لەو جۆرە ڕوانینەیە کە من، یان کەسێکی تر بۆیان ساز دەکات، من جۆرە خواردنێکیان بۆ ساز دەکەم کە جیاوازە، بەڵام ئەو پێشتر هەر خواردنی چەور و سوێری خواردووە، ئێستا من شێوازێکی تر لە خواردنی بۆ ساز دەکەم کە پێی نامۆیە، ئەم خواردنە دەبێ چاوەڕێی زەمەن بێ، یانی زۆر سینەماکاری دیکەش هەبوون کە کاریان لەسەر فۆرم کردووە و بەهێزیش دەرکەوتوون، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە لە شیعریشدا هەیە، بۆ نموونە مەولەویی کورد شاعیری فۆرمالیستە و حافزیش شیعری فۆرمالیستە، ئێمە بۆ دەبێ پێشی بگرین کە دەبێ وەک سەعدی شیعر بڵێت، سینەمای فۆرمالیستی، سینەمایەکە کە تێیدا گرافیک بەهێزە، ڕەنگ و فۆرم و دووپات کردنەوە و چنین و ئەم شتانەی تێدا بەهێزە، ئەم سینەمایە بەڕای من پێشتر لەلای ئێمەش نەناسراو نەبووە، من ئێستاش هەستی پێدەکەم لەناو کورتە فیلم و فیلمی درێژیشدا ئەم ڕێچکەیە کراوەتەوە، ئەگەر باش نەبوایەت نموونەکانت نەدەبینی کە بەر لەمە نەبوون، دوای زەمەن و نەوەیەکی تر کە ئێمە نەمێنین، زیاتر گەشە دەکات و باسی لێوە دەکرێت، یەک لەو شاعیرانەی کە لە شیعردا زۆر گرنگیی بە فۆرم داوە، (شێرکۆ بێکەس)ـە و دەبێ سینەماکارانی کورد دەستی بۆ بەرن، لە سینەمای جیهانیشدا نموونەی زۆرمان هەیە وەک: ئەنجۆلۆپۆس، پاراژانۆف، تەنانەت لەناو سینەمای "ئۆزۆ و کرۆساوا"شدا مەسەلەی فۆرم و گرافیک زۆر زەقە، ئەمە دەبێ بە زەمەن و کات بسپێردرێ و دەبێ ئەوەش بزانین هەر شتێکی نوێ کە دێت لە سەرەتاوە لەناو جەماوەر بە باشی وەرناگیرێت و سروشتیشە کە دژایەتییان دەکرێت، نیما یۆشیج باوکی شیعری نوێی فارسی دەڵێ: "هەر ڕەوتێکی نوێ دوژمنێک لەگەڵ خۆی دێنێت" لەبەر ئەوەی کە ئەو پێشتر ئەزموونی نەکردووە، دژی دەوەستێتەوە، بەڵام کە قبووڵی بکات، پاشان ئیتر لە مێشکیدا دەبێ بە کلاسیک و لەلای ئاسایی دەبێتەوە.

* دوو ڕۆژ لە سلێمانی بوویت و لە یادی یەڵماز گونەی سینەماکاری ناوداری کورددا بینەری چەند کورتە فیلمی تازە بوویت، بەگشتی ئەو فیلمانە لە چ ئاستێکدا بوون، چونکە هەندێکیان بەهێز و هەندێکیشیان لاواز بوون، وەک دەرکەوت تەنانەت کورتە فیلمە لاوازەکانیش لە چەندان فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا خەڵاتیان مسۆگەر کردووە، ئایا فیستیڤاڵەکان لاواز بوون، یان کورتە فیلمەکان؟

– دوای ئەوەی کە فیلمەکان کۆتاییان پێهات، من هەندێ هەڵسوکەوتم بینی کە بەتەواوەتی ڕەتکردنەوە و بڕیاری موتڵەق بوون کە لە ئاستی بەرزدا نەبوون، بەڕاستی ویست و داخوازی خەڵکیش وەک یەک نین، ئیتر دۆخیش گۆڕاوە و خەڵک ئەمڕۆ بەم هەموو ئیمکاناتە تەکنۆلۆژییەی کە هەیە، شتی باشیش دەبینێ، بەڵام من کە پێشتر ئەزموونی یەکەم فیستیڤاڵی کورتە فیلمی باشوورم هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ ئەوکاتە دەبوا زۆرتر گەشەی کردبا، بەڵام هاوکات تەکنیک و فۆرم و زۆر هونەری نوێم بینی، ناسینی گرامەری سینەمایان تێدا بەدی دەکرا، لەناو تاک و تروکیاندا شتی سەیروسەمەرەشم بینی، شتی وای تێدا بوو کە لە زمانی کلاسیکی سینەما لای دابوو، یانی زمانی تایبەتی خۆی هەبوو، یانی بیرۆکەی وات دەبینی کە پێوەندی بە سینەماوە نەبوو، یەکێک لە کێشەکان ئەمە بوو، لاوازیی

سیناریۆش یەکێک لە کەموکوڕییەکان بوو کە ئەمە تەنیا تایبەت بە کورد نییە و لە ئاستی دنیاش ئەم گرفتە هەیە.

زۆر توخمی دراماشیان تێدابوو، مەسەلەی دەنگ و ناسینی میزانسن و کەڵک وەرگرتن لە مۆسیقا بوو، یەکێک لە کێشە گەورەکان جیا لە مەسەلەی بیرۆکە کە بەڕاستی ئەگەر ئاوا بڕوات، حەیفە ئەو وزە و توانایی و کات و خەرجیانە بەخەسار دەڕوات، ئەم کات و دەورەیە دەفەوتێ، دەبێ ئەم زەمەنە بپارێزین و کەڵکی لێوەربگرین، چونکە زمان ڕاناوەستێ و نەوەیەکی تر و کەسانی دیکە دێن، چونکە لەناو شەپۆلی نەوەکانی دیکەدا دەبیت بە ژێرەوە، چونکە یەکەم خاڵی پێکان و کەوتن دەگەڕێتەوە بۆ سیناریۆ، هەندێ لە بیرۆکەکان بیرۆکەی کورتە فیلم نەبوون و هی درامای زنجیرەیی بوون، ئەویش لەژێر کاریگەریی درامای میسری و عەرەبیدا بوون، مەسەلەیەکی تر ڕووخان و کوشتنی چێژە کە تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندنەکان بەم بەرهەمە زۆر خراپ و لاوازانە لێرە دروستیان کردووە، بەڕاستی هەندێ خەساریان بەبار هێناوە یەکەم مەسەلەی دیالۆگ و بیرۆکە و سیناریۆ، دووەم ئەکتەرە ناسراوەکان هەموویان بەو زنجیرە درامایانەوە ئەنفال کراون، با هەر ئەو کەسانە لەناو فیلمێکی زۆر باش و بەرزدا دەور ببینن ئەوکات دەزانێ چۆن زێڕت لە قوڕ دەرهێناوە، ئەو هەموو ئەکتەرە شارەزا و پسپۆڕانە لە هەولێر و سلێمانی هەیە، نابێ بە دراما بیانکەنە قوربانی، چونکە کاتێک دێنە ناو کورتە فیلمەکانیش هەر بەو چەشنە کار دەکەن، هەرچەند هەندێکیان دەوری باشیان گێڕا، لەناو ئەو کۆمەڵە کورتە فیلمانەدا چێژی باشم وەرگرت.

* نوێترین کار و پڕۆژەی کاری سینەماییت چییە و ئەگەر بکرێ باسی لێوە بکەی؟

– یەک لەو پڕۆژە تازانەی کە بەدەستمەوەیە، فیلمی "ئەو گۆڕستانە...."یە کە باسی "دەوڵەت – میللەت"ی کورد دەکات، ماوەی پێنج ساڵە خەریکی نووسینی بووم، ئەم سیناریۆیە یەکێک لە دە سیناریۆی هەڵبژاردەی ٢٠١٢ فیلمی درێژی دنیا بووە لە فیستیڤاڵی کان، نزیک ٦٥٪ لە باجێتەکەی فەڕەنسا قەبووڵی کردووە بۆ فیستیڤاڵی کان دەبێت. من ماوەی یەک ساڵ زۆرم هەوڵ دا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پشتیوانیی فەرمی و یاسایی بکرێت، پاشان لە ئەنجومەنی وەزیران نووسراوەکەمیان گوم کرد و ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو واژۆیەیان بۆ من نەکرد، چەندان ئەکتەری بەناوبانگ لەناو ئەم فیلمەدا دەور دەبینن، کارێکی زۆر گەورەیە.

کارێکی دیکەم کە بەدەستەوەیە بەناوی "بیرەوەرییەکانی ئەسپێکی ڕەش" و بڕیارم داوە لە ماوەی یەک مانگ و نیوی داهاتوودا، تەنانەت بە داواکردن لە خەڵکیش بێت کە یارمەتیی ئەم فیلمە بدەن کە بەشێکی لە باکوور و بەشێکی دیکەشی لە باشوور وێنەی دەگیرێت، لەخۆیدا بیرۆکەیەکی مرۆیی و نەتەوەیی هەیە و بۆ ئێستا و دۆزی ئێستای کورد بە پێویستم زانیوە ئەو فیلمە بەرهەم بهێنم، بەڵکو بتوانم سەرپەرشتیارێکی باش بدۆزمەوە کە بتوانم پاش مانگ و نیوێکی تر دەستی پێ بکەم، هەر لێرەوە داوا دەکەم هەر لایەنێک بەڕاستی بتوانێت پشتگیری و پشتیوانیی لێ بکات، ئێمە بە باوەشێکی کراوەوە پێشوازی لێ دەکەین.

**پێناسە:**

– شەهرام عەلیدی" دەرهێنەری سینەمایی، سیناریۆنووس و ئامادەکار.

– ٢٠ی سەرماوەزی ١٩٧٢ لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

– دەسپێکی چالاکیی شانۆ لە قوتابخانەی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٨٣.

– چالاکی لە بواری شێوەکاری ١٩٨٩.

– دەرچووی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانە لە بەشی شێوەکاری لە ساڵی ١٩٩٨.

– براوەی خەڵاتی یەکەمە لە سێ قۆناغی پێشبڕکییە شێوەکارییەکانی ئێران لە ساڵانی ١٩٩١، ١٩٩٢ و ١٩٩٣.

– چالاک لە بواری گرافیک، ڕازاندنەوە، دیزاینی کتێبی منداڵان، ڕازێنەرەوەی شانۆ و سینەما و تیتراژ لە ساڵانی ١٩٩٣ – ١٩٩٧.

– خوێندکاری سینەمای ئەنیمەیشن لە پەیمانگەی سینەما و شانۆ و زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران لە ساڵی ٢٠٠٢.

**بەرهەمەکانی فیلمی درێژ:**

١– سرتە لەگەڵ با/ فیلمی درێژ ساڵی ٢٠٠٩.

کورتە فیلم:

١– ماملێ/ دۆکۆمێنتی – چیرۆکی ساڵی ١٩٩٨.

٢– شوت/ چیرۆکی ١٩٩٩.

٣- زەوی سەخت و ئاسمان دوور/ چیرۆکی ٢٠٠٠.
٤- دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو/ چیرۆکی ٢٠٠٢.
٥- قۆپچە/ چیرۆکی ٢٠٠٣.
٦- لادێییەکی بێ خەیاڵ/ چیرۆکی ٢٠٠٣.
٧- هەناسە/ دۆکیۆمێنتی ٢٠٠٣.
٨- شاخەکانی تاران/ دیکۆمێنتی ٢٠٠٦.
٩- چوارینەی ئاو/ چیرۆکی شاعیرانە ٢٠٠٧.
١٠- قەسیدەی ئاوێنە/ چیرۆکی شاعیرانە ٢٠١٠.
١١- غەزەلی نوور/ چیرۆکی شاعیرانە ٢٠١٠.

**خەڵاتەکانی فیلمی "سرتە لەگەڵ با":**

١- فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کان (CANNES)ی فەرەنسا/ ٢٠٠٩/ حەفتەی رەخنەگران کە بۆتە خاوەنی سێ خەڵاتی: پشتیوانی ACID باشترین فیلم، خەڵاتی نیگای لاو، خەڵاتی رەخنەگرانی لاوی ئەوروپا.

٢- فیستیڤاڵی مومبای/ هیندستان/٢٠٠٩/ خەڵاتی رەخنەگرانی لاو.

٣- فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئامازۆن/ بەرازیل/ ٢٠٠٩/ خەڵاتی تایبەتی لیژنەی داوەران.

٤- فیستیڤاڵی مێژوویی پساک/ فەرەنسا/٢٠٠٩ خەڵاتی داوەرانی ئەکادیمیک

٥- فیستیڤاڵی براتیسلاڤا/ سلۆڤاکیا/ ٢٠٠٩/ خەڵاتی داوەرانی ئەکادیمیکی لاو.

٦- فیستیڤاڵی ترۆمۆسۆ/ نەرویج/ ٢٠١٠/ خەڵاتی زێرینی دۆن کیشۆت.

٧- خەڵاتی نێودەوڵەتی بەغدا/ ئێراق/ ٢٠١٠/ خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو.

٨- فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئامال یۆرۆی عەرەب/ ئیسپانیا/ ٢٠١٠/ خەڵاتی باشترین فیلم.

٩- فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئامال یۆرۆی عەرەب/ ئیسپانیا/ ٢٠١٠/ خەڵاتی باشترین ئەکتەر.

١٠- فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فەجر/ ئێران/ ٢٠١٠/ خەڵاتی باشترین وێنەگری.

* کاندید بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئینگار برگمەن.
* کاندید بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین فیلمی ئاسیا پاسیفیک.

سیناریۆی "گۆرستانێک کە هەر رۆژە تریی دەدا" یەکێک ١٠ سیناریۆی هەڵبژێردراوی دنیا لە فیستیڤاڵی CANNES 2012

(Cinemas du monde)

**خەڵاتەکانی فیلمی "دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو"**

خەڵاتی فیستیڤاڵی کۆمپانیای سونی (Sony)/ باشترین فیلمی تاران ٢٠٠٢.

خەڵاتی فیستیڤاڵی/ئاوانکا/ پورتوگال/ ٢٠٠٣.

هەڵبژێردراوی فیستیڤاڵی بووسان/ سینەمای جیاوازی ئاسیا/ کۆریای باشوور ٢٠٠٣.

خەڵاتی فیستیڤاڵی (ڕیۆدیژانیرۆ) بەرازیل ٢٠٠٣.

خەڵاتی فیستیڤاڵی (دورنێزی) فەرەنسا ٢٠٠٣.

لە بەشی پێداچوونەوەیەک بە فیلمە کوردییەکانی جیهان، خەڵاتی فیستیڤاڵی (فیلمی کوردی بەرلین) ٢٠٠٣.

خەڵاتی فیستیڤاڵی (مێد فیلم Med Film Festival)ساڵی ٢٠٠٣.

خەڵاتی بەشی نێودەوڵەتی فیستیڤاڵی (کلێرمونت) فەرەنسا ٢٠٠٣.

خەڵاتی باشترین بەرهەمی نەتەوەیی فیستیڤاڵی (کورتە فیلمی تاران) ئێران ٢٠٠٣.

خەڵاتی باشترین سیناریۆ لە فیستیڤاڵی (ئارۆکا) پورتوگال ٢٠٠٤.

خەڵاتی تایبەتی لیژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵی (فیلمی سلێمانی) ٢٠٠٤.

خەڵاتی تایبەتی بینەران لە فیستیڤاڵی (ئیماگۆ) پورتوگال ٢٠٠٤.

خەڵاتی تایبەتی فیلمێکی ڕاشکاوانە لە فیستیڤاڵی (هامبۆرگ) ٢٠٠٤.

خەڵاتی تایبەتی ناوبژیوان لە فیستیڤاڵی (تۆرێنتۆ) ئیتاڵیا ٢٠٠٤.

**ئەم فیلمە لەم شوێن و کەناڵە نێودەوڵەتییانەش پیشان دراوە:**

١- کەناڵی جیهانی/ Canal + فەڕەنسا/ ٢٠٠٥.
٢- سینەمای فەڕەنسا/ Courte Metrage CNC فەڕەنسا ٢٠٠٦.
٣- کەناڵی جیهانی/ CBS کەنەدا/ ٢٠٠٥.
٤- کەناڵی جیهانی/ cine cinema فەڕەنسا/ ٢٠٠٦.
کتێبخانەی گەورەی ژۆرژ پۆمپیدۆ/ فەڕەنسا/ ٢٠٠٦.

# ئەدەبی بەراوردكاری
# لەنێوان بنەما مێژووییەكان و كێشە تیورییەكانی ئەمڕۆیدا

**عەبدولغەنی كاكۆ**
**(ئەڵمانیا)**

ئەدەبی بەراوردكاری كە لەناو كایەی ئەو كارلەیەك كردن و بەناویەكداچوونەی دەقەكاندا دەخولێتەوە، دەبێ ئێستا ئەركی چی بێت؟ ئایا ئەركی خۆی لە خۆ تازەكردنەوە و بەخۆدا چوونەوە جێبەجێ كردووە؟ لە خۆ دەوڵەمەندكردن و وەڵامدانەوەی بەرانبەر ئەو واقیعە تازەیەی دنیای تێكەڵاوبوون و كرانەوە و لەیەكتر نزیك بوونەوەیە چی كردووە؟ ڕاستییەكەی ئەوەی بووەتە جێگەی سەرنجی زۆر لە توێژەر و ڕەخنەگران ئەوەیە كە ئەدەبی بەراوردكاری زۆر بە سستی وەڵامی ئەو گۆڕانكارییانە دەداتەوە، ئەمەش هەر تەنیا خۆی لە دابەزینی ژمارەی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەكاندا بەرجەستە ناكات، بەڵكو لە چەقبەستوویی بنەمای میتودی و خۆداخستن و نەكرانەوەشدا بەرجەستە دەكات بەرانبەر ئەو هەموو كرانەوە و تێكەڵبوونە مەزنانە لەسەر ئاستی كولتووری و هزری مرۆڤەكانی جیهانی ئەو سەردەمە، ڕەنگە بەشێكی ئەو كێشەیە بە ڕیشە مێژووییەكانی بەراوردكارییەوە پابەند بێت كە سنووری بۆ چەمك و شێوازی كاركردن، تەنانەت بەرجەستەبوونیشی لە ناو پانتایی زانستی لێكۆڵینەوە و توێژینەوە ئەدەبییەكاندا داناوە، لەم سۆنگەیەدا دەبێ لە ڕەهەندە مێژووییەكەوە بۆ مەوداكانی ئایندەی ئەدەبی بەراوردكاری بڕوانین.

### بەراوردكاری لە كێشەیەكی بەردەوامدا

تا ئێستاش چەمك و دەستەواژەكانی بواری توێژینەوەی ئەدەبی، لە هەوڵی پێناسەكردنیاندا ڕووبەڕووی كێشەی پۆلێن كردن و هاوێركردن دەبنەوە، ئەم كێشەیەش خۆی لەو بۆچوونە جیاوازانەدا دەبینێتەوە كە لەلایەن توێژەرەوە و بیرمەندانی ئەو بوارەدا دەخرێنە ڕوو.

مەسەلەی خۆ ڕوون كردنەوە و پۆلێن كردن لەو سەردەمەی ئێستاماندا پێداویستییەكی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، ئەو بایەخ و گرنگییەش لە ئاكامی ئەو كاریگەرییە ڕاستەوخۆ و مەزنانەی گەشەكردنی زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەكانەوەیە كە بەسەر پێشكەوتنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاتووە، ئەگەر گەشەكردنی زانستی نەبووایە ئەو گۆڕانكارییە گەورانە لە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نەدەهاتنە ئاراوە، هەر لە سەدەی هەژدەوە، لەوكاتەی كە هەست بە كاریگەرییە ڕاستەوخۆ مەزنەكانی پێشكەوتنی زانستەكان بەسەر گۆڕانی كۆمەڵایەتییەوە كراوە، هەر لەو كاتەوە تا ئەمڕۆ هەموو بوارە جۆر بە جۆرەكانی بیری مرۆڤایەتی كەوتوونەتە خۆ بۆ ئەوەی لە چارەسەركردنی كێشە تیورییەكانیاندا سوود لە بنەما لۆژیكییەكانی ئەو زانستانە وەربگرن، بە تایبەتی كە كاریگەری ئەم زانستانە لەوە تێپەڕیوە كە



**یاشار کەمال**

تەنیا لە ژوورە داخراوەکانی تاقیگە و کارخانەکاندا هەستی پێ بکرێ، بەڵکو ئەو سنوورانەی بڕیوە و بە چەشنێک هاتووەتە ناو کۆمەڵگە کە کاری لە بیروباوەڕ، تەنانەت لە کولتوور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش کردووە، لە هەمووی کاریگەر و مەترسیدارتر (مەترسی نەک بە مانا نەرێنییەکەی) کاریگەری بەسەر بیروباوەڕ و سیستمە ئایدیۆلۆژییەکانیشەوە پەیدا کردووە، بەو مانایە کە دارشتنی نەخشە ستراتیژییەکانی ئەمڕۆ لە دنیای سیاسەتدا ئەو کاریگەرییە ڕەچاو دەکات.

جا لە سەردەمێکی ئاوەهادا کە هەموو شتێ بە ئاراستەی کرانەوە و خۆ ناساندن و خۆ ڕوون کردنەوە بڕوات، ناکرێ چەمک و دەستەواژەیەک خۆی بە لێڵی و تەمومژاوی بهێڵێتەوە، ئەگەر جاران ئەمە کارێک بوو بەهۆی ئاستی نزمی هۆشیاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و نەرەخسانی هەلی هۆشیار بوونەوە، دەچووە سەر، ئەوە ئیتر ئەمە لەم سەردەمەدا ناچێتە سەر.

ئەدەبیش وەک هەر دیاردەیەکی بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی کەوتووەتە بەر تەوژمی بە خۆداچوونەوە و هەمیشە خۆ تازە کردنەوە، تا بتوانێ لە ڕووی داهێنانەوە بە کارکردنی لە ناو زماندا پێداویستییە ڕوحییەکانی مرۆڤ دابین بکات، بەڵام ئەوەی لە لایەکی ترەوە هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە کە وا لەڕووی تیور و توێژینەوەدا، ئەدەبی بەراوردکاری درەنگ کەوتۆتەخۆ، بۆیە ئێستا ئەو بوارە گیرۆدەی زۆر کێشەی تیوری بووەتەوە و تا ئەمڕۆش ئەو کێشانە شوێنی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی بەردەوامن.

ئەدەبی بەراوردکاری یەکێکە لەو بوارانەی لەناو ئەم کێشەیەدا دەژی، هێشتاکە لە ڕووی چەمک و بنەماکانی کارکردنەوە ڕووبەڕووی زۆر کێشەی تیوری دەبێتەوە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە هەوڵی پێناساندن و ڕوونکردنەوەی ئەم بوارە وەک چەمکێکی بواری توێژینەوەی ئەدەبی، تیشک دەخەینە سەریان، ئەوەش بە ڕوونکردنەوەی شوێنی لەناو پانتایی توێژینەوەکان، پاشان مێژووی سەرهەڵدان و بایەخ و گرنگی و بنەماکانی بەرنامەی کارکردنیدا ڕۆشنتر دەبێتەوە.

## شوێنی ئەدەبی بەراوردکاری لە ناو پانتایی توێژینەوە ئەدەبییەکاندا

تێگەیشتن لە ئەدەبی بەراوردکاری پێداویستی لێدوان و تێگەیشتن لە چەندان چەمک و دەستەواژەی دیکەی بواری توێژینەوەی ئەدەبی دێنێتە پێشەوە، ئەوەیش بە هۆی بەناویەکداچوونی ئەم دەستەواژەیەیە لەگەڵ چەمک و دەستەواژەکانی تری بواری توێژینەوەی ئەدەبی، بە شێوەیەکی گشتی ئەم بوارانەی توێژینەوەی ئەدەب بە جۆرێک بەناو یەکدا، چونکە «ناکرێ بەبێ ڕەخنە لە تیوری ئەدەب، یان مێژووی ئەدەبی تێ بگەین، ناکرێ بە بێ تیوری ئەدەب لە ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی تێ بگەین، هەروەها ناکرێ بەبێ تێگەیشتن لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەب لە مێژووی ئەدەبی تێ بگەین» (١) لە لایەکی ترەوە ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە شێوەی سەرهەڵدانی مێژوویی ئەو بوارە لە توێژینەوەی ئەدەبیدا، تا ئێستاکە توێژەرەوەی وا هەن دەڵێن «چاکتر وایە توێژەرەوەی ئەدەبی هەوڵی پێداگرتن بدات لەسەر ئەوەی کە ئەدەبی بەراوردکاری ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی دەق و ڕەخنەگری لە کارە ئەدەبییەکاندا، بەم پێیە ئەگەر بمانەوێ بە وردی سنووری بۆ بکێشین، ئەوە ئەدەبی بەراوردکاری شێوەیەکە لە ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوازە هاوچەرخەکەی، شێوەیەکە لەو ڕەخنەیەی کە لە کاتی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکاندا کاریگەری پێوەندی توندوتۆڵی نێوان ئەدەبە تازەکان لەبەرچاو دەگرێ.» (٢)

بەڵام تۆ بڵێی ئەدەبی بەراوردکاری، هەروەها بە ئاسانی بچێتە خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە؟ بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە ئەدەبی بەراوردکاری تەنیا بایەخ بە

پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەدەب دەدات، لە مێژووی پێوەندی و کاریگەرییەکانی ئەدەبێک دەکۆڵێتەوە لەسەر ئەدەبێکی تر، خۆی لە بابەتی چەشەی ئەدەبی و مەودا ئیستێتیکییەکانی نادات، بەو مانایە ئەدەب شی ناکاتەوە و هەڵی ناسەنگێنێ، تەنیا لە پێوەندییە دەرەکی و ناوەند و کاریگەرییەکانی پەیوەست بەو ئەدەبە دەکۆڵێتەوە، لە کاتێکدا ڕەخنەی ئەدەبی بایەخ بە مەوداو ڕەهەندە ناوەکییەکانی دەق دەدات، ئەو ڕەهەندانە بواری تایبەتمەندێتی ڕەخنەی ئەدەبی پێکدەهێنن.

لێرەوە دەردەکەوێ کە پێوەندی ئەدەبی بەراوردکاری بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە وەک ئەوە وایە کاریان لە بواری توێژینەوەی ئەدەبدا لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبێ، «بۆیە توێژەرەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ڕەخنەگر نین و ڕەخنەگرانیش بەراوردکارنین، چونکە هەریەکەیان بە شێواز و کەرەستەیەکی جیاواز لەسەر هەمان بابەت (ئەدەب) کار دەکەن» (٣)

بەڵام کارکردنی ئەدەبی بەراوردکاری لەسەر پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەدەب وەک بواری تایبەتمەندێتی خۆی، گرفتی بەناو یەکداچوونی ئەم چەمکەی لەگەڵ چەمکێکی تری بواری توێژینەوەی ئەدەبی هێناوەتە ئاراوە، ئەویش چەمکی (مێژووی ئەدەب)ە، بەو پێیەی کە ئەمیش لەدەرەوەدا مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکات، ڕاستییەکەی هەردوو چەمکی مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی وەک ڕینێ ویلیک دەڵێ «ناوەرۆکی تیوری ئەدەبی پێکدەهێنن» (٤).

لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە تێڕوانینێکی مێژووییانەوە بە درێژایی سەدەی نۆزدەم تەوژمێکی فراوانی کارکردنی توێژینەوەی ئەدەبی بوو لە فەڕەنسا و وڵاتانی ئەوروپی، ڕابەرانی ئەو تەوژمە پێیان وایە (مێژووی ئەدەب) بریتییە لە توێژینەوە لە سەرچاوە و بنجوبناوانەکانی ئەدەب، لەو شوێن و ناوچانەی ئەو ئەدەبەی تێیدا سەری هەڵداوە، هەروەها لەو مەتریالانەی لە نێوان ئەدەبێکی نەتەوەیی و ئەدەبێکی تردا دەگوێزرێنەوە، بە شێوەیەک کە بە بەڵگەوە بە دوایدا دەگەڕێ و ڕوونی دەکاتەوە، لێرەوە دەردەکەوێ کە ئەدەبی بەروادکاری هەتا چ ڕادەیەک لە پێوەندییەکی بە ناو یەکداچوودایە لەگەڵ مێژووی ئەدەب.

«مێژووی ئەدەب لە سەرهەڵدانی ئەدەب و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سروشتیانە و ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئاینییانەی سەر ئەدەب دەکۆڵێتەوە» (٥).

ئەدەبی بەراوردکاری لە کاریگەری نێوان دوو ئەدەب بەیەکترەوە دەکۆڵێتەوە.

هەندێ بوار و چەمکی تریش هەن کە سنووری کارکردنیان لەبواری توێژینەوەدا تێکەڵی ئەدەبی بەراوردکاری دەبن، یان یەکتری دەبڕن، وەک ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی جیهانی، ئەدەبی گشتی، ئەمەش پێداویستی پێناساندن و سنوور بۆ دانانی ئەم چەمکە زیاتر دەهێنێتە پێشەوە. (٦)

## بەراوردکاری لەڕووی چەمکەوە

چەمکی بەراوردکاری لە پرۆسەی بەراوردکردنەوە هاتووە، بەراوردکردن لە سادەترین ڕاڤەی زمانەوانیدا بریتییە لە «هەر شێوەیەکی هاوبەش کە لە نێوان دوو دیاردە، یان زیاتردا هەبن و بەو شێوەیە لە پێوەندیدابن کە هەر یەکێکیان بەوی تریانەوە پێوانە بکرێت، بۆ نموونە شێوازی ڕەوانبێژی و خەسڵەتی هاوبەشی نێوان دوو دیاردە لەگەڵ یەک بەراوردکراوەکە؛ وەک دەوترێ پرچی ڕەشی وەک قەتران، کوڵمەی سپی وەک بەفر، لێوی سووری وەک خوێن» (٧) مانای وایە ئەو ڕەنگانە (ڕەش و سپی و سوور) چەند خەسڵەتێکن کە چەند ڕەگەزێکی جیاواز بەیەکەوە دەبەستنەوە، بەڵام ئەو پرۆسەی بەراورد کردنە لەناو چەمکی ئەدەبی بەراوردکاریدا ماناو مەبەستێکی تر بە خۆوە دەگرێ کە لە سنووری ئەو سادەییە دەچێتە دەرەوە.

ئەدەبی بەراوردکاری ئەو بوارەیە لە توێژینەوەی ئەدەبیدا کە هەوڵی بەراورد کردن لە نێوان دوو ئەدەبدا دەدا، یان وردتر بڵێین لە نێوان ئەدەبێکی نەتەوەیی و ئەدەبێکی تردا کە بە زمانێکی تر نووسرابێ، یان سەر بە کولتوورێکی تر بێ، لەم پرۆسەیەدا ئەوە لەبەر چاو دەگیرێ کە پێوەندی ئەم ئەدەبە بە ئەدەبەکەی تر چییە و چۆن کاریان لە یەکتری کردووە، ئەم کار لە یەکترکردنە لە چ مەرج و بارودۆخێکی مێژووییەوە بە ئەنجام گەیشتووە، هەروەها ڕادەی ئەم کار لەیەکترکردنە لە هەردوو ڕووی بەخشین و وەرگرتنەوە دەخاتە ڕوو، لەم پێناسەیەدا کێشەیەکی تیوری ڕووبەڕووی چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری دەبێتەوە، ئەویش بەراوردکردنی ئەدەبە لە نێوان دوو کولتووری جیاواز، ئایا ئەگەر لە ناو دوو کولتووری جیاوازدا دوو دەق بە یەک زمان نووسرابن، بەراوردکردنیان دەچێتە ناو کاری ئەدەبی بەراوردەوە؟



**عەزیز نەسین**

ئەمە کێشەیەکە دوایی دێینە سەری.

پێناسەی تریش هەن بۆ ئەدەبی بەراوردکاری، کە لەگەڵ پێناسە کردنیاندا هەندێ کێشەی تیوری تر دەورووژێنن، بۆ نموونە هەن دەڵێن «ئەدەبی بەراوردکاری هونەرێکی بەرنامەییە لە پێوەندییە لێکچووەکان و نزیکی و کاریگەری ئەدەب و بوارەکانی دیکەی دەربڕین دەکۆڵێتەوە، لە پێوەندی لێکچوون و کاریگەری دەقە ئەدەبییەکان بەسەر یەکترییەوە دەکۆڵێتەوە، سەرەڕای دوور و نزیکیان لە کات و شوێنیاندا بە مەرجێک هەر یەکێکیان هی زمان، یان کولتوورێکی جیاواز بن» (٨) لەم پێناسەیەدا کێشەی بوارەکانی دیکەی دەربڕین دێتە پێشەوە، مەبەست لە (بوارەکانی دیکەی دەربڕین) ئەوەیە کە ئەدەب لەگەڵ بوارێکی تری مەعریفی داهێنان بەراورد بکرێ، وەک بەراوردکردنی ئەدەب لەگەڵ بەشێکی فیلمی سینەمایی، یان لەگەڵ پارچە مۆسیقایەک، یان لەگەڵ تابلۆیەک، یان ئەدەب لەگەڵ مێژوو، یان شیکردنەوەی دەروونیدا بەراورد بکرێ، ڕاستییەکەی ئەمەش کێشەیەکە ئەمڕۆ ئەدەبی بەراوردکاری ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەم کێشانە سەرەتا هێندە قووڵ نەبوون کە جێگەی مشتوماڵ کردن بووبن و ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، چونکە «ئەدەبی بەراوردکاری لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بە سادەیی تێکەڵاوی توێژینەوەی مێژووی کۆن دەبوو، لەو کاتەدا هەر ئەدەبێک لە تەک ئەدەبێکی دیکەدا بوونی هەبوایە، ئەوە بەیەکەوە بەراورد دەکران، تا لەمەوە ئاماژە بە خەسڵەتە تایبەتیەکانیان بکرێ، بۆ نموونە بەراوردی ئەدەبی گریکی لەگەڵ ئەدەبی لاتینی، ئەدەبیاتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆمانی سەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ یەکتری، ئەدەبی فەرەنسی لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی هەژدەم.» (٩)

### (بەراوردکاری) لە هەناوی زانستەوە بۆ بواری ئەدەب

بەرلەوەی چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیدا سەرهەڵبدات، پێشتر لە بوارەکانی دیکەی زانستدا بەکار هاتووە، وەک (توێکاری زانی بەراورد ١٨٠٠)، (ڕێزمانی بەراوردکاری زمانەکانی لاتینی لە ئەوروپا ١٨٢١)، هەروەها (فیزیۆلۆژیای بەراوردکاری ١٨٣٣)، بەڵام لەبواری ئەدەبدا دەکرێ نووسینەکانی نوێل و لاپلانس بە ناوی (لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبی بەراوردکای ١٨١٦) و نووسینەکەی لومێرسێ (لێکۆڵینەوەیەکی شیکردنەوەیی لە ئەدەبی گشتی ١٨١٧) بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری دابنێین.

ساڵی ١٨٢٨ - ١٨٢٩ فیلمان بابەتێکی لە شێوەی وانە لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس گوتووەتەوە، بەم چەشنە ئەم زاراوەیە لەسەر ئاستی ئەکادیمی تاووتو کراوە تا وردە وردە بە بوارەکانی توێژینەوەی ئەدەبی ئاشنابووە، بەڵام هەندێکی تر ساڵی ١٨٣٠ بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنێن، چونکە لەو ساڵەدا جان جاک ئەمپێر لە ئامۆژگای مێرسیلیا وانەیەکی بەناوی مێژووی بەراوردی ئەدەب و هونەری گەلان گوتووەتەوە، کە بەپێی بۆچوونی ئەو فەلسەفەی ئەدەب و هونەر وەک لقێک لەمە جیا بووەتەوە.

ساڵی ١٩٣١ (ڤان تیگم) هەوڵی زیاتری لەو بارەوە داوە و کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری) نووسیوە، ساڵی ١٩٥١(جان ماری کارێ) ئەدەبی بەراوردکاری وەک بەشێک لە مێژووی ئەدەبی وەسف کردووە، ساڵی ١٩٥٢ لە ئەمەریکا گۆڤارێکی ساڵانە بۆ ئەدەبی بەراوردکاری دەرچوو، ئەم گۆڤارە لە بارەی کاری بەراوردکردنی ئەدەبییەوە، ڕەخنەی لە بۆچوونی فەرەنسییەکان گرتووە، ساڵی ١٩٦٦ وانەی ئەدەبی بەراوردکاری بووەتە وانەیەکی فەرمی لە زانکۆکانی فەرەنسادا، پاشان چەندان ڕێکخراو و یەکێتی نێونەتەوەیی لەسەر ئاستی جیهانی تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکاری دامەزراون، ساڵی ١٩٦٧ کۆنفرانسی جیهانی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری لە بەلگراد بەستراوە، ساڵی ١٩٧٤ کۆمەڵەی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئیسپانیا دامەزراوە، ساڵی ١٩٨٦ لە بەرازیل و ساڵی ١٩٩٢ لە ئەرجەنتین

هەمان کۆمەڵە دامەزرێنراون.
بەم چەشنە ئەدەبی بەراوردکـــاری وەک زاراوەیەکی ئەدەبی بەناو کولتووری هەمـوو وڵاتاندا بڵاوبووەتەوە، ئێستا ڕێکخراوی (یەکگرتووی نێونەتەوەیی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری) نزیکەی سێ هەزار ئەندامی لەخۆ گرتووە کە سەر بە پەنجا وڵاتی جیهانن.(١١)

## گرنگی و بایەخی ئەدەبی بەراوردکاری

لەبواری لێکۆڵینەوە ئەدەبییـــەکـــاندا، ئەدەبی بەراوردکـاری یارمـەتیـدەرێکی گـرنگ بووە بۆ بەرەو پێشـەوەبردنی هەموو ئەو بوارانە، ئەدەبی بەراوردکاری تەواوکـەری مـێژووی ئەدەبە، بناغـەیەکی زۆر چاکە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، ئەمـە وای کـردووە کـە بایەخی لە بایەخی ڕەخنەی ئەدەبی کەمتر نەبێ، بە چەشنێک کە هەندێ جـار ڕەخنەی نوێ بە «ڕەخنەی بەراوردکـاری» ناودەبرێت، وەک ئـامـــاژەیەک بـۆ بایـەخی ئـەدەبی بەراوردکاری و کامڵ بوونی لایەنەکانی(١٢).
ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بریتی بێت لە دۆزینـەوە و پێـــشـــاندانی ئـەو لایەنـە ئیستێتیکیانەی دەقێک کە ئێمە لە خوێندنەوەیەکی ئاسـاییـــاندا بۆ دەق هەسـتی پێ ناکـەین، ئەوە دەرخستنی بنج و بنەماکانی ئەو شتە جوانانەی ناو دەق هێندەی تر ڕەخنەی ئەدەبی پڕ بایەختر دەکات، ئەو بنج و بنەمـــایانەش بەهۆی ئەدەبی بەراوردکـــارییـــەوە دەدۆزرێنەوە کە دەبنە پاڵپشـتییـەکی گەورە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی.
ئەدەبی بەراوردکـاری یارمـەتیـدەرێکی گـرنگە بۆ هەڵســـەنگاندنی ئەدەبی نـەتـەوەیی، بەبێ ئەدەبی بەراوردکاری ناتوانین ئەدەبی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی دروست هەڵســەنگێنین، بەو مـانایەی لەبەراوردکـردنەوە شـوێن و سـەنگی ئەدەبی نەتەوایەتی لە ڕەوتی بەرەو پێشـەوە چوونی دنیا دەردەکـەوێ، ئەگەر مرۆڤ ڕادەی هەڵکشانی ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە تێنەگات، نازانێ ئاستی بەرەو پێشەوەچوونی ئەدەبەکەی خۆی لە کوێیە، لە پرۆسەی بەراوردکاریدا ڕوون دەبێتەوە کە کاریگەری ئەدەبی نەتەوەیی بەسـەر ئەدەبی نەتەوەکـانی دیکەدا چییـە، یان کـاریگەری ئەوان بەسـەر ئەدەبەکەی ئەودا چییە؟ ئەدەبی بەراوردکاری کە لە پرۆسەی کـارلەیەک کـردن و کـاریگەری دەکـۆڵێـتـەوە، ئەوەمـان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئێمە لەناو بزاڤێکی زیندووی شارستانیدا دەژین و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەردەوام لەناو پرۆسەی کـار لە یەکـتـر کـردندا دەژی، ئەدەبی بەراوردکـاری ڕادەی ئەم کـار لەیەککردنەمـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە کـە بەهۆیەوە دەزانین ئێـمـە چەند لەگـەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی دنیـادا هـاوڕێین، یـان چەنـد لـێی دواکــــەوتووین، هەر لـەم گۆشەنیگایەوە ئەدەبی بەراوردکاری دەیسەلمێنێ کە هیچ ئەدەبێکی پوخت و ڕەها لە دنیـادا نییـە، ئەمـەش مـانای وایە هیچ نەتەوەیەک لە دنیادا نییە کە کاریگەری ئەدەبی نەتەوەیەکی تری لەسەر نەبێ، کەواتە کـولتووری هەمـوو گەلانی دنیا لە ئەنجامی کار لە یەکتر کردن و ئاڵوگۆڕەوە نەشونمایان کردووە، ئەمـەش ڕاسـتـەوخۆ بەرپەرچدانەوەی تەوژمی بیری شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستییە، دیارە لێرەدا ئەدەبی بەراوردکـــاری بەبێ ویســـتی خـــۆی ڕۆڵێکی سیـاسـیش لە ئاراسـتـە کـردنی هۆشـیـاری مـرۆڤـایەتی دەبینێ، وەلامـێکی دروست و شـایەدێکی مـێـژووییـە دژ بەو نەتەوە سەردەستـانەی کە دەیانەوێ شۆڤێنیـزم وەک ئایدیۆلۆژیایەک دژ بە نەتەوە ژێردەستەکان بەکاربهێنن، بە ئامـانجی سـڕینـەوەی مـۆرکی نـەتەوایەتیـیـان ئەویش لە ڕێگەی بێ بایـەخ کـردنی کـــولتـــوور و زمــانی نەتەوە ستەمدیدەکان و زاڵ کردن و قەبەکردنی کولتووری خۆیان هەتا ڕادەی ڕەهایی، وەک چۆن نازییـەکـان بەرلەوەی بە چەشنێکی سیستماتیک هەوڵی جینۆسایدی جوولەکەکان بدەن، ســەرەتا بەناوی دەست لە نـاو دەست بۆ ســووک کـردنی «هونەری هیچ» دەسـتـیـان بەڕیشـەکـێش کـردنی کولتووری جوولەکە کرد(١٣)

## بنەماکانی کارکردن لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا

بنەمـاکـانی کـارکـردن لە بواری ئەدەبی بەراوردکـاریدا، پەیوەستن بە کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی بنچینەیی، ڕوون کردنەوەی ئەم دەستـەواژانە، ڕوون کردنەوەی کاری ئەدەبی بەراوردکارییە لەبواری توێژینەوە ئەدەبییەکاندا، بۆیە لێرەدا لەهەوڵی لێدوان لەم بوارەدا پێویستە تیشک بخـەینە سـەر گـرنگـتـرینی ئەم چەمکانەی کـە بریتین لە کـاریگەری و کـار لە یەکـتـر کـردن، پێـوەندی مـێـژوویی، جیاوازی زمان.

### یەکەم: پێوەندی مێژوویی

لێکۆڵەرەوەکـانی بـواری ئەدەبی بەراوردکـاری وای بۆ دەچن کـــە ئـەو دوو ئەدەبەی بەراورد دەکـــرێن دەبێ پێـوەندییـەکی مێـژوویی بەیەکیـانەوە گرێ بدات، ئەرکی

بەراوردکار بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە مێژووییەی لە نێوان دوو ئەدەبە بەراوردکراوەکەدا هەیە، زانایانی بواری ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی وای بۆ دەچن کە هەبوونی پێوەندی مێژوویی لەنێوان دوو ئەدەبی بەراوردکراوادا مەرجی سەرەکییە لە پرۆسەی بەراوردکاریدا، هەر لەم گۆشەنیگایەوە هەندێ کاری بەراوردکردن هەن ناچنە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، بۆ نموونە بەراوردکردنی «ابی علاء المعري لەگەڵ شاعیری ئینگلیزی ملتن کە خاوەنی (بەهەشتی ونبوو)ـە، یان ئەو بەراوردەی کە دکتۆر تەها حوسێن لە نێوان ابی علاء و کافکا ئەنجامی داوە»(١٤)، ئەم بەراوردانە ناچنە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، لەبەرئەوەی هیچ پەیوەستێکی مێژوویی لەنێوان ئەم ئەدیبانەدا نییە کە توێژەرەوە بتوانێ لێیان بکۆڵێتەوە، ئەم ئەدیبانە تەنیا لەرووی هەندێ خەسڵەتی ژیان لەیەک چوون، یان هەمان جیهانبینییان هەیە بۆ ژیان و دنیا، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام لە ئەدەبی بەراوردکاریدا کاتێ دوو ئەدەب لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن و کاریگەری و لێکچوون لە نێوانیاندا دەدۆزرێتەوە، ئەم کاریگەری و لێکچوونە دەگەڕێنرێتەوە بۆ هەبوونی پێوەندییەکی مێژوویی لەنێوانیاندا، دەبێ توێژەرەوە ئەوە روون بکاتەوە ئەم کاریگەرییە چۆن دروست بووە، بەچی رێگایەک گواستراوەتەوە، ئایا لەم پرۆسەیەدا ماتریالە ئەدەبییەکە وەک خۆی بەبێ دەسکاری گواستراوەتەوە، یان داهێنانی تری لە پاڵەوە کراوە، راستییەکەی زۆر رێگا هەن کە بوونەتە هۆی گواستنەوەی کاریگەری ئەدەبێک بۆ ناو ئەدەبێکی تر، وەک دووری و نزیکی شوێنی جوگرافیایی، سەفەر و بازرگانی، جەنگ و داگیرکاری وڵاتان لەگەڵ یەکتری، نامە گۆڕینەوە و پێوەندی کەسایەتی، ئەمانە لەسەردەمی کۆن، بەڵام لەسەردەمی تازەدا پەرەسەندنی هۆکارەکانی پێوەندی کردن بزاقی وەرگێران و پێشکەوتنی میدیا بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەر زیاتر ئەم پێوەندییانەی قووڵ کردووەتەوە، ئەوانە ئەو پێوەندییە مێژووییانەن کە ئەدەبێک بە یەکێکی تر دەبەستنەوە، جا لە کاتی بەراوردکردندا دەبێ ئەو پێوەندییانە بە وردی روون بکرێنەوە، بۆ نموونە کاتێ ئێمە بمانەوێ ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی فەرەنسی بەراورد بکەین، لەولایەنەی کە رێبازی رۆمانتیکی لە ناو هەردوو ئەدەبەکەدا پەیڕەو کراوە، دەبێ ئەوە روون بکەینەوە کە ئەم رێبازە بە چی جۆرێک گەیشتۆتە کوردستان؟ ئەو هۆکارە مێژووییانە چین کە یارمەتیدەری ئەم گواستنەوەیە بوونە؟ ئایا ئەم گواستنەوەیە بە چەشنێکی راستەوخۆ بووە، یان ناراستەوخۆ؟ رادەی کاریگەری ئەم رێبازە لە ناو ئەدەبی کوردیدا چەند بووە؟(١٥)

### دووەم: جیاوازی زمان

ئەدەبی بەراوردکاری بە قەد ئەوەی کە خزمەت بە ئەدەبی نەتەوایەتی دەکات، بە هەمان رادەش خزمەت بە ئەدەبی جیهانی دەکات، بەڵام بەو مەرجەی ئەو دوو ئەدەبەی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن، بە دوو زمانی جیاواز نووسرابن، یان سەر بە دوو نەتەوەو کولتووری جیاوازبن، بۆ نموونە ئەگەر دوو شاعیری کورد وەک مەحوی و خانی لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن لەو رووەی کە هەردووکیان بۆچوونی سۆفیگەرانەی فەلسەفی لە بۆچوونەکانیاندا هەیە، ئەمە بە ئەدەبی بەراوردکاری دانانرێت، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی نەتەوەیی ناچێتە دەرەوەو تەنیا خزمەت بە ئەدەبی نەتەوەیی دەکات، لێرەوە ئەدەبی بەراوردکاری رووبە رووی کێشەیەکی تیوری دەبێتەوە، ئەو کێشەیەش لە سەختی دیاری کردنی سنوورێکی ئاشکرا لە نێوان ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بەراوردکارییەوە سەرچاوە دەگرێ، «ئەو نووسەرانەی بە هەمان زمان دەنووسن و سەر بە دوو نەتەوەی جیاوازن دەبنە موڵکی کامە نەتەوە؟»(١٦)

بۆ نموونە بەراوردکردنی یاشار کەمال لەگەڵ عەزیز نەسین کە یەکەمیان نووسەرێکی کوردە و دووەمیان نووسەرێکی تورکە ە هەردووکیان بە زمانی تورکی دەنووسن؟ دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە؟ ئایا لەم حاڵەتەدا یاشار کەمال دەبێتە بەشێک لە کولتووری کوردی، یان بەشێک لە کولتووری تورکی؟ «ئەگەر ئێمە چاوێک بە ئەدەبی ئەمریکی و ئەدەبی ئینگلیزی سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا بخشێنین ئەوە وەک - ویلکە دەڵێ گرفتەکە گەورەتر دەبێ، ئایا دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسەرە ئێرلەندیانە بکەین کە بەزمانی ئینگلیزی دەنووسن، یان ئەو نووسەرە سوێدیانەی بە زمانی فینلەندی دەنووسن؟ بە پێچەوانەشەوە نووسەرانی وا هەن کە سەر بە یەک نەتەوەن، بەڵام بە دوو زمانی جیاواز دەنووسن، یان بە دوو دیالێکتی جیاواز دەنووسن وەک ئەوەی بە زمانی ئەڵمانی میللی و ئەڵمانی باڵا، یان بە فلێمیشی (لە بەلجیکا) و فەرەنسی، یان بە

سیسیلیایی و ئیتاڵی، یان بە ئۆکرانی و ڕووسی؟ ئایا ئەم بەراوردانە دەچنە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە؟» (١٧) بۆ ئەم مەسەلەیە دوو تێڕوانینی جیاواز هەن: تێڕوانینێک لەو باوەڕەدایە کە جیاوازی زمان مەرجی سەرەکییە لە بەراوردکردنی دوو بەرهەمی ئەدەبی، یان دوو ئەدیبی جیاواز، بەم پێیە هەر شتێک کە بەزمانێکی دیاری کراو بنووسرێ، ئەوە دەبێتە موڵکی ئەو نەتەوەیەی کەخاوەنی زمانەکەیە، کەواتە ناکرێ بەراوردی نێوان دوو ئەدیب کە سەر بە دوو نەتەوەی جیاواز بن (بەڵام بە یەک زمان بنووسن) بە ئەدەبی بەراوردکاری دابنرێت. تێڕوانینێکی تر هەیە پێی وایە ئەگەر دوو ئەدیب سەر بەدوو نەتەوەو کولتووری جیاواز بن، بەڵام بە هەمان زمان بنووسن ئەوە ئەدەبەکەیان دەبێتە موڵکی کولتوورەکەی خۆیان، ئەمریکییەکان لەگەڵ بۆ چوونی دووەمدان، ئەوان پێیان وایە کە دەکرێ کاری نووسەرێکی هیندی کە بەزمانی ئینگلیزی دەنووسێ لەگەڵ کاری نووسەرێکی ئینگلیز بەراورد بکرێ، چونکە ئەمانە هەریەکەیان سەر بە کولتوورێکی جیاوازن و دوو جیهانبینی جیاوازیان هەیە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەدەبی ئەمریکی و ئەدەبی باشووری ئەفریقا با هەردووکیشیان بە زمانی ئینگلیزی بنووسن.

ڕاستییەکەی جیاوازی ئەو دوو تێڕوانینە لە بنەڕەتدا بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن و تێگەیشتن لە ئەدەب دەگەڕێتەوە، ئەگەر وا بڕوانینە کاری ئەدەبی کە بریتییە لە یاری کردن لەناو زمان و داهێنانی کەرەستەی تازەی دەربڕین و ڕەمز و هێما و خەیاڵی جوان، واتە تێڕوانینێکی بنیادگەریانەمان بۆ ئەدەب هەبێ، ئەوە دیارە هەموو هەنگاوێک بەو ئاراستەیە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە دەکات، بە واتایەکی تر خزمەتی دەوڵەمەند بوونی ئەدەبی نەتەوایەتی دەکات، هەر شتێ بەو زمانە بنووسرێ دەبێتە موڵکی ئەو زمانە، بەڵام ئەگەر وا بڕوانینە ئەدەب کە تەنیا هۆ و هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتییە و خاوەنی فرمانێکی کۆمەڵایەتییە، واتا تەنیا لایەنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی مێژوویی لەبەرچاو بگرین و ناوەرۆک و پەیامەکەی شوێن بایەخی سەرەکیمان بێت، ئەوە لەو حاڵەتەدا شتێکی سروشتییە کە ناوەرۆکی کاری ئەدەبی بە هۆی دەوڵەمەند بوونی کولتووری نەتەوەییمان دابنێین، بەم پێیەش ئەگەر نووسەرێکی کوردی وەک سەلیم بەرەکات کە ڕۆمانەکانی باس لە ئێش و ئازارەکانی نەتەوەی کورد دەکەن، بەڵام بە زمانی عەرەبی دەنووسێ، بە نووسەرێکی کورد دابنرێ و بەراورد کردنیشی لەگەڵ نووسەرێکی عەرەبدا بە ئەدەبی بەراوردکاری دابنرێ.

### سێیەم: کاریگەری و کار لە یەکتر کردن

توێژەرانی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لایان وایە بواری بەراوردکاری تەنیا بریتییە لە توێژینەوەی پێوەندی نێوان ئەدەبێکی نەتەوەیی دیاری کراو و کۆمەڵێک ئەدەبی نەتەوەیی تر، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە دەرخستنی دیاردەکانی کار لە یەکترکردن و کاریگەری نێوان ئەدەبە بەراوردکراوەکان، وەک ئەوەی بەدوای ئەمەدا بگەڕێین (بۆ نموونە) ئەدەبی فارسی چی بە ئەدەبی عەرەبی بەخشیوە، یان ئەدەبی ئینگلیزی تاچ ڕادەیەک کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەدەبی فەڕەنسی و بە پێچەوانەوەش، دەسکەوتی زانستی لە ئەنجامی توێژینەوەکانی کاریگەری و کار لەیەکتر کردن سروشتێکی مێژوویی هەیە، کاتێ توێژەرەکان لەو پێوەندییەی نێوان دوو ئەدەبی جیاواز دەکۆڵنەوە، دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیان بەشدارییەکی کاریگەر لە نووسینەوەی مێژووی ئەم دوو ئەدەبە دەکات، بەم جۆرە ئەدەبی بەراوردکاری لایەنێک بە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی دەبەخشێ کە جاران مێژوونووسانی ئەدەب فەرامۆشیان کردبوو، جاران کە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیەک دەنووسرایەوە بە شێوەیەکی دابڕاو و جیا لە مێژووی ئەدەبە نەتەوەییەکانی دیکە دەنووسرایەوە، وەک ئەوەی ئەم ئەدەبە لەمێژوودا هەر تەنیا لە ناوخۆدا پەرەی سەندبێ، جاران مێژوونووسانی ئەدەب بایەخیان بە پێوەندی نێوان ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبەکانی دیکە نەدەدا تا ئەدەبی بەراوردکاری سەری هەڵداو ئەو کەلێنەی پڕ کردەوە، ئەوەی دەرخست کە مێژووی ئەدەب تەنیا مێژووی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانەی ناو خودی ئەدەبی نەتەوەیی نییە، بەڵکو بریتییە لە مێژووی کار لە یەکترکردن و ئاڵوگۆڕی نێوان ئەدەبێکی نەتەوەیی و ئەدەبی نەتەوەیەکی تر، بەم چەشنە فەڕەنسییەکان ئەدەبی بەراوردکاریان بەو زانستە ناوزەدکرد کە تایبەتە بە نووسینەوەی مێژووی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەدەب.

گواستنەوەی مەتریالێکی ئەدەبی لە ئەدەبێکەوە بۆ ناو

ئەدەبێکی نەتەوەیی مەسەلەیەکی ڕەمەکی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی مێژوویی پەیوەستە بە (هۆکارەکان) کە ئەدەبی بەراوردکاری دەبێ ئەو هۆکارانە بدۆزێتەوە و لەسەرچاوەی کاریگەری و هۆ و ئەنجامەکانی بکۆڵێتەوە، توێژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری زۆر ڕاستی لە مێژووی ئەدەبە نەتەوەییەکان دۆزییەوە، ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکاریانەی نێوان ئەدەبی ئەڵمانی و فەڕەنسی، ئەدەبی فەڕەنسی و ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی و ڕووسی زۆر لایەنی کار لە یەکتر کردن و ئاڵوگۆڕی کولتووریی نێوان ئەو نەتەوانەی خستەڕوو، هەروەها کاریگەری ئەدەبی گریکی و ڕۆمانی کۆن لەسەر ئەدەبی ئینگلیزی و ڕووسی زۆربەی ئەدەبە زیندووەکانی جیهان جارێکی تر دانەبڕانی ئەو ئەدەبانەی لە ڕشتەی مێژووییاندا خستە ڕوو، ئەو لێکۆڵینەوانە ناڕاستی ئەو بیرۆکەیەیان سەلماند کە ئەدەبێک شانازی بە ڕەسەنایەتی پوختی خۆی بکات و سەرتاپای مەتریال و داهێنانە جوانەکانی ناو ئەدەبەکەی بە سامانێکی پوختی نەتەوەیی خۆی دابنێ، ئەدەبی بەراوردکاری دەری خست کە هیچ ئەدەبێکی نەتەوایەتی پوخت نییە کە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەدەبێکی نەتەوەیی دیکەوە.

ڕاستییەکەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکارکردنی لەسەر توێژینەوەی کاریگەری و کار لە یەکترکردن دەری خست کە ئەدەبەکان لەحاڵەتی کار لە یەکترکردن و ئاڵوگۆڕن، لەحاڵەتی بەخشین و وەرگرتن و ناردن و هاوردندان، ئەمەش وەڵامێکی زۆر بەهێز بوو بۆ ئەو کەسانەی کە لە هەستی دەمارگیری نەتەوەییەوە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە ئەدەبەکەیان ئەدەبێکی ڕەسەنی پوختە، بە شێوەیەکی ڕەها سەر بە کولتووری نەتەوەکەیانە و لە هەموو کاریگەرییەکی دەرەکی خاڵییە، ئەدەبی بەراوردکاری بە لێکۆڵینەوەکانی لە بواری کاریگەری و کار لە یەککردندا «شۆڤێنیەتی ئەدەبی بێهێز کرد» (١٨).

کە باسی ئەدەبی بەراوردکاری بکرێ لەسەردەمی مۆدێرندا، دەبێ ئاماژە بە دوو چەمکی گرنگ بکەین کە لەم سەردەمەدا زۆر دەیانبیستین، ئەم دوو چەمکە یەکێکیان کۆن و ئەوەی تریان دەتوانین بڵێین تازەیە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پرۆسەی بەراوردەوە هەیە، بەڵام بە ئاراستەی جیاواز، ئەوانیش (ئەدەبی جیهانی) و چەمکی (تەناص، یان دەقکێشی)ن.

## ئەدەبی جیهانی

چەمکی ئەدەبی جیهانی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بابەتی کاریگەری و کارلەیەککردنەوە هەیە، ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٨٢٦ لە لایەن شاعیری ئەڵمانی (گووتێ) بە شێوەیەکی تیوری بەکارهێنراوە؟ لەو سەردەمەدا شۆڕشی پیشەسازی هۆیەکانی گواستنەوە و پێوەندی نێوان وڵاتانی ئاسانتر کردبوو، ئەمەش یارمەتی زیاتر تێکەڵاو بوونی کولتووری گەلانی دنیای لەگەڵ یەکتری دەدا و پرۆسەی کاریگەری و کار لەیەکتر کردنی ئەو کولتوورانەی لەگەڵ یەکتری کاراتر دەکرد، هەر ئەوەش زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە ئەو کولتوورانە لە ڕێگەی وەرگێڕان و سەردانی ڕاستەوخۆ زیاتر لەگەڵ یەکتری ئاشنابن، ئاشنابوونی کولتووری گەلانی دنیا لەگەڵ یەکتری ئەوەی هێنایە پێشەوە کە بە چەشنێکی تیورییانە لە لایەن (گووتێ)وە ئەو ڕاستییە بخرێتە ڕوو کە بڵێ «ئەدەبی نەتەوایەتی ئەمڕۆ زۆر بانگەشە ناکات، ئێستاکە سەردەمی ئەدەبی جیهانییە، پێویستە هەر کەسێک لەلای خۆیەوە هاوبەشی لە خێراترکردنی ئەو سەردەمە بکات» (١٩)

ئاوڕدانەوەی گووتێ لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاوایی لەو سەردەمەدا لای گووتێ ئەوەی خستە ڕوو کە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی دنیا یەک ناوەرۆکی مرۆڤایەتییان هەیە «شیعر سامانێکی مرۆڤایەتییە و لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا لای زۆر مرۆڤان بەرهەم دەهێنرێ» (٢٠)

بەڵام ئەو بانگەوازەی گووتێ لەو سەردەمەدا زۆر بە زەحمەت شوێنی خۆی دەگرت، چونکە ئەو کاتە سەردەمی شۆڕشی نەتەوایەتی و خۆڕزگارکردنی گەلان بوو لە ژێر کۆت و پێوەندی نەتەوە زاڵەکان، بۆیە دەست گرتن بە ئەدەبی نەتەوایەتی پاراستنی کولتوور و هەموو مۆرکە نەتەوەییەکان بەشێکی نەپچڕاوی ئەو قۆناغە سیاسییەی مێژووی ئەورووپا بوو، کە ئەمەش زۆر لەگەڵ تیوری ئەدەبی جیهانی ناکۆک بوو، کە هەوڵی کاڵ کردنەوەی سنووری نەتەوەییەکانی ئەدەب دەدات و خەون بە داهێنانی ئەدەبێکی مرۆڤایەتی ئاوێتە لە هەموو کولتوورێکی جیهانییەوە دەبینێت، ئەگەرچی لەسەردەمی گووتێدا ئەم تیورە نەبووە شوێنی بایەخی ئەدیبان، بەڵام پاشان لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕاستی ئەم تیورە بەدەرکەوت.

## تەناص، یان تیوری دەقکێشی

تیوری تەناص، یان دەقکێشی یەکێکە لەو چەمکە مۆدێرنانەی بواری توێژینەوەی ئەدەبی کە لەچوارچێوەی بابەتی کایگەری و کار لەیەککردندا چارەسەری دەقی ئەدەبی دەکات، لەم خاڵەدا لەگەڵ ئەدەبی بەراوردکاریدا یەکتر دەبڕن کە دەشێ بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری سوودمەند بێ.

چەمکی تەناص بۆ یەکەم جار لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو لەلایەن (جۆلیا کریستیڤا )وە خراوەتە ڕوو، ئەم تیورە لە ئامادە بوونی سیستمێکی ئاماژە ئامێزی ناو دەقێک دەکۆڵێتەوە کە بەشێوەی تیلنیشان و خۆشاردنەوە لەناو دەقێکی دیکەدا بوونی هەیە، هاتنە مەیدانی ئەم تیورە ڕاستییەکی خستە بەر دەست – کە پاشان زیاتر پشتگیری لێ کرا ئەویش هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی دەقی داخراو بوو، بەو مانایەی دەق لەسەر خۆی دانەخراوە، بەڵکو فەزایەکی کراوەیە لەسەر دەقەکانی پێش خۆی، (ڕۆلان بارت) زیاتر پێ لەسەر ئەم ڕاستییە دادەگرێت و لەو بڕوایەدایە کە دەق هەر تەنیا بریتی نییە لە دێری پڕ لە وشە کە تاقە مانایەکی لاهووتی ببەخشێ، بەڵکو ڕووبەرێکی فرە مەودایە و تێیدا چەندان نووسینی وا جووت دەبن و لە یەکتر دەئاڵێن کە هیچ یەکێکیان نووسینی ڕەسەن نین، دەق بە بۆچوونی بارت شانەیەکە لەهەزار سەرچاوەی ڕۆشنبیرییەوە گەشەی کردووە(٢١).

توێژینەوە تەناصییەکان بریتی نین لە بەدواداچوونی سەرچاوە خۆماڵی و بیانییەکانی دەق، ئەمە کاری ئەدەبی بەراوردکارییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەروەک ئیف شریفل دەڵێ ئێمە ناتوانین تەنیا لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبییەوە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری بکەین، بەڵکو دەکرێ دەست بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەراوردکاری لە تاقە دەقێکەوە بکرێ، تەناص بە شێوەیەکی تیوری ڕێگە بەم هەوڵە دەدات،(٢٢) چونکە بە پێی ئەم تیورە دەق (وتار) هەرچی بێت، ئەوە پێشتر بە شێوەیەک لە شێوەکان گوتراوە، کەواتە هیچ دەستەواژەیەک نییە بە پێوەندییەکەوە نەبەسترابێتەوە بە دەستەواژەیەکی ترەوە، تەنانەت بەپێی بۆچوونی (تزفتیان تۆدۆرۆف) «ئەم پێوەندییە پێوەندییەکی تەواو جەوهەرییە» (٢٣)

## ئەدەبی بەراوردکاری و تەنگژەی خۆ سنووردارکردن

شتێک کە بووەتە مایەی سەرنجی توێژەر و ڕەخنەگران ئەوەیە کە ئەدەبی بەراوردکاری بواری کار و توێژینەوەکانی زۆر تەسک کردووەتەوە، هەر بۆ نموونە لەو سەردەمە تازەیەدا ئەو هەر دەستی بەو تیورە کۆنەوە گرتووە کە دەبێ کاری بەراوردکردن تەنیا لەنێوان دوو ئەدەبدا بێت کە بە دوو زمانی جیاواز نووسرابن، لە کاتێکدا گەلانی وەها هەن کە لە هەموو شتێکەوە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام بە یەک زمان قسە دەکەن، وەک گەلی ئەمریکا و گەلی ئینگلیز، توێژەرەی بە ویژدان دەزانێ ئەوە ڕاست نییە کە بەراورد لە نێوان ئەو دوو ئەدەبە نەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە(٢٤)، لە لایەکی دیکەوە ئەدەبی بەراوردکاری خۆی بە دوور دەگرێ لەوەی ئەدەب لەگەڵ بوارەکانی تری هونەر بەراورد بکرێ، تۆ بڵێی مۆسیقا، تابلۆ هونەرییەکان، سینەما کاریگەرییان لەگەڵ یەکتری لەسەر ئەدەبە جۆراوجۆرەکانی گەلانەوە نەبێ، لە کاتێکدا ئەمریکییەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم بەراوردە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە زۆربەی بەراوردکاران ئەمە ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش جارێکی دیکە تەسک کردنەوەی بواری کار کردنە لەسەر ئەدەبی بەراوردکاریدا.

یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی لەسەردەمی ئێستادا ڕووبەڕووی ئەدەبی بەراوردکاری دەکرێتەوە، بریتییە لەوەی کە زۆر بە سستی وەڵامی گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەداتەوە، لە کاتێکدا لە بوارەکانی توێژینەوەی ئەدەبیدا چەندان ڕێباز و بەرنامەی تازە هاتوونەتە ئاراوە وەک بنیادگەری و سیمیۆلۆژی و تیوری دەقکێشی و هەڵوەشاندنەوە، کەچی ئەدەبی بەراوردکاری بەشێوەیەکی وەها نەیتوانیوە کارلێک (تفاعل) لەگەڵ ئەو بزاڤ و بەرنامە هاوچەرخانەیەدا بکات بەوەی گۆڕانێکی گەورە بەسەر خۆیدا بهێنێت، لە کاتێکدا بوارەکەی بەڕووی ئەم بەرنامە ڕەخنەییانەدا کراوەیە و لە بنچینەدا هیچ شتێکی وەها نییە کە لەبەردەم سوود لێ وەرگرتنیان ڕێگر بێ، لەلایەکی دیکەوە سەرنج دەدەین کە ئەم سەردەمە بە ڕیتمێکی زۆر خێرا بەرەو پێشەوە دەچێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، نەک هەر لەڕووی تەکنۆلۆژیا و زانستە سروشتییەکان، بەڵکو لەڕووی زانستە مرۆڤایەتییەکانیشەوە، لەڕووی هونەری و ئەدەبیشەوە،

لەم ڕووەوە ئەدەبی بەراوردکاری پێویستە بەپێی ڕیتمی ئەو سەردەمە خێرایە گەشە بکات، ئەم گەشە کردنە نابێ هەر تەنیا لەسەر ئاستی تیورییەوە بێت، بەڵکو دەبێ لەڕووی پیادە کردنیشەوە بێت، لەسەرەخۆیی لە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی سەر گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبی و یەک نەگرتنەوەی تیوری لەگەڵ پیادە کردن دوو هۆکارن کە دینامیکییەتی ئەدەبی بەراوردکارییان لاواز کردووە. (٢٥)

پێوەندی و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی دنیا لەگەڵ یەکتری لە هیچ سەردەمێکدا وەک ئەمڕۆ هێندە بەهێزنەبووە، هەر بۆیە کار لە یەکترکردنی کولتوورەکان، بەتایبەتی ئەدەبی گەلان لەگەڵ یەکتری پرۆسەیەکی زۆر کاراو بەرچاوە، بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە ئەدەبی بەراوردکاری هەیە، کارابوونی ئەم پێوەندییانە، بەناوداچوون و تێکەڵاوی کولتوورەکانی دنیای سەردەم لەگەڵ یەکتری ئاسۆیەکی زۆر فراوان بۆ گەشەکردنی ئەدەبی بەراوردکاری فەراهەم دەکات، کە دەبێ توێژەرەکانی ئەم بوارە هۆشیارانە لەوەدا سوودمەند بن، ئەو کێشە تیوریانەی کە پابەندن بە چەمک و میتودەکانی پیادەکردنی چارەسەر بکەن تا ئەم بوارە بەرەو بووژانەوە و نوێ کردنەوە بەرن، ئەگینا مانەوەی لە ناو چوارچێوەی بەستەڵەکی خۆیدا کارێکی خراپ دەکاتە سەر داهاتووی، لەوانەیە بەرەو کاڵ بوونەوە و پووکانەوەی بەرێت.


سەرچاوەو پەڕاوێزەکان:

1- Joseph Strelke:Vergleichende Literaturkritik, Franke Verlag, Bern 1970 S 16.

٢- يسرى عبدالغني عبدالله: الادب المقارن.. روئية جديدة- مجلة الادب عدد ٩١٢ -القاهرة-٣ ابريل ٢٠٠٥.

٣- الدكتور عبده عبود: آلأدب المقارن- مشكلات وافاق. منشورات اتحاد الكتاب العرب- ١٩٩٩، ص.

٤- د.سالم احمد الحمداني: مذاهب الادب الغربي، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٩، ص٩.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

6- Horst Rüdiger: Komparatistik?aufgaben und Methoden. Verlag W. Kohlhammer, Stuttgart, Berlin, Köln Mainz 1973.S16.

7- Heike Grerese Grundbegriffe der Literaturwissenschaft S 220 , J.B. Metzler Verlag Stuttgart- 1999 Weimar.

٨- دانييل. هنرى باجو: الادب العام والمقارن، ترجمة د.غسان السيد، ١٩٩٧، منشورات اتحاد الكتاب العرب.

9- Pich, Rousseau: Vergleichende Literaturwissenschaft S25 Pädagogische Verlag Schwan Düsseldorf 1971 10.

الادب العام والمقارن ل١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١- سەرچاوەی پێشوو ل٧.

١٢- محمد غنيمي هلال - الادب المقارن - بيروت، دارالعودة، ط١٣، ١٩٨٨، ص١٨.

13- Pich, Rousseau: Vergleichende Literaturwissenschaft S 25.

١٤- الادب المقارن -المشكلة والافاق- الجزء الاول - ص٤.

١٥- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا: خورشید ڕەشید ئەحمەد، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی- بەغدا، ١٩٨٠، ل٦١.

16- Horst Rüdiger: Komparatistik? aufgaben und Methoden S1717.

هەمان سەچاوەی پێشوو.

١٨- الادب المقارن الافاق والمشكلات ص٤.

19- Karl Otto Conrady: GOETHE: Summe des Leben B2, 1988, Fischer Verlag, Frankfurt am Mein S498.

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢١- مجلة راية موتة: مجلة، جامعة، موتة الاردنية، عدد ٢، سنة ١٩٩٣، ص٥١.

٢٢- الادب العام و المقارن.

٢٣- تزڤيتان تۆدۆرۆڤ -الثقافة الاجنبية- عدد ٤، سنة ١٩٩٨.

٢٤- الادب المقارن رؤية جديدة: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- د. عبده عبود: افاق الادب المقارن عربيا و عالميا، دمشق، دار الفكر، ط٢، ١٩٩٢، ص٣٣ - ص٥٥.

# ڕەوتناسی نوێبوونەوەی ئەندێشەی شیعری
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

**پوختەی وتار**

شـیـعـر وەک باقی هونەرەکـانی دیکە پێـوەندی بە کـۆمـەڵگاوە هەیە و ناکرێ بە بێ گـۆڕانکاری لە دۆخـە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چەق بەستووەکاندا، چاوەڕوانی گۆڕان لە ناوەرۆک و فـۆرمی شیعریت هەبێ، لە لایەکی دیکەوە هەرچی ئاسـۆی خوێندنەوە و بینینی شاعـیـران فراوانتر بووە؛ زیاتر توانیویانە گۆڕانکاری لە شیعر دا بە دی بێنن، یەکەم دەستەی شاعیرانی کورد بە کاریگەری وەرگرتن لە دۆخی سەپاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان ناوەرۆکی شیعریان گۆڕی و ناوەرۆکی نوێ نیـازی بە زمـانێکی تازە بۆ دەربڕین و فـۆرمی تازەتر بۆ بیچم گرتن وەک شێوازێکی هونەری بوو، ئەو هەوڵانە لە سـەردەمی مـەشـرووتەوە دەسـتی پێ کـرد، لە سـەردەمی ڕەزاخـان دا پەرەی گرت و لە چاخی کۆماری مـەهاباد دا بوار بۆ خـۆیابوونی زیاتری ڕەخسـا، بەڵام پاش کـۆمار بە هۆی پەرتەوازە بوونی چالاکـانی ئەو بوارە و داخـرانی فـەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی بە ڕووی کوردستـاندا، تا چەند دەیە دوای ئەویش شیـعـر و ئەدەبی کـوردی تووشی بێـدەنگی بوو، لە دەیەی چلی هەتاوییـەوە بە هەوڵی پۆلێک خـوێندکـاری نوێ بیـر و نوێخـواز، بە تەواوی شیعری کوردی ئەو بەشەی کوردستان لە بواری زمان و فۆرمەوە نوێ کراوە.

**وشە سەرەکییەکان**

شیعری نوێ، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، میـتودی هاوبەش، قوتابخانەی موکریان، قوتابخانەی ڕاسان، دەستەڵات

سـەرەتا پێـویسـتـە ئەوە بگوترێ کـە بۆچی ئەو ناوە بۆ وتارێک کە بڕیارە لەسەر شیـعری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتـان بنووسـرێ هەڵدەبژێردرێ؟ بەو واتایەی ئایا پێـویسـتـە سەرەتای سـەرهەڵدانی ڕەوتێکی ئەدەبی لە ناو گـەلێکدا بە پێی جوگرافیاش پۆلێن بکرێ؟

بۆ وێنە پێـویسـتـە بگوترێ نوێبـوونەوەی شـیـعـری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی نوێبوونەوەی شیعر لە باشووری کوردستان؟ بە ڕای من داهێنانی ئەدەبی لە هەر وڵاتێک، ئەوەندەی کـە پێـوەندی بە کـەسی داهێنەرەوە هەیە، ئەوەندەش پێوەندی بە کۆمەڵگا و جوگرافیایەکەوە هەیە کە شاعـیـر و نووسەر تێیـدا دەژین، بۆ وێنە ئەگەر ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات لە وڵاتێکی بێجگە لە ئێران، بە نموونە پاکسـتـان ژیابایین، شێوەی بیرکردنەوەمان بە پێی جوگرافیایەک کە تێیدا هەڵدەکەوتین و هەڵسوکەوتمان دەکـرد، بە پێی شـێـوە بیـرکـردنەوەیەکی کـۆمـەڵایـەتی و کولتووری گشـتـیی ئەوێ، بە پێی شێوەی دینداری باوی



**میسباحوددیوان**

ئەو شوێنە، لە جیهان و کێشە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانمان دەڕوانی، هەموو ئەوانەش لە کار و بەرهەمی ئەدەبی ئێمەدا ڕەنگی دەداوە، بەو پێیە من پێم وایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە جودا لەوەی کە خاوەنی کولتوور و ئەدەب و شێوەی تایبەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانین، لە لایەکیشەوە بە حوکمی ئەوەی لە چوارچێوەی سنووری سیاسی و کولتووری وڵاتی ئێرانیشدا ژیاوین، پێوەندییەکی قووڵمان لەگەڵ فەرهەنگ و کولتووری ئێرانی هەیە، هەروەها زۆر جار بە هۆی هاوبەش بوونی سەرچاوە فیکری و هونەری و ئەدەبییەکان لە دەلاقەیەکەوە بۆ ئەو دنیایەمان ڕوانیوە، ئەوەش بە واتای لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکو بەو واتایەیە کە هەندێک ڕیشەی هاوبەش لە داهێنانی هونەریدا هەن کە دەبێ دەستنیشان بکرێن و کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵاتیش هەن کە خاڵی وەرچەرخانی هاوبەشی گەلانن و دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ، پاشان جوداوازییەکان و تایبەتمەندییەکانیش بە خەستی و قووڵی دەستیان لەسەر دابنرێ و بۆ ساز کردنی شوناسێکی سەربەخۆی زمانی و کولتووری و...تاد ئاماژەیان پێ بکرێ.

ئەو فەرهەنگ و کولتوورەی باسی دەکەم، بەشێکی ئاکامی ئەو سیستەمە زاڵە سیاسییە بووە کە بۆ ماوەی دەیان سەدە بە سەر ئێران و ئەو بەشە لە کوردستاندا دەسەڵاتی هەبووە کە لە چوارچێوەی جوگرافیای ئەو وڵاتەدایە، دیارە سیستمی دەسەڵات کاریگەری لەسەر تاکی وڵات هەبووە و کوردیش وەک تاکی ئەو کۆمەڵگایە بێ بەری نەبووە لە ئاکامی درێژ ماوەی دەسەڵات، تەنانەت ئەو وەرسووڕانانەی لە سیاسەت و باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا ڕوویان داوە، واتە کوردی ئەو بەشەی کوردستان بە شێوەیەک لە باری فەرهەنگی و هونەرییەوە پێوەندییەکی لەگەڵ کۆی ئەو هونەرمەند و نووسەر و شاعیرانەدا هەیە کە لە ئێران دەژین، بۆیە بەر لەوەی من بمەوێ دەلاقەیەک بە ڕووی ئەدەبی کوردیدا بکەمەوە، بە خێرایی ئاوڕێک لە شێوازی نوێبوونەوەی ئەندێشەی ئینسانی ئێرانی دەدەمەوە، ئەو باسە و ڕەچەڵەکناسی ئەو شێوە نوێبوونەوەیە بۆ بەرچاو ڕوونییەک سەبارەت بە دیتنەوەی ڕچە، یان میتودێک بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکانی نوێبوونەی ئەندێشەی ئینسانی کورد لەو پارچەیەی نیشتماندا یارمەتیدەرمان دەبێ.

بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵەی ئێران، سیستەمە سیاسییەکانی ئێران لەسەر دەسەڵات و ئیرادەی تاکە کەس دامەزرابوون، ئەو تاکە دەسەڵاتدارانە بە هەموو جوداوازییەک کە لەباری کەسایەتی و دەروونی، تەنانەت زانستەوە بوویانە، لە خاڵێکدا زۆربەیان هاوبەش بوون، ئەویش گرینگیدان بە کەس و فەرمانی خودی شا و سووڕانەوەی هەموو بازنەکانی دیکەی دەسەڵات، یان دەسەڵاتساز بە دەوری کەسی یەکەمی سەرووتر لە یاسا و ئیرادەی خەڵک بووە، جاری وابووە ئەو دەسەڵاتدارە تاکڕەو و چەوسێنەرانە بە هەبوونی پلانی سیاسی و فەرهەنگی باش، بوونەتە هۆی ڕمانی ئەدەب و هونەر، جاری واش بووە بە هۆی بێ کیفایەتی و دوور بوون لە عەقڵییەتی جیهانی و ناوچەیی، بوونەتە هۆی گەڕانەوە بەرەو دوا و لانی کەم ناکارابوونی بیرمەند و نووسەرانی ئەو وڵاتەی بەدواوە بووە.

چون یەکەم ترووسکەکانی نوێبوونەی بیری ئینسانی ئێرانی بە گشتی لە سەردەمی قاجارەوە بووە، لەو نووسینەدا باس لە دەسەڵاتی قاجار و کەشی زاڵی کولتووری و هونەری کۆمەڵگای ئێران لەو سەردەمدا دێنینە ئارا.

به هۆی بێ کیفایەتی و چەوساندنەوەی زیاد لە ڕادەی خەڵک و زاڵ بوونی کەشێکی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێرانی سەردەمی قاجارەکان، بە تایبەت لە ساڵەکانی دوایی ئەو زنجیرە پاشایەتییەدا، ئینسانی ئێرانی، ئینسانێکی داماو و دابڕاو لە دنیا بوو، نووسەر و ڕۆشنبیر و شاعیر، دەبوو لە کۆشکەکاندا خزمەتکاری پلانە ئابووری و فیکرییەکانی شا بن، بە تایبەت هونەرمەندان و شاعیران کاتێک هونەریان برەوی دەبوو کە زیاتر لە وەسفی شا و مەدح و سەنای ئەو دا بێ، سەرچاوە هونەری و ئەدەبییەکان، هەر ئەو سەرچاوە کۆنە هەزار ساڵانە بوون کە بە درێژایی سەدەکان خوێندرابوونەوە، تەنانەت شاعیری باشتر ئەوانە بوون کە باشتر لاسایی شاعیرانی چەند سەدە بەر لە خۆیان کردبایەوە، هەر بۆیە قوتابخانەیەکی ئەدەبی لە ئێران دامەزرا بە ناوی قوتابخانەی "گەڕانەوە"، مەبەستیش ئەوە بوو لە ڕوانگە و شێوەی دەربڕین و دنیابینی، تەنانەت فۆرمی بەرهەمی شیعرییاندا بۆ شاعیرانی چەند سەدە لەمەوبەر بگەڕێنەوە و لاسایی ئەوان بکەنەوە، ئەوەش بەواتای گرتنی ڕۆچنەی هەرچەشنە نوێکاری و نوێخوازی و داهێنانێک لە بواری شیعردا بوو.

بەڵام سێ ڕووداو بوونە هۆی ئەوەی گۆڕانێک لە ئەندێشەی ئینسانی ئێرانیدا بەدی بێ، ئەو سێ ڕووداوە هەرسێکیان پێوەندییان بە کەسێکی دەستەڵاتدار، بەڵام جودابیر لە سیستمی دەستەڵاتی قاجارەکانەوە هەیە، ئەویش وەلیعەهد، یان جێنشینی شای قاجار "عەبباس میرزا" بوو، (لنگرودی:١٣٧٧) ئەو کەسایەتییە زۆر هۆگری ئەوە بوو کە بە شێوەیەک بنەماکانی ئابووری و فەرهەنگی، تەنانەت سیاسیش نوێ بکاتەوە و ئەو میتودانە تاقی بکرێتەوە، بەڵام چون هیچ کام لەو ئەزموونانە لە ئێراندا نەبوو، عەبباس میرزا لە دوو سەفەردا بۆ یەکەم جار دەستەیەک خوێندکاری نادرە دەرەوەی ئێران تا لە بوارە جوداکانی وەک زانستی پزیشکی و هونەر، بە تایبەت شێوەکاری و پیشەسازی چاپدا، دەرس بخوێنن و بگەڕێنەوە ئەو زانیارییانەی لە ئەورووپا فێری بوون، بە کۆمەڵگادا بڵاوی بکەنەوە و وڵاتی پێ بەرەو پێشکەوتن بەرن، دواتر هەر لەو کەسانە یەکیان پیشەسازی چاپ دێنێتە ئێرانەوە (هەمان:١٣٧٧)، یەکەم ڕۆژنامە لە ئێراندا چاپ دەکا، یەکیان پسپۆڕی بواری چەک و تەقەمەنی بووە و یەکیشیان کیمیا و پزیشکی خوێندووە.

ئەوانە و کەسانی دواتر کە ئەورووپا دەبینن و دەگەڕێنەوە، وەسفی جوداوازی بیرکردنەوە و ژیان و ئەدەب و هونەری ئەوێ و ئێران دەکەن و یەکەم گومانەکان بۆ گۆڕان ساز دەکەن.

هەر لەو سەرو بەندەدا وەکی سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن، بنکەیەکی فێرکاری بە ناوی "دارالفنون" لە لایەن وەزیرێکی جودا بیرەوە بە ناوی "ئەمیر کەبیر" دادەمەزرێ، ئەگەرچی وەکی گوتراوە ئەو بنکە فێرکارییەش هەر بە ئاماژەی عەبباس میرزا بووە. (پێشوو:١٣٧٧)

پاش دەستبەکار بوونی ئەو فێرگە باڵایە، هەم مامۆستاکان کە زۆریان دەرەکی بوون و هەم قوتابییەکان پێویستیان بە سەرچاوە و کتێبی تازە بوو، هەر بۆیە مامۆستاکان ناچار بوون دەقی ئەو زانستە جودایانەی لەوێ فێری خوێندکاریان دەکرد وەربگێڕن، واتە وردە وردە ڕەوتێکی تازەی وەرگێڕان لە دارئەلفنوونەوە دەست پێدەکا.

لە پەنای ئەو زانستانەوە، کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبی کە زۆربەیان ئەو چیرۆک و ڕۆمانانە بوون کە ئەو کات لە ئەورووپا باو بوون، چیرۆکی وەک بەسەرهاتی ڕۆبنسۆن کرۆزۆ ئەو، سێ توفەنگداری ئەلکسەندەر دووما و زۆر بەرهەمی داستانی دیکە...تاد. (لنگرودی: ١٣٧٧)

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر پاش ساز بوونی پێوەندی لە مابەین نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەندێک لە هونەرەکان و بۆ وێنە وەرگێڕان و ڕۆمان و سەمای بالیە و...تاد، هەروەها جۆری ڕوانین لە بواری سیاسەتدا گۆڕانکاری بە سەردا دێت و ئەو دەرفەتە تازانە بۆ زمانی فارسی دەڕەخسێ و ئەو فۆرمە نوێیانەش دێنە خزمەت نووسەر و هونەرمەندی فارسی ئێرانەوە، ئەی گرینگترین هونەری تا ئەوکات بە ناوبانگی فارسی ئێرانی کە شیعرە، لە چ دۆخێکدا بووە؟ ئایا نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێندکارانی ئەورووپا دیتوو توانییان لە سەردەمێکدا کە ئەوپەڕی جموجوڵی سیمبۆلیزم لە ئەورووپا بوو، ئەزموونی شیعری ئەورووپا چ لە بواری فۆرم و چ لە بواری ناوەرۆکەوە بۆ ئێران ڕابگوێزن؟

میرزا عەبدولقادری مەراغەیی وەڵامی ئەوەی داوەتەوە



**د. کەمال مەزهەر**

و دەڵێ: چون شیعری ئێران بینایەکی موقەدەسی هەزار ساڵە بوو، کەس نەیدەوێرا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی پێکهاتە و فۆرمی بێتەوە و تێکی بشکێنێ و بینایەکی نوێ دا بمەزرێنێ. (هەمان)

***

لە سەرەتای ئەو نووسینەدا باسی ئەوە هاتە ئارا کە ئەدەبیات بوارێکی خۆبژێو نییە و بەردەوام لە سەرچاوەی جوداوە پاراو دەبێ و دەوڵەمەند دەکرێ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەدەبیات تا ڕادەیەک پێوەندی بە هەڵکەوتی جوگرافیایی و کولتوور و داب و ڕەسم و جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە، تەنانەت کراوە، یان داخراوبوونی کولتووری کۆمەڵگاشەوە هەیە، شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی پێوەندی هونەرمەند و شاعیرانی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندانی فارس زمان، هەروەها کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە زمانییەکانی ئەو جوگرافیایە، لە باری فۆرمەوە هاوبەشی و هاوشێوەیی لەگەڵ شیعری ئێران، تەنانەت شیعری عەرەبیشەوە هەیە، بەڵام لە باری ناوەرۆکیشەوە ئەو شیعرە ئەگەرچی کەمتر لە خزمەت شا و دەزگای دەسەڵاتی ڕەسمیدا بووە، چون شاعیری کورد خانی گوتەنی "گەر دێ هەبوویا مە ژی خودانەک.... عالی کەرەمەک لەتیفە دانەک" (خانی: ١٣٦٨: ٣٥) تا شیعری بۆ بنووسێ، لە مەدحی ئاغا و دەوڵەمەند و هەجووی نەیارانی ئەو کەسایەتییانەوە تا شیعری بەرز و تەرزی ئەویندار و لیریکی تێدا نووسراوە، لە سەردەمی بەرباسی ئەو نووسینە؛ واتە چاخی نوێبوونەوەی بیری ئەدەبی لە نێو فارسەکانی ئێراندا، واباشە بزانین تەریب لەگەڵ ناوەند چ هێڵێکی فیکری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشراوە، ئایا دووری، یان نزیک بوونی میتودی نوێبوونەوە و مانەوە لە فەزای پێشوویاندا دەتوانین دەستنیشان بکەین و باسیان لێ بکەین.

دەستپێکی ئەو باسە لەسەر بەڵگەنامەیەک دادەمەزرێنم کە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ بردنە پێشی باسی نوێخوازی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستمان دەگرێ، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشرووتە؛ تەنانەت بەر لەویش، لە ڕێکەوتی١٢٨٣ی هەتاوی (١٩٠٤ز)، واتە دوو ساڵ بەر لە شۆڕشی مەشرووتەی ئێران، شاعیری ناسراوی کورد "میسباحوددیوانی ئەدەب" نامەیەکی نووسیوە، ئەو نامەیە تا ئێستا بە شێوەی فەرمی بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام لەبەڵگەنامەکانی ناوچە و کتێبخانەی تایبەتی ئەو بنەماڵەیەدا پارێزراوە و بە زوویی بڵاو دەکرێتەوە. (میسباحوددیوان: ١٣٢٢)، بەڵام لەو نامەیەدا کە ڕێکەوتی (هەژدەی جەمادی سانی ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی مانگی بەرابەر لەگەڵ ١٢٨٣ی هەتاوی) نووسراوە، میسباح لە ڕوانگەی کۆمەڵناسێکی ڕەخنەگرەوە چاو لە دنیا دەکا و ئاوڕێکی جددیش لە دۆخی هونەری کوردی و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش دەداتەوە.

ئەو نامەیەی میسباح ئەگەرچی بۆ مەلایەکی هاوکار و هاوڕێی نووسراوە، بەڵام ئەوەندەی زانیاری تێدایە کە بە پێی دەقی نامەکە بتوانین شیکردنەوەیەک بۆ دوو سەفەری هاوشێوەی ڕۆشنبیرانی فارس و کورد بۆ ئەورووپا بکەین و ئاکامی هاوشێوەی دوو سەفەرەکە پێکەوە هەڵبسەنگێنین.

میسباح ئەو نامەیە لە بەشی ئەورووپایی ئیستەنبۆڵەوە بۆ میرزا ساڵح دەنووسێ، خاڵە بەرچاوەکانی نامەکەی میسباح وەک کوردێکی ڕۆژهەڵاتی هونەرمەند ئەوانەن:

– هەست کردن بە کەلێنێکی هەراو لە باری شێوەی ژیانی ڕۆژئاوا و کوردستان.

– هەست کردن بە جوداوازی بەرچاو و ماناداری نێوان پێوەندی کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕۆژئاوا و خەڵکی کوردستان.

– هەست کردن بە جوداوازی شێوەی ئاوەدانکردنەوە و

خزمەتگوازی شاریی
- هەست کردن بە زەروورەتی "گۆڕان و نوێبوونەوەی عەوالمی هونەر" لە کوردستان.
- ئاوڕدانەوە لە سیستمی سلامەتی و باسی نەخۆشخانە و...تاد.
- ئاوڕدانەوە لە سیستمی پەروەردەی ئەوێ و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ پەروەردەی کوردستان.
- دیتنەوەی جوداوازی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئەوروپا و کوردستان و باس کردنیان و باس لە زەروورەتی (هونەری نوێ و تازەگەری لە هونەردا).
- باس لە بێ بەشی "میللەت کرد"، واتە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە دەقی ئەدیبێکی ئەو کاتدا.

هەموو ئەو نیشانانە ئەوە دەردەخەن کە دەبوو میسباح لەو نامەیەیدا ئاماژە بە دۆخی شیعری کوردیش بکات، چون شارەزا و مامۆستای ئەو بوارە بووە، هەر چۆن دەڵێ: "ئەو هەموو هاوار و داخەی من بۆ سامانی دنیا نییە، بەڵکو ئەو هەموو داخ و مەخابنەی کە شەو و رۆژ لە ناوەندی دڵمدا وەک ئاور بڵێسە دەستێنێ، بۆ جوداوازی و نابەرابەری دنیای پێشەکەوتن و ژیاری جودای گەلانە. جوداوازی ئەوان لەگەڵ تاقێک کوردی لە پشت دەروازەکانی (پێشکەوتن) بەجێماوی لە هەموو پیشەسازی و داهێنەری و شتی تازە بە دوور و لە چێژی زانست و هونەر بێ بەهرەیە و لەو ڕێیەوە دەمەوێ بەشێک لە ژیانی "نەتەوەی کورد"ت وەبیر بێنمەوە"(میسباحوددیوان: ١٣٢٢) لەو دەقەدا میسباح چۆن ئاوڕی لە ژیانی ماددی و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلی کورد داوەتەوە، دەبوو ئاوا و باشتریش ئاوڕ لە شیعر بداتەوە، میسباح ڕاست وەک ئەو تاقمە خوێندکارەی لە لایەن دەستەڵاتەوە، لە ئێرانەوە ڕەوانەی دەرەوە کران و گەڕانەوە و جیاوازییەکانی ئەوێ و ئێرەیان زەق کردەوە، بە هەمان شێوە جیاوازییەکان دەبینێ، بەڵام بۆ باسی شیعر ناکا و بۆ لە کاتێکدا هەر ئەو دەم شیعری تورکیا بە کارتێکەری شیعری ئەورووپی گۆڕانی بەسەردادەهات، هیچ گۆڕانێک لە زمانی میسباح لەو بوارەدا بەدی نەهات؟

وەڵامی ئەو پرسیارەش هاوشێوەی وەڵامێکە میرزا عەبدولقادری مەراغەیی دابوویەوە، میسباح مامۆستای شێوە ڕوانینێک بۆ شیعر بوو کە لە لایەن ئەو گەلەوە، تەنانەت تا سنووری پیرۆزیش چووبوو و ئەویش نەیوێراوە خۆی لەقەرەی ئەو بینا سەدان ساڵەیە بدا و بە ڕەوای نەزانیوە لەو بوارەدا بۆ ئەدەبی کوردی کارێک بکا، هەر بۆیە شیعری ئەو بە دوور و بە دەرە لەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی لە دەوروبەری ئەو گوزەراون و هیچ ئاوڕێکی لە نوێکردنەوەی شیعری نەداوەتەوە، بەڵام هەوڵێکی بۆ بوارەکانی دیکە داوە و ئەگەر یەکەم کەسیش نەبووبێ، لە یەکەم کەسانی کورد بووە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێوەکاریی کردووە و ئاسەواری لێ بەجێ ماوە.

بەڵام هەر بە ماوەیەکی زەمانی کەمەوە، گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کوردستانیش داناوە، هەر ئەو دەقی گۆڕانییە ڕەخنەگرانەی کەسانی وەک عارفی قەزوینی دەینووسین، کاریگەری لەسەر شاعیرێکی وەک دکتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە داناوە، ئەگەرچی شەوقی لە تورکیاش ژیاوە، بەڵام لە باری ئەندێشەییەوە لە شیعریدا کاریگەری لە شاعیرانی ئێرانی وەرگرتووە، کە دواتر ئەو باسە دەخەمە ڕوو.

ئەی چۆن بوو بەرە بەرە بیری نوێ و زمانی نوێ هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، وەکی گوتمان ڕۆژنامەکان هەمیشە بە دوای خۆیاندا هەندێک ئاڵوگۆڕ ساز دەکەن، ڕۆژنامەی کوردستان کە٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ واتە سەد و حەڤدە ساڵ پێش لە قاهیرە چاپ بوو، چەند دیاردەی تایبەتیشی بەدواوە بوو، وێڕای ڕۆژنامەکە بەدرخان هەموو جارێ کارت پۆستکارتێکیشی بۆ کەسانی غەیرە کورد و بیانی ناردووە و تێیدا هاتووە کە " میللەتی من میللەتی کوردە و شەش ملیۆن کەسی حەشیمەتە و ئەو ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی و بۆ مەبەستی ڕاگەیاندنی زانیاری و پەرەپێدانی هەستی مرۆڤ دۆستی، چاپ دەبێ و من دەمەوێ بەو کارەم کوردەکان هان بدەم بۆوەی بەرەو پێشکەوتن و مەدەنییەتی مۆدێرن هەنگاو هەڵبێننەوە. (فاروق عومەر، ٢٠٠١:٥٦) بە هەر پێوانەیەک لێکی دەینەوە، دەتوانین بڵێین ئەو ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەکانی دوای ئەویش هەر کامیان زمان و نووسینی کوردییان بەرەو بوارێکی نوێ بردووە و هەروەک دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ:" زمانی کوردی ئەگەر تا ئەو کات تەنیا شیعری پێ دەنووسرا، ئەوجار ئەزموونی تازەی تێدا

کراوە."(هەمان:٥٦)

لە کوردستانی ئێرانیش هەندێ ڕۆژنامە بڵاو بوونەتەوە کە زۆر بە بەربڵاوی چاپ نەبوون، بۆ وێنە ڕۆژنامەیەک بە ناوی کوردستان کە لەسەر شوێنی چاپ بوونەکەشی کێشە هەیە، تاقمێک دەڵێن لە (خۆی) و تاقمێک پێیان وایە لە ورمێ بڵاو بۆتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد شەوی عەجەم" لە (ورمێ) دەرچووە. (مظهر احمد، کمال ١٣٨٤: ١٣)ئەویش هەر کەمتر بینراو و خوێندراوەتەوە، ئەوەی کە ڕاگەیەنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر زمان و دەربڕین و ناوەڕۆکی شیعری کوردی هەبووە کە بۆ سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف، پاشان کۆماری مەهاباد دەگەڕێتەوە، ڕاگەیەنەی وەک گۆڤاری نیشتمان، ڕۆژنامەی کوردستان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵان و ڕۆژنامە-گۆڤاری کوهستان، ئەوانە کۆمەڵە دەقێکیان تێدایە کە بەرە بەرە خۆ گرتن و بە خۆداهاتنێکی زمانی کوردییان پێوە دیارە، جار لەگەڵ جار زمان لە بواری تازە دا خۆ تاقی دەکاتەوە، تەنانەت شاعیرەکانیش بە هۆی گۆڕانی فەزای سیاسی و جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە لە دەقەکاندا و زۆر خوێندرانەوەی ئەو دەقانە، بووە هۆی ئەوەی جۆریک وتوویژ و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەدەبیش لە نێو شاعیران و نووسەرانی کورد دا ساز بێ، بزووتنەوەیەکی سیاسی هاتۆتە سەر کار و ئەو بزووتنەوەیە حوکم بە دەستەوە دەگرێ و کەڵک لە توانایی دنیای مۆدێرن وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و...تاد وەردەگرێ و بۆ هەر کام لەوانەش کادیر پەروەردە دەکا، هەندێ نووسەر و شاعیر کارگێڕی ئەو ڕۆژنامانەن، چ لە سەردەمی ژێکاف و چ لە سەردەمی کۆمار دا دۆخەکە هەروا بووە.

ئەو پۆلە شاعیرەی کە دەتوانین وەک "شاعیرانی قوتابخانەی ڕاسان" بیانناسین و تا ئێستا بە شاعیرانی "قوتابخانەی موکریان" باسیان کراوە، بە چەند هۆ دەقەکانیان بە دەوری سیستمێکی فیکریدا دەخولێتەوە، واتە ئەوەی من پێیان دەڵێم شاعیرانی قوتابخانەی ڕاسان، بە هۆی ئەو شێوازە فیکرییە کە بە سەر شیعریاندا زاڵە و بە هۆی وابەستە بوونی ئەوان بە شوێن- واتە موکریان -ەوە نییە، چون تەنانەت شاعیرێکی وەک "فانی" کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ "هێمن" شیعریان کردۆتە دەلاقەی وتوویژ، ئەگەرچی لە باشووری کوردستان ژیاوە، بە ڕای من هەر لەچوارچێوەی شیعری ئەو قوتابخانەیەدا جێگای بۆ دەکرێتەوە و لانی کەم ئەو دەقەی لە (نیشتمان)ی ژمارە سێ و چوار دا لێی بڵاوبۆتەوە، ئەو نیشانانە بە دەست خوێنەرەوە دەدا کە نزیکایەتی زمانی و فیکری لە مابەین نووسینی ئەو و شاعیرانی وەک هێمن هەیە. (هێمن:١٢١:٢٠٠٨)، (فانی:٢٠٠٨:٧٧) تا ئێستا بۆ شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە چەند کەس لە (هێمن)ـەوە تا د. ڕەهبەر مەحموودزادە و عەلی ئیسماعیل زادە و هەرکەس پۆلە تایبەتمەندییەکی خستووەتە بەرباس و هەندێک خاڵیان وەک خاڵی هاوبەشی ئەو شاعیرانە دەستنیشان کردووە، هەوڵی منیش ئەوەیە هەندێ تایبەتمەندی باس بکەم کە زیاتر بەرەو ئاکامی باسی ئەو وتارەم بەرێ کە نوێبوونەوەی شیعری کوردییە.

تایبەتمەندییە گرینگەکان بە ڕای من ئەوانەن:

- زمانی شیعری ئەو شاعیرانە بە هۆی پێوەندییان بە ڕاگەیەنەکانەوە، خەریکە تا ڕادەیەک ڕۆژنامەیی دەبێ، ڕۆژنامەیی بوون بە چەشنێک ڕۆژانە بوونی تێدایە و ئەزموون کردنی وشەی تازەی بە دواوەیە، واتە بەرە بەرە بازنەی وشەکانی زمانی شیعری فراوانتر دەبێتەوە.

- زمانی شیعر جودا لەوەی کە لە زمانی میرزای دیوەخان و خوێندەواری حوجرە لا دەدا کە هەر کام هەڵگری گوتارێکی تایبەت بوون، بە هۆی ئەوەی لە لایەک ئاوڕ لە ویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک دەداتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی هەواڵ-ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانەوە، بەرەو ساکار بوون و ڕۆژانە بوون و خۆماڵی بوونیش دەچێ.

- ناوەڕۆکی شیعر لە بابەتە زەینییەکانەوە کە لە هەر دوو گوتاری پێشوودا زاڵ بوون، بەرەو بابەتە بەرچاو و عەینییەکان دەگۆڕدرێ.

- بابەتی زەقی سیاسی لە شیعردا خۆی دەنوێنێ، شتێکی کە پێشتر زۆر کەم بووە و ئەگەریش بووە، لە دەقی کەسانی وەک حاجی قادری کۆیی و...تاد زمانەکەی تاڕادەیەک جوداواز بووە.

- شیعر بۆ یەکەم جارە بانگەشە بۆ زاراوە و چەمکەکانی بیر و دنیای مۆدێرن دەکا، ناڵێم شیعر مۆدێرن بووە؛ بەڵام ئەو شتانەی لە گوتاری دنیای

مـودێرندا بوونی هەبووە، بەشـێکیـان دەبنە کـەڵکەڵەی شـاعـیـرانی ئەو سـەردەمـە، چەمکەکـانی وەک ئازادی، بەرابەری ژن و پیـــاو، مـــافی چارەی خـــۆ نووسین، کـــۆمـــاریخـــوازی لە بەرانبـــەر ڕژێمی تاک ڕێبـــەری پاشـایەتیـدا، ئەگـەر ئەو چەمکانە لە ڕۆژئاوا بایەخـدار بوون و کـــاریان بۆ دەکـــرا، ئەوە دانە دانەی ئەوانە لە شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمدا ڕەنگی داوەتەوە.

– ڕەنگدانەوەی بەرهەمە مـاددییەکـانی مـودێرنیتـە لە دەقە شیعرییەکاندا، وەک باسی هونەر و پیشەسازی و گـرینگیـدان بە مـاشـینیـزم و...تاد ئامـاژەی زۆربەی شـاعـیـرانی ئەو سـەردەم بەو پێشکەوتە مـاددییـانەی ڕۆژئاوا.

بەڵام تا ئەو کـاتیش قـاڵب و چوارچێـوەی شـیـعـر گـۆڕانیکی ئەوتـۆی بەسـەر دا نەهاتووە و تەنیـا لە چەند دەقی شیـعـریدا، پێکهـاتەی شیـعـرەکـان ئەگـەرچی هەر لەسەر بنەمای کێش و سەروای شیعری پێشوویە، وردە جـوداوازییـەکیـان ساز کردووە، هەمـوو ئەو دەمـەتەقە و شیعرانەی چوارچێوەیەکی دراماتیکیان هەیە، لەو ماڵەدا جێ دەگرن، بە ڕای من لە هەموو ئەو دەقانەدا، شاعیران دەرکی ئـەوەیان کـــــردووە بابەتـی بەر باسی ئـەوان لە چوارچێوەی قاڵبەکانی پێشوودا ناگونجی، بۆیە هەوڵێکی جـودایان داوە و هەر لە جـەغـزی شـیـعـری پێـشـوودا ئەو فۆرمەیان هەڵێنجاوە و لەوە زیاتر لایان نەداوە.

شـاعـیـرانی ئەو سەردەمـەی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان ئاگـایان لە کـار و شـێـوە ناسین و ئاراسـتـەی ڕەخنەیی شاعیرانی "چاخی وەخەبەرهاتن"ی فارس هەبووە، ئەگەر شیـعـری ئەوان شـیـعـری وەخـەبەرهێنانە؛ بەو هۆیەیە کـە ئەوان ویسـتـەکـانیـان لە چوارچێـوەی گـوتاری ئێـرانی و فـارسیـدایە و زیاتر وەخەبەر هێنانی خەڵک لە بەرانبـەر دەسـتـەڵات و وەخـەبەر هێنانی یاسادانەرانی فـارس بۆ بەرەوپێش چوون و بەرەوپێش بردنی یاســـایە، بەڵام شـیـعـری کـوردی ئەو کـات شـیـعـری ڕاسانە بە دژی دەسـتەڵاتی سەپاو، چەوساندنەوەی ئیتنیکی و زمانی، ڕاسـانە بۆ لادانی پەردەی شـوناسی ئەوی تر لەسـەر ڕوخساری شوناسی خۆماڵی و بەهێز کردنی ئەو شوناسە و...تاد، هەر بۆیە ئـەوەندی دەکـــرێ بە هـۆی ئەوەی زۆربەی ئەو شـاعـیـرانە مـوکریانی بوون، بە شـاعـیـرانی قـوتابخانەی مـوکـریان ناویان بێنین بە هۆی ئاراسـتـەی ڕەخنەگـرانە و شـوناسـخـوازانەوە دەتوانین بە شـاعـیـرانی "قوتابخانەی ڕاسان"یش ناودێریان بکەین.

شـیـعـری فـارسی ئەو سـەردەم، لە ئاسـتی مـافـە کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیـیـەکـانی مرۆڤـێکی ئازاد؛هەم ڕەخنەگرانە، هەم وشیـارکەرەوە و هەم مـافـخـوازانەیە، جاری واشە ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە تا ئاستی دژایەتی بۆ لەبەریەک بردنی سیستمی دەستەڵاتیش چووە، کەسێکی وەک "میرزادەی عیشقی" کۆمەڵگای بەرەو ئاگادار بوون لە لاوازییـەکـان ڕێنوێنی کـردووە، هەروەها بە هاندانی خەڵک بەرەو جۆرێکی دیکە لە کایەی سیاسی و دژایەتی لەگـەڵ ڕواڵەتی سـیـاسی لە قـاڵبی کـۆمـاریخـوازیدا هەنگاوێکی جـودای بۆ شـیـعـر و خـەڵکی فـارس هەڵێناوەتەوە، ئەو جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوەیەی ئەدەبیات و دەستەڵات تا بەر لەو کەم وێنە بووە، تا ئەو کات کەم وابووە هونەر لە ئێـران کـەرەسـتـەیەک بۆ بەربەرەکـانی دەستەڵات بووبێ.

بەڵام لەو کـاتەوە بەرە بەرە شـاعـیـرانی فـارس بە دژی سیـاسـەتی پاشـایەتی شیـعـریان نووسـیـوە و ڕەخنەیان گرتووە. "عـارف قەزوینی" لە شیـعر–گۆڕانییەکیدا کە دواتر "دکتۆر شەوقی قازی زادە" کاریگەری لێ وەردەگرێ و شیـعـر لەسەر بنەمای کێش و واتای نیـشـتـمانی ئەو دەنووسێ، دەڵێ:

**از خون جوانان وطن لاله دمیده**
**از ماتم سرو قدشان سرو خمیده**
**در سایه گل، بلبل ازین غصه خزیده**
**گل نیز چو من در غمشان جامه دریده**
**چه کج رفتاری ای چرخ!**
**چه بدکرداری ای چرخ!**
**سر کین داری ای چرخ!**
**نه دین داری نه آیین داری ای چرخ!** (قزوینی: ١٣٨١)

(واتە: لە خــوێنی جــەوانانی وڵات لالە ڕواوە/لە ماتەمی بەرزایی ئەوان سەرو چەماوە/بلبل لەخەمان هەر لە نسـێدا لە پەناوە /گوڵ وەک من ئەوە لەو خـەفـەتەی ئێـخـە دڕاوە/ چ بەد ئاکـاری گـەردوون/چ بەد کـرداری گـەردوون/لە قـیندا ژاری گـەردوون/ نە دینت پاک نە ئایین چاک، ئەتۆ بۆ وا خواری گەردوون)

د. مستەفا شەوقی قازی زادە ئەو فەزایە دەقۆزێتەوە و لەسەر ئەو کێشە و بەو تێمەوە کە تێمێکی نیشتمانییە،

ئەو شیعرە دەنووسێ:

**حەسبی حاڵ دەگەڵ وەتەن**
**خەملێوە لەسەر قەبری جەوانان گوڵ و لالە**
**یا سووریی خوێنە کە بڵێی ڕەنگەکەی ئاڵە**
**پێش تابشی خورشیدی فەلەک وەختی بەهاران**
**وەک چاوی لە فرمێسکی منە قەترەیی ژاڵە**
**ئەی بادی سەبا هەستە گوزەر کە بە وەتەندا**
**پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە**
**با بێت بە تەئسیری فسوونی نەفەسی تۆ**
**وەک خونچە بپشکوێ دەمی ئەو کوردە کە لاڵە**
**با بێت و سبەینان ئەلەم و دەردی شەوی هیجر**
**بێژێ کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە**
**قەهری فەلەک و جەوری ڕەقیب و ستەمی دۆست**
**سەر ناسییەیی پڕ شکەنی کرد بە قەباڵە**
**چارەت نییە ئەوڕۆکە ئەتۆ دەستەشکاوی**
**بەد مەستی یی مەی بوو کە شکا جام و پیاڵە**
**شەوقی وەرە لەو غوربەتە مایل بە وەتەن بە**
**بێ خاکی وەتەن، عیززەتی تۆ مەحزی خەیاڵە**
**بەو کاکۆڵی ڕەش ڕەنگە، کەوا بۆزی فیراقە**
**با ڕام بێ لە بۆت فـەزڵ و هونەر، چونکە حـەلاڵە...**
(شەوقی:١٩٨٥)

ئەو جـۆرە ڕوانینە ڕووبەڕووبوو نەوەی مـرۆڤی کـورد لەگـەڵ دەسـتـەلات نیـشـان دەدا، هەروەها هەر لەو شیعرانەوە جۆرێک نومادسازی و خزان بەرەو سیمبۆلەکان کـە پاشـان و لە دەورەکـانی دواتر دا بەرەو هەرێمی سیمبۆلیزم و شیعری سیمبۆلیستی هەنگاو دەنێ، ڕەوتی شـیـعـر بەرەو گـۆڕان دەبا، جـۆرێک لە سـیـمـبـۆلـیـزمی کـۆمـەلایەتی دەڵـەمـە، لە مـابەین دروشـمی مـەنزووم و نیشانەسازی هونەرمەندانەدا لە هاتوچۆدایە.

کایە بە چەمکە سیاسییەکانیش یەکێک لەو باسانە بوو کە لەو سـەردەمـدا ناوەرۆکی شیـعـری فـارسی، نوێ کـردبۆوە و تێم و فـەزایەکی جـوداوازی بە نووسـینی شاعیرانی ئەو سەردەم بەخشیبوو، زۆر جاریش شاعیران ئەو جـۆرە کـایانەیان بە چەشنێک بەرەو پێش چوون و نوێخـوازی داناوە، هەروەک یەکـێـک لە شـاعـیـرانی ناوداری شـیـعـری کـلاسـیـکی فـارسی بە ناوی "مـەلیکوشوعـەرای بەهار" سـەرەڕای ئەوەی کـلاسـیک دەنووسێ، لەو ڕێیـەوە خـۆی بە نوێخـواز دەزانێ، ئەو بە نووسین بە زمـانێکی سـاکـار و ڕەشـۆکی و بەرجەسـتـە کردنی دروشمی سیاسی و هەندێک تایبەتمەندی دیکە، خـــۆی بە داهێنەری شـــێـــوازیکی نوێ دەزانی و لە شیعرێکیشیدا هەر ئەوە دەڵێ:

**نوترین سبکی که در دست شماست**
**بار اول از خیال بنده خاست** (بهار:٢٦:١٣٧٩)

(واتە نوێترین شێوازی بەر دەستتان/ بۆ یەکەم جار لە خەیاڵی منەوە هەڵقوڵیوە)

بەڵام تاقمێک شاعیر بە شێوەیەکی تایبەتتر کەڵکیان لە واتا و چەمکە نوێیـەکـان وەردەگـرت، چەمکی وەک ئازادی و کـۆمـاریخـوازی و مـافی ژنان و مـەجلیـسی یاسادانان و...تاد.

**در محیطی طوفانزا ماهرانه در جنگ است**
**ناخـدای اسـتـبـداد با خـدای ازادی و...** (فـرخی یزدی:١٣٧٦)

(واتە: لە ئاقـاریکی پڕ لە تۆفـان بە کـارامـەیی شەڕ دەکـا/ ناخـودا (گـەمـیـەوان)ی زۆرداری لەگـەڵ خـودای ئازادی)

ئازادی لێرەدا وەک چەمکێک کە لە ئەورووپا باو بوو، بووەتە کەرەستەیەک بۆ خولقاندنی ئەدەبی و ڕەخنەگرتن لە دەسـتـەلات، یان بابەتێکی وەک کـۆمـاریخـوازی لە بەرانبەر پاشایەتی و دیکتاتۆریدا بابەتێکی نوێ بوو کە تازە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا باسی دەکرا، باس لە دەنگی خەڵک، ئەویش بۆ سەدەیەک لەوەپێش، یەکجار گرینگ بوو، دەستەلاتیش لە هەستیاری ئەو دۆخە گەیشتبوو، بۆیە بە لاسـاییکردنەوەی مـۆدێلی کـۆمـاری ئاتاتورک، بەدوای کۆماریخوازییەکی دەستکرد و ڕووکەشەوە بوو و ڕۆشنبیران و شاعیرانیش هەر ئەو واتا تازەیان لە شیعردا قۆزتەوە و دەستەلاتیـان پێ خستە بەر تیری ڕەخنە، یەک لەو کەسانە میرزادەی عیشقی بوو.

بەڵام هەر ئەو چەمکە لای شـاعـیـرانی کـوردی ئەو سـەردەمـیش ڕەنگی داوەتەوە، هەڵبـەت بە شـێـوەیەکی مـودێرن و مرۆڤـخـوازانەتر، واتە ئەگـەر لای "عـیـشـقی" کۆماریخوازی بۆیە خراپە کە "شوانەوێڵەکانی سەقزیش باسی دەکـەن و دەیانەوێ"، لای مـەلا مـارفی کـۆکـەیی، کۆماریخوازی بۆیە باشە کە "شوانەکانی سەقزیش باسی دەکـەن و دەیانەوێ". ئەوە جـودا لە خـواسـتـێکە کـە دەسـتـەلات مـەبەسـتی لە سـازکـردنی کـۆمـار چییـە، ئەو

کێشەیەش بۆیە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو چەمکەدا دێتە ئارا کە کۆمارێک، فارسەکان بە ڕێبەرایەتی ڕەزا خانی پەهلەوی دەیانەویست بنیادی بنێن لەسەر ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی ئێرانی دامەزرابوو، ئەگەرچی دروشم و ڕیفۆرمەکانی ڕەزاخانی پێشکەوتنیشی تێدا بەدی دەکرا، بەڵام بە گشتی زەمینە ئیتنیکی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی جودا لە کۆمارێکە کە شاعیرانی کورد داوای دەکەن، بۆیە ئەگەر میرزادە شاعیری پێشەنگی ئەوکاتی فارسەکان دەڵێ وەرن گاڵتە بەو کۆماریخوازییە بکەین، مەلا مارفی کۆکەیی شاعیری مەلای کورد دەڵێ:"وەرن بیکەین بە جومهووری".

شێوە ئاخافتنی میرزادە وایە کە دەڵێ: "شتێکی سەیر و گاڵتەجاڕانە ئەوەیە کە شوانەمەڕ لەوەڕێنەکانی سەقز بوونەتە جومهوریخواز و منیش بە کۆڵێک قژ و کراواتەوە دژی جومهووریم! ئاخۆ بە ڕاستی مەڕ لەوەڕێنەکانی سەقزی دەزانن جومهووری چییە؟ جومهووری دەخورێ، یان لەبەر دەکرێ؟ وتارێک وەرگێڕاوی ڕۆژنامەیەکی تورکی، چەند وتار و شیعری بلاڤۆکێک و کۆنفرانسێکی زیائولواعیزین، گۆرانییەک (لەو بارەوە) و هەرا و هۆریای چەند کەس...تاد ناوی جومهووری نییە."(علی بابایی: ١٣٨٤ : ٣٦٢، ٣٦٣)، ئەگەرچی ئەوانە وەکی خودی عیشقی دەڵێ ناویان جومهووری نییە، بەڵام هەرکام هەنگاوێک بۆ بەرەوپێش چوونن، جودا لە ڕوانینێکی بایەخدانەرانە، دەقی شیعرەکەی عیشقی ئاوایە:

**صحبت جمهوریت از بین رفت**
**غصه مخور این نیت از بین رفت**
**فرقه بی تربیت از بین رفت**
**زمزمه عاریت از بین رفت**
**خاطر اسوده مکدر مکن**
**بشنو و باور مکن**
**نیست بر این ملت یک لا قبا**
**فیکر اجانب پس از این رهنما**
**هست دگر موقع صلح و صفا**
**نیست زهم دولت و ملت جدا**
**واهمه از توپ شنیدر مکن**
**بشنو و باور مکن** (علی بابایی:٢٨٢:١٣٨٤)

واتە: (باسی جومهوورییەت لە ناو چوو/خەفەت مەخۆ ئەو نییەتە لە ناوچوو/ئەو تاقمە بەد ئاکارە لە ناوچوون/قسە و باسی لاسایی کردنەوە لە ناچوو/بیری خۆت بەوانەوە خراپ مەکە/بیبیستە و بڕوای پێ مەکە)...تاد.

بە مەودایەکی زۆر دوور لە عیشقی نا، ئەو شێوە ڕوانینەی عیشقی بۆ کۆماریخوازی لە لای مەلا مارف واتایەکی دیکەی هەیە، هەر بۆیە ئاوا دەنووسێ:

**لە ڕۆژنامەی مودیری کەچ مەداری چەرخی شەفتووری**
**دەنووسێ ڕۆژی کوردی کەوتە ئەوجی بورجی بێ نووری**
**بوخار و دووکەڵی بێ ئیتفاقی و سوئی ئەخلاقی**
**موجەسەم بوو بە هەوری نەگبەت و ڕۆژ کەوتە مەستووری**
**هەموو میللەت گەیشتە مەنزلی مەقسوود و خۆشنوودی**
**فەقەت کوردن بە جێماون بە مەحروومی و بە مەهجووری**
**عەزیزم ئیفتخاری خاریجی هەم عیلمە ژەم سەنعەت**
**بە میلیۆن و بە فەرسەخ تۆ لە عیلم و مەعریفەت دووری**
**تەماشاکە لەبەر شوعلەی چرابەرق و ئەلەتریکی**
**کوڕەی ئەرزی هەموو یەکپارچە بۆتە یەک کورەی نووری**
**مەگەر تۆش هەر بە پشتێندی زل و پێچ و شەدەی هەوری**
**بنازی و بیکەیە ئەسبابی کیبر و فەخر و مەغرووری**
**برا بیری چرایەکی بکەن تاریکە شەو دادێ**
**قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن بە جومهووری**
(کۆکەیی:١١٩:٢٠٠٨)

ئێستا دەردەکەوێ کە شاعیرێکی پەراوێزنشینی لە حوجرە دەرس خوێندووی مەلای کورد و شاعیرێکی زانکۆ دیدە و زمانزان و سیاسەتوانی ناوەندنشین، دوو ڕوانگەی جوداوازیان بۆ چەمکی جومهووریخوازی وەک ئەندێشەیەکی سیاسی هەیە، هەروەها بە دوو شێوەی جودا لە شیعردا کەڵکیان لێ وەرگرتووە، سەیر لەوەدایە زەمینەی باسی هەردووکیشیان یەک شتە، مەلامارف بە بەرئاوەردی کوردستان و وڵاتانی بیانی نەداری و هەژاری و نەخوێندەواری خەڵکی بە هۆکارەکانی دواکەوتوویی دەزانێ و بۆوەی شەو دانەیە و بە یەکجاری تاریکی کە دەتوانێ هەم هێمای نەزانی و هەم سیستمی زاڵ و داسەپاوی سیاسی بێ، باڵ وەسەر وڵات نەکێشێ، داوا

دەکا قیامێک بکەن و بیکەن بە جومهووری، واتە دەرباز بوونی ئەو خەڵکە نەخوێندەوارە لە مافخوازی، مافی دەنگدان و جومهووریخوازیدا دەبینێتەوە، کەچی میرزادەی عیشقی لە نووسینەکەیدا نەخوێندەواری و مەڕ لەوەڕێنی شوانە سەقزییەکان دەکاتە بەڵگەی ئەوەی کە جومهووریخوازی بۆ خەڵکی نابێ، لێرەدا ئەوەی گرینگە لە هەر دوو شیعرەکاندا بابەتی جومهووری وەک مەفهوومێکی سیاسی نوێ لە شیعری هەردووکیاندا هاتووە، بەو جوداوازییەوە کە ڕوانگەی مەلا مارف ئینسانیتر و مودێرنترە.

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو نموونانە ئەوە بوو هەموو ئەو دیاردانەی لە شیعری "وەخەبەر هاتن"ی فارسدا هەبوو، لەو شیعرەی مەلا مارف یشدا دەبیندرێ و زیاد لەویش مافی کوردیش وەک نەتەوەیەکی جودا خراوەتە بەرباس، باسی تەکنیک و پیشەسازی نوێ، دیاردە بەرچاوەکانی مودێرنیتە وەک مەکینە و ئەلەتریک و...تاد داوای ماف کردن، چەمکەکانی بەرباس لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا وەک جومهووریخوازی و...تاد.

ئەو دیاردانە لە شیعری بەشێکی دیکەی شاعیرانی هاوکات و دوای مەلامارف بابەتی ساکار بوونەوەی زمانیشی پێ زیاد دەبێ، واتە شاعیرەکان دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای خۆیان دێننە ناو شیعرەوە.

مەلا مارف دەڵێ:

**مودەتێکە نەفسی بەد حوکمی خراوم لێدەکا**
**هەر بە قەهر و قینە دەڕوانێت و چاوم لێدەکا**
**دەچمە ماڵێ ماڵ و منداڵ دێن و دەورەم لێدەدەن**
**یەک تەمەننای قەند و چا یەک نان و ئاوم لێدەکا**
**دەچمە سەر چۆم و خیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم**
**شارەداری حازرە و داوای کلاوم لێدەکا**
**سەیری خۆشتر من کە مەعرووفم لە نێو ئەو شارەدا**
**تازە ئیحسائیە داوای ئیسم و ناوم لێدەکا**

(کۆکەیی:١٦١:١٣٨٧)

واتە کەسانی وەک مەلا مارف و دواتر سەیفی قازی و هێمن و هەژار و خاڵەمین و...تاد شیعر لە ئاقارێکەوە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبەن، هەر لەو شیعرەدا ژیانی کوردەواری و سیاسەتی حاکم و گۆڕانە ئیداری و سیاسییەکانی ناوچە دەبینێ، بە زمانێک کە دوورە لە زمانی عیرفانی وەفایی و غەنایی میسباح و...تاد ئەو شیعرە بە چەشنێک ڕەخنەگرتنە لە ڕیفۆرمەکانی ڕەزاخانی بۆ ئاسیمیلەکردنی خەڵکی کورد، هەروەها باسی ڕووداوی ساڵی ١٣٠٨ و دامەزرانی فەرمانگەی تۆماری ئەحواڵ و...تاد، گرینگی ئەو بابەتانە جودا لەوەی کە لە باری سیاسییەوە واتای خۆیان هەیە، لە باری زمانییەوەش پانتایی زمانی شیعری بەرینتر دەکەن و زمان لەو زمانە باو و ناسراو و فریز بووە تێدەپەڕێ و ئاقاری تازە هەم لە بواری وشە و هەم لە بواری واتا دا تاقی دەکاتەوە، ئەگەری پێشتریش لە نێوان کۆمەڵگا و شیعر کەلێنێکی هەراو هەبوو، ئێستا شیعر پردی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگایە.

لەو ڕێیەدا مەلا مارف تەنیا نەبووە، کەسانی وەک سەیفولقوزاتیش هەبوون، سەیف چەندان جوداوازی لەگەڵ مەلا مارف هەبووە، ئەو تاکێکی ڕەها و ڕەبەن و هەڵبەت مامۆستای قوتابخانە بووە، بەڵام سەیف کارەکتەرێکی فەرهەنگی، سیاسی و ئایینیش بووە، هەم لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ڕژێمی پاشایەتی قاجار پێوەندی هەبووە و هەم لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێرانی وەک شێخ محەمەدی خیابانی و بزووتنەوەی ئازادیستان لە تەورێز لە هاتوچۆدا بووە، سەیف تەنانەت لە ڕۆژنامەی ئازادیستان کە ئۆرگانی ئازادیخوازانی ئازەربایجانی بووە، هەروەها یەکەم شاعیری نوێخوازی فارس، واتە تەقی ڕەفعەت کاری تێدا کردووە، پێوەندی هەبووە و شیعر و بابەتی تێدا چاپ کردووە، ئایا ئەوە ئیمتیازێکە بۆ شیعری کوردی بە گشتی و شیعری ئەو شاعیرانە بە تایبەتی؟ وەڵام ئەرێیە. چون هەم سەیف و هەم مەلا مارف لەو شاعیرانەن لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیەنەی چاپیدا کار دەکەن و هاوکاری ڕۆژنامەکانن، هەم مەلا مارف لە ڕۆژنامەی (نیشتمان)دا شیعری چاپ بووە و هەم سەیف لە ڕۆژنامەی (کوردستان) و (ئازادیستان)دا شیعر و نووسینی بڵاو بۆتەوە، ئەو دۆخە وای کردووە ئەوان ئاگاداری ڕەوتە شیعرییەکان و ڕووداوەکان بن و بە کاریگەری لەوان بەرهەمی نوێتر بخوڵقێنن و ناوەڕۆکی شیعریان بگۆڕن، لەو بارەدا گرنگترین شیعری سەیف شیعری "کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو/ بێین و بچین و بۆمە نەبێ هیچ خوودان و خێو"ە.(سەیفولقوزات:١١٨:٢٠٠٨)

هەڵبــەت ســەیف هەم لە ئاســتی بەرپرســیــارێتی کۆمەڵایەتیدا و هەم لە باری تێگەیشتن لە فەزای گشتی سیاسیدا، بە پێی دەقەکانی پوختتر هەنگاوی ناوە، شیعرەکانی ئەو بۆ ئەو ڕووداوانە ڕادەی ئاگاداری ئەو لە بابەتە بەربلاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ناوچە و جیهاندا دەردەخا.

١- باسی دۆخی ناوخۆ و هۆکارەکانی شوناسسازی نەتەوەیی.

٢- باسی دۆخی جیهانی هاوکات لەگەڵ فەزای ناوخۆ.

٣- خستنە ڕووی ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشنیاری ڕێگا چارە.

٤- لە "سەیفی دووەم"دا داماڵینی زمان لە وشەی ناکوردی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی زمانێکی پوخت و دروستی شیعری کە دواتر دەبێتە میراتێک لە باری زمانییەوە و بە شاعیرانی پاش خۆی وەک هێمن و هەژار و...تاد دەگا، واتە "سەیفی یەکەم" ئەگەر زەینییەتی پێشوو لەسەر بیرکردنەوەی شاعیرانە، تەنانەت سیاسیشی هەیە، لە سەیفی دووەمدا بە هۆی گۆڕانی زەمینەی بیر و ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەڵبەت بە کارتێکەری ئەوانە لەسەر زمانی شاعیرانەی، زمان بە یەکجاری لەبەرگێک دادەماڵێ کە بە خشڵی بێگانە ڕازاوەتەوە.

٥- زووم کردنی سەیف لەسەر بابەتە وردەکان لە شیعردا و دابەزاندنی شیعر بۆ سەر ژیانی بەرچاو و عەینیی ئینسان و بوونەوەرانی دیکە، واتە لادان لە ڕوانینێکی گشتبینانەی کە پێشتر لە شیعر دا هەبووە، ئەو دیاردەیەش لە شیعری "زستانی سەخت"دا دەبینین.

٦- شیعر ڕۆڵێ کەرەستەی پێوەندی ڕاستەقینەی نێوان مرۆڤەکان دەگێڕێ و لە پێوەندییە واتایی و عیرفانی و سەرروو زەینییەکانەوە دەخزێتە چوارچێوەی پێوەندییەکی ڕاستەقینەی ئینسانی.

جودا لەهەموو ئەو تایبەتمەندییانە کە لەو نووسینەدا تەنیا وەک خاڵی گۆڕان باسیان دەکرێ و بە نیشانەی بایەخدار بوون، یان نەبوونی ڕەوتێک لە بەرانبەر ڕەوتێکی دیکەدا زەق ناکرێتەوە، بەڵکو وەک تایبەتمەندی و خاڵی گۆڕان دەستنیشان دەکرێن، بۆی هەیە توێژەری دی خاڵی دیکە و تایبەتمەندی دیکە لە شیعری ئەو دەورەیەدا ببینێتەوە، کارێکی نوێی جودا لەوانە کە لەو دەورەیەدا دێتە بواری شیعری کوردییەوە کاریگەرییە نێوان دەقییەکانە بە شێوەیەک کە جودا لەوەی شاعیران لە باری ئەندێشەییەوە کاریگەرییان لەسەر یەک دەبێ، لە زمان و دەربڕینیشدا ئەو کاریگەرییە خۆ دەنوێنێ و ئەوجار شاعیران بە دەمەقاڵە و کار لەسەر شیعری یەکتری، زمانی شیعر چالاکتر و ئەو بوارە زیندووتر دەکەنەوە، بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بە شیعرێکی "فانی" بکەم کە لە ژمارە سێ و چواری (نیشتمان)دا بڵاو بۆتەوە بە ناوی "دەڵێم بیڵێم و ناوێرم" (فانی:٢٠٠٨:٧٧) لە ژمارەی دواتر دا هێمن بە ناوی "ئەمن دەیڵێم و بێ باکم" (هێمن:٢٠٠٨:١٢١) وەڵامی دەداتەوە و ڕاستییەکەی هەردووکیان دیاردەکانی ژیان و دەستەڵاتی نەریتی لە کۆمەڵگای کوردیدا وەبەر تیری ڕەخنە دەدەن، ئەو شێوە ئاگا لە دەقی یەکبوونە لە شیعری پێشووی کوردیدا ئەگەر چەند نموونەیەکی وەک نامەکەی نالی و سالم وەلابنێین، یان نەبووە، یان زۆر کەم بووە! ئەوانە لەو ئەزموونانەن کە شیعری کوردی سەردەمی کۆمار ئەزموونی کردوون، لەو نموونانە دەتوانین لە شیعری شاعیرانی دیکەی وەک خاڵەمین و هەژار و...تاد دا ببینینەوە.

هێمن لە نێو ئەو شاعیرانەدا تاقانەیە، ئەو لەگەڵ سێ وەچە لە شاعیران شیعر دەنووسێ، سەردەمێک بە کاریگەری وەرگرتن لە شاعیرانی وەک وەفایی و حەریق و...تاد شیعری کلاسیک وەک پێشینیانی خۆی دەنووسێ، نموونەی ئەو بەیتە لە شیعری یادگاری شیرینە:

**"دیدەکەی بە خوماری تۆ تورکانە بەد مەستی دەکا**

**بۆیە مەیلی وا بە فیتنە و کێشەو خوێن ڕشتنە".**

(هێمن:٢٧٠٨:١١٤)

لە پلەیەکی دیکەدا ڕوودەکاتە شیعری شاعیرانی ڕەوتی وەخەبەرهاتن (بێداری) فارس و قوتابخانەی موکریان، یان ڕاسانی کوردی و ناوەڕۆکی شیعری و ئەندێشەی شاعیرانە تا ڕادەیەک دەگۆڕێ، دواتر لە دوایین کۆمەڵە شیعری جددیدا واتە "ناڵەی جودایی" لە شیعری کورت و درێژدا ئەزموونی نوێتر دەخاتە ڕوو، لە شیعری بەرز و بڵندی "ئێوارەی پاییز" (هەمان: ٢٨٧) و لە شیعری کورت و پوختی "جوان ناسووتێ" (هەمان: ٢٩٤) دا دوو ئەزموونی یەکجار جودا لە ئەزموونەکانی

هێمن دەبینین، هەم ئەو و هەم هەژار یش جودا لەوەی کە شاعیرن، شاعیرانی سیستمێکی سیاسین کە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەی خۆی هەیە و ئەوان لە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕاگەیەنانەن و شیعر بە بابەتی جودا و بە ناوەرۆکی ڕەنگاو ڕەنگەوە لای ئەوان بەرهەم دێ، شیعری هێمن جودا لەو شیعرانەی کە چەند بەیتێکیان ڕەنگدانەوەی زەینییەتی کلاسیکیان پێوە دیارە، شیعرەکانی وەک جەژنی ئازادی، نەورۆزی ڕزگاری، ئارەزووی فڕین، ئامێزی ژن و...لەو شیعرانەن لە ئازادی ژنەوە تا بەرابەری ئینسان و ئاشتی میللەتان تێیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام چوارچێوە هەر چوارچێوە کۆنەکانە، هەڵبەت ئەوەش نابێ لە بیر بکەین کە هێمن گۆشە چاوێکیشی لە شیعری "گۆران"ی نوێخواز بووە و دەتوانین بڵێین گۆران کاریگەری لەسەری هەبووە، بەڵام لە شیعری ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی (١٩٧٥ز) بەدوا چەند شیعرێکی هەیە کە لە قاڵبە باوەکان دوور دەکەوێتەوە، شیعری "ئێوارەی پاییز"وەک باس کرا، هەم ناوەرۆک و هەم قاڵبەکەی کە دووبەیتی نوێیە، بە جۆرێک نوێبوونەوەیەکی دیکەیە لە شیعری شاعیرانی ئەو وەچەیە.

بەڵام ئەو شێوازە سەرەنجام جودا لە بیری تازە، قاڵبی تازەش بە دوای خۆیدا دێنێ؟ واتە فۆرم و دەربڕینی تازەی شیعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوێوە دەستی پێ کرد؟

زۆر تاکی کوردی ئەدیب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکەڵەی نوێبوونەوەی فۆرمی شیعری هەبووە، هەر لە سەردەمی کارەکانی "نیما یووشیج"ـەوە کە بناغەدانەری شیعری نوێی فارسییە، یەکەم کەس کە بە داخەوە بەرهەمی لە دەستدا نەماوە و تەنیا لە یادداشتەکانی نیمادا ناوی هاتووە، "سەدیق ئەنجیری ئازەر"ـە، نیما سەبارەت بەو دەڵێ "ئەنجیری ئازەر بە زمانی عیرفانی ئەگەر باسی بکەم بە حەقولیەقینی زانستەکان گەیشتووە، ئەو لە سەرووی زانستەوەیە، ئەو گەورەترین مرۆڤێکە کە من لە سەردەمی ژیانمدا دیومە، من لەگەڵ مرۆڤی هاوشان و هاوئاسۆی خۆم زۆرم هاموشۆ و قسەوباسم هەبووە، ئەو لە هەموو ئەو کەسانەی من دیومن تێپەڕیوە، پێم خۆش بوو شەو و ڕۆژ ئەو لاوە نەجیبە کوردەم لە لا بایە" (یوشیج: ١٣٨٩) ئەو لاوە نەجیب و زانایە بە داخەوە بە هۆی کوژرانی گوماناوی لە جەنگەی شۆڕشەکانی کوردستاندا، هیچ بەرهەمی لێ دەست نەکەوت، دەنا بێ شک بەرهەمی وای هەبووە کە نیمای داهێنەر ئاوا پەسەندی دەکا و پێیدا هەڵدەڵێ.

هەروەها دواتر و لە دەیەی سی هەتاویدا (دەیەی پەنجاکانی زایینی)، یەکەم کوردێک کە شیعری نوێی نووسیوە، عومەری سوڵتانی بووە، بەڵام ئەویش لە بازنەی ئەو باسە بەدەرە، چون زمانی شیعری ئەوکاتی فارسی بووە.

ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵات، دوای کۆماری مەهاباد تووشی سستی و ڕاوەستانێکی درێژ بوو، نوێنەرانی ئەو ئەدەبیاتە کە هەموویان چالاک و هەڵسووڕاوی بواری ڕۆشنبیری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بە هۆی ئەم ڕووداوەوە پەڕیوەی وڵاتان بوون، ئەو کەسانەی کە لە ناوخۆی وڵاتیشدا مابوونەوە، بە هۆی زەخت و گوشارێکی سیاسی کە بەسەریانەوە بوو، یان دەستیان لە کاری ئەدەبی کێشایەوە، یان بە شێوەی نهێنی و لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا چالاکیان دەنواند، لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەی "کوردستان" لە لایەن دەوڵەتی پاشایەتییەوە و لە شاری تاران دەردەچێت، بۆوەی ببێتە جێگرەوەی ڕۆژنامەیەک بە هەمان نێو کە لە سەردەمی کۆماردا بڵاو دەبۆوە، شایانی باسە کارگێڕانی ئەو ڕۆژنامەیە کەسانێکی بە نیسبەت دڵسۆز بوون، تەنانەت داوایان لە مامۆستا هێمن لە چالاکانی ڕووناکبیری دەیەکانی پێشووتر و لە نووسەرانی "کوردستان" ئۆرگانی کۆماری مەهاباد کردووە کە هاوکارییان بکا و ئەویش تا ڕادەیەک ئاوڕی لێداونەتەوە و جاروبارە بابەتیشی بۆ ناردوون، ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم بڵاڤۆکەدا دەنووسران، زیاتر باسی ڕیشە هاوبەشەکانی گەلی کورد و فارس و هاتنە ئارای باسی ئوستوورە ئێرانییەکانە و...تاد. ئەم تێمە نووسینە ئەگەرچی لە باری زانستییەوە گرینگ و بە کەڵکن، بەڵام جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ڕوحی شیعری بزۆزی هێمن هەیە، کەوایە دەرگای داهێنان هەروا داخراوە و نووسین بە زمانی کوردی لەم ئاستەدا قەتیس دەمێنێتەوە، ئەم دۆخە تا ساڵەکانی دەیەی چلی هەتاوی (دەیەی شەستەکانی زایینی) بەردەوام دەبێ، تا ئەوەی کە پۆلێک لە خوێندکارە کوردەکان ڕوو دەکەنە زانستگای تاران و لە

بەشی مـاف و زانیـارییـە سـیـاسـیـیـەکـاندا درێژە بە خـوێندنەکـەیان دەدەن، ئەو کـەسـانە بریتین لە: عـەلی حەسـەنیانی"هاوار"، فـاتیح شـێخـەلئیـسـلامی"چاوە"، سوارە ئێلخانیزادە، سەلاح موهتەدی و...تاد.

وەک هەمـوومـان دەزانین دەیەی چلی هەتاوی لە هەمـوو بوارەکانی رۆشنبیریدا چ سیاسی و چ ئەدەبی، قۆناغیکی زێرینە و بە ئەزمـوونێکی درەوشـاوەی مـێـژووی ئێـران دەژمـێـردرێت، هەر لەو سـەردەمـەدایە شـاعـیـرانی وەک "ئەحـمـەد شـاملوو" و "فـرووغ فـەرۆخـزاد" و "مـەهدی ئەخەوان سالس" و...تاد خەریکی پتەوکردنی ئەزموونی نوێگەرایی شیـعـری فـارسین و باشـترین و بە هێـزترین کـارەکـانیـان لەو دەورانەدا بلاو دەبێـتـەوە، ئەو پۆلە خـوێندکـارە کـوردەش لەم قـۆناغـە هەسـتـیـارەدا، لە ناوەندەکـانی رۆشنبیری فـارس نزیک دەبنەوە، هەر بۆیە ئەو کـەش و بارودۆخـە کـاریگەری لەسـەریان دەبێ و جـیـاوازییـەک لە نێـوان شـێـوە ئەدەبیـاتێک کـە لە کـــوردەواریدا بـاوە و ئەو رەوتـەی لەوێ بـرەوی هەیـە سەرنجیان رادەکێشێ و دەست دەدەنە نووسین و سەرقاڵی بەرهەمـهـێنانی دەقی ئەدەبی بە زمـانی فـارسی دەبن، دیارە لە نێـوان ئەو پۆلە خـوێندکـارەدا، هاوار و چاوە و سوارە زێدەتر دەچنە دنیـای ئەدەبیاتەوە، دوای مـاوەیەک لە لایەن دۆسـتـانی دیکـەیانەوە بۆ وێنە "سـەلاحی مـوهتـەدی" بەرەو کوردی نووسین هان دەدرێن. (حوسێن پوور:٢٠٠٤)حـاجی رەحـمـان ئاغـای مـوهتـەدی بە پێی ئەوەی کە ئەو سـەردەمـە مـامـۆسـتـای زانسـتگای تاران بووە، نیشتـەجێی تاران دەبێ و ماڵەکەی دەبێتە مەکۆی شـاعـیـران و بیـرمـەندانی ئەو سـەردەمـەی کـورد کـە لە پایتـەخت دەژین، ئەو گـردبوونەوانەش تا رادەیەکی زۆر ئەو کـەسـانە بەرەو نووسین هان دەدا و هەر لەوێیـە کـە یەکەم پێشنیـار سەبارەت بە نووسینی شیعری ئازاد بەو پۆلە خوێندکارە دەدرێ. (هەمان:٢٠٠٤)

کاتێک باسی رەوتی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران دەکرێ، سوارەی ئێلخانیزادە وەک دامەزرێنەری ئەو رەوتە دەناسرێ، بەڵام عـەلی حەسـەنیـانی بە پێی گـوتەی خۆی کە لە دووتوێی نامەیەکدا بۆ جەعفەری حوسێن پووری نووسیـوە دەڵێ: یەکـەم شیعری نوێی کوردسـتـانی ئێران، من نووسیومە (ئەویش بە کارتێکەری شیعرێکی فارسی بە نێوی "جەللاد".) هاوار ئەگەرچی سەرچاوەی شیعرەکە دیاری ناکا، بەڵام دەبێ هەمـان شیـعری "لە سەر رەشایی سەنگفەرشی رێگا" لە هووشەنگی ئیبتهاج بێ کە ئاوا دەست پێــدەکـــا "تەهای جـــەللاد رووت رەش بێ" (ابتهاج:١٣٣٢) و دواتر چاوە و سوارە دەست بەو شێوە نووسـینە دەکـەن، بە پێی قـسـەکـانی "هاوار" ریزبەندی نووسرانی شیعرە نوێیەکان بەو شێوەیەن:

١-جەللاد، هاوار، ١٣٣٨.

٢-بۆمباران، هاوار، ١٣٣٨.

٣-نازدار، چاوە، ١٣٣٩.

٤-کەژاڵێ، هاوار، ١٣٤٠

٥-هەسێرەکەم، چاوە، ١٣٤٠

٦-شار، سوارە، ١٤٣١ (حوسێن پوور:٢٠٠٤)

من پێم وایە لەبەر زۆر هۆی زمانی و پێکهـاتەیی، ئەو ریزبەندییەی کـاک عـەلی دەکرێ دردۆنگـییـەک لە رێک بوون و وردەکـــاری ســـاڵی نووســـینی هەندێک لە شیـعـرەکـانیـدا بکرێ، چون شیـعـری "شـار" لە یەکـەم ئەزموونی شاعیرێکی لاو ناچێ کە تازە تەمەنی بیست و چەند ساڵێکە، ئەو شیعرە کە تا ئێستاش یەکێک لە بە هێزترین شیعرە نوێیەکانی زمانی کوردییە هەم لە باری روانگەی فیکرییەوە، هی شاعیرێکە کە بە پوختەییەکی فیکری گەییـوە، هەم زمان چ لە باری دارشتنی رستـەی شیـعـرییـەوە و چ لەباری هەڵبـژاردنی وشـەوە زمـانێکی تۆکـمـە و بە هێـزە و جـودا لەوانە شیـعـر لە پارزۆنگی ئەزمـوونێکی خوێندنەوەش گـوزەراوە کـە بتـوانی شکۆی وێنەسازی باشترین شاعیرانی ئەو سەردەمی ئێرانیشی تێـدا هەست پێ بکەی، واتە ئەو شیـعـرە بە رای من لە شیـعـرەکـانی دواتری سـوارەیە، بەڵام کـاریگەری "چاوە" لەسـەر سـوارە لە دەورەیەکی کـورتدا حـاشـای لێ ناکرێ، ئەو کـاریگەرییە لە دوو وار دایە، یەکەم لە شیعری "کەم دەرخـەمـەی خـەم دەرکـەم"دا، ئەگـەر شیـعـری سـوارە بێ! سوارە خەریکە یەکەم ئەزموونی شیعری نوێی خۆی گەڵاڵە دەکا، چون لەوێدا زمانی نووسینی سوارە بە پێچەوانەی شیـعـرەکـانی دیکـەی، زمـانێکی لەهجـەدارە، لەهجـەدار بوون وەک تایبەتمەندی شیعری لێرەدا باسی دەکرێ، ئەو لەهجـەیە لە سـوانی وشـەکان و دەکـارکردنی سووکـەڵەی فـەرمـان و هەندێـک وشـەی تایبـەتی ناوچەی ژاوەرۆ و مـەریوانەوە بگرە، تا کـەڵـک وەرگـرتن لە هەندێ وشـەی فـارسی لە شـیــعـردا، ئەوانە بەشـێک لە تایبـەتمەندی

ڕواڵەتی شیعری چاوەن و هەر ئەو تایبەتمەندییانە لەو شیعرەی سوارەشدا هەیە، کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو شیعرە یەکەم شیعری سوارەش نەبووبێ، شیعرێکە کە کاریگەری لە چاوە وەرگرتووە و لە لایەکی دیکەوە شیعری شار بەو تایبەتمەندییە زمانی و فۆرمێک و واتاییەوە کە هەیەتی، ناشێ یەکەم شیعری نوێی سوارە بووبێ.

**زمسان بە پۆی باڕن هەرەسی تانی**
**شەوەزەنگی تەنی**
**شار و دەری لێم گرتە بەس**
**شادی هێلانی هێشتە جێ** (ئیلخانی زادە:٥٤:١٣٧٢)

هەر جموجۆڵێکی نوێخوازانە لە سەرەتاوە بە دڕدۆنگی و دڵەراوکێ و موحافزەکارییەوە هەنگاو دەنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیشکی هیوا بە داهاتوو دەبێتە هەوێنی چالاکی و کارکردنیان، کەوایە ئەم حاڵەتە لە نێو ئەو چەند لاوە خوێندکارەشدا هەبوو کە خەریکی تێکدانی بنەماکانی ڕابوردوو بوون، بەڵام بە هۆی هاندانی کەسانی دیکەوە کە شارەزا بوون و فیکرێکی کراوەیان هەبوو، لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیان نەوەستان و دەلاقەیەکی نوێیان بەرانبەر ئەدەبی کوردی کردەوە.

بەو شێوەیە یەکەم ئەزموونەکانی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران دەنووسرێن، بەڵام وەک گوترا خاڵی جێی سەرنج ڕیزبەندییەکە کە "هاوار" بۆ نووسینی ئەو شیعرانە ڕەچاوی کردووە، یەکەم شیعری هاوار وەکی بۆخۆی باسی دەکا، بە کارتێکەری شیعرێکی فارسی نووسراوە و تەنیا داهێنانێک کە شاعیر کردوویەتی، دەستبردن بۆ فۆرمی زمانی شیعری سەردەمە، دەنا لە باری زمان و ناوەڕۆکەوە، لە باری واتا و دەربڕینەوە ساکارە، دواترە کە بە ئەزموونی زیاترەوە شیعری "کەژاڵێ" و...تاد دەنووسێ، ئەو قسەیە لە بارەی "چاوە"شەوە هەر ڕاستە و بە واتایەکی تر مەنتقییە، بەڵام وەک عەلی حەسەنیانی دەڵێ: یەکەم شیعری نوێی سوارە، شیعری "شار" بووە، شیعرێک کە هەم لە باری زمانییەوە هەم لە باری ناوەڕۆکەوە تا هەنووکەش یەکێک لە باشترین و بە هێزترین شیعرەکانی ئەدەبیاتی کوردییە، بەڵام وەکی باس کرا ئەو قسەیە لە هەڵسەنگاندنی دەقەکانی دیکەی سوارەوە دەردەکەوێ کە ڕەنگە لە ناودێر کردنی یەکەم شیعری نوێی سوارە دا هەڵەیەک کرابێ، بەڵام ئێمە ڕوو دەکەینە قسەکەی حەسەنیانی و وەک پێوەرێک ڕەچاوی دەکەین.

ئەو بەرهەمانەی سێ پێشەنگی شیعری نوێ لەو یەکەم دەقانەدا بوون کە پێکهاتە و فۆرمیشیان لەگەڵ شێوازەکانی شیعری کلاسیک بە تەواوی جودا بوو.

بەو شێوەیە بزاڤێک دەست پێدەکا و دواتریش کەسانێکی دیکە وەک"قاسم مۆئەیەدزادە"، "عەلی گەلاوێژ" و "ئەحمەد قازی" و...تاد دێنە نێو ئەو کاروانەوە، بەڵام نێوی "سوارە ئیلخانی زادە" لە نێوان کەسانی دیکەی ئەو جموجوڵە نوێیەدا زیاتر دەکەوێتە سەر زاران، فاتیح شێخەلیسلامی"چاوە" دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت و بۆ هەمیشە واز لە ئەدەبیات و نووسینی دەقی داهێنەرانە دێنێ، عەلی حەسەنیانی"هاوار" تێکەڵاوی بزاڤە سیاسییەکان دەبێ، ئەگەرچی تا ساڵەکانی دوایی تەمەنی هەر لە نووسین دانەبڕا، بەڵام بە هۆی هۆگری بە شاعیرانی بەینابەینی فارسی، وەک کەسرایی و ئەخەوان و نادرپوور و...تاد هەنگاوی زیاتری بۆ تێپەڕاندن لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی نەنا، ئەگەرچی هەر هەنگاوی سەرەتاشی هەنگاوێکی بوێرانە بووە و لەو ئاستەشدا، شاعیرێکە بە ئەزموونێکی نوێ و جودا لە هەموو شاعیرانی بەر لە خۆی و بەرهەمەکانی خوێندنەوەی تایبەتی خۆی دەوێ.

سوارەش لەو سێ کوچکەیەدا تا دوایین ساتەکانی تەمەنی، بە دوای ئەزموونی تازەوە بووە، ئەو لە شیعری کلاسیکەوە لە ئەزموونی شاعیرانەیدا هەیە تا ئەزموونی قورسی وەک "خەوە بەردینە" کە لە ڕیزی شیعرە بەرزەکانی ئەدەبی کوردیدایە و تا ئێستاش لەو دەقە تاقانانەی ئەدەبی کوردییە کە لایەنی شاراوەی فۆرمی و واتایی هەر ماوە و ڕەخنەگرانی کورد بەردەوام وەک شیعرێکی سەرچاوە لە بواری داهێناندا ئاوڕی لێ دەدەنەوە، ئەزموونی شیعری سوارە بە وەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی "سیمبۆلیزمی کۆمەڵایەتی" لە بزاڤی شیعری نوێی فارس لە لایەک و "ئیماژ"ی بێ وێنە لە لایەنێکی دیکەی ئەو شاعیرانە، ئەزموونێکی کەم تەمەن، بەڵام دەوڵەمەندە، دوای سوارەش شاعیرانی نوێخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوی دیکەیان بە

ئاقاری جودادا هەڵگرت، لە بەشی دواتر دا، هەم بە پێی دەق ئەزموونی سێ شاعیری پێشەنگ "سوارە" و "هاوار" و "چاوە" زیاتر تاووتو دەکرێ و هەم ئەو ڕەوتانەی پاش سوارە بەدی هاتن بە تایبەتمەندی زمانی و شێوازی پێکهاتەیی و لایەنی جوانیناسی خۆیانەوە دەخرێنە بەر باس.

**سەرچاوەکان:**


- ئیلخانی زادە، سوارە (١٣٧٢) خەوەبەردینە، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

- ابتهاج، هوشنگ (١٣٣٢) شبگیر، تهران: بی نا.

- بهار، محمد تقی (١٣٧٩) گزیده اشعار ملک الشعرای بهار، چاپ دوم، به کوشش مهروش طهوری، تهران: موسسه انتشارات قدیانی.

- بەهرەوەر، محەممەد (٢٠١١) شیعر و پەخشانی سوارە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سوارە ئیلخانی زادە، هەولێر: ئاکادیمیای کوردی.

- سەیفولقوزات (٢٠٠٨) دیوانی سەیفولقوزاتی قازی، ئامادەکردنی ئەنوەری سوڵتانی و حەسەنی قازی، سلێمانی: بنکەی ژین.

- حوسێن پوور، جەعفەر (٢٠٠٤) بە یادی هاوار،
http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_14.html

- خانی، ئەحمەد (١٣٦٧) مەم و زین، ڤەژاندنا پەرویز جهانی، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

- شەوقی قازی زادە، مستەفا (١٩٨٥) پەیژە و مستەفا شەوقی، مومتاز حەیدەری. بەغدا.

- لنگرودی، شمس (١٣٧٧) تاریخ تحلیلی شعر نو، جلد اول، تهران: نشر مرکز.

- قزوینی، عارف (١٣٨١) دیوان عارف قزوینی، به اهتمام محمد نور مهدی، تهران: نشر سنایی.

- علی بابایی، داود (١٣٨٤) جامعه، فرهنگ و سیاست، اشعار و مقالات سه شاعر انقلابی، ایرج میرزا، فرخی یزدی و میرزاده عشقی، تهران: امید فردا.

- عەلی عومەر، فاروق (٢٠٠١) ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا، وەرگێڕ: تاریق کاریزی، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- فانی (٢٠٠٨) دەڵێم بیڵێم و ناوێرم، گۆڤاری نیشتمان، ژمارەی سی و چوار، سلێمانی: بنکەی ژین.

- فرخی یزدی، محمد (١٣٧٦) دیوان فرخی یزدی به اهتمام حسین مکی، تهران: جاویدان.

- قائد، محمد (١٣٧٧) میرزاده عشقی، سیمای نجیب یک انارشیست، تهران: انتشارات طرح نو.

- کۆکەیی، مەلا مارف (١٣٨٧) گزیده اشعار ملا معروف کوکەی، تحقیق و نگارش مهپاره لاهیجانی مهاباد: نشر رهرو.

- کۆکەیی، مەلا مارف (٢٠٠٨) بیکەین بە جومهووری، گۆڤاری نیشتمان، ژمارەی پێنج، سلێمانی: بنکەی ژین.

- مظهر احمد، کمال (١٣٨٤) تاریخ روزنامه نگاری کردی، ترجمه: احمد غلامی، گاهنامه مانا، شماره اول: همدان.

- میسباحوددیوان، ئەدەب (١٢٨٣) نامەیەک بۆ میرزا ساڵح، ئارشیوی بەڵگەنامەکانی میسباح، یوونس ئەمین پوور.

- هێمن (٢٧٠٨) دیوانی هێمن موکریانی، ئامادە کردنی وریا حەبیب، سلێمانی: پەخشانگای ئازادی.

- هێمن (٢٠٠٨) ئەمن دەیڵێم و بێ باکم، گۆڤاری نیشتمان، ژمارەی پێنج، سلێمانی: بنکەی ژین.

- یوشیج، نیما (١٣٨٩) سطرهایی از رنج های نیما، ماڵپەڕی ئینتەرنێتی:
http://www.bashgah.net/fa/content/show/40966

# چوارینەکانی خەییام

سادق هیدایەت
لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی
(سنە)

**(٢ - ٢)**

گوڵی دەم بەبزە، چریکەی بلبل، چیمەنی سەوز و جوان، شنەی بەربەیان، تریفەی مانگەشەو، گوڵئەندامانی وەک پەری، زایەڵەی چەنگ و شەرابی ئاڵ، ئەمانەن بەهەشتمان، لەو دنیایەدا لەمانە باشترمان دەست ناکەوێ؛دەبێ لەم جیهانە لەرزۆک و پڕ لەژان و چەرمەسەری و نەهامەتییەدا لە شتە جوانەکان کەڵک وەربگرین؛ ئەمەیە بەهەشتی ئێمە، نەک بەهەشتی بەڵێندراو کە خەڵکیان پێ خەڵەتاندووە! بۆچی بە هیوای بادی هەوا خۆمان لە بادە و خۆشی بێ بەش بکەین؟

**بۆ بیری بەهەشت و ئاگرێ کەوتییە چاڵ**
**خۆشتر لە خەیاڵی شیرینە بادەی تاڵ**
**بەس ترس و ئومێدی بێ نیشان و بەڵگە**
**پێشینە دەڵێن: کەس بە خەیاڵ نەبووە بە ماڵ**

یاری خانەیەکی سەیرە؛ وەک بووکەڵەوازییان شەترەنج وایە، ئێمە وەک ئەو متوموور و بووکەڵانەین کەپێمان وایە سەربەست و سەربەخۆین، کەچی دەستێکی شاردراوە کە دەڵێی هی منداڵێکە، ماوەیەک یاری و جێگۆڕکێمان پێ دەکات، ئینجا لێمان بێزار دەبێ و هەموومان دەخاتە نێو سندووقی فەرامۆشی و نەمانەوە:

**گەردوون وەک منداڵە لەبەر بێکاری**
**خستینیە دەرێ وەک متوموور بۆ یاری**

خەییام ویستوویە ئەم جیهانە بێ نرخ و هیچوپووچ و پڕ لە کۆڤانە هەڵوەشێنێتەوە و دنیایەکی مەنتیقیتر لەسەر کەلاوەکەی چێ بکاتەوە:

**دەستم کە بڕۆیبایە خودائاسایی**
**گەردوونێ ترم دەخستەڕوو سانایی**

بۆ ئەوەی بزانین فەلسەفەی خەییام تا چ ڕادەیەک بۆتە جێی سەرنجی لایەنگرانی، ئاماژە بە کتێبی «دەبستانی مەزاهب» دەکەین کە نووسەرەکەی لە چەند شوێنێکدا چوارینەکانی خەییامی بە نموونە هێناوە و جارێکیش لە لاپەڕەی ٦٣داچوارینەیەکی سەیری خستۆتەپاڵ: «...(سەمراد) وشەیەکە بە مانای هزر و خەیاڵ، فەرەهمەند شاگردی فەرئیرەج گوتوویە: ئەوەی هەبێت، دەزانێ توخمەکان، ئەستێرەکان، ئاسمانەکان، بەئاوەزان و هەستەکان حەقن و واجبەلوجوودێ کەوا باسی لێوە دەکات، نەهاتووە و ئێمە لە خەون و خەیاڵی خۆماندا پێمان وایە هەیە، بەڵام بێ گومان نییە.شیعرەکەی حەکیم عومەری خەییام بە نموونە دێنمەوە:

**باسی ئافرێنەر، باسی کا و بایە**
**خەونێکی خاوە و لە خەیاڵدایە**
**کایەی کفر و دین دانێ بۆ منداڵ**

**با بێت، هەر با بێت لە لات ئەو خوایە**

(وەرگێڕ)

لە جێگایەکی تردا لەمەڕ ڕوانگەی چارواک دەڵێ: «...مرۆڤی بە ئاوەز دەشێت لە هەموو خۆشییەکان چێژ وەربگرێ و خۆی لە سەرخۆشیی نەبوێرێ، چونکە ئەو کاتەی بچێتە ژێر گڵ، ئیتر تاهەتایە لێی نایێتە دەر

نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی

ڕاستییەکەی ڕوانگەی چارواک ئەمەیە کە دەڵێت: بەدی هێنەر دیار نییە و مرۆڤ ناتوانێ هەبوونی بسەلمێنێ، کەوابوو بۆچی دەبێ ئێمە شتێکی خەیاڵی و نەبوو و نەبینراو بپەرستین؟ بۆ لەبەر ڕژدی و چنۆکی و بە هیوای بەهەشت و خۆشییەکەی ئەوێ، خۆشی ئەم دنیایەش لە دەست خۆ بکەین؟ مرۆڤی بەئاوەز نەخت ناگۆڕێتەوە بە قەرز، ئەوەی لەبەر چاو نییە جێی باوەڕ نییە، پێکهاتنی لەش بە هۆی ئەو چوار توخمەیە کە بەپێی پێویستیی سروشتیی پێکەوە نووساون، هەرکە پێکهاتەکە هەڵوەشایەوە، مەعادنی توخم بێجگە لە توخم نابێ و دیسانەوە دەچنەوە سەر دۆخی پێشوویان، بەرەو ئاسمان هەڵکشانی پاش ڕووخانی کۆشکی لەش، هەروەها چێژ و خۆشی و جەزرەبە و گڕی ئاگریش قسەی بەتاڵ و خەیاڵی خاوە».

ئایا ئەم دێڕانە شیکردنەوەی ڕوانگەی خەییام نین؟

ئێدوارد هێرۆن ئالێن لە پاشکۆی چوارینەکانی خەییامدا(لاپەڕەی ٢٩١)، لە زاری ئێلفینستۆن(٥)، نووسەری کتێبی «سەربردەی پاشایەتی کابول» کە لە ساڵی ١٨١٥ی زایینیدا بڵاوبۆتەوە، لەبارەی تاقمێکی دەهری و بێ دین کە بە مەلازەکی ناوبانگیان دەرکردبوو دەڵێت:«پێدەچێ بۆچوونەکانیان زۆر کۆن بن و بە تەواوەتی لە بۆچوونەکانی خەییام، شاعیری کۆنی ئێرانی دەچن کە لە هۆنراوەکانیدا لایەنی بێ دینی ئەوەندە زۆرە لە هیچ زمانێکی تردا وێنەی نەبووە، ئەم تاقمە بیروڕایان بە نهێنی دەردەبڕی و دەڵێن ڕوانگەیان لە نێو گەورەپیاوانی دیوانی سوڵتان مەحموودیشدا لایەنگری پەیدا کردبوو».

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی خەییام، ورد بوونەوەیەتی لە بابەتی مەرگ، ئەو ئەم تەوەرە لە لایەنی ڕوحی و بەگوێرەی فەلسەفەی خواپەرستەکان لێک ناداتەوە، بەڵکو بەپێی دارزان و تواندنەوەی تەن و



**خەییام**

ماک و شی بوونەوە و ئاڵوگۆڕەکانی، بە وێنە و دیمەنی شاعیرانە و خەمناک پیشان دەدات.

بەبۆچوونی خەییام لەو دیوی ماددەوە هیچی تر نییە، جیهان لە ئەنجامی پێک گەیشتنی گەردیلەکان پێکهاتووە و بەگوێرەی ڕێکەوت کاردەکات؛ ئەم ڕەوتە تا دوا سات بەردەوامە و گەردیلەکان هەرجارە و دەچنە قاپۆڕێکەوە و پەیتاپەیتا بیچمیان دەگۆڕدرێ، مرۆڤیش لە ئەنجامی لێکدرانی گەردیلەکان و چوارتوخم و کاریگەریی حەفت ئەستێرە بەدی هاتووە و هیچ ترس و ئومێدێکی نییە و ڕوحیشی وەک لەشی وایە و لە پاش مردن لە ناو دەچێت:

**نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی**

* * *

**خەییام! کە سەرت گەرمە بە مەی، دڵخۆش بە**
**دەس لە ملی کچۆڵەیەک دەکەی، دڵخۆش بە**
**دواڕۆژی هەموو شتێک نەبوونە و چوونە**
**وای دابنێ هەر نەبووی، کە هەی دڵخۆش بە**

* * *

**مەی تێکە وەخۆ دەرفەتە، هاکا مردی**
**لەم ژێر گڵە بێ هەواڵ و بێ هاودەردی**
**وا پێتی دەڵێم شتێک لە لای کەس مەیلێ:**

**نابێتەوە گوڵ، پەلکەگوڵێ با بردی**

بەڵام خەییام بەمە ناوەستێ و شوێنی گەردیلەکانی لەشی تا دوایین قۆناغەکانی گەشەسەندن هەڵگرتووە و هەموو گۆڕانکارییەکانی شرۆڤە کردووە، لە باسی مانەوەی ڕوحدا بڕوای بە داگەڕان و ئاڵوگۆڕی گەردیلەکانی لەش هەیە لە پاش مردن؛ چونکە ڕاستییەک کەهەستی پێ دەکرێت و دەبینرێ ئەوەیە کە گەردیلەکانی لەش لە ماک و تەنەکانی تردا دەبووژێنەوەو وەگەڕ دەکەونەوە، بەڵام ئەوەی کە ڕوحی سەربەخۆ لەپاش مردن ژیانی جیاوازی هەبێت، بوونی نییە، ئەگەر بەختمان بیهێنێ گەردیلەکانی لەشمان دەکرێنە کووپەی مەی و هەموو کاتێ سەرخۆش دەبن و لە ژیانێکی پڕ لە نهێنی و بێ دەست تێوەردان بەردەوام دەبن، ئەم فەلسەفە و بۆچوونەیە کە دەبێتە سەرچاوەکەی ئازار و بیرە خەماوییەکانی خەییام، لە قوڕی گۆزە، لە شینکە، لە هەڵاڵە، لە یارێکدا کە بە جووڵەی جوان بە دەنگی خۆشی چەنگ سەما دەکا، لە کۆڕی شایی و لە هەموو جێیەکدا گەردیلە بێ ئۆقرەکان و ڕەوتی ناخۆش و وەڕزکەری سروشتی لە پێش چاودایە، لە کووپەی شەرابدا گەردیلەی لەشی نازداران دەبینێ کە بوونەتە خۆڵ و ژیانێکی سەیریان دەست پێ کردۆتەوە و لە نێو دڵیاندا ڕوحی ناسکی بادە کوڵ وکۆیەتی.

لێرەدا شەرابەکەی، وێڕای کنایە و چواندنی شاعیرانە، سەروسیمایەکی قووڵ و پڕ لە نهێنی دەگرێتە خۆی، شەراب وێڕای ئەوەی دەبێتە هۆی سەرخۆشی و فەرامۆشی، بۆ گۆزە وەک گیانە بۆ لەش، ئایا نێوی شوێنە جیاجیاکانی گۆزە ڕوحی پڕ گڕی ئەو لەشە نییە؟ هەر ئەو گۆزەیەی پێشتر لەشی گوڵئەندامێک بووە! ئەو ڕوحە پڕ گڕە، ژیانی پڕ ئازاری گۆزەکەمان دێنێتەوەبیر! بەم چەشنە گۆزە ژیانێکی سەر بە خۆی دەدرێتێ کە شەراب ڕوحەکەیەتی:

**لێوم نا بە لێو گۆزەیەکەوە**
**وتم بۆ تەمەن هیوام بۆ تۆوە**
**وتی ڕازێکت بۆ دەدرکێنم:**
**مەی وەخۆ، چیدی ناگەڕێیتەوە**
(وەرگێڕ)
**ئەو هەنگڵ و دەسگرەی لە ملیا دیوتە**
**دەستێ بووە زۆر خراوەتە سەر ملی یار**

خەییام لەم چەشنە چواندنەی زۆرە، بۆ وێنە لە لاپەڕە ٤٠ی نەورۆزنامەدا ئاوا باسی تیروکەوانی کردووە: «... لە لایەنێکەوە کەوان وەک مرۆڤە و دەمار و ئێسقان و بەز و پێست و گۆشتی هەیە، ژێیەکەی وەک گیانیەتی و بەوەوە زیندووە، بەو گیانەی کە مرۆڤی لێ هاتوو وەبەری دەکات».

لەم باسانەی ورووژاندمان، دەردەکەوێ کە خەییام سەبارەت بەچییەتی ژیان و بایەخەکەی فەلسەفە و ڕوانگەیەکی بەرز و جیاوازی هەبووە، ئاخۆ ئەو لە بەرانبەر ئەو هەموو گرفتەدا چ ڕێبازێکی هەڵبژاردووە؟ لە کاتێکدا کە چۆنیەتی چێ بوونی ماکەکانمان بۆ ڕوون نییە، لە کاتێکدا کەس نەیزانیوە و نازانێ لە کوێوە هاتووین و بەرەو کوێ دەڕۆین و قسەی خەڵکی هەموو وتەی پڕوپووچ و تەڵەکەبازین، لە کاتێکدا کە گەردوون هێدی هێدی و بەبێ ئاوڕدانەوە لە گەڕاندایە و هەموو تێکۆشانی ئێمە لە بەرانبەریدا بێ بایەخە و شرۆڤە فەلسەفییەکانیش ڕێ نیشاندەر نین، لە کاتێکدا کە خەم و خۆشیمان بەلای گەردوونەوە وەک یەکە و ئەو جیهانەی تێیدا دەژین پڕە لە چەرمەسەری و ژان و شەڕی هەمیشەیی و ژینی تۆقێنەری ئێمە زنجیرەیەکە لە فریو و خەون و خەیاڵی خاو، لە کاتێکدا کە خوونکاران بەو هەموو فەڕ و مەزنایەتیانەوە باوەشیان کردۆتە گڵی نەماندا و کچانی نەشمیلی بەمراد نەگەیشتوو لە دڵی خاکدا ڕۆچوونە و گەردیلەکانی لەشیان لە تەنگەوەری گۆڕدا لێک هەڵدەوەرن و لە گژوگیاو تەنەکانی تردا ژینی پڕ ئازار دەست پێدەکەنەوە، ئایا ئەمانە هەموویان بە زمانی بێ زمانی، تورتی و سستی و ناسکی شتەکانی ئەم جیهانەمان بۆ دەرناخەن؟ ڕابوردوو جگە لە بیرەوەرییەکی ئاڵۆز و خەوناوی هیچی تر نییە و داوڕۆژیش نادیارە؛ کەوایە ئێستا کە زیندووین، لەم ماوە کورتە کە بە چاولێکنانێ لە ڕابوردوودا نوقم دەبێ، باش تێ بگەین و دڵخۆش بژین؛ کە ئەم دەرفەتەمان لە دەست چوو، ئیدی هیچمان پێ ناکرێت، بەڵام دەبێ بزانین لەم ساتەوەختەدا چۆن چۆنی بژین! مەبەست لە ژیان، خۆشی و ڕابواردنە؛ تادەتوانین خەم و مەراق لە خۆمان دوور بکەینەوە، شتە دیارەکان بە نادیارەکان نەفرۆشین و نەخت نەکەینە قوربانی قەرز؛ با بەر لەوەی لەژێر چڕنووکی ژیندا بپڕووکێین و مەرگ بمانڕفێنێ، بەشی خۆمان بڕفێنین!



شەکسپیر

**تا تۆش نەڕفێنراوی بەشت بڕفێنە**

شیاوی وتنە هەرچەندە خەییام لە ناخی دڵەوە خولیای خۆشییە، بەڵام هەمیشە خۆشییەکەی تێکەڵ بە مەراقی مەرگ و نەمانە؛ بۆیە فەلسەفەی خەییام لە ڕواڵەتدا بانگەشەی ڕابواردن دەکات، کەچی ڕاستییەکەی هەموو ئەو گوڵ و بلبل و شەراب و شیناوەرد و وێنە ئاڵۆشاوییانە تەنیا بۆ ڕازاندنەوەن و بەس؛ وەک ئەوەیە کەسێک بیەوێ خۆی بکوژێ و بەر لە مەرگی، خەریکی ڕازاندنەوەی ژوورەکەی بێت، ئاوەهایە کە خۆشییەکانی، زۆر خەماوی و دڵتەزێنن، با خۆش ڕابیبوێرین و بیری پێ نەدەین؛باچاومان بە خوێن، ئەم تراوی ژینە نەکەوێ کە لە هەزاران برینمانەوە دەدەڵێت!

لەبەر ئەوەی خەییام لە تەمەنی لاوییەوە دڕدۆنگ بووە و فەلسەفەی خۆشی و ڕابواردنی لە تەمەنی پیریدا هەڵبژاردووە، خۆشییەکەی ئاوێتەی نائومێدی و نامرادییە:

**ژمارەی پێکی عومرم حەفتایە**
**ئێستا بەدمەستی نەکەم، کەی دەیکەم؟**
(گۆران)

ئەم چوارینەیە لە ڕواڵەتدا مرۆڤێکی ڕەندی دڵتەڕ و خۆش بژێو نیشان دەدات کە بێزی لە هەموو شتێ دەبێتەوە و ژیان دەپەرەستێ، هەروەها نەفرەتیشی لێ دەکات، بەڵام ڕاستییەکەی پەلە و تامەزرۆیی شاعیر لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بۆ خواردنەوە، خەماویی بوونی ئەم چوارینەیە زیاتر لەوانی دیکە دەنوێنێ و بە تەواوەتی نیشاندەری بیری فەیلەسووفێکی سروشتیخوازە کە دەیەوێ لە دوایین ساتەکانی تەمەنیدا و پێش لە نەمانی تاهەتایی، چێژی پێویست لە ژین وەربگرێ!

چوارینەکانی خەییام تەژین لە بۆنی خەست و تیژی شەراب و لە بەرانبەردا، مەرگ لە لای ددانە کلیل بووەکانییەوە دەڵێت: «دڵخۆش بین!»

شەراب لە چوارینەکانی خەییامدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، هەرچەندە خەییام وەک ئیبنی-سینا لە خواردنەوەی شەرابدا زیدەڕۆیی نەکردووە، بەڵام پیاهەڵگوتنەکانی تا ڕادەیەک گەورەکردنەوەی پێوە دیارە، ڕەنگە زیاتر مەبەستی تاریفدانی شتە ڕێگا پێنەدراوەکانی ئایین بێ، لە نەورۆزنامەدا بەشێکی بۆ باسکردن لە سوودەکانی شەراب تەرخان کردووە و نووسەر بەپێی تاقی کردنەوەکانی خۆی و ئەزموونی کەسانی تر، باس لە قازانجەکانی شەراب دەکا و لەلاپەڕەی ٦٠دا ناوی ئیبنی سینا و زەکەریای ڕازیشی هێناوە، لەوێدا نووسیویە: «بۆ لەشی مرۆڤ هیچ شتێک باشتر و بەکەڵکتر لە شەراب نییە، بە تایبەت شەرابی تاڵ و زەلالی ترێ؛ کەڵکیشی ئەوەیە خەمان دەداتە با و دڵان خۆش دەکات»، لە لاپەڕەی ٧٠دا دەڵێت:«... گشت زانایان بەو ئامانجە گەیشتوون کە هیچ نیعمەتێک باشتر و بەنرختر لە شەراب نییە»، لە لاپەڕەی ٦١یشدا دەنووسێ: «...هەروەها لە بەهەشتدا نیعمەت زۆرن و شەراب باشترینیانە»، ئایا دەکرێ بڵێین نووسەری ئەم ڕستەیە بەڕاستی ئیمانی بە وتەکەی هەبووە، لەکاتێکدا بە تێزەوە دەڵێ:

**لێم بۆتە مەتەڵ بەهەشتە جێگەی حوورە**
**هەنگوین و کەرە و شیر و مەی و کافوورە**
**با ئێمە بە مەی لێرە بەهەشتێ سازدەین**
**تا پیاوی هەژار دەگاتە بەغدا دوورە**

شەراب لە چوارینەکاندا بۆ دامرکاندنی خەم و کەسەری ژیانە، خەییام پەنادەباتە بەر جامی بادە و بە بادەی ئاڵ دەیەوێت ئۆقرەیی و فەرامۆشی دەستەبەر بکات، دڵخۆش بین، ڕابوێرین، ئەم ژینە پڕ و پووچە لە بیر بکەین، بە تایبەت لە بیرکردنەکە زۆر گرنگە، چونکە لە کۆڕی شادی

و خۆشیدا تاپۆیەکی تۆقێنەرمان لەگەڵدایە، ئەم تاپۆیە مەرگە، گۆزەی شەراب لێوی دەنێتە سەر لێومانەوە و دەچرپێنێتە گوێمان: ئەمنیش ڕۆژگارێ وەک تۆ بووم، کەواتە گیانی پاکی بادە بخۆرەوە با ژیان لە بیرکەی!

با بخۆینەوە و سەرخۆش بین، چ خەمێکی ناشیرینە چێژ و خۆشی؟ ئافرەت، یاری وازوازی و سەرسەری؛ لێدەین، گۆرانی بلێین و بخۆینەوە با بەرلەوەی تاپۆی تۆقێنەری مەرگ چڕنووکی تیژی لە گەروومان گیر بکات، هەموو شتێ لەبیر خۆمان بەرینەوە، لە نێو گەردیلەکانی لەشی کەسانی تردا دڵخۆش بین، لەکاتێکدا کە بانگمان دەکەن و بەرەو نەمانمان ڕادەکێشن و مەرگ بە قاقای ڕەشییەوە پێمان پێدەکەنێت، ژیان دەمێکە، با ئەو دەمەش لە بیر بکەین!

**تا کەنگێ تەمەن بە خۆپەرستی**
**تا کەنگێ ژیان ئاوا بە پەستی**
**سەرخۆش بە وە مەی؛ ئەم ژینەژانە**
**لە خەو بی چاکە یانیش لە مەستی**
(وەرگێڕ)

## خەییامی شاعیر

ئەو باسانەی بەکورتی ئاماژەمان پێیان کرد، دەری دەخەن کە کاریگەریی هزر، کێشی لەبار، وردبینی، بەربڵاویی زەوق، جوانیی دەربڕین، تۆکمەبوونی مەنتیق، بەکارهێنانی گەلێک چواندنی بێ زێدە و ساکار، بە تایبەت ڕوانگە و فەلسەفەیەک کەوا لەگەڵ ڕوحی هەموو کەسێکدا دەپەیڤێ، بۆتە هۆی ئەوەی خەییام لە نێو فەیلەسووف و شاعیرە مەزنەکاندا پێگەیەکی بەرز و جیاوازی هەبێ.

چوارینە، بچووکترین شیعرە کە توانایی نواندنی بیری شاعیری بەتەواوەتی هەیە، ئارتۆر کریستەنسەن لە لاپەڕە ٩٠ی کتێبەکەیدانووسیویە: چوارینە کێشێکی تەواو ئێرانییە و بە بۆچوونی هارتمان بە تەرانە و ستران ناسراوە و زۆرتر بە گۆرانی و ئاوازەوە گوتراوە.

**کاتی بەیانی، نازداری لێوئاڵ!**
**دەم بە سترانێ بێنە بادەی تاڵ**
**وا کەوتە بن پێی، جەستەی هەزار کەی**
**هاتن و چوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵ**
(وەرگێڕ)

دواتر عەرەبەکان ئەم کێشە شیعرییەیان لە زمانی فارسی وەرگرت، ڕەنگە"هارتمان" لە پاش خوێندنەوەی وتەی شەمسی قەیسی ڕازی لەمەڕ چوارینە، ئەم بۆچوونەی لا دروست بووبێ.

هەموو شاعیرێک بە ئەرکی خۆی زانیوە تێکڕای شیعرەکانی تری، چوارینەش بهۆنێتەوە، کەچی خەییام چوارینەی بردۆتە بەرزترین ئاستی بایەخ و گرنگیەتی خۆی و زۆر لێهاتوانە ئەم شیعرە گچکەیەی بۆ بیرە بەرز و بەرینەکانی خۆی بەکارهێناوە، چوارینەکانی خەییام لە ڕیزی باشترین شیعرەکانی فارسیدان و ئەوەندە ساکار و سروشتین و بە زمانێکی ئەدەبی پوخت و پاراو گوتراون کە هەموو کەسێک شەیدایان دەبێت، خەییام ئاستی جوانی و پاراویی زمانەکەی وەها بەرز کردۆتەوە کە کاریگەریی لەسەر خوێنەر، بێ ئەم لاو ئەو لایە و مرۆڤ سەری لەوە سوڕدەمێنی کە ڕوانگەیەکی فەلسەفی گرینگ چۆن ئاوەها لە چوارینەیەکدا جێی دەبێتەوە و چۆن دەکرێ چەند چوارینە بهۆنرێتەوە کە هەر کامەیان هەڵگری بیر و فەلسەفەیەکی سەربەخۆ بن و لە هەمان کاتدا یەکگرتووییان پارێزراو بێ، دڵڕفێنیی ڕوانگەی خەییام بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی چوارینەکانی لە هەموو دنیادا، کێشە شیعرییە کورت و ساکارەکەی خەییام، خوێنەر ماندوو ناکا و دەرفەتی بیر کردنەوەشی بۆ دەڕەخسێنێ.

خەییام لە بواری شیعردا شوێن هیچ کەس نەکەوتووە، زمانی سادەی لە هەموو نهێنییەکانی ئیشەکەی ئاگادارە و لە چەند دێڕێکی کورتدا، بە جوانترین شێواز هەستی خۆی دەردەبڕێت، هەندێ لە شاعیران و زانایانی پاش خەییام ویستوویانە شوێنی شێوازەکەی ئەو بگرن، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی ساکاریی شیعر و بەرزی هزری ئەو، خەییام بەسەر وشەکاندا زاڵە و دەتوانێ بەپێی بیر و ئامانجی خۆی هەڵیانبژێرێ، کێشی شیعرەکانی زۆر خۆشن و لە چواندن و خوازەکانیدا جوانییەکی سادە و سروشتیی دەبینرێت.

شێوەی دەربڕین، ڕێباز و فەلسەفەی خەییام کاریگەریی بەرچاوی لەسەر وێژەی فارسی هەبووە و گۆڕەپانێکی بەربڵاوی بۆ غاردانی کەسانی تر تەخت کردووە، تەنانەت حافز و سەعدیش لە پرسەکانی پەیوەست بە گەشەی گەردیلەکان، لەرزۆکی گەردوون، کەڵک وەرگرتن لە ساتەکانی ژیان و بادەپەرستی لاسایی

خەییامیان کردۆتەوە، بەڵام هیچ کامیان نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەو، بۆ نموونە:
سەعدی دەڵێ:

**بە ناز و فیزێ پێ مەنە سەر عەرد**
**لە بن پێی تۆدا وەک تۆ مرۆڤ هەن**
(وەرگێڕ)

* * *

**گوڵ ئەگەر لە گڵ بڕوێت سەیر نییە**
**سەدان گوڵ ئەندام تێیدا نووستووە**
(وەرگێڕ)

* * *

**سەعدی! دوێنێ چوو و سبەی دیار نییە**
**نێوان ئەو دووە، ئەمڕۆ بۆ تۆوە**
(وەرگێڕ)

هەروەها لەم شیعرانەی حافزدا:

**وەها لە نێو دڵی من داخی زوڵفی سەرکەشی تۆن**
**وەنەوشەجاڕە کە مردم مەزار و خاکی سەرم**
(کۆلیل)

* * *

**کاتی خۆشت لەدەست مەدە دەستی کە داوە دەم**
**ئاخۆ کەس ئاگەدارە دەبەی ڕۆژگار چین**
(کۆلیل)

* * *

**ڕۆژێ کە چەرخ دەکا بە کەلوپەل کەلاکمان**
**کاسەی سەرم دەخیلە بە کووپەی شەراو کە**
(کۆلیل)

* * *

**ئەوخۆڵ و خشتەی لە پێش چاودایە**
**سەری سەرۆک و وەزیر و شایە**
(وەرگێڕ)

* * *

**قەدەح بە ڕەسمی ئەدەب بگرە! چون لە خاکی سەری**
**جەنابی بەهمەن و جەمشید و سەردەمی مادە**
(کۆلیل)

حافز و مەولەوی و هێندێ لە شاعیرە بیرمەندەکانی تر هەرچەند هەستیان بەم سەرهەڵدان و بوێریی ڕوانگەی خەییامە کردووە و ناوەناوە هێناویانەتە نێو شیعرەکانیانەوە، بەڵام ئەوەندە وتەکانیان بە ڕستە و چواندن و کنایەی جۆراوجۆر گلۆڵە پێچ کردووە کە سەدان شرۆڤە و لێکدانەوەیان لێ دەکرێت، بە تایبەت حافز کە کەڵکی زۆری لە چواندن و بیرەکانی خەییام وەرگرتووە، دەکرێ بڵێین ئەو لە باشترین و بیرمەندترین شوێنکەوتووانی خەییامە، ئەگەرچی ناسک خەیاڵی و توانایی وێنە خوڵقاندن و ئیلهامی شاعیرانەی حافز کە بۆ شەهوەتی توند و تیژی دەگەڕێتەوە، زۆر زیاتر لە خەییامە، بەڵام بیر و هزری هەرگیز تۆزی فەلسەفەی ماکخوازانە و مەنتیقی خەییام ناشکێنێ، حافز شەرابی کردۆتە نهێنییەکی نێو سۆفییەکان و لەگەڵ ئەوەی خەییام جیاوازە؛ بۆ نموونە شەرابەکەی ئەو ئەگەرچی هێندێ جار هەر ئەو ئاوی ترێیەیە، بەڵام ئەوەندە بە زاراوەی سۆفییانە پۆشراوە کەراڤەی جیاواز هەڵدەگرێ و دەکرێ جۆرێک لە سۆفیگەریی لێ هەڵکرێنی، کەچی خەییام پێویستی بە پەردەپۆشی و هێما و ئاماژە نییە و بۆچوونەکانی بە ڕوونی و ڕووتی دەردەخات، هەر ئەم زمانە سادە و بێ ترس و ئاشکرا و ڕوونەیە کە لە شاعیرە بەبیر و سەربەستەکانی تری جیا دەکاتەوە، بۆ وێنە ئەم شیعرانەی حافز لایەنی سۆفیخوازیی و خەونی بەتینی دەردەخەن:

**مەی کە ئەو عالەمە نەخشین و نیگارەی دەنواند**
**شەوقی سەر ڕوومەتی مەیگێڕە لەنێو جام کەوت**
(کۆلیل)

* * *

**دیومانە ئێمە بەژنی دەلالی لە بادەدا**
**ئەی بێ خەبەر لە تامی شەرابی مودامی مە**
(کۆلیل)

حافزیش هێرش دەکاتە سەر کۆلکەمەلا و زاهیدان، بەڵام چەندە لەگەڵ هێرشی خەییامدا جیاوازی هەیە:

**ئەسراری ژێری پەردە لە کن مەست و ڕەندە هەر**
**لەم حاڵە شێخی عالی قەدر بێ قەباڵەمان**
(کۆلیل)

ئەویش باسی بەهەشت دەکا، بەڵام زۆر بە ترس و پارێزەوە:

**باخ و گوڵزاری بەهەشت زۆر خۆشە، ئەمما چاوەکەم**
**ئەم دەمەی ئێستا هەتە هەروا وە دەم (با)وەی نەدەی**
(وەرگێڕ)

چەند بە پێ خشکە و خۆپارێزییەوە رووبەرووی خوا دەبێتەوە:

**پیری مەیخانە وتی خەتتی خەتای نەبووە قەڵەم**

**بارەکەڵڵا لە وتەی چاک و خەتاپۆشی بێ**

(کۆلیل)

شاعیرانی دیکەش شوێن خەییام کەوتوون، تەنانەت لە هۆنراوەی سۆفییانەشدا تیز و توانجەکانی خەییام بەدی دەکرێت؛ بۆ وێنە ئەم شیعرەی عەتتار:

**گەر وەک رۆستەمیش شکۆ و زۆرت بێ،**

**وەک بارامی گۆڕ، بەشت گۆڕ دەبێ**

(وەرگێڕ)

(غەزالی)یش لە چەمکی خەییام کەڵک وەردەگرێت:

**چەرخی فانۆسی خەیاڵی، عالەمێ حەیرانیەتی**

**خەڵک وەک ڕوخساری فانۆس وێڵ و سەرگەردانیەتی**

(وەرگێڕ)

بەپێی گێڕانەوەی «اخبار العلماء»، خەییام تۆمەتی کافریی لێ دەدرێت، بۆیە دەڕوات بۆ حەج و ڕەنگە لە ڕێگادا وێرانەکانی تیسفۆنی دیبێ و ئەم چوارینەیەی هۆنیبێتەوە:

**ئەو کۆشکی ملەی دەکرد دەگەڵ عاسمانێ**

**شاهانی دەکەوتەوە لە دەرک و بانێ**

**دیتم پەپوو سلێمانەیە لێی دەخوێنێ:**

**کوا بگرە و بەردە؟ بەزم و ڕەزمت کوانێ؟**

بڵێی خاقانی بیری قەسیدە بەناوبانگەکەی «ئەیوانی مەداین»ی لەم چوارینەیە وەرنەگرتبێ؟

گرنگتر لە هەموو کاریگەرییەکانی خەییام لەسەر وێژەی فارسی، داهێنانی بوێریی هزری و ئازادییە و دیارە هێزی پێنووسەکەی خۆی ناسیوە؛ چونکە لە لاپەڕە ٤٨ی نەورۆزنامەدا لە بەشی «باسێک لەسەر پێنووس» چیرۆکێ دێنێتەوە و پێنووس لە شمشێر بەبڕشتتر دەزانێ و ئاوا تەواوی دەکات: «... کاریگەریی پێنووس لەسەر سوود و گەندەڵی وڵات زۆرە و نووسەرانی جێ باوەڕ پێویستە ڕێزیان لێ بگیردرێ.»

جێ پەنجەی خەییام لە وێژەی ئینگلتەرا و ئەمریکا و کاریگەریی لەسەر شارستانییەتی ئەوڕۆ، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە وتەکانی ئەو مرۆڤە چەند جیاوازن.

ئەگەرچی خەییام سەرقاڵی بیرکاری و ئەستێرەناسی بووە، بەڵام ئەم ئیشە وشکە بەری بە وروژانی هەستی ناسک و چێژ وەرگرتن لە سروشت و چێژی تەژی لە شیعری ئەو نەگرتووە! زۆربەی کاتی بەتاڵی بۆ سەیران و ئەدەبیات داناوە، هەر چەندە لە نێو ئەستێرەناساندا شاعیرانێ وەک خواجە نەسیری توسی و هی دیکە هەڵکەوتوون و شیعرگەلێک هەڵبەستراونەتە دەمیانەوە، بەڵام جیاوازی وتەیان لەگەڵ ئەوانەی خەییامدا وەک ئاسمان و ڕێسمانە، ئەوان تەنیا لەمەڕ خواناسی و سۆفیگەری، یان ئەوین و ئەخلاق، یان بابەتە کۆمەڵایەتییەکان شیعریان هۆنیوەتەوە، واتا هەر وتەی ئەوانی تریان دووپات کردۆتەوە و کەمتر چێژ و زەوقی شاعیرانە لە هۆنراوەکانیاندا بەدی دەکرێت.

مانگە شەو، کەلاوە، کوندەبوو، گۆڕستان و هەوای شێداری بەهاری زۆر کاریان کردۆتە سەر هەستی خەییام، بەڵام وا دەردەکەوێ جوانی و خۆشی بەهار، ڕەنگ و بۆنی گوڵ، چیمەن، جۆگە، سروە و سروشتی سحرباز تێکەڵ بەدەنگی چەنگی مەیگێڕانی ڕوومەتگەش و ماچی گەرم و خۆشیان کەوا وەرزی بەهار و نەورۆزی خۆشتر کردووە، کاریگەریی لە ڕادەبەدەری لەسەر هەست و ڕوحی داناوە، خەییام بە وردی و ناسکییەکی تایبەت بە خۆیەوە هەستی بە جوانی سروشت کردووە کە لە لای شاعیرانی تر نموونەی دەگمەنە و لەوپەڕی کارامەییدا پێیاندا هەڵدەڵێت:

**ڕۆژێکی خۆشە و هەوا هەست بزوێن**

**هەوران دەشۆرن ڕووی دەشتی بژوێن**

**بلبل بە زمانی پالەوی دەڵێت:**

**مەی بخۆنەوە و گۆرانی بڵێن**

(وەرگێڕ)

* * *

**گوڵ یاخە دەکاتەوە بەرانبەر بە شنە**

**بلبل دڵی خۆشە کەوتە ئاواز و قنە**

**تا تۆش و گوڵیش نەبوونە تۆزی بەر با**

**مەی بێنە لە گوڵزاری بخەین باروبنە**

* * *

**پرژاندی هەور لە دەشت و دەر بارانی**

**بێ مەی بی دەمێ تامی ژیان نازانی**

**وا ئێمە لە سەیری سەوزەزارین داخۆ**

**سەوزەی گڵی ئێمە کێ بکا سەیرانی**

* * *

**ئەو دەمەی باران دەشوا ڕووی گوڵان،**
**کاتی سەیرانە و گۆرانی و دیلان**
**ئەو مێرگوڵانەی سەیرانگای مەیە**
**خۆڵی من و تۆ شینی دەکا دیسان**
(وەرگێڕ)

* * *

**وا مانگە وەسەرکەوت لە سووچی ئاسۆ**
**مەی تێکە بخۆینەوە شەوێکە و ئەمشۆ**
**دەس باوێ ملم، مەترسە مانگ ئاوا بێ**
**زۆر دێتەوە سەر بدا لە گڵکۆی من و تۆ**

خەییام لە وەسفی سروشتدا بەپێی پێویست بە چەند وشە شوێن و بارودۆخەکە وێنا دەکات، ئەویش لە کاتێکدا کە شیعری فارسی لە ژێر قورسایی دەسەڵاتی عەرەباندا بووبووە مەیدانی جۆرێک لەوشەبازی و خۆنواندن و خولتەی وشک و بێ ناوەڕۆک، ئەو چەند شاعیرە چاکەش کە تواناییەکی سروشتییان هەبووە، بۆ وەسفی گەڵا، یان شەونمێک ئەوەندە زێدەڕۆییان کردووە سروشت لەبەر چاوی مرۆڤ دەخەن، ساکار بوونی زمانی خەییام، پێگەی ئەو بەرزتر دەکاتەوە، خەییام جگە لە کەڵک وەرگرتن لە زمانی سانا و ساکار، لە چوارینەکانیدا وەها شیرین کاریگەلێک دەنوێنێت کە لە لای هیچ کام لە شاعیرانی تری ئێران نابینرێن، ئەو بە تیزەوە وشە و وتەی مەلاکانی هێناوە و هەر بەو زمانە وەڵامی داونەتەوە؛ بۆ نموونە لەم چوارینەیەدا:

**بیستوومە بەهەشتێ هەیە حۆری تێدا**
**ڕووباری شەرابی پاکی دەڕوا پێدا**

سەرەتا قسەی ئەوانی هێناوە و مەلایانە باسی بەهەشت دێنێتە گۆڕێ؛ پاشان لە بەرسڤدا دەڵێ:

**من لێرە مەی و یارێ پەیاکەم چ دەبێ**
**دەسکەوتەکە هەریەکن بە هەردووک ڕێدا**

لەم چوارینەیەدا ئەدیبان و زانایان بەزاراوەی سەرزاری خۆیان وەسف دەکات:

**ئەوانەی دەریای فەزڵ و هونەر بوون**
**لە کۆڕی عیلما چرا و ڕابەر بوون**

ئینجا بە زمانەکەی خۆی نازناو و ئیدعاکانیان دەڕووخێنێ:

**لەم شەوەزەنگە ڕێیان دەرنەکرد**
**ئەفسانەبێژی خەو لەخۆخەر بوون**
(گۆران)

لە شوێنێکی تردا وشەی «پەردە»ی سۆفییەکان بە کار دەبا و دوایی بە توانجەوە دەڵێ لە پشت پەردەی نهێنییەکاندا، نەمان خۆی حەشار داوە:

**چ کراوە بەرێ؟ نە تۆ هەڵیدێنی نە من**
**لەو بارە بەڕاست نە تۆی کە دەخوێنی نە من**
**چی بۆی دەگەڕێین لە پشتی پەردێکەوەیە**
**گەر پەردە نەما، نە تۆی کە دەنوێنی نە من**

هەندێ جار یاری بە وشەکان دەکات، بەڵام جوانکارییەکانی چەندە جیاوازن لەو جوانکارییە دەسکرد و ناسروشتیانەی ڕەوانبێژی (بەدیع)؛ وەک ئەو وشانەی هەڵگری دوو واتان:

**بارام کە هەموو ژیانی خۆی گۆڕی دەگرت**
**دیتت بە چ جۆرێ گۆڕێ بارامی گرت**

کەڵک وەرگرتن لە گمەی کۆترەباریکە کە مانای «کوا و بۆ کوێ چوون؟»یش دەدات، کارێکی جوانە کە زیرەکی و هەست ناسکی و زمانزانی شاعیرەکەی دەگەیەنێت:

**ئەم کۆشکەی لووتی لە ئاسمان بوو**
**شاهان دەیاننا بۆ بەردەرگای ڕوو**
**دیان کۆترێک لێوی دیواری**
**گرتبوو کزکز دەیوت: کوو کوو کوو؟!**
(گۆران)

لە کۆتایی هێندێ لە چوارینەکاندا سەروا دووپات بۆتەوە(٦)، ڕەنگە بەڕای کەسانێک نیشانەی کەموکوڕی لە زانینی وشە و سەروادا بێت؛ وەک:

**جیهان و ئەوەی دیتووتە، هیچە**
**ئەوەی وتووتە و بیستووتە، هیچە**
**سەرانسەر دنیا گەر بەیتەپاوە،**
**یان لە ماڵێ بی، بێ سووتە، هیچە**
(وەرگێڕ)

* * *

**هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی: هیچ**
**هەر بنج و بناوانی جیهان دەرخەی: هیچ**
**ڕووناکیدەرم، شەمم، کە فووم لێکەی: هیچ**
**نەینووکی دەسی جەمم، لە بەردم دەی: هیچ**

بەڵام کارەساتەکە هەر لەو وشەی «هیچ»ەدا کۆبۆتەوە.

چەندان بەرهەمی فەلسەفی و زانستی بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی لە خەییام بەجێ ماون، بەڵام بەرهەمە فەلسەفی و زانستییەکانی قەت لە ناوبانگی خەییامدا

کاریگەرییان نەبووە، بەختەوەرانە لەم ساڵانەی دواییدا نووسراوەیەکی پڕ بایەخی ئەدەبی بە نێوی «نەورۆزنامە» لە خەییام وەدەست کەوتووە کە لە ئاکامی تێکۆشان و ماندوو بوونی هاوڕێی بەڕێزم، موجتەبا مینەوی، لە تاران چاپ کرا، ئەم کتێبە بە فارسییەکی ڕەوان و ناوازە نووسراوە کە نیشان دەدا ئەمەش بەرهەمی دانەری چوارینەکانە، ئەم پەخشانە ئەدەبییە لە جوانترین و شیرینترین پەخشانەکانی فارسییە و چوارچێوەی ڕستەکانی زۆر لە پەهەلەوی نزیکە و هیچ کام لەو کتێبانەی ئەو چاخە وەک «سیاسەتنامە» و «چوار مەقالە» و...تاد لە باری جوانی دەق و بایەخی ئەدەبییەوە ناگەنە ئاستی.

نووسەر کتێبەکەی لەسەر باس کردنی یەکێک لە نەریتە کۆنەکانی ئێران داناوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەستێرەناسییەوە هەیە و لەوێدا خورافە و باوەڕەکانی خەڵک و تایبەتمەندی شتەکانی بەپێی زانستی ئەستێرەناسی و پزیشکی (Empirique) شرۆڤە دەکات، ئەگەرچی نووسینی ئەم کتێبە لەسەر فەرمان و بۆ ئەو هەلومەرجە بووە، بەڵام لە پەنای وشەکانەوە هەر ئەو وردبینی و مەنتیقە پتەوەی بیرکاری و هێزی تێڕوانین و ئەو زمانە شیرینەی خەییام ترووسکەی دێ و ناوەناوە فەلسەفە زانستی و ماکخوازانەکەی خۆی دەنوێنێت، لەم کتێبەدا نە لە جەزرەبەی جەهەندەم باس کراوە، نە لە خۆشی و چێژی بەهەشت، نە هۆنراوەیەکی سۆفییانە دەبینرێت و نە باسی ئەخلاق و ئایین، مژارەکەی جەژنێکی گەورەی ئێرانە، ئەو ئێرانەی کۆترە باریکە لەسەر وێرانەکانی دەگمێنێ و (کووکوو) دەڵێ و بارام و کاووس و نەیشابوور و تووسی تێکەڵ بە خۆڵ و گڵ بوونە، لە جەژنێکی ئەو سەردەمە دەدوێ و ستایشی ڕێوڕەسم و نەریتەکەی دەکات.

ئایا دەتوانین ئەم کتێبە بە هی خەییام نەزانین؟ ئەڵبەت بە چەند هۆکارێک دەتوانین، ئەگەریش وای دانێین کە ئەم کتێبە بە ڕێکەوت، یان بە ئەنقەست وەپاڵ خەییام درابێ، دەکرێ بڵێین نووسەرەکەی پێوەندی هزری بە خەییامەوە هەبووە و لە باری ئەدەبی و فەلسەفی و هەست ناسکییەوە گەیشتۆتە ئاستی ئەو، هەر چۆنێک بێت تا ئەو کاتەی بەڵگەیەکی گرینگی مێژوویی دەست نەکەوێت کە نەورۆزنامە بە هی کەسێکی تر بزانێت، بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ناوی خەییام لەسەر ئەم کتێبە بسڕینەوە، بە پێچەوانەوە، زۆر ئاساییە کە ڕوحی سەربزێو و بێزاری خەییام کەوا بێزی لە باوەڕە وشک و ڕەقەکانی چاخی خۆی هەڵدەستێ، خورافەی خەڵکی سەردەم بە توانایی ئەدەبی خۆی برازێنێتەوە و بیکاتە کەرەستەی سەرگەرمی و ڕابواردن، سەرانسەری کتێبەکە وەبیرهێنەری مەیلی ئێرانی و ساسانی، هەستی ناسکی هونەری، جوانپەرستی و هەستی مانەوییە، نووسەر جوانپەرستی کردۆتە پیشەی خۆی؛ هەر ئەو جوانییانەی لە وشە و کێشی ڕستەکاندا هەستی پێ دەکرێت، خەییامی شاعیر و هۆزان و فەیلەسووف جارێکی تر لەم کتێبەدا خۆی بە خەڵک دەناسێنێتەوە.

خەییام نوێنەری زەوقی خنکاو، ڕوحی ئەشکەنجەدراو و زمانحاڵی هاوار و سەرهەڵدانی کەونە ئێرانی مەزن و ئاوەدانە کە لە بن گوشاری بیری ڕەقی سامی و دەسەڵاتی عەرەبدا بەرەبەرە لە دارزان و کاول بووندایە.

لەم وتانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بێژەری ئەم چوارینەگەلە، فەیلەسووف و شاعیرێکی ناوازە و بێ وێنە بووە، ئێستا ئەگەر بمانەوێ ناوی خەییام لەسەر ئەم چوارینەگەلە بسڕینەوە، دەبێ نێوی کێی لەسەر بنووسین؟ لەوانەیە خەییامێکی تر بێ و دووانەی خەییامی بەناوبانگ بێ، پێدەچێ پێگەشی لە خەییامی ئەستێرەناس بەرزتر بێت، بەڵام لە هیچ کوێدا بە ڕاشکاوی باسیان لێوە نەکردووە و کەسیش نەیناسیوە، کەچی دەبێ لە سەردەمێکدا و لە شوێنێکدا و بەیەک شێوە لە تەک خەییامی ئەستێرەناسدا ژیابێت! ئاخۆ بێجگە لە خەییام کەسی تر دەناسین بتوانێت ئاوا شیعر بهۆنێتەوە؟

چەند شیعرێکی عەرەبییش لە خەییام بەجێ ماوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا کەس نەیانتوانیوە بە زمانی چوارینە فارسییەکان وەریان بگێڕێت، خۆمان لە هێنان و باسکردنیان دزیبیەوە.

لەسەر خواستی هاوڕێی هونەرمەندم، بەڕێز دەروێش، ئەم پێشەکییە کورتەم لەسەر چوارینەکانی خەییام نووسی بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنوێنی تابلۆکانی ئەو هێژایە.

سادق هیدایەت / تاران، ٤ی میهر(ڕەزبەر)ی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی (١٩٣٤ز).

**تێبینی١:**

بەڕێز هیدایەت دوای ئەم پێشەکییە، لە نێو هەموو ئەو چوارینانەی ناوی خەییامیان لە سەرە، ١٤٣ دانەیانی جیاکردۆتەوە و دەڵێت: ئەمانە هەڵگری بیر و بۆچوونەکانی خەییامن و لەگەڵ ڕوانگەی ئەودا کۆکن؛ ئەگەر هێندێکیشیان هی ئەو نەبن، لەلایەن شوێنکەوتووانی زۆر کارامەیەوە دانراون کە ڕاستەوخۆ ئیلهامیان لە بیری ئەو فەیلەسووف و شاعیرە مەزنە وەرگرتووە.

هیدایەت چوارینە هەڵبژێردراوەکانی بەسەر ئەم هەشت تەوەرەدا دابەش کردووە:

١-نهێنی ئافران و وەدی هاتن.

٢-ئازاری ژیان.

٣-چارەنووسی لە ڕۆژی بەرێوە نووسراو.

٤-گەڕانی گەردوون.

٥-گەردیلە گەڕۆکەکان.

٦-هەرچی دەبێ با ببێ.

٧-جیهان هیچە.

٨-کات بەفیڕۆ نەدەین.

**تێبینی٢:**

چوارینە کوردییەکانم لە کتێبی "خەییامی هەژارانە"ی بەڕێز سەلاحەددین ئاشتی دەرهێناوە و ئەوانەی ئاماژەم بە وەرگێڕەکەیان نەکردووە، هی مامۆستا هەژارن، ئەوانەش کە بە نێوی "وەرگێڕ"ەوە هێناومن، ئەو هۆنراوانەن کە نەکراونەتە کوردی (یان ڕەنگە من نەمدۆزیبێتنەوە) و بەناچار خۆم وەرمگێڕانەوە.

**پەراوێزەکان:**

**٥-** «مۆنت ستوارت ئێلفینستۆی» نوێنەری بەریتانیا بووە لە پیشادەر. (وەرگێڕ)

**٦-** نازانم بۆ وای نووسیوە! چونکە لەم دوو نموونەیەدا وشەی (هیچ) ڕەدیفە نەک سەروا، لە سەروای چوارینە فارسییەکانیشدا هیچ کەموکوڕییەک بەدی ناکرێت. (وەرگێڕ)

**سەرچاوەکان:**

**١- هدایت، صادق. ترانه های خیام، با تلاش رنوا راسخ. نشر تدبیر.**
**www.tadbir.blogspot.com**

**٢- هدایت، صادق.مقدمه بر رباعیات خیام، تهیه و تنظیم امیرحسین خنجی. نشر ایران تاریخ. www.irantarikh.com**

**٣- خیام، عمر. نوروزنامه (رساله ای در منشأ و تاریخ و اداب جشن نوروز)، با مقدمه و تصحیح مجتبی مینوی. تهران: کتابخانه کاوه.www.ketabnak.com**

**٤- ئاشتی، سەلاحەددین. خەییامی هەژارانە. تاران: کولەپشتی، ١٣٩٠.**

**٥- شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمان (مامۆستا هەژار)، چوارینەکانی خەییام، سلێمانی: پەخشانگای ئازادی، ٢٠٠٨.**

**٦- سالحی ساحێب (کۆلیل)، عومەر. تاڤگەی ئەوین (حافز بە کوردی). سنە:زانستگای کوردستان، ١٣٩١.**

**٧- ویکی پێدیای فارسی http://fa.wikipedia.org**

# سەرۆک و ڕۆشنبیر

شۆڕش غەفووری

خەریکە لە نێو فەزای نووسینی کوردی و ڕۆشنبیراندا، قسەکردن لەسەر دەسەڵات و سەرۆک دەبێتە عەیبەیەک و ڕاستەوخۆ (بنووس) دەخرێتە خانەی چڵکاوخۆری و پاشکۆییەوە. بەر لە هەر شتێک، هێشتا ساغ نەبووەتەوە کە ئاخۆ کورد – هەڵبەت ئەم نووسینە قسەکردنە لەسەر باشووری کوردستان، ڕۆشنبیری هەیە، یان نا!

(١)

پێناسکردنەوەی فەزای ڕۆشنبیریی کوردی و ڕۆشنبیر! نە ئەرکی ئەم وتارەیە و نە پێویستیش دەکات، هێندە نەبێت کە ئەم کائینە تەواو دروست نەبووە، یان لە حاڵی فۆرموولەبووەی کورد مانیفێستێکی نەبووە تا ئێمە هاوشێوەی (ئەمیل زۆلا) و هاوڕێکانی لە ساتی نووسینییەوە ناوێکی بۆ بدۆزینەوە و لێوەی پێناسێکمان دەست بکەوێت، بەڵام وەک ئەوەی کە هەیە و گوتراوە، کاری ڕۆشنبیر، ڕەخنە، هەڵسەنگاندن و ئاوەزگەراییە و دەبێت پابەندی چەمکگەلی وەک ئازادی، ئاوەزگەرایی، دادپەروەری، ماف و دیموکراسی و ...تاد ببێت.

ئەو کائینە هێشتا دروست نەبووەی کورد نەیتوانیوە لەو عەتفە خۆی بە دوور بگرێت کە پرسەکانی حەقیقەت و دادپەوەری لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی تێکەڵ دەکات ، ئاخر خۆ ڕۆشنبیر تەنیا بەوە پێناس ناکرێت کە دژی دەسەڵات بێت، هێندەی کە هۆکارێکیشە بۆ بنیادنان و فۆرمووڵەبوون و بەهێزکردنی خودی دەسەڵات. ڕۆشنبیر، هاوڕا لەگەڵ دژایەتیکردن و خۆبەدوورگرتنی لە دەسەڵات و ڕووکردنە ئاوەزگەراییەکی ڕەها، بەدەر نەبووە لە عەتفێک بۆ بەشداربوون لە دەسەڵات، وەک ئەوەی (ڕامین جەهانبەگلو) باسی لێ دەکات کە "هاوکێشەی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە چارەنووسی ئاوەزی مۆدێرن، چ لە فۆرمە ئامرازییەکەی و چ لە فۆرمە ڕەخنەییەکەی، جیا نین."

تیشک ئاسا، بە لاوێکردنە مێژووی ڕۆشنبیری و فۆرمووڵەبوونی ڕۆشنبیر، هەست دەکەین هەر لە سوقراتەوە تا ئێستا ئەم جەدەل و گەنگەشە فیکری و سیاسییە هەبووە و دەشبێت، بەڵام ئێمە بەتاڵ بووینە لەو شوێنکاتەی کە خاوەنداریەتی ئەم کائینە بیرکەرەوەمان پێ ببرێت، بەدەر بووینە لەو مانیفێستەی کە هاوشێوەی مانیفێستەکەی (ئەمیل زۆلا- Emile François Zola) و (٣٠٠) هونەرمەند و نووسەر بێت، سەبارەت بە دادگاییەکەی (ئالفرێد دریفۆس)ی ئەفسەری نەمسایی لە ڕێکەوتی (١٣ ژانویەی ١٨٩٨) کە بە تاوانی خیانەت لە نیشتمان بۆ (دوورگەی شەیتان) دوور خرایەوە، بەڵام پاش شەش ساڵ بەڵگەی بێتاوانی دۆزرایەوە و لە دادگایی دووەمیدا بوو کە زۆلا نامەکەی بە ناوی (من تاوانبار دەکەن) بۆ سەرۆک کۆمار نووسی کە ئێستا بە سنووری جیاکردنەوەی دوو قۆناغ هەژمار دەکرێت و بە مانیفێستی ڕۆشنبیران ناو دەبرێت، نامەیەک کە ڕەخنەیەکی ئەقڵانی و ئاکارێکی تاکی بەرانبەر دەسەڵات نیشان دا و تێیدا ئاماژە بە هەردوو چەمکی (حەقیقەت) و (دادپەروەری) کرابوو: "ئەگەر حەقیقەت لە بن زەوی وەشێرن، گلێر دەبێتەوە و بە وەها هێزێکەوە دەتەقێتەوە کە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا وێران دەکات."

هەوڵی ڕۆشنبیر بۆ دەرخستنی حەقیقەت و دادپەروەری، بنەمای کاری ئەم کائینەیە، هەڵبەت بە تێپەڕینی کات و هاتنی ئایدیۆلۆژییەکان، ئەرکی ڕۆشنبیریش گۆڕانی بەسەردا دێت و هاتووە و هەر ئەمەیشە وا دەکات کە (گرامشی) باسی (ڕۆشنبیری ئۆرگانیک) بکات، ئەوەی کە "کائینە لە حاڵی فۆرموولەبووەکەی کورد" کە لەمەودوا هەر بە "ڕۆشنبیری کورد" ناوی دەبەین، ئەم ڕۆشنبیرە ئۆرگانیکە بە نووسەری حزب و گوێ لەمست لە قەڵەم دەدات، بێ ئەوەی بە (قەزاوەتێکی عەقڵانی)یەوە قسەی لەسەر بکات، دەستەواژەیەک کە یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ڕۆشنبیری و هەر ئەمەیش وا دەکات ڕۆشنبیری کورد!، چاوچنۆک بێت و تەنیا خۆی ببینێت، ئەویش لە بەرزاییەکی زۆرەوە و ئەوانی دی بە گەمژە حسێب بکات.

(٢)

ئەم درێژدادڕییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسەیە کە بۆچی ڕۆشنبیری کورد نازانێت لەگەڵ دەسەڵات و سەرۆکدا بئاخڤێت؟! بۆ ئەمەیش نموونەی نامەیەکی (نەوام



چۆمسکی

چۆمسکی)و ئەو زانا و فەیلەسووفە ئەمەریکییانە دەهێنمەوە کە بۆ سەرۆک (ئۆباما)یان نووسیوە و داوای پاراستنی کورد دەکەن لە دەسەڵاتی تورکیا و من وەرگێڕدراوەکەی (کامیار سابیر)م لە ئەکاونتی فەیسبووکەکەی وەرگرتووە. ئەوەی من پێویستمە، ئەم بەشانەی نامەکەن:

- بەڕێز و خۆشەویست، سەرۆک

- باوەڕمان بەوە هەیە کە هێزی قەناعەت پێکردنی مۆراڵیی، بەتایبەتیی کە لە تۆوە سەرچاوە بگرێت، چەند بچووکیش بێت، جێگەی خۆی دەگرێ.

- بەم جۆرە، ئێمە بە تەقدیرەوە، داوات لێدەکەین ڕوو بە ڕای گشتیی و لە ڕێی پێوەندییە شەخسییەکانتەوە.

- تۆ، سەرۆک، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی و مۆراڵی بۆ سەدان ملیۆن مرۆڤ (بەڵێ بە ئێمەشەوە) لە سەرتاسەری جیهاندا، بوویت و هەیت. ئومێدەوارین کە بزانیت، کاتێ ئەمەت بۆ دەنووسین، ئەمە زۆر بە سەلیقەوە لە فەزیلەتی نموونەیی تۆدا، بە هەردوو بارە مۆراڵی و کارگوزارییە سیاسییەکەی، بەرجەستە بووەتەوە و ئاوێزان بوونە. بە ئومێدێکی پڕ لە باوەڕەوە، پێمان وایە کە تۆ هەرچییەک بتوانی و لەدەستت بێ بۆ پاراستنی کەمینەی کوردی دەکەیت.

- بە سوپاس و باشترین ئومێدەوارییەوە

(٣)

ئەگەر ئەم نامەیە بگۆڕین، بۆ نموونە بیکەینە نامەی نووسەرێکی کورد بۆ سەرۆکەکەی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داخۆ چی ڕوو دەدات؟ ڕۆشنبیرانی کورد! چۆنی تێ دەنۆڕن؟ بێ گومان نووسەرەکە بە دەستەمۆ و ئۆرگانی و بەرژەوەندیخواز هەژمار دەکەن، ئەمە دەیان جاری دیکە ئەزموون کراوە، بە حوکمی ئەوەی فەزای ڕۆشنبیری کوردی داگیر کراوە، هەر خودی فەزاکە جۆرێک لە دیکتاتۆریەتی تێدایە کە زۆر مەترسیدارە، دیکتاتۆریەتێک کە لە دیکتاتۆریەتی سیاسی کاریگەری نەرێنی لەسەر فەزای کولتووری و ئەدەبی و نووسینی کوردی بە گشتی داناوە و دادەنێت. جیهانبینی ئێمە هێندە بچکۆلەیە، کە تا ئێستا وامان هەست کردووە ڕۆشنبیریش دەبێت هاوشێوەی سیاسییەکان دەستە و تاقمی هەبێت، ڕۆشنبیریش هاوشێوەی ئاغاکان پێویستە پاسەوانی هەبێت، بەڵام من ئەوەی ڕۆشنبیر بە مەترسیدارتر دەزانم لە هی سیاسی و ئاغاکان، چونکە سیاسی مێشکیان داگیر ناکات، بەڵکو ڕێگە نادات لەوەندەی کە خۆی پێویستی پێیەتی زیاتر گەشە بکات، کەچی ڕۆشنبیر هیچ کە مێشکیان داگیر دەکات، بەڵکو هەوڵی فۆرموولەکردن و گەشەسەندنی ئەو ئایدیۆلۆژییەیش دەدات کە لە بەرژەوەندی خودی ڕۆشنبیرەکەدا کار دەکات، نموونەی ئەم هزرە گەشەسەندووە ئایدیۆلۆژییە مەترسیدارە و قسەکانی سەرەوە، حەڤدەی شوباتە کە ڕۆشنبیران نە توانییان مانیفێستێکی دیاریکراویان هەبێت و نە لەو فێڵە سیاسییە گەیشتن کە ئەو کارەساتەی دروست کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا لەگەڵی کەوتن و بوونە بانگەشەکەری ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی و ئایینی کە لە دوو ڕووەوە مەترسیدار بوو:

**یەکەمیان:** بووە هۆی لەباربردنی ئەو هەوڵ و دەنگە نارازییە خۆرسکەی کە لەنێو گەل هەبوو، ئەگەر جوانکاری بۆ کرابایە، دەبووە هەمان دەنگی نارازی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەیبینین.

**دووەمیان:** دەرکەوتنی ئەو هەژموونە دینی و ئیسلامییەی کە بانگەشەی لە نێچوونی دەکرا، کەچی زۆر بەهێزتر دەرکەوتەوە.

ئاخۆ لای ڕۆشنبیری کورد! ئەبێت چۆمسکی کێ بێت، کاسەلێسی ئۆباما، یان نووسەرێکی ئەکادیمیست؟! وەڵامەکە قورسە، چونکە ئێمە هێشتا لە فەزاکە نەگەیشتووین و جیاوازی نێوان خۆمان و ئەوان ناکەین. بۆ نموونە چۆمسکی نازانێت کە سیاسەتی ئەمەریکا هۆکارێکی گەورەیە بۆ بەشی هەرە گەورەی نەهامەتی و برسیەتی و شەڕ و کوشتارەکانی ئەم گۆی زەوییە، بۆیە ناهەقییەکی گەورەیە لە نێو کوردستاندا ڕۆشنبیران بە حورمەتەوە نەدوێن، قسەکردن لەسەر نادادپەروەری و هەژاری و گەندەڵی شتێکی حەتمییە و دەبێت بکرێت، بەڵام دەشبێت ئاگاداری ئەوە بین کە ئەو جۆرە بێ حورمەتییەی لە کوردستان و نووسینی نووسەراندا هەیە و بووەتە بەشێک لە ئەدەبیاتی ئێمە، خودی داهێنەرەکانی هەر ڕۆشنبیرەکان بوون، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە لە دەسەڵات بێدەنگ بیت و نەبیتە چاودێر بەسەریەوە، بەڵام قسەکردن لەگەڵ سەرۆکیش پێویستی بە سێ ڕەهەند هەیە:

**یەکەم:** حورمەت

**دووەم:** لۆجیکی بوێرانە

**سێیەم:** زمانی ڕازیکەرانە

بە هەرسێکیانەوە دەکرێت ڕۆشنبیر بێ دەمامک ببینین، بەدەر لەو چوارچێوەیە ئامانجەکە ناپێکرێت و کورتی دەهێنێت. جارێ لای ڕۆشنبیری کورد! شتێک نەماوەتەوە بە ناوی حورمەت، چونکە وەک گوتمان ئەو چاوچنۆکی و خۆبەزلزانینەی هێندە گەورەیە کە لە ڕۆشنبیربوون دایماڵیوە، لۆجیکەکەیشی هەرچەندە بوێرانەیە، بەڵام لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانیدا بردوویەتییە پێشەوە، بۆیە دیسانەوە لەمەدا لە چەمکەکە داماڵراوە و دوایەمینیان کە زمانی ڕازیکەرانەیە، دیسانەوە ڕۆشنبیری کورد! زمانێکی عەسکەرییانەی هەیە، جارێ زیاتر لە پازدە ساڵێک هەبوو بە زمانێک دەنووسرا کە زۆرینەی خەڵک لێی تێنەدەگەیشتن، چونکە وا هەست دەکرا کە دەبێت زمانی فەلسەفە و نووسینی ڕۆشنبیران هێندە قورس بێت کە خەڵکی سادە لێی تێنەگات، وا تازە خەریکە زمانەکە سادە دەکرێتەوە، ئەویش لەسەری چاکەی ئەوانەوە نییە، پەیوەستە بەو هۆشیارییەی خوێنەرانەوە کە فێری زمانی دووەم و ئینگلیزی بوون و ڕۆشنبیرەکانیشمان! شەرمنانە هەستیان بەوە کرد کە بە وشە و ڕواڵەت ناکرێت خوێنەری کوردی فریو بدرێت، بۆیە دەبێت دەست بە خۆدەوڵەمەندی بکرێت و بنەمای وتارێکی ڕۆشنبیری لۆجیک و لێکدانەوەی دروستە، نەوەک وشەیلی قورس و بیانی.

# سایکۆلۆژیای مرۆڤ لە ڕوانگەی زەردەشتەوە
## (سایکۆلۆژیای ئەدەبی ئایینی)

د. نەسرەدین ئیبراهیم گولی*
(زانکۆی زاخۆ - کۆلێژی پەروەردە)

### پێشەکی

دیارە هەر لە کۆنەوە ئایین یەکێک لە سەرچاوەکانی خۆناسینەوەی مرۆڤ بووە و ئەم هەنگاوە لە یەکەم ساتەکانی سەرهەڵدانی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بوونی خۆی سەلماندووە و بووەتە مەشخەڵی ڕێگای مرۆڤایەتی، چونکە ئایین بۆ پاراستنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بووە لە هەر چەشنە خراپە و تاریکایی و ئەلتەرناتیڤە مەترسیدارەکان، هەر لەم سۆنگەیەوە تێکست و دەقەکانی ئایینی بە زمانی جیاواز سەریان هەڵدا تا وەک بن بە هەوێنی گەیشتن بەم ئامانجە، ئایینی زەردەشتی یەکێکە لە سەرکاروانەکانی پەیامی پیرۆزی خودای گەورە بۆ مرۆڤایەتی، ئەو ئایینە لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا کە بەشێکی لە شێوازی سروودی ئایینی نووسراون، تایبەتە بە شرۆڤەکردنی سایکۆلۆژیای مرۆڤ کە تێیدا بە تێروتەسەلی ئەم لایەنەی ئادەمیزادی هەڵهێنجاندووە و ڕوونی کردووەتەوە.

### زەردەشت کێیە؟

"زەردەشت"، یان "زەرتۆشت" کوڕی "پووروەشسب" لە بنەماڵەیەکی "سپیتمانی" میدیایی، لە ساڵی (٦٦٠ پ. ز.) لە شاری "چیچست"، یان "شیز" لە ئازەربایجان لە شوێنێک کە ئێستا دەکەوێتە نێوان شارەکانی مەراغێ و زەنجانی ئێران، لە دایک دەبێ و لە تەمەنی بیست ساڵان گۆشەگیری هەڵدەبژێرێ و لە تەمەنی سی ساڵان، واتە لە ساڵی (٦٣٠)ی پێش زایین لە لایەن خوای گەورەوە (ئەهورامەزدا) وەک پەیامبەر هەڵدەبژێردرێ و لە ناوچەی شاخاوی "سەبەلان" (سولان) لە نزیک شاری ورمێ (ئیلهامی) بۆ دادەبەزێ، زەردەشت لە ساڵی (٥٨٣ پ. ز) لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا لە لایەن داگیرکەرانی "تۆرانی" بە سەرکردایەتی "ئەرجاسب" لە



شاری "بەلخ" شەهید دەکرێ، وەک دیارە زەردەشت لە سەردەمی دوو پاشای گەورە و بەهێزی میدیاییدا، واتە "فەروەرتیش" (٦٥٥ - ٦٣٣ پ. ز) و "هووەخشترە" (٦٣٣ - ٥٨٤ پ. ز.) ژیاوە.

## فەلسەفەی ئایینی زەردەشت

بنەما سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشت کە خۆی لە سێ چەمکی "هوومت" و "هووەختا" و "هووەرەشت"دا دەبینێ کە یەک لەدوای یەک واتای "گوتاری چاک" و "بیرکردنەوەی چاک" و "کرداری چاک" دەدەن، بە وردبوونەوە لەم سێ چەمکە سادە و ساکار و سەرەکییە ڕاستییەکمان بۆ ڕوون و ئاشکرا دەبێ کە ئەویش گرنگیدانی ئایینی زەردەشتییە بە ناخ و دەروونی مرۆڤ، کە لە ڕێگەی ئەم سێ بنەمایە سەرەکییەی خۆی، دەیەوێ مرۆڤ لە یەکێک لە مەترسیدارترین فاکتەرەکانی تێکدانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و بەر لەویش ستراکتۆری کەسایەتی مرۆڤ کە ئەویش پیسبوونی سایکۆلۆژییە بپارێزێ، چونکە ئەو ئایینە باش دەزانێ پێکهاتەکانی ئەم پیسبوونە کە بریتین لە ڕق و کینە، ناحەزی، دڵپیسی، خۆپەرستی، دەمارگیری، توندڕەوی، دڵڕەشی، زۆرداری و ستەم و زۆر جۆری خەسڵەتی پیسی هاوشێوە، گەورەترین گورزی کۆشندەن دژی چاکە و پاکی و خاوێنی و دڵسافی مرۆڤ، ئەو خەسڵەتە ناڕەوا و ناشایستانە بە درێژایی مێژوو گەورەترین گورزی کوشندەیان لە پەیکەری مرۆڤایەتی و شارستانیەتەکەی وەشاندووە و مێژوو هەرگیز لەو گورزانە نەجاتی نابێ.

ئەو بنەما سەرەکییانە بەردەوام لە تێکستە ئایینییەکانی زەردەشتیدا، هەروەها ئەو بەشانەی کە لە شێوازی سروودی ئایینی نوسراون، دووبارە و چەند بارە بوونەتەوە و ئەمە ئاماژەیەکە بۆ گرنگیدانی ئایینی زەردەشت بە لایەنی دەروونی(سایکۆلۆژی) مرۆڤ.

سروودەکان، دوعایەکان و نوێژەکانی پێنجانیی ئایینی زەردەشتی و زۆر لە دابونەریتەکانی بایەخیان بە لایەنی ڕوحانیی مرۆڤ داوە، ئایینی زەردەشتی نزیکەی حەفت سەد ساڵ پێش زایین و پێش هاتنی عیسای پێغەمبەر، پێنج نوێژی لەسەر مرۆڤ بە ئەرک زانیوە: نوێژی یەکەم کە لە کاتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی خۆر تا نیوەڕۆ کاتیەتی، نوێژی دووەم لە کاتی نیوەڕۆ دەست پێدەکات و تا دەمژمێر سێی دوای نیوەڕۆ بەردەوام دەبی، نوێژی سێیەم لە پاش دەمژمێر سێی نیوەڕۆ تا سەرەتا و دەستپێکی شەو و خۆرئاوا بوون، نوێژی چوارەمیش لە دەستپێکی شەو و دەرکەوتنی ئەستێرەکان دەست پێدەکات تا نیوەشەو بەردەوام دەبێ، نوێژی پێنجەم وەک دوایین نوێژ لە دوای نیوە شەو دەست پێدەکات تا بەری بەیانی دەرفەتی ئەنجامدانی هەیە، ئایینی زەردەشتی داکۆکی لەوە دەکات کە نوێژکەر دەبێ پاک و خاوێن بێ و بابەتی ماددی جیهانی (و ماڵی دنیایی) لە بیر خۆی ببات‌ەوە و بە شێوازی دەست لەسەر سینگ و بێ لووتبەرزی پێنج جاران لە هەر ڕۆژێکدا نوێژەکانی بکات.

ئایینی زەردەشتی جگە لە نوێژەکان، داکۆکی لە بوون و گەورەیی و تاکایەتی خوای گەورە و ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردن و کار و کۆشش و پیشە و بەختەوەری مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ژینگە و بوونەوەرەکان و ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەیی و زۆر شت و بەهای جوانتر دەکات، ئەمە زۆر بە ڕاشکاوانە لە تێکستەکانی ئەم ئایینە بەدیاردەکەوێ.

تا وەک گوتارەکانی خودی زەردەشتی پەیامبەری ئارایییەکان کە یەکێک لە سرووده شاعیرانەکانی ئاڤێستایە و تێکستێکی جوان و ڕازاوەیە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ جێگەی سەرسورمانی زانایان و فەیلەسووفانی جیهانە، بۆ نموونە فیساگۆرس، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و نیتشە و... تاد، وەک بنیادێکی فەلسەفی بەپێز و بەهێز و دوای چەندان هەزار ساڵیش هێشتان ڕامانەکانی بەهێز و کاریگەرە، ئەو تێکستانە، جگە لەوەی کە ئایینین، ئەوەندەش دەقی ئەدەبین و خوێندنەوەیان تاموچێژێکی تایبەتییان هەیە، چونکە زۆر بە جوانی داڕێژراون و جوان شرۆڤەی لایەنی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی میدیایی و

ئارياييەكان دەكات.

## سايكۆلۆژياى مرۆڤ لە تێكستە ئايينى- ئەدەبييەكانى ئايينى زەردەشتى دا

زەردەشت پێكهاتەكانى سايكۆلۆژياى مرۆڤ دابەشى سەر پێنج هێز دەكات، ئەوانەى خوارەوە ئەو هێز و پێكهاتانەن:

١- هێزى يەكەم هێزى "فرەوەهەرە" كە بە يەكەمين هێز و وزەى (مەعنەوى) مرۆڤ دەژمێردرێ و ئەو وزەيە هێزێكى (مەعنەوى) ناوخۆييە كە جگە لە بوونى لە ناخ و دەروونى مرۆڤ، هەروەها لە گشت بوونەوەرەكانى ترى ئەم گەردوونەدا بوونيان هەيە، بەجۆرێك كە لە ناوەرۆكى ئەتۆمەكانى گشت شتەكاندا هەيە، ئەم هێز و وزەيە جەستە و گيانى مرۆڤەكان دەپارێزێ، زەردەشت ئەم وزەيە بە تيشكێك، يان بەشێك لە ئەو هێز و وزەيە دەزانێ كە لە لاى خواى گەورەدا بوونى هەيە و بەشێكە لە بوونى خواى گەورە، زەردەشت ئەركى ئەم وزەيە لەوەدا دەبينێ كە مرۆڤەكان ڕێنمايى دەكات و هاندەدا بەرەو گەيشتن بە تەواوەتى (كەمال)، هەر بۆيەش بڕواى وايە كە ئەم هێز و وزەيە بەر لە ئەفراندنى جيهانى ماددى، دروست بووە و بوونى خۆى هەبووە و تا دواپين ساتى ژيانى مرۆڤ و تا كاتى مردنى لەگەڵيدا دەبێ و شان بە شانى گەشە و پێشكەوتنى يارمەتيدەرى دەبێ.

ئەو وزەيە دەكرێ هەمان ئەو وزەيە بێ كە هەندێ لە پسپۆڕانى سايكۆلۆژى وەك عەلى ڕەزا ئازمەنديان(٢٠١٠) بڕوايان وايە كە هێز و وزەى لەبن نەهاتووى خواى گەورەيە كە لە هەموو جيهاندا بڵاوە و وەك تۆڕى ئينتەرنێت بە هەموو بوونەوەر و شتومەك و مرۆڤەكانەوە بەستراوە و لكێندراوە و لە كاتى پێويستدا سوود لە جيهان و ڕووداو و هەڵوێست و دەرفەتەكان وەردەگرێ، ئەمەش وەك بەشێك لە (ڕەحم) و بەزەيى خواى گەورە دەژمێردرێت كە هەموو كاتێك لە پێناو بەرژەوەندييەكانى مرۆڤ دەجوولێ.

٢- دووەم هێز، يان وزە ناوى "ئاهوويە" كە بە واتەى كاكڵە و (جەوهەرى) بوون و (وجوودى) مرۆڤ دەژمێردرێ، ئەم وزەيە بە پۆتانسيێل (potential) و ئێنێرژى (energy) و وزەى ژيان هەژماردەكرێ و گوڕ و تينێك دەداتە ژيانى مرۆڤ و بوونێكى ڕەمەكى هەيە، واتە وەك ڕەمەك لەگەڵ مرۆڤدا پەيدا دەبێ، ئاهوو وەك وزەى دووەم لە پێكهاتەى سايكۆلۆژياى مرۆڤ ئەركى پاراستنى جەستەى مرۆڤى لە ئەستۆدايە و كاردەكات بۆ ئەوەى كار و كردەوەكانى ئەم جەستەيە لە چوارچێوەى سيستمى سروشتدا ئەنجام بدرێ، ئەم وزەيە لەگەڵ بوونى جەستەى مرۆڤ بوونى خۆى هەيە و گرێدراو و پەيوەستە بە لايەنى جەستەيى مرۆڤەوە و لێى جيانابێتەوە، بۆيەش لەگەڵ نەمان و لەناوچوون و مردنى مرۆڤ و جەستەكەى، ئەويش نامێنێ و لەناودەچێ، ئەم وزەيە هەم دەستپێكى هەيە و هەم كۆتايى پێديێت، زەردەشت لەو بڕوايەدايە ئەم وزەيە دەكەوێتە نزمترين ئاستەكانى هێز و وزەكانى پێكهێنەرى كەسايەتى و سايكۆلۆژياى مرۆڤەكان، دەكرێ ئەم وزەيە بە ڕووناكايى زۆپايەك بشوبهێنرێت، تا ئەو كاتەى نەوت لە زۆپايەكەدا هەبێ، زۆپايەكە گەرما و تين و ڕووناكايى دەبێ، هەر كاتێك نەوتەكەى تەواو بوو، ئەو كات گەرما و ڕووناكاييەكەشى نامێنێ.

ئەو وزەيە دەكرێ هەمان ئەو وزەيە بێ كە هەندێ لە پسپۆڕانى سايكۆلۆژى وەك سيگمۆند فرۆيد بڕوايان وايە كە هێز و وزەيەكى ليبيدۆيين (libidinal) و بنەچەيەكى ڕەمەكييان هەيە و كار بۆ دابينكردنى پێداويستييە فيزيۆلۆژييەكانى مرۆڤ دەكەن، لە ڕوانگەى فرۆيدەوە ئەم وزەيە دەكەوێتە ئەو بەشەى پێكهاتەى كەسايەتى مرۆڤ كە بەناوى ئيد(Id) دەناسرێت.

٣- هێز، يان وزەى سێيەم لە پێكهێنەرىستراكتۆرى سايكۆلۆژياى كەسايەتى مرۆڤ، لە ڕوانگەى زەردەشتەوە، بەناوى "دێئنا" دەناسرێت كە لە زمانى "پەهلەوى" (فارسى كۆن)دا واتاى (دين ياخود ئايين) دەدات و "دين" لە ناوەرۆكى ئاڤێستادا تەنيا بەواتاى ئايين بەكار ناهێنرێت، بەڵكو زۆر مانا و واتاى لێ دەكەوێتەوە وەك سايكۆلۆژيا (نەفس)، ويژدان، تيژبينى (insight، يان الاستبصار)، هەستەوەرى ڕوحانى، مەبەست، ئارەزوو و ويست (ئيرادە) و زۆر خەسڵەت و تايبەتمەندى نهێنى و دەرەكى، لە ڕوانگەى زەردەشت بيرۆكە و گوتار و كردارى چاك و باش، يان هى خراپ و نەشياو بەرهەمى ئەم وزەيەن، ئەم وزەيەيە كە ئەركى چاكە، يان خراپە، هەروەها ئاراستە و ڕێڕەويان ديار و دەستنيشان دەكات، هەر لەم ڕوانگەيەوەيە كە زۆرجار گوێمان لەو قسەيە دەبێ كە دەبێ مرۆڤ گوێ لە ويژدانى خۆى بگرێ، بۆيەش كاتێك مرۆڤ ويژدانى، يان هەستەوەرەكانى خۆى بۆ كار و چالاكييەكانى باش و چاكە ئامادە دەكات، لەوكاتەدا (نييەت) و هزر و بيرۆكە، گوتار و كردارەكانى ئەو مرۆڤە بەرەو چاكە

ئاراستە دەکرێت و ئەو کەسە سوود بە مرۆڤەکانی تر دەگەیەنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە هەرکاتێک مرۆڤێک کارێکی خراپ و ناڕەوا بکات ئەنجامەکەی خراپ دەبێ، "ئایین"، یان هێزی سێیەم لە ڕۆژی کۆتایی (قیامەت)دا لەسەر پردی "چینوات" (سیرات) بۆ کەسێکی چاک و دروستکار و ڕاستگۆ لەشێوەی ئافرەتێکی جوان و خنجیلانە دەردەکەوێ و خۆی پیشانی دەدات و بەو کەسە دەڵێ: "ئەوەتا ئەوە بیروباوەڕ و گوتار و قسە و کردار و ڕەوشتە چاک و خاوێن و دروستەکانت منی ئامادەکرد تا بە پیرتەوە بێم و موژدە و مزگێنی خۆش و باش و جوانت پێ بدەم"، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ کەسێکی خراپ و گوناحبار ویژدانەکەی لە شێوازی پیرێژنێکی ناشیرین بەدەردەکەوێ و کار و کردار و کردەوەکانی، بیروباوەڕ و جۆری بیرکردنەوە خراپ و نادروستەکانی بەرەو ڕووی دەکات و پیشانی دەدات.

ویژدان، یان (زەمیر) یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە سایکۆلۆژیای شرۆڤەکاری فرۆیدی داکۆکی لەسەر کراوە و وەک شوێن دەکەوێتە ئەو بەشەی کەسایەتی کە فرۆید ناوی لێدەنێ منی باڵا، یان سووپەر ئیگۆ (super ego) و لە ڕوانگەی فرۆیدەوە ئەم بەشە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە ئاستە بەرزەکانی ڕەوشت کار دەکات و نموونەبەرزەکان لە پێنج شەش ساڵی یەکەمی گەشەی منداڵ گەشەدەکات، هەربۆیەش لەم ڕوانگەیەوە ڕێبازی شرۆڤەکاری سایکۆلۆژی داکۆکی لە گرنگی ئەو ساڵانەی ژیانی مرۆڤ دەکات و بە بنیادی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ لە ئایندە و تووشبوون، یان پاراستنی لە هەرجۆرە ئازار، یان نەخۆشییەکی دەروونی لەقەڵەمی دەدات.

٤- چوارەم وزە، یان هێز، یان پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤەکان لە ڕوانگەی زەردەشت بەناوی "بئۆزە" ناوزەدکراوە، ئەم چەمکە واتای "بوون" دەدات کە بریتییە لە هێز و وزەی تێگەیشتن و درککردن و هۆشیاری مرۆڤ، ئەرکی سەرەکی ئەم وزەیە بریتییە لە ڕێنماییکردن و کارگێڕی و بەڕێوەبردنی بیردانک و میمۆری (زاکیرە) و توانایی لێک جیاکەرەوەی مرۆڤە، ئەوەش بۆ ئەوەی کە هەر یەکێک لەو بەشانە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و خزمەتی جەستەی مرۆڤ بکەن، لە ڕێگەی ئەم وزەیە مرۆڤ دەتوانێ لە بابەتەکان تێ بگات و ئەوان لە عەمباری دەروونی و ناوخۆیی و نهێنی خۆیدا بپارێزێ، ئەم وزەیە لە دوای مردنی مرۆڤ لەناو ناچێ، بەڵکو لە دوای مردنیش بوونی خۆی دەپارێزێ و پێوەندی بە (نەفس) دەکات و لە جیهانی دواییدا ئامادە دەبێ.

٥- پێنجەم وزە، یان پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ لە لایەنی سایکۆلۆژی و لەڕوانگەی زەردەشت بەناوی "ئوورڤان" دەناسرێت، ئەو بەشە لە زانستی سەرەدمی سایکۆلۆژیدا بە چەمکی (ڕوح) و (ڕەوان)، یان دەروون، یان پیسک (psyche) دەناسرێت، ئەو بەشەش بەرپرسە لە زۆر لە کار و کردەوەکانی مرۆڤ، لە ڕوانگەی زەردەشتەوە و لەسۆنگەی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی ڕێگای شتی چاکە، یان خراپەی خۆی هەڵدەبژێرێ، بۆیەش لە لایەنی ئەم بەشەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، ئەم بەشەی مرۆڤ هەموو کاتێک دەبێ چاکە هەڵبژێرێ و لەدوای مردنی ئەو کەسە و بە پێی کار و کردەوەکانی پاداشت دەکرێت، یان سزا دەدرێت. ئەگەر چاکەی کردبێ و بیروباوەڕی باشی هەبووبێ و قسەی خێری کردبێ، ئەوەتا پاداشتەکەی مسۆگەرە و بە بەهەشتی بەرین شاد دەبێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر خراپەی هەڵبژاردبێ تووشی سزا دێت و دەچێتە ناو دۆزەخ، دۆزەخ لە ڕوانگەی زەردەشت ئەو ئاگردانە نییە پڕ بێ لە ئاگر، بەڵکو شوێنێکی سارد و سڕ و سەهۆڵبەندانە، بە بڕوای زەردەشت "ئوورڤان"، یان "دەروون" لە لای مرۆڤی چاک و دروستکار و خاوەن ڕەوشت، تا دنیا دنیایە و هەمیشە لەگەڵ "فرەهوەر"، یان وزەی "ئەبەدی و ئەزەلی" یەکەم، دەژیت و دەمێنێت.

***

ئەگەر بە وردی لە بەشەکانی کەسایەتی و سایکۆلۆژیای مرۆڤ لە ڕوانگەی زەردەشت قووڵ ببینەوە دەبینین مرۆڤ بە شێوەیەک دروست و (خەڵق) کراوە و ئافەرێنراوە کە هەمیشە ئامادەی پێشوازیکردنی پێشکەوتن و سەرکەوتن و بەختەوەرییە و بۆ هەموو ئەو سەرکەوتنانەش پێکهاتە جیاجیاکانی، یەک بە یەک، ئاسانکاری دەکەن و ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو مەبەستە.

***

لەوانەیە کەسانێک هەبن ڕەخنە لە بیروباوەڕەکانی زەردەشتی پەیامبەر بگرن و ئەوە بڵێن کە نەیتوانیوە سنوورێک بۆ جیاوازیکردنی بەشەکانی ستراکتۆری کەسایەتی مرۆڤ دابنێ، هەروەها ئەو وزە و بەشانە زۆر لێک نزیکن و تێکەڵوپێکەڵن، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە ئەو دابەشکردنەی پێکهاتەکانی ستراکتۆری کەسایەتی مرۆڤ لە لایەن زەردەشتەوە لە سەردەم و قۆناغێکی دێرین و زۆر کۆن پێشکەش کراوە،

ئەو کـاتەی کـە مـرۆڤـایـەتی لە لووتکەی دواکـەوتوویی دەژیا و لە یـەکـەم پەیژەکـانی شـارسـتـانیـەتدا هەنگاوی دەنا، ئا لەو کـاتەدا کـەسـێک وەک زەردەشت، وەک پەیامبەر و پێشەوا و فەیلەسووفێک و وەک مژدەیەک بۆ مـرۆڤـایـەتی دێت و مـرۆڤ هان دەدات (سـوجـدە) بۆ یەکانەبوون و تاک و تەنیایی خوای گەورە ببەن و لەپێناو بەختـەوەری و گەیشتن بە کـامەرانی نوێژ بکەن و لەسەر سێ بنەمـای سادەی "هزری باش، گوتاری باش، کرداری باش" بەهەشـتی بەرین بۆ خـۆیان مـسـۆگەر بکەن، هەر ئەوەشە کە لەپاش شەهیدبوون و تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست و پێنج سەدە زۆر فەیلەسووف و زانا مەندەهۆشی بیروباوەڕەکانی دەبن و سەریان سوڕماوەتەوە، لەوانەشە سوقرات و ئەفلاتوون و نیتشە و... تاد، ئەوە جێگەی شـانازییـە کـە نەتەوەکـانی ئاریایی، بەتایبـەتیش میدیییەکان مرۆڤی وا لێهاتووی لەناودا هەڵکەوتبێ.

**ئەنجام**

تێکسـتـە ئاییـنییـەکـان وەک بەشـێک لە پرۆژەی پەیامبەران لە ڕێنماییکردنی مرۆڤەکان لەسەردەمی کۆن ڕۆڵێکی گرنگیـان لە پێشکەوتنی شـارسـتـانیـەتی ئەو سـەردەمـانە و بەخـتـەوەری مـرۆڤ و کـۆمـەڵگاکـانیـان گێڕاوە.

ئـاییـنی زەردەشـتـیـش وەک هەر ئاییـنێکی تر لە سەردەمانێکی زۆر کۆن و حەفت سەدە پێش هاتنی عیسا (س.خ) مـەشـخـەڵی پێشکەوتنی یەکێک لە نەتەوە و نەژاد و کۆمـەڵگا هەرە پێشکەوتووەکانی ئەو کـاتە بووە کە تێیدا و لە سایەی بنەما و ڕێنمایی و فەرمایشتەکانی زەردەشت، ئازادی و یـەکـسـانی و مـافی مـرۆڤ و دیموکراسییـەت شان بە شانی مرۆڤایەتی بوونی خۆی هەبووە.

ئەگـەر کـەسـانێک جـارِ بۆ ئەوە بدەن کـە زانسـتی دەروونناسی سـەدەیەک پێشـتـر لەدایک بووە، ئەوەتا دەبینین پەیامبەری ئاریایی و میدیییەکان نزیکەی بیست و حەفت سەدە لەمەوپێش بە تێروتەسەلی سایکۆلۆژیای مرۆڤی خستووەتە بەر توێژینەوە و شرۆڤەکردن و ئاماژەی بە پێکهاتە جیـاوازەکـانی سـتـراکـتـۆری کـەسـایـەتی و سـایکۆلۆژیای مـرۆڤی داوە، بە جـۆرێک زۆر لە تیـورە نوێیـەکـانی دەروونناسی هاوچەرخ لەم سـاڵانەی دواییـدا ئاماژەیان بەو پێکهاتانە کردووە.

**ژێدەر:**

**(١) ئازمەندیان، عەلی ڕەزا (٢٠١٠). تەکنۆلۆژیای بیر، چۆن ڕێگای بەخـتـەوەریم دۆزییـەوە، وەرگـێـڕان: ئەمین حـەمـە ڕەزا هەورامی، چاپی یەکەم، ڕێنما، سلێمانی، ٢١٨ل.**

**(٢) ازمندیان، علیرضا (ب. م.). مجموعه سخنرانیهای علیرضا ازمندیان، mp3.**

**(٣) ڕەزا، هاشم (٢٠١٢). زەردەشت پێغـەمـبـەری ئێـرانی دێرین، وەرگێڕان: وریا قانع، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی جەمال عیرفان، سلێمانی، کوردستان، (٤٢٥)ل.**

**(٤) زیهنیـر، ر. س. (ب. س.). الزرادشـتـیـة الفـجـر - الغروب، ترجمة: د. سهیل زکار، التلوین، دمشق: سوریة، (٥٣٠)ص.**

**(٥) السندي، بدرخان (٢٠٠٧). المجتمع الکوردي في المنظور الاستشراقي، ط٢، دار سبیریز، دهۆک، ص٦١٤.**

**(٦) صفی زاده، صدیق (١٣٨٥). تاریخ پنج هزار ساله ایران، ض. ٢، ارون، تهران: ایران، ص(٩٥٥).**

**(٧) عارف، مجید حمید (١٩٨٤). الاثنوغرافیا و الاقالیم الحضاریة، وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد، ص ٢١٢.**

**(٨) العیسوي، عبدالرحمن محمد (٢٠٠٩). الاسلام و العلاج النفسي الحدیث، دار النهضة العربیة، بیروت: لبنان، ص(٢٦٢).**

**(٩) غانم، خالد السید محمد (٢٠٠٦). الزرادشتیة تاریخیا و عقیدة و شریعة، دراسة مقارنة، ط. ١، خطوات، دمشق: سوریة، ص(٣٩٩).**

**(١٠) کمال، علی (١٩٨٨) النفس انفعالاتها و أعراضها وعلاجها، في جزئین، ط. ٤ دار الاوسط، بغداد، ص(٨١٨).**

*** پسـپـۆڕی پێـداگـۆگـیـا و سـایکۆلۆژیا/ بەشی دەروونزانی/ زانینگەی زاخۆ.**

# دەستپێکی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

١- مەبەست لەو ڕێبازانەی فەلسەفەیە کە دوای دوو دیاردە لە وڵاتانی ئەوروپا سەرئاو کەوتوون.

- دیاردەی کۆچی دوایی هیگڵ (ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها) ساڵی ١٨٣١ز.

- دیاردەی تێکشکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان بەهۆی ئەو هێرشە یەک لەدوای یەکانەی مەتریالیستەکان بە سەرکردایەتی فۆیەرباخ بردوویانە سەری.

دیاردەی یەکەمیان ئەوەی لێ کەوتەوە کەسایەتییەکی کاریگەر لە کایەی فەلسەفەدا نەما لەسەر ڕێبازی ئایدیالیستی بکاتەوە و گۆڕەپانەکە بێ فەیلەسووفی داهێنەر مایەوە، لە دیاردەی دووەمیشیان بوون و سوودی فەلسەفە کەوتە بەر تیروتوانجی ئەگەر و گومان و دڵ کرمێ بوون، ئەگەر مرۆڤ سەرنج بدات و سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفەی سەدەی نۆزدە لەبەرچاو بگرێت، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ماوەیەک تاکە بەرهەمێکی شایستەی ناوی فەلسەفە چاپ و بڵاونەکراوەتەوە، ئەوەی لێرەدا سەیر دێتە بەرچاو، دەستپێشکەری هاتنەوە بۆ هەواری بێنازی فەلسەفەی جاران لەلایەن زانایەکی فیزیکییەوە بووە، نەک لەلایەن فەیلەسووفانەوە!!

(ڤیلهیلم هێلمۆلتز ١٨٢١-١٨٩٤ز) لەو باوەڕە دابووە کە زانست بەگشتی و فیزیک بە تایبەتی ناکرێ دەستبەرداری فەلسەفە بن، چەمکە بنەڕەتییە تایبەتییەکانی زانستی سروشتی پێویستیان بە توێژینەوە(١) و لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی تیوری زانین هەیە لە چوارچێوەی فەلسەفەدا، ئینجا لە توێژینەوەیەکدا لەژێر ناوونیشانی چۆن مرۆڤ شت دەبینێ؟ داوای «گەڕانەوەی بۆ لای کانت» کردووە، ویستوویەتی ئەوە دەربخات کە فەلسەفە هەرەسی نەهێناوە، بەڵکو ڕێبازێکی دیاریکراو لەچوارچێوەی



فۆیەرباخ

فەلسەفەدا شکستی خواردووە، دەکرێ هزرمەند و توێژەران سوود لە فەلسەفەی کانت وەربگرن و هەر ئەو فەلسەفەیەی ئەو هزرمەندە خۆی دەتوانێ پێویستی هزری فیزیک و چەمکەکانی دەستەبەر بێ(٢).

لەلایەکی دیکەوە بۆ هەمان مەبەست، مەبەستی کاراکردنەوەی بابەتی فەلسەفە لە ژیانی کولتووری و ئەکادیمیدا، ئیدوارد تسیلەر Zeller لەو باوەڕەدابووە کە کۆششەکەی هێلمۆلتز بەڵگەیەکە دەری دەخات کە کۆمەک و هاوکاری نێوان زانست و فەلسەفە، بە تایبەتی تیوری زانین گرینگی بوون و کاریگەریی فەلسەفە نەک هەر پاساو دەداتەوە، بەڵکو دەستەبەر دەبێ(٣)، بەو پێیە کۆششەکان بەو ئاراستەیەدا کراون دوو خاڵ جێگیر بکرێن:

**یەکەم:** ئەو کێشە و ناخۆشییەی لەنێوان زانستەکان و ئاراستەیەکی دیاریکراوی فەلسەفەدا بەرپا بووە و ئەنجامی تەفروتووناکەری هەبووە و پشکی زۆری بەر فەلسەفە کەوتووە، دیاردەیەکی کاتی بووە و لە بە هەڵە ناسین و تێگەیشتنی سروشتی فەلسەفەوە کەوتۆتەوە.

**دووەم:** پەرەسەندنی تایبەتی خودی زانست خۆی و بەردەوام و بێ پسانەوە دوورکەوتنەوەی لە ژیان و پتر بە ئەکادیمی و تایبەتمەند بوون لە دەڤەری توێژینەوەکانیدا Spezialisierung دەری خستووە کە زانستیش خۆی لە تەنگژە بەدەر نییە و دوور نییە بە مەرەی ئەو بەشەی فەلسەفە بچێ کە هەرەسی هێناوە، بەو پێیە دەکرێ بۆچوونێکی ئیدمۆند هۆسەرڵ بە نموونە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەوشە بهێنرێتەوە، هۆسەرڵ گوتوویەتی:

ڕەوشی سەردەمی زانستەکانی ئەورووپا دەبێتە مایەی ڕامان و بە قووڵی وردبوونەوە، ئەوان لە بنەڕەتدا بڕوای جاران و بایەخە ڕەهاکەی خۆیانیان لەدەست داوە، مرۆڤی نوێ (مۆدێرن) ئەمڕۆ وەک مرۆڤی نوێی سەردەمی ڕۆشنگەری نییە و لە زانست و لەو کولتوورە نوێیەی زانست ڕوخساری کێشاوە (geformte) و بەرجەستە کردن و پشت ڕاست کردنەوەی ژێری مرۆڤ بەدی ناکات، ئەو باوەڕە گوایە زانست دەمانگەیەنێتە ڕاستی (حەقیقەت) لە زۆر کایەدا هێز و گوڕی خۆی لەدەست داوە(٤).

کەوابوو تەنگژەکە بەگشتی زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی کولتووری ئەو سەردەمەی گرتۆتەوە و تەنیا هەر فەلسەفە دووچاری ئەو کێشەیە نەبووە.

٢- لێرەوە دەکرێ بگوترێ هزرمەندان لە دوو بەرەدا لەپێناو ڕزگارکردنی فەلسەفە لەو تەنگژەیە تێ کۆشاون:

**یەکەم:** بوونی فەلسەفە لە مەترسی و هەڕەشەی ناحەزانی ڕزگار بکرێت و پاساوی پێویستی ژیان و کولتوور بە فەلسەفە بدرێتەوە.

**دووەم:** لە بەرانبەر زانستە جۆربەجۆرەکاندا بوونی فەلسەفە وەک بابەتێکی ئەوتۆی گرینگ، شان بە شانی بابەتەکانی دیکەی کولتوور دەستەبەر بێ.

ئەو هەنگاوە دوو لایەنییە، سەرکەوتووانە توانیویەتی لە لایەکەوە نەهێڵێ ئەو هەڵانە دووبارە ببنەوە کە بەهۆی فەلسەفەی ئایدیالیستییەوە فەلسەفەیان بەو مەرەیە بردووە و سەرلەنوێ بەدەستپێکی نوێ چالاکی فەلسەفەیی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا بە جۆرێکی تر (نوێ) لە دایک ببێتەوە و لە گۆڕەپانی کولتووردا دەستبەکار ببێتەوە، فەلسەفەی کلاسیکی، جارێکی دیکە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە سەرنجدراوە و هەڵسەنگێنراوە، دەستپێکی نوێی فەلسەفە ئەو ڕاستییەی دووپات کردۆتەوە کە فەلسەفە و مێژووەکە، کۆیەکی هەڵەی مرۆڤ نین و بە هەمان شێواز ناکرێ سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدات و لەسەر بنەماو بنەڕەتی زانستی سروشت بنیاد بنرێ، یان ببێ بە لقێکی زانست، چونکە فەلسەفە وەک هەموو زانست و بابەتەکانی دیکەی کولتوور و شارستانیەت، میتودە و بابەتی توێژینەوەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە زانست و لقەکانی

دیکە جیای دەکاتەوە و سەربەخۆیی و بایەخی ڕۆڵەکەی لە ژیاندا ساغ دەکەنەوە، هەر ئەو سەرەتایە نوێیەی فەلسەفە، وەک لە دواییدا دەردەکەوێ و کۆششی پشت ڕاستکردنەوەی دەکەین، ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو گرتووە کە ڕاستە زانست و فەلسەفە دوو بابەتی لەیەکتر جیان، بەڵام بەپێی قۆناغی سەردەم و ئەو پەرەسەندنە شۆڕش ئامێزەی زانستەکان کردبوویان، نەدەکرا بە هەند دانەنرێ و سوودی لێ وەرنەگیرێ.

ئەگەر فەلسەفە لقێکی زانست نەبێت، ئەوە لە گیانی زانست بەولاوە نییە، چونکە زانست بەبێ پشت بەستن بە چەند بنەما و پرەنسیپێک ئەو تایبەتمەندییەی خۆی لەدەست دەدات و فەلسەفە خۆی لە خۆیدا، بە تایبەتی فەلسەفەی سەردەم، سیستم و نەزمێکی ئەو بنەمایانەی لێ پێکهاتووە، بۆیە دوور ناڕۆین ئەگەر وای بۆ بچین کە لە ناخی زانستەوە فەلسەفە چەکەرە دەکات و سەر دەردەهێنێ، هیچ زانینێکی فەلسەفە لە کردن نایەت، ئەگەر لە زانینی سروشتەوە سەرچاوە نەگرێ، بۆیە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان هزری زانستی و هزری فەلسەفەدا هەیە، تیوری زانین کە لەو سەردەمەدا، سەردەمی جارێکی دی لە دایک بوونەوەی فەلسەفە، دوای شکستی ئایدیالیزمی ئەڵەمان، بوو بە لقی سەرەکی و شالقی فەلسەفە، بەپێی هەلومەرجی زانستی نوێ و داهێنانە بەپێزەکانی لقە جۆربەجۆرەکانی زانست لە کایە و دەڤەرە جیاوازەکاندا، پەی بەو ڕاستییە بردووە کە بەبێ زانینی سروشتی ئەو ئامانجە ناپێکی کە کۆششی بۆ دەکات، بە هەمان پێوانە توێژەری زانستی سروشتیش کە لە پرسیارەکانی قووڵ ببێتەوە، بەرەو تیوری زانین هەنگاو دەنێ(٥)، چونکە زانستەکە هەست بەوە دەکات کە دەڤەرەکەی ئەوپەڕی لۆجیکی هەمەکییە و ALLgemeinheit بەوەش دەچێتە نێو پاوانی فەلسەفەوە، توێژەری ڕاستەقینەی زانستی هەمیشە فەیلەسوفیشە، ئەگەر ڕێبازی فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزم پشتگوێ بخرێت، بە مەبەستی توێژینەوە، ئەو پێوەندییە دوو لایەنییەی فەلسەفە و زانست تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی فەلسەفەی سەردەم بەرجەستە دەکات.

شاکارە زانستییە داهێنەرەکەی ئەلبێرت ئاینشتاین، بە هەردوو بەشییەوە تیوری ڕێژەیی تایبەتی و گشتی (١٩٠٥-١٩١٧ز) بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە دەری خستووە، لەو سەردەمەدا کە پێوەندی نێوان فەلسەفە و زانستەکان بە هەردوو بەشی ئەزموونی و ژیرەکییەوە، پێداویستییەکی ژیانی زانستی و کولتوورییە و ساتمە و کێشەکانی سەر ڕێگای ئەو پێوەندییە پتر دروستی هاوکاری نێوانیان دووپات دەکەنەوە و دەکرێ بە هاندەری بەپێزکردنی ئەو هاوپەیمانییەی نێوانیان دابنرێ.

٣- کێشەیەک لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی فەلسەفەی سەردەم بووەتەوە، دوای لە یەکتری خۆشبوونی زانست و فەلسەفە، هەڵوێست بووە بەرانبەر هەردوو بابەتی کۆمەڵگا شلەقێنەر: ئایین و سیاسەت.

- (فۆیەرباخ ١٨٠٤-١٨٧٢ز) و ئەندامانی ڕێبازی چەپی هیگڵ، ڕۆڵی سەرەکی فەلسەفەیان لە ڕەخنەگرتن لە ئایین دیوەتەوە، کۆشاون بە نووسین و بەرهەمی هەمەجۆر لە سروشتی ئاسمانی- گیانی ئایینی کاڵ بکەنەوە و تایبەتمەندی و خەسڵەتی سروشتی - دنیایی- مرۆڤی پێ ببەخشن، ئەنجامەکەشی ئەوەندەی پێوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە، بریتی بووە لە دیارو دەستنیشان کردنی ڕۆڵی ئایین بەدۆگم و داوودەزگاکانییەوە لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا.

سەرچاوەی جیهاندیدی فۆیەرباخ، فەلسەفەی هیگڵ بە تایبەتی و ئایدیالیزمی ئەڵەمان بەگشتی بووە، بەڵام لە هەردووکیان چۆتە سەنگەرەوە و بە تەواوەتی لێیان هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بە ڕکەبەر و ناحەزیان، سێ خاڵی سەرەکی لە جیهاندیدی ئەو فەیلەسووفە مەتریالیستییەدا سەرنج ڕادەکێشن:

- ئەو چاکسازی- ڕیفۆرمەی ویستوویەتی لە فەلسەفەدا بیکات.
- ڕەخنەگرتن لە ئایین.
- بایەخدان بە ئەنترۆپۆلۆجی فەلسەفەیی.

ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرینگە، خاڵی دووەمە، بە تایبەتی ئەو هەڵوێستەی بەدرێژایی ژیانی دەربارەی ئایین و لاهووت هەیبووە و لە نووسینەکانیدا دەری بڕیوە، کۆشاوە بێ باوەڕیی جێگای ئیمان و ژێر جێگای ئینجیل و سیاسەت جێگای ئایین و کڵێسە، زەوی جێگای ئاسمان و کارکردن جێگای نوێژ و ڕەب پەرستی، هەژاری و نەداری جێگای دۆزەخ (جێهۆنێمی جوولەکە) و مرۆڤ جێگای یەسووعی مەسیحی بگرنەوە(٦). ئیتر لە ئەنجامی ئەو هەوڵەیدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە سروشتی ترنسندێنتی لە ئاسمان و هێزە سەروو سروشتییەکە دابماڵێنێ و ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی مرۆڤی سەرزەمینی بەربەردا بکات، بۆیە بە ڕاشکاوی



**ولیەم جێمس**

گوتوویەتی:

ئایین تەنیـا هەر ئەو بۆچوونەیە کـە مـرۆڤ لە بارەی ئەوەوەی کە دەیەوێ و دەیخوازێ و دەبێ لە ژیانیدا چی بکات هەیەتی، یان: ڕەب تەنیا ئەو نموونەیەیە Ideal کە مـــرۆڤ دەیەوێ و دەبێ بەدی بهـــێنێ و بیـکات بەراستەقینە(٧). ئەوەیە مەبەستی مێژووناسان کە گـوتوویانە نهـێنی لاهووت بەلای فـۆیەرباخـەوە لە ئەنتـرۆپۆلۆجی بەولاوە نییـە! کـەواتە ئەو قسـەیە چ دەگەیەنێ؟

٤- ئەنتـــرۆپۆلۆجی لەو کـــایەیەدا دەکـــرێ وا لێک بدرێتەوە کە لە جێگای مرۆڤ ڕەب دانراوە و هەموو هێز و دەسەلات و خەسلەت و تایبەتمەندییەک کە دڵی مرۆڤ دەیانخوازێ و لێیان بێ بەشە، داونی بەڕەب، یان وای داناوە کە لە ڕەبدا هەن.

ڕستەکانی ئایین دەربارەی گەوهەر و سروشتی ڕەب، بەقســەی فـۆیەرباخ بێ، کـاتێک ڕاسـتـیـیـەکـانیـان دەردەکەوێ ئەگەر بۆ چەند ڕستەیەک دەربارەی سروشت و گـەوهەری مـرۆڤ وەربگێـڕدرێن، لە جێی هۆشـیـاری و زانینی ڕەب، هۆشـیـاری خـودی مـرۆڤ دابنرێت(٨)، ئەوەی ئەو بۆچوونە سـاغ دەکـاتەوە ئەوەیە کـە مـرۆڤ سروشت و گەوهەری خۆی بە شتێکی دیکەی جیـاواز لەخـۆی دادەنێ، کـەوابوو بەپێـوەری ئەو بۆچوونە، ئەنترۆپۆلۆجی ڕاستی و نهێنی لاهووتە، ڕاستییەک ئەوە دەردەخات کە مرۆڤی عیسایی هەرچی جوان و شەنگ و چاک و ڕێکوپێکە لە سـروشـتی مـرۆڤـدا لە خـۆی ستاندووەتەوە و داویەتی بە عیسا (یەسووعی مەسیح)، تەنیا ئـەوی بەدکاریی و ناحەزیی و کەموکورتییە بۆ خۆی هێشتووەتەوە!

- بەو پێـیـە گـۆڕینی لاهووت بۆ ئەنتـرۆپۆلۆجی ئەرکی سەرەکی سەرشانی فەلسەفەیە کە لەخۆیدا هاتنەوەیە بۆ سەر سروشت و مرۆڤ، لە جیـاتی بابەتی زانین و پەی پێبردن، دەبێ مرۆڤ، مرۆڤی ڕاستەقینە بابەتی فەلسەفە بێت و ئەو گۆڕانە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ژێری بێگەرد و هزر و ئەبستراکت لەبەردەم مرۆڤ و ژیان و هەڵکەوتدا پاشەکشە دەکەن، ئەوەیە مەبەستی فۆیەرباخ کە داوای کردووە فـەلسـەفـە لە بەهەشتی ئاسمـانەوە بێـتـەوە نێـو دۆزەخی کـلـۆڵی مرۆڤی هەژار و بە زمانی ئاسایی دوور لە چەمکی ئاڵۆز و تەمومژاوی بدوێ و پردی دۆستایەتی لەنێـو هەرسـێک دەڤـەری هزر و ئاخـاوتن و کـرداردا هەڵببەستێ، ئەوکاتە فۆیەرباخ گوتەنی: کە کـۆمـاری ئاسمـانی ئایینی مەسیـحی دێتەسەر زەوی(٩)، مرۆڤ هیـچی دیکە کـۆیلە و بەندی (ڕەب) نابێ و ئەوەی بە ئەندێشە دراوەتە پاڵ ئەو چەمکانەی کلێسەی مەسیحی و ڕابەرانی دایانهـێناون، بایەخ و واتایان نامـێنێ و لەبەرچاو و دڵ کاڵ دەبنەوە و ون دەبن.

ئەو نـاخـۆشی و دوژمنایەتـیـیـەی بەهۆی فـۆیەرباخ و ئەندامانی ڕێبازی چەپی هیگڵ لەنێوان فەلسەفە و ئایین بەرپاکــراوە تا ئەوســەردەمــە بەهیچ جــۆرێک تین و گەرموگوڕیی خۆی لەدەست نەداوە، بەڵکو تائێستا ئەو هەولانەی لەو کایەیەدا دەدرێن، بە دوو ئاراستەدا دەڕۆن:

- هێـرشکردنە سـەر جیـهـاندیدەکەی فـۆیەرباخ و تۆمـەتبارکـردنی بەکـافـر و فـەلسـەفـەکەی بەبێ باوەڕ (ئیلحاد)

- یان لێکدانەوە و شرۆڤـەکردنی فەلسـەفـەی ئایینی فـۆیەرباخ بەجـۆرێک لە جـۆرەکـانی واکـراوە لەگـەڵ بیروبۆچوونی کلێسەی مەسیحیدا بێتەوە.

هیچ گـومـان لەوەدا نییـە کـە جیـهـاندیدی فـۆیەرباخ کـۆرپەی سـەردەمی خۆیەتی و بەشیـری ئەو هەلومـەرجە ئابووری و سـیـاسی و فـەلسـەفـەیی و زانسـتی و کولتوورییەی لەو سەردەمەدا لە ئارادابووە گۆش کراوە، ئەگـەر مـرۆڤ سـەرنجی قـۆناغـەکانی مێـژوو بدات، بۆی دەردەکــەوێ ئایین خــۆشی وەک هەمـــوو دیاردەکــانی کـولتـووری کـۆمەڵگا لەدەستی گـۆڕان بەدەر نەبووە، خۆ بوونی چەند ئایینی لۆکاڵی ناوچەیی (بودا، کۆنفشیوس،

زەردەشتی فارس و کورد) و هەرسێک ئایینی گەردوون جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام ئەو گۆڕانە کە لە عەرەبیدا بە (نەسخ) بوونەوە ناوبراوە، دووپات و پشت ڕاست دەکەنەوە.

فۆیەر باخ لەو باوەڕەدا بووە کە ئەوەی تا ئێستا بەگشتی و لە ئایینی مەسیحیدا بە تایبەتی دەربارەی ڕەب، کە گوایە هێزێکی سەرووسروشتی دەسەڵات و هێز و توانایی لە سنوور بەدەرە، وێنا کراوە، پەسند نییە، بۆیە هەوڵی داوە بۆچوونی باوی لە ئارادا بوو بۆ ماوەی ڕەب، یان ڕەببانیەت ڕەت بکاتەوە و بۆچوونێکی دیکە پێشکەش بکات، وشەی (کافر) کە لە هەموو ئایینەکاندا دژی دوژمنانیان بەکار هاتووە، لەگەڵ وشەی (موڵحید) تەنیا واتا و دەلالەتێکی فەلسەفەیی هەبووە و هەیە، ئەویش ناکۆکی و جیاوازی نێو بۆچوونە جیاجیاکان بووە دەربارەی ڕەب!. ئەو پرسیارانەی فەیلەسووفی هیگڵی چەپ کردوویانە، ناکرێ وا بە سووک و ئاسانی وەڵام بدرێنەوە:

- بۆ دەبێ یەسووعی مەسیح مافی ئەوەی هەبێ ئایینی جوولەکە (نەسخ) بکاتەوە و بۆ دەبێ لە سەدەی یەکەمی زایینیدا (موعجیزە) ئاسایی بووبێ، کەچی لەو سەردەمەدا هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرانبەر ئایین تابوویە و موعجیزەش نەماوە؟! هیچ ژیر و هێزێک نەیتوانیوە و ناتوانی پاساوی وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بداتەوە کە لەسەرەتاوە ڕوون و ئاشکران! دەبێ چ ژیرێک بتوانی وا بکات (لە سۆنگە تیوریشەوە بێ) پەسند بکرێ و پاساو بدرێت کە مرۆڤ لە یەک کات و هەمان کاتدا ئازاد و کۆیلە و بەندی ڕەب بێت؟ چۆن قانوونەکانی ژیر لەگەڵ ڕێساو بنەماکانی باوەڕ (ئیمان) پێکەوە دێنەوە و دەگونجێن؟ ئەمە ئەو تەڵە و داوە بووە کە مەسیحیەتی ئەورووپای سەدەی نۆزدە پێوەی بووە و نەیتوانیوە بە ئاسانی خۆی لێ دەرباز بکات! ئەو هەڵوێستە ڕەخنەگرییەی لە بەرانبەر ئایینی و کڵێسەدا کارا بووە و بەشێک بووە لە پێداویستییەکانی ئاراستەی زانستی و کولتووری مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەدەی نۆزدە و دواتر لە ئەورووپادا، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەشێ بگوترێ، ئەگەر جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحی بە هیچ بنەمایەکی ژیر و لۆجیک ساغ نەکرێتەوە، تێزە سەرەکییەکەی (فۆیەر باخ)یش کە گوایە: بوونی ڕەب کەرەسەی سەرەکی ئایینی مەسیحییە و ئەو ڕەبە لە چەمکێک بەولاوە هیچی دیکە نییە کە مرۆڤ خۆی دایهێناوە و لە دەرەوەی ژیر و لەدەرەوەی مرۆڤ خۆی داینراوە، ئینجا گەوهەرێکی هەبووی کەسییە، ئەو تێزەش دەرفەتی پشت ڕاستکردنەوەی لەوەی مەسیحیەت پتر نییە.

خۆ ئەگەر بۆچوونەکەی فۆیەرباخ دەربارەی ئایین- بە مەبەستی توێژینەوە- پەسند بکرێت، ئەوە دەبێ ڕەخنە لە مرۆڤ بگیرێ کە خۆی ئەو ئایین و چەمکە سەرەکییەی داهێناوە و ئەو ڕەخنەیەی لە ئایین دەگیرێ کاڵ دەبێتەوە، چونکە ئایین لە بۆچوونی فۆیەرباخ دا ئەنجامە و هۆکار نییە، ئەگەر مرۆڤ خۆی - بەقسەی فۆیەرباخ- ئایین و چەمکی ڕەبی داهێنابێ، ئەوە ئەو بڕیارە بە سوودو قازانجی ئایین دەکەوێتەوە، بۆ؟ دەکرێ مرۆڤ لە ژیانیدا شتی بێ سوود و بێ کەڵک دابهێنێ؟ ئەگەر ئایین و چەمکی ڕەبی مەسیحی سوودبەخش نەبانایە، مرۆڤی ئۆرشەلیم و بێت لەحم دایان نەدەهێناو مرۆڤی ئەورووپایی- باووباپیرانی فۆیەرباخ- نەدەهاتن بۆ ئۆرشەلیم و مەسیحییەتیان لەگەڵ خۆیاندا نەدەبرد بۆ ئەورووپا و پەسندیان نەدەکرد!

٥- پێوەندی نێوان فەلسەفە و سیاسەت لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە لەلای خۆیەوە جەنجاڵ و کێشە ئامێز بووە، ئەنجامی ئەوتۆی لێکەوتووەتەوە و چاوەڕوانکراو نەبووە و ئاراستەکەی پەرەسەندن و گۆڕانی هەردوو لایەنی کولتوور و شارستانیەتی - ماددی و هزری- بەلای تردا بەرەو پێش بردوون و تەکانی پێداون.

بزووتنەوەی ڕۆشنگەری جگە لەلایەنە لەبارەکانی، ڕەوشی هزری و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەوسای ئەڵەمانیا و ڕۆژئاوای ئەورووپای بەجۆرێک شڵەقاند بوو، هزرمەند و ڕابەران بیریان لە ڕێگا چارەیەک کردۆتەوە، پوختە و گەوهەری ئەو کولتوورەی بە میرات بۆیان مابووەوە بەهۆی هزری نوێوە هەر نەبێ بیپارێزن و لەتێکچوون ڕزگاری بکەن، شۆڕشی (سنعات) پیشەسازیش دوای ئەو جەنگە تەفروتوناکارانەی ڕابەرانی شۆڕشی فەڕەنسا بەسەر دەڤەرەکەدا هێنابووی، پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی سەرتاپای کۆمەڵگای دووچاری کێشەو بەرەو تەنگژە کردبوو، بزووتنەوەی هەمەجۆری ئامراز و ئامانج لەسەرانسەری ئەو وڵاتانەدا بڵاوبووبوونەوە و دەستبەکار بوون، لەئەڵمانیا دوو بزووتنەوە لەبەر یەکتری دابوون و لە دوو بەرە و سەنگەری لەیەکتری جیاوازدا دژی یەکتری تێکدەکۆشان:

١- بزووتنەوەی پرۆلتێریی (سۆسیالیستی)

٢- بزووتنەوەی نەتەوەیی.

ئەو دوو بزووتنەوەیە ئەنجامی ئەوتۆی جیاوازیان لێکەوتۆتەوە، بۆتە مایەی ئەوەی چەندان مێشک و خامە سەرگەرمی توێژینەوەیان بن، ئاکامەکەش دەرکەوتنی ڕێبازی جیاجیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی بووە.

لەکاتێکدا چاوەڕوانی گەورەو گران لە بزووتنەوەی یەکەم دەکرا کە بەهۆی دابەش بوونی کۆمەڵگا بە دوو چینی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتەوە ئامرازی گۆڕانی سەرتاپاگیر دەستەبەر بووبوو، کەچی بەپێچەوانەوە نەک لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکانی ئەوروپادا ئەو ئاواتە نەهاتەدی، بەڵکو بەلایەکی تردا شکایەوە، لە وڵاتێکی دواکەوتووی ئەوسای ڕووسی قەیسەری نیمچە جووتیار- دەرەبەگی بزووتنەوەیەکی چەکدار بەناوی پرۆلیتێر (کرێکاری پیشەسازی و فابریقە و کارخانەکان) ڕووی داو بەڵێنی زۆر و زەبەندەی بە خەڵک دا، بەڵام ئەویش کە لە زەمینەیەکی نامۆدا شین بووبوو، پاش ماوەیەک بە تەواوەتی لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوە، لە تیرۆر و کوشتن و بڕین و ئاوارەکردن و پێشێل کردنی کەمترین مافی مرۆڤ و ئازادی و دادپەروەریدا هەموو سنوورێکی بەزاندووە، بەناوی چینی کرێکار و لەژێر دروشمی (ڕووکەشی) هاوکاری و ئاشتی و دۆستایەتیدا کوشتن و بڕین و تۆقاندن و تیرۆر بەدەستی ستالین و دەستوپێوەند و داوودەزگا ترسناکەکانی (K.G.B) تیوریزە و ڕەواکراون.

شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی ئەوروپای سەرمایەداری سەرنەکەوتووە و ئەگەر لە دەڤەرێک سەرکەوتبێ، پاش ماوەیەک شکستی هێناوە، (بۆ نموونە کۆماری ڕێتە ریپۆبلیک لە باڤاریای باشووری ئەڵەمانیا) سەرمایەداری پتر لە جاران جێگیرتر بووە، چینی پرۆلیتێری ڕکەبەریشی هەڵوێستی جارانی نەماوە و ئەگەر نەشبووبێ بەدۆستی کەپیتالیستەکان (سەرمایەدار)، ئەوە هیچی تر بە چاوی دوژمنایەتییەوە تەماشای نەکردوون: لەو کەشوهەوا و هەلومەرجەدا، چەند ڕێبازێکی فەلسەفە لەسەرانسەری ئەوروپاو ڕێبازێک لە ئەمریکا پەیدا بوون و گەشەیان کردووە:

**یەکەم:** کانتیانیزمی نوێ: بە هەردوو لقی ماربورگ و بادن.

بەڕابەرێتی هێرمان کۆهن و پاول ناتورپ و ڤیلهێلم ڤندلباند و هانریش ڕیکێرت.

**دووەم:** فینۆمینۆلۆجی:

ئیدمۆند هۆسەرڵ دایمەزراندووە و چەندان لق و ئاراستەیەکی جیاوازی لێ کەوتوونەتەوە.

**سێیەم:** دیالێکتیکی مەتریالیزم:

مارکس و ئینگلز بەردی بناغەیان داناوە.

**چوارەم:** پۆزیتیفیزمی لۆجیکی.

لە ساڵی ١٩٢٦ز لە لایەن پرۆفیسۆر مۆریتس شلیک لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا دامەزراوە، ڕودۆلف کارناب و هانز هان دیارترین ئەندامی بوون.

**پێنجەم:** ئیگزیستنتیالیزم بە هەردوو لقیەوە:

- لقی باوەڕ نەبوون بە ئایین بەڕابەرێتی مارتن هایدیگەر لە ئەڵەمانیاو جان پول سارتر لە فەڕەنسا.
- لقی باوەڕ بوون بە ئایین بەسەرکردایەتی گابریال مارسیل لە فەرەنسا و کارل یاسپەرز لە ئەڵەمانیا.

سورێن ئابای کیرکیگارد دامەزرێنەری ئەو فەلسەفەیەیە.

**شەشەم:** قوتابخانەی فرانکفۆرت: بەڕێبازی مارکسیزمی ڕۆژئاوای ئەوروپاش ناودەبرێ، لە زانکۆی فرانکفۆرت لەلایەن ماکس هۆرکهایمەر و تیودۆر ئەدۆرنۆ دامەزراوە.

**حەوتەم:** پراگماتیزم:

بە فەلسەفەی کۆمەڵگای ئەمەریکا ناودەبرێ، ولیم جیمس ڕابەر و دامەزرێنەریەتی، ئەگەرچی پێش ئەو چارلس ساندرز پێرس هەندێ شتی لەو بارەیەوە بڵاو کردووەتەوە کە دەکرێ بە ڕێگا خۆشکەر دابنرێن.

٦- هەر یەکێک لەو ڕێبازانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەسایەتییەکەی پشت ڕاست دەکاتەوە و لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوە گشتییەکەدا چەندان بابەت و خاڵی ناوکۆیی و هاوبەش پێکەوە کۆیان دەکاتەوە کە هەلومەرجی سەردەم و گەشەکردن و دەستبەرکاربوونیان نیشان دەدەن:

### تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی سەردەم:

**یەکەم:** بە پێچەوانەی فەلسەفەی پێشترەوە، فەلسەفەی سەردەم ئەو تایبەتمەندییە نیشان دەدات کە چالاکی تاقم و گرووپێکە جیهاندیدێکی هاوبەش پێکەوە کۆی کردوونەتەوە و لە چوارچێوەی ئەو جیهاندیدەدا بابەت و ئامانج و کەرەستەی توێژینەوەیان دیارو دەستنیشان کردووە.

**دووەم:** پشت بەستن بە زانست، ئەگەر فەلسەفەی

ئیگزیستێنتیالیزم بەدەربگرین، هەموو ڕێبازەکانی فەلسەفەی سەردەم پشت بە دەرکەوت و ئەنجامەکانی دەبەستن و سوود لە میتودە و تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی وەردەگرن و خۆیان لە هەڵەو ساتمەکانی دەپارێزن.

**سێیەم:** گەڕانەوە بۆ سەر فەلسەفەی کانت و پشتگوێ خستنی هیگڵ و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، کانت لەچوار خاڵدا جێگای بایەخی فەلسەفەی سەردەم بووە:

- تیوری زانین (وەرچەرخانی کۆپەرنیکۆسی).
- ئەو ڕەخنەیەی لە میتافیزیکی ژیرەکی گرتوویەتی.
- کێشەی هەردوو جیهانی دیاردە و شت لەخۆیدا.
- بابەتی کێشە ئامێزی، بڕیاری لێکدراوی پێشییانە(١٠)

**چوارەم:** بەزانست کردنی فەلسەفە:

بەلای زۆربەی ڕێبازەکانی فەلسەفەوە، فەلسەفە بە ڕوخسار و ناوەرۆکی باوی بۆ ماوە بڕ ناکات و دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەو گۆڕانە پتر لەو کۆششەدا ڕەنگی داوەتەوە کە کراوە بۆ بەزانست کردنی فەلسەفە: کارناب و هۆسەرڵ لەو کایەیەدا ڕابەربوون.

**پێنجەم:** شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن، ئامرازی سەرەکی فەلسەفە بوون، بەگشتی هەموو ڕێبازەکانی فەلسەفەی سەردەم لەسەر ئەوەی کۆکن کە ئەرکی فەیلەسووف شیکردنەوە و ڕەخنەگرتنە، تەنانەت فەیلەسوفێک بەدی ناکرێ کە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر بە فەلسەفەی پێش خۆی و هی سەردەمی خۆشی نەبێ و پەنای بۆ شی کردنەوەی بنەماکانی ژیانی ژیریی و زانستی سەردەم نەبردبێ.

**شەشەم:** کاڵ بوونەوەی هەستی نەتەوەیی لە چالاکی فەلسەفەدا، چەندان فەیلەسووف بەرچاو دەکەون کە بەزمانێکی غەیرەز زمانی خۆیان شتیان نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

**حەوتەم:** پاشەکشێی میتافیزیک:

ئەوەی لە فەلسەفەی سەردەم سەرنج ڕادەکێشی، هەڵوێستی فەیلەسووفەکان بووە، بەرانبەر بە میتافیزیک، ئەو هەڵوێستە لە دوو لاوە کارا بووە:

- بە جۆرێکی دیکە پێناسە کراوە و گۆڕان بەسەر ناوەرۆک و ڕوخساریدا هێنراوە، ئینجا بوونەکەی پاساو دراوەتەوە، ئەو لایەنە لەبەرهەمی ڕابەری ئیگزیستێنتیالیزمدا سەرنج ڕادەکێشێ.

- یان بە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە ڕەت کراوەتەوە، بەڵام ڕەت کردنەوەی ئەو جارە بە جۆرێکی دیکە بووە، لۆجیکی مۆدێرن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە پشتی پێ بەستراوە، شی کردنەوەی لۆجیکی زمان ئەو چەکە بووە ڕووی کراوەتە میتافیزیک و بێ واتاییەکەی- هەوڵ دراوە- پشت ڕاست بکرێتەوە، کارناپ لەو کایەیەدا دەستبەکار و چالاک بووە.

**هەشتەم:** بیرکاری و زانستی ئەزموونی:

لەنێو فەلسەفەی سەردەمدا، غەیرەز ئیگزیستێنتیالیزم، دوو ئاراستە بەدی دەکرێ کە بە ئاشکرا کاریگەری هەر یەکێکیان لە جیهاندیدی فەیلەسووفەکەدا هەست پێ دەکرێ:

- ئاراستەی بیرکاری- لۆجیکی
- ئاراستەی ئەزموونی بە تایبەتی زانستی سروشتی.

لەیەکەمدا ڕۆڵ و بایەخی بیرکاری لە پەیڕەو و میتودەی زانستیدا دووپات کراوەتەوە و پەیڕەوی بابەتی دیدەکشن (بە عەرەبی - ئیستیدلال) کراوە، ئەو لایەنە لەو ڕێبازانەدا ڕەنگی داوەتەوە کە بایەخیان بە لۆجیکی نوێ- بیرکاری داوە.

ئاراستە ئەزموونییەکە پەنابردنە بۆ میتودە و ئامانجەکانی زانستە ئەزموونییەکان، بە تایبەتی فیزیک، لێرەدا پشت بە تاقیکردنەوە بەستراوە کە بە تاکە سەرچاوەی گریمانەکان دانراوە.

**نۆیەم:** شیکردنەوەی زمان نەک بوون:

لە فەلسەفەی سەردەمدا لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانەی بەسەر ناوەرۆکی فەلسەفەدا هاتووە، کێشە کلاسیکییەکان کاڵ بوونەتەوە و بایەخی جارانیان نەماوە کە فەیلەسووفێک بەدی ناکرێت سەرگەرمی ئەوە بووبێ، ئایا جیهانی دەوروبەر، هەڵکەوت هەیە، یان نییە؟ بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونی هێزێکی ترانسندێنتی دەسەڵات ڕەها، بایەخی خۆی لەدەست داوە، لە جیاتی ئەو بابەتە، زمان کە ئامرازی دەربڕینە، کراوە بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەوەی هەیە و نییە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە.

**دەیەم:** کێشە فەلسەفەییەکان:

لە فەلسەفەی سەدەی بیستەمدا ئەو کۆششە بەرچاو ناکەوێ کە بۆ ڕشتنی ڕەنگی جیهاندید و نەزم و سیستمی سەرتاپاگیری فەلسەفەیی کرابێ، بەڵکو هەوڵ دراوە کێشە و گرێیە فەلسەفەییەکان چارە بکرێن، بەوەی کە ئەو هۆکارە، ئەو بنەمایە بشڵەقێنرێ کە کێشەکە

لەسەری شین بووە، لێرەدا پتر پەنا بۆ لۆجیک براوە بۆ ساغ کردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە زۆربەی کێشە فەلسەفەییەکان بەهۆی بە هەڵە بەکارهێنانی زمانەوە کەوتوونەتەوە، ئەگەر سینتاکسی زمان بەشێوەیەکی زانستییانە لەبەرچاو بگیرێ و زمانەکەشی بکرێتەوە، ئینجا زمانێک کە پشت بە لۆجیک ببەستێ و سوود لە بیرکاری وەربگرێ، دابڕێژرێ و بەکاربهێنرێ، زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە کراون و کێشەکانی فەلسەفەیان لێ کەوتووەتەوە، بە چەند زرە پرسیارێک دێنە بەرچاو و کێشەکانیش کاڵ دەبنەوە و بایەخی فەلسەفەیی خۆیان لەدەست دەدەن، ئەگەر کێشەکان زرە کێشە بن و بەهۆی بە هەڵە تێگەیشتن و بەکارهێنانی لۆجێکیانەی زمان، فەیلەسووفەکانی بەو مەرەیە چووبن، ئەنجامێک دەکەوێتەوە ئەرک و سروشتی بابەتی فەلسەفە و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردادێ، ئەو ڕەوشەی فەلسەفە کە تارادەیەک نوێیە و سروشتی فەلسەفەی سەردەم دەردەخات، دووچاری وەرچەرخان و بارگۆڕینی سەرتاپاگیرانە دەبێ، ئەو بارگۆڕینە لە دوو خاڵدا بەرجەستە بووە:

– فەلسەفە ڕوخسار و ناوەرۆکی جارانی نەماوە، بەهۆی پەرەسەندنی زانستەکانەوە ناچار بووە دەستبەرداری زۆر شت ببێ و شتی تر بەلای خۆیدا بهێنێ بۆ نموونە لۆجیک بووە بە میتودەی، فەلسەفە کردن(١١) و لە چالاکی یەکلایی کردنی کێشەکاندا لە لۆجیکی سیمبۆلی بەولاوە ئامرازێکی دیکە ناتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

– خاڵی دووەم ئامانجی فەلسەفەی بەوە دەستنیشان کردووە کە لە ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکان(١٢) بەولاوە نییە، چونکە فەلسەفە خۆی لەخۆیدا ڕێباز و سیستەم و تیوری نەماوە، بەڵکو بووە بە جۆرە چالاکییەک، کارو چالاکی فەلسەفە تەنیا هەر لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردن پێکدێت، لەو هەلومەرجە هەمەجۆر و فرە ڕەنگییەدا، فەلسەفەی سەردەم چەکەرەی کردووە و شین بووە و هاتۆتەبەر، بەرێک کە پتر بە سوود و قازانجی زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەم بووە و تارادەیەکی زۆر دەستی مرۆڤی سادە و ساکار پێی نەگەیشتووە، ڕۆژان ڕۆژی بەدوادادێت، پاشەڕۆژ چۆن دەبێ، وا بە ئاسانی وەڵامی نادرێتەوە! ئایا فەلسەفەش وەک زانست و سۆسیۆلۆجی، بە یەکجاری دەبێ بە ئامرازێک خزمەتی سوود و قازانجی تەکنۆلۆجیای سەردەم و کارتیل و مۆنۆپۆلە سەرتاپاگیرەکان دەکات، یان نا؟ دواڕۆژ دەستەبەری وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت!!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Hans Joachim Storig., Klein Welt-geschichte der Philosophie. Shtuttgart. 1961. S.613. ff.**

**2- Herman Von Helmholtz., Philosophische Vortrage und Aufsatze. Hrsg. von. Horz.H. Berlin 1971. S.45.**

**3- Eduard Zeller, Vortrage und Abhand Lungen. Zweiti Sammlung. Leipzig 1877. S.479. ff.**

**4- Edmind Husserl., Formale und transzendentale Logik. 2.Aufloge. Tubingen 1981. S.465.**

**5- Moritz Schlick., Allgemeine Erenntnislehre. Suhrkamp. 269. Frankfurt am Main 1979. S.8. ff.**

**6- Ludwig Feuerbach., Notwendigkeit einer Veranderung. In. Kleine Schriften. Suhrkamp Verlag. Frankfurt am Main 1966. S.224.**

**7- Ludwig Feuerbach., Ebenda. S.228. ff.**

**8- Wolfgang Rod., Philosophie als Gesellschafts-und Religionskritik. In: Die Philosophie der Neuzeit. (Hrsg) von. Stefano Poggi. Bd.X. Munchen 1989. S.205. ff.**

**9- Ludwig feuerbach., Ebenda. S.235.**

**10- Wolfgang Steg Muller., Hauptstromungen der Gegenwarts philosophie. Bd. I. Stuttgart. 1978. S.XXVII.**

**11- Rudolf Carnap., Die alte und die neue Logik. In: Erkenntnis. B.I. Leipzig 1930- 1931, S.12.ff.**

**12- Ludwig Wittgenstein: Tractatus logico- philosophicus. Suhrlamp Verlag. Frankfurt am Main 1960. Para. 4.112.**

# کۆمەڵگای لاساییکردنەوە

بەختیار محەمەد

ئێمە لاسایی شتەکانی سروشت دەکەینەوە، بەڵام ناتوانین سەرکەوتوو بین. بە نموونە: گوڵ و دار و دەوەنی جوانی نایلۆن (دەستکرد) دروست دەکەین، بەڵام بێ بۆنوبەرامە و مردوون؛ ئەمە دەشێ نیشانەی ئەوە بێ، کە ئێمە لە ئاست سروشتدا بێ دەسەڵاتین؛ یان با بڵێم: هەرگیز ناتوانین وەک سروشت داهێنەر بین (چونکە دەبێ بزانین، ئێمە بەشێکین لە سروشت و خوڵقێنراوی دەستی سروشتین).

ڕاستییەکەی ئێمە لێرە بە جوانیی سروشت سەرسامین، بۆیە لە ڕێگەی نیگارکێشان و نووسین و شیعرەوە لاسایی دەکەینەوە؛ بەڵام ئێمە تەنیا دەتوانین لە گۆشەیەکەوە بەشێکی بچووکی سروشت ببینین و لاسایی بکەینەوە. ئێمە هەرگیز ناتوانین لە (جوانی) سروشت باشتر (جوانتر) بەرهەم بهێنین و بخوڵقێنین؛ بۆیە ئێمە تەنیا دەتوانین لاساییکەرەوەیەکی بێ توانستی سیحری جوانی دیاردەکانی سروشت بین. بە نموونە: ئەو دار و درەخت و گوڵە نایلۆنانەی، بە چاولێکەریی دار و درەخت و گوڵە سروشتییەکان دروستیان دەکەین و لە گۆشەی ماڵان و باڵەخانەکان دایاندەنێین، لە چاو ئەمانەی دوایی یەکجار نابوود و بەربادن؛ نەک لەبەر ئەوەی جوان نین، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژیانیان تێدا نییە: نە ئاو دەدرێن، نە ڕەگەزەکانی خۆراک هەڵدەمژن، نە ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن وەردەگرن و دەدەنەوە، نە لە ئاکامیشدا گەشە دەکەن؛ کەواتە جوانی لە ژیان خۆیدایە. لەمەشەوە بیرکردنەوە و کاری باش بۆ ژیان (مرۆڤایەتی) پڕە لە بەهای جوانی. ئایا چاکە بەهایەکی (ڕاستییەکی) جوان نییە؟ ئایا ئازادی و ڕێزگرتن دوو بەهای مەزن نین، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین دڵنیا و بەختەوەر بین؟ ئایا هۆشیاریی (هۆشیاریی عەقڵانیی مۆدێرن) ڕاستییەکی



**مەسعوود محەمەد**

مـەزن نییـە، کـە بە هۆیەوە دەتوانین، نەک ڕاستـیـیـە ڕەهاکان، بەڵکو خراپییە ڕەهاکان بناسین و نەیانهێڵین (جەنگی ناڕەوا، کوشتن، داگیرکردن، دزی، گەندەڵی... تاد.). لەمـەوە ئێـمـە لە حاڵەتی لاسایکردنەوەدا لە دۆخێکی ناکامڵدایـن (ناکامڵی لە ویست و عـەقڵ و بیـرکـردنەوەمـان). هەڵبـەتە دەشێ لاسـاییکردنەوە قـۆناغـێک بێ: قـۆناغـێکی سـەرەتایی بۆ ئەزمـوون و فـێـربوون و سـوود لێـوەرگـرتن، بەڵام کـە بووە ڕێچکەی هەموو ژیانمان، ئا ئەمە کارەساتە. ئێمە دەبێ ئەم قۆناغە سەرەتاییە تێپەڕێنین، تا بتوانین خۆمان خۆمان بین.

بەو پێیە، هەمیشە دەسەڵات لە داهێنانی یەکەمەوەیە؛ ئەو کەسـەی داهێنانی یەکـەم دەکا (داهێنەری یەکـەم)، لاساییکەرەوەکانی ناتوانن وەک ئەو سەرکەوتوو بن: لە مۆسیقادا یەک بتهۆڤن و لە ئەدەبدا یەک شکسپیر و لە فـەلـەکناسیـدا یەک گـالیلۆ و لە زانسـتی فـیـزیادا یەک نیـوتن و لە فـەلسـەفـەدا یەک کـانت و دیکارت و هیـگڵ هەن، بەڵام ئەمە بەو مـانایە نییـە، کـە داهێنەری دیکە نین؛ وەلێ بەداخەوە لاساییکەرەوەکان (واتە لە قۆناغی لاساییکردنەوەدا) هەرگیز نابنە داهێنەر.

بێ گـومان کـۆمـەڵگە و ژیاری لاسـاییکەرەوە لە کـاری داهێناندا هەژارن، لەمەوە لەم ژیار و کۆمـەڵگایانەدا، لە هەمـوو بـوارێکدا لاسـاییکردنەوە هەیە و زۆر بە دەگـمـەن نەبێ هەرگـیـز داهێنان بەدی نـاکـرێ. لێـرەدا داهێنان - وەک قۆناغی یەکەمی پرۆسەکە - بە واتای (من خۆمم و من هەم) دێ. لە داهێناندا خـودی کـارای دەسـەڵاتدار هەیە؛ لە داهێناندا حـەقـیـقـەتی فـەلسـەفی «من بیـر دەکـــەمـــەوە، کـــەواتە من هـەم» هەیە؛ بـەڵام لە لاساییکردنەوەدا بیرکردنەوەیەکی سادەی پاشکۆ هەیە: پاشکۆی ئەوی دیکە؛ پاشکۆی ئەوی دیکەی، کە باشتر و قـووڵتـر بیـر دەکـاتەوە و داهێنان دەکـا؛ ئەوی دیکەی ڕەنگە لە ئاکامدا بۆ مەرامێک لە مەرامەکان، فێڵیش لە کـارەکـتـەری لاسـاییکەرەوە بکا (بە نموونە لە لایەنی سیـاسی و ئابووری و سـەربازییـەوە. ئەم حاڵەتە پتر لە پێـوەندی نێـوان وڵاتان و لە سـیـسـتـمی ئابووری سـەرمـایەداریدا ڕوو دەدا: وڵاتە پێـشـکەوتووە سەرمایەدارەکان هەردەم دەیانەوێ وڵاتە دواکەوتووەکان، لە هەمـوو شـتێکدا بەکارهێنەر و لاساییکەرەوەی ئەوان بن، واتە پاشکۆیان بن).

لێـرە ڕەنگە لە باشـتـرین حـاڵەتدا کـارەکـتـەری لاسـاییکەرەوە لە بەرانبـەر دەسـەڵاتی ئەوی دیکەدا، بۆ باوەشی یادەوەری بگەڕێتـەوە (بۆ ڕەمـزە ئایینی و نەتەوەیی و نیـشـتـمانییـەکانی یادەوەری)؛ هەر ئەمـەش ڕەنگە لە ئاکامدا ببێتە مایەی توندڕەوی و دەرگا داخستن بە ڕووی ئەوی دیکەدا؛ وەک ئێمە ئەمڕۆ ئەمە لە جیهانی ئیسلامەتیدا بەرانبەر بە جیهانی ڕۆژئاوا بەدی دەکەین.

لەم حـاڵەتەدا ئێـمـە ئەگـەر نەشـتوانین (نەشـمـانەوێ) لاسایی بەهاکـانی (بەها ڕۆشنبیـرییـەکـانی) ئەوی دیکە بکەینەوە، ئەوە لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای ئایین و نەتەوە و هەمـوو ڕەمـزە مـیـتـافـیـزیکی و مـێـژووییـەکـانی ئەم ئایدیۆلۆژیایانەوە، ئەوی دیکە ڕەت دەکەینەوە، بێ گومان خـەبات دژ بە داگیـرکـەرەکـان تا ڕادەیەک دەچێـتـە ئەم خانەیەوە؛ واتە ئێمە نامانەوێ کۆیلە و لاساییکەرەوەی ئەوانی دیکە بین، بەڵکو دەبێ خـۆمـان هەبین و وەک خۆمـان بژین؛ ئەمـەش سـەرچاوەی پەیداکـردنی درک و هۆشیارییە بۆ بەهای ئازادی و سەرەتای سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیشە بۆ ئامانجی سەربەخۆیی؛ بۆ ئەو حاڵەتە مێژوویی و بوونییەی (وجوودییەی)، کە من خۆم هەم و خۆشم بیر دەکەمەوە (ئەمـە چ لە ئاستی کۆمەڵگەدا، چ لە ئاستی تاکیشدا ڕاستە).

هەڵبـەتە ئازادی لە دیاردەی لاساییکردنەوە ڕزگـارمـان

دەکا. لاساییکردنەوە شتێکی (دیاردەیەکی) ژیارانەی نەرێنییە: ئێمە دەمانەوێ بەوی دیکە بچین و وەک ئەوی دیکە پێشکەوتوو و خاوەن هزر بین؛ ئەمەش دەشێ بەند بێ بە گرێی خۆبەکەمگرتن لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا؛ کەواتە لاساییکردنەوە خۆی لە خۆیدا دەلالەت لە بوونی ئەم گرێیە دەروونی و ژیارەکی و کۆمەلایەتییە دەکا؛ ئەگەرچی لاساییکردنەوە وەک پرۆسەی داگیرکردن بە زۆر بەسەرماندا نەسەپێنراوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕووی ژیارەکی و ڕۆشنبیرییەوە، هێمای باڵادەستبوونی ئەوی دیکەیە لە بەرانبەر ئێمەدا. لە لاساییکردنەوەدا ئەوی دیکە دەسەڵاتدارە، ئێمە بێ دەسەڵاتین؛ بەڵام هیچ توندوتیژییەکی ماددیش لەم حاڵەتەدا بەدی ناکەین (واتە مەرج نییە هیچ توندوتیژییەکی ماددی لەم حاڵەتەدا بەدی بکرێ).

پرۆسەی لاساییکردنەوە حاڵەتی سەرسامبوونە بەرانبەر بەوی دیکە، ئەم حاڵەتە لە بواری ژیانی ڕۆشنبیریدا بە هەردوو لکە تایبەتی و گشتییەکەی، زۆر بە باشی بەدی دەکرێ. بە نموونە: ئێمە لە ئەتەکێتی بەکارهێنانی شێوازی جلکوبەرگ و خواردن و کار و چالاکی ئەدەبی و هونەری و هزری و کاروباری ڕامیاری و ئابووری و کارگێڕی و ... دا، دەشێ بێ پلان و کوێرانە لاسایی ئەوی دیکە بکەینەوە؛ بەڵکو بە ناچاریش دەبێ داهێنانەکانی ڕۆژئاوا – لە هەموو بوارێکدا – بەکار بهێنین (مەبەستم لە ژیاری ڕۆژئاوای هاوچەرخە). کاتێکیش کە قسە – بە تایبەتی – دێتە سەر مەسەلەی ئەدەب و هونەر و هزر، ئەوە دەتوانم بڵێم – لە ڕووی خوڵقاندنەوە – جگە لە شیعر، ئێمە هیچ بەرهەم و چالاکییەکی دیکەمان نییە. دیسان لەوێشدا لە قۆناغەکانی داهێنان و نووسینی شیعردا، هەر لاسایی ئەوی دیکە (ڕۆژئاوا) دەکەینەوە (ئێمە دەزانین لە مێژووی کلاسیکدا شاعیری داهێنەری گەورەمان هەن)، پاشان لە مێژووی ئەدەبی هاوچەرخیشماندا شیعری ئازاد (بە هەموو قۆناغەکانییەوە) لە خوڵقاندن و لە داهێنانی ئێمە نین (ئەم لاساییکردنەوەیە لە ژانری ڕۆماندا دەگاتە چڵەپۆپە). لەم ڕوانگەیەوە وای بۆ دەچم، کە ئێمە هەرچەند لە ڕووی سیاسییەوە دواکەوتوو بین، هێندەش لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دواکەوتوو بین؛ ئەمەش – بە تایبەتی – ڕەوشی ژیانی هەموو گەلێکی ژێردەستەی وەک گەلی ئێمەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە، پێدەچێ ئەم دیاردەیە پتر پێوەندی بە کۆمەڵگە خێڵەکی و تەقلیدییەکانەوە هەبێ؛ کاتێک لەم کۆمەڵگایانەدا بە ئاستەم هەست بە جیاوازی لە خەسڵەتی کەسایەتی نێوان تاکەکان دەکرێ؛ ئەو تاکانەی، کە هەمووان وەک یەک ملکەچی دەزگاکانی (خێڵ، خێزان، ....)ی سەر بە سیستمی باوی کۆمەڵایەتین. ئێمە لێرە بە دیاریکراوی دەمانەوێ بڵێین: بناغەی پرۆسەی لاساییکردنەوە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بەندە بە پرسی دواکەوتووییەوە، بە واتای هەموو دواکەوتوویەک دەشێ لاسایی پێشکەوتوویەک بکاتەوە (بەڵکو بە پێچەوانەشەوە دەشێ دژایەتی بکا؛ ئەمەش لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینیدا زۆر بە باشی بەدەردەکەوێ؛ بەو پێیەی ئایین بە ئاراستەی خۆی، دەرگا بەسەر هەموو ئاراستەکانی دیکەدا دادەخا و قفڵ دەدا، بە تایبەتیش ئەمە لە دیاردەی دۆگمادا باشتر و ڕوونتر بەدی دەکرێ).

ئێمە ئەم دیاردەیە (واتە لاساییکردنەوە) زۆر بە باشی لە ژیانی ڕۆژانەشماندا بەدی دەکەین. بە نموونە: زۆر جار لەسەر ئاستی قسەی ئاسایی ڕۆژانەماندا بە یەکدی دەڵێین: «بۆ لاسایی من دەکەیتەوە؟»، «بۆ چاو لە من دەکەیت؟» [ئەمە بە تایبەتی لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا زۆر بەدی دەکرێ]؛ یان «چاولێکەری شتێکی خراپە.» [ئەمەش پتر لە تەمەنی گەورەییدا دەگوترێ]، ئەم قسانە لایەنی نەرێنیی ئەم دیاردەیە دەگەیەنن. لێرەدا وا دیارە کاتێک کەسی چاولێکراو ئەم قسانە بە کەسی چاولێکەر دەڵێ، وەک بڵێی لەلایەن ئەمەی دواییانەوە مافێکی خوراوبێ و پێشێل کرابێ (ئەگەرچی پێدەچێ ئەم حاڵەتە لە ناوەڕۆکدا لایەنێکی خۆپەرستیشی پێوە بێ)، واتە لێرەدا هەستی خۆپەرستی بەسەر هەستی شانازی بەخۆوە کردندا زاڵ دەبێ (چونکە پێویستە هەموو چاولێکراوێک شانازی بەوەوە بکا، کە چاولێکەری هەن)؛ ئەمە دەشێ لە قۆناغی پێگەیشتن و لە حاڵەتی هۆشیاریدا ڕوو بدا (تەنانەت منداڵیش لە تەمەنێکی دیاریکراودا ئەم هەستەی هەیە).

بەهەرحاڵ، دەشێ لاساییکردنەوە لە سەرەتادا تەنیا قۆناغێکی دیاریکراوی تێپەڕ بێ. بە نموونە: ئێمە لە ئەدەب و لە هونەردا سەرەتا کارەکتەری لاساییکەرەوەین؛ ئەمە لەم قۆناغەدا شتێکی ئاسایی و دروستە؛ ئەم قۆناغە قۆناغی ئەزموونی فێربوونە (ئێمە ئەگەر لەم



**ئەرستۆ**

قۆناغەدا لاسایی نەکەینەوە فێر نابین؛ ئەمە بۆ تەمەنی منداڵیش ڕاستە). دەشێ ئەم قۆناغە چەند ساڵێک بخایەنێ؛ بەڵام ئیدی لە دوای ئەمەوە ئێمە دەبێ تایبەتمەندیی کەسایەتی خۆمان دروست بکەین و بەدەربخەین. ئەم حاڵەتە لە ئاستی تاکدا کارێکی ئاسانترە و باشتر بەدەردەکەوێ؛ بەڵام لە ئاستی کۆمەڵگە و نەتەوەکاندا کارێکی ئەستەمتر و ئاڵۆزترە: نەتەوەکانی ئێمە هیچ بەرهەم ناهێنن، تەنیا لاسایی نەتەوە پێشکەوتووەکان دەکەنەوە.

لەمەوە ئێمە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانماندا لاسایی هەموو شتەکانی دەرەوەی خۆمان دەکەینەوە؛ ئەو شتانەی کە پێمان باش و باڵان و پێیان سەرسامین: ئەم قۆناغە قۆناغی سەرەتایی، یان قۆناغی کەم دەسەڵاتیمانە. ئێمە دەشێ ئەم حاڵەتە لە منداڵدا (تەنانەت لە هەرزەکارانیشدا) بەدی بکەین، منداڵان هەردەم - لە قۆناغێکی پێگەیشتووی دیاریکراودا - لاسایی ڕەفتاری گەورەکان دەکەنەوە؛ لێرە ئەم پەندە کوردییە بە دروستی ئەم ڕاستییەمان بۆ بەرجەستە دەکا، کە دەڵێ: «گەورە دەیرێژێ، گچکەش پێی لێ دەنێ»؛ بەڵام دەبێ بزانین لە قۆناغی گەورەیی و پێگەیشتندا (ئەگەر ئەم پرسە تەنیا قۆناغێکی کاتەکی و ڕاگوزەر نەبوو)، ئەوە شتێکی دیکەی جیاوازە: لەم قۆناغەدا پرسەکە تەنیا لە چوارچێوەی حاڵەت و قۆناغی ڕاگوزەردا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە دیاردەش؛ ئەمەش دەلالەتە مێژووییەکەی ویستی چاولێکردنی کۆمەڵگەکانی ئێمەیە (زۆربەی جاریش بە شێوە شکڵییە ماددییەکەی) بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا (دیارە لێرە لە سیاقە مێژووییەکەدا دەوری ئایینیش وەک کۆسپ لە پرۆسەی پێشکەوتندا - لە هەموو ئاستێکدا - زۆر بە باشی بەدی دەکرێ)؛ بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، کە ئایین - لە ڕوانگەی کوفر و گوناهەوە - بە تەواویی دژی لاساییکردنەوەیە: لاساییکردنەوەی مۆدەکانی ژیانی ڕۆژئاوا (بەڵام وەک دەشزانین، ئیسلامی ڕادیکاڵ ئەمڕۆ کێشەی لەگەڵ هەموو شتێکی ڕۆژئاوا هەیە، تەنیا تەکنۆلۆژیای ئامرازەکانی جەنگ و کوشتن نەبێ).

لێرەدا ئەوەش بە باشی دەردەکەوێ، کە ئێمە لە حاڵەتی لاساییکردنەوەدا - چونکە ئەو پاشخانە مەعریفی و زانستییەمان نییە - هەرگیز متمانەمان بە خۆمان نییە: هەردەم دەمانەوێ پشت بەوی دیکە ببەستین و لەبەر ڕۆشنایی قسە و کار و کردەوەکانی ئەوی دیکەدا، ئێمەش (هەروەک قۆناغی منداڵی) بدوێین و کار بکەین و هەنگاو بهاوێژین. لە لاساییکردنەوەدا بچووکی خۆمان و گەورەیی ئەوی دیکە هەیە: من بۆیە لاسایی ئەوی دیکە دەکەمەوە، چونکە پێم وایە، کە ئەوی دیکە لە من بەتوانستترە و دەتوانێ کارم تێ بکا؛ ئەو لە بیرکردنەوە و کارکردن (واتە لە داهێنانەکانی)دا لە پێش مندایە. من خۆم شتی تایبەتی خۆم پێ نییە، بەڵکو هەموو شتێک لەوی دیکە وەردەگرم (سەدان ساڵە ڕۆژئاوا لە هەموو بوارێکدا داهێنان دەکا، بەڵام ئێمە زۆر بە خراپی لاساییان دەکەینەوە؛ کاتێکیش کە نامانەوێ لاساییان بکەینەوە، ئەوە هیچ بەدیلێکمان پێ نییە - وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد - جگە لە کاردانەوەی توندڕەویی ئایینیی نەبێ، کە پتر بیر لە لەناوبردنی دەکەینەوە؛ هەر هیچ نەبێ ئەمە باوەڕ و بۆچوونی ئیسلامی سیاسی ڕادیکاڵە). ڕاستە ڕۆژئاوا بە واتای هەژموونە لە هەموو ئاستێکدا، بەڵام ئەم هەژموونە (بە باش و بە خراپییەوە) دەسەڵاتی داهێنانی لە پشتە. ئەم دەسەڵاتەش دەسەڵاتی مێژووی عەقڵە (مێژووی عەقڵانییەتە)، ئەم دەسەڵاتە بە تایبەتی لەو کاتەوە

دەست پێ دەکا، کە دەسەڵاتی سەرشێتی کڵێسە - لە ڕێی ڕیفۆرمەوە - جڵەوگیر دەکرێ، ئا لێرەشدا ئەو کاتە ویستی دەسەڵاتی عەقڵ بەدەردەکەوێ، کە بتوانێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئیماندا، جارێکی دیکە بە شێوەیەکی نوێ دیاردە و شتەکان پێناسە بکا و لێکیان بداتەوە و ڕێکیان بخاتەوە. (١)

بە داخیشەوە دەڵێین، کە پرۆسەی لاساییکردنەوە لە هەموو حاڵەتێکدا شتێکی خراپ و نەرێنییە، تەنیا لە حاڵەتی ئەزموون و فێربووندا نەبێ؛ واتە تەنیا بەدەر لەم دوو حاڵەتە؛ (٢) لەم پرۆسەیەدا ئێمە هاوکێشەی «هیچ = سفر» بەرانبەر بە «شت = ژمارەکان»مان هەیە (هەڵبەتە [هیچ] ی خود، کە داهێنان دەکا)، لێرەدا ئێمە کارەکتەرێکمان هەیە، کە شتی نوێی خۆی پێ نییە، بەڵکو ئەو لە ژێر کاریگەریی ئاخاوتن و بیرکردنەوەی ئەوی دیکەدا بیر دەکاتەوە و دەئاخڤێ؛ تەنانەت هەوڵ دەدا لە ناوەڕۆکی بیرکردنەوە و لە شێوازی ئاخاوتنیشدا چاو لەوی دیکە بکا و بەو بچێ؛ واتە هەروەک ئەو دەدوێ؛ لە ژێر کاریگەری شێوازی ئەو دەنووسێ؛ وەک ئەو لە کاتی ئاخاوتندا ئەندامەکانی لەشی خۆی نمایش دەکا؛ وەک ئەو گۆرانی دەڵێ؛ هەروەک ئەویش وێنە دەکێشێ و شانۆ و دراما نمایش و پێشکەش دەکا...تاد، کەواتە ئەو لەناو گوتاری لاساییکردنەوەدا کەسێکی ونە، ئا لێرەدا ئێمە هەست بە «هیچ» دەکەین، بەرانبەر بە «شت»؛ هەست دەکەین، کە «سفر» ێکمان هەیە بەرانبەر بە «ژمارەکان». پێدەچێ ئەم حاڵەتە لێرە هەم پێوەندی بە هۆشیاری و هەم پێوەندی بە توانایییشەوە هەبێ؛ ئەم ڕەگەزانە چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی گرووپیشدا (کۆمەڵگە و نەتەوەکاندا) ڕۆڵیان هەیە و بەدەردەکەون. بە واتای ئەگەر ئێمە توانایی بیرکردنەوەی قووڵ و توانایی باشی کارکردنمان نەبوو، ئەوە ناتوانین لە فۆرمەکانی ژیانی هاوچەرخدا خودی خۆمان دەرببڕین و خۆمان بدۆزینەوە؛ ئەوساش لە هیچ و سفرەوە ببینە شت و ژمارە. پێدەچێ ئەمە لە ئاستی بابەتەکیدا کێشەیەکی گرنگی سیاسیش بێ، بە واتای پێوەندی بە ئازادی و دیموکراتییەتەوە هەیە؛ بەڵام بەر لەمە دەبێ بزانین، کە ئەمە خودەکانن دەتوانن ئازادی و دیموکراسییەت بەرهەم بهێنن و بخوڵقێنن، واتە خودەکان دەتوانن لە هیچەوە ببنە شت و «هیچ» یش بکەینە «شت». هەموو داهێنەرەکان - لە هەر بوارێکدا بێ - ئەو خودانەن کە «هیچ» ـەکان دەکەنە «شت». لەوێشدا قۆناغی ئەزموونی چاولێکەری و لاساییکردنەوە تێدەپەڕێنن و بەجێی دەهێڵن؛ کەواتە ئەم پرسە (دیاردەیە) هەرچەندە ئیشکالییەتێکی بابەتەکییە، ئەوەندەش زیاتر ئیشکالییەتێکی گەورەی خودە، بە واتای خودی هۆشیاری خاوەن ئیرادە دەتوانێ «هیچ» ـەکان بکاتە «شت». (ئێمە لێرەدا دیاردەی لاساییکردنەوە بەرانبەر بە توانایی گوتە و کاری داهێنەرانە بە [هیچ] دادەنێین). ڕاستییەکەی لێرە مەرج نییە دیاردەی چاولێکەری و لاساییکردنەوە تەنیا بە پرۆسەی داهێنان نەمێنێ و لەناو بچێ، بەڵکو هۆشیاری و درککردن بە پرسی کارکردنی جددییانە، دەشێ ئەم دیاردەیە کاڵ بکەنەوە و لەناوی ببەن.

ئێمە لێرە ئەوەشمان لە بیرە، کە هیچ داهێنەرێک (یان کەسایەتییەکی سەربەخۆ) لە هیچەوە و لە خۆوە نابێتە داهێنەر، بەڵکو هەردەم بە قۆناغی پرۆسەی ئەزموونی لاساییکردنەوەدا تێدەپەڕێ، ئینجا پاشان گەشە دەکا و بۆ قۆناغی داهێنان و سەربەخۆیی پەرەدەستێنێ؛ ئەمە زۆر بە باشی - وەک گوتمان - لە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ و لە بواری ئەدەب و نووسیندا بەدەردەکەوێ. دەشێ ئەوەش بڵێین، کە ئەم حاڵەتە لە نموونەی منداڵدا هێندەی دیاردەی دووبارەکردنەوەیە، ئەوەندە دیاردەی لاساییکردنەوە نییە: دووبارەکردنەوەی قسە و ڕەفتاری گەورەکان، هەر بۆیە منداڵان بە بێ ئامانج لاسایی - بە باش و خراپ - هەموو ڕەفتار و گوتەیەکی گەورەکان دەکەنەوە (یان ڕاستتر بڵێین کۆپی و دووبارەی دەکەنەوە). [ئەمە بەو مانایە نییە، کە منداڵ دۆخی سروشتی سەربەخۆیی خۆی لە دەست دابێ، کە لە شەڕ و هەرا و هۆریا و یاریکردندا بەدی دەکرێ]؛ بەڵام لەپاڵ ئەمەدا منداڵان لاسایی ڕەفتاری گەورەکانیش دەکەنەوە؛ کەچی لە بواری ئەدەب و نووسیندا (یان هونەردا) مەسەلەکە جیاوازە: گەورەکان لە ئاستێکی مەعریفی نزمدا لاسایی گەورەکان لە ئاستێکی مەعریفی بەرزتردا دەکەنەوە (ئا لێرەدا بایەخی کاری جددی و داهێنان بەدەردەکەون)؛ واتە ئەو کارەی، کە خۆمان دەیکەین و خۆمان (بە مۆرکی خۆمان) بەرهەمی دەهێنین (دایدەهێنین). لێرەدا لێکچوونێک لە نێوان حاڵەتی منداڵ و ئەزموونی ئەدەب و نووسیندا هەیە: هەرچەند تەمەنی منداڵ و ئەم ئەزموونە پتر گەشە بکەن، هێندەش

له دیاردەی لاساییکردنەوە دوور دەکەوینەوە و دەبینە خاوەن کەسایەتی و دەنگی ڕاستەقینەی خۆمان. من لێرە ئەگەر بۆ نموونە باسی ئەدەبی کوردی بکەم، زۆرن ئەو شاعیر و ئەدیبە هاوچەرخانەی، کە لە سەرەتادا لاسایی - بۆ نموونە - (شێرکۆ بێکەس)، یان (عەبدوڵڵا پەشێو) یان کردووەتەوە؛ ئەو لاوانەش زۆر بوون، کە چەندساڵێک بەر لە ئەمڕۆ لاسایی شێوازی نووسینی (بەختیار عەلی)یان دەکردەوە (ئەگەرچی ئەم نووسەرە ئیشکالیەتی ڕێزمانیشی لە زمانی نووسینی زۆربەی دەقەکانیدا هەیە)، ئینجا بەر لەم مێژووەش، لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، خەڵکێکی زۆر بە زمان و شێوازی نووسینەکانی (مەسعوود محەمەد) کاریگەربوون. پێم وایە تا ئەمڕۆش ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوامە: ئێستاشی لەگەڵدا بێ گەلێک لە وشە و دەربڕین و دەستەواژەی ئەو لێرە و لەوێ، لە نووسینی ئەم نووسەر و ئەو نووسەردا بەدی دەکرێن. من پێم وایە یەکێک لە سیحراویترین و سەرنجڕاکێشترین زمان و شێوازی نووسین لە ئەدەب و زمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو)، لە شێوازی دەربڕینی زمانی نووسینەکانی مەسعوود محەمەددا بەدی دەکرێ (مامۆستا هەژاریش دەچێتە ئەم خانەیەوە)؛ ئەو زمانەی کە هەندێک جار وامان لێ دەکا لێیەوە فێر بین و لاسایی بکەینەوە. بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە، کە تا ئێستاش بەرهەمەکانی (کتێبەکانی) مەسعوود محەمەد زۆرترین خوێنەریان هەیە و کتێبی خۆشەویستن لای خەڵک (مەبەستم لە خوێنەرانە). تاکە شتێک لەم بوارەدا سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە ئەم نووسەرە خاوەن توانستە - زۆر بە دەگمەن نەبێ - هەرگیز لە چوارچێوەی نووسینەکانیدا بایەخ بە پرسی خاڵبەندی نادا (من بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا لە هۆکاری ئەمە تێناگەم. تۆ بڵێی ئەمە پێوەندی بە نەفەس درێژی کاری نووسینی ئەوەوە هەبێ، کە وای لێ کردبێ نەپەرژێتە سەرکاری خاڵبەندی؟ یانیش حەوسەڵەی ئەم کارەی نەبووە؟ یان هەر شتێکی تر؟...[ئەو لە شوێنێکدا، کە بە داخەوە ئێستا سەرچاوەکەیم بە تەواوی لە بیر نەماوە - وا بزانم لە پاژێکی کتێبی «لە پەرۆشییەکانی ژیان»ـە - باسی کۆسپە گەورەکانی بەردەم نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی دەکات، بە نموونە ئەو باسی گرفتی ئەو هەموو خاڵ و چوکڵانە دەکا، کە دەبێ وریا بیت بۆ پیتەکانی نووسینی وشەی کوردی دایانبنێیت، ئەمەش بۆ نووسەر دەبێتە مایەی سەرئێشەی زۆر ]. هەرچییەک بێ پێم وایە شێوازی نووسینەکانی ئەم مامۆستایە خۆی لە خۆیدا فێرگەیەک بووە، کە کاریگەریی تەواوی لەسەر شێوەی نووسینی کوردی بە گشتی، بە تایبەتیش زمانی نووسینی نەوەکانی ئێمە داناوە (لەگەڵ فێرگەی زمانەوانیی کۆڕی زانیاری کورد - ی ساڵانی حەفتا). بە نموونە دەڵێم: ئەمڕۆ لە زمانی نووسینی کوردی دیالێکتیکی خوارووداـ کە هەمووان بە پریپۆزشنی (دە) لە جیاتی (ئە) دەنووسن، ئەوە لە ژێر کاریگەریی پێشنیازی نووسەرانی «کۆڕی زانیاری کورد» و بە تایبەتیش نووسینەکانی مامۆستا (مەسعوود محەمەد) بووە، کە چەندان جار لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بەم پرسە داوە و بە بەڵگە سەلماندوویەتی و جەختی لەسەر کردووەتەوە، کە پێویستە هەموو نووسەران بە پریپۆزشنی (دە) بنووسن، نەک (ئە)، کە لە ڕابوردوودا باو بوو؛ بەو پێیەی، کە هەموو کرمانجی ژوورووش هەر بەم پریپۆزشنە (د) دەنووسن و دئاخڤن: (دکارم، دبێژم، دشێم، دچم، دنڤیسم...تاد).

بەهەرحاڵ ئێمە ئەم دیاردەی چاولێکەری و لاساییکردنەوەیە لە پێوەندی نێوان ئایینەکانیشدا بەدی دەکەین (ئایین وەک چوارچێوەیەکی گرنگی باوەڕی تاکەکان و ژیانی کۆمەڵگە). بە نموونە: لاسایی و چاولێکەریی ئیسلام لە هەندێک باوەڕ و پرەنسیپی ئایینی جوولەکە. بە نموونە: ئیسلام لە دانانی نوێژی هەینیدا لاسایی نوێژی ڕۆژی شەممەی جوولەکەی کردووەتەوە،(٣) تەنانەت ئەم ئایینە یەکتاپەرستانە لاسایی هەندێک سرووتی ئایینی بتپەرستیش دەکەنەوە. بە نموونە مەراسیم و سرووتی قوربانیکردن (هەردوو ئایینی ئیسلام و جوولەکە لەم کارەیاندا لاسایی ئایینە بتپەرستەکانیان کردووەتەوە و هەمان سرووتیان پەیڕەو کردووە)؛ بەڵام لەم چوارچێوەیەدا (بۆ قۆناغی دوای لاساییکردنەوە)، بە نموونە لە ئیسلامدا «قورئان» خۆی داهێنانە (تەنانەت ئەگەر سەرچاوە مێژوویی و مەعریفییەکەی تەوراتیش بێ)، هەروەک چۆن لە ئایینەکانی دیکەشدا کتێبە پیرۆزەکان - بە فەرمایشت و یاسا و ڕێساکانیانەوە - داهێنانن (بێ گومان لەناو هەر سێ ئایینە یەکتاپەرستەکەدا تەورات داهێنانی یەکەمە)، ئا ئەم داهێنانانەن، کە ئایینەکان لە دۆخ و لە قۆناغی

لاساییکردنەوە ڕزگار دەکەن، ئەم ڕزگاربوونە دەشێ هەمەکی (کللی) نەبێ، بەڵکو پاژەکی (جزئی) بێ (وەک نموونەی قورئان لە ئاست تەوراتدا).

بێ گومان ئێمە ئەگەر لاسایی شتی ڕاستی باشی سوودبەخش بکەینەوە، ئەوە هیچ زەرەرێک ناکەین، بەڵکو قازانج دەکەین و شتی باشیش فێر دەبین. بۆ نموونە: ئێمە چاو لە کەسێک بکەین، کە وەرزش دەکا، یان کتێب دەخوێنێتەوە، یان هەر کارێکی باشی دیکە بکا. ئا لێرەدا لاساییکردنەوە حاڵەتی دنەدانی هەیە، کە هانمان دەدا بۆ فێربوونی کۆمەڵێک کار و کرداری باش. ئەم لاساییکردنەوەیە مۆرکی فێربوونی پێوەیە و بە ئاگامان دەهێنێ و هۆشیارمان دەکاتەوە، کە ئێمە پێشتر لە شتێکی (یان لە سیفەت و کارێکی) باش خۆمان بێ بەش کردووە، بەڵام ئێستا بیری لێ دەکەینەوە و پێمان خۆشە، کە ئێمەش بیکەین و بە دەستی بهێنین؛ ئینجا لەسەر ئاستی گشتیشدا، ئێمە چاو لە ژیانی پێشکەوتووی گەلانی ئازاد دەکەین و درک و هۆشیاری ئەوەمان لەلا پەیدا دەبێ، کە ئێمەش لە سایەی ئازادی و پێشکەوتندا بژین (ئەمە دەچێتە خانەی ئەزموونی فێربوونەوە: فێربوون بۆ کارکردن و بیرکردنەوە. هیچ ژیارێک و هیچ کۆمەڵگەیەک بە بێ ئەم دوو خەسڵەتە لە دایک نابن و چێ نابن. ئێمە هەرگیز ناتوانین، بە بێ کارکردنی جددی و بە بێ بیرکردنەوەی فەلسەفی قووڵ، پاشەڕۆژی گەشی ژیانێکی باش ببینین. دیارە هەموو ڕامان و تێڕوانینێکی قووڵیش لە ئاکامی پێگەیشتنەوە – پێگەیشتنی فیکری و ڕوحییەوە – بەرهەم دێن. هەر لەمەشەوە پەرەستاندن و پێگەیشتنی ماددی لە ژیانی تاکان و کۆمەڵگاندا بەرهەم دێن. ئەزموونی ماددی ژیان (بە شێوە هەرە سەرەتاییەکەی) فێرمان دەکا – لە قۆناغە جیاوازەکاندا – کە بە شێوەی جیاواز بیر لە خۆمان و لە پێداویستییەکانی ژیان بکەینەوە، لەمەشەوە ئێمە بەر لە هەر شتێک، لاسایی کارەکانی (دیاردەکانی) سروشت دەکەینەوە و بۆ ئەزموونی مرۆڤایەتیمان سوودی لێ دەبینین، بێ گومان پێوەندی ئۆرگانیکی ئێمە لەگەڵ سروشت (غەریزەی ژیان) فێرە کارکردن و بیرکردنەوە و داهێنانمان دەکا. ئا لێرەدا لاساییکردنەوە (بە واتا ئەرستۆییەکەی) سەرەتای داهێنانەکانە (ئەمەش لایەنە ئەرێنییەکەی دیاردەی لاسایکردنەوەیە).

هەڵبەتە لاساییکردنەوە لە هەموو کونوقوژبنێک و لە هەموو دامودەزگایەکی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێ. لەمەوە لاساییکردنەوە لەسەر ئاستی چینە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەدی دەکرێ، واتە دەشێ خەڵکانێک لە چینەکانی خوارەوە لاسایی شێوە و شێوازی ژیانی خەڵکانی چینەکانی سەرەوە بکەنەوە. لێرەدا نواندن (تەمسیلکردن) دەوری خۆی دەبینێ، بە واتای تاکێک لە چینەکانی خوارەوە (بە نواندن) لاسایی شێوازی ژیانی خەڵکی چینەکانی سەرەوە دەکاتەوە و هەوڵ دەدا – بە تایبەتی – لە فۆرمە ماددییەکاندا چاویان لێ بکا و لاساییان بکاتەوە؛ ئەم حاڵەتە (دیاردەیە)، بێ گومان هەستی خۆ بە کەم زانین دەیخولقێنێ. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، کە هەندێک جار لەسەر ئاستی تاکدا (لە سیاقی نادادپەروەری و دامودەزگای گەندەڵدا) لاسایی شتی (ڕەفتاری) خراپیش دەکرێتەوە. بە نموونە: کەسێک کە بە ناڕەوا دەوڵەمەند دەبێ، یان دەبێتە بەرپرسێکی گشتیی لە فەرمانگەیەکدا، یان هەر پلە و پایەکی دیکەی فەرمی، دەشێ خەڵکی دیکەش لە ڕێگەی ناشەرعییەوە هەوڵی بەدەستهێنانی هەمان پۆست و هەمان ئامانج بدەن (ئێمە ئەمڕۆ ئەم دیاردەیە زۆر بە زەقی و زۆر بە فراوانی لە کۆمەڵگەی خۆماندا دەبینین): هەمووان بە چاولێکەری دەیانەوێ ببنە دەوڵەمەندی ناشەرعی و بەرپرس و پلەداری ناشەرعی، ئا لێرەدا دیسان ئێمە ئەو پەندە کوردییەمان بە بیر دێتەوە، کە دەڵێ: «گەورە دەیڕێژێ، بچووکیش پێی لێ دەخشێنێ»، بە واتای هەموو سیستمێکی سیاسی و بیرۆکراتی (ئیداری) خراپ، دەشێ هەوڵی (لاساییکردنەوەی) خراپ و ناشەرعی لە لایەن تاکەکانەوە لە کۆمەڵگەدا بەرهەم بهێنێ. ئەم حاڵەتە – بە شێوە نەرێنییەکەی – لە کۆمەڵگەدا کار لە بەها چاکەکان دەکا، بە واتای ئەم بەهایانە دەکەونە بەر مەترسییەوە و هەڕەشەی لەناوچوونیان لێ دەکرێ. بە نموونە: بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان درۆکردن جێگەی ڕاستگۆیی دەگرێتەوە، قین و بێزاری جێگەی خۆشەویستی و شادی دەگرنەوە، ئیرەیی شوێنی هاوکاری دەگرێتەوە، پروپووچیش لە هەموو بوارێکدا جێگەی داهێنان دەگرێتەوە... تاد.

بەداخەوە ئێمە سەرلەبەری ژیانی سیاسی هاوچەرخیشمان – وەک هەر هەموو کایەکانی دیکە – لاساییکردنەوەی ژیانی سیاسی ڕۆژئاوایە؛ بەڵام چاولیکەرییەکی شکڵیی درۆزنانە: پەرلەمانی ساختە،

سیستمی کۆماریی کارتۆنی، قەزا و دادگای بێ دەسەڵات، یاسای ساختە و یاسای نادادپەروەر... ئەمانە و هەر هەموو شتەکان لە ژێر دەمامکدا بەڕێوە دەچن (دەمامکی دیموکراسییەت)، بۆیەش هەرگیز دەزگای ڕاستەقینەی سەربەخۆ پەیدا نابن و چێ نابن، ئا ئەمە کارەساتی ژیانی سیاسی هاوچەرخی وڵاتانی ئێمەیە: هەموو حەقیقەتێک لەناو دەمامکەکاندا پێشێل دەکرێن و لەناو دەبرێن. بەم شێوەیە لاساییکردنەوە لەسەر ئاستی بەرژەوەندی گشتیدا کارێکی (دیاردەیەکی) یەکجار نەرێنی و خراپە: هێمایە بۆ دواکەوتوویی، بۆ پەکخستنی پێشکەوتن، بۆ چەسپاندنی نەزانی و بێ توانایی، بۆ مانای گەورە نەبوون و پێ نەگەیشتن؛ بۆ فێربوونێک، کە کەم و دیاریکراوە؛ بۆ فێربوونیک، کە هی ئەوی دیکەیە، نەک هی خۆمان. ئا لێرەدا لاساییکردنەوە دژی داهێنانە.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم: ئێمە لە ڕێی لاساییکردنەوەوە درۆ لەگەڵ سروشت، لەگەڵ حەقیقەتی شتەکاندا دەکەین؛ لە ئاکامیشدا درۆ لەگەڵ خۆماندا دەکەین. لاساییکردنەوە ونبوونی خودی خۆمانە لەناو بوونی ئەوانی دیکەدا، بێ هێزیی ویستی خۆمانە لە ئاست هێزی ویستی ئەوانی دیکەدا. ئێمە تەنیا لە ڕێگەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری و زانستییەوە، دەشێ لاساییکەرەوە و وێرانکەری شتەکان (ئەوی دیکە) نەبین. مرۆ کە چاولێکەر بێ و ئیرادەی ئازادانەی خۆی نەبێ، دەشێ دوژمنکار و وێرانکار بێ، یانیش کۆیلەیەکی وێرانکەری نەرێنیی بێ؛ تەنانەت ئەو دەسەڵاتدارە ڕەهایانەی، کە دوژمنکار و وێرانکەرن و لە جەوهەردا دەیانەوێ لاسایی دەسەڵاتی ڕەهای خودا بکەنەوە، هیچ سنوورێک لەبەردەم شەڕانگێزیی خۆیاندا نابینن. دەشێ لاساییکەرەوەکان نەتوانن میهرەبان بن، بەڵکو دڵڕەق بن. ئێمە دیتمان هیتلەر و ستالین و سەدام و... تاد، دیکتاتۆرە لووتکەکان بوون لە دڵڕەقیدا؛ ئەمەش لەبەرئەوەی لە لایەکەوە لاسایی پرەنسیپی جەوهەری دەسەڵاتی خوایان دەکردەوە؛ لە لایەکی دیکەشەوە چاولێکەری (کۆیلەی) هەموو غەریزە و هێزێکی کتوکوێری سروشتی بوون. ئەوان لەبری ئەوەی (وەک شاعیر و هونەرمەندی داهێنەر)، لاسایی ساتە (دیمەنە) جوانەکانی سروشت بکەنەوە، لاسایی دیوە کوێرانە وێرانکەرەکەی سروشتیان دەکردەوە: لەبری ئەوەی شنەی شەماڵ و جوانی گوڵ و ئەفسوونی دارستان و سەرکەشی چیا و جوانی ئاسمان و خوڕە و هاژەی چەم و ڕووبار و قووڵایی دەریا بن، تەقینەوەی بورکان و پەرکەمی بوومەلەرزە و شێتایەتی ڕەشەبا و زریان بوون. دیکتاتۆرەکان دیوە دڕندانەکەی سروشتن، ئەوان هێزی وێرانکەرن، نەک ئاشتیخواز. بەڵێ، لاساییکردنەوەی هێزە نابینا و کوێرەکانی سروشت، مەیلی سایکۆلۆژی و خەسڵەت و ڕەفتاری ژیانی ڕۆژانەی هەموو کەسایەتییەکی دیکتاتۆر و سادی - ماسۆشییە. دەشێ دیکتاتۆرەکان لە سەرێکەوە سادی بن، لە سەرێکی دیکەشەوە ماسۆشی بن: ئەوان لە هەمان کاتدا چاولێکەر و چاولێکراویشن: چاولێکەری پرەنسیپ و سێبەری هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهان؛ چاولێکراوی ماسۆشی و کۆیلەکانیشن. پیاوانی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە نموونەی زیندووی ئەو کەسایەتییە چاولێکەر و ماسۆشی و کۆیلانەن. لەم سیاقەشدا (لە سیاقی پێوەندی نێوان کەسایەتی دیکتاتۆر و ئاپۆرەی جەماوەردا)، دەشێ بڵێین: جەماوەری لاساییکەرەوە ئەوانەن، کە حەز دەکەن لە هەموو شتیکدا بە دیکتاتۆر بچن. ئەوان هەر بە خەیاڵ بوونی خۆیان لەناو کەسایەتی کاریزمایی دیکتاتۆردا دەتوێننەوە، چێژێکی زۆریش لەم حاڵەتە ماسۆشییە دەکەن (دەشێ لە ئەڵمانیای نازیدا پێوەندی نێوان هیتلەر و گەلی ئەڵمان، نموونەی ئەم جۆرە پێوەندییە سادی - ماسۆشییە بێ). ئەمانە لاساییکەرەوەی خۆڕسک نین بۆ یاسای گەشە ستاندن و پرۆسەی فێربوون، بەڵکو لاساییکەرەوەی کولتوورین، کە لە هەموو ئاستێکدا، بۆ پاساوی پاراستنی کۆیلەیی خۆیان، ئەفسانەی دەسەڵات بەرهەم دەهێنن، ئا ئەمە لایەنە مەترسیدارەکەی دیاردەی لاساییکردنەوەیە.

ئەو لاساییکردنەوەیەی، کە خەسڵەتی بێ ئاگایی و بێ توانایی تاکەکان و گەلانە؛ ئەو لاساییکردنەوەیەی ئیرادە و بیرکردنەوەمانی ئیفلیج کردووە و ناتوانین سنووری دیاریکراوی لاساییکردنەوە تێپەڕێنین. لەمەوە ئێمە دەشێ دوو ئاستی لاساییکردنەوە ببینین: ئاستی گشتی و ئاستی تایبەتی. ئاستی گشتی لە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێ؛ وەلێ ئاستی تایبەتی لە هەندێک بواری دیاریکراوی وەک ئەدەب و هونەر و زانست و تەکنۆلۆژیادا بەدی دەکرێ. ئەمەی دواییان جێی بایەخی هزری فەلسەفەشە. بە نموونە: ئەفلاتوون پێی وایە هەموو لاساییکردنەوەیەک دوورە لە حەقیقەت (لە

جەوهەری شتەکان)، ئەو شاعیران و هونەرمەندانیش لە کۆمارەکەی دەردەکا؛ چونکە ئەوان لاساییکەرەوەی ڕواڵەتی شتەکانن، نەک دروستکەری حەقیقەت و جەوهەرەکانیان. ئەو لەسەر زاری سوکرات - لە بارەی شیعرەوە - دەڵێ: «پێویستە ئەو هونەرە زیانبەخشە لە دەوڵەتەکەمان دەرکەین...تاد »(٤)، هەروەها دەشڵێ: «پێوستە هونەرمەندی ڕاستەقینە بایەخ بە ڕاستییەکان بدا، نەک لاساییکردنەوەیان...تاد»(٥)؛ کەچی لای ئەرستۆ بە پێچەوانەوە لاسایی (محاکاة) جەوهەری کاری هونەری و شیعرییە، ئینجا ئەو دبێژە: «لاساییکردنەوە [موحاکات] لە مرۆڤدا غەریزەیە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لێی بەدەردەکەوێ [مرۆڤ لە هەر هەموو ئاژەڵێک جیاوازترە بەوەی، کە پتر ئامادەیی لاساییکردنەوەی تێدایە و هەر بەویش زانینە یەکەمینەکانی خۆی بە دەست دەهێنێ]؛ هەروەها خەڵک چێژیش لە لاساییکردنەوە [موحاکات]دا دەبینن»؛(٦) کەواتە لێرەدا ئەوە بەدەردەکەوێ، کە ئەفلاتوون بە شێوەیەکی نەرێنی و ئەرستۆش بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی دیاردەی لاساییکردنەوە «تقلید = محاکاة» دەکەن، ئەویان لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئایدیالیزمەوە، ئەمیشیان لە ڕوانگەی حەقیقەتی داهێنانەوە باسی ئەم دیاردەیە دەکەن؛ بەڵام دواجاریش دەبێ ئەوە بزانین، کە تەنیا شێتەکان لە جیهاندا لاسایی کەس ناکەنەوە؛ ئەوانیش هەندێک جار بلیمەتەکانی وەک سلڤادۆر دالی و ڤان کوخ و نیتشەن، ئەو بلیمەتانەی لە لاساییکردنەوەوە فێری داهێنان دەبن، ئا ئەمە لاساییکردنەوە ئەرستۆییانەکەیە؛ ئەو لاساییکردنەوەیەی سەرەتای ئیرادەی دەستپێکردنی پرۆسەی داهێنانە. ئەو لاساییکردنەوەیەی تەنیا قۆناغێکە (قۆناغێکی گرنگ) هۆشیاریمان پێ دەبەخشێ: هۆشیاری ئەوەی، کە ئێمەش وەک ئەوانی دیکە، بوونێکی سەربەخۆ و تاک و داهێنەرین.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەم بۆچوونەی من - بە تایبەتی - سەردەمی دوای سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپا و سەردەمی زێڕینی سەدەکانی ناوەڕاستی مێژووی شارستانیەتی ئیسلام دەگرێتەوە، واتە لەو سەردەمەوە ئێمە دووچاری وەستان و مت بوون بووین و هەموو شتێکمان لە ژیاندا بووە چاولێکەری و وەرگرتن لەوی دیکەی ڕۆژئاوای باڵادەست.**

**٢- دیارە ژیارە مرۆڤایەتییەکانیش هەر لە سەرەتاوە - لە هەموو ئاستێکدا - لە ڕێگەی ئەم دوو ڕەگەزەوە - واتە ڕەگەزی ئەزموون و فێربوونەوە - پەرەیان ستاندووە و گەشەیان کردووە. بە نموونە: زمان - وەک فاکتەرێک - لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە گەشەی کردووە (لاساییکردنەوەی دەنگی شتەکان)؛ ئەمەش لایەنە ئەرێنییەکەی مێژووی پرۆسەی لاساییکردنەوەیە. لێرەدا وەک بە ڕواڵەت دەبینین، ناودژێک (پارادۆکسێک) هەیە: ناودژی لایەنی نەرێنی و ئەرێنیی ئەم دیاردەیە. هەڵبەتە ناودژبوونی ئەم دیاردەیە ئەو کاتە نامێنێ، کە بزانین لاساییکردنەوە تەنیا قۆناغی ئەزموون و فێربوونە، تەنیا بۆ ئەم قۆناغە دەشێ؛ ئەگەرنا نابێ ببێتە دیاردە و ڕێبازی بەردەوامی لایەنەکانی ژیانمان. بۆ پرسی دیاردەی لاساییکردنەوە لە مێژووی پەرەستاندنی زماندا، بڕوانە کتێبی: ول ديورانت، قصة الحضارة، ت: الدكتور زكي نجيب محمود (الطبعة الثالثة، القاهرة - مكتبة الاسرة ٢٠٠١)، المجلد الاول، ص ١٢٤.**

**٣- رودى باريت، محمد والقرآن، ت: رضوان السيد (بيروت، الطبعة الاولى ٢٠٠٩م)، ص ١٨٨.**

**لەم بارەیەوە دان دینەر دەڵێ: «ئیسلام هەوڵ دەدا خۆی لە ئایینە یەکتاپەرستەکانی دیکە جودا بکاتەوە، بە تایبەتیش جوولەکە، کە لە نێوانیاندا پێوەندییەک هەیە؛ ئەم هەوڵی خۆجوداکردنەوەیە خۆی لە خۆیدا ناکۆکە، بەو پێیەی، کە دوو ئاراستەی دژبەیەکی تێدایە: ئاراستەی یەکەمیان لاسایکردنەوەیە؛ هی دووەمیشیان بڵندڕوانییە [التعالي]». بڕوانە: دان دينر، الزمن المختوم (حالة الركود في العالم الاسلامي)، ت: حسام الدين جمال بدر - سيد سعيد رحماني (منشورات الجمل، بيروت ٢٠١١)، ص١٢٠.**

**٤- افلاطون، الجمهورية، ت: عيسى الحسن (بيروت، الطبعة الاولي ٢٠٠٩)، ص٤٥٩.**

**٥- هەمان ژێدەر، ل٤٤٧.**

**٦- ارسطوطاليس، فن الشعر، ت: عبدالرحمن بدوي، (قاهرة، ١٩٥٣)، ص١٢.**

# لە نێوان بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە و وێنەیەکی هەڵبەستراودا

د.زرار سدیق تۆفیق
(زانکۆی دهۆک - کۆلێژی ئاداب)

**بڵاوبوونەوەی وێنەیەک بەناوی کچی کافرۆشەوە**

وا بۆ پتر لە نیو سەدەیەک دەچێت وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی دەستکرد لە ئاستێکی فراواندا لە شار و دێهاتی کوردستان بڵاوبووەتەوە و کەم کەسمان هەیە نەیبینیبێت و گوێی لە بەسەرهاتەکەی نەبووبێت، بەو پێیەی بە دیواری زۆربەی ماڵ و دیوەخان و دوکان و چایخانە و چێشتخانە و هۆتێلەکانی کوردستانەوە هەڵواسرابوو، ئەم وێنەیە بە هەڵە بەوێنەی کچی کافرۆش - کچی کافرۆش -کیژەکەی کافرۆش دەناسرێت و ناودەبرێت و گوزارشت لە کچێکی سپیکەلەی تازەپێگەیشتووی شۆخوشەنگ دەکات کە لەوپەڕی دڵگیری و ناسکی و شۆخوشەنگیدایە، بۆیە کەسانێک بە نیگاری مۆنالیزاکەی لیۆناردۆ دافنشیی ئیتالی دەچوێنن و بە مۆنالیزای کوردستان، یان مۆنالیزای ئێراق ناوی دەبەن.

ئێستاشی لەگەڵدابێت کەس بەدڵنیاییەوە نازانێت ئەم وێنە ناوازەیە بەرهەمی کام هونەرمەندی دەستڕەنگین و کارامەیە و کەنگێ نەخشی کێشاوە؟ ئەم وێنەیە چۆن گەیشتە کوردستان و بڵاوبووەوە و کێ بوو هێنای و بە کچی کافرۆش ناوزەدی کرد؟ لە کاتێکدا خودی وێنەکە هیچ لێدوان و مێژوویەکی پێوە نییە ئاماژە بەوە بکات کە بۆ کچی کافرۆش دەگەڕێتەوە، کەسیش بە دروستی نازانێت ئەم کچە بەناو کافرۆشە کێیە و خەڵکی کوێی کوردستانە و چ کارە بووە و سەربوردە و بەسەرهاتی چۆن بووە، بەڵام ئەوەی هیچ گومان هەڵناگرێت، ئەم وێنەیە هیچ پێوەندییەکی بە کچی کافرۆشی ڕاستەقینەوە نییە و بەسەرهاتی کچی کافرۆش گەلێک لەو وێنە دەستکردە بێ ناسنامەیە کۆنترە و هیچ پێوەندییەک بەیەکەوە گرێیان

نادات.

سەرباری کورد، لە نێو تورکمان و عەرەبی ئێراقیش، وێنە و باسوخواسی کچی کافرۆش گەرمە و بەردەوام لەسەری دەگوترێت و دەنووسرێت، بەڵکو لای ئەوان دەنگوباس و زانیاریی هەڵبەستراوی زۆرتری لەسەر هەیە و ناویشی بۆ دانراوە، لای تورکمان ناوی فاتمەیە و بە (صمانچی قزی) ناودەبرێت، کە هاوواتای کچی کافرۆشە، لای عەرەبیش ناوی لەیلایە و بە (بنت المعیدي) و چەند ناو و نازناوێکی دی دەناسرێت.

دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزدا و دەنگدانەوەی بەو شێوە بەرفراوانە، خوێندنەوە و لێکدانەوەی زۆری بۆ کراو بە هەواڵی دەستکرد و هەڵبەستراو شرۆڤەی بۆ کراو وا لێک درایەوە کە ئەمە وێنەی کچێکی کورد، یان ئێراقییە و ئەفسەرێکی ئینگلیز رفاندوویەتی بۆ وڵاتی خۆی و وێنەکەی ناردووەتەوە، لە گۆڤار و رۆژنامەکان و لە سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا، چەند گوتار و نووسین و ریپۆرتاژێک لە لایەن نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی هەر سێ نەتەوەکەوە دەربارەی کچی کافرۆش بڵاوکراونەتەوە و هەر یەکە بەلایەکدا دەبیات، وەلێ هەموویان لە ناوەرۆکدا لە یەکدی دەچن و جوین و دووبارەکردنەوەی چەردەیەک هەواڵی هەڵبەستراو و زانیاریی نامێژوویین و تەنیا ناوی کچەکە و شوێنی رووداوەکە گۆڕاون و هیچیان بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتی باوەڕپێکراو پشتڕاست نەکراونەتەوە و لە هیچیاندا خوێنەر ناتوانێت سەرەداوێکی دەستکەوێت و قەناعەتێکی تەواوی لەلا بخەملێت.

بە بۆچوونی نووسەران و رۆژنامەنووسانی تورکمان، قەڵای هەولێر گۆڕەپانی سیناریۆی رفاندنی کچی کافرۆشە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە گوایە لە بنەماڵەیەکی دەستکورتی تورکمانی دانیشتووی قەڵا بووە و رۆژێکیان ئەفسەرێکی پایەبڵندی ئینگلیز بینیویەتی و حەزی لێ کردووە و چووەتە لای باوکی تا خوازبێنیی بکات، باوکیشی وەک زانراوە لەبەر ئەوەی موسڵمان بووە و ئینگلیزەکەش موسڵمان نەبووە، دابونەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی رێگای پێ نەداوە و ئەم داواکارییەی رەت کردووەتەوە، دواتر بە پارە و بەرتیل و بە گوشاری حکوومەت باوکی رازی بووە ئەم کچەی



کچی کافرۆش

بداتێ، ئەویش کچەکەی خواستووە و بردوویەتییەوە بۆ بەریتانیا و گوایە چەند ساڵێک پێکەوە لە لەندەن ژیاون، دواتر ئەم ئەفسەرە داوای لە هونەرمەندێکی بەهرەمەند و دەسترەنگین کردووە کە وێنەی هاوژینە شۆخۆشەنگەکەی بۆ بنەخشێنێت، پاشان ئەم وێنەیەی ناردووە بۆ کوردستان تا خەڵکی بە چاوی خۆیان کچی کافرۆش ببینن و ماڵە باوانیشی شانازی بە کچەکەیانەوە بکەن(۱).

کچی هەندێک رۆژنامەنووسی عەرەب دەڵێن ئەم بەسەرهاتە لە زەلکاوەکانی خوارووی ئێراق بووە، بەپێی یەکێک لە هەواڵەکان گوایە لە گوندێک بووە بە ناوی (الکسارە) لە کەناری زەلکاوی حەوێزەی سەر بە پارێزگای عەمارە، ئەمەو بەگوێرەی هەواڵێکی دی ئەم رووداوە لە شاری حیللە، یان بەصرە بووە و باوکی گامێشەوان و قەیماغفرۆش بووە و ناوی کچەکەش بە چەند ناوێک هاتووە، تەنانەت عەرەب یەک دوو ناویان بۆ ئەو ئەفسەرە ئینگلیزەکەش داناوە کە گوایە رفاندوویەتی(۲).

لەم ساڵانەی دواییدا و لە چەند سایتێکی ئەلیکترۆنیدا، هەندێک زانیاریی نوێ دەربارەی

ناسنامـەی کـچی کـافـرۆش و چۆنیــیـەتی ڕفـاندنی بڵاوکـرایەوە، لەویش هەر قـەڵای هەولێـر گـۆڕەپانی سیناریۆی ڕفاندنەکەیە، بەڵام پاڵەوانەکە کچە کوردێکی شکاکە و ناوی خەجیج-خەدیجە جومعە مەولوودە و گـوایە دوای یەکـەمین شـەڕی جـیـهـانی و لەناوبردنی بزاڤەکەی سمکۆی شکاک و لە ساڵی ١٩٣٤، جومعە مـەولوود بەخـاووخـێـزانەوە و بەیاوەری دوو لە کـچـانی ســمکۆ ئاوارەی هەولێــر بووە و لە قــەڵای هەولێــر گــیــرساوەتەوە و کـاری کـافـرۆشی کـردووە و کـای فـرۆشـتـووەتە ئەو جـووتـیـارە خـۆشناوانەی کـە بەبار بەربوومیان دەهێنایە هەولێر و دوای دوو ساڵ کچەکەی لەلایەن سەربازانی ئینگلیزەوە ڕفێنراوە (٣).

دەکـرێت بڵـێین سـەرلەبەری ئەم هەواڵانە، چێکراون و هەرگـیـز خۆیان بەرانبـەر پرسـیـاری ڕەخنەئامێـز ناگرن و هەرزوو قـەڵپی و هەڵبەسـتـراوییـان ئاشکرا دەبێت. هەر کەسێک دەشێت بپرسێت: کابرای وەهمی ئینگلیز بە چ پاسـاو و مــەبەسـتـێک وێنەی دلبـەرەکـەی ناردەوە بۆ کوردستان؟ بۆچی لەبری وێنەیەکی دەستکرد، وێنەیەکی فـۆتۆگـرافـیی ڕاسـتـەقـینەی نەناردەوە کـە ئەو دەمـانە سـتـۆدیۆی وێنەگـرتن لە لەندەن کـەم نەبوون؟ بنەمـاڵەی کـچـەکـە پێـویست بوو وێنەی کـچی ڕفێنراو، یان بەزۆر بەشــوودراویان بدڕێنن و لەناوی ببـەن بەر لەوەی کـەس ببینێت تا لای دراوسێکان شەرمەزار نەبن، نەک بڵاوی بکەنەوە و شانازیشی پێـوە بکەن، لە هەمـوو ئەمـانەش گـرنگـتـر بە ڕای پسـپـۆڕان و ڕەخنەگرانی بواری هونەری نیگارکێشی و شێوەکاری، شێوە و ڕەنگ و ڕوخسـار و پۆشاکی کچە وێنەکێشراوەکە لە هیچ ڕوویەکەوە لە هیی کچانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوو ناکات.

جگە لەم گـێـڕانەوەیە، چەندانی دیکەی زارەکی هەن بەســەر زاری خـەڵـکـیــەوە و هاوشـێـوەی تورکــمـان و عـــەرەب، هەر یەکـــەو بۆ دەڤـــەرێکی کــوردســـتـــان دەیگەڕێنێتەوە.

بەگـوێرەی ئاگـاداری و پشکنین و گـەڕانی خـۆم و بە پرسـیـارکـردنم لە ژمـارەیەک لە هاوڕێیانم لە پسـپـۆڕان و تایبــەتمەندانی مــێــژووی نوێ و هاوچەرخی ئێــراق و کوردستـان، بەتایبەتی مێژووی هەولێر، وێڕای پرسینم لە چەندان برادەری ئەدیب و نووسـەر و ڕۆژنامـەنووسی شـارەزا و ئاگـادار لە ڕۆشنبـیـری و ئەدەبیـاتی کـوردی، نەمدیت و نەمزانی کە هیچ بەڵگەنامەیەکی بەریتانی و هیچ سـەرچاوەیەکی ئێراقی و کوردی نە ڕاستـەوخۆ و نە ناڕاسـتـەوخـۆ و نە لە دوور و نە لە نزیک بەو شـێـوەیە باسی سەرگوزشتەی کچی کافرۆشیان کردبێت، واتە ئەم ڕووداوە -بە ئاگـاداری من- لە هیچ ســەرچاوەیەک و بەڵگەیەکی مـێـژوویی و لە هیچ نووسـینێکی ئەدەبی ئامـاژەی پێ نادرێت و پشـتگـیـری ناکـرێت، هەروەها د.فەرهاد پیرباڵ یش کە زانیارییەکی زۆری لەسەر کار و بەرهەمی ڕۆژهەڵاتـنـاســـان و کـــوردنـاســـان هەیە، لە کتێبیکیدا دەربارەی کچی کافرۆش دواوە، دیارە ئەویش زانیـارییـەکی وەهای دەست نەکـەوتووە و هەر ئاخـافـتنە گشتیـیەکان دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کـە باوەڕناکـرێت ڕۆژهەڵاتناسـان و کـوردناسـانیش لە کارەکانیاندا ئاماژەیان بە بابەتێکی ئاوەها دابێت(٤).

ساڵی ٢٠١٤ کچی کافرۆش کرایە فیلمی سینمایی و لە هەولێــر و سلێــمـــانی نمایش کـرا، تەنیـا کـەرێمی دەرهێنەری فیلمەکە لە زیاتر لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕایگەیاند کـە سـەرەتا بەتەمـا بووە بەسـەرهاتی کـچی کـافرۆش بکاتە فـیلمـێکی دۆکـیـۆمـێنتاری، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مـێـژوویی لەسـەر دەست نەکـەوتووە، بۆیە ناچار بڕیاری داوە فـیلمـێکی داسـتـانی و ئەفسـانەیی لەسەر بەرهەم بهێنێت.

ئەمـەش وای لە زۆربەی ڕۆشنبـیـران و خـوێندەوارانی کـورد کـردووە کـە گـومـان لە بەسەرهاتی کـچی کـافـرۆش بکەن و وەک ئەفـســـانەیەکی مــیللی و ڕووداوێکی هەڵبـەسـتـراو سەرەدەری لەگـەڵ بکەن کە خـەیاڵی مـیللی دایهێناوە.

## کچی کافرۆش لە مێژوو و کولتووری کوردیدا

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا، باوەڕ ناکرێت و ڕێی تێناچێت بەسەرهاتی کچی کافرۆش لە خۆڕا و بێ پاساو هەڵبـەسـتـرابێت و بەو چەشنە تەشـەنەی کـردبێت و تا هەنووکـە لەبیـر نەکرابێت، من بەخـۆم دڵنیـام لەوەی کە دەبێت بنەمایەکی بۆ هەبێت و لەسەر ڕووداوێکی واقیعی بنیـاد نرابێت، با ڕووداوەکـە بچـووک و سنووردارێش بووبێت، چونکە وەک دەڵێن دووکـەڵ بەبێ ئاگـر نابێت، لەمێـژیشە شارەزایانی بواری فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی گەیشـتـوونەتە ئەو قـەناعـەتەی کە زۆربەی ئەو چیرۆک و

ئەفسانە و داستان و بەیت و لاوک و حەیرانانەی کە دەماودەم هاتوون و وەچە بۆ وەچەی گێڕاوەتەوە و بوونەتە بەشێکی گرنگی کەلەپووری میللەتان، لە ڕووداوێکی واقیعییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ئەوەی لەمەڕ سەربوردەی کچی کافرۆش لەلای کورد زانراوە و بیستراوە و لە دێرزەمانەوە دەماودەم هاتووە و لە باب و باپیرانەوە پشتاوپشت گێڕراوەتەوە، تەنیا ئەوەندەیە کە لە سەردەمانی کۆن و لە مێژوویەکی نادیاردا کیژۆڵەیەکی جوانی کورد هەبووە و لەلایەن کابرایەکی بیانی و نا موسڵمانەوە ڕفێنراوە، کچەش خۆی بەدەستەوە نەداوە و چاونەترسانە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، لەمێژەوەش ئەم کچە کراوەتە نموونەی جوانی و دڵخوازی و نازەنینی و هەر ئافرەتێک جوان و نازدار بێت بە ئیدیۆمی "دەڵێیت کچی کافرۆشە " گوزارشتی لێ دەکرێت، لە ڕووی هونەریشەوە، سترانێکی فۆلکلۆری بەناوی" کیژەکەی کافرۆش " لەئارادایە و ئەوەندەی من ئاگاداربم هەر یەک لە گۆرانیبێژان حەسەن زیرەک و عەزیز شاروخ و شەهید جەمال موفتی و میکائیل بەکوردی و محەممەد ئەحمەد ئەربیلی بە کوردی و تورکمانی چڕیویانە و بەم برگەیە دەست پێ دەکات 'کیژەکەی کافرۆش چواردە ساڵییە''. دیارە ئەم کیژۆڵە بوێر و نەفس بەرزە دەبێت کچی بابایەکی کافرۆش بووبێت، بۆیە بە کچی کافرۆش ناسراو ناوبانگی دەرکرد.

بەر لە هاتنی ئینگلیز و بڵاوبوونەوەی وێنەکە، کافرۆشی لە مێژوو و کولتووری کوردیدا، ناوێکی نامۆ و نەناسراو نییە، بەڵکو کافرۆشی خێڵێکی بچووکی گوندنشینە و لایەنی کەم لە سەدەی نۆزدەوە ناسراوە و لە دێهاتەکانی نێوان تەکییە و بازیان نیشتەجێیە (٥)، ئێمە وای بۆ دەچین پێوەندییەک لە نێوان کچی کافرۆش و خێڵی کافرۆشدا هەبێت، بەڵام نازانین ئەم پێوەندییە چۆن بووە، ئایا کچی کافرۆش لەو خێڵە بووە؟ یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە ناوی ئەو خێڵە لە ناوی باوک، یان ناوی بنەماڵەی کچی کافرۆشەوە وەرگیرابێت و لەوانەشە بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتی کافرۆشی جوان بووبێت، بۆیە ئافرەتەکانیان بە کچی کافرۆش چوێنراون و دواتر خێڵەکە بە کافرۆشی ناسرابێت.

لە ماوەی دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە و بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی سوپای بەریتانی، خەیاڵدانی میللی بەسەرهاتەکەی دەستکاری کرد و لەگەڵ سەردەمدا گونجاندی تا خەڵکی باشتر و ئاسانتر لێی تێبگەن و لە نزیکەوە کارەکتەرەکانی بناسن و کابرای بیانی و ناموسڵمانی ڕفێنەری کچی کافرۆش کرا بە ئەفسەرێکی ئینگلیزی کە گوایە بەزۆر ڕفاندوویەتی و ویستوویەتی بە فڕۆکە لەگەڵ خۆی بیبات بۆ لەندەن، ئەویش بەم کارە ڕازی نەبووە و لە داخاندا بەناچاری خۆی لە فڕۆکەکە فڕێ داوەتە خوارەوە و مردووە (٦)، ئەم گێڕانەوە کوردییە کلاسیکییە بێ ڕتووشە زیاتر لە ڕاستیی کچی کافرۆشەوە نزیکە.

## بەسەرهاتی کچی کافرۆش
## لە مێژووی کوردا بوونی هەیە

بۆ سۆراخکردنی ئەم مژارە و پشت ڕاستکردنەوەی بە بەڵگەی مێژوویی، ئێمە دەبێت بەر لە هەموو شتێک لەو سەردەمانەی دیرۆکی کورد بگەڕێین کە میللەتەکەمان پێوەندی و تێکەڵیی لەگەڵ ئینگلیز، یان هەر میللەتێکی دیکەی مەسیحیدا هەبووە، دەبێت لەو سەردەمانە ڕووداوێکی لەو چەشنە ڕووی دابێت و ئازایەتی و جەربەزەیی کچە هەرزەکارێکی کورد وای کردبێت کە ڕووداوەکە لەیادنەکرێت و بە زیندوویی لە ویژدانی نەتەوەی کورددا مابێتەوە، ئەگەر ئێمە لە مێژوو بەئاگابین، دەزانین لە دوو سەردەمی مێژوویی بەرکەوتن و تێکەڵبوون لە نێوان کورد و ئینگلیز، یان ئەورووپای مەسیحیدا ڕووی داوە و شەڕوشۆڕ لەنێوانیاندا بەرپابووە:

- یەکەمیان لە دەمی شەڕی خاچهەڵگرەکان - سەدەکانی ٦-٧ک/ ١٢-١٣ز.

- دووەمیشیان پاش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی و لەناوچوونی خیلافەی عوسمانی و گرتنی ئێراق و کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

سەبارەت بە قۆناغی دووەم کە مێژووەکەی نزیکە و لەبیرنەچووەتەوە، وەک ئاماژەمان پێدا نە لە سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی بەریتانیا و نە لە سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکانی ئێراق و کوردستاندا ئاماژە بە پرسی لەو چەشنە نەکراوە، نەشمزانیوە کەسێک هەبێت ئەم

ڕووداوەی بینیبێت، یان لە شایەتحاڵێکەوە بیستبێتی و ئاخافتنەکەی بەڵگەدار و جێی متمانە بێت، بۆیە ئێمە دەبێت بۆ سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێینەوە و لەو سەرچاوانە وردببینەوە کە لە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان خاچهەڵگرە ئەوروپاییەکان و میللەتانی موسڵمان لە کورد و تورک و عەرەب دەدوێن.

دوای گەڕان و قووڵبوونەوە بەنێو سەرچاوەکاندا، بەسەرهاتێکی هاوچەشنی ئەوەی کچی کافرۆشمان بەرچاوکەوت لە واقیعدا ڕووی داوە، ئوسامە (أسامە بن منقذ ٤٨٨-٥٨٤ک/ ١٠٩٥-١١٨٨ز) کە لە ماڵباتێکی عەرەبی موڵکدار و دەستڕۆیشتووی هۆزی کینانەی خاوەندی قەڵای شێزەر بووە، ئەم قەڵایەش دەکەوێتە باکووری شاری حەما-حماە لەسەر ڕووباری عاصی لە وڵاتی شام، شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە و لە یادداشتەکانی خۆیدا گێڕاویەتییەوە، ئوسامە میرخاس و شاسوار و ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیر بوو، چەندان کتێبی نووسیوە کە ناودارترینیان کتێبێکە بەناوی (الاعتبار) و بریتییە لە بەسەرهات و یادگاریی خۆی لە شەڕ لەگەڵ خاچهەڵگرەکان و لە ڕاوکردن و گەڕان و سوورانەوەدا، مەبەستیشی لەم ناوونیشانە پەندوەرگرتن بووە لە ڕووداوەکانی مێژوو، هەر لەو کتێبەدا باسی ئازایی و جوامێری و دڵسۆزی و لەخۆبوردەیی ئەو جەنگاوەرە کوردانەی کردووە کە لە ڕیزی سوپای بنەماڵەکەیان خزمەتیان دەکرد، بۆ خۆبشی بەدەیان ساڵ لە کوردستان ماوەتەوە و میافارقین و هەولێر و کەرکووک و شاری دیکەی کوردستانی بینیوە.

لەم کتێبەیدا بەسەرهاتێک یاد دەکاتەوە کە بۆ ساڵانی ٥١٧-٥١٨ک /١١٢٣ز دەگەڕێتەوە و زۆر لە بەسەرهاتی کچی کافرۆشەوە نزیکە و باسی کوردێک دەکات -کە ناوی دروستی نازانرێت - و بە(ابو الجیش) ناودەبرا، کە دیارە بە خاووخێزانەوە لە قەڵای شێزەر گیرسابووەوە و خزمەتی بنەماڵەکەیانی دەکرد و دەڵێت کچێکی هەبوو بە ناوی (ڕفول)، لە شەوێکی ئەو ماوەیەدا فەرەنجە خاچهەڵگرەکان لەپڕێکدا پەلاماری پردەکەی شیزەریان دا و کەوتنە تاڵانکردن، سوارەیەکی فەرەنجە (ڕفول)ی چنگ کەوتبوو و ڕفاندبووی، ئەم کارەساتە کابرای کوردی موسڵمانی پەست و نیگەران کردبوو، هەر کەسێکی تووش بهاتایە دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت و تێی دەگەیاند کە (ڕفول)ی کچی ڕفێنراوە، بەڵام (ڕفول) لای نەنگی و شەرمەزاری بوو بکەوێتە چنگی دوژمنێکی بیانی و غەیرەدین و بوێرانە خۆی لەسەر ئەسپی فەرەنجییەکەوە فڕێ دابووە ناو ڕووباری عاصییەوە و خنکابوو، ئوسامە دەڵێت: بۆ بەیانییەکەی بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتین و لە کەنار ئاوی ڕووبارەکە تارماییەکمان بەرچاوکەوت و غولامێکم نارد بەمەلە بڕوات، بزانێت چییە، کە هاتەوە زانیمان ئەو ڕەشاییە تەرمی (ڕفول)ە کە جلێکی شینی پۆشیبوو و لە دارێکی پەڵکدا گیری خوادبوو، ئەمەیش دەقی ئاخافتنی ئوسامەیە:

"كان في جند الجسر رجل كردي يقال له أبوالجيش وله بنت اسمها رفول قد سباها الأفرنج، وهو قد توسوس عليها يقول لكل من لقيه يوما سبيت رفول ! فخرجنا من الغد نسير على النهر فرأينا في جانب الماء سوادا، فقلنا لبعض الغلمان أسبح أبصر ما هذا السواد. فمضى إليه فإذا ذلک السواد رفول عليها ثوب أزرق وقد رمت نفسها من على فرس الإفرنجي الذي أخذها فغرقت، وعلق ثوبها في شجرة الصفصاف، فسكنت لوعة أبيها أبي الجيش"(٧).

بە بۆچوون و لێکدانەوەی من ئەم ڕووداوە مێژووییە کە لە غەریبیدا بەسەر کچی پیاوێکی جەنگاوەر و موجاهیدی کورد هاتووە و شایەتحاڵێک گێڕاویەتییەوە، بنەمای ڕاستەقینە و سەرەداوی بەسەرهاتی کچی کافرۆشە.

دەربارەی ئەوەی ئەم کچە بۆ بە کافرۆش ناوزەدکرا، ڕاستییەکەی وەک باس کرا ناکرێت بۆچوونێکی یەکلایی دەرببڕین و تەنیا ئەوەندە هەیە، کە ئەو کوردانەی لە خزمەتی ماڵباتی ئوسامە بوون، هەموویان وەک خزمەتکار لەوێ بوون، دوور نییە باوکی ئەم کچەش کافرۆش بووبێت، یان بەرپرسی ئاخوڕ و هۆڵی ئەسپەکانی بنەماڵەی ئوسامە بوو بێت، بۆیە بە کافرۆش ناسراوە و کچەکەشی بە کچی کافرۆش ناسرا.

بەڵام پرسیار لەوەدایە ئەم بەسەرهاتە کە هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر لە وڵاتی شام ڕووی داوە، چۆن لە کوردستان بڵاوبووەتەوە و دەنگی داوەتەوە؟ بۆچی دوای بوورینی ئەو ماوە درێژە هێشتا لەبیر نەچووەتەوە و بە زیندوویی لە یادەوەری کوردا ماوەتەوە؟.

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە، ڕاستییەکەی ناکرێت دروست بزانین ئەمە چۆن بووە، چونکە بەڵگە و سەرچاوەی وامان لەبەردەست نییە بۆمان دەربخات، ڕەنگە خودی ئوسامە ئەم چیرۆکەی بۆ خەڵکی هەولێر گێڕابێتەوە، چونکە پاش ڕوودانی شەڕەکەی قەڵای شیزەر بە چوار پێنج ساڵێک هاتووەتە هەولێر و ماوەیەک ماوەتەوە و بووەتە میوانی میر فەزڵی کوڕی أبو الهیجائی هەزبانیی خاوەندی هەولێر و لە دیوەخانی میر فەزڵدا، باسوخواسی سیاسی و گفتوگۆیان کردووە، میری هەولێر بەدرێژی باسی چوونی أبوالهیجائی باوکی بۆ لای میری دەوڵەتی دۆستەکی بۆ ئوسامە گێڕاوەتەوە و ئەویش لە کتێبەکەی گێڕاویەتییەوە(٨)، هەروەها لە شیعرێکیشدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ماڵی لە هەولێرە و بیری خزم و کەسەکانی دەکات لە قەڵای شیزەر:

وإن امرأ أضحت بإربل داره... وفي شيزر إخوانه وشجونه

لغير ملوم في الحنين إليهم... ومعذورة أن تستهل جفونه(٩).

دووریش نییە ئەو کوردانە ئەم چیرۆکەیان گێڕابێتەوە کە لە وڵاتی شام بوون، لە سەدەی پێنجی کۆچی/یازدەمی زایینییەوە بەهۆی شاڵاوەکانی تورکە سەلجوقییەکان و داگیرکردنی کوردستان لەلایەک و بەرپابوونی شەڕی خاچهەڵگرەکان لە وڵاتی شام و میسر لەلایەکی دیکەوە، بە هەزاران کورد ڕوویان کردە وڵاتی شام لە جەنگاوەری خۆبەخش و میر و سەرۆک هۆز و فەقێ و مەلا و ڕۆشنبیر، زۆربەی ئەم کوردانە خەڵکی دەڤەرەکانی هەولێر و ئاکرێ و ڕواندز و بادینان بوون، دوور نییە ئەوانە ئەم چیرۆکەیان بۆ کوردستان هێنابێتەوە.

هەرچی بەشی دووەمی پرسیارەکەیە، سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ژمارەیەک داستانی ئەڤینداری و چیرۆکی پاڵەوانیەتی لە کوردەواریدا هەن، مێژوویان کۆنە و بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی عوسمانی دەگەڕێنەوە، لەوانە:

- مەم و زین، یان مەمێ ئالان-سەدەی پێنجەمی کۆچی /یازدەمی زایینی.

- شێخ فەرخ و خاتوو ستێ - سەدەی حەوتەمی کۆچی /سێزدەمی زایینی.

- قەڵای دمدم- سەرەتای سەدەی یازدەمی کۆچی / حەڤدەمی زایینی.

بێ گومان بە نەمری مانەوە و لەیادنەکردنی ئەم بابەتە فۆلکلۆرییانە، بە پلەی یەکەم بۆ گیانفیدایی و خۆبەختکردن و ڕاستگۆیی و بەخشندەیی پاڵەوانەکانیان دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە کچی کافرۆش، دەکرێت بڵێین ڕفول کارێکی وای کردووە دەگمەن ئافرەت هەبوون و هەن جورئەت بکەن و بیکەن و هەڵوێستێکی قارەمانانەی وای نواندووە لە دەستی کەم پیاو دێت چ جای ژن، جەربەزەیی و چاونەترسیی کیژۆڵەیەک و خۆفڕێدانی لەسەر ئەسپی سوارەیەکی فەرەنجییەوە هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەندە دەگمەن بووە، کاریگەرییەکی قووڵی لەلای باوک و کوردەکانی شام بەجێ هێشتووە و بووەتە هێمای قارەمانی و گیانفیدایی و مایەی ئەوەی دەنگوباسی ڕووداوەکە وەک ئاگری ناو پووش تەشەنە بکات و دەنگ بداتەوە و خەڵکی دەماودەم بیگێڕنەوە و وەک نیشانەی کردەکی گیانفیدایی و شکۆمەندیی کچە کوردێک.

کاتێکیش ئینگلیزەکان هاتنە کوردستان و ئەو وێنە ناوازەیە بە کوردستاندا بڵاوبووەوە، لە یادگاری و خەیاڵدانی خەڵکیشدا چیرۆکی کچی کافرۆش هەر مابوو، لەبەر نازداری و جوانییەکەی بە کچی کافرۆشیان چواندووە و وایان لێک داوەتەوە کە ئەمە ئەو کچی کافرۆشە جوانەیە کە ئینگلیز نەک فەرەنجیە خاچهەڵگرەکان ڕفاندوویانە و کچەش نەک لەسەر ئەسپەوە، بەڵکو لە فڕۆکەی ئینگلیزەوە خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە.

## ئەنجام

ڕفاندنی کچی موسڵمانێکی کورد لەلایەن سوارەیەکی بیانی و ناموسڵمان، بگرە نەیار و دوژمن و داگیرکەرەوە، دواتریش خۆ فڕیدانی کچەکە لەسەر ئەسپی سوارەکەوە بۆ ناو ڕووباری عاصی و خنکانی، بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی لەم ماوە درێژەدا لەبیرنەکرێت و پشتاوپشت یاد بکرێتەوە، بەڕای من ئەمەیە نهێنی و پاساوی جێگیربوونی ئەم بەسەرهاتە لە ویژدان و خەیاڵدانی بە

کۆمەڵی گەلی کورد، هەروەها ئەم پاڵەوانە چونکە کچە، خەیاڵدانی میللی دەبوو بیکات بە کیژۆڵەیەکی نەوجەوان و شەنگ و دڵگیر، کاتێکیش وێنەی ئەو کچە جوانە لە کوردستان بڵاوبووەوە، یەکسەر بەو کچە پاڵەوانە چوێنرا و ناونرا کچی کافرۆش، لێرەدا ئینگلیز و فەرەنجی بە یەکدی چوێنران و ئەسپیش کرا بە فڕۆکە، ڕاستییەکەی ئیگلیزەکانیش لایەنێکی سەرەکی نێو هێزی خاچهەڵگرەکان بوون، بۆیە سوارەی فەرەنجی بە ئەفسەری ئینگلیز لێک درایەوە، بەم شێوەیە:

- فەرەنجە خاچهەڵگرەکان (ئەوروپی-مەسیحی-دوژمن و داگیرکەر)---ئینگلیز (ئەوروپی- مەسیحی-بیانی و داگیرکەر).
- سوارەیەکی فەرەنجی----ئەفسەرێکی ئینگلیز.
- ڕفول (کچی کوردێکی جەنگاوەری خزمەتکار)----کچی کافرۆش (کچی کوردێکی هەژار).
- ڕفول (خۆفڕێدان لەسەر ئەسپی فەرەنجییەکەوە)---کچی کافرۆش(خۆفڕێدان لە فڕۆکەی ئینگلیزەوە).

لەم دواییەشدا وەک باس کرا تەنیا لەسەر بنەمای ئەم لێکچوواندن و لێکدانەوەیە، دەیان چیرۆک و سیناریۆ نووسران.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) موسوعة تركمان العراق، شخصيات في الذاكرة: صمانجى قزى، مجلة آتابك، العدد:(١) كانون الثاني ٢٠٠٥، www.alturkmani.com.**

**(٢) د.عبدالحسن حسن خلف، المؤثرات الأجتماعية والسياسية في الفولكلور العراقي، مكتب المصادر (بغداد: ٢٠٠٨)، ص١٥٠-١٥٦، / www.mriraq.com showthread.php، بنت المعيدي- صمانجي - الاسطورة العراقية الجميلة، الدوشجية - www.dawshagya.org، جواد الرميثي، من التراث الشعبي التركماني العراقي، ما أصل قصة موناليزا العراقية؟.**

**(٣)-www.sotkurdistan.net، صوت كوردستان، ڕۆژی دووشەم ١٩ -أيلول- ٢٠١١، www.ragaz.org، ڕۆژی ١٧-٨-٢٠١٢ و ڕۆژی ٢٥-٢-٢٠١٣، www.rojpress.wordpress.com، کچی کافرۆش-کیژی کافرۆش کێیە؟ کێ ڕفاندی؟ ڕۆژی ١٠-١١-٢٠١١.**

**(٤) کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، دەزگای ئاراس (هەولێر:٢٠٠٦)، ل١٨٨-١٩١.**

**(٥) خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وايران، سنة ١٨٧٠، المركز القومي للترجمة، (القاهرة: ٢٠٠٩)، ص٣٠٠.**

**(٦) کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ل١٩٠-١٩١، محمد بشير علو، صوت كوردستان، ژمارەی ڕۆژی دووشەم، ١٩-٩-٢٠١١.**

**(٧) أسامة بن منقذ الكناني الشيزري (ت: ٥٨٤هـ/١١٨٨م)، كتاب الاعتبار، تحقيق: عبدالكريم الاشتر، المكتب الاسلامي، (بيروت: ٢٠٠٣)، ص٢٤٢-٢٤٣.**

**(٨) كتاب الاعتبار، ص١٦٥-١٦٦.**

**(٩) المنازل والديار، مطابع الاهرام التجارية، (القاهرة:٢٠٠٤)، ص ٣٠٨.**

# لەدایک بوونی پێنج منداڵ، شیکارێکی زمانەوانی هەواڵەکە

غازی حەسەن

من نامەوێت باسی سەرچاوە، یان کەسێک بکەم کە بەکارێکەوە ماندوو بووە و لە بەهای ماندوو بوونیان کەم بکەمەوە، چونکە منیش ڕۆژنامەنووسم، دەزانم ئەم کارە خۆشەی ئێمە چەندە کارێکی خۆش و دە هێندەش ئاڵۆز و پڕ کێشەیە، من پێم وایە کێشەی زمانی نووسین و دەربڕین و بەکارهێنانی زاراوەی مەبەستدار و شایستە و گونجاو کێشەن، هەروەها شێوازی دەربڕینی ڕۆژنامەنووسانەش گرفتێکی دیکەیە، ئەم کێشە و گرفتانە هەموومانی گرتووەتەوە، بەتایبەتی لە بواری بەکارهێنانی زماندا، زمانی دەربڕین و زمانی نووسینی ڕۆژنامەنووسی، هەروەها بەکارهێنانی زمانی ئاخێوەر، کەسانی قسەکەری سەرچاوەی هەواڵ و بابەتەکانمان تێکرا دەگرێتەوە.

گەلێک جار زمانی نووسینەکە لە زانیاری و جۆری مەبەست و پەیامەکان گرینگترە، چونکە زمانە، هەواڵ دەگەیەنێت و دەربڕین و شێوازی گوتن و قسەکردنە، دەبێتە هێز بۆ گەیاندنی پەیامێک، یان مراندنی پەیامەکە، سەرباری چۆنیەتی بەکارهێنانی زاراوەکان و دانانیان لە شوێن و کاتی گونجاوی خۆیاندا.

ئەم ناوونیشانەم بینی (ژنێک لە هەولێر پێنج منداڵی بە سکێک بوون). دیارە ئەم هەواڵە ئامانجی گەیاندنی مەبەستێکی ڕاستەوخۆیە، لەگەڵ چەندان مەبەستی دیکەی شاراوە و نادیار، یان مەبەستی سەرەکی و لاوەکی، ئایا لەم ناوونیشانەدا مەبەست کامەیانە (ژنێک؟) یان (پێنج منداڵی لەدایک بوو بەیەکجار)، یان (یەک سک)، یان (هەولێر)، دیارە ئێمە دەزانین (نێنەر- کەسی قسەکەر- سەرچاوەی قسەکە) ئامانجی هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری، ئەم زانیارییەی لێرەدا

بەدی دەکەین، دابەشی سەر چوار بەش و پێکهاتە و کەرەستە و مەبەست دەبێت، وەرگر (تاکە) کە (تۆ- خوێنەر- وەرگر لە حاڵەتی تاک، یان کۆیە)، ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم بۆ ناوونیشانێک کە لە حەوت یەکە و کەرەستە پێکهاتبێت، چۆن دەبێت چوار مەبەست و ئامانجی جودا بگەیەنێت. لە زانستی زمانەوانیدا (ڕێزمان)، یان تیوری (ئەرکی) و (پراگماتیکی) دەتوانن هەریەکەیان بە جۆرێک و لە ئاستێکدا ئەم ڕستە هەواڵییەمان بۆ شی بکەنەوە، سەرباری (ڕاستی و ناڕاستی) هەواڵەکەش لەوێ بوەستێت.

بێ گومان بۆ ڕاستییانە دەرخستنی زانیارییەکان، دەبێت پشت بە ڤیدیۆی ڕاستەوخۆی دایکەکە، یان منداڵەکان، یان دکتۆرەکە ببەستین، کەواتە (چاو- بیستن) ڕۆڵ دەبینێت و لەڕووی کاتەوە هەواڵەکە خێرا تەواو دەبێت، زۆر کاتی بینینی هەواڵەکە نییە، بۆیەش زۆر کاتی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی عەقڵی بە شێوەیەکی ناڕاسەوخۆ دەستبەجێی تێدا نابینرێت، لە ڕۆژنامەشدا پشت بە لێدوان و وشە و وێنەی فۆتۆگرافی کارەکتەرەکانی نێو هەواڵەکە دەبەسترێت کە (چاو و بیرکردنەوە و عەقڵ و کاتە) و ڕۆڵیان دەبێت، لە ڕادیۆشدا دەنگ ڕۆڵ دەبینێت و خێرایە و کات ڕۆڵی نییە، ڕەنگە تۆن و ئاوازە و شێوازی دەربڕینەکان ڕۆڵ ببین و گوێ و هەستەکان بەیەکەوە ببەستنەوە، لە ئینتەرنێتیشدا هەر هەموویان بەیەکەوە و لەیەک کات و شوێندا دەتوانن بەشداری لە پێکهێنانی هەواڵەکە و ڕاستییانە دەرخستنی زانیارییەکان بکەن، لە هەمووشیان کاریگەرتر (خێرایی کات و درێژی کات) بەشدارن، چاو و عەقڵ و (گوێ و هەستەکان) و (ڕەوشتیش)ی دێتە سەر.

کەواتە لە کورتە دێڕێکی وەهادا، دەتوانرێت لەڕووی ڕێزمانەوە بڵێین ڕستەکە هەڵەیە، باشتر بوو بنووسرێت (هەولێر.. ژنێک پێنج منداڵی بە سکێک بوو)، (بوون) مەبەستی لەدایک بوونە، وەک مردن (تەواو بووە نە مردن دووبارە دەبێتەوە و نە لەدایک بوون، ئینجا بۆ بکرێتە کۆ، چونکە یەک ژنە منداڵی بووە، نەک زیاتر لە یەکێک، با هەولێر لە خودی هەواڵە سەرنجڕاکێشەکە جیا بکرێتەوە و هەولێر شوێنە، کاتەکە (بوو)ـە، چەند باشتر دەبوو بگوترابایە یەکشەممە، یان ئەمڕۆ، یان ئەمشەو، لە بیری نەکەین ڕۆڵی کات لە زۆر قسەکردن و نووسیندا گرینگە.

ژنێک، لەڕووی زاراوەسازییەوە، هەموومان دەزانین ژن کەسێکە کە شووی کردبێت، کەواتە هەر کەسی شوو کردوو منداڵی دەبێت، بۆیە ئەگەر بگوترێت ئافرەتێک ڕەنگە لای خوێنەر و گوێگر و بینەر سەرنجکێشتر بێت! بۆ؟ ئەی ئافرەت خێزانی پیاوێکیش لە کوردی دەگرێتەوە، هەروەها ڕێزی زۆرتری تێدایە لە (ژن) کە پیاوێک دەڵێت (ئافرەت بڕۆ)، یان (ژنێ بڕۆ). ئەوانەی لە زمان و ئەرکی زمان دەگەن، دەزانن لەڕووی کۆمەڵایەتی و شایستەیی و ڕێز ئەم دوو دەربڕینە کوردییە شیاوە ڕاستە، چەندە جیاوازن، (ئافرەت) ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستی و یەکسانی و بەهای بۆ مێینەکە لە لایەن پیاوەکە تێدایە، بەڵام کە دەگوترێت (ژنێ بڕۆ)، واتە تۆ ژنی، ئێمەش هەموو دەزانین لەم حاڵەتە سێکسییە پیاوسالارییەی ڕۆژهەڵاتدا ژن لە چ حاڵەتێک و بوارێکدا دەبێت. (ژنێ) هێزێکی کۆمەڵایەتی دواکەتووی لە پشتە، هێزێکی باوکسالارانەی داوەتە زمان، (سک) (زگە)، ئەم دەنگە کە دەگۆڕێت پەیوەستە بە کپی و ژێداری دەنگی (س) و(گ)ـەوە، باشە لای ئێمە هەر بەم جۆرە باوە ئافرەتێک جمکی ببێت، واتە دوو منداڵ بەیەکەوە دەبێت، (ئەمانە جمکن)، باشە ئەگەر پێنج منداڵ لەیەک دایک و کاتدا لەدایک بوون، چیان پێ بڵێین؟ باشە بگوترێت (پێنجکن- سێکن- چوارکن)، چونکە دوور نییە ئەم (جمکە) لە (جووت +کە)، یانی جووت بە واتای دوو، بەیەکەوە، دوو شتی هاوتای بەیەکەوە هاتبێت و گۆڕابێت بۆ (جمک).

دەی باشە با بێینەوە سەر لایەنی ڕۆژنامەنووسی، ئەمە هیچ سەرنجکێش و هەواڵ نییە بڵێین (ژنێک منداڵی بوو)، چونکە لە ڕووی سروشتییەوە ئەمە هەر بۆ ئافرەت و گیانداری مێینە دەبێت، کەواتە سەرنجی تێدا نییە و نوێش نییە و هەواڵیش نییە، کە ئافرەتێک منداڵی بووبێت، ڕاستییەکەی ئەگەر پیاوێک منداڵی ببێت، دەبێتە هەواڵ، ئەی کەواتە چی گرینگە؟ لەدایک بوونی (پێنجکە) گرینگە، پێنج منداڵ بەیەکەوە، یان (پێنج جمک لە هەولێر لەدایک دەبن)، ئەمەیان گرینگە، چونکە ئەم حاڵەتە زۆر کەم ڕووی داوە و ڕوودەدات! بۆ

بەم شێوەیە؟ دیارە لە پێشتر ئێمە ئاماژەمان بە پێکهاتەی ناوونیشانی هەواڵەکە کرد کە لە حەوت یەکە و چوار مەبەست پێکدێت، لێرەدا مەبەست پێنج منداڵەکەیە، دواتر یەک زگ، ئینجا دایکەکەیە، ئەگەر بگوترابایە (دایکێک)، ڕەنگە سەرنجکێشتر دەبوو، بەو واتایەی ئەم ئافرەتە پێشتر منداڵی هەبووە، یان هەیەتی، دەزانی بە بەکارهێنانی وشەی دایکێک، بێ ئەوەی درێژدادڕی لە ناوونیشان بکرێت، بە وەرگر دەگوترێت ئەم ئافرەتە لەچ بارێکدابووە، پێش لەدایک بوونی ئەم پێنج منداڵە، ئەمەیە ئەرکی زمانی کارەکی، زۆر گرینگە ڕۆژنامەنووسان لە بایەخ و بەکارهێنان و پێگەی ئەم تیورەی زمانەوانی بگەن، چونکە ئەم تیورە ڕێگەی دەربڕین و بەهای وشە و کاریگەرییەکانی ڕستە لەبارتر و گونجاوتر دەکەن.

ئەگەر لەبواری پراگماتیکیش شیکاری ئەم ناوونیشانە بکرێت، دەبێت ئەم دەقە لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی ڕستەکەدا شی بکرێتەوە، ڕەوتی ئەوەی ئەم ئافرەتە باری تەندروستی باشە، کێشەی بەخێوکردنی منداڵەکانی دەبێت، باری ئابووری چۆنە؟ ئایا ئاستی ڕۆشنبیری ئافرەتەکە و خێزانەکەی چییە؟ بۆ (ژنێک) کە واتای نادیار و ناڕاستەوخۆ دەگەیەنێت بەکارهاتووە، ڕستەکە، یان دەقەکە هەواڵدەرە، شوێن و کاتی تێدایە (هەولێر و بوو). هەواڵەکە ڕاستە، هەرچەندە گومانیش هەڵدەگرێت کە پێنج منداڵ بەیەکەوە لەدایک ببن و تەندروستیان باش بێت.

لە بەشێکی هەواڵەکەدا هاتووە " باوکی منداڵەکان شوفێرە و دایکیشیان ژنی ماڵەوەیە، بۆیە پێ دەچێت باری داراییان باش نەبێت"، کەواتە گریمانەی ئەوە دەکرێت (حەوت منداڵ ٥+٢) بە خێوکردنیان قورس بێت، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە باوکی شوفێرە، باری دارایی خراپ بێت، لە بارێکی کۆمەڵایەتی هەژاردا بن، ئینجا هەواڵی ئەوەشمان ڕاستەوخۆ پێ دەدات کە دایکەکە (ژنی ماڵەوەیە)، باشە گریمانەی چی بکەین؟ کە ئەم دایکە ئافرەتی ماڵەوەیە، (نەخوێندەوار+هەژار+ نەبوونی مووچە+ زەحمەتی بەخێوکردنی منداڵەکانی+ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە+ گرفتی دابینکردنی خواردن و شیر+ کێشەی پەروەردەکردنیان+ ناسینەوەی منداڵەکان و لێک جیاکردنەوەیان+ ناودۆزینەوە بۆیان+ چوار کوڕ و کچێک+ چی لە دوو منداڵەکەی دیکەی بکات+ هیچ دەزگایەکی حکوومەت هەیە هاوکاری ئەم دۆخە بکات؟ و...تاد). گریمانەی دەیان شتی دیکە کە ڕەنگە دەروونناسەکان و پسپۆڕانی پەروەردەی منداڵ و پزیشکە کۆمەڵناسەکان و توێژەرانی کۆمەڵناسی باشتر بتوانن گریمانەی چاکتر بدۆزنەوە، من مەبەستم ئەوەیە لە ڕێگەی ئەم هەواڵە ڕۆژنامەنووسییە، ژینگەی ئەم ناوونیشان و هەواڵە وابەستە دەبێت بە زانستە مرۆییەکانی دیکەی وەک (کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، پزیشکی، ئابووری و پەروەردە و فێرکردن)، ئەی نەمانگوت زمانەوانی لەبواری کارەکی و پراگماتیکی دنیابینییەکی فراوان بە زمان و ئەرک و شیکردنەوەی دەقیش دەبەخشن، سەیر دەکەین کاری ڕۆژنامەنووسی لە ڕوانگەی زمانەوە چەندە زانستێکی گرینگ و چڕ و ئاڵۆزە، چەندە ڕەگەکانی بەستراونەتەوە بە زانستەکانی دیکە، هەواڵ و زمانی هەواڵ تەنیا بووکە شووشەیەک نییە، دڵی منداڵی پێ خۆش بکرێت، بەڵکو زانستێکە بایەخ بە هۆکارو ئامانج و چۆنیەتی و بایەخی دروستکردنی بووکە شووشەکە و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی بەکارهێنەرەکەشی دەدات، کەواتە لە یەک کاتدا (نێنەر و وەرگر) و (دروستکەر و بەکارهێنەر) وەک یەک بایەخیان هەیە، من وەرگرم، شیکاری ئەم هەواڵەم وا کرد و ڕەمز و مەبەست و ئامانجەکانی هەواڵەکە و پێکهاتەکانی لەڕووی زمانەوانییەوە دەردەخەم، بێ گومان گەلێک وەرگری دیکەش هەن، بەپێی ڕەوتی تێگەیشتنی خۆیان شیکاری بۆ ئەم هەواڵە دەکەن.

بەڵێ، دەتوانین ئەم شیکارییە لە هەر قسە و ئاخاوتنێکی ئاسایی ڕۆژانەی نێوان خۆشمان ئەنجام بدەین، ئەگەر زمان کەوتە نێو ڕستە و بووە دەقێکی نووسراو و گۆکراو، ئیدی شیکردنەوەی چاکتر هانمان دەدات لە پێگە و ئەرکی وشە و هێزی دەربڕین و کاریگەرییەکانی نێوان (نێنەر و وەرگر) بگەین، دیارە گەیشتنی پەیامیش لە هەموو پرۆسەکەدا گرینگە.

**سەرچاوە:**

**http://rudaw.net/sorani/kurdistan/180120163**

# وردبینی و بەسەرکردنەوەیەکی شانۆیی بۆننامە

کەمال ڕەئووف هەنجیرە

بۆ نووسین هیچ کاتێک درەنگ نییە، ئەگەرچی ئەم شانۆییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١٩ و لە تەلاری هونەری سلێمانی، بە هاوکاری چەندان ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیری و بڵاو کراوە، لەلایەن چەند هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە و سەلیقە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پێشکەش کرا، بەڵام لەسەر چەند وردبینییەکی پێویست لە ڕووی تێکەڵکێشییەکی تێکستە سەرەکییەکەو شێوازی کارکردنی دەرهێنەر، نووسینەکەم بەم وردینەیەوە کەمێک دواخست.

تێگەیشتن مانا دروست دەکات، بەڵام ئەگەر هێزێکیش نەبێت ئەو مانایە بنیاد بنێت، ئەوە تێگەیشتن تەنیا بە شێوەی گوتارێک، یان دەقێک دەمێنێتەوە، ئەم تێکستە هۆنراوەییەی شێرکۆ بێکەس لەسەر دەست و دیدگای چەند هونەرمەندێک بەشێوەیەک ڕاڤەکراوە، وەک ئەوەیە نووسەر بە قوڵفکراوییەوە هەموو وشەکانی بە واژە و کردەکانییەوە بۆ دراماتۆرگێکی جێ هێشتبێت، بۆیە لەسەر تەختەی شانۆ بووەتە هەڵبژاردەیەکی نیشاندراو، مەملەکەتی ئەدەبیاتی نووسەر بە زمان و وێنای وشە و لێکدراوە مانادارییەکان، تێکڕا لە چاوگەی خۆیەوە باڵەفڕەیان کردووەو ئەوڕۆ لێرە و لەوێ بە بەرزییەوە سەرچڵ و پاسارەکانیان بۆ دەگەڕێین، ئازاد بەرزنجی دراماتۆرگیش لە تێکستەکەوە توانیویەتی نیشانەکانی هێز و مەبەستی نووسەر پتر بواری ڕێچکە هونەرییە شانۆییەکەی بۆ ئاودێر کا و بە کەشاویی ڕادەستی توانایی نواندنەکەی بکات، هونەرمەند عوسمان فارس ی دەرهێنەریش لە مێژە ڕێژەنی ئاوازێکی پەنگخواردەی دنیای ئازاد و سەربەستیی نیشتمانە نەوازەکەیەتی، لەو دەمەوە وەک قوتابییەکی کۆلێجی هونەرەجوانەکانی



بەغدا، کاتێک لە سەرەتای هەشتاکاندا کارە سینەماییەکەیم وەک تێزێکی سینەماکاری بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی بینی کە بەشدارانی ئەو کورتە فیلمە دەستەیەک لە هونەرمەندانی کورد و هەڵبژاردەی سروشتی کوردستان لە بەری زڕگوێز و قەرەداغ بوو، هەر ئەو دەمە لە گیانی پەرۆشی بۆ نیشتمان و گەلەکەی گەیشتم، ئەم هونەرمەندە بە سەلیقەیە لەو دەمەوە گرێی ئاوارەیی لە نیشتمان گیرەی هەناوی بوو بوو، ئەم گرێ دەروونییە لەگەڵ ژیانی تاراوگەیدا بەجۆرێک جارسی کردووە، بۆیە وەک دێوەرەیەک لەو زەمەنەوە دەگەڕێت، تا شاعیرێکی وەک شێرکۆ بێکەس لە فڕگەیەکی ئازاراوی دەست دەربەدەری و دووری نیشتماندا دەبینێتەوەو ئەم نووسینە دەکاتە ئێزگەیەکی پێکگەیشتنەوەی شار و وڵات و هیوا، بەو پێوەرە کێڵگە سەوزەی لەم تێکستەدایە، بەر لەوەی لە لێواری چنراوی کێڵگەکەوە بکەومە پێوانەی یەکە پێوەندییە ژیانەوانییە هونەرییە لێکدانەبڕاوەکان، پێویستە بە برای دەرهێنەرم بڵێم: هەڵبژاردنەکەت لە توێی ستەمەکانی خۆتەوەیە، هەوڵت داوە ئەم تێکستە شعرییە ببێتە هاوکارێکی ڕاستودروستی تۆڵەت لە هۆکارەکانی ئاوارەیی و ژەمەکانی ژیانی تاراوگەییت، ئەو دەمەی سەرەتای دەستپێکی شانۆییەکە چووە دەم یادەکانی خۆتەوە وەک ڕاوییەکی ڕیپۆرتاجی، سەربوردەکانت جەختی لە مێژوویەکی هۆشمەندانەی ناوەندە شانۆییەکە دەکردەوە، دووبارە و سێ بارە دریغیت لە گوفتارانی هونەرمەندان نەکرد، بۆ من وەک بینەرێک ئەو تێکەڵکردنانەت بە هێڵی تێکستەکە نەتوانرابوو بە شیتاڵکردنەوەیان سەرلەنوێ بڕێسرێنەوە و پێکەوە یەک بابەتی جەمسەر ئامێز بە کایە بکەن و لەلایەن کارەکتەرەکانەوە تەختەی شانۆکەمانی پێ ڕازەنن، بەوە دەزانم خولیا و ئاواتی تۆی دەرهێنەر و تێکستی دارێژراو، سەرجەمیان لە توێی خەمگەرایی گەڕانەوەدان بەرەو نیشتمانێکی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد، بەڵام شێوازی دەربڕینەکان لە دوو مەودای جیاوازەوە بەرەو سەلماندنیان دەچوون، باشتروابوو تۆی هونەرمەند خواستەکانی خۆت وەک سیمینارێکی پێشوەختە بەر لە دەستپێکی شانۆییەکە بەرانبەری بینەرانت بکردایەتەوە، هیواداریشم برای دەرهێنەرم تێبینییەکەم بە سێکتاریانیزمیانە (دەمارگیری) لێوەرنەگرێت.

وشە لە داڕشتنەکانی شێرکۆ بێکەس دا وەک شانە هەنگوین وایە، تا دەستی بۆ بەریت گیانی فەنتازی هونەری لێ دادەچۆڕێت، ئەوەتا کاتێک هونەرمەندی شانۆ لە سەرەتای ئەم تێکستەوە دەیەوێت لەسەر تەختەی شانۆدا بە ڕستەیەک بۆندا تێپەڕێت، بۆنەکان بۆی دەبنە تەونێک و هەرلایەک بکات یارییەکەی بە بۆنەکەوە جەستەی سروشتی خۆی تووڕەدا و وەک دابەستەیەکی قوربانی بۆ ئازادی هەموو لەشی دەکەوێتە بەخشین، ئەو دەمەی ئەم دوو ئەکتەرە زێوانییە نیاز لەتیف و دادە رووبار مەرسیدس بۆنی ئەوینیان لەخۆ دا، ڕوحیان بەدەست سەماو جووڵەی لەشیانەوە بەسەر هەموو رووناکییەکانی بوونەوە دەفڕین و خۆیان بۆ ئاسمانی ئازادی ئامادە دەکرد، لەو فڕینەدا وەک شار و شەقامەکەی مەولەوی لێک دانەبڕان، بەدەم داوای نووسەرەوە دادەکەوتنەوەو چڵە ڕێحانێک چییە لەو بنارە نەما بۆنی نیشتمانی سووتاوی بەسەردا نەڕژابێت، ئەمانیش بە فرمێسک ئاوەشۆڕ و بسمیلی نەکەن، پانتایی و جێ یارییەکانی ئەم دوو ئەکتەرە هێندەی بەرایی سێبەری چەپکە گوڵێکی زەردی تاماوی دەبوو، لە گوتنەوەی وشە داخکراو و سەهۆڵبەندەکانی تێکستەکە ناسڵەمینەوە، لەبەر ئەوەی شادمانی ئەشقێک بەرەو زەنوێرێک بەکێشی دەکردن، دیسانەوە لەوێوە بە داگیرساندنی بۆنی ڕوحیان، سەمای پێکەوە ژیانیان



ڕادەخست و بەو جووڵە ئامانجدارانەوە بانگەشەی یەک لەناو یەک خواردنەوەیان بوو، ئەم نواندنە تەوینیانییە لە ئاوازێکەوە بەرەو هێوری ژەنیار و دەنگێکی فێنکی کاکە حەمید بانەیی دەیبردن و سوبحانەڵڵا کزی ڕووناکییەکە بەو سۆزەوە لەتوێی بۆنی مەلا خدرەوە، ئازاری کۆچێکی دەردەخست، کۆچەکان زۆرجار مەرگاوین، بۆیە مەقامێک دەچڕدرا بۆنی گەڕانەوەی باراناوی لێ دەکرا، ئەم دوو ئەکتەرە بەبێ ئەوەی ترسی وشکایی تۆزەکەی گەرمیان بەسەریاندا داباریێت، بەدەم ئەو ئاوازو بەو جووڵە جوانەوە گەڕیان، گەڕیان تا وشە شیعراوییەکان بەدەم کۆچی بارانەوە کۆکەنەوەو بەسەر سنەوبەرەکانی باخی گشتی و قوبەی حەمامەکەی موفتی شاری باباندا ببارێننەوە، ئەم یارییە باراناوییە پڕ لە بۆن، بۆن بووە بەخزانی کارگەر و زۆردار و دەمانێکیش بۆنی کۆڵانی پڕ گوڵدان و...تاد بۆنی دڵی هەڵقرچاوی دایکان و بۆنی ترس و تاریکی زیندانەکان، ئەم هەموو بۆنە لە تابووتی شانۆکەدا بەسەر ئەم دوو ئەکتەرەدا هەڵڕێژرا، بەمن وابوو بەرگەناگرن و یەک ساڵ ئێلنجدانەوە و ڕشانەوەی گەرەکە، بەڵام لە داگیرساندنی چرای هەناوی ئەم دوو ئەکتەرەوە، هەر بۆنەو چۆن ئەحمەد باکسی ڕۆژنامەنووس دەڵێت (هەر مەلێک لەگەڵ پۆلی خۆی دەفڕێ)، ئاواش وەرزەکان بەدەم باوبۆری ڕەنگیانەوە دزەیان کردە ناو بۆنەکان و هێدی هێدی ئەکتەرەکان خۆیان بۆ هەڵخستن و ئەو ڕۆژەیان هێنا کە مەل و گوڵ و تاراو مۆم کەیفیان بە ڕازاندنەوەی شار هات، ئەوانی تر وەک خەون بە دەسەڵاتێکەوە نیشتنەوەو بۆنی خنکاندنیان پێ بەخشی، ئەم هۆنراوە بە دراماکراوەیەی شێرکۆ بێکەس تێکەڵەیەکە لە بیبلۆگرافیا و سیمۆگرافیای شارێکی بە ڕوح هەڵواسراو، وا بە دەم شەختە و وڕێنەی هەژوانییەوە توێ توێ کراوە و هێدی هێدی بە لێواری کلپەوە، ئازار و ئاواتەکانی دادەگیرسێت، پرسیارەکە ئا لێرەدا لەو هونەرمەندانە دەکرێت، کە بە توانایی جەربەزەییەکانیانەوە، سەرێ بە گریان و سەرێ بە سەمایەکی تێکەڵ بە وێنای وشەکانەوە، وەک پەپوولە بە دیار چرای شیعرەوە، هۆن هۆن ماڵی ماناکانیان بە تۆنی مۆسیقاو دەنگە ڕایەڵکراوەکەی کاکە حەمید بانەیی یەوە هەڵدەواسی و من بە حەق ڕووبار مەرسیدسی هونەرمەندم وەک گوڵە فرمێسکاوییەکەی ناو گوڵدانەکەی کانی ئاشقانم بە گرمۆڵەیی دەبینی، ئارەزووم بەوەبوو قەدەرێک لێی گەڕێن و ڕاینەچڵەکێنن، بەڵکو کەمێک لە تەوێنی ئازاراویماندا پشوو بسێنێت و دیسانەوە بەبێ ئەوەی مێژوو بپسێنێت، بە وێڵی چەمکێک ئازاری تر بە دووی خۆی بەرەو سنوورەکان بەکێش بکات و ویژدانمانی وەک جۆلانێ پێ ڕاژەنێت، بەڵام هەر ئەوەندەی لە بۆڵە شیعرێکدا پێی وترا: دەزانیت هەموو گیانێکیان پێ دەکێشرێت، ئەم ئەکتەرە بەهەناسەی ژەهراوییان بە جۆرێک تووشی پەلەقاژێی پێش مردن دەکرد، وەک برووسکەو چەخماخ بڵند دەبووەوەو... و... دەیویست ژیان بکاتەوە بەبەر ئاو و خۆڵ و بەردی ژەهراوی وڵاتەکەیدا، بۆیە پاشان زۆر بە هێوری بە دەم ئەو کەمە بەرزاییەوە بە تەنز و ستایلێکی زۆر هونەرییانەی مۆدێرنەوە شاری هێنایە بەر تەکان و ئەوانیش کۆڵان بە کۆڵان لەو دەرد و بەڵایە خۆیان دەتەکاند، ئەوەندەی نەدەبرد دیسانەوە ئەم دوو ئەکتەرە لە شێوەی هێشوویەک پێکەوە بەرەو نیشتمانێکی پڕ خۆشەویستی غل دەبوونەوەو بینەریان لە دەردی کۆچ و ڕەو ڕزگار دەکرد و جارێکی تر دەیانبردینەوە سەر سەرچاوەی خۆشەویستی ئەو تەرمانەی وەک بڵقێکی سەر دەریاکە حەسرەتیان لە تەک خۆیاندا تووڕ دەدایە دنیا پڕ شەرمەزارییەکەی دوژمنانەوە، ئەم دوو ئەکتەرە هەڵگری ئەستێڵک توانابوون کە لەڕێیەوە توانییان یەک یەک وشەی دێرەکان پاراوکەن و بەو لەشە ماندووەیانەوە

دەیانویست بە چیاکاندا هەڵژەنن، بەر لەوەی بەلووتکە بگەن، لەوێوە مەرگی براکانی خۆیان دەبینی، ئیتر دەنگی فڕە فڕی باڵەکان نەدەبیسترا، لەو دەمەوە ئەمان وەک باڵندە کێوییەکان ئارەزوویان بەگەڕانەوە بەرەو شاری تینوو، بازاڕی وەریو، کۆڵانی لوولکراو، سەرای مەرگاوی ناکرد، هەرلایەکی تریشیان بکردایە بۆنی گۆرانییە بڕراوەکان وەک بارووتی سندووقە فیشەکەکان بە ڕوویاندا دەتەقینەوە، تەنانەت دەم ئەشکەوتەکانیش بە بۆنی لەشی خێڵە چەقۆ وەشێنەکان ئاخنرابوون، ئەم دوو ئەکتەرە لە داخی ئەم هەموو بۆنی نیشتمانە لەو شاخەوە دەستیان بۆ تیشکەکانی خۆر درێژ دەکرد و دەیانویست بۆنی بەختیاری و سەرفرازی داگرنە کێڵگەکان، بەڵام لقوپۆپەکانیش ڕووت کرابوونەوەو لەبری بەختیاری تەنیا جەستەی خۆیان ڕادەژەنی و ناچار بە نیەتی هەڵاتن بەرەو کۆچێکی نوێ گوژمیان دەخواردەوە، ئەو دەمەی خۆیان بە بازاڕێکی بەتاڵ هاتە پێش چاو، لەتاوا قژی خۆیان دەڕنییەوەو دەیاندایە دەم بای بێ باکی و بێ دەربەستی، ئەم ئازارە لەیادی ڕەنگی بۆنەکانەوە ڕوحی داپۆشیبوون، بەڵام ئەو ئاخ و هەنسکدانەی نووسەر کە بۆ نیشتمانەکەی دەکات، نیشانەی ئەوەیە بەر لە هەمووان ئەو لەگەڵ بەدبەختییەکانیدا تاقەت ناگرێ و نایەوێت نە دەستبڕین و نە مەمک هەڵواسین و نە یارییە ڕەنگاوییەکان ببینێتەوە، خۆی لە سێبەری درەختێکدا هەڵخستووە، هەرچەند نە گەڵای، نە قەد و باڵای، نە سەوزاییەکەی بۆنی دار بەڕووی لێوەنایەت، وشەی وەڕسیی لەبری دەستبەسەری و بێدەنگی هەڵبژاردووەو پێی باشە ئەگەر لەوێشەوە بێت لەسەر کورسییەکی چایخانەیەک ئەم مێژووە بەبێ ڕەقیبێک بخوێنێتەوە، هەر لەوێوە، خەونە ڕەشەکان لە کۆڵ وەرزی ژیان بکاتەوەو ئەو دەستانەش ببڕێت کە ئاوی داچۆڕاوی قەدەکانی پێ فڕ دەکات، نووسەر کە دەڵێت نیشتمان بووە توێکڵە مۆزێک، یان بووە ڕیخۆڵە کوێرەیەک، یان میوەی گلار بوو، نیشتمان چێشتی ترشاوبوو، هەڵاتنێکی پێ لەدایک بوو، ئەو بۆنانەی نیشتمان بۆنی کێوێکی داڕزیو کردەی ژەهراوی دوژمنان بوو، بۆیە بە مشتێ خۆڵەوە لەو نیشتمانە دابڕاو سەرگەردان بوو، گیرسانەوە لە تاراوگە گرەوێکی ترە لەسەر بۆنە بێ لووتەکان، لەوێش گریانەکان لە ڕوحدا بۆ نیشتمان وەک ئاگری نەورۆز داگیرسابوو، دەبینرا بە دەنگ و ڕەنگ و جووڵەی ئەکتەرەکانەوە بۆنەکان وێستگەکانیان جێ دەهێشت و بە دەم جۆگەلەی خەیاڵەوە جارێکی تر سواری هزر دەبن و ڕوو لە وڵاتە تەماوییەکە دەکەن، لەوێشەوە بەبێ ئۆقرەیی لەبەردەم خانەقای شارەحەیاتەکەوە خۆیان دەخزێننە کۆڕی زیکری مەولاناو بە هەموو لایەکدا چاودەگێڕن ئاواتەکەی جارانی نووسەر، بەسەر دار و دیوار و باڵەخانەکان و هەموو کووچە و بەرزایی شەقامەکان و سەرسنگی کیژە مەکتەبلی و ڕێبوارەکان وەک دروشمی ڕۆژ بڵاوەیان پێ کراوە، لە شەقامدا ڕۆژ ڕۆژی خەندەبارین و گەردنئازاییە، لە خوێندنەوەی دروشمەکان وەڕسی تۆراوە، لەو بەرزاییەی لای ماڵی نامیق ئاغاوە نووسراوە (ڕاپرسیم دەوێ بۆ ئازادی، لەولاتر بەدەم فولکەکەوە دەڵێت، سوێندم بە خوا و ویژدان و نیشتمان، من یەکەم کەس دەبم لە دەنگدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان)، بەر لە هاتنی ئەو ڕۆژە مێژووییەو بەر لە تەواوبوونی ئەم شانۆییە، بۆنی شیعرەکانی شێرکۆ و بێکەسی باوکیم لە کورگەکەی گوندی مۆرتکەوە دەکرد و ڕوحی ئەو لە تاراوگەوە دەفڕی و بێکەسی باوکیش بەسواری تینوو، کلپەی هۆنراوە نیشتمانیەکانییەوە هەردووک بەرەوگردی مامەیارە ڕێیان دەکرد و لەدوای پیرەمێردەوە لە ناوەندی ئاپۆرای ئەهلی شارەوە شێرکۆ داستانە شعرییەکەی بەردەقارەمانی دەخوێندەوە.

*** شانۆیی بۆننامە، شێرکۆ بێکەس**

*** دراماتۆرگ: ئازاد بەرزنجی**

*** دەرهێنانی: عصمان فارس**

# هونەر پاش فەلسەفە

جۆسیف کۆسوس
لە ئینگلیزییەوە: هەڵگورد ئەحمەد حەمەد(*)

کۆسوسی بەرەچەڵەک ئەمەریکی لەدایکبووی (١٩٤٥)ـە، یەکێکە لە هونەرمەندە کاریگەرەکانی هونەری کۆنسێپچوەڵ، هاوشان نووسەرێکی هەستیاری پرسەکانی هونەرە، کارە هونەرییەکانی لەسەر پرسی زمانی لەناو کۆنتێکستی هونەردا نووسراوە.

(١)

ئەو کردەوەیەی ئەمڕۆ بۆ زانایانی فیزیا بووەتە چاولێکەری لە جووڵانی مەیلیان بەلای ئایین، نیشاندەری کەمی متمانەی زاناکان خۆیان بە ڕاستیودروستی گریمانەکانیانە، ئەمەش پەرچەکردارێک بوو لەبەرانبەر بەشێک لە زانا دژە-ئایینییە دۆگماتیزمەکانی سەدەی بیستەم، هەروەها دەرەنجامێکی سروشتی ئەو تەنگژەیەش بوو کە زۆر نەبوو بەسەر زانستی فیزیادا هاتبوو.

ا. ج. ئەیە

... هەرکاتێک لە کتێبی "تراکتەیتەس"ی ڤیتگنشتاین تێگەیشتیت، ئەوە هیچ جۆرە خۆهەڵخەڵەتاندنێک نامێنێتەوە بۆ خۆخەریکردن بە فەلسەفەوە، ئەمیش وەک زانست نە ئەزموونی دەبێت، نە وەک زانستی بیرکاری دووپاتبوونەوەی دەبێت؛ هەروەک چۆن ڤیتگنشتاین لەساڵی ١٩١٨ دەستبەرداری فەلسەفە بوو، ڕەنگە تۆش بەهەمان ڕۆژ بگەیت، هۆکارەکەشی ئەوەیە وەک لە کۆنەوە وتراوە، فەلسەفە ڕەگی لەسەر چەواشەکاری داکوتاوە.

ج. ا. ئارمسن

فەلسەفەی نەریتی، هەمیشە گرنگی بە نەگوتراوەکان، دەدا، کەم تا زۆر ئەو تێڕوانینە بەرتەسکەی "فەیلەسووفە

شیکارییە زمانەوانییەکانی" سەدەی بیست دەربارەی گوتراوەکان هەیانبوو بریتیبوو لەو مشتومڕە هاوبەشەی کە تێیدا هاتووە نەوتراوەکان ناگوترێن لەبەر ئەوەی دەرنابڕدرێن، فەلسەفەی هیگڵی لەسەدەی بیستدا مانایەکی بەدەستەوە دا و دەگونجا پێگەیەکی بۆ سەدەیەک هەبێت کە خەریک بوو بەسەر هیوم و فەلسەفەی ڕۆشنگەری و کانت دا زاڵ دەبوو،(١) هەروەها فەلسەفەی هیگڵ توانایی ئاوڕدانەوەی هەبوو لە داکۆکیکردنی لە بیروباوەڕە ئاینییەکان و دابینکردنی جێگرەوەیەک بۆ بیردۆزی میکانیکی نیوتنی،(٢) گونجان لەگەڵ گەشەسەندنی مێژوو وەک پەیڕەوێک، هەروەها پەسەندکردنی بیردۆزە بایۆلۆجییەکەی داروین، هاوکات هیگڵ وا دەردەکەوت چارەسەرێکی گونجاوی پێ بێت بۆ کێشمەکێشمی نێوان زانست و ئایینناسی.

ئاکامی کاریگەرییەکەی هیگڵ ئەوەی دەرخست بەشی زۆری فەیلەسووفە هاوچەرخەکان کەمێک لە مێژوونووسە فەلسەفییەکان ئاگاترن، یان دەتوانرێ بگوترێت خوێنەری کتێبگەلێکی باشن، دواجار دەگەنە ئەو باوەڕەی کە "هیچ شتێکی تر نەماوە تا بگوترێت،" بێ گومان ئەگەر کەسێک بەتەواوەتی لە پوختەی هزری ڤتگنشتاین بگات و ئەو هزرەش کەوتە ژێر کاریگەری ئەو کەسە خۆی و ئەوانی دوای خۆی، ئەوە لێرەدا هیچ پێویست ناکات ڕەچاوی فەلسەفەی کیشوەری "کۆنتینێنتەڵ" بکرێت.(٣)

ئایا لەکاتی ئێستاماندا هۆکارێک بۆ ناڕاستەقینەیی فەلسەفە هەیە؟ ڕەنگە ئەمە بە تێڕامان لە جیاوازی نێوان ئێستامان لەگەڵ سەدەکانی ڕابوردوو وەڵام بدرێتەوە. لە ڕابوردوودا، بڕیاری مرۆڤ سەبارەت بە جیهان لەسەر ئەو زانیارییانە بەندبوو کە دەربارەی جیهان دەیزانی، ئەگەر بڕیارەکان بەتایبەت لەسەر بنەمای ئەزموونی نەبوونایە، ئەوە بەگشتی لەسەر بنەمای عەقڵی دەبوون، زۆرجار ئەو نزیکییە لەنێوان زانست و فەلسەفە زۆر بەهێزبووە، زانا و فەیلەسووفەکان یەکێک بوون، هەمان کەسایەتی، لەسەردەمانی تالیس، ئیپیکۆرس، هێراکلیتس، ئەرستۆ بۆ دیکارت و لایبنز،" زۆرجار ناوە گەورەکان لە فەلسەفەدا هەمان ناوبوون لە زانستیشدا."(٤)

وێناکردنی جیهان لەڕێی زانستی سەدەی-بیستەوە، زۆر جیاوازترە لەو جیهانەی لەڕێی زانستی سەدەی



**ڤتگنشتاین**

ڕابوردووەوە وێناکراوە، لێرەدا پێویست ناکات ئەمە پشتڕاست بکرێتەوە، ڕاستییەکەی لەکاردانەوەی ئەمەدا دەگونجێت مرۆڤ پەی بە زۆر شت بردبێت، لەبەر ئەوەی "ژیری" لە ئاستێکدایە، ناتوانێت بڕوا بە مەنتیقی فەلسەفەی نەریتی بکات؟ ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەو زانیارییە زۆرە بێت کە دەربارەی جیهان دەیزانێت بۆ گەیشتن بەو ئەنجامانە؟ هەروەک جەیمس جینس وتوویەتی:

کاتێک فەلسەفە بەکەڵکی خۆی سەلماند لەناو پانتایی دەرئەنجامە زانستییەکان، ئەمە بەخواستنی پێناسەیەکی بیرکارییانەی پەتی ڕێسای ڕووداوەکان نەبوو، بەڵکو بە خواستنی پێناسەیەکی وێنەیی هەنووکەیی ڕێساکە بوو؛ کەوابوو زانیارییەکی دیاریکراوی دابین نەکرد، بەڵکو تەنیا قەبڵاندن بوو، ئەم قەبڵاندنانەش زۆرجار بەسبوون بۆ جیهانێک بە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ، بەڵام بۆ ئاستی ئەو زانینەی ئێستامان نا دەربارەی دوایەمین پرۆسێسەکانی سروشت کە کۆنترۆڵی ڕووداوەکانی جیهانە-بەئاستی-تێگەشتنی-مرۆڤەکە دەکات، نزیکمان دەکاتەوە لە سروشتی ڕاستودروستی ڕاستەقینە،(٥)

هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت: یەکێک لە

دەرئەنجامەکانی ئەم بارودۆخەش ئەوەیە؛ گفتوگۆیەکی نموونەیی فەلسەفی سەبارەت بە گەلێک پرس، وەک پرسی "پێوەندی نێوان هۆ و ئەنجام"، ویستی-ئازاد، یان ماتریالیزم، یان مێنتالیزم، لەسەر شیکاری ڕێسای ئەو ڕووداوانە بنیاد نراوە کە چیدی بەهەند وەرناگیرێن، بنەمای ڕاستەقینەی ئەم گفتوگۆ زانستییە کۆنانە شۆڕاونەتەوە، بە لەناوچوونیان هەموو مشتومڕەکانیش سەبارەت پێیان لەناوچوون.(٦)

سەدەی بیستەم لەکاتێکدا هات کە دەتوانرێت بە "کۆتایی فەلسەفە و دەستپێکی هونەر" دابنرێت، بەدڵنیاییەوە مەبەستم نییە بەرەهایی دانی پێدا بنێم، بەڵکو زیاتر "مەیلێکە" بۆ خوێندنەوەی بارودۆخەکە، فەلسەفەی زمانەوانی بەدڵنیاییەوە دەکرێت بە میراتگری فەلسەفەی ئەزموونی دابنرێت، بەڵام ئەمە فەلسەفەیەکە بەیەک ئاراستە،(٧) لێرەدا گومان لەوە ناکرێت کە ڕەهەندێکی هونەری لە هونەرەکانی بەر لە دۆشامپ بەدی دەکرێت، بەڵام ڕەهەندەکانی تری ئەم هونەرانە، یان هۆی-بوونیان زۆر زەق کراونەتەوە، ئەمیش تواناییەکانیان لە دەرکەوتنیان وەک هونەر سنووردارەدەکات، وایان لێ دەکات بە ئەستەم هونەریان تێدا بەدی بکرێت،(٨) هیچ هێڵێکی زەق لە بەینی پێوەندی نێوان "کۆتایی فەلسەفە" و "دەستپێکی هونەر نییە"، بەڵام وای نابینم ئەم ڕوودانە بەهەڵکەوت بێت، هەرچەندە هەمان هۆکارەکان دەشێ بەرپرس بۆ هەردوو ڕوودانەکە (کۆتایی فەلسەفەو سەرەتای هونەر)، دیاریکردنی ئەم وەچەرخانە بۆچوونی خۆمە، هەموو ئەمانە دەخەمە ڕوو بۆ لێکدانەوەی ڕۆڵی هونەر، پاشانیش توانایی مانەوە و درێژەکێشانی، ئەم هەوڵە دەدەم بۆ توانایی پێدانی کەسانی تر لە تێگەیشتنیان بۆ ڕەواکردنی هونەرەکەم، بەشێوەیەکی گشتگیرتر، هونەری هونەرمەندانی تر، هەروەها خستنەڕووی تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە زاراوەی "هونەری کۆنسێپچوەڵ".(٩)

## ڕۆڵ، یان ئەرکی هونەر

دیارترین ئاستەنگەکان بۆ نزمترکرنەوەی ئاستی وێنەکێشان بریتییە لەو پێشکەوتنانەی ناو هونەر کە هەرگیز ئەوانە نین بەسەر ڕواڵەتی بینگەیی کارە هونەرییەکاندا دەهێنرێن.

دۆناڵد جەد (١٩٦٣)

نیوەی یان زیاتر لە نیوەی باشترین کارە هونەرییە نوێکان لەم چەند ساڵانەی دواییدا، نە وێنەن و نە پەیکەر.

دۆناڵد جەد (١٩٦٥)

هەر تایبەتمەندییەک پەیکەر هەیبێت، کارەکانی من نییانە.

دۆناڵد جەد (١٩٦٧)

ئایدیا دەبێتە بزوێنەرێک بۆ بەرهەمهێنانی هونەر.

سۆل لویت (١٩٦٧)

تەنیا شتێک دەربارەی هونەر بگوترێت یەک شتە، هونەر هونەرە-وەک-هونەر هەر شتێکی تر شتی ترە. هونەر وەک هونەر هیچ نییە تەنیا هونەرە، هونەر هەر شتێک لە خۆ ناگرێت کە هونەر نەبێت.

ئاد ڕاینهارد (١٩٦٣)

مانا لە کەڵک لێوەرگرتندایە.

ڤیتگنشتاین

ڕێگەیەکی کاریگەرتر بۆ خوێندنەوەی کۆنسێپتەکان خواستی گۆڕینی میتودی لەخودکۆڵینەوەی کۆنسێپتەکانی لێ دەکرێت، واتە لەبری هەوڵدان بۆ تێگەیشتن، یان باسکردنی خودی کۆنسێپتەکان خۆیان، دەتوانین بڵێین، سایکۆلۆجیستەکان بە جۆرێک خوێندنەوەیان بۆ دەکەن کە وەک یەکەیەک لە پێکهاتەی بڕیار و باوەڕەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن.

ئارڤین م. کۆپی

هەمیشە مانا پێش گریمانەی کردارە.

ت. سەگرستێد

ناوەڕۆکی "خوێندنەوە کۆنسێپچوەڵیەکان" بریتییە لە مانای وشە و دەربڕینە دیاریکراوەکان- نەک خودی شتانێک، یان چۆنێتی کارگەلێک دەربارەی ئەو بابەتەی لێی دەدوێیت، لەکاتی بەکارهێنانی ئەو وشەو دەربڕینانە.

گ. ها. ڤۆن ڕایت

بیرکردنەوە لەبنەڕەتدا خواستەیە (میتافۆر)، یەکخستن لەسەر بنەمای پێ-چواندن (Analogy)، بریتییە لە یاسا بنچینەکەی، یان ڕێساکەی، یان پێوەندییە هاوبەشە هۆکارییەکانی، لەبەر ئەوەی مانا تەنیا لەڕێی میانە هۆکارییەکانەوە دەردەکەوێت کە لە ڕێیەوە نیشانەیەک

جێی نموونەی بابەتێک، یان دۆزێک دەگرێتەوە بۆ بیرکردنەوە لەهەر شتێک، بەهەند وەرگرتنیەتی وەک دۆزێک (وەک ئەم، یان ئەو دۆز) ئەم "دۆز"ەش، (بەئاشکرا بێت، یان شاراوە) دەبێتە هۆی هێنانە ئارای پێ-چواندن، تەربیکردن، مامەڵەی میتافۆری پێ کردن، یان بەڵگاندن و تاووتوکردن، ئاراستەکردن لە نێوانیشیاندا تەنیا عەقڵ بە جێگیری دەمێنێتەوە، ئەم مانەوەش درێژە ناکێشێت ئەگەر شتێک نەبێت لێوەی وەرنەگیرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە بیرکردنەوە وەک بەرهەمی ئەو عەقڵەو خولیاکان بۆ شتەکان ئەو شتەیە لێیەوە وەردەگرێت.

ء. ا. ریچاردس

لەم بەشەدا لەسەر جیابوونەوەی ئیستێتیکا لە هونەر دەدوێم، بەکورتی لە هونەری فۆرمالیستی دەکۆڵمەوە (لەبەرئەوەی لایەنگرێکی سەرەکی بیرۆکەی ئیستێتیکایە وەک هونەر)، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە هونەر بە پێشنیارێکی شیکاری چوێنراوە، ئەمە بوونی هونەرە وەک دووپاتبووەوەیەک، کە توانایی بە هونەر دەدات لە گریمانە فەلسەفییەکان بە "دوورەپەرێز"ی بمێنێتەوە.

پێویستە هونەر لە ئیستێتیکا جیابکرێتەوە، چونکە ئیستێتیکا مامەڵە لەگەڵ ڕایەکان بەشێوەیەکی گشتی دەکات سەبارەت بە دنیابینی جیهان، لە ڕابوردوودا یەکێک لە دوو لقی سەرەکی ڕۆڵەکانی هونەر بایەخەکەی بووە وەک نەخشاندن. لەبەر ئەمەشە هەر لقێک لە فەلسەفە مامەڵەی لەگەڵ "جوانی"، یان چێژ کردبێت، ئەوە بەناچاری دەبوو سەبارەت بە هونەریش بدوێت، لەهەناوی ئەم "نەریت"ەوە ئەو بیروڕایە گەشەی سەند کە گوایە پێوەندییەکی چەمکی لەنێوان هونەر و ئیستێتیکادا هەیە کە ئەمیش هیچ بنەمایەکی دروستی نییە، سەیر لەوەدایە هەتا ئەم دواییانە، هەرگیز ئەم بۆچوونە لەگەڵ بایەخە هونەرییەکاندا دژ نەدەوەستا، ئەمیش هەر لەبەر تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکەی هونەر لە درێژەدان بە دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵەیە نەبووە، بەڵکو هاوشان لەبەر "ئەرکە" دیارەکانی تری هونەر بووە (بۆ نموونە: نیشاندانی بابەتە ئاینییەکان، پۆرترێتی ئەرستۆکراتییەکان، وردەکاری هونەری بیناسازی...تاد) خودی هونەر بەکارهات بۆ پەردەپۆشکردنی هونەر خۆی.



**لاینیتس**

کاتێک تەن، یان قەوارەکان، لە چوارچێوەی هونەردا دەخرێنەڕوو (هەتا ئەمڕۆش تەنە هونەرییە بەکارهاتووەکان) بەئەندازەی هەر تەنێکی تری جیهان لەبارن بۆ بایەخی ئیستێتیکی، بایەخی ئیستێتیکی تەنێک کە لە بواری هونەردا بوونی هەیە مانای ئەوەیە بوونی تەنەکە یان ڕۆڵی لە چوارچێوەی هونەردا هیچ پێوەندی بە بڕیاری ئیستێتیکییەوە نییە.

پێوەندی نێوان ئیستێتیکا و هونەر لەگەڵ پێوەندی نێوان ئیستێتیکا و بیناسازی جیاوازییەکی نییە، لە هونەری بیناسازیدا ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە و دەبێت هەر لە سەرەتاوە ڕەچاوی نەخشەی بیناکە بکرێت کە تاچەند "بەباشی" لەگەڵ لەباری ئەرکی بیناکە دەگونجێت، هەر بۆیە بڕیاردان لەسەر ڕواڵەتەکەی یەکسانە بە چێژ، دەتوانین لەڕێی مێژووی نموونەگەلێک لە بیناسازی جیاواز ئەمە بەدی بکەین کە ناوبەناو بە پێی ئیستێتیکای چەرخە دیاریکراوەکان بەرز ڕاگیراون، تەنانەت بیری ئیستێتیکی لەوە زیاتریشی تێپەڕاندووە لە بەئەنجام گەیاندنی نموونەگەلێکی بیناسازی کە بە هیچ شێوەیەک پێوەندییان بە هونەرەوە نییە، خۆیان لە خۆیاندا هونەرن (بۆ نموونە هەرەمەکانی میسر).

ڕاستییەکەی ڕۆڵی تەنەکان، یان هۆکاری بوونیان هەمیشە نامۆبوون بە بایەخە ئیستێتیکییەکان، مەگەر سەراپا هۆی بوونی تەنەکە بۆ ئامانجێکی ئیستێتیکی بووبێت، نموونەیەکی ڕوونی تەنێکی ئیستێتیکی، تەنێکی نەخشێنراوە، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لە نەخشاندندا بریتییە لە "زیادکردنی شتێک بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشکردنی؛ جوانکردنی؛ نەخشونیگارکردنی،"(١٠) ئەمەش ڕاستەوخۆ پێوەندی بە چێژەوە هەیە، هەر ئەمەشە ڕاستەوخۆ بەرەو هونەری "فۆرمالیستی" و ڕەخنەکانی پەلکێشمان دەکات،(١١) هونەری فۆرمالیستی (وێنە بێت، یان پەیکەر) پێشەنگی ئەو هونەرانەن کە ڕەچاوی جوانکارییان تێدا کراوە، بەجۆرێک، کەسێک ژیرانە دەتوانێت پێداگری لەسەر ئەوەبکات کە پێگە هونەرییەکانیان زۆر کەمە، لەبەر ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆڵانە بەهیچ شێوەیەک هونەر نییە، تەنیا بەکارهێنانێکی ئیستێتیکی پەتییە. لەسەرووی هەموو شتێکەوە کلیمێنت گرینبێرگ ڕەخنەگری چێژە، لەپشت هەر هەڵسانگاندنێکی، بڕیارێکی ئێستێتیکی بوونی هەیە، ڕەنگدانەوەی چێژی خۆی لەپاڵ ئەم بڕیارانەدا ئامادەیی هەیە، کەواتە چێژی ئەو ڕەنگدانەوەی چییە؟ کاریگەری ئەو سەردەمەی کە تێیدا وەک ڕەخنەگرێک گەشەی کردووە، بەلایەوە وەک بنەمایەکەو گرنگە بۆی: واتە پەنجاکانی ژیانی،(١٢) با بڵێین تیۆرییەکانی بە هەند وەردەگرین بۆ هەڵسەنگاندنی هونەرمەندان (ئەگەر لۆژیکێکی تێدابێت بۆیان) ئەی چۆن کەسێک هەژمار بۆ پشتگوێ خستنەکەی گرینبێرگ دەکات بە فرانک ستێلاو ئاد ڕاینهارد و ئەوانی کە ئەم بەرنامە مێژووییەی دەیانگرێتەوە؟ سەرهەڵدانی ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت "لەبنەمادا خۆی لە تاووتوکردنی زەمینەی دۆخە هونەرییەکە بەگشتی" نادات؟(١٣) یان بەدەربڕینێکی تر، کاری هەندێکیان لەگەڵ چێژی ئەودا نایەتەوە؟

لە تەبولە-ڕازەی فەلسەفی هونەردا "ئەگەر بە هونەر دابنرێت" هەر وەک دۆناڵد جەد وتوویەتی، "ئیدی هونەرە." لەمەوە وا دانێ، هونەری فۆرمالیستی و چالاکییە پەیکەرسازییەکانی دەکرێت وەک هونەری مەرجدار دانیان پێدا بنرێت، بەڵام تەنیا لەبەر چۆنێتی نیشاندانیان لەو ڕوانگەوە کە هونەر لە ئایدیاکانیاندایە (بۆ نموونە کانڤاسێکی شێوە لاکێشەیی توندکراو بەسەر چوارچێوەی تەختە، بەم ڕەنگ، یان بەو ڕەنگ داپۆشراو، بەکارهێنانی ئەم فۆرم، یان ئەو فۆرمی بینگەیی...تاد). لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە دیقەتی هونەری هاوچەرخ بدە، بەتایبەت لەناو بەشێک لە هونەرمەندە فۆرمالیستییەکان، هەموو ئەو وێنەکێش و پەیکەرسازانەی ئەمڕۆ کە بەم شێوەیە کاردەکەن، کەمترین هەوڵی داهێنەرانە بەدی دەکەیت.

ئەمە بەرەو ئەو تێگەیشتنە دەمانهێنێت کە هونەری فۆرمالیستی و ڕەخنەکەی پێناسەیەکی هونەریان لا پەسەندە کە بە جیا لەسەر پێگەیەکی مۆرفۆلۆجی بوونی هەبێت، لەکاتێکدا ڕێژەیەکی زۆری تەن، یان تابلۆی لەڕواڵەتدا لەیەکچوو (یان ئۆبجێکت و لەڕووی ڕواڵەتەوە تابلۆی پێوەندیدار بەیەکەوە) وادەردەکەون کە پێوەندییان بەیەکەوە هەبێت (یان وابەستەی یەک بن) لەبەر هاوشێوەیی "خوێندنەوە" بینگەییەکان، ناتوانرێ لەڕێیانەوە دان بە پێوەندی هونەری، یان تێمایەکانیاندا بنرێت.

لەمەشەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە پشتبەستنی ڕەخنەی فۆرمالیستی بە مۆرفۆلۆجیا، ناچاری دەکات بەلای مۆرفۆلۆجیای هونەری نەریتیدا دایشکێنێت، لەم تێگەیشتنەوە ڕەخنەیەکی لەم جۆرە ناپێوەندیدارە بە "میتودێکی زانستی"، یان هەر جۆر، یان کایەیەکی ئەزموونگەری (وەک مایکڵ فرید لەدرێژەی باسی تابلۆکان و نووسراوە ئەکادیمییە لاوەکییەکانی تریدا دەیەوێت بمانهێنێتە سەر ئەو بڕوایە)، ڕەخنەی فۆرمالیستی هیچ نییە جگە لە شیکاری فیزیایانەی کۆمەڵێک تەنی دیاریکراو کە لە میانەیەکی مۆرفۆلۆجیدا دەکرێت بێنە بوون، بەڵام ئەمە هیچ زانیاری (یان بەڵگەیەک) بۆ تێگەیشتنمان لە سروشتی ڕۆڵی هونەر زیاد ناکات، تەنانەت ئاماژەش نادات بەوەی کە ئایا تەنە شیکارکراوەکان هونەرن، یان نا، لەبەر ئەوەی ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان هەمیشە چەمک، یان پێکهاتەی تێمایی کارە هونەرییەکانیان فەرامۆش کردووە، هۆکاری فەرامۆشکردنی ڕەهەندی تێمایی لە کارە هونەرییەکاندا دەقاودەق لەبەر ئەوەیە کە هونەری فۆرمالیستی کاتێک هونەرە کە بچێتەوە سەر کارە هونەرییەکانی پێشتر، هونەرێکی بەتاڵە - لە - هزر،

یان وەک لووسی لیپەرد بەکورت و پوختی لە باسی تابلۆکانی جولیس ئۆلیتسکی دەڵێت: "کارەکانی ڤیژوەڵ میوزاکن." واتا بازاڕین.(١٤)

ڕەخنەگرە فۆرمالیستییەکان هەروەک هونەرمەندە فۆرمالیستییەکان پرسیار لە سروشتی هونەر ناکەن، بەڵام وەک لە شوێنی تردا ئاماژەم پێداوە: "هونەرمەندبوون لەمڕۆدا مانای پرسیارکردنە لە سروشتی هونەر، گەر هاتو کەسێک پرسیاری لە سروشتی وێنەکێشان کرد، ئەوە پرسیاری لە سروشتی هونەر نەکردووە، ئەگەر هونەرمەندێک وێنەکێشان، یان (پەیکەرتاشی) پەسەند بکات، ئەوە ئەو نەریتەش پەسەند دەکات کە وابەستەیەتی، ئەمیش لەبەر ئەوەی وشەی هونەر گشتییەو وشەی وێنەکێشان دیاریکراوە، وێنەکێشان جۆرێکە لەناو کایەی هونەر، ئەگەر وێنەت کێشا، ئەوە تۆ سروشتی هونەر پەسەند دەکەی (نەک پرسیاری لەبارەوە بکەی)، لەم تێگەیشتنەوە کەسێکە سروشتی ئەو هونەرە پەسەند دەکات کە بچێتەوە سەر پەرتکردنی وێنە و پەیکەری نەریتی ئەوروپی.(١٥)

کاریگەرترین ڕەخنەیەک بتوانرێت لەدژی پاساوی مۆرفۆلۆجی سەبارەت بە هونەری نەریتی ئاراستە بکرێت، ئەوەیە کە بیروڕا مۆرفۆلۆجییەکانی هونەر بەرجەستەی کۆنسێپتێکی مەزەندەکراوی نائاشکرای ئەگەرە هونەرییەکان دەکەن، بەڵام کۆنسێپتێکی مەزەندەکراوی سروشتی هونەر (جیایە لە پێوەرە شیکارییەکانی پێشنیارە هونەرییەکان، یان "جۆرە کارێکی هونەری" کە دواتر لەبارەیەوە دەدوێم) کە دەیکاتە مەزەندەکراوێک و لە ڕێیەوە پرسیار ورووژاندن لە سروشتی هونەر ئەستەم دەکات، ئەم پرسیار ورووژاندنەش سەبارەت بە سروشتی هونەر ڕەهەندێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنمان لە ڕۆڵی هونەر.

ڕۆڵی هونەر، وەک پرس- ورووژاندن، سەرەتا لەلایەن مارسل دۆشامپەوە سەرچاوەی گرت، کە بە هیمەتی مارسل دۆشامپەوەیە ئێمە دەتوانین ناسنامەی ڕاستەقینە بدەینە پاڵ هونەر خۆی، (بەڕوونی هەست بە ئارەزووی پێناسەکردنی-خودیانە بۆ هونەر دەکرێت کە لە مۆنێت و سیزانەوە دەستی پێ کردووە تاوەک کوبیزم درێژ دەبێتەوە،(١٦) بەڵام کارەکانیان ترسنۆکانە و مانا-لێڵ بوون بەبەراورد بەکارەکانی دۆشامپ) هونەری مۆدێرن و کارە هونەرییەکانی پێشتر وادەردەکەوتن وابەستەی یەک بن لەبەر لەیەکچوونیان لەڕووی شێوە و پێکهاتنیانەوە، خوێندنەوەی ئەمە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئەوەیە، زمانی هونەرەکە وەک خۆی مایەوە، بەڵام شتی نوێی پێ دەردەبڕا، ئەو ڕووداوەی کە بووە هۆی ڕێ خۆشکردن بۆ ئەو تێگەیشتنەی کە دەگونجێت بە زمانێکی تری هونەری دەربڕین و بشگونجێت لەناو کایەی هونەردا، ئەو ڕێدی-مەیدانە بوو کە مارسل دۆشامپ لە سەرەتاوە هێنای، لەوێوە هونەر سەنتەری خۆی لە فۆرمی زمانی هونەرەوە وەرچەرخاند بۆ ئەو باسانەی دەیووروژاند سەبارەت بە هونەر، ئەمیش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە بووە هۆی گۆڕینی سروشتی هونەر لە پرسی مۆرفۆلۆجییەوە بۆ پرسی فەنکشن، واتە لە پرسی ڕواڵەت بەرەو پرسی ئەرک، ئەم وەرچەرخانە لە ڕووکەشی هونەرەوە بۆ تێماکەی سەرەتای هونەری مۆدێرن و هونەری کۆنسێپچوەڵیش بوو، هەموو هونەرێک (پاش دۆشامپ) کۆنسێپچوەڵە (لە سروشتیدا) لەبەر ئەوەی هونەر تەنیا لە دۆخی کۆنسێپچوەڵیدا ئەگەری بوونی هەیە.

بەهای هونەرمەندە تایبەتەکانی دوای دۆشامپ دەکرێت بەپێی چەندێتی پرسیارکردنیان لە سروشتی هونەر پێوانە بکرێت؛ بە دەربڕینێکی تر "چییان بۆ کۆنسێپتی هونەر زیاد کردووە"، یان چی لە کایەی هونەردا ئامادەیی نەبووە پێش ئەوەی دەست پێ بکەن، هونەرمەندەکان پرسیار لە سروشتی هونەر دەکەن بە خستنە ڕووی پێشنیاری نوێ سەبارەت بە سروشتی هونەر، بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش هونەرمەندێک ناتوانێت خۆی بە "زمان"ـە هونەرییە نەریتییە دەستاودەست هاتووەکە پەیوەست بکات، لەبەر ئەوەی ئەم چالاکیانە لەسەر ئەو گریمانە بنیاد نراوە کەگوایە تەنیا یەک ڕێگا هەیە بۆ بەبینگەکردنی پێشنیارە هونەرییەکان، بەڵام ڕاستییەکەی پشکی سەرەکی لە هونەرکردندا بریتییە لە "ئەفراندنی" پێشنیارە نوێیەکان.

زۆرجار ئەم باسە لەگەڵ ئاماژەدان بە دۆشامپ دەورووژێنرێت، لەم ساڵانەی دواییدا ئەو تەنە هونەریانە (بێ گومان لە نموونەی ڕێدی-مەیدەکان، بەڵام ئەوانەی هەموو هونەرەکە لەناویاندا شاراوەتەوە) بە شێوەیەک هەڵدەسەنگێنران کە هونەرێکی نەزۆکن مەبەستی هونەرمەندەکان پشتگوێ خرابوون. مشتومڕێکی لەم جۆرە بریتیە لە کەیسی بیرۆکەیەکی پێشوەخت بڕیار

لەسەردراوی هونەری کە کۆمەڵێک بەڵگەی بۆ ڕیزکراوە، ڕەنگە هەر پێوەندیشیان بەیەکەوە نەبێت، کرۆکی بابەتەکە ئەوەیە: ئیستێتیکا، وەک پێشتر تاووتومان کرد، لەڕووی چەمکەوە پێوەندی بە هونەرەوە نییە، لەبەر ئەوە هەرشتێکی بەرجەستە، یان فیزیکی دەگونجێت ببێتە هونەرێکی نەزۆک، ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت، چێژبەخشە بۆ ئەزموونی چاو، لەڕووی ئیستێتیکییەوە کەیف هێنەرە...تاد، بەڵام ئەمە هیچ پێوەندی بە بەکارهێنانی تەنەکە لە چوارچێوەیەکی هونەریدا نییە؛ بەتایبەت پەیامی کارەکە لەناو کۆنتێکستی هونەریدا، (بۆ نموونە ئەگەر کۆلێکتەیەک تابلۆیەک بێنێت، قاچی پێوە بلکێنێت، دواجار وەک مێزی نانخواردن بەکاری بێنێت، لێرەدا ئەو کارەی ئەم پێوەندی بە هونەرەوە، یان هونەرمەندەکەوە نییە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی هونەرییەوە نیازی هونەرمەندەکە ئەوە نییە.)

ئەوەی کارەکانی دۆشامپی بە ڕەسەنی هێشتەوە، بەسەر زۆربەی هونەرەکانی دوای خۆشیدا دەچەسپێت، بە دەربڕینێکی دی، بەهای کۆبیزم لە ئایدیاکەیەتی لەناو پانتاییە هونەرییەکەدا، نەک بەدی کردنی خەسڵەتێکی بینگەیی، یان فیزیکی تابلۆیەکی دیاریکراو، یان زەقکردنەوەی ڕەنگ، یان شێوە دیاریکراوەکان، چونکە ئەم ڕەنگ و شێوەیانە دەچنە خانەی (زمان)ی هونەرەوە، نەک مانا کۆنسێپچوەڵەکەی وەک هونەر، ئێستا هەڵسەنگاندنی شاکارێکی کیوبیزم وەک هونەر شتێکی بێ مانایە، هەڵبەت لەڕوانگەی تێمایییەوە، (ئەو زانیارییە بینگەییانەی لە زمانی هونەری کیوبیزمدا بێ هاوتابوون، ئێستا هەزم کراون و زیاتر پێوەندییان بە شێوازێکەوە هەبووە کە مامەڵەکانی تێدا لەگەڵ تابلۆ زیاتر زمانەوانی هونەری، یان ڕواڵەتی بوون. [بۆ نموونە مانای تابلۆیەکی کیوبیزم چ لەڕووی ئەزموونییەوە، یان تێمایییەوە چییە؟ وا دانێ کێترود ستاین، لەسەرووی ئاستی تێگەیشتنمانەوەیە لەبەر ئەوەی هەمان تابلۆ مانایەکی جیاوازی هەبوو لەو مانایەی ئێستا دەیدات] (ئێستا بەهای تابلۆیەکی ئۆریجناڵی کیوبیزم لە زۆر ڕوانگەوە جیاواز نییە لە دەستنووسێکی ئۆریجناڵی لۆرد بیرۆن، یان ڕوحی ئەولیا لویس کە لە دەزگای سمسونیان بەرچاو دەکەوێت، (ڕاستییەکەی مۆزەخانەکان وەک دەزگای سمسونیان پڕن لە هەمان نموونە، بۆچی دەستەی لۆڤەر پالێتەکانی سیزان و ڤان کۆگ شانبەشانی تابلۆکانیان نیشان دەدەن؟) کارە هونەرییە ڕاستەقینەکان کەمێ لە کەلوپەلە مێژوویییە سەنجڕاکێشەکان زیاترن کە هونەر گرنگی بە تابلۆکانی ڤان کۆگ دەدات، ئیدی بایەخدان بە پالێتەکانی بۆچی؟ هەردووکیان "کەلوپەلی کۆلێکتەن". (١٧)

هونەر لەڕێی کاریگەری دانان لەسەر هونەرەکانی تر درێژەی دەبێت، نەک بوونی وەک پاشماوەی فیزیکی ئایدیاکانی هونەرمەند، هۆکاری ئەوەی بۆ هونەرمەندی جیاواز لە ڕابوردوودا دەهێنرێنەوە بەرباس، لەبەر ئەوەیە کە هەندێک ڕەهەندی کارەکانیان بۆ هونەرمەندانی ئێستا نائاشکرایە، هیچ ڕاستییەک لەوەدا نییە کە بلێیت ناسینەوە و دەستنیشانکردنی هونەر تا ڕادەیەک نادیارە.

ئایا ڕۆڵ، یان سروشتی هونەر چییە؟ ئەگەر درێژە بە پێچواندنی فۆرمەکانی هونەر بدەین کە بە زمانی هونەر دانراون، دەگەینە ئەو باوەڕەی کارێکی هونەری جۆرێکە لە پێشنیار لە چوارچێوەی هونەریدا پێشاندراون بۆ لێدوان سەبارەت بە چییەتی هونەر، پاشان دەتوانیت زیاتر لەوە بڕۆیت و شیکاری جۆری پێشنیارەکانیش بکەیت.

لێرەدا ئاماژەدان بە هەڵسەنگاندنەکەی ا. ج. ئەیە بۆ جیاکارییەکەی کانت لە نێوان شیکاری و بنیادی پێویستە: "پێشنیار شیکارییە، ئەگەر هاتو ڕاستیودروستی پشتبەست بێت بە ناساندنی ئەو سیمبۆلانەی لەخۆیدا هەڵیگرتوون، بنیادیش کاتێک ڕاستیودروستی بەپێی ئەزموونی بەڵگەکان دیاری بکرێت."(١٨) ئەو پێچواندنەی هەوڵ دەدەم تیشکی بخەمە سەر لە نێوان دۆخی هونەر لەگەڵ دۆخی پێشنیارە شیکارییە، لەمەشدا وادەرناکەون جێی بڕواپێکردن بن وەک هەرشتێکی تر، (جگە لە هونەر) فۆرمەکانی هونەریش بە ئاشکرا لەکۆتاییدا ئاماژەن تەنیاو تەنیا بۆ هونەرێک کە فۆرمەکەی لە پێشنیارە شیکارهەڵگرەکان نزیکە.

کارە هونەرییەکان پێشنیاری شیکار-هەڵگرن، ئەمەش وادەگەیەنێت، ئەگەر لە میانەی خۆیاندا وەک هونەر نیشان دران، بەهیچ شێوەیەک هیچ زانیارییەک بەدەستەوە نادەن سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی هەر ڕاستییەک، کاری هونەری تۆتۆلۆجییە کە تێیدا

نیشاندەری مەبەستی هونەرمەندەکەیە، وردتر بڵێین، هونەرمەندەکە دەڵێت ئەم کارە هونەرییە دیاریکراوە، هونەر ئەمیش بەو مانایە دێت کە ناساندنێکە بۆ هونەر، لەبەر ئەوە هونەرەکە گریمانەیەکی دروستە (هەر ئەوەیە کە جەد مەبەستیەتی کاتێک دەڵێت "ئەگەر کەسێک بە هونەری بزانێت، ئیدی دەبێتە هونەر".

ڕاستییەکەی تا ڕادەیەک ئەستەمە گشتگیرانە وتووێژ لەسەر هونەر بکەین بەبێ ئاماژەدان بە کایە تۆتۆلۆجییەکان- لەبەر ئەم هۆکارەشە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی هونەر بە هەر ڕێگەچارەیەکی تر تیشکخستنە سەر ڕەهەندێک، یان تایبەتمەندییەکی تری پێشنیارەکەیە کە ئەمیش هەمیشە ناپێوەندیدارە بە "دۆخی هونەری" کارە هونەرییەکەوە، کەسێک دەگاتە ئەو باوەڕەی کە "دۆخی هونەر"ی هونەر کۆنسێپچوەڵ ئامێزە، ئەمە وادەگەیەنێت فۆرمەکانی زمانی هونەر کە هونەرمەند لەڕێیانەوە پێشنیارەکانی پێ دەخاتەڕوو، زۆرجار کۆد، یان زمانی خودین، یان زمان دەرئەنجامێکی سەپاوی ئازادی هونەرە لە سنوورداری مۆرفۆلۆجییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ لەمەوە بۆچوونێک بەدوای خۆدا دێنێت کە کەسێک بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە هونەری هاوچەرخ، دەبێت لەسەرەتاوە بەو هونەرە ئاشنابێت، بە هەمان شێوە کەسێ لەوە دەگات کە بۆچی هاووڵاتییەکی ئاسایی سەر شەقام لەگەڵ هونەرێکی قووڵ هەڵناکات و هەمیشە خواستی لەسەر هونەرێکە بچێتەوە سەر شێوەی زمانی نەریتی، (هەر لەمەشەوە تێدەگەین لەوەی بۆچی هونەری فۆرمالیستی "وەک خاک و خۆڵ، فرۆشی هەیە".) تەنیا لە نیگارکێشی و پەیکەرتاشیدایە هونەرمەندان هەموویان بە هەمان زمان دواون، ئەوەی لەلایەن فۆرمالیستەکانەوە بە "هونەری نوێ و بەرز" دادەنرێت، هەمیشە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی زمانە بینگەییە نوێیەکان، هەرچەندە زمانی نوێ مەرج نییە پێشنیاری نوێش لەگەڵ خۆی بێنێت: نموونەش زۆربەی هونەرە کنێتیک و ئەلکترۆنییەکانە.

جۆرێکی تر خوێندنەوە بۆ بۆچوونی بیرمەند ئەیە، سەبارەت بە میتودی شیکاری لە ڕوانگەی زمان و پێوەندی بە هونەرەوە ئەمەیە: ڕاستیودروستی پێشنیارە هونەرییەکان پشتبەست نییە بە هیچ پێش گریمانەیەکی ئەزموونکاری، یان کەمتر لەوەش ئیستێتیکی دەربارەی سروشتی شتەکان بۆ هونەرمەندەکە، وەک شیکارکارێک، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خەسڵەتی فیزیکی شتەکانەوە نییە، تەنیا بەشێوەیەک پێوەندی پێیانەوە هەیە ١- کە تێیدا هونەر توانایی گەشەی کۆنسێپچوەڵی هەیە و ٢- چۆن پێشنیارەکان دەتوانن بەلۆژیکی دوای ئەو گەشەسەندنە بکەون.(١٩) بە دەربڕینێکی تر، پێشنیارە هونەرییەکان ڕەها نین، بەڵام تایبەتمەندی زمانەوانییان هەیە، لەبەر ئەوەیە وەسفی چۆنێتی پێکهاتەی فیزیکی، یان هەتا پێکهاتەی ڕوحی تەنەکان ناکەن؛ بەڵکو دەربڕی پێناسەکانی هونەرن، یان دەرئەنجامە ڕواڵەتییەکانی پێناسە هونەرییەکان. بەو پێیە، دەتوانین بڵێین هونەر لەسەر بنەمای لۆجیک هەڵدەسووڕێت، بۆیە دەبێت لەوە بگەین کە نیشانە تایبەتمەندەکەی لێکۆڵینەوەیەکی لۆجیکی پەتی ئەوەیە کە پێوەندی بە دەرئەنجامە فۆرمییەکانی پێناسەکانی هونەرەوە هەیە، نەک تێوەگلان لە پرسە ئەزموونییەکان.(٢٠)

بۆ دووبارە ئاماژەدان بەوەی هونەر لەچیدا لەگەڵ لۆژیک و زانستی بیرکاریدا هاوبەشە، ڕەهەندە تۆتۆلۆجییەکەیەتی؛ بۆ نموونە "ئایدیای هونەری" یان (کاری هونەری) و هونەر هەرسێکیان هەمان شتن وەک یەکیش هەڵدەسنگێنرێن، بەبێ ئەوەی بۆ هەڵسەنگاندن و پشت-ڕاستکردنەوەیان بچینە دەرەوەی بوارە هونەرییەکە.

لەلایەکی ترەوە، با لەوە بکۆڵینەوە هونەر بۆچی ناتوانێت، یان (ئاستەنگی دێتە پێش کاتێک هەوڵ بدات ببێتە پێشنیارێکی بنیادی، یان با بڵێین، ڕاستی و هەڵەیی پەیامەکەی لەڕێی پێگەیەکی ئەزموونییەوە یەکلایی بکرێتەوە، لەو بارەیەوە ئەیە دەڵێت:

... ئەو پێوەرەی ئێمە لەڕێیەوە ڕاستیودروستی گریمانەیەک، یان پێشنیارێکی شیکاری پێ دیاری دەکەین، بەس نییە بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕاستودروستی پێشنیارێکی ئەزموونی، یان بنیادی، لەبەرئەوەی پەی بردن بە ڕاستیودروستی تایبەتمەندی پێشنیارە ئەزموونییەکان هەر لەڕێی فۆرمە پەتییەکانییەوە دەرناکەوێت، بۆ خەملاندنی ئەوەی کە پێشنیارێکی ئەندازەیی، یان سیستمی پێشنیارە ئەندازەییەکان هەڵەیە، وەک ئەوەیە کە خۆت بە هەڵە خستبێتەوە، بەڵام

پێشنیارێکی ئەزموونی، یان سیستمی پێشنیارە ئەزموونییەکان، دەشێ خاڵی بن لە خۆ بە هەڵە خستنەوە کە هێشتاش هەر هەڵە دەبن، دەبێت بڵێین دەبێت هەڵەبن، نەک لەبەر ئەوەی کە لە ڕووکەشدا کەموکوڕییان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە قایلکردنی هەندێک پێوەری ماتریالی شکست دێنێت.(٢١)

**پەراوێزەکان:**

١- مۆرتن وایت، سەردەمی شیکاری (نیویۆرک: مێنتۆر بووکس، ١٩٥٥)، لا. ٤٤.

٢- هەمان سەرچاوە، لا. ١٥.

٣- مەبەستم لەڕێی فەلسەفەی بوونگەرایی و دیاردەناسی، تەنانەت میلیو پۆنتی، کە لە نێوەندی-ڕێگەدا لەنێوان ئەزمونگەری و عەقڵگەریدا وەستاوە، بەبێ بەکارهێنانی وشەکان (هەروەها کۆنسێپتەکان) هێشتا ناتوانێت فەلسەفەکەی بگەیەنێت؛ لەمەشەوە، ئێمە چۆن دەتوانین ئەزموون بەنەکردنی جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان خۆمان و جیهان تاووتو بکەین؟

٤- جەیمس جینس، زانستی فیزیا و فەلسەفە (نیویۆرک: ماکمیلان، ١٩٤٦)، لا. ١٧.

٥- هەمان سەرچاوە، لا. ١٩٠.

٦- هەمان سەرچاوە، لا. ١٩٠.

٧- ئەو کردەیەی فەلسەفەیەکی وا وەریگرتووە، تاکە "ئەرکە" کە بتوانێت بەبێ پشبەستن بە پاڵپشتییە فەلسەفەییەکان جێبەجێ بکات.

٨- ئەمە لە سێکشنی دواتر مامەڵەی بۆ کراوە.

٩- حەزم کرد ئەمە ڕوونتر بکەمەوە، هەرچەندە نامەوێت لە جێی هیچ کەسێکی تر قسە بکەم، من بە تەنیا خۆم گەیشتمە ئەم دەرئەنجامە، ڕاستییەکەی لەو بیرکردنەوە لەو هونەرانەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ساڵی ١٩٦٦وە دەیانکەم، ئەگەر پێشتریش نەبێت، هەر لەم دواییانەدابوو دوای ناسینی تیری ئاتکنسن و مایکڵ بلدوین پەیم بەوە برد کە هاوبەشی لەنێوانماندا هەیە.

١٠- فەرهەنگی زمانی ئەمریکی وێبستەی جیهانی نوێی (١٩٦٢)، "دیکۆرەیشن."

١١- ئاستی کۆنسێپچوەڵی کاری هونەری کێنس نۆلاند، مۆریس لویس، ڕۆن دایڤس، ئەنتۆنی کارۆ، جۆن هایلاند، دان کریستنسن... تاد. زۆر لە ئاستێکی نزمدان، هەریەکەشیان کە بەهۆی ڕەخنەگرەکانەوە پێگەیان هەیە، ئەمە لەدواییدا ڕوون دەبێتەوە.

١٢- هۆکار بەههند وەرگرتنی کاردانەوەکەی گرینبێرگ (هاوکات زۆربەی ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکانی تر) و لێکۆڵینەوە، لەلایەن مایکڵ فریدەوە بۆ باکگراوندەکەی خۆی، زۆر پێوەندی بە خواستی خۆیەوە هەیە، من خۆم گومانم هەیە لەوەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ جیهانی مۆدێرن بەههند وەرگرم، دەتوانیت تۆش زۆر بەئاسانی لەڕێی سۆزییەوە تێکەڵ بەو خواستەی ببیت، وەک نموونەی تیپۆلۆ بە ئۆلیتیسکی، دەبێت تۆ ئەوەت هەردەم لەیاد بێت کە مێژوونووسێک مێژووی لەهەر بابەتێکی تر زیاتر خۆش دەوێت، تەنانەت هونەریش.

١٣- لوسی لیپەرد ئەم وتەیەی لە ئاد ڕاینهاردەوە وەرگرتووە: لە تابلۆکان (نیویۆرک: موزەخانەی جوولەکەکان، ١٩٦٦)، لا٢٨.

١٤- دووبارە لوسی لیپەرد، لە "کۆنستلەیشنی هارش دەیلایت"ـەوە، وەرگرتووە. لا١٨٠.

١٥- ئارپە ڕۆز، "چوار چاوپێکەوتن،" گۆڤاری هونەرەکان ٣٤، (فێبریوەری ٩٦٩١)، لا٢٣.

١٦- وەک لە پێشەکی ئارت-لانگویجدا تیری ئاتکنسن ئاماژەی پێ دەدات، هونەرمەندە کیوبیستەکان هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە هونەر خەسڵەتی مۆرفۆلۆجیشی هەیە، هەروەها کام جۆر لە خەسڵەت پەسەندە.

١٧- کاتێک کەسێک سەودای کاری فلایڤن دەکات، ئەوە پێشانگای گڵۆپەکەی لێ ناکڕێت، ئەگەر وابوایە ئەوە دەچووە بازاڕو زۆر بەهەرزانتر ئەو کەلوپەلانەی دەست دەکەوت. ئەو هیچ ناکڕێت، ئەو وەک هونەر پشگیری ماددی چالاکییە فلایڤن دەکات.

١٨- ا. ج. ئەیە، لانگویج، ڕاستی و لۆژیک (نیوۆرک: دۆڤە، ١٩٤٦)، لا٧٨.

١٩- هەمان سەرچاوە، لا٥٧.

٢٠- هەمان سەرچاوە، لا٥٧.

٢١- هەمان سەرچاوە، لا٩٠.

* ماستەر لە هونەری هاوچەرخ لە زانکۆی میدلسێکس لە شاری لەندەن.

* سەرچاوە: کۆکراوەکانی کۆسۆس، لەژێر ناوونیشانی (Art after philosophy and after) لەلایەن گابرێل گیرشیۆ کۆ کراوەتەوە، ساڵی چاپ ١٩٩٣، ل١٣-٣٢.




# خاتوونی خاوەنماڵ و هەستی جوانی

هاشم سەڕاج

نۆڤلێتی «خاتوونی خاوەنماڵ» لە نووسینی «فیۆدۆر دەستۆیڤسکی»یە، محەمەد ئەدیبی لە فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

دەستۆیڤسکی ئەم نۆڤلێتەی لە ساڵی ١٨٤٧، نووسیوە، دەشێ ئەم تێکستە وەک پێشهات و پێشبینی کردن بەدوای جوانی «ئانا گریگورفینا»ی هاوسەری دووەمی دەستۆیڤسکی گەڕابێت، کاتێ سەرجەم جوانییەکە لە کەسایەتی کاترین-یا کانیادا بەرجەستە دەبێت، لەگەڵ ئەوەی مەودای کردەی نووسین و کاتی زەماوەند و هاوسەرگیرییەکە ماوە و مەودایەکی زۆریان بەینە، دەستۆیڤسکی ١٨٢١-١٨٨١» مێژووی لە دایکبوون و مردنیەتی، بەڵام ئانا گریگور فینا، لە دایکبووی ساڵی ١٨٤٦، وەک کچێکی لێهاتووی خێرانووس، ڕۆمانی «قومارباز» بۆ دۆستۆیڤسکی دەنووسێتەوە و باوکی ئانا پیاوێکی غەیبناس بوو و غەیب و بەخت و چارەنووسی دەخوێندەوە، هانی «ئانا»شی دەدا بایەخ بەم بوارە بدات، دەتوانم بڵێم کەسایەتی ئانا و باوکی لە هەندێ ڕووەوە زۆر لە کەسایەتی «ئیلیا مۆرین»ی پیرەپیاو و «کاترین»ی شۆخوشەنگ دەکا، چونکە مۆرین لە دەسپێکی نۆڤلێتی «خاتوونی خاوەنماڵ»ـەوە سەرقاڵی سەردانی کڵێسا و چارەنووس خوێندنەوە و جادووگەرییە، ئانا لە یادداشتەکەیدا بەم شێوەیە لە دەستۆیڤسکی و هاوسەرگیرییەکەی دەدوێت، دەستۆیڤسکی دوای شەیدابوونی بە ئانا، پێی دەڵێ من خەونێکم دیوە لە خەوەکەمدا گەوهەرێکی بریقەدارم بینی لەنێوان دەسنووسەکانمدا بوو لەم سندووقەدا، ئانا پێدەکەنی، پێی دەڵێ نا پێمەکەنە من زۆرجار لە خەودا لەگەڵ ڕوحی میخائیلی برام قسە دەکەم و بڕوایەکی تەواوم بە خەونەکانم هەیە، هەڵبەتە ئانا و دەستۆیڤسکی چواردە ساڵ بەیەکەوە ژیاون و جیاوازی تەمەن لەنێوانیاندا خۆی لە چارەگە سەدەیەک، یان بیست و پێنج ساڵ دەدا، «میخائیل باختین» لە زۆربەی توێژینەوەکانیدا جەخت لەسەر لایەنی فرە دەنگی

«پۆلیفۆنی Poly phony» ڕۆمانەکانی فیۆدۆر دەستۆیڤسکی دەکا، گفتوگۆی جۆراوجۆری کارەکتەرەکان و فرە هزری لە ڕۆمانەکاندا دوالیزمی شێوە و ناوەرۆک تێدەپەڕێنن و پانتاییەکی کەرنەڤالی دێتەکایەوە و دەق لە ڕێگەی گێڕانەوە و شێواز و کەسایەتییەکانەوە ڕوانینەکانی دەخاتە ڕوو، باختین لەم بوارەدا زۆرتر بایەخ بە چەمکی زمان و بنەمای دیالۆگ دەدات، کەسایەتییەکان لە ڕێگەی زمانەوە بیروبۆچوون و ڕوانینەکانیان دەخەنە ڕوو، لە هەمان کاتدا فرە دەنگی پانتاییەکی ئازاد و دیموکراسی دەڕەخسێنێت بە پێچەوانەی دەقی مۆنۆلۆگی کە تێیدا گێڕانەوە لەلایەن گێڕەرەوە قۆرخ دەکرێت، نۆڤلێتی «خاتوونی خاوەنماڵ»یش بە هەمان شێوە دەقێکی فرە دەنگییە، ڤاسیلی ئەردینۆڤ گەنجێکە سێ ساڵە خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، سەڵت و دەسکورت و هەژار، خاوەنماڵەکەی پیرێژنێکی هەژاری کارمەندی دەوڵەت بوو، ناچاربوو سان پترسبۆرگ بەجێ بێڵێ، کەواتە پێویستە ئەردینۆڤ بەدوای ژوورێکدا بگەڕێت، ئەردینۆڤ سەردانی پیرەپیاوێک دەکات کە لە تەلارێکی گەورە و تاریک و چۆڵدا دەژی و سنگی بە کۆمەڵێک مەدالیای جۆراوجۆر داپۆشراوە، دۆست و هاوپۆلی باوکی ئەردینۆڤ و سەرپەرشتیاری بوو، پیرەپیاو کەمێک پارەی پێ دا، بیر لە چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو گوژمە پارەیە دەکاتەوە، لە نێوان دەست بڵاوی و دەست پێوەگرتندا، ئەگەر تۆزێ دەست بە پارەکەوە بگرێ، دەتوانێت سێ تا چوار ساڵ بەم پارەیە بژیت، بەڵام ئەردینۆڤ لە دەورانی منداڵییەوە کەسێکی گۆشەگیرە و حەز بە تەنیایی دەکات و شەیدای زانستیشە، زۆرجار بەدەم هزر و ئەندێشەوە بیر لە لێشاوی حەشاماتی خەڵک و ژیانی دەرەوەی پڕاو پڕ لە غەڵبە غەڵب و دەنگ و هەرا و هۆریا دەکاتەوە، ئەردینۆڤ لە بنەڕەتدا مرۆڤێکی بێ موبالات و گومانکار و ڕاڕاو نیگەران و خاوەن هەستێکی قووڵی ئیستێتیکییە، زۆرجار نیوەشەوان کە لە خەو خەبەری دەبێتەوە، جلی لەبەردەکاو کڵاوەکەی لەسەر دەکاو بە کووچە و کۆڵانە بن بەست و تەنگەبەرەکانی سان پترسبۆرگدا دەگەڕێ و خۆیشی نازانێت بەدوای چیدا وێڵە.

ئەم خەسڵەتەی ئەردینۆڤ لە کەسایەتی «ئۆرهان پامۆک»دا بەدی دەکرێت، پامۆک لە یادەوەرییەکانی ئەستەنبۆلدا، هەمان حاڵەتی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لە هیکرا لە خەو ڕادەپەڕێ و ڕوو لە کووچە و کۆڵانەکانی ئەستەنبۆل دەکات، یان سواری پاسێک دەبێت بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەڕوات، بەڵام ئەردینۆڤ وێڕای ئەم سەرگەردانییەی! هەمیشە بیر دەکاتەوە و لە کۆشک و تەلار و کۆختەکان ڕادەمێنێت و هاتوچۆی بە لێشاوی خەڵکی سەر شەقامەکان سەرنجی ڕادەکێشن، لە پڕێکا خۆی لە کڵێسایەک دەدۆزێتەوە، کڵێسای مەریەمی پاکیزە، لێرەدا ڕوخساری جوانی کیژۆڵەیەکی تەمەن بیست ساڵە، سەرتاسەری ژیانی دەگۆڕێت! سەیرە کچێکی تەمەن بیست ساڵ پۆشاکێکی شینی ئاسمانی زۆر گرانبەهای لەبەردایە و لەچکێکیشی بە ژێر چەناگەیەوە گرێ داوە، پیرەپیاوێکی باڵابەرزی ڕەنگپەڕیو، عەبایەکی ڕەش و درێژ و ئەستووری لەبەردایە و دەسماڵێکی سووری لە دەوری ملی ئاڵاندووە و کڵاوێکی گەورەشی بەدەستەوەیە و ڕیشە ماش و برنجییەکەی تا سەر سنگی هاتووە و چاوە ماتەکانی بەنیگای قووڵ و هێماییینەوە دەدرەوشێنەوە، لەگەڵ کچە گەنجەکە بە یەکەوە لەبەردەم وێنەی مەریەمی پاکیزەدا سرووتە مەسیحییەکان ئەنجام دەدەن و دەگرین و دەلالێنەوە! جوانی کچە بەشێوەیەک هەستی ئەردینۆڤ دەورووژێنێت! سەرنج لە ڕوخساری کچە دەدات، ترسێکی نهێنی و منداڵانە خۆی حەشارداوە، ئەردینۆڤ بەتاسەوە شوێنیان دەکەوێت، پیاوە پیرەکە بەڕقەوە چاوی تێ دەبڕێت و ئافرەتە جوانەکەش چاوێکی لێ دەکا، ئەردینۆڤ بەردەوام خەیاڵ دەیباتەوە و لەگەڵ ڕوخساری ژنە جوانەکە دەژیت، ژنێکی تەمەن بیست ساڵان بەردەوام دەگری و فرمێسک لە چاوانی دادەبارێت و دەپارێتەوە، هەستی جوانی ئەم ڕوخسارە بەرەو خۆشی جوانی ڕای دەماڵێت، خۆشییەک لێوانلێو لە ئازار و چێژ و ئەشکەنجە، بیر لە دیمەنی ژنە چکۆلەکە و پیرە پیاوەکە دەکاتەوە.

دەق لە ڕێگەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دەربڕینی زمانییەوە حاڵەتی سایکۆلۆژی کارەکتەرەکان

دەخاتە ڕوو، لەوانە دەرگاوانی حەسارەکە، تاتارەکە، تابووتسازەکە، «یاروسلاڤ ئیلیچ»ی هاوڕێی ئەردینۆڤ کە زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی «پووشکین»ی خوێندۆتەوە، کاترین «کاتیا» کچە چکۆلە سپیلکە و چاوشینەکە کە لە ڕوخساریدا ترسێکی نهێنی و مندالانە خۆی حەشاردابوو، ئیلیا مۆرین، یان ئەو پیرەپیاوە بەدبەختەی هەندێ کەس دەڵێن، جادووگەر و غەیبناسە، خەڵکی سەردانی دەکەن و بەخت و چارەنووسیان بۆ دەخوێنێتەوە، مۆرین کەسایەتییەکی ئاڵۆزە، بەردەوام کتێبی ئایینی بۆ کاترین دەخوێنێتەوە، هەندێ کەسی حەسارەکە وای بۆ دەچن کە کاترین هاوسەری مۆرینی پیرەپیاوە، بڕێکی تریش دەڵێن کچیەتی، مۆرین جار جارە مێشکی دەوەستێ و فێی دێنێ، گوایە مۆرین لە لافاو و ئاگر کەوتنەوەکەدا، کۆمپانیا و کارگەکانی فەوتاون و زۆربەی سەروەت و سامانی لە دەست داوە، لە هەمان کاتدا نۆڤلێتی خاتوونی خاوەنماڵ، وێڕای بەکاربردنی تەکنیکی گێڕانەوە، نوقمی خەون و خەیاڵ و خۆدواندن و وڕێنە و گەڕاندنەوەی یادەوەرییەکانە، بە تایبەتی لە ڕێگەی فلاشباکەوە، کاترین بەشێوەی خەون یادەوەرییەکانی بۆ ئەردینۆڤ دەگێڕێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ژوورێک لە حەسارەکە لە خاوەنماڵ بەکرێ دەگرێت، خاوەنماڵ ئیلیا مۆرینە، کاتیاش خاتوونەکەیەتی، هەڵبەتە ئەوە هەستی جوانییە، جوانی بێ وێنەی کاترین وا لە ئەردینۆڤ دەکات بە هەر شێوەیەک بێت خۆی بگەیەنێتە ماڵەکەی مۆرین و لەوێ، ژوورێ بەکرێ بگرێت، دەق جەخت لەسەر شوێنە فەرامۆشکراو و شتومەکە پەراوێزخراوەکان دەکات، ژوورێک بەحاڵ جێگەی قەرەوێڵەیەکی تێدا دەبێتەوە، ڕاڕەوی تەسک و تریسک، پلیکانەی ڕماو، بنمیچی نەوی و داتەپیو، ژووری تاریک و نووتەک، کۆڵانی بنبەست و شتگەلی پەرشوبلاو.

ئەردینۆڤ سێ ساڵە زانکۆی تەواو کردووە، بێ کار و نەدار لە هەمان کاتدا شەیدای کتێب خوێندنەوە، کاتێ ژوورێک بەکرێ دەگرێت، کتێبەکانی بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە لە ژوورەکەدا پەرشوبلاو دەکات! ئەردینۆڤ مرۆڤێکی بێ موبالاتی جوانپەرستە! لەبەردەم جوانی کاتریندا دادەڕمێت، کاترین لەگەڵ مۆرین هەم لە قودداسەکانی کڵێسا ئامادە دەبن، هەم مۆرین بەشێوەیەکی بەردەوام کتێبە ئایینییە کۆنەکانی مەسیحی بۆ دەخوێنێتەوە، بۆیە هەمیشە خەوی ترسناک دەبینێت و لە دڵتەنگی و خەمۆکییەکی قووڵدا دەژیت، لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ ئەردینۆڤ هەوڵ دەدا خەون و یادەوەرییە پڕ مەینەتییەکانی بۆ ئەردینۆڤ بگێڕێتەوە و پێوەندییەکی خوشک و برایانەش لەنێوانیاندا دروست بێت، ئەردینۆڤیش بە هەمان شێوە کەسێکی ماندوو و شەکەت و ڕاڕا و بیمارە، جار جارە دەبوورێتەوە و لەنێوان پلیکانە و ژوورە تەسک و تریسکەکەیدا دەکەوێ و خەوێکی وا قووڵ دەیباتەوە کە لە مەرگ نزیکە، کاتێ بە خەبەر دێتەوە، چاوی بە کاترین دەکەوێت لە پاڵ سەریدا وەستاوە، بەیەکەوە بەشێوەیەکی وڕێنە و خۆدواندن، مەینەتی و دەردەسەرییەکانی بوون و عیشق و جوانی بۆ یەکتر دەگێڕنەوە.

دەق هەڵگری بنیادێکی سایکۆلۆژییە، کارەکتەرەکان لە ڕێگەی زمانەوە حالەتە دەروونییەکان دەخەنە ڕوو، بەڵام جوانی کاترینا بەشێوەیەکی بەردەوام گیانی ئەردینۆڤ دووچاری مەستی و سەرگەردانی دەکات، کەچی کاترین لەسەرەتاوە وەک خوشکێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات و حەز دەکات بە ئازادی لەگەڵ یەکدا بژین و ئەم چیرۆکەی بۆ دەگێڕێتەوە: «لە جەنگەڵێکدا دوازدە برا هەبوون، کچێکی جوان لەوێوە تێدەپەڕێ، دەچێتە ماڵی ئەو برایانە و هەموو ماڵەکە ڕێکوپێک و خاوێن دەکاتەوە، تۆزێ دڵۆڤانی و خۆشەویستی خۆی لەسەر هەر شتێک دادەنێ، کاتێک براکان دەگەڕێنەوە، هەست دەکەن خوشکێکیان بۆ هاتووە، بانگی دەکەن ئەویش دەچێ بۆ لایان، هەموویان بە خوشکی خۆیان دەزانن، ئازادییەکەی بەر تەسک ناکەنەوە و دەبێتە خوشکیان..]

چەمکی عیشق لەم پێوەندییەدا زۆرتر خۆی لە بواری سۆز و جوانی و دڵۆڤانیدا دەدۆزێتەوە، بۆیە بڕێ جار پێوەندییە میهرەبانی و دڵۆڤانییەکەی نێوان کاترین و ئەردینۆڤ کە پڕاوپڕە لە مەحەبەت،

بە تایبەتی فرمێسکەکانی چاوی کاترین، چاوە فرمێسکاوییەکانی «مەریەم»ی خوشکی «لعازر»مان بیردەخاتەوە کە لەپێناو چارەسەرکردنی برا نەخۆشەکەی گولاوی «ناردین»ی پڕژاندە سەر «عیسای مەسیح» و قاچەکانی بە قژی سڕینەوە.

نوڤلێتی خاتوونی خاوەنماڵ، هەڵگری کۆمەڵێک هێماو ئاماژەی ئینجیلییە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕدراون، چونکە دەستۆیڤسکی وەک مەسیحییەکی ڕاڕاو نیگەران، بڕوای وابوو کە «جوانی، جیهان ڕزگار دەکات و دەیپارێزێ»، عیشق لەم نۆڤلێتەدا کە لە جوانییەوە سەرچاوە دەگرێت، خەم و مەینەتییەکان تێدەپەڕێنێت و لە جیهانێکی پاک و بێ گەردی ئاسمانی نزیک دەکەوێتەوە، کاترینا کاتێ بەو هەموو سەلاری و جوانییەوە دەردەکەوێت، لە پاکیزەیەکی خانەدان دەکات و بەشێوەیەک لە سۆز و مەحەببەت و میهرەبانی، ئەردینۆڤ دەلاوێنێتەوە، ئەردینۆڤیش بە هەمان شێوە تێکەڵ بە خەم و پەژارە و مەینەتییەکانی دەبێت.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم نۆڤلێتە وەک دەقێکی ئاڵۆزی جوان، هەڵگری کۆمەڵێک هێما و کۆد و ئاماژەی ئاڵۆز و ترسناکە، بە تایبەتی کۆمەڵێک پێوەندی کە زۆر ناڕوونن، بۆ نموونە پێوەندی نێوان پیرەپیاو و کاترینا، کەشی ماڵی ئێشپیسی ئەڵمانی، حاڵەتە فێ هاتنەکانی مۆرین و تفەنگەکەی، چەمکی عیشق و شێتی کە مۆرین لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک و حیکایەتەکانەوە هێزی عیشق و شێتی لای کاترین کەم دەکاتەوە، یان کەسایەتی ئالیووشا، کە هەمان خەسڵەتی ئایینی کارەکتەری ئالیووشای ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤی پێ دراوە، هەروەها خۆ خستنە سەر پای کاترین و پاڕانەوە لە پێناو ئازارەکان و پاکبوونەوە لە گوناحەکان، ئاماژەیە بۆ کەشی ئینجیل و مەریەمی مەجدەلییە و گوتەکانی مەسیح، دەقی خاتوونی خاوەنماڵ کۆمەڵێک کەسایەتی سەیر سەیری تێدایە، وەک پیرێژنەکە و «دۆرینک»ی تاتار کە ڕستەی کورت و ئاڵۆز دەردەبڕێت، یان ئەو پیرە پیاوەی بە پەنجەرەکە هەڵدەگەڕێت و دێتە ژووری کاترینا، کاترینا ئەوکاتە لەگەڵ دایکی دەژی، پیاوە پیرەکە هەوڵ دەدات، دایکی کاترین بکوژێت و کیسەیەک ئەڵماس لەوێ لەماڵەکە بەجێ دەهێڵێت، بۆیە دەتوانم بڵێم نۆڤلێتی «خاتوونی خاوەنماڵ» دەقێکی ئاڵۆزی هێماییە و کۆمەڵێک کۆد و هێمای بۆ لێکدانەوەی وەرگر بەجێ هێشتووە، لە هەمان کاتدا ڕووداوەکان لە فەزایەکی پڕ سرووشی مەسیحیدا دەخولێنەوە، بەڵام زۆربەی کارەکتەرەکان دوودڵ و نیگەران و گومانکارن، هێزی جوانی «کاترین» تا دێ گیانی ئەردینۆڤ مەست و مەنگتر دەکات و چێژ و خۆشییەکانی ژیان لە جوانی ڕوخساریدا دەدۆزێتەوە و جار جارە بزەیەکی نامۆ دەنیشێتە سەر لێوی و فیکری دەڕوا و خەیاڵ دەیباتەوە.

**سەرچاوە:**

**خاتوونی خاوەنماڵ، نۆڤلێت (کورتە ڕۆمان).**

**نووسەر: فیۆدۆر داستایێفسکی.**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد ئەدیبی.**

**چاپی یەکەم: ٢٠١٤.**

**چاپخانەی موکریانی/ هەولێر.**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.**




# زنە و دەسەڵاتی گۆشەنووسین

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)

تا ئەو جێیەی دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، بیرۆکەی زوو چاپبوونی بابەتەکانتان بۆ کاتێکی نادیار وەلانێن، وا هەست بکەن کە دەتوانن یەکێک لە ئامێرەکانی موزیک فێر دەبن، لە هەڵەکانی خۆتان بەهرە وەرگرن، مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵەکانی خۆی، دەتوانێ بەرەو داهاتوویەکی ڕووناک هەنگاو بنێ.
(ئا – م – ح)

زمان، هەر زمانێک پڕ لە وشە و واژەیە، مرۆڤ لەگەڵ خۆی، دنیای دۆزییەوە، لە وشەدا وێنەیان دەگرێ و بەرجەستەیان دەکات و باسیان لێوە دەکات، بێ وشە ئێمە و زمان تەنیا گیانلەبەرێکین کە لە دەوری بازنەی نامانایییدا دەسووڕێینەوە، بەڵام لە مانای ئەواندا وشە و زمان هەمیشە دەسەڵاتیان بەسەر گۆڕانکارییەکان و تێگەیشتنەکاندا هەیە، زمان و وشە بە یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی ئاخاوتنی مرۆڤایەتی و بڕبڕەی پشتی نەتەوەکان و داهێنانەکانی ئەژمار دەکرێ، گۆشەنووسین بایەخێکی باشی لە بواری نووسیندا لە گۆڤار، لە ڕۆژنامەدا هەیە ؛ چون بە زانست و زانیارییەوە نووسین تێیدا دەخرێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەوە.

لە ڕێگای گۆشەنووسینەوە، بە گرینگیدان بە شتە ئاڵۆزەکان بۆ چارەسەرییەکی ڕیشەیی و بنەماخواز کاریگەریەتی خۆی هەیە، هەر بۆیە نووسەرانی گۆشەنووس، یان سەردێڕنووس، یان کۆتانووس، بایەخێکی زۆر بەو پرۆسەیە دەدەن، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کاغەز و دوای ئەوە هەر لە بەرنامەی ڕادیۆوە تا سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار وەک داهێنانێکی پڕ لە ئەزموون سەری هەڵداوە، گۆشەنووسین، شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەخنە، بۆ پێوەندی کردنی لێکۆڵینەوە بە لێکگەیشتن، ئامرازێک لە ئامرازەکانی لە یەک تێگەیشتن پێکدێنێت بۆ ئاوڕدانەوەیەکی خێرا، پێوەندییەکی پتەو لە نێوان خوێنەر و خوێندنەوەدا ساز دەکات، ئەویش لە میانەی ئەو کولتوورەی کە ئاوێتەی تێک تەنراوی نێوان بیروباوەڕی بووە، ئارەزوو و حەزی کۆمەڵگا بە خولیاوە دەخاتە جووڵەیەکی بزواندن

بۆ نووسینێکی بزوێنەر، کەسانێک هەن زۆر بە نزمی سەیری ئەم جۆرە لە نووسین دەکەن، بێ ئاگا لەوەی ئەرکی گۆشەنووس زۆر دەگمەن و جیاوازە، گۆشەنووس بەر لە هەموو شتێک خولیای ڕاستییە تا ئەو ڕووداوانە وەک خۆیان بخاتە بەردەمی خوێنەر، نووسەری گۆشەنووس زۆر پرۆژە و پێشنیار دەخاتە بەردەستی لایەنی پێوەندیدار بە مەبەستی وەبیرهێنانەوە بۆ داهاتوویەکی ئاییندەساز، چونکە هەر قۆناغێکی نوێ و بنەماگەر، تەنگژەیەکی نوێ چارەسەری لێ دەکەوێتەوە بۆ پرۆسەی گەشەسەندن، هەمیشە گۆشەنووس وەک دەنگێکی بێ لایەن لە ڕاستییەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین پلەی ڕاستوێژی، بە پشتبەستن بەو یاسا ڕەخنەییەی کە فێری یاسا و ڕێسای تێگەیشتنی کردووە.

گۆشەنووسی بەویژدان بە دوا دەسەڵاتی لە خۆ تێگەیشتن دێتە حەساو، هەر لەبەر ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر تێگەیشتن هەیەتی، بە بڕوای من ئەو ڕێزەی بۆ زێڕ دادەنرێ ئەگەر بۆ قەڵەمی گۆشەنووس دابنرێ ئەوە بە ئاسانی لە هەموو مانایەکی نا لەیەک گەیشتن تێدەگەین، ڕێی چارەسەرییەکان ئاسانتر دەبنەوە، بە مەرجێک گۆشەنووس ئازادی خۆی بپارێزێ و نەبێتە دیل و ژێردەستە و کاریگەریەتی هیچ لایەنێکی بە سەرەوە نەبێ، لە ڕووناککردنەوە و لێکۆڵینەوەی چارەنووسساز دەبێ دەوری کارای هەبێت.

بیرۆکەی گۆشەنووس وەک تەکنۆلۆژیا هەمیشە چاوەڕێی داهێنان و نوێبوونەوەی لێ دەکرێ، ئەگەر خوێندنەوەی بابەتی ئەدەبی وەک شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، زیاتر ئاسۆی بینین لە بەردەمدا ڕوونتر بکەنەوە، ئەوە خوێندنەوەی بابەتی گۆشەنووس بەرەو دنیای تێڕامان و بیرکردنەوە و پرسیارکردن ئارەزوومان پەلکێشی خوێندنەوە دەکات.

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کە بە وردی خەریکی خوێندنەوە و نووسینم، هەمیشە هەستم بەوە دەکرد جێگایەک هەیە لە ئەدەبدا کە کەم نووسەر خۆی لە قەرەی دەدا، وەک چۆن مرۆڤ لە پێناوی مانەوە و درێژەدان بە ڕێبازی ژیانی پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە، ئاوهاش پێویستیمان بەو جۆرە لە نووسین، پرۆسەی گۆشەنووسین هەیە تا پێداویستییەکانی هزری مرۆڤ بە زیندوویی بمێنێتەوە، بۆ پێش خستنی زمان و دەنگ و ڕەنگی کۆمەڵگا نەخشی ئەرێنی خۆی هەیە.

ئەو نووسەرەی بە جددی لەم بوارەدا قەڵەمی نووسینی بۆ تەرخان دەکات، ئازاد عەبدولواحیدە کە سەلیقەو جێ پەنجەی بەسەر پانتایی گەورەی ئەم جۆرە نووسینەوە دیارە، قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوەکانی ئاڵوگۆڕی باشیان ناوە، بە واتایەکی تر، ڕەنگرێژەی بنیادنەری ئەم ڕێبازەیە.

بە یەکەم خوێندنەوەی بابەتەکانی، هەستم بەوە کرد کە بەشێک لە پرسیار و وەڵامەکانی خەیاڵی خوێندنەوەی منی لە بیرکردنەوەی خۆیدا هەڵگرتووە، دەرگایەکی بۆ تاووتوکردنم بە کراوەیی بە ڕووی خوێندنەوەمدا کردۆتەوە، منیش لەو ساتەوە بوومەتە قوتابییەک و خوێنەرێکی نووسراوەکانی، هاوکات یەکێک لە خوێنەرە بە خولیاکانی و بەردەوام بە دوای نووسینەکانیدا وێڵی خوێندنەوەم، سات بە سات وەک مەلێکی برسی بە دوای نووسینەکانیدا دەگەڕێم، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمە بەر مژار ئاوڕدانەوەیەکە لە کتێبی «زنە»ی بەڕێز ئازاد عەبدولواحید کە چەپکێک وتاری ڕۆژنامەوانی لە خۆ گرتووە، یەکێکە لە پوختەترین کتێب کە تا ئەمڕۆکە بینیومە و خوێندوومەتەوە.

ئازاد عەبدولواحید هەر لە سەرەتای ئەم کتێبەوە تا کۆتایی، پرسیاری بوون لە نێو هەموو نووسینەکاندا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە، هەر بۆیە هەر کەس ئەم کتێبە ببینێ و ناوەرۆکی بابەتەکان چاو لێ بکا، ناتوانێ بەبێ خوێندنەوەی وازی لێ بهێنێ، بۆ خۆشی یەکێکە لەو نووسەرانەی چ بە کردەوە و چ بە نووسین، هەمیشە بانگەشەی لێک تێگەیشتنی کردووە، ئەوەی لەم کتێبەیدا سەرنجی ڕاکێشاوم، زمان و وردبوونەوەی نووسەرە لە نێو بابەتەکاندا، نووسەر هەر لە یەکەم بابەتەوە بە نێوی «کوانێ سیاسەتی ڕۆشنبیریمان؟» کۆمەڵێک پرسیار دەخاتە ڕوو بۆ هورووژاندنی تێگەیشتن، ئاماژە بەوە دەکات کە تا کەی ڕاستییەکان بەسەر ڕێی چەوت و لاردا بڕۆن؟ مافی هەموو کەسێکە

بزانێ لە دەرەوە و ژوورەوە چی ڕوو دەدا و چی ڕوو نادا، چونکە بەڕاستی هەموو بوونێک توانایی ئاڵوگۆڕی و گۆڕانی هەیە.

سائۆل بللو دەڵێ: من لە زەینمدا مرۆڤێکی ترم هەیە کە هەست بە داهێنانی من دەکات، بۆیە منیش هەمیشە لە سەری حەساو دەکەم.

دنیای گۆشەنووسین ئەگەر نووسەرەکەی وریا نەبێ، ئەوە لە یەکەم هەنگاودا تووشی چەواشەکاری و شێواوی دەبێ.

ئازاد عەبدولواحید لەم کتێبەیدا بە ناو زۆر ڕووداودا چۆتە خوارێ بۆ گەیشتن بە وەڵامدانەوەی چارەنووسساز، ئەویشمان لە بیر نەچێ گۆشەنووسین کارێکی زەحمەتە ئەگەر خۆتی لەگەڵ ڕانەهێنی، ناتوانیت بەردەوام بیت، ئەگەرچی کەسایەتی وەک ئازاد عەبدولواحید و کتێبی (زنە) زۆر باس و لێکدانەوە هەڵدەگرێ، بەڵام بۆ ئەوەی لە باسی گۆشەنووسین دوور نەکەوینەوە، تا خوێنەر بۆخۆی وێڵی دوای خوێندنەوەی ئەم جۆرە نووسینە و کتێبی زنە بێ.

### ئەنجام

ئەزموونی گۆشەنووسین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە تێیدا ناڕەوایی ڕووی داوە، بەو تایبەتمەندییەی ئازاد عەبدولواحید هەیەتی، تواناییەکی بێ سنووری لەم بوارەدا خستۆتە گەڕ، بەردەوام وەک دەنگێکی زیندوو هەردەم ئامادەی هزراندنە لە نووسیندا، بەم جۆرە دەتوانین وەک گۆشەنووسێکی کارامە و لێهاتوو ناوی بەرین، ئەوەندە شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ زمانی نووسیندا دەکات زۆر جار وا لە خوێنەر دەکات کە بە چاوی سۆراغ کردنی نووسینەکانی واز لە خوێندنەوەی نەهێنێ، ئەم کتێبە بەشێکە لەو چەپکە وتار و گۆشەنووسینانەی تایبەتی ئەزموونی گۆشەنووسینی، کە تەوەری گرینگی زۆری تێدایە.

**تێبینی:**

ئەم کورتیلە وتارە بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی ڕۆژنامەی ئێران کە بۆ نووسین لەسەر کەسایەتی گۆشەنووس ڕێکی خستبوو نووسراوە، مەرجی فیستیڤاڵەکە ئەوە بوو دەبوو زۆر بە کورتی لەسەر نووسەرەکە و کتێبەکەی بنووسرێ، ئەم فیستیڤاڵە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٨/٢٠ لە تاران بەڕێوە چوو، کە پلەی دووەمی فیستیڤاڵەکەی پێ درا، هەڵبەت ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بە فارسی نووسراوە.




# دارمان لە ڕۆمانی (شتەکان لێک دەترازێن)

سەروەر جەبار

کولتووری کۆمەڵگایەکی ڕەشپێستی کلاسیک و دوور و دابڕاو لە ناوچەیەکی کیشوەری ئەفریقیا ، تەنانەت بە درێژایی ژیانیان تاکە مرۆڤێکی سپیپێستیان نەبینیوە، لەگەڵ هاتنی نەوەیەکی نوێ و سەرەتاکانی دەرکەوتن و هاتنی هەوڵ و هەڵمەتی ئیستعماری بۆ ئەم ناوچەیە، حەتمەن دوو کولتووری جیاواز بەریەک دەکەون، کولتوورێکی ڕۆژاوایی (مۆدێرن) و کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتی (کلاسیک) ، ئەمەیش دۆخێکی تازە دێنێتە کایەوە، کە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک کێشە و ئاڵۆزی و گۆڕانکاری، دواتریش شێواوی بە دوای خۆیدا دێنێت، دەستەڵاتی نوێ دەیەوێت بنەما سەرەکییەکانی کولتووری کلاسیک تێک بشکێنێت تا بەسەریدا زاڵ بێت، ئاخۆ پاڵەوان چۆن ڕووبەڕووی ئەم ڕەوشە گۆڕاوە دەبێتەوە؟ هەموو ئەمانە لەلایەن ڕۆماننووسی ناوداری نێجیریایی خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمریکی و مامۆستای زانستگە، چینوا ئەچێبێ (١٩٣٠-٢٠١٣ز) لە ڕۆمانی (شتەکان لێک دەترازێن) بەسەرکراوەتەوە.

ئەم ڕۆمانە لە لایەن حەیدەر عەبدوڵڵا بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان و بە بۆنوبەرامەیەکی دێهاتی وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی، هاوکات ناوەندی ئاوێریش وەشاندنی بۆ کردووە، نووسەر وێنەیەکی هەمەڕەنگی ژیانی لادێ نشینیی هۆزی (ئیبۆ)ی لە ناوچەی ئۆمۆفیا بە وردەکارییەوە نمایش کردووە.

هۆزسالاری، باوەڕبوون بە فرە خوداوەندی و خورافات، جادووگەری و فاڵگرتنەوە لە ئەشکەوت، حوکمی عەشایەری و دادگای پیاوانی ئایینی، قوربانیکردن بۆ خوداوەند و بەهاڕوحییەکان، ئاهەنگگێڕان بە تقووسەکانی خۆیان، جەژن و خوازبێنی لەسەر شێوەی باپیرانیان، خولی ساڵانەی مەیدانی زۆرانبازی، چارەسەری میللی، ناشتنی مردوو بە نەریتێکی جودا، نەمرکردنی ڕوحی باوباپیرانیان، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ناسناو لەپێناو پتەوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕوواندنی ڕووەکی (یام)، کە لای

ئەوان بە شابەرهەم دەژمێرریت و بە خواردنی پاشایان ناسراوە، گشت ئەمانە ژیانی ئاسایی ئەوانی نەریتریژ کردووە.

ئەم ڕۆمانە گەلێک چیرۆک و ئەفسانە و پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق لەخۆ دەگرێت، کە ئاوێنەی ڕادەی تێگەیشتن و فیکر و باوەڕی ئەم گەلە پێشان دەدات، نووسەر کەلەپوورێکی ڕەسەنی ئەم گەل و هۆزەی بە سەلیقەیەکی جوان تۆمار کردووە.

یەکەم وشەی ڕۆمانەکە بە (ئۆکۆنکۆ) دەست پێ دەکات، کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، تەنانەت ناواخن و ڕوحی ڕۆمانەکەی هەڵگرتووە، ئەم پیاوێکی هەڵکەوتوو بووە، ماخۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی جەستەیی و ورە و دەروونێکی بەرز بووە، لە گۆڕەپانی زۆرانبازیدا وەک بەهێزترین زۆرانباز لەناو ئاپۆرەی خەڵک خۆی سەلماندووە و ناوبانگی بڵاوبووەتەوە، لە شەڕوشۆڕی نێوان هۆزەکاندا پاڵەوان بووە، تا ئێستا پێنج کەللەسەری دوژمنەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە، ئەو وەک پاڵەوانێکی بوێر و چەلەنگ لە دەڤەرەکەدا دەردەکەوێت، بۆ سوڵحێکی عەشایەری دەچێتە ناو هۆزە نەیارەکەی و(کچ و کوڕێک)یان بە بارمتە لێ دەسێنێت، هەڵبەت ئەمەیش بۆ وەرگرتنی هەقی خوێنبایی هۆزەکەی، کوڕەکە ناوی (ئیکێمێفونیا) بوو کە ڕیش سپی و دەمڕاستانی هۆزەکەی بڕیاریان داوە هەر لای ئۆکۆنکۆ بمێنێتەوە.

ئۆکۆنکۆ لە کاتی سەرکەوتندا هەست بە نوێبوونەوە و لە دایکبوونێکی تازە دەکات، ئەو، جووتیارێکی سەرکەوتوو، گەنجێکی کارا، کۆڵنەدەرێکی چاپووک، خاوەنی دوو کۆگای (یام)ە، لە وەرزی کارکردندا هەر لە بەیانی زووەوە دەردەچێت بۆ کار، تا درەنگانی ئێواران ناگەڕێتەوە، بە کردوکۆش بەردی بناغەی ژیانی خۆی دادەڕێژێت و دوو ناسناو بە دەست دەهێنێت، سێ ژن و هەشت منداڵی دەبێت و پێگەیەکی بەرز لەنێو هۆزەکەیدا پەیدا دەکات، دەروونی ئۆکۆنکۆ پڕ لە ژاوەژاو بوو، ترس لە دۆڕان و شکست پەکیان خستبوو. ئەو، تەواو بە دابونەریتی هۆزەکەیەوە پابەند بوو، تەنانەت زێدەڕۆیشی دەکرد، بۆ نموونە ئەو منداڵە بارمتەی کە لە ناو خێزانێکدا بۆ ماوەی سێ ساڵان ژیا و تەواو ڕاهات، بە باوک ناوی ئۆکۆنکۆی دەهێنا. لەگەڵ (نووی) کوڕە گەورەی ئۆکونکۆ زۆر هۆگری یەکتر بوون، وەک براگەورە تەماشا دەکرا، کەچی کاتێک دەمڕاستانی هۆز بڕیاری کوشتنی کوڕەکە (ئیکێمێفونیا)یان دا سەرەتا ئۆکۆنکۆ حەپەسا و نیگەرانیی لە دڵ و مێشکی دەئاڵێت، بەڵام دواتر هیچ دڵەڕاوکێی نەمێنێت و لە کرداری کوشتنی ئەو کوڕەدا، کە وەک ڕۆڵەی خۆی وابوو، بەشداربوو، کە دەیتوانی ئەم بەدکارییە نەکات.

هەرچەند ئامۆژگاریش کرا نەیکوژێ و دەستی نەچێتە خوێنی، بەڵام سوودی نابێت. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کاتێک (ئیکێمێفونیا)زانی دەیکوژن، هاواری بۆ ئۆکۆنکۆ برد: (بابە! وادەمکوژن، بە گورگەلۆقەش بۆ باوەشی دەچوو)، کەچی ئۆکۆنکۆ شمشێرەکەی هەڵکێشا و وەک دڕندە بە دەستی خۆی کوشتی! دیمەنێکی وەحشیگەری دڵتەزێن ڕوودەدا، ئەوەی بەم کارەی خەم و پەژارە سەرتاپای دادەگرێت سێ شەو خەو ناچێتە چاوی، بە دوو ڕۆژ پارچە نانێک ناخوات، بەڵام زۆر سەیرە هێشتا هەر پەشیمان نییە! هەموو خەون و هیوای ئۆکۆنکۆ ئەوەبوو ئەو کوڕە مرۆڤێکی پیاوانە و بەهێز بێت، هەردەم لە سەرکەوتندا بێت، یەک لە پیاوە مەزنەکانی نێو عەشیرەتەکەی دەرچێت و پێگەیەکی بەهێزی هەبێت، بەڵام چارەنووس حیسێبێکی تری بۆ کردبوو، ئەوەبوو لە ڕووداوێکی نەخوازراودا کە بەسەر ئۆکۆنکۆدا هات، ناچار بۆ ماوەی حەوت ساڵان لە زێدی خۆی دوورکەوتەوە، ئەمەش لە ترسی تووڕەبوون و تۆڵەی خوداوەندەکان، بەس پێش ئەم ڕووداوە پەلاماری لەشکری کلۆ(کولله)یان بە دیمەنێکی دڵڕفێن و ناوازە ڕووی کردبووە دەڤەرەکە، جگە لە پیرەکان کەس ئەو دیمەنە ناوازەی نەدیتبوو: (مەزنانی ئاوایی دەیانگوت لەشکری کلۆیان لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر نەوەیەک جارێک دەردەکەوێت، تا حەوت ساڵ دەمێنێتەوە، دواتر دوور دوور دەڕۆن، بێ ئاگا لەوەی ئەم جارە هەر بە تەنیا نیشانەی ڕۆیشتنی نەوەیەک و هاتنی نەوەیەکی نوێ نەبوو، بەڵکو زەنگی ئاگاداری هاتنی سەردەمێکی تازەش بوو،

سەردەمێک کە لەگەڵ خۆیدا ڕەوشێکی نوێ دەخولقێنێ و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بەدوای خۆیدا دێنێ، ئەمەیش سەرەتای هاتنی سەردەمی داگیرکاری بوو، کۆلۆنیالیزیم (ئیستعیماری کۆن) دەوڵەتێکی بەهێز و خاوەن دامەزراوەی جۆراوجۆر بوو، نەخشە و پلان و ستراتیجیەتی خۆی هەبوو، هەنگاو بە هەنگاو دێتە پێشەوە، بەرەو داگیرکردنی خاک و ناوەوەی ئینسانەکان (نێردە) مژدەدەر دەنێرێت و کڵێسە پاڵپشتیی دەکات.

ئایین و کولتوور دوو کۆڵەگەی یەکجار کاریگەرن لە ژیانی گەلاندا، هەمیشە ئیستعمار کاریان لەسەر دەکات تا تێکیان بشکێنێت و گیانی بەرەنگارییان لەناو ببات، هەم ئایینی مەسیحی و هەم زمان و بەشەکانی تری کولتووری دەوڵەتی ئیستعماری بڵاوبکاتەوە، تا ڕەگی خۆی دابکوتێ و بمێنێتەوە، شوێنە داگیرکراوەکەیش (کۆڵۆنی - مستعمرة) بە وڵاتی خۆی ببەستێتەوە و بیکاتە پاشکۆ بۆ بەدیهێنانی مەرام و مەبەست و ستراتیجیەتی تایبەتی خۆی.

بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتی و برایەتی دروشمێکی دیاری ئەم جووڵانەوەیە بوو، لەبارەی کاریگەریی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بۆ ئامانجی داگیرکاری، پەندێکی ئەفریقایی هەیە زۆر بە جوانی گوزارشت لەمە دەکات: (کاتێ پیاوە سپییەکە هات کتێبی پیرۆزی لە دەست بوو ئێمە زەویمان هەبوو، ئێستا کتێبی پیرۆز لە دەستی ئێمەیە و ئەو خاوەنی زەوییە). ماوەی حەوت ساڵ ژیانی دوورخراوەیی ئۆکۆنکۆ تاقەتپڕووکێن دەبێت، بەڵام لەوێش هەر لە کار و کۆشش ناکەوێت، دەست دەکات بە کاری کشتوکاڵی و خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی ڕەنج و تەقەللای بۆ دەدەن، لە زێدی خۆشی هاوڕێیەکی نزیکی بەناوی (ئۆبیریکا) دەبێت، بە هاوبەشی کێڵگەی کشتوکاڵی ئەوێی بۆ دادەچێنێت، بەڵام لە ڕووی هەست و دەروون و ڕوحییەوە ئۆکۆنکۆ وەک جاران نامێنێت، تاوێک دەستی لەکار هەڵدەگرێت و خامۆشی و مەلوولی دایدەگرت، هەست بە جۆرێک لە داڕووخانی کۆششەکانی بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکان دەکات، بەخت یاری نابێت، بۆ ئەوە نەخولقاوە ببێتە پیاوێکی مەزن، لەو ماوە درێژەدا لەناوچەی ئۆمۆفیا گەلێک پێشهات و ڕووداو قەومان، لە ڕێی دۆستە نزیکەکەی مژارەکانی پێ دەگەیشت، دوای یەکەم ساڵی دەربەدەری، یەکەم ڕووداوی نامۆ، دەرکەوتنی پیاوێکی ئەسپسواری سپی پێست بوو، لە ناوچەی خێڵی (ئابامی) پیر و پیاوماقووڵانی ئاوایی دوای هەندێک ڕاوێژکردن، ئەو پیاوەیان بە شووم و نەهامەتی بۆ خێڵەکەیان زانی، بۆیە کوشتیان و ئەسپەکەشیان بەستەوە، فاڵگرەوەکان وتیان: چەندان پیاوی تری سپی بەڕێوەن، هەر دەڵێی لەشکری کلۆیانن: بەڵایەکی گەورە ڕووبەڕووتان دەبێتەوە، پیاوی یەکەم وەک نێردراویان بۆ گەڕان و پشکنین و وەرگرتنی زانیاری هاتبوو، دوای ماوەیەکی زۆر سێ کەسی سپی تر لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی هاوشێوەی دانیشتووانی ناوچەکە هاتن و ئەسپەکەیان بینی و پاشان گەڕانەوە. پاش ماوەیەکی تر هەر ئەو دەستەیە بە یارمەتی خەڵکانێکی زۆر لەنێو گردبوونەوەی بازاڕی هۆزی ئابامی دابەش بوون و لەناکاو دەستیان کرد بە گوللە بارانکردنی خەڵک و دەربازیان نەبوو، ئەمەیش هۆشدارییەکی ترسناک بوو بۆ دوژمنایەتییەک کە ڕوودەدات، لێرەدا تەواو پێناسەی ئیستعمار ڕوون دەبێتەوە کە بەزەبری هێز ڕوو دەکاتە ناوچەکان و دەستیان بەسەردا دەگرێت، لە ساڵی دووەمی خێڵبەدەربوونی ئۆکونکۆ، بارودۆخ لە ئۆمۆفیا شڵەژا، پیاوانی قەشە هاتنە ناوەوە و چەند کڵێسەیەکیان دامەزراند و ژمارەیەک بانگخوازیان ناردە گوندەکانی دەوروبەر، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و پەرستنی خودای تاقانە. سەرەتا کەسانێکی بێ ناو و ناسناو و هەندێکی تریان لەنێو هۆزدا کە بە ئاژاوەگێڕی ناسراوبوون بوونە مەسیحی، پاشان وردە وردە خەڵکی تریش هاتنە سەر ئایینی نوێ تا وای لێهات هەندێکیان گاڵتەیان بە ئایینی باوک و باپیرانیان دەهات لەو دێیەی ئۆکۆنکۆی تێدا دوورخرابووەوە، داوای دروستکردنی کڵێسایەکیان کرد، خاڵی ئۆکۆنکۆ دوای ڕاوێژکردن بەشێک لە زەوی (جەنگڵستانی ڕوحەخراپەکان)ی پێ بەخشین، کە شوێنێکی شووم و نەگریس بوو، بەپێی تێگەیشتنی خەڵکەکە ئەم پارچە زەوییە

(جەنگەڵستانی ڕوحە خراپەکان) هەر زوو و لە ماوەی چوار ڕۆژدا دەبێتە مایەی ڕوحکێشانی هەموویان! کەچی ڕۆژان تێدەپەڕن و هیچ ڕوونادات، ئەمەیش بە ئاشکرا شکستی بیروڕای کۆن و خورافی خەڵکەکە بوو بەرانبەر بەهێزی ئاینی نوێ.

ئیتر وردە وردە خەڵکی ڕوو دەکەنە ئاینی تازە و دەبنە مەسیحی و ئاینەکەش ڕەگی خۆی دادەکوتێ. هەر زوو (نووی) کوڕە گەورەی ئۆکۆنکۆ ئاینی خۆی دەگۆڕێ و ناوی دەکاتە (ئیسحاق)، لە ناوچەی ئۆمۆفیا وێڕای دروستکردنی چەند کڵێسەیەک فێرگەیەک بۆ خوێندن و فێربوونی منداڵە مەسیحییەکان دروست دەکەن و دیاری و شتیان پێ دەبەخشن، قەشە بە زمانێکی نەرم و لووس ڕوو لە خەڵکەکە دەکات و هانیان دەدات منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن تا فێری خوێندەواری بن و دواڕۆژ ببنە کاربەدەست و حوکمڕانی ناوچەی خۆیان، بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە ئاین و فێرکاری دەست لەنێو دەست بەیەکەوە دەڕۆن، لە لایەکی ترەوە ئابووری ناوچەکە بووژایەوە، ئەویش لەڕێی کڕینی بەروبوومی کشتوکاڵی بە نرخێکی چاک، بەم جۆرە فێری خۆشەویستی پارەو پوولیان دەکەن و باقوبریقی شارستانیەتی ڕۆژئاوایان نیشان دەدەن، لە لایەکی ترەوە دادگایەکیان دامەزراند بۆ حوکمڕانیکردنی ناوچەکە و پارێزگاریکردنی مەسیحییەکان، دوای تەواوبوونی ماوەی حەوت ساڵ دووری، لەپێناو ڕەزامەندی خوداوەندی، ئۆکۆنکۆ دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی، کەچی ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە و شێواوە، ئەمەی بە ئاسانی بۆ قووت نەدەچوو، لە سەردەمی زوو لە کوڕ و کۆبوونەوەیەکی تایبەتی هۆزەکەیدا سەبارەت بە مەسەلەی (نەوەی نوێ) ڕەخنەی خۆی لەم نەسلە هەبوو، کەچی ئێستا داخی گرانی بۆ دەخواردن کە چۆن دەستبەرداری ئاینی باپیرانیان دەبن، کوا عیززەت و وره و هێز و ئازایەتی؟ کوا ڕووبەڕوو بوونەوەی مەیدانخوازی لە دابونەریتی ڕەسەنایەتی؟ ئۆکۆنکۆ نیگەرانی و ڕق و تووڕەیی دایگرتبوو، سەرەنجام ئەم ڕەوشە تازەیە هەر لەم بارەدا نەماوە، پێکداپژان و پشێوی هاتە کایەوە، سووکایەتی بە ڕوحی دەمامکدارەکان کرا، وەک پەرچەکردارێک کڵێسا سووتێنرا، ئۆکۆنکۆ و پیاوانی تری خێڵ خۆیان تەیار و ئامادە کرد، هەرچەندە هەمووان لەسەر کوشتنی قەشە و شوێنکەوتووانی ڕێک نەکەوتن. دوای ماوەیەک هیچ ڕووی نەدا، پاشان بە ڕێگایەکی ئاسان بانگێشتی دادگا کران بۆ گفتوگۆ، ئەمانیش بە گیانێکی عەشایەری بە ئاسایی تێگەیشتن و وەک جارانی پێشوو وەک سەردانی مەجلیسی ئاسایی و وتووێژ، ئۆکۆنکۆ و پێنج لە دەمڕاستانی هۆز لە دادگا کەوتنە تەڵەوە، زیندانی کران و دووچاری ئەوپەڕی سووکایەتی و سەرتاشین و زەلیلی هاتن، سزای دارایی قورسیان بەسەردا سەپێنرا، ناچار هۆزەکەی بە گەلەکۆمەکێ لە بەندیخانە ڕزگاریان کردن، بەرانبەر ئەم کارە، کە جێگەی نارەزایی خەڵک بوو، ئیتر ئۆکۆنکۆ تاقەتی بەرگە گرتنی نەما، وەک تاکێکی پاڵەوان بە تەرزی جاران هاتە مەیدانی بازاڕ و چەشنێک کۆدەنگی نارەزایی عەشیرەتەکەی بینی، یەکێک لە سزادراوەکان قسەی بۆ خەڵک دەکرد و هانی دەدەن بۆ بەرەنگاری، کاتێکیش پێنج پیاوی سپی نوێنەری دادگا دەرکەوتن و خەڵکەکە ئاوڕیان لێ دانەوە هەر کە پیاوێکیان هۆشداری دایە خەڵکەکە تا پەرتەی لێ بکەن، ئۆکۆنکۆ لە یەکەم کاردانەوەی خێرادا دەستوبرد چەقۆیەکی بۆ ڕاوەشاند و کوشتی! هەرکە ئەمە ڕووی دا، حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو قەوما، ئەویش ئەوەبوو نەک هەر چوار نوێنەرەکەی تری دادگا ڕایانکرد و ڕزگاریان بوو، بەڵکو حەشاماتی خەڵکەکەش هەمووی پەرتەی لێ کرد و مەیدانیان چۆڵ کرد. ئۆکۆنکۆ گوێی لێ بوو لە کاتی هەڵاتن خەڵکەکە پرسیاریان لە یەکتر دەکرد: ئەرێ ئەو پیاوە بۆ وای کرد؟ پاڵەوان بە تەنیا خۆی لە مەیدان بینییەوە، ئیتر تەواو بۆی ڕۆشن بووەوە کە خەڵکی هۆزەکەی شەڕ ناکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات پلان و نەخشەی ئیستعمار کاری خۆی کردووە، کۆبوونەوە جەماوەرییەکە هەر زوو بەتاڵ بووەوە و مایەپووچ دەرچوو، ئەم کارەی ئۆکۆنکۆیش لە هەوڵێکی دۆنکیشۆتیانە پتر هیچی تر نەبوو. ئەم دیمەنە بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕۆڵی تاک وەک پاڵەوان لەنێو ڕووداوەکاندا بە بێ هاتنەکایەوەی زەمینەسازی هەلومەرجی بابەتی و

خودایی، هیچی وا نابێت، جگە لە هەوڵێکی بێ هوودە ئەنجامی نابێت. خەڵک، گەل، ڕەوڕەوەی مێژوو دەسووڕێنن. تاک وەک پاڵەوان جڵەوی ئاراستەکەی دەگرێت، ئۆکۆنکۆ خاوەنی خەسڵەتی کەسایەتی بەهێزی هۆز بوو، یەک لە پیاوە هەرە مەزنەکانی نێو دەڤەری عەشیرەتەکەی بوو، بەڵام نەیتوانی ڕۆڵی خۆی بنەخشێنێ، چونکە دەوروزەمانی ئەو وەک پاڵەوانێکی کلاسیک بەسەر چووبوو، تەواو تێگەیشت ناتوانێت بەگژ بارودۆخی داسەپاودا بێتەوە، ئەو دەبوو ڕۆژگارێکی زووتر لە دایک بووایە تا ئەستێرەی بەختی درەوشاوە بایەوە، کێشەکەی لەوەدابوو درەنگ لە دایک بوو، دواجار لە کۆتاییدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەکەوێتە نێو بارێکی سەختی ململانێ و ناکۆکی و ئاڵۆزی دەروونی و فیکری، ناخێکی نامۆ و تێکشکاو، لە داخی بە هەدەرچوونی هەوڵ و هیواکانی، لە داخی شکستی ئایین و خوداوەنداکانیان کە ئەم قوربانی گەورەی لە پێناویدا، پیاوانی ئایینی کە نەیانتوانیوە بەرانبەر ئەم بارو دۆخە و حوکمە نوێیە هیچی وا بکەن. جەستەی خێڵ لێک ترازا، تاکە یەک هەڵویستی بەرگری و بەرەنگاری نەما، ئۆکۆنکۆ خاوەنی ڕوحێکی یاخی و سەرکەش بوو، ئامادە نەبوو وا بە سانایی بچێتە ژێر باری تازە، چیتر بەرگەی سووکایەتی و زەلیلی و شکستی و دۆڕان بگرێت، داخ و ئەفسووس بۆ گۆڕانی زەمانە، نەمانی بەها پیرۆزەکانی و پیاوی مەرد، نەمانی گیانی هێز و بەرەنگاری، ئۆکۆنکۆ لە داخی نەمانی ئەمانە خۆی مەحکووم بە مەرگێکی تراژیدی کرد، تەرزە مەرگێک، کە هیچ کەس لە عەشیرەتەکەی، تەنانەت ناتوانن دەست لە تەرمەکەیشی بدەن و بینێژن!

**سەرچاوەکان:**

**١- چینوا ئەچیبی، شتەکان لێک دەترازێن، وەرگێڕانی: حەیدەر عەبدوڵلا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ خانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥.**

**٢- فەرهاد شاکەلی، دەنگی ڕووناکی لە گێتییەکی تاریکدا، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٣- موحازەرەکانی دکتۆر سەعدی عوسمان، وڵاتانی جیهانی سێیەم، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، بەشی مێژوو، ساڵی خوێندن ٢٠٠١ - ٢٠٠٣.**

به بۆنەی بیستەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان و یادەوەرییەکی هەمیشە نوێبووەوە

**سەما ئەحمەد**
**(بەریتانیا)**

من وەک خوێنەرێک کە بە چەند زمانێک دەخوێنمەوە، بەردەوام چاودێری ئەو بڵاوکراوە ئەدەبی و فەرهەنگییانە دەکەم کە بە ئاراستەی جیاواز کار دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی کە هەمیشە ئەندێشەم تێکەڵی بابەتە ئەدەبی و فیکرییەکان بێت و لەم دنیا ناوازە و تایبەتەی ئەدەب دانەبڕێم، گۆڤاری ڕامان پایەیەکی بەهێزی ناوەندی چاپ و بڵاوکراوەی فەرهەنگی کوردییە، دەگمەنن ئەو بڵاوکراوە ئەدەبی و کولتوورییانەی کە هەناسە و مەودای درێژی کارکردنی «ڕامان» یان هەبێت، ناوی گۆڤاری «ڕامان»م بیستبوو، بەڵام بەهۆی دوورییەوە لە کوردستان نەمدەتوانی بە ئاسانی بە دەستی بخەم، یەکەم جار کە گۆڤاری «ڕامان»م بینی و خوێندەوە، ساڵی ١٩٩٨ بوو، لە ڕێگەی دۆستێکەوە کە تازە لە کوردستان گەڕابووەوە ئەوروپا گۆڤارەکەم دەستکەوت، بەداخەوە بەهۆی نالەباری دۆخی ئەو کاتەی کوردستان و سەختیی هاتوچۆ و گواستنەوە لە نێوان کوردستان و ئەوروپا بە ئاسانی نەدەتوانرا ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان بگەنە ئەوروپا، ئەمە بەهۆی ئەوەوە بوو کە ڕێگەی هاتوچۆ بە وڵاتانی تورکیا و سووریادا بوون، کە گۆڤارەکەم بینی هێندە تامەزرۆبووم، تەنانەت بە دەم شیردان بە کۆرپە ساواکەمەوە دەستم لە خوێندنەوەی بەر نەدەبوو، ڕەنگە دەربڕینی ئەو هەستە قورس بێت کە لە تاراوگە خەریکی چێژ وەرگرتنی لە خوێندنەوەی گۆڤارێکی ئەدەبی کولتووری کە بە زمانی کوردی نووسراوە و بەر چەندان تێکست و نووسراوی نووسەرانی کورد دەکەویت، بەڵام بەداخەوە ئەم تەنیا ژمارەیەی گۆڤاری ڕامان دەسپێک و کۆتایی سەرچاوەی گۆڤارەکە بوو تا دوای ماوەیەکی درێژ گەڕامەوە کوردستان.

یەکێک لە کارە سەرەتاییەکانم دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان ئەوە بوو کە بەدوای گۆڤاری «ڕامان»دا گەڕام، بۆ من هەستێکی زۆر تایبەت بوو کە بینیم گۆڤارەکە بە هەمان گەرموگوڕییەوە بەردەوامە و ڕێچکەی داهێنانی بەرنەداوە، هەر لەو کاتەوە تاکو ئێستا من لە پێنجی هەموو مانگێک بە تاسەوە چاوەڕوانی ژمارەی نوێی گۆڤارەکەم، ڕامان بۆ من سەرچاوەیەکە کە لە زۆر ڕووەوە سوودی پێگەیاندووم، بە هۆی گۆڤاری «ڕامان»ەوە بە نووسەرانی کورد ئاشنابووم، لە هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانەوە چ لە ڕووی تەمەنەوە چ لە ڕووی ناوچە و شارە جیاوازەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، سەکۆی گۆڤاری ڕامان فێری چەندان وشە و زاراوەی کوردی کردم کە من بۆ یەکەم جارم بوو لە دیالێکتە جیاوازەکانەوە دەمخوێندنەوە و دەمبیستن.

گرنگی ڕامان لەوەدایە کە دوور لە هەموو ڕوانگەیەکی ناوچەگەرێتی و سیاسی کاردەکات، ئەوەی کە بە ئەزموونی درێژخایەنی گۆڤاری ڕامان ئاشنا بێت تەواو هەست بەوە دەکات کە تاکە پێوەری سەرەکی بابەتەکانی ڕامان ئەدەب و فەلسەفە و فیکرە، ئەم ئەزموونە درێژەی گۆڤارەکە خۆڕسکانە شێواز و فۆرمێکی وەرگرتووە کە بووە بە سەرچاوەی سەدان بابەتی فیکری و ئەدەبی و فەرهەنگی، کە لە زۆربەی پێگە و تەمەنە جیاوازەکانەوە دەتوانن لە ئەرشیڤی گۆڤارەکە سوودمەندبن.

گۆڤاری ڕامان بۆ من جگە لە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی خوێندنەوەم، بووەتە یادەوەرییەک کە هەموو جارێک لەگەڵ دەرچوونی ژمارەی نوێ، خۆی تازە دەکاتەوە.

**(لەندەن)**






# فۆلکلۆر و ئەفسانە

پیرداود مەخمووری

ئەفسانە گەوهەرێکی زیندووی میللەتانەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵکی بەتاسە و شەوقەوە بەدوایدا دەگەڕێن و سوودی لێ دەبینن، مەودای فۆلکلۆر لە ناوەندی ئەکادیمیا و خوێندەواران، بگرە لەلایەن زۆربەی زۆری میللەتانی دنیا وەک زەروورەتێکی کارکردن بوونی هەیە و هەوڵی نوێ کردنەوەو ناسینی دەدرێ، ئەوانەی لە بواری فۆلکلۆر و ئەفسانە کارناکەن نازانن چ جۆرە ماندووبوون و ئاستەنگێکی هەیە، کارکردن لە ئەفسانەناسیدا، ئەفسانە بەگشتی و زاراوە ئەفسانییەکان لە فۆلکلۆردا بەتایبەتی، بەپێی شوێن و سەردەم و نەوەی تازە دەگۆڕێن و گۆڕانکارییان بەسەردادێ.

ئەوەی کە لێرەدا خوازیاریمە، گرنگیدانە بە فۆلکلۆر و جیهانی فۆلکلۆر و ئەفسانەیە لەلایەن نەوەی نوێ کە زۆربەیان زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەفسانە و خورافە و بیروباوەڕی میللییەوە نییە.

پتر لە چل ساڵە لە بواری فۆلکلۆر و ئەفسانەو ئەو دنیا پان و بەرینەی فۆلکلۆر کاردەکەم، هەموو تواناییەکانی خۆمم بەکارهێناوە، زۆرجار ڕێنمایی کراوم، دۆستانم هانیان داوم و هەندێ جارو هەندێ کەسیش پەشیمانیان کردوومەتەوە،

میللەتانی دنیا لە مێژە بیریان لە قامووس دانان کردووەتەوەو کاریان بۆ کردووە، ئەوەندەی بۆیان کرابێ هەوڵیان بۆ داوە، تەنیا ئێمە لەو بوارەدا زۆر سست و خەمساردین، سەرچاوەی بیانی باشمان لەبەر دەستدایە، ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی زاراوەی فۆلکلۆری و ئەفسانەییەکان هەیەو بە زمانانی جیهانی نووسراون، هەرچەندە زاراوە فۆلکلۆری و میللییەکان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە، لە ژینگەیەک بۆ ژینگەیەکی دیکە دەگۆڕین.

ماوەیەکە نیازم وایەو زۆریش بۆی بە پەرۆشەوەم کە قامووسێکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی چێ بکەم، بە مەبەستی ئەوەی کە نەوەی نوێ و بنیادەمی کورد وەک هەموو میللەتانی دیکەی دنیا لە ناسینی فۆلکلۆر و ڕابوردووی خۆی و گەلانی دیکە بێبەش نەبێ.

چەندان سەرچاوەم دۆزییەوە، هەندێکیانم وەرگێڕاو بڵاوکردەوە، پێشوازی باشیان لێکرا، بەو هیوایەی ئەگەر هیچ نەبێ خوێنەری کورد بە (ئاناهیتا و مەهابەهاترا و ئاوێستا و ئەلیادە...تاد) بە میللەتی خۆم ئاشنا بکەم.